نوری کەریم

# پانۆڕامای
# دیرۆکی  دێرین و نوێی کورد
٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.
کورد
نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور

بەرگی سێیەم
بەشی هەشتەم , فایلی ١ـ٣
سلێمانی ـ کوردستان
٢٠١٦
هەر هەموو مافەکانی نوسەر پارێزراوە

نوری کەریم

# پانۆراما

## مێژوی دێرین و نوێی کورد

٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٨ ز.

کورد

نەتەوە،نیشتمان،ناسنامە،کولتور

**بەرگی سێیەم**

**بەشی هەشتەم, فایلی1 ـ ٣**

**سلێمانی ـ سلێمانی**

**٢٠١٦**

**هەرهەمو مافەکانی نوسەر پارێزراوە**

ناوی کتێب: پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد٤٠٠٠ پز. ـــ ١٩٧٥ ز.
بابەت : دیرۆکی دێرین و نوێی کورد و دراوسێکانی
بەرگی : سێیەم , بەشی هەشتەم , فایلی ١ ـ ٣
نووسەر : نوری کەریم
تایپ و هەڵەچنیی: نوری کەریم
دیزاینی بەرگ: ئارام عوسمان
دیزاینی ناوەوە: ؟
چاپکردن: چاپخانەی چوارچرا ـ سلێمانی
چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی ٢٠١٦
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
لەبەڕیوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی ( ) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

# ناوەڕۆك (بەرگی سێیەم ،بەشی هەشتەم،فایلی ١ـ٣)


**بەشی هەشتەم، فایلی یەکەم**

بـارزان و بـارزانیـان ٠٦

هێڵکاریی ڕەچەڵەکی بـارزانیـان ٠٧

هەڵکەوتەی جوگرافی بـارزان ٠٧

ڕەچەڵەکی بـارزانیـان ٠٧

یەکەمین شۆڕشی بـارزان ١٢

دووەمین شۆڕشی بـارزان ٢٠

سێهەمین شۆڕشی بـارزان ٢٣

کۆمەڵەی ژیـانەوەی کورد . ژ.ك ٢٩

هەرێمی سابلاخ "مەهابـاد" ٢٩

پێشەوا قـازی موحەممەد، یەکەمین سەر کۆماری کورد ٣٠

بـارووودۆخی رامیاری ئێران ٣١

ئـاهەنگی بەرزکردنەوەی ئـاڵای کوردستـان ٣٦

دامەزراندنی پـارتـی دیموکراتـی کورد ٤١

شەڕو پێکدادانەکانی نێوان کۆمارو لەشکری ئێران ٥٢

سەرەتـای هەرەسی کۆماری کوردستـان ٥٣

هەرەسی کۆمـاری ئـازەر – تـەورێز ٥٣

هەرەسی کۆمـاری کوردستـان – سابلاغ ٥٤

چوونی بـارزانی بۆ تـاران ٥٦

ئەفسەرانی لیژنەی ئـازادی ٦٠

پێشەوە لە بەردەم دادگادا ٦٢

هێزی بـارزانیـان دوای هەرەسی کۆمار ٦٧

تـراژیدیـای چوار ئەفسەرە شەهیدەکان ٧٢

وە سیەتـنـامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکان ٧٥

**بەشی هەشتەم، فـایلی دووەم**

بزاڤی کوردایەتی و شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ ٨٨

نیشـانە هەرەدیـارەکانی کـارەکتەری بـارزانی مستەفا ١١٧

شایەك بیَ تـاج ،وڵاتێك بیَ سنور، دەوڵەتێك بیَ ئـاڵا ١٢٧

لەنێوان  ئیسرائیل و عارەبدا ١٢٨

لەنێوان مەسعود بارزانی و یاسر عەرەفاتدا ١٣٠

شەڕە بەنێوبانگەکانی شۆڕششی ئەیلولی ١٩٦١ ١٣٧

با لە نێزیکترەوە بارزانی بناسین ١٤١

ئایا بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکیی بوو؟ ١٤٦

ئایا سەرکردایەتیی شۆڕش بەکرێگیراو بوون؟ ١٥٠

یەکەمین کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتندا ١٥١

کۆنگرەی شەشەم ١٦٠

ئە نجامەکانی دووبەرەکی ١٦٦

چەند  پرسیارێك و  پێداچونەوەیەکی خێرا ١٧٤

ڕێککەوتنی ١١مارت ١٩٧٠ بۆ؟ دەستپێکردنەوەی شەڕیش بۆ؟ ١٨٠

نامە یەکی  صەدام حسەین بۆ بارزانی مستەفا ١٨٤

بەشی هەشتەم .، فایلی سێیەم

دووا قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول   و نسکۆی بەهاری ١٩٧٥ ١٩٢

پە یمانە رەشەکەی جەزائیر ٢٠١

پێداچونەوەیەکی هەڵوێستەکانی بارزانی و سەرکردایەتیی  شۆڕش ٢٠٤

هێڵە سوورەکان ٢٠٩

نهێنییەکانی سەرکەوتن و مەزنیی بارزانی ٢١١

پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم ٢١٥

بەشی نۆیەم

هەندێك  وشەو  دەستەواژە جێگەی  سەرنج و تێڕامانن ٢٢٣

زمانی کوردی و زمانە هندۆ ئەوروپاییەکان و زارزمانەکانی کورد ٢٢٤

لە بەراوردکردنی  کولتوری  کورد و فارس و تورکدا ... ٢٣٦

کۆمەڵێك لەوانەی لەسەر کورد نووسیویانە ٢٣٩

هەندێك نیشانە و هەڵوێستی سادە پێوەری هۆشیاریی نەتەوەیین ٢٤٦

بەختی رامیاریی ٢٥١

پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم ٢٥٥

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی ٢٥٧

سەرچاوەکان بە زمانی عارابی ٢٦١


سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵەمانی ٢٦٦

ئەلبومی وێنەکان ٢٦٨

# بەرگی سێیەم
## بەشی هەشتەم, فایلی یەکەم
## بارزان و بارزانیان

### مێژووی دێرینی

**ڕەچەڵەکی بارزانیان یا بنەماڵەی شێخانی بارزان**
**هەتا سەردەمی شێخ عەبدوسەلامی یەکەم نەنووسراوەتەوە**
**یا نووسراوەتەوەو لەنێوچووە... بەوهۆیەوە سەجەرەی ( شەجەرە )**
**ڕەگ و لقوپۆپی درەختی بنەماڵەکە ڕوون نییە،**
**ئەوەندەی سەرچاوەو زانیاریم دەستککە زۆرکەم وبگرە دەگمەنیشن،**
**ڕەچەڵەکی بارزانیان**
**لە تاجەدین، مەسعوود، سەعید وعەبدلرەحمانی یەکەمەوە**
**سەرچاوە دەگرێت و بەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕوونیدەکەمەوە**



**١ـ تاجەدین و عەبدوڵڵا دوو ڕابەری بارزانیانن بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تۆمارنەکراوە متمانەی پێبکرێت ... دوای تاجەدین و مەسعوود و سەعید لە دەوروبەریی ١٧٧٠ ـ ١٧٨٠دا، عەبدلڕەحمان دەرکەوتووە و لە ١٨٦٥دا، کۆچیدوایی کردووە .**

**٢ـ شێخ عەبدلسەلامی یەکەم لە هۆنراوە نەوەد و پێنج بەیتەکەیدا بەمجۆرە خۆیی ناساندووە:**

**(زێبارێمە ب عەشیرەت خالیدیمە ب تەریقەت بارزانیمە ب مەسکەن و قەریەت)**

**٣ ـ ڕابەرانی بارزانیان لەدوای شێخ عەبدلسەلامی یەکەمەوە خۆیان بەبارزانی ناساندووە .**

**٤ ـ بارزانی مستەفا ٣ سێ جار لە کوردستان هاوسەرگیریی کردووە:**

**یەکەمین هاوسەری بەناوی (مەحبیب) ٣، سێ کوڕ و سێ کچی لێکەوتەوە:**

**عوبێدوڵڵا، لوقمان، سابیر،ئیقلیمییە،جعدییە، فەوزییە**

**هاوسەری دووەمی بەناوی ( حەفسێ ) کوڕێك و کچێکی هەبوو: ئیدریس و زەکێ**

**لە هاوسەری سێهەمیش ( حەمایل ) ئەم کوڕانەی هەیە: مەسعوود،نیهاد،دڵشاد،سیداد،سیهاد**

## هەڵکەوتەی جوگرافیایی بارزان

ناوچەی بارزان دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کوردستانی باشوور و ناوەندی کوردستانی گەورەوە لە پەنا چیای دالآنپەر و خالێ پەیوەستی سێ سنووری ئێران، عێراق، تورکیا و لە باکوورەوە چیای خواکورك و شیرین، لە خورهەڵاتەوە چیای هەڵگورد، لە خۆرئاواوە چیای پێرس و زێی گەورە "زێی بادینان" و لە باشووریشەوە چیای زۆزك و چیای حەسەن بەگ وەك لە ئامێزیان گرتبێت لەهەر چوارلاوە لەناوچەیەکی وشك و ڕەقەن و بەرز و سەرکەشی هەزار بە هەزاردا ئەڵقاوئەڵقیانداوە.بارزان نەك هەر زەوی بەراو، زەوی دێمیشی زۆر کەمە، بەرهەمی کشتوکاڵیشیی لە برێکی کەم دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆ و هەرزن و نیسك و نۆك و ترێ کێویلە و قەزوان و مازوو بەروو تێناپەڕێت. بارزانییەکان بەشی خۆیان مەڕو ماڵات، بەتایبەتی بزن بەخێو دەکەن بۆ زاوزێکردن و شیر و بەرهەمەکانی، گیانێکیان بەراوکردنی گیانلەبەری کێوییە، وەك مەڕو بزنە کێوی، ئاسك و کەروێشك و کەوو بەراز.بەپێچەوانەی یاسای ڕاوکردنی گیانلەبەرانی کێویی لەناوچەکەدا، ڕاوەبەراز هەر چوار کەژی ساڵ لە بارزان ئازادە.

بەرهەمی دانەوێڵە هەربەشی خۆیان دەکات بەڵام فەریکە قەزوان و قەزوان، مازوو، بەڕوو جگە لە پێویستی خۆیان بەشێکیشی دەفرۆشن. هەژاری موکریانیی دەڵێت: بارزان زەوی و زاری بۆ کشتوکاڵ یەکجار کەمە، ئەگەر هەموو خاکی بارزان بەتێکڕایی هین کەسێك بێت بە تەنیایی هێشتا لە دەغڵ و داهاتدا بارتەقایی جوت بەندییەکی موکریانی نایەتەوە،جا نەخوازە هەرکەس لەوی (هەر بارزانییەك لە بازران .ن.ك) پارچە زەوییەکی پێ براوە و پارچەی لە هەموان هەراوتر کەمتر لە هەزار هەنگاوە (نێزیکەی یەك لەسەر چواری کیلۆمەترێك چوارگۆشە. ن.ك)، بەشی ماڵە شێخەکانیش کە مشوورخۆری بارزانن، لە مسکێن و هەژارەکان کەمتر نەبی پتر نییە.(١)

## ڕەچەڵەکی بارزانیان

بەپێی زانیارییەکان کە دەماودەم دەیگێڕنەوە، بارزانییەکان لە مێژەوە وەك بنەماڵەیەکی ئاینیی و دواتر

تیره و ئەمجا هۆز لەو زێدەی خۆیان جێگیر بوون. هەربەپێی ئەو گێڕانەوە دەماودەمانەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك (بارزانییەکان رەگوریشەیان دەبەنەوە سەر میرەکانی ئامێدی و ئەوانیش دەچنەوە سەر نەوەکانی خەلیفەکانی پەیامبەر دروودی خوای لێبێت)[٢]، جا ئەو میرانە، میری ئامێدی بوون یا میری ئامەد "دیاربەکر" ئەوە ئاشکرا نییە!

(میری ئامێدی بەرلەمردن مەسعوودی کوڕە گەورەی دەکاتە جێنشین بەڵام برا بچووکەکەی دەسەڵاتی لەدەست دەردێنێت. برا گەورە سەری خۆی هەڵدەگرێت، لە زێی گەورە "زێی بادینان" دەپەڕێتەوە ئەوبەر بۆ ناو تیرەی بەرۆژان، لەوێ دەیحەوێننەوە و سەر دەکاتە نوێژو خواپەرستیی و جێگەی خۆی لە دڵی دانیشتواندا دەکاتەوە، ژنی دەدەنێ و خێزان پێکەوە دەنێت و دەبێتە پێش نوێژیان بێ ئەوەی بزانن ئەو مەلایە میری ئامێدی بووە هەتا رۆژێك پیاوانی چەکداری میری ئامێدی دێنە گوند بۆ کۆکردنەوەی باجو سەرانە و میری پێشوو دەناسنەوە، ئەویش سڵاو بۆ برای دەنێرێت وپیاوەکان رادەسپێرێت بە میربڵێن تەنها داواکاری برات ئەوەیە داهاتی ئەو چەند گوندەی دەوروپشتی (بەرۆژان)ی بەرەو روو بکاتەوە، داواکارییەکەشی جێبەجێ دەکرێت و مەلا مەسعوود دەبێتە سەرداری بێ ملۆزمی ئەو چەند گوندە و ماڵ دەگوێزێتەوە بۆ گوندی ئاستی و دوای مردنیشی سەعیدی کوڕی و دوای ئەویش تاجەدین جێگەی دەگرنەوە. تاجەدین لە سەردەمی خۆیدا، ماڵ دەگوێزێتەوە بارزان و لەوێ دادەنیشێت)[٣] هەژاری موکریانیش چیرۆکێکی لاواز و بێ پێزمان بۆ دەگێڕێتەوە گوایە میرێکی ئامێدی دەستەڵاتی دنیای لەبەرچاو دەکەوێت و ژیانی گۆشەگیری و چۆڵەوانی هەڵدەبژێرێت و پاشماوەی ژیانی لە چیای زیبار بە خواپەرستی بەسەر دەبات، نەوەکانیشی رێچکەی ئەو بەرنادەن و لە زانستە نهێنی و ئاشکراکاندا پێدەگەن، بەناوبانگترینیان تاجەدین، موحەممەد، عەبدوڵلان. بەتێپەڕبوونی رۆژگار بارزان ودەوروپشتی ئاوەدانتر دەبن و پێداویستییەکانی ژیان و مانەوە لە هۆزێکی یەکگرتوودا کۆیاندەکاتەوە و سەرەتاکانی خەملاندنی هۆزی بارزان رەنگ و رووی خۆی دەگرێت بەتایبەتیش کە لەمپەرێکی سروشتی لە هۆزە سەرەکییەکانی دراوسێی جیاکردبوونەوە وەك گەورە هۆزی زێبار کە ناوەندی دەسەڵاتیشیان هەر شارۆچکەی زێبار بوو. بارزان تارادەیەك بەخێرایی لەناوی گوندێکەوە بووە ناوی تیرەیەك و ئەمجا هۆزێکیش، لە رۆژگاری باڵا دەستییدا خۆی دەکێشا بۆ سنووری زێبار (زێبار لە ١٩٣٠وە بووە بە قەزا و ناوەندەکەی "بلە" بوو، دواتر بەپێی بڕیارێکی رۆژی ١٩٣٢/١/١٢ گوێزرایەوە بۆ مێرگەسوور).[٤] قەزای زێبار لە سێ ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی (ناحیە - دەڤەر)ێکهاتبوو: بەڕێوەبەرایەتی دەڤەری مێرگەسوور،دەڤەری بارزان، دەڤەری مزوری باڵا. رووبەرەکەشی بەسەریەکەوە لە ١٩٧٦دا ١٤٠٩کم$^2$ بوو، مێرگەسوور٥٧٤کم$^2$، بارزان ٣٠٨کم$^2$، مزوری باڵا ٦٢٤کم$^2$ و بەهەر هەمووشیان بەسەریەکەوە ژمارەی دانیشتوانیان بەپێی سەرژمێری میریی ١٩٦٥، ٢٠١٨٨ مرۆڤ بووە، ١٠٠٦١ پیاو "نێرینە ن.ك" و ١٠١٢٧ ژن "مێینە". مێرگەسوور بەسەریەکەوە ٥٨٦٥ مرۆڤ، ٢٦٣١ نێرینە و ٣٢٣٤ مێینە. بارزان ١٩٨٧ نێرینە و ٢١١٠ مێینە و بەسەریەکەوە ٤٠٩٧ مرۆڤ. مزووری باڵا ٥٤٤٣ نێرینە و ٤٧٨٣ مێینە و پێکەوە ١٠٢٢٦ مرۆڤ بوون.[٥]

شێخ عەبدلسەلامی یەکەم لە دەربڕینێکی زۆر جوان و لەشێوە هۆنراوەیەکی ناسکدا بەجۆرە خۆی ناساندووە کە موریدی مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی و سەربەهۆزی زێباری و نیشتەجێی بارزانە ( **خالیدیمە ب تەریقەت، زێباریمە ب عەشیرەت، بارزانیمە بە مەسکەن و قەریەت** )[٦]. هۆزی بارزان لە چوار تیرە پێکدێت:

١ـ تیرەی بەرۆژ: ناوەندی تیرەی بەرۆژ گوندی "شارۆچکەی" بەرزانە و لە گوندەکانی: هوستان، بازێ، بالّندە، بلەی ژوورێ، بلەی ژێرێ... هتد. دەژین.

٢ـ تیرەی مزووری "مزووری ژووری": مزووری ژوورێ زۆرینەی تیرەکە پێکدەهێنن و لە خۆرهەلاّتی زێی گەورە دەژین و لە شەش بەرەباب پێکهاتوون:

أـ بەرەبابی سەرامەزنا: لە گوندەکانی بیدروون، کانیادێرێ، زرارا، رێزان و... هتد. نیشتەجێن.

ب ـ بەرەبابی مامالا: لە گوندەکانی کۆرکی، کیران، ئیشۆکۆ، سەرگەلی، لستێ، کیراناکیر، بانێ، بنبیا، گۆرەتوو... هتد دەژین.

ج ـ بەرەبابی مامۆدا: لە گوندەکانی ژاژۆك، مالّەسوار، شێخ سەیدا، سپیندار، بانی... هتد جێگیرن.

دـ بەرەبابی مام دلا: لە گوندەکانی کانی لنجا، بەردەری، مامیشك، قاژی، خبزۆزك، ککی، بابکی، حەمولا، دەژین.

هـ ـ بەرەبابی مام جما: لە گوندەکانی بێدود، کەلۆك، کاڤلان، مەران، مەسەنی، سەروکانی، پیران، کۆلەکا، گرکال و هتد نیشتەجێن.

وـ شیروانی دیرا: لە گوندەکانی شیروان، لیرێ، کلکەمۆ، بەردەریا، سەردەریا، بیی، بێخشاش، کانی بۆت، ئارەوشاو هتد دەژین.

٣ـ تیرەی شیروانی: لە شارۆچکەی مێرگەسوور و گوندەکانی پیرەمیرد، دۆرێ، بیسترێ، بیرسیاڤ بلاّوبوونەتەوە.

٤ـ تیرەی دۆلّەمەڕی: لە گوندەکانی لیلۆك، هیران، خەلان دەژین).[٧]

بەلاّم شەعبان عەلی شەعبان دەلّێت بارزانییەکان لە حەوت عەشیرەت پێکهاتوون: شیروانی، دۆلّەمەڕی، مزووری، بەرۆژی، نزاری، گەردی، هەرکی بنەجی .( بروانە هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، ئامادەکردنی شەعبان عەلی شەعبان، چاپی دووەم٢٠١٠ )

ئەم تیرە و بەرەبابانە کە هۆزی بارزانیان پێکهێنا دەگمەن ژیانێکی هێمن و ئاسوودەیان بەسەر بردبێت، جا بە دەست ئەو تیرە و هۆزانەوە کە نیزیکیان بوون وەك صۆفیانی برادۆست و مریدانی شێخ رەشیدی لۆلان، هەرکی، سوورکی، رێکانییەکان یا بەدەست دوژمنانی بێگانەوە وەك تورکە عوسمانییەکان، تورکە کەمالییەکان، دەسەلاّتی ئینگلیز لە عێراق، دەسەلاّتی رووس لە ئێران و جار جارەش ئاسووری و ئەرمەن(بۆیە) هەر لە خۆپاراستن و بەرگریکردن و راپەریندا دوو صەد صالێکیان ژیان بەسەر دەبرد هەروەك هەژاری موکریانی دەلّێت بارزانییەکان دەگمەن لە جێگەدا دەمردن، لە شەڕی دوژمندا دەکوژران،

له سێداره دەدران، یا له تاریکی زینداندا دەڕزان. (هەتا ساڵی ١٩٧٤ پیاوانی بنەماڵەی شێخانی بەرزان ژمارەیان له تەنها شەست پیاو تێنەدەپەڕی).[٨] بنەماڵەیەك بە درێژایی پتر لە دوو سەد ساڵ تەنها شەصت پیاوی له ژیاندا مابنەوه که به هەموو پێوانەیەکی ئاسایی دەبێت ٥٠٠٠ ـ ٦٠٠٠ هەزار پیاویان له ژیاندا بێت ئاستی قوربانیدانی له رادەبەدەری ئەو هۆزه دەردەخات که جێگەی سەرسوڕمانه، هەروەك چۆن جێگەی رێزو نەوازش و پیزانینه. هەر له نێو بارزانیاندا سەرەرای قەڵاچۆکردن و وێرانکردنی گوندەکان و گەمارۆی ئابوریی و قات و قڕی و برسێتی و نەخۆشی هەندێك دابونەریتی چەسپاو وەك خۆیان مابوونەوه، دیاردەی ئاغا و دەرەبەگ و کەڵەگایەتی، سەرانه و مەڕانه و سوورانەو کاری بێگار تۆزی لە ئارادا نەبوو. ئەوەی دەکەوتە سەرشانی دانیشتوان باربوو کردنی تەکیه و مزگەوتی شێخی بارزان بوو وەك داری سوتاندن و خواردن و خۆراکی میوانەکانی مزگەوت. لە داربڕینیشدا بێ سەرپێچیکردن پەیڕەوی پاراستنی ژینگه دەکرا وەك ئەمڕۆ لە ئەوروپا پەیڕەو دەکرێت (بڕینی داری تەڕ و درەختی بەردار، راوەماسی له وەرزی گەرادانانـدا، راوەماسی بە بۆمباو ژەهر، راوە تفەنگی ئاژەڵی کێوی و باڵندە سەرپێچی لێنەدەکرا، تەنها راوه بەراز بە هەموو جۆرێك و چوار کەژی ساڵ ئازاد بوو).[٩]

له نێو بارزانیاندا تەنها شەش سەرداریان پلەی شێخی بارزان(رابەر) یان هەبووه کە بەرزترین پلەی ئاینیی و برا گەورەییه، ئەوانەش شێخ عەبدورەحمان، شێخ عەبدولسەلام "یەکەم"، شێخ موحەممەد، شێخ عەبدولسەلامی دووەم، شێخ عەبدولرەحمانی دووەم و شێخ ئەحمەد.

که شێخ عەبدولرەحمانی یەکەمین شێخی بارزان دەمرێت،شێخ عەبدوڵڵای کوڕه گەورەی نەبوو بە جێگری بەڵکو له نێو سێ کوڕەکەیدا: شێخ عەبدولرەحمان (دووەم)، شێخ عەبدولسەلامی یەکەم و مەلا رەحیمدا، شێخ عەبدولسەلامی برا ناونجی دەبێتە جێگری باپیرەی. بارزان له سەردەمی ئەودا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوه که دیارده گرنگەکانی ئەمانەبوون:

١ـ بارزانیان رێبازی صۆفیگەری نەقشبەندی هەڵدەبژێرن و لەسەر دەستی سەیید تەهای نەهری ـ شەمزینی دراوسێیاندا دەست بەو رایەڵەوه دەگرن و شێخی بارزان دەبێتە خەلیفەی سەیید تەهاو خەلیفە و باوەڕپێکراوی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری که یەکێکه له زانا هەره گەورەکانی کورد و رۆژهەڵات و هەر لەسەر دەستی ئەویشدا رێبازی نەقشبەندی نوێکرایەوه. مەولانا ١١٩٣ـ ١٢٤٢ کۆچی بەرامبەر ١٨٢٣ـ ١٨٧٢ زایین تەمەنێکی دنیایی کورت ژیا،ناوی خالیدی کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسەینه و له گوندی بەڵخەی قەرەداغ هاتۆته دنیاوه و لە تیرەی میکاییلی جافه. بڕوانامەی مەلایەتی لە شێخ قەسیمی مەردۆخەیی له سنه پێدراوه. سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابان مەولانا له جێگەی خوالیخۆشبوو سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجەیی دەبێته مامۆستای مزگەوتەکەی پاشا و ١٢٢٠ك./ ١٨٠٦ز. سەفەری حەج دەکات و ١٢٢٥ك./ ١٨١١ز. دەچێته هندستان و لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەت وەردەگرێت و دەگەڕێتەوه بۆ سلێمانی. مەولانا له کێشەی نێوان ئەورەحمان پاشای بابان لەگەڵ والی بەغدا سلێمان پاشای بچووك (سلێمان کەهیه) و سلێمانی کوڕی ئیبراهیم پاشای باباندا بە هەڵوێستێکی کوردانه و مەردانەوه روو له بابان و پشت له عوسمانییەکان دەکات، هەمیشەش لایەنگری کوردو دژ به والییەکانی

بەغدا دەوەستا، هەوڵیدەدا هێز و توانای میرەکانی بابان یەکبخات و بڕاو هاوپەیمان بن بەڵام بەسەرزارەکی بەڵێنیان دەدا و بە کردار ژووان دەبوونەوە، مەولاناش بەو داخەوە سەری خۆی هەڵدەگرێت و ١٣٢٦ك/ ١٨٢٠ز. لە بەغدا دەگیرسێتەوە و لەو دەمەوەی بوو بە شێخی تەریقەت چیتر هۆنراوەی بۆ پاشاکانی بابان بە دەمدا نەهات و پاشماوەی تەمەنی بە بێئارامی و هاتوچۆی نێوان سلێمانی و بەغدا و قەرەداغ و هەورامان و هندستان و وڵاتی شام بەسەربرد و ١٨٢٧ز. لە شام کۆچی دواییکردو هەرلەوێش بە خاك سپێردرا.

٢ـ دیاردەی دووەمی سەردەمی شێخ عەبدلسەلامی یەکەم، بارزان قۆڵتر و کاریگەرتر و بەرچاوتر تێکەڵ بە رووداوەکانی دەڤەرەکە دەبێت و پلەوپایەی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی خۆی دادەمەزرێنێت و لەو رۆژگارەدا بەرەوپێشی دەبات کە بریتیبوو لەوەی بارزانیان بە ئاین موسڵمان و بە رێباز شافیعیی و بە رێبازی صۆفیگەری نەقشبەندی و بە هۆزایەتی زێباری و بە لەدایکبوون و تیرە و نیشتەنیش بارزانین.

٣ــ لە سەردەمی شێخ عەبدلسەلامی یەکەمەوە شێخانی بارزان جگە لە رابەرایەتی ئاینیی و کۆمەڵایەتی لایەنی وڵاتپارێزی و نیشتمان پەروەری و هۆشیارکردنەوەی موریدەکانیان کردە بەرنامە و زۆرداری و ستەمکاریی تورکە چەوسێنەرەکانیان ئاشکرا دەکرد و خۆیان بۆ بەرگریی ئامادە دەکرد، یەکەمین هەنگاوی ئەکتیڤی شێخی بارزان لەو بوارەدا چەکی راپەڕین و خەبات هەڵدەگرن و بەشداری راپەڕینەکەی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری ـ شەمزینی دەکەن دژی تورك.

٤ـ لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمدا قۆناغی ووردبوونەوە وتێڕامان لە گەردوون و پەیوەندی نێوان یەزدان و بەندەکانی و لێکۆڵینەوەی زانستە نهێنی و ئاشکراکانی ئیسلام دەست پێدەکات و هەریەکەیان بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی تێیدا پێشدەکەون و مەلۆیەك دەخەنە سەر خەرمانەکە.

بنەماڵەی شێخانی بارزان پێشتر خۆیان لە قەرەی کاروباری دنیایی نەدەدا، سەردەمی عەبدولسەلامی یەکەم و دواتر بیری صۆفیگەری متوربەکراو بە کوردایەتیەکەی مەولانا خالید، روو لە کوردو پشت لە دوژمن لە بیروبۆچوونیاندا رەنگدەداتەوە و لە هەڵوێستەکانیاندا ئاشکرا دەردەکەون و هۆشیارتر هەست بە چەوساندنەوە و چاو لە دەستیی تورك دەکەن کە بایەخێك بە گەلانی ژێر چەپۆکیان نادەن و پەیتا پەیتا مرۆڤ بۆ دۆزەخی جەنگە بەردەوام و بێئامانە خوێناوییەکان کێشدەکەن و ئەوانی دیکەش وەك مەرو ماڵات دادەدۆشن و بەروبوومی کشتوکاڵیی و بەرهەمی مەڕوماڵات و پەلەوەر و هەرچییان بەردەست بکەوێت بەناوی پیتاك و باربووی جەنگەوە زەوتیدەکەن و بەشێکی بەرچاویشی لە بازاری رەشدا هەر بە خۆیان دەفرۆشنەوە و گیرفان پڕ دەکەن و ئەوانیش هەناسە سارد جێدەهێڵن هەتا جارێکی دیکە دێنەوە.

لە بارودۆخێکی وەها دژواردا دەبوو رابەرێك هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی دروست بنێت و سنوورێك بۆ ژیانی کۆیلەیەتی و مەمرە و مەژی و سەرقڕان دابنێت. شێخ عەبدولسەلامی بەرزانی بە هاوکاری چەند سەردارێکی دۆست ئەو هەنگاوە دەنێت و ئاڵای راپەرینی دەڤەرەکە بەرووی تورکدا بەرز دەکاتەوە و داواکارییەکانیان دەگەیەننە دەروازەی باڵا لە ئەستەموول کە هیچ بایەخێکی پێنەدرا و بەو بیانووەی گوایە ئەوانە دۆستی رووسە کافرەکانن و پەیوەندیشیان بە رێکخراوە نهێنییەکانی کوردە ناحەزەکانەوە هەیە و

بەوپێیە داواکارییە رەواکان دەخەنە خانەی راستبوونەوە و دوژمنکاریی لەگەڵ وڵاتی عوسمانی و سولڵتانی مەزن و ئاینی پیرۆزی ئیسلام و سەرەتا ناحەزەکانی بارزان هاندەدەن و پشتیوانییان لێدەکەن هەتا لەشکری سوڵتان دەپەرژێتە سەر "تەمێکردنیان"، تەنانەت سەردەمی شەشەمین شێخی بارزان، شێخ ئەحمەد، بەندو باوی لە رێلادان و کفر بدەنە پاڵ بارزانیان و هۆزەکانیان لێ بوروژێنن بەتایبەتیش صۆفیانی برادۆست بە سەرکردایەتی شێخ رەشید لۆلان، بەڵگەشیان هەر ئەو دۆستایەتییە بوو شێخ ئەحمەد لەگەڵ سەرۆکی ئاشوورییەکان بنیامین مار شەمعوون هەیانبوو. لە نێوان سوڵتانی عوسمانی و کۆمەڵەی یەکێتی وپێشکەوتن وکۆمەڵەی ئازادی دا، سێهەمیان بە ئەهوەنتر دەزانن بۆ کورد. شێخ ئەحمەدیش کە بۆ زێدە رێزلێنان و پیرۆزی نازناوی "خودانی بارزان" لەسەر زاری مورپدەکانی بوو، هەڵدەگێرنەوە بە "خودای بارزان" و دەڵێن داوای خواوەندی دەکات و خوێنی حەڵاڵە.

## شۆڕش و راپەڕینەکانی بارزان

## یەکەمین شۆڕشی بارزان ١٩/ ١٢ /١٩٣١ ـ ١٩٣٢

راپەڕینێك بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم هەڵگیرسا، لەشکری تورك بەپاڵپشتی بەکرێگیراوانی ناوخۆ پەلاماری بارزان دەدەن، شێخ بە هێزێکی بچووك و چەکو تەقەمەنی و ئارەزوقەیەکی کەمەوە ئەوەندەی بۆی کرا بەرەنگاری کرد و بێ زیان دەکشێتەوە چیاو لوتکە بڵندەکان. هەر ئەو دەمەش کابینەی وەزارەتەکەی "یەکێتی" لە تورکیا دەست لەکاردەکێشنەوە و کۆمەڵەی ئازادەکان کابینەیەکی نوێ دادەمەزرێنن و دەستبەکار دەبن، ئەمانیش هەرچەند لە ناوەرۆکدا لەوان باشتر نەبوون بەڵام ئەهۆنتر بوون و باوەڕیان بە ئۆتۆنۆمی هەرێمەکانی ژێر دەستی سوڵتان هەبوو... بارودۆخەکە لە رووی رامیارییەوە گۆڕانێکی بەسەردا هات، شێخیش لەگەڵ چەکدارەکانیدا لە چیاوە دەگەڕێنەوە بارزان بەڵام زۆری نەخایاند "یەکێتییە" شۆڤێنییەکان هاتنەوە سەر کار و کەوتنە گرتن و کوشتن و راونانی نەیارەکانیان. یەکێك لەوانەی کەوتە بەر مەترسی ئەو شاڵاوە سەرکردەیەکی کۆمەڵەی ئازادەکان و لێپرسراوێکی پایەبەرز بوو لە مووصڵ بەنێوی صەفوەت بەگ و بەوە تاوانبار کرابوو دەستی لە تیرۆرکردنی مەحموود شەوکەتی سەرۆك وەزیرانی کابینەی یەکێتییدا هەبووە لە ساڵی ١٩١٣دا.

صەفوەت بەگ بەو هۆیەوە دۆستایەتییەکی لەگەڵ شێخی بارزاندا هەبوو پەنا بۆ ئەو دەهێنێت.. دوژمنانی هەردووکیان کە ئەو هەواڵەیان پێدەگات داوا لە شێخ عەبدولسەلام دەکەن پێویستە هەردووکیان بە زوورترین کات لە مووصڵ ئامادە بن. شێخ زۆر جوامێرانە وەلامی دەداتەوە: کارم بە مووصڵ نییە و پەنابەریش نادرێتە دەست دوژمنەکانی. بەمجۆرە دووبارە ناچاری دەکەن رووبەڕووی تورك و ناحەزەکانی ناوخۆ هەڵوێست وەربگرێت هەرچەند ئەو هێزە چەکدارەشی نەبوو سەنگەر لە لەشکری بەهێزو پرچەکی دوژمن بگرێت بەڵام مل بۆ داواکەیان درێژ ناکات و دەپەڕێتەوە کوردستانی خۆرهەڵات و پەنا دەباتە بەر سەیید تەهای شەمزینان[١٠] و لەوێشەوە دەچێتە دیدەنی سمکۆی شوکاك بۆ راوێژکردن و یەکخستنی هێزەکانیان لەگەڵ سەیید تەهادا بۆ بەرپەرچدانەوەی تورك. شێخ و هەڤاڵەکانی لە رێگەی گەڕانەوەدا بەهەر هۆیەکەوە بووبێت، بۆ میوانی و حەسانەوە لادەدەنە ماڵی دەروێش عەبدوڵڵا یا صۆفی عەبدوڵڵا

ئاغا ناوێك لە ناوچەی غەنجوون ی ژێر دەسەڵاتی تورك لەسەر "سنووری" كوردستانی خۆرهەڵات و باكوور بەڵام ئەو موسڵمانە خوانەناسە ناپاكی لەگەڵدا كردن و نامەردانە سەربازی تورك دەهێنێتە سەریان و بەدەستبەستراوی دەیانبەنە مووصڵ بۆ بەردەم نەزیف پاشای والی كە زۆر بە خوێن ساردی فەرمانی خنكاندنیان دەردەكات و رۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ شێخی بارزان و موحەممەد ئاغای هێشنی و عیدی ئاغای مزووری و عەلی موحەممەد ئەمین بە نارەوا لە سێدارە دەدەن.(١١) شێخ عەبدولسەلام لەبەردەم پەتی سێدارەدا وتی: "تورك كەڵكێك لە لەسێدارەدانی ئێمە وەرناگرێت". عەلی موحەممەد ئەمینیش دەڵێت: "بە خنكاندنی ئێمە دەستبەسەر بارزاندا ناگرن، مردن و سەرشۆڕی بۆ دەسەڵاتدارانی توركیا".(١٢) هەژاری موكریانی لە پێشەكی شەرەفنامەكەی شەرەفخانی بتلیسی چاپی كوردی دەڵێت: شێخ عەبدولسەلامی دووەم لە بانگێشتنی رووسیا دەگەڕایەوە و میوانی ئەو شوكاكانە دەبێت سەر بە خێڵی (عەیدەون)ن، سەربازی عوسمانییان هێنانە سەر، دوو هەڤاڵی شێخ كوژرا و ئەوانی دی گیران. شێخ عەبدولسەلام، عەزیز گوهار، موحەممەد ئەمین با سیڤی لە مووصڵ لە سێدارە دران.

وەك دەزانین دوای هەڵگیرسانی یەكەمین جەنگی گێتی هێزەكانی بەریتانیای مەزن ساڵی ١٩١٥ شاری بەسرا و ١٩١٧ بەغدا و ١٩١٨ بەشێكی هەرێمی مووصڵ و بەتایبەتیش هەردوو شاری كەركوك و هەولێر دەگرن و ئەوانیش چاكەیەكیان بۆ كورد نەبوو، هەروەك تورك خەریكی پیلانگێڕان و تۆوی ناكۆكی و دووبەرەكی وەشاندن و پارەو پوول بڵاوكردنەوە و هاندانی سەردار و سەرۆك هۆزەكان بوون لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، لە سۆران بە سەركردایەتی شێخ مەحموود، لە بادینان بەسەرۆكایەتی شێخانی بارزان. هەموو ئامانجێكیشیان هەرئەوەبوو دەنگی نارەزایی ئازادیخوازی عەرەب و كورد كپبكەن، بەردەوامیش هێزەكانیان لەپێشڕەویدا بوون. رۆژی ١٣/١١/ ١٩١٨ سەرلەشكری تورك، عەلی ئیحسان پاشا بەرامبەر هێزێكی بەریتانیا بە سەركردایەتی كاپتن لچمن بەسەرشۆڕی لە موصڵ دەكشێتەوە و كاپتن لچمن رۆژی ٣١/١١ /١٩١٨ دەستبەسەر شاردا دەگرێت و بەشی هەرەزۆری ویلایەتی مووصڵ (باشووری كوردستان) دەكەوێتە بندەستی لەشكری بەریتانیا .هەر لە دەستگیركردنی شێخ مەحموودەوە بە برینداری لە شەرەكەی دەربەندی بازیان لە ساڵی ١٩١٩دا و بەرلەوەش بەدرێژایی ساڵی ١٩١٩ كوردی باشوور لە هەموو لایەكەوە دژی ئینگلیزە داگیركارەكان رادەپەڕن و دەستیان لێدەوەشێنن، دەڤەری بادینانیش دەبێتە مەیدانی چالاكی دژی هێزەكانی بەریتانیا لە كوردستان (كاپتن لیس رۆژی ١٩١٩/٤/١٤ لە گوندی بیژۆ - دەڤەری بادینان كوژرا).(١٣) كاپتن بیرس سەرگەرمی بلاوكردنەوەی پارەوپوول بوو لە ناوچەی زاخۆ و جموجوڵێكی بەرچاوی هەبوو لە دەم چەوركردن و هاندانی سەرۆك هۆزەكانی ئەو دەڤەرە، سەنگەری كوردایەتی چۆڵ بكەن و پاڵ بدەن بە لەشكری بەریتانیاوە، هێزێكی بچكۆلەی هۆزی گۆیان كە لە باكووری زاخۆ دەژین، بۆسەیەكی بۆ دەنێنەوە و لە ١٩١٩/٤/٢٤ دەیكوژن.

(هۆزی گولی و هۆزی سندی بە سەرۆكایەتی صادق برۆ (پەرۆ) و هۆزی كۆچەری (قشورە)ش رادەپەرن.

١٩١٩/٧/١٥ ئامیدیەكان بە رابەریی حاجی شەعبان ئاغا و هاوكاری بەرواریەكان (بەرواری باڵا) پۆلیسخانەی ئامێدی دەگرن و چەك و تەقەمەنییەكی زۆریان دەستكەوت و كاپتن میكدۆنالدز،

فەرمانڕەوای سەربازی دەڤەرەکە کوژرا.)[١٤]هێزێکی ئامێدی بە سەرکردایەتی رەشید ئاغا بەرەنگاری هێزێکی ئینگلیز دەبێتەوە لە گەرووی مزورکە، کە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئامێدی بەڕێوەبوون و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن و کاپتن (ویلی)ش لە نێو کوژراوەکاندا بوو. هۆزی دۆسکی بەرابەری تایەر ئاغا هەمزانی و هاریکاری صادق برۆ لەگەڵ سندییەکان بە رابەری سلێمان موفتی لە گەرووی زاوێتەی نزیك سوارە توکە پەلاماری لەشکری داگیرکارە بەریتانییەکان دەدەن و دەستێکی قورسیان لێدەوەشێنن و فرۆکەیەکی بەریتانیاش لەناوچەی گەلیی دەخەنە خوارەوە.)[١٥]

کۆلۆنیل بیل فەرمانداری سەربازی مووصڵ و کاپتن سکوودی یارمەتیدەری کە بارەگایان لە شاری ئاکرێ بوون لە دیدەنیکردنی فارس ئاغای زێباری دەگەڕانەوە، بارزانیەکان گومان پەیدا دەکەن، ١٩١٩/١١/١٤ دەکەونە کەمینێکی بارزانیەکانەوە و هەردووکیان لە نێو کوژراوەکاندا بوون و بە (٣٠٠) سواری بارزانی و زێباری دەست بەسەر ئاکرێشدا دەگرن.[١٦] ئەوە یەکەمین جار بوو بارزانی و زێباری پێکەوە لە سەنگەرێکدا بجەنگن. کاپتن لچمن یش کە لە مووصڵ گوێزرایەوە بوو بە فەرمانڕەوای رامیاریی دلێم لە فوراتی ناوەڕاست ئەویش لە نێوان بەغداو فەللوجە دا بە دەستی خومەییسی کوڕی شێخ زاری سەرۆکی هۆزی زەوبەع کە ئالای شۆڕشێکی بەربلاوی دژی ئینگلیزەکان هەڵکردبوو، لە ١٩٢٠/٨/١٢دا کوژرا.هەر ئەو ساڵەش هۆزی سوورچی و هۆزی سۆران تێکەڵاوی راپەڕینی دەڤەرەکە دەبن دژی ئینگلیز. لە ئەفسەرانی بەریتانیا لە ناوچەی سلێمانیش، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند کاپتن بۆند و ئەفسەرێکی هاوکاری و چڵکاوخۆرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی بەناوی غەفووری خەجێ، لە تۆڵەی ئەو شایەتانەدا کە کاپتن بۆند بردنیە بەغدا شایەتی لەسەر شێخ بدەن، دەکوژێت.

شێخ ئەحمەدی بارزانی رابەرێك بوو، خۆی و هۆزەکەی لە دوو شت زۆر دوور دەخستەوە، شەڕ و دوژمنایەتی و خوێنڕشتن، پارە و پوول و سامان و ماڵی دونیا، هەتا لە ژیانیشدا بوو نەك سامانێکی نەبوو بەڵکو زۆر کەمیش دەستی بە چڵکی پارە پیس بووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە بارزان و زێبار بە خۆدا دەچنەوە و لە سۆنگەی بێزار بوون لە شەڕی کورد و کورد رێگەی راست دەگرن و هاودەنگ و هاوکار دژی دوژمنی هاوبەش دەجەنگن و وەك پێشتر وتمان لە ١٩١٩/١١/١٤دا کۆنترۆڵی شاری ئاکرێ دەکەن و (فڕۆکەیەکی بەریتانیاش لە زاخۆ بەردەدەنەوە) کە نەك یەکەمین فرۆکەی ئینگلیز بوو بە دەستی کورد بەڵکو یەکەمین جار بوو لە مێژووی خەباتی کوردا فڕۆرکەیەکی دوژمن بەربدەنەوە و هەر بە تفەنگی ئاساییش.

مامۆستا رەفیق حیلمی دەڵێت ئەم راپەڕین و بەرەنگاربوونەوانەی دەڤەری بادینان دژی داگیرکاران بەدەست تێوەردانی کۆمەڵەی "عەلەم" بوو، کە ساڵی ١٩١٤ دامەزرا و دواتر ناوەکەی بوو بە کۆمەڵەی (عهد) و مامۆستا رۆوف الغلامی باوەڕپێکراوی کۆمەڵە بوو لە مووصڵ.[١٧]

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩ـ ١٩٢٠ کە شێخ مەحموود لە زیندانەکانی هیندستاندا بوو لە هەردوو دەڤەری باکوور و باشووری زێی گەورە "بادینان و سۆران" راپەڕینی کورد جۆرە ساردبوونەوەیەکی پێوە دیاربوو، بەڵام شێوازێکی نوێی خەباتی گرتبووە بەر لەبەرهەڵستیکردنی لەشکری بەریتانیای داگیرکاردا، سەرۆك هۆزەکانی کورد، زۆربەیان لە "سەرلەشکر"ی تورك، ئۆزدەمیر لە رەوازندز کۆبوونەوە گوایە

بەریتانیا لە باشووری کوردستان دەردەکەن، بارودۆخەکە شێوا بوو، پاشاگەردانی و بێ ئارامی بوو، دەڤەری بارزانیش ئەوەندە ماندوو بوو بەدەست دوژمنی ناوەکی و دەرەکیی، هەرچەند توانای راپەڕینیشی نەبوو پشتێنی کوردایەتی نەکردەوە، هێزەکانی ئینگلیز و تورکیش کۆنترۆڵیان بۆ نەدەکرا، زەبری کاریگەریان بەردەکەوت، شپرزە بوون و جگە لە ناوچەکانی چەمچەماڵ بەولاوە جڵەوی کاریان لەدەستدا نەمابوو، کەریم بەگی فەتاح بەگ لە هێرشێکی کتوپڕدا پەلاماری شاری سلێمانی دەدات و دەست بەسەر شاردا دەگرێت و مستەفا پاشای یاموڵکیش دەستگیر دەکات کە کوردپەروەرێکی دڵسۆز و کارامە و نەترس بوو لە رووی تورك و تورکخوازەکاندا کە کوردپەروەران بۆ سووکایەتی بە "جل خوارەکان" ناویاندەبردن.

مستەفا پاشایاموڵکی ژەنەراڵێکی لەشکری عوسمانی بوو، سەرۆکی ئەو دادگا سەربازییە تایبەتە بوو لە ئەستەموول کە پاشملە دادگایی مستەفا کەمالی کردو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەکرد. کوردایەتی و هاوکاریکردنی شێخ مەحموود و بەشداریکردنی شۆڕش پاڵنەری بوون لە تورکیا بگەڕێتەوە باشوور و پەیوەندی بە شۆڕشەکەی شێخ مەحموودەوە بکات. یاموڵکی رێبازی کوردایەتی راستەقینەی گرتبوو، خۆی بە هیچ لایەنێکەوە نەدەبەستەوە، بیروبۆچونەکانی خۆی نەدەشاردەوە، بێپەروا سەرسەخت و سەرگەرم و بە ئاشکرا دوژمنایەتی تورك و تورکخوازەکانی دەکرد و بە هیچ جۆرێك و ئەوەندەی موویەك لەو رێبازە لاینەدا، بۆیە زۆر کەس بەپیاوی بەریتانیایان دەژمارد و تورکیش خوێنیان بخواردایەتەوە ئۆخەیان نەدەکرد و هەر بە مستەفا نەمروود ناویان دەبرد، زۆریشیان هەوڵ لەگەڵ شێخ مەحموود دەدا، رادەستی بکات، بەڵام شێخ لەو سەرکردانە نەبوو، ئەو کاتانەی زۆر پێویستیشی بە دۆستایەتی تورك بوو، کارێکی وەهای بەبیردا نەدەهات بەڵکو لە کابینەی وەزارەتەکەی حکومەتی دووەمدا پۆستی وەزیری رووناکبیریی (معارف) دەداتێ.

هەرچەند دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموودیش لە زیندان، راپەڕین و چالاکی پێشمەرگانە لە ناوچەکانی دەرەوەی دەڤەری سلێمانی، ساردبوونەوەیەکی پێوە دیار بوو، بەڵام لەجێگەیدا وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت بە صەدان دۆکۆمێنتی بەریتانیای لەبەردەستدایە ئەوە دەسەلمێنن کوردپەروەران لەو دەمەدا چەندین رێکخراوی رامیاری و کۆمەڵایەتییان دامەزراندووە وەك: رێکخراوی ئیستقلال، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، کۆمەڵەی هێڤی ـ هیوا، کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان.

شێخ عەبدولسەلامی یەکەم هێشتا لەژیاندا بوو موحەممەدی کوڕی دیاری دەکات دوای خۆی وەك شێخی بارزان جێگەی بگرێتەوە.. شێخ موحەممەد سێهەمین شێخی بارزانە، بە مرۆڤێکی پاك و روو لە یەزدان و ئاین پەروەر ناسرا بوو، لەو بوارەشدا لە زانستە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئیسلامدا چەند قۆناغێك دەبڕێت و پێشدەکەوێت، دەڵێن ئەوەندە پێدەگات دەستی بە "کەشف و کەرامات" دا دەگەیشت، ئامۆزاکانی چاویان لە پلەی شێخایەتی بارزان و دەستەلات بوو، بە مافی خۆیان دەزانی بەڵام شێخ موحەممەد بە ژیری و هێمنی و کارامەیی و دووربینی، بە ئاشتی و لەیەکتر تێگەیشتن بنەماڵەکەی لە ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێ دوورخستەوە، لەسەر سێهەمین شێخی بارزان زانیاری ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە، نازانین کەی هاتۆتە

دنیاوە، هەر بە مەزندە پێدەچێت ناوەراستی سەردەمی مەولانا خالید ١٨٢٣ ـ ١٨٧٢ و ئەگەر نێزیکتری بکەینەوە،ئەوە نێوان ١٨٤٥ـ ١٨٥٠ز. لە دایك بووە. بەو پێیەی مستەفای کورە بچووکی ١٩٠١ لە دایك بووە دەبێت بە لای کەمەوە هەتا ئەو ساڵە ژیا بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو دوای شەهید بوونی باوکی لە ١٩١٤دا دەسەڵاتی شێخایەتی بارزان دەگرێتە دەست و هەتا ١٩٢٧ ژیاوە کە شێخ ئەحمەدی کوڕی لە جێگەی دانیشتووە، ئەگەر شێخ ئەحمەد دوای مردنی باوکی هاتبێت، ئەگەر بە هۆی پیری و نەخۆشیشەوە لە جێگەدا کەوتبێت و توانای بەڕێوەبردنی نەبووبێت ئەوە چەند دوای ئەوەش ژیاوە و گریمان ١٩٢٨ کۆچی دوایی کردووە، دەبێت نزیکەی ٧٥ ساڵێك لە ژیاندا بووبێت.

رژێمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی بارزان دەرەبەگ و چەوسێنەری تێدا هەڵنەکەوت، سەرانە و مەڕانە و پووشانە و بێگاری تێدا نەبوو، ئەرکی شێخ بەسەر دانیشتوانەوە بریتیبوو لە دابینکردنی سوتەمەنی زستان و باربووی میوانداری و خۆراك و خەوتنی میوان لە مزگەوت. هەژاری موکریانی دەڵێت (موحەممەدی کوڕی عەبدلسەلام لەگەڵ ئاغا و قەلەوقوتەی خوانەناس و هەژار چەوسێن کەوتۆتە بەربەرەکانی، تورك لێی دەکەونە گومان و ماوەیەك لە پۆلیس زیندانی دەکەن دواتریش دووری دەخەنەوە بۆ موصڵ).[١٨]

شێخ موحەممەد پێنج کوڕی لە دوا بەجێما: شێخ عەبدولسەلامی دووەم، شێخ ئەحمەد، شێخ موحەممەد صدیق، شێخ بابۆ، مستەفا. لەنێو هەر پێنج براکەدا تەنها مستەفا ناوی شێخی پێوە نەنووسا بەڵکو بە مەلا مستەفا ناوی بلاودەبێتەوە، هەرچەند ئەو وشەی "مەلا"یە نازناوی پیشەی مەلایەتی یا پلەی زانستیی پیاوە ئاینیەکان نییە بۆ نموونە وەك مەلا ئیدریسی بتلیسی، مەلای جزیری، بەڵکو تەنها نازناوە وەك ئەوانەی بە حاجی ناودەبرێن و حەجیشیان نەکردووە بەڵکو ناوی لەدایکبوونیانە.

مستەفا بارزانی(مەلامستەفای بارزان) ١٤/٠٣ ١٩١٤ ٠١ ــ/ ٠٣ / ١٩٧٩ لەگوندی بارزان لەدایکبووە، باوکی خۆیی نەدیوە، ماوەیەك چۆتە بەرخوێندنی ئەو سەردەمە و خوێندەوارییەکی سەرەتایی پەیدا کردووە بەڵام زۆرێك لە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پەیامبەر و بەرهەمەکانی ئیمام غەزالی لەبەربوو، کە دەدووا بۆ پشتگیری بیروبۆچوونەکانی نموونەی گونجاوی لە دەقەکانی قورئان و فەرموودەکان و شیعر و پەند و قسەی نەستەق و چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە دەهێنایەوە و دەیکردنە بەڵگەی سەلمێنەر... شێخ موحەممەد هێشتا لە ژیاندا بوو، شێخ عەبدولسەلامی دووەم کە کوڕە گەورەی بوو دەکاتە جێنشین و لەسەردەمی ئەودا بارزان بەخۆیدا هات و لەسەرپێی خۆی دەوەستێت...شێخی نوێ خۆی دەیزانی هۆزەکەی ناحەزی زۆرن، تەنها لە رێگەی صۆفیگەری و تەریقەت و مزگەوت ـ خانەقای بارزان و موریدەکانەوە بەرگری دوژمن و پارێزگاریی دەستکەوتەکانیان بۆ ناکرێت، بۆیە ئەو لایەنە بۆ شێخ عەبدلرەحمانی ئامۆزای چۆڵ دەکات و لایەنی گیانبازی و سەنگەرگرتن و شەرەتفەنگ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بەرامبەر نەیار و دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە، لە بواری رامیاریشدا (کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لە مووصڵ دادەمەزرێنێت، جیاواز لەوەی تورك بەڵام هاودەنگییان لە نێواندا هەبوو دژی سوڵتان "زۆر پێدەچێت مەبەستی لە کۆمەڵەی عەلەم (ئالا.ن.ك) بێت کە غولامیی سەرپەرشتی دەکرد و دواتر ناوەکەیان کرد بە عەهد (پەیمان. ن.ك) و دژی تورك رادەپەڕێت و سەرەتا هێزی تورك شەق و شڕ دەکات،

تورك كوردی نیشتمان فرۆش به گژیدا دەكات، دەری نەبرد، شكستی خوارد هەر ئەوەنـدەی بـۆ كـرا خـۆی رزگار بكات، خێزان و منداڵی به دیل گـیران و خرانـه زینـدانی مووصـڵ، مسـتەفا یـەكێكیان بـوو. دوای صالێك شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە و دەردێكی به تورك دا بێنـە بـەر بـار و مـل بـۆ مەرجـەكان لار بكـەن و گیراوەكان ئازاد بكەن و چەند فێرگه و نەخۆشخانەیەك لـه ناوچـەكه بكەنـەوە و مەڵبەنـدە كوردنشـینەكان بەشیان له پرۆژەی ئاوەدانیدا هەبێت).[١٩] بەڵام تورك به كردار هیچیان بـۆ كـورد نـەكرد و ناچـاریان كـرد دەستبداته راپەڕین و به هێـز و چـەك و تەقەمـەنی و توانایـەك كـه بـه هـیچ پێوانەیـەك لەگـەڵ لەشـكری زلهێزێكی وەك توركیادا بەراورد نەدەكرا شانی بداته بەر و هەتا توانی بەرەنگاری كردن و دەكشـێتەوە نێـو دیانه(كریست)ە هاوپەیمانەكانی بارزان كه خەباتی هاوبەش دژی دوژمنی هاوبەش كۆیكردبوونـەوە... هـەر بەو هۆیەشەوە ناحەز و دوژمنەكانی به شێخی فەلان "فەلەكان" ناویاندەبرد.[٢٠]

دوابەدوای مۆركردنی پەیمانی مۆدروس و كۆتایی یەكەمین جەنگی جیهان كوردستان به گشـتی و بـارزان بەتایبەتی زۆر وێران بوو، سیمای ئاوەدانی و ژیانی ئاسایی پێوه نەمابوو، نەخۆشی و برسـێتی و قـاتوقڕی گاڵـەی پێـدەكردن، ئەرمـەن و ئاسـوورییەكانیش كـه دۆسـت و هاوپـەیمانی بەشـێك لـه كـوردی بـاكوور و بارزانییەكان بوون له باشوور هەڵوێسـت دەگـۆڕن و پشـت ئەسـتوور بـه لەشـكری رووسـیا و بـەریتانیا لـه ناوچەكەدا ئاگری رق و كینه و تۆڵەسەندنەوە له تورك بەسەر كورددا دەبارێنن، ئەمەش وەك مێجەر نۆئێل له دەمی كوردی باكوورەوە دەیگێڕێتـەوە بێوەفـایی و بێبـاری ئەرمـەن دەردەخـات، چـونكه بارزانییـەكان نزیكترین و دڵفراوانترین و كراوەترین هۆزی كوردن لەگەڵ دیان ـ گاور ـ كریست دا بەڵام ئەوانه كه روسیا و بەریتانیا بەشێكیان له رەشەكوژی تورك رزگار دەكەن له ناوچەكانی هـەكاری هەڵدەكەنـدرێن، دوژمـن لـه خشتەیان دەبات، بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی دەیانكاته هێزێكی چەكداری بەكرێگیراو و ئینگلیـز دژی شـێخ مەحموود له دەڤەری سلێمانی و چالاكییەكانی كورد له دەڤەری بادینان و رووسیاش هەوڵیدەدا دژی كوردی خۆرهەڵات و هێزەكانی تورك له ناوەوە و دەرەوە كەڵكیان لێ وەرگرن، بۆ ئـەم مەبەسـتەش دەیانگوێزنـەوە بۆ ورمێ بەڵام سەركەوتنی بزوتنەوەی بەلشـفیك بەسـەر مەنشـفیكدا بەڕابـەری لینـینی مـەزن پلانەكـەی هەڵوەشاندەوە و هێزەكانی رووسیا گەڕانەوە نێو سنوورەكانی خۆیان و ئەوانیش بێ پشت و پـەنا مانـەوە و تەنها لایەنێك فریایانكەوت تیمه ئەوروپاییەكان بوون كه له ژێر پەردەی ئاینی عیسایی و مژدەهێناندا به ئێران و عێراقدا بڵاوبووبوونەوە. ئەو "تیمه ئاینیانه" به هەوڵ و مانـدووبوونێكی زۆر توانییـان ئەرمـەن و ئاشۆرییەكان بنێرنەوە پەنای هێزەكانی بەریتانیا له عێراق و سەرەتا ئەو ژمارە زۆرە چەكدارەیان له كامپی باقووبه دامەزراند كه هەر (میر پەترۆس) به تەنها چوار هەزار چەكداری به دواوە بوو.

لـه یەكـەم هەنگاویشـدا بـۆ گێڕانـەوەی(هۆزەكانی ئەرمـەن و ئاشـووری) بـۆ ناوچـەی ورمـێ بەرێگـەی بادینـاندا، هۆزەكانی ناوچەی بادینان لەم پرۆسەی تڕانزێته به گومان بوون كه پلانێـك بێـت بـه پشـتیوانی هێزەكانی پیادە و فڕۆكه جەنگییەكانی بـەریتانیا دەستبەسـەر ناوچـەكەدا بگـرن و خۆیـان جـێگیر بكـەن، بارزانییان و سووركییەكان ١٩٢٠ له ئامێدی پەلاماریاندان و زیانی گیانی زۆریـان پێگەیانـدن و ناچـاریان كردن به حەفتا كوژاو و برینداری زۆرترەوە بەرەو دوا بگەڕێنەوە.[٢١] بەڵام لێپرسـراوانی بـەریتانیا كۆڵیـان

نەدا، وەك ماكی هەراو دووبەرەكی نانەوە دژی كورد و موسڵمانان تۆوێكی نامۆیان بە ناوچەكەدا وەشاند و هەر لە كوردستان جێگەیان بۆ خۆشكردن و بەسەر هەرێمەكانی موسڵ، دهۆك، هەولێر و كەركووكدا دابەشیان كردن گوایە چەوساوە و لێقەوماون و رەوشتی مرۆڤ دۆستیی دەخوازێت هاوكاری بكرێن و برینەكانیان سارێژ بكرێت.. هەر هەموو دانیشتوانی دەڤەرەكە لەوە تێگەیشتن مەبەستەكە ئەوە نییە بەڵكو پێكەوەنانی هێزێكی بەكرێگیراوە بەرژەوەندی لەگەڵ كوردا نەبێت و بۆ جێگیركردنی خۆیان دەبنە مقاشی دەستی دوژمن. هەرواش دەرچوو، هێزی لیڤی "لیوی" یان لێدروستكردن و بوون بە هێزێكی كاریگەر و دەستوەشێن دژی شێخ مەحموودی مەلیكی كوردستان و شۆڕشەكەی و بزاڤی رزگاریخوازی كورد بەگشتی، ئەو دەمەش بارزانییەكان لە ئامێدی پەلاماریاندان... ئەو ئەرمەن و ئاسووریە پەرەوازانە هەندێكیان لەگەڵ كشانەوەی لەشكری رووسدا چوونە ناوچەكانی قەفقاس و نیشتەجێكراون، ئەوانەی كوردستان هەتا ئەمڕۆش لەم ناوچانەدا دەژین هەرچەند چیتر دژایەتی و بەربەرەكانی كوردیان بۆ نەكراو بێدەنگ دانیشتن، كوردیش سۆز و میهرەبانی لەگەڵدا نواندن و بەشێكیان هاوبەشیی دڵسۆزانەی شۆڕشی ئەیلوول و بزوتنەوەی كوردایەتییان كردووە، شەهیدان عیسا سوار، مامەند مەسیح لە شۆڕشی بارزان، لەشكری كۆماری كوردستان، داستانی ئاراس، شۆڕشی ئەیلوولدا و شەهید فرانسۆ هەریری لە شۆڕشی ئەیلوول وگولان هەڤالانی باوەڕپێكراوو دڵسۆزی بارزانی بوون و شەهید مارگرێت یەكەمین پێشمەرگەی ئافرەت بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا. ساڵی(١٩٣١ ئاسووری لە توركیا وەدەرنران، پەنایان بۆ عێراق هێنا، ئینگلیز لەسەر ئەو خەیاڵەی ئەوانە مەسیحین وەریگرتن لە بارزان نیشتەجێیان بكات، بە بەردێك دوو چێشكە بكوژێت بەڵام ئەو خەونە خۆشەیان نەهاتە دی، نە ئاسووری شەڕی بۆ كردن نە بارزانیش "بارزانییش" شوێن پێلێژكردنیان قبوڵ دەكرد).[٢٢] ئەوەی ئەو راستییە دەسەلمێنێت دڵفراوانی و بەتەنگەوە هاتنی دیانەكان بووە لای بارزانیانەوە، بەتایبەتیش سەردەمی شێخ ئەحمەد و دواتر، ناحەزانی بارزان بەڕادەیەك پەست و نیگەران دەكات، شێخ رەشیدی لۆلان، شێخ ئەحمەد بە "شێخی فەلان" ناودەبات. كوردی گوندنشین بە كریستەكان ـ مەسیحی دەڵێن فەلە، دیان، گاور، عیسایی و لەو سەردەمەوە لەناوچەكانی شەقڵاوە، كۆیە، دیانا، بەعشیقە، ئەرموتە، بادۆش، بەرتەلە، هەریرو باتاس، بێداڵ، بێداروون، شەنگاڵ دا نیشتەجێبوون.

شێخ ئەحمەد هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵان بوو كە شێخی بارزان كۆچیدوایی كرد و ئەو نەگەیشتبووە ئەو تەمەنە رابەریی بارزان لە ئەستۆ بگرێت بەڵام چەند فاكتەرێك تای تەرازووی ئەویان لە بەرامبەر كاندیدەكانی دیكەدا قورس دەكرد:

١ـ نیشانەكانی سەركردایەتی و رابەریكردنی لێدەركەوتبوو.

٢ـ دوای مردنی شێخ عەبدولسەلامی برا گەورەیان، ئەو دەبووە براگەورەی شێخ موحەممەد صدیق،شێخ بابۆ،مەلا مستەفا و بەپێی نەریتی هۆز برا گەورە كاندیدی یەكەمە ئەگەر مەرجە سەرەكییەكانی رابەرایەتیی تێدا بێت.

٣ـ قورسایی پارسەنگی تیرەی شیروانییەكان بەسەر تیرەكانی دیكەدا بڕیاری ئەوان سەردەخات لە

دیاریکردنی شەشەمین شێخی بارزاندا. رۆژگاریش ئەوەی سەلماند کە شێخ ئەحمەد شایستەی ئەو پلەو پایەیە بوو، جگە لەوەی خاوەنی خوورەوشتێکی پەسەند بوو لەگەڵ دۆست ولە مێو نەرمتر بوو لەگەڵیاندا بەڵام لەبەرامبەر دوژمناندا لە بەرد رەقتر بوو. لە دوو شتیش خۆی بە دورو دەگرت، شەڕو خوێنڕشتن و زیانی گیانیی و ماڵ و سامانی دانیشتوان،دووەمیش پارە وپوول و سامان و ماڵی دونیا، هەتا لە ژیانیشدا بوو نەك سامان و دارایی نەبوو بەڵکو زۆر کەمیش دەستی بە چلکی پارە پیس بوو بوو. سەرەرای ئەوانەش ئەوەندەی بوار هەبوایە سەرەداوێکی لەگەڵ دوژمندا دەهێشتەوە و بۆ پارێزگاریکردنی ناوچەکەو بەتایبەتیش بارزان هەموو رێوشوێنێکی گونجاوی دەگرتە بەر، لەوەشدا جێگەی رەخنە و لۆمەو تانە و تەشەر نییە... ئەگینا هۆزەکەی قڕی تێدەکەوت و لە نێو بارزانیاندا چۆلەکە کوژێك نەدەما. چوار ساڵ دوای رێککەوتنی بارزانی مستەفا و حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و بڵاوبوونەوەی پەیماننامە مێژووییەکەی مارتی١٩٧٠ژمارەی شێخانی بارزان لە شەست مرۆڤ تێنەدەپەڕی!!)[٢٣] کە بە هەموو پێوانەیەك دەبوو لە چوار هەتا پێنج هەزار کەمتر نەبن. دوو رایەڵی زۆر گرنگی دیکەی بەرنامەی شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەوەبوو یەکەمین هۆزی کورد بوون لەهەر هەموو کوردستاندا پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ دیانەکان دا خۆش بوو، دیانەکانی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان، ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەگەڵ سەرۆکی ئاسووریەکان بنیامین مار شەمعون بەستبووی بەردی بناغەی بەرنامەی هاوکارییە فرە لایەنەکەی ئاسووری،ئەرمەنی، بارزان، شەمزینان، شوکاك و پشتیوانیی یەکێتی سۆڤێت ئەگەر بە پلانی ئێران، خوێن نەکەوتایەتە نێوان سمکۆی شوکاك و ئاسووریەکان، شتێکی بۆ هەردوو گەلی کورد و ئاسووریی چەوساوە و ژێر چەپۆك و بەشخووراو لێ صەوز دەبوو هەروەك چۆن پلانێکی لەوە چەپەڵتر لە تورکیا خوێنی کوردو ئەرمەنەکانی بەدەستی یەکتر دەڕژان و هەموو ئەوروپای لە کورد وروژان و ئەو هەستوسۆزو گەرموگوڕیەیان بەرامبەر کێشە رەواکەی کورد نەما.دەڵێین شێخ ئەحمەد حەزی بە خوێنڕشتن نەدەکرد بەڵام کە ناچاریانکرد ١٩٣١ـ ١٩٣٢ دژی عێراق و بەریتانیا راپەڕی، ١٩٤٣ـ ١٩٤٥ لە بەرنامەیەکی دوو لایەنەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی میریی عێراق و هێزی ئینگلیز و هۆزە نەیارەکان، لایەنی جەنگ دەداتە دەست بارزانی مستەفا و خۆیشی لایەنی پەیوەندی و گفتوگۆکردن لەگەڵ میریی بەڕێوە دەبات.

راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد لە پێناو ژیانێکی شایستە و سەربەخۆییدا لەهەر لایەکی کوردستان کە نووچدان و نسکۆی بەسەردا هاتووە، زوو یا درەنگ راپەڕینێك، شۆڕشێکی نوێ لە لایەکی دیکەوە هەڵگیرساوە و بەردەوامیی بە خەبات داوەو ئاگردانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ئەگەر بێ پشکۆش بووبێت هەرگیز بێ ژیڵەمۆ نەبووە. زۆر دوور نەڕۆین شۆڕشەکانی شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان ١٩١٤ـ ١٩٣١ز.، زنجیرە راپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم و دووەم و شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی ١٩١٤ـ ١٩٤٦/١٩٤٧ز، شۆڕشی شێخ عەبدلقادری شەمدینان و بەدرخانییەکان ١٩٢١ز، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٤ـ ١٩٢٥ز، "ئاگری داخ" ١٩٢٥ـ ١٩٢٩ز. جگە لە خەباتی نهێنیش وەك هەوڵ و کۆششی جوبرانییەکان مەردانە و سەرکەوتووانە لەهەر شەش هەرێمەکەی باکوروی کوردستان لقی رێکخراوی رامیاریی "أستقلال ـ سەربەخۆیی" دەکەنەوە و سەرلەبەری رێکخراوە رامیاری

و كۆمەڵایەتییە كوردییەكانی دیكە، وەك كۆمەڵەی "تعالی كردستان ـ بەرزی كوردستان"، "تشكیلات اجتماعیە ـ رێكخستنە كۆمەڵایەتی و جەماوەرییەكان"، كۆمەڵەی "هێڤی ـ هیوا"، كۆمەڵەی دیموكراتی كوردستان و هتد. بەڵگەی زیندوون.

شێخ ئەحمەدی بارزان ١٨٩٧/١٨٩٦ ـ ١٩٦٩ز، ساڵی ١٩٢٧ لە تەمەنی ٣٠سی ساڵاندا دەبێتە جێنشینی شێخ عەبدولسەلامی دووەم كە برا گەورەیان بوو، وەك شەشەمین شێخی بارزان متمانەی هۆزی بارزانی پێدەدرێت.[٢٤] شێخی نوێی بارزان پیاوێكی هەڵكەوتوو، ژیر و دووربین و هەناسە درێژ بوو، لەگەڵ هۆزە نەیارەكاندا توندوتیژ و لەگەڵ دەوڵەتانی توركیاو ئێران و بەریتانیاش نەرمتر و "بەسیاسەت دەجووڵایەوە" بەتایبەتیش لەگەڵ بەریتانیا و عێراق بەرنامەیەكی دوو لایەنەی گرتبووە بەر، لایەنێكیان بە گشتی لەسەر بنچینەی نزیكبوونەوە و وتووێژ و پێكهاتن دامەزرابوو بۆ پاراستنی ناوچەكانی بارزان و ئافرەت و زارۆك و پیر و پەككەوتەكان لە ئاگری بێبەزەیی فرۆكە جەنگییەكان و تۆپ و تانك و زرێپۆش و لەشكری قەبەی بەریتانیا و عێراق، خودی خۆشی سەرپەرشتی ئەم لایەنەی دەكرد.

لایەنی دووەمیش خۆسازدان و چەكداركردنی ئەو بەرزانیانەی دەستیان تفەنگ دەگرێت وەك هێزی راپەڕین و بەرەنگاریكردن و رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ناوەكیی و دەرەكیی، ئەو لایەنەشی خستبووە ژێر سەركردایەتی مستەفای برا بچووكیانەوە. شێخ ئەحمەد لەم بوارەدا توانای دیپلۆماتكاریی سەركردەیەكی دەنواند نایەوێت تەڕوو وشك پێكەوە بسوتێن، ئەو ئامادەبوو گیانی شیرینی بكاتە قوربانیی ولآتی بارزان كە لە گیانی خۆی خۆشتر دەویست، سێبەری بن درەختێكی ئەو كێوانە و هێشوویەك ترێ كێویلەی بارزانی بە هیچ شتێك نەدەگۆڕییەوە.

ئەم بەرنامەیە كەمو زۆر ئامانجی خۆی بەدیهێنا بەتایبەتیش ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٤ــ١٩٢٧ ودواتریش گێڕانەوەی خێزانە بارزانییەكان لە ئێرانەوە بۆ عێراق دوای هەرەسی كۆماری كوردستان و چەند ساڵێكی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی مەزنیش.

## دووەمین شۆڕشی بارزان ١٩٣٢ ـ ١٩٣٤

هەر لە ساڵانی ١٩١٣ـ ١٩٢١ەوە راپەڕین و شەڕو پێكدادانی پچڕ پچڕ لەملاو ئەولای ناوچەكانی سەربە بارزان و لە سەردەمی شێخەكانی پێشتردا روویانەدا بەڵام هەرگیز وەك سەردەمی شێخایەتی شێخ ئەحمەد ١٩٢٧ـ ١٩٦٩ جەنجاڵ و ئاڵۆز و پڕ لە رووداو و كارەسات نەبوون. یەكەمین شۆڕشی بارزان ١٩٣١ـ ١٩٣٢ بە سەركردایەتی ئەو هەڵگیرسا، هەر ئەو ماوەیەش دەستێكی قورسی لە هۆزە دراوسێ ناحەزەكانی بەرزان وەشاند بەتایبەتیش سۆفیەكانی برادۆست بە رابەرایەتی شێخ رەشیدی لۆلان و گوندەكانیانی داگیر كرد.[٢٥] لەگەڵ یەكەمین بروسكە و چەخماخەی شۆڕشی ئەیلولیشدا بەرابەریی بارزانی مستەفا ١٤ /١٩٠٣/٣ — ١/٣/ ١٩٧٩، شێخ ئەحمەدیش لە كانگای دڵەوە پشتگیری لێدەكردو لەوە دڵنیابوو لای دوژمن، بارزان سەری مارەكەیە و بەرلەهەر شوێنێك و یەكەم دەست بارزان وێران دەكەن و وا دەزانن گەر بارزان لە نەخشەی عێراق بسڕنەوە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردیش هەتا هەتایە هەڵناگیرسێتەوە، بۆیە لە كێشەی كورد و حكومەتی عێراقدا خۆی بێلایەن پێشاندا و سەرەداوێكی لەگەڵ

بەغـدا گرێـدا. بـارزانی مسـتەفا بێپـەروا دەجـەنگاو شـێخ ئەحمـەدیش ڕۆڵـی دیـاریکراوی خـۆی دەبینی،بەوهۆیەوە بوو نەك هەر خێزان و پیرو نەخۆش و مێردمنداڵانی بارزانی کە چەکیان بە شانەوە نەبوو بەڵکو بارزانی مستەفا و هەر هەموو پێشمەرگە بارزانییەکانیش لە نێو هەموو شێخانی بارزانـدا تـەنها و تەنها نازناوو پلەی "خودانی بارزان"یان هەر بـە شـێخ ئەحمـەد ڕەوا دیتـووە، هەرچـەند ناحـەزەکانی مانـا ڕاستەقینەکەی "خودان ـ خاوەن، ڕابەر، سەردار، سەروەر" هەڵدەگێڕنەوە بـۆ "خـودا ـ خـودای بـارزان" و پڕوپاگەندەیەکیان بڵاوکردەوە گوایە شێخ ئەحمەد لە دین وەرگەڕاوە و بانگەشەی خوایەتی دەکات، هەرچەند ئەوەشیان دەزانی بە دیالێکت ـ زار زمانی دەڤەرەکە وشەی خودان و خودا جیاوازییان ئاسمـان و ڕێسـمانە، هەرچەند فەرمانـەکانی خـودانیش لای بەرزانییـەکان وەك فـەرمانی خودایـە، بـێ چـەندو چـوون جێبـەجێ دەکرێت و هیچ زۆر کارییەکیشی تێدا نییە و هەموانیش دەگرێتەوە بـێ جیـاوازی و بـەر لـە هـەمووانیش بارزانی مستەفا.

نوێنەری باڵای بەریتانیای مەزن و شا فەیسـەڵی عێـراق زۆر لـەوە دەترسـان شـۆڕش و ڕاپـەڕین هـەموو لایەکی کوردستانی باشوور بگرێتەوە، شێخ مەحموود لە سلێمانی و کـەرکووك، شـێخ ئەحمـەد لـە بـارزان، زۆرینەی سەرۆك هۆزو سـەردارانی ڕانیـە و پشـدەر و کۆیـە و گـەرمیان، سـەرباری ئـەوەش جێگیربـوون و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆزدەمیر لە ناوچەی ڕەواندز کارەساتی بەدوایـەوە و مەترسـی ڕاسـتەقینە دەخاتـە سـەر بەرژەوەندییـەکانیان لـە کوردسـتانی باشـوور بەتایبـەتیش کانـە نەوتـەکان کـە ئامـانجی سـەرەکی بەریتانیایە، بۆیە بەرنامەیەکی کاتیی پیادە دەکەن کە بریتبوو لە هەوڵدان، ئەو هێزانە لە شـێخ مـەحموود دابڕن و تەنها باڵ بمێنێتەوە و توانای بەرگریکردن نـەمێنێت و چـەك دابنێـت "هـەرواش بـوو" هـەتا ئـەو کاتەش هێزەکانی دیکە ئەگەر نەهاتنە ژێر بار و سەربزێویانکرد دەستێك بە دانیشتوانیشدا بهێـنن. مسـز بیل لە نامەیەکیدا بۆ باوکی لە لەندەن نووسیوێتی "شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەد، دوو باڵنـدەی شـوومن بە ئاسمانی کوردستانەوە". بەڵام جاری ناکرێت شـێخ ئەحمـەد یـا ڕانیـە و پشـدەر و کۆیـە و گـەرمیان لـە خۆمان بووروژێنن، یەکە یەکە و لە هەل و مەرجی گونجاودا. بەرنامەی ئەو کارەش ئامادەکرابوو.. دکتـۆر کەمال مەزهـەر دەڵێـت لێپرسـراوە باڵادەسـتەکانی ئینگلیـز لـە بەغـدا ڕۆژی ١٩٣١/١/١٣ لـە بارەگـای نوێنەری باڵا کۆدەبنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکەی شـێخ مـەحموود، لـە ئەنجامدا گەیشتنە حەوت بڕیار (گرنگترینیان هەردوو بڕیاری یەکەم و پێنجەمە. ن.ك).

بڕیاری یەکەم: (زۆر پێویستە لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا هەموو هـەنگاوێکی سیاسـی و سـەربازی بهاوین بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئەوەی شێخ مەحموود پشتگیری زیاتر بەدەست نەهێنێت، نەبا، بـەهاری داهاتوو ڕاپەڕینێکی بەرفراوان هەموو کوردستان "مەبەستی باشووری کوردستانە. ن.ك" بگرێتەوە.[٢٦]

بڕیاری پێنجەم: (هەتا ئەو کاتەی لە نەمانی (ڕەوینەوە ڕاسـترە.ن.ك) مەترسـی شـێخ مـەحموود دڵنیـا دەبن، حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن ڕێگە نادات حکومەتی عێـراق هـیچ کـارێکی سـەربازی دژی شێخ ئەحمەدی بارزان بکات، بەڕێوەبەرایەتی میریش لەناوچەی پشدەر (مەبەستی ڕانیـە و قـەڵادزێ و کۆیەیە .ن.ك) دانەمەزرێنێت)[٢٧]، بەڵام پلانەکەیان فشەڵ و شل پێچـرا بـوو، هـەر (لـە بـەهاردا شـۆڕش

گەیشتە خانەقین و جاف و هەمەوەندیش خرۆشان)[٢٨] شۆڕشی بەرزانیش بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفا تەقییەوە و گشت کارتەکانی تێکەڵکردەوە و دوژمن لە هەموو بەڵێنە سەرزارەکییەکانی ژووان بووەوە و دەستدەکەن بە پەلپ و بیانوو گرتن بە شێخ ئەحمەد و بەنهێنی و ئاشکرا هۆزەکانی لێهاندەدەن و ئاگری دووبەرەکی و دوژمنایەتی خۆشدەکەن و بە دوای ئەوەشدا ئاسوورییە هاوردەکان دەهێننە ناوچەکانی برادۆست و ئامێدی و رەواندز بەو ئامانجەی بە تیرێك چەندین نیشان بپێکن:

١ـ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی ئاین لە نێوان موسڵمان و دیان.

٢ـــ دڵخۆشکردنی ئاسووریەکان بەوەی ئەو ناوچانەی دەستی بەسەردادەگرن هەر لەوێشدا نیشتەجێدەکرێن.

٣ـ بە هاوکاریی دارایی، سەربازیی و لۆجستیی بەکرێگیراوان چەند ناوچەیەك لە هۆزە کوردەکان چۆڵ بکرێن و هاوردەکانی تێدا نیشتەجێ بکەن، ئەوەبوو ساڵی ١٩٣١ زۆر بەگەرمی ئەو پلانە پیادە دەکەن، ئەو دەمە شێخ ئەحمەد لە چوارەمین ساڵی دەسەڵاتیدا بوو، بە توندی دژایەتی ئەو پلانە چەپەڵەی دەکرد، چەکدارانی برادۆست و هەرکی و سوورکیش زیانی زۆریان بە سوپای ئینگلیز و عێراق و ئاسووریە چەکدارەکان گەیاند هەرچەند هەژار دەڵێت "ئاسووری ئەو شەڕەیان نەکرد".[٢٩] ئەم پلانەش سەرینەگرت چونکە ئینگلیز نەیدەتوانی لەناوچەکەدا بمێنێتەوە هەروەك نەدەکرا ئاسوورییەکانیش بێ پشتیوان جێبهێڵێت، بەو هۆیەوە بۆ چاوشکاندنی شێخ ئەحمەد و هاوپەیمانەکانی پێویست بوو هێزی سەربازیی بەکاربهێنن. سوپای شانشینی عێراق ١٩٢١/١٢/٦ دامەزرابوو، پێویستی بە مەشق و راهێنان بوو، ئەفسەر و سەرکردەکانیان ئەو زانستانەی لە کۆلێژی سەربازیی وەریانگرتبوو لە گۆڕەپانی جەنگی راستەقینەدا پراکتیزەی بکەن، لەو بوارەشدا لە کورد و چیاکانی کوردستان گونجاوتریان دەستناکەوێت خۆیان فێر بکەن و سەربازەکان لەسەر پەلاماردان و کوشتن و وێرانکردن و کۆنترۆڵکردن و کشانەوە و بەرگری رابهێنن، هەر بە راستیش سوپای عێراق خۆیان بە کورد تاقی دەکردەوە.. ..جەواهیر لال نەهرۆی مەزن وتوویەتی: سەیرە، نەتەوەیەك دوای رزگارکردنی وڵاتەکەی لە چنگی داگیرکار و سەربەخۆیی نەتەوەکەی،سەربەخۆیی وڵات و نەتەوەیەکی دیکە زەوت بکات.

فەوجێکی سوپای عێراق بە سەرکردایەتی ئەحمەد بەرقی، نیوەشەوێك کتوپڕ گەمارۆی بارزان دەدات و لەهەر چوار لاوە کوێرانە ئاگربارانێکی خەستی دەکەن. ئەوەی لەو شەبەیخوونەدا بەرلە هەموان هاتە دەست و بە تەنها بیست هەڤاڵییەوە کەلێن دەخاتە گەمارۆکە و ریزەکانی دوژمن تێکدەدات و بەدەست وەشاندنێکی چاوەڕوان نەکراو دوژمنی حەپەساند و یەك لەسەر سێی هێزی دوژمنی تارومار کرد و دەستکەوتی زۆریشیان لە چەكو تەقەمەنی و ئازووقە وەچنگ کەوت، بارزانی مستەفا بوو کە لەم نەبەردەوە بۆ یەکەمین جار وەك پارتیزانێکی هەڵکەوتوو ناوی بڵاوبووەوە.[٣٠] مستەفا شێخ موحەممەد شێخ عەبدلسەلام ١٩٠٣/٣/١٤دوو مانگ دووای مردنی باوکی لەگوندی بارزان لە دایکبووە ) سەرکردایەتی بەریتانیا لە تۆڵەی ئەو شکستە چاوەڕوان نەکراوەدا بە دەستی چەند بارزانییەك بەرلەشکری مۆدێرن و پڕچەکی بەریتانیا بکەوێت، گوڵانی ١٩٣٢ هێزی پۆلیس و فڕۆکە جەنگییەکان بێبەزەیی بارزان وێران

دەکەن و دەیسوتێنن و زیانی گیانی زۆریشیان لێدان، دوژمنیش بێ زیان نەبوو، بەرچاوترین زیـان تفـەنگی بارزانییەکان فرۆکەیەکی بۆمباوەشێن بەردەداتەوە و فرۆکەوانەکەشی دەستگیر دەکەن.

بەریتانیا بۆ رزگارکردنی فرۆکەوانەکە، بەهۆی کاپتن هۆڵت داوای ئاگربەست دەکات، بەوپێیە هەردوولا، کۆتایی گولانی ۱۹۳۲ـ مـایس ۹۳۲ شـەڕ رادەگـرن. دواتـریش کاریـان بـە ئاگربەسـت نـەما، عێـراق بـۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی، شێخ ئەحمەد تاوانبـار دەکـات بـە دەسـتدرێژی کردنـە سـەر چـەند گونـدێك و کوشتنی دانیشـتوانەکەی.. سـەرلەنوێ شـەڕ هەڵگیرسـایەوە و شـێخ ئەحمـەد و هێزەکـەی لـە ناوچـەیەکی وێرانکـراوو دانیشـتوانیش پـەڕەوازەی ئەشـکەوت و نێـو چـیاکان، سـەرباری برینـدارەکانیش رۆژی ۱۹۳۲/٦/۲۲ بە ناچاری دەکشێتەوە و سنووری تورکیا دەبەزێنێت و هەتا سەرەتای ۱۹۳۳ لە نێو کوردی باکووردا دەمێننەوە لـە ژێـر چـاودێری تورکـدا. ئەوانـەی دەسـتگیریش کـران لـە زینـدانیان تونـد کـردن و هەندێکیشیان کرد بە دارا. دواتریش میریی لێبوردنی بۆ دەرکردن و گەڕانەوە، بەڵام بۆ بارزان نا، کە شێخ ئەحمەد بە هـیچ سـەرزەمینێکی نەدەگۆڕیـەوە و ئـاواتی ئـەوەبوو چـەکمە و پۆسـتاڵی هـیچ داگیرکـارێکی نەکەوێتە سەر.. بەڵام میریی بڕیاریدابوو بـە خـۆی و ۸٦ خێزانـی بارزانییـەوە بەسـەر شـارەکانی حیللـە و ناصرییە و دیوانییە و کەرکووك و سلێمانیدا بڵاویکردنەوە. یازدە ساڵیان بەدەستبەسەری و لەژێر چاودێری پۆلیسدا دوور لە بارزان تێپەڕاند، حەوت ساڵ لە عەرەبستان و چوار ساڵیش لە کوردستان.[۳۱]

لە دواهەمین رووبەڕووبوونەوەی ئەو قۆناغەی شۆڕشی بارزاندا ژمارەی پێشمەرگەیان چوار سەد بارزانی و دە پێشمەرگەی باکوور بوون پەنایان بۆ بازران هێنابوو، جێگەی داخە بەهەر شێوەیەك بوو ئاشکرا دەبـن و تـورك دوایـەکییان لەسـێدارەدەدات وناوچـەی بـارزانیش هـەتا ۱۹٤۳ کشـوهێمن بـوو،میریی کـۆنترۆڵی ناوچەکەی کردبوو،دامودەزگای بەڕێوەبردنیشی لە(بلە)،بارزان،خەلیفان و مێرگەسوور، زێبار دامـەزراندبوو.

## سێهەمین شۆڕشی بارزان ۱۹٤۳/۷/۲۸ ـ ۱۹٤٥

بارزانی مستەفا لەو ماوەی چوار ساڵەی ۱۹۳۹ ـ ۱۹٤۳ لە شاری سلێمانی بەدەستبەسەری و لـە ژێـر چاودێری میریدا بەسەریبرد پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحموود و حیزبی هیوا و رووناکبیراندا بەهێز بوو، جەماوەریش نازی مـەلیکی بەئاکام نەگەیشتووی کوردستان بە مستەفا بـارزانی دەدەن بـەو هیوایـەی درەختەکە بەربگرێت، دڵسۆزانەش هاریکارییان دەکرد و رێگەیان نەدا نامۆیی پێوە دیـار بێـت، ئەفسـەرە کـوردە شۆڕشـگێرەکانی نـاو سـوپای عێـراقیش کـە کـادری پێشـکەوتووی حیزبـی هیـوا بـوون بـەڵێنی پەیوەندیکردن بە شۆڕشی چاوەڕوانکراو "شۆڕش سێهەم" دەدەن. ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەك شێخ لەتیف شێخ مەحموود لەسەر راسپاردەیەکی بـاوکی سـێ تفـەنگ پێشـکەش بـە بـارزانی دەکـات و بـۆ شـارەزایی رێگاش هەتا ئەودیو پێنجوێن و پەڕینەوە بۆ دیوی ئێران دوو پیاوی شارەزا ئامادە دەکات.

هێشـتا هـەلێکی وەهـا لـەبار نـەهاتبووە پـێش بـۆ بـارزانی بگەڕێتـەوە بـارزان وەك ئـەو بارودۆخـە بێسەروبەرەی راپەڕینەکەی رەشید عـالی گەیلانی ۱۹٤۱ هێنابوویە گۆڕێ و عێراق سێ حکومـەتی هـەبوو گەیلانی لـە بەغـدا و ئینگلیـز لـە کـەرکووك و جێنشـینی شـای عێـراقیش لـە بەسـرە... (بـارزانی رۆژی ۱۹٤۳/۷/۱۲(( ۲۸ / ۷ /۱۹٤۳ دروسـتترە! ))لەگـەڵ مسـتەفا عەبـدوڵڵا و و سـلێمان سـوورە خۆیـان

گەیاندەوە بارزان و شۆڕشی بارزان ۹٤٣ـ ۹٤٥ هەڵدەگیرسێنن دژی عێراق و ئینگلیز و کارێکی پێکردن شێخانی بەرزان ئازاد بکەن).[٣٢] بۆچوونێکیش هەیە کە مستەفا بارزانی لەگەڵ دوو هەڤاڵیدا، مەمەند مەسیح و میرزا ئاغای رەشۆ ١١ /۹/١۹٤٣ لە سلێمانییەوە بەرێگەی پێنجوێن، سەردەشت، بانە، لاجان، مەهاباد، شنۆ، دەگەنەوە بارزان.[٣٣]بارزان چەکی تێدا نەمابوو، بارزانی و دوو هەڤاڵەکەی بە سێ تفەنگی ماوزەر ـ ئینگلیزی، بنکەی پۆلیسی شانەدەر دەگرن و سیازدە تفەنگیان دەستکەوت، بارزانی لە هەمانکاتیشدا نامەی بۆ بەرێوەبەرایەتیی میریی دەنارد کە لە بارزان دامەزرابوو، داوایدەکرد رێگەی گەرانەوە و ژیانێکی ئارامان بۆ دابین بکەن دەگەڕێینەوە و دادەنیشین! دوژمن دەیزانی بارزانی چاوبەستیان لێدەکات، گەرەکێتی کاتی بەدەستەوەبێت بارزانییە پرشو بلاوەکان کۆبکاتەوە و هەنگاو بە هەنگاو بەو چەکانەی دەستدەکەون چەکداریان بکات، لەوەلامدا فەوجێك کە لە (٥٠٠) پۆلیس پێکهاتبوو دەنێرنە ناوچەکە بە رووی ئەو سیازدە چەکدارەدا بگەڕێن(دەبێت١٦تفەنگ بێت نەك١٣یائەوەیە لە شانەدەر تەنها دە تفەنگیان دەستکەوتووە ن.ك) بەلام بارزانی بەو پۆلە پێشمەرگەیە بە پلانێکی ژیرانە و دەستکردنەوەیەکی ئازا بنکەی پۆلیسی خێرەزۆکیش دەگرێت، (٣٠) پۆلیسی تێدا بوو هەر هەموویانی چەککرد و جلی پۆلیسی لەبەر دەکەن و چاوەڕوانی هاتنی فەوجە هێرشبەرەکە دەکەن، هەڤاڵەکانی دیکەشی لەبۆسەیەکدا لەو نزیکانە دامەزراندبوو. فەوجەکە نیوەشەو گەیشتن، بۆسەکە تەقەیان لێنەکردن، بارزانیش کە عەرەبی دەزانی خۆی کردبووە جێگری سەرۆکی بنکە دەرگایان بۆ ناکاتەوە، چونکە لە سنووری دەسەلاتی مندا نییە، چاوەڕوان بکەن بەیانی لێپرسراوی یەکەم دێتەوە. ناچار لەو دەشتە مانەوە و بەربەیان لە دوو لاوە کەوتنە بەر ئاگری پێشمەرگە و ژمارەیەکی کەمیان دەرباز بوون. راپەڕینیش بوو بە خاوەنی چەك و تەقەمەنییەکی زۆر.[٣٤]ئەمە یەکەمجار نەبوو بارزانی مستەفا دوژمن خافڵگیر دەکات بەڵکو چوارەمین جار بوو، دوژمنی وریا کردەوە بەرامبەر دوژمنێکی ئاسایی نەوەستاوە بەڵکو بەرامبەر جەنگاوەرێکی بلیمەتی جەنگی پارتیزانی دەجەنگێت. سەرکەوتنەکانی بارزانی لە هەموو لایەك دەنگیدایەوە و ئاهێکی بە بەر کورددا هێنایەوە و رزگاریخوازانی باشوور هیوایەکیان پەیداکرد,کورد نەمردووە و نامرێت.حیزبی هیوا ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق،عیزەت عەبدلعەزیز،عەزیز سەیید عەبدوڵلا،سەرهەنگ ئەمین رەواندزی وەك شاندێك دەنێرنە لای بارزانی بۆ وتوێژ ودامەزراندنی پەیوەندی نێوان شۆڕش وحیزبی هیوا.[٣٥]

دوای پێکهاتن لەسەر رایەڵە گشتییەکان، ١٩٤٥/٥/١ لیژنەی ئازادی دادەمەزرێنن و لەگەڵ حیزبی هیوا راپەڕینەکە دەخەنە چوارچێوەیەکی رامیارییەوە و لەرێگەی ماجید مستەفای ئەندامی هیوا و ئەفسەری سوپای عێراق ئەم داواکارییانە بە ئیمزای مستەفا بارزانی دەخەنە بەردەم میریی:

١ـ دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە شارەکانی کەرکووك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك، خانەقین.

٢ـ دیاریکردنی وەزیرێك لە کابینەی وەزیرانی عێراقدا بەناونیشانی وەزیری هەرێمی کوردستان.

٣ـ وەزیرەکانی دیکە، هەرو ەزیرێك بریکاری کوردی بۆ دابنرێت.

٤ـ سەربەخۆیی کاروباری رووناکبیریی، ئابووریی، کشتەکاڵ.

٥ـ ئازادکردنی زیندانییەکان، دەستبەسەرەکان و دوورخراوەکان.

٦ـ پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ پەیوەندی نێوان میریی و شۆڕش لە هەشت ئەفسەری کوردی نێو سوپای عێراق راستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزیرە کوردەکەوە هەبێت.

میریی عێراق و لێپرسراوانی ئینگلیز دوابەدوای رێککەوتنە تاکتیکییەکەی ماجد ـ بارزانی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی بە شۆڕشی کوردەوە و ئاسانکردنی راپەڕاندنی کارەکان چەند ئەفسەرێکی کوردی نێو سوپای عێراق دادەمەزرێنێت بە ئەفسەری پەیوەندی لە نێوان شۆڕش و میریدا. هەر هەموو ئەفسەرەکانیش سەر بە حیزبی هیوا و شۆڕش بوون بەڵام میریی ئەوەی نەدەزانی، دواتر ژمارەیان بوو بە حەوت ئەفسەری پەیوەندی و هەر ئەوانیش دامەزرێنەری لیژنەی ئازادی بوون.[٣٦]

١ـ سەرهەنگ "عەقید" ئەمین رەواندزی ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی رەواندز و بارزان.

٢ـ رائید "پێشڕەو"[٣٧] عیزەت عبدالعزیز ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی بلە.

٣ـ رائیدی پیادە "پێشڕەوی پیادە" مستەفا خۆشناو ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی بارزان.

٤ـ نەقیبی تانك میر حاج ئەحمەد ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی ئاکرێ.

٥ـ ؟ مەجید عەلی ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی ئامێدی[٣٨]

٦ـ ؟ سەیید عەزیز عەبدوڵلا ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی مێرگەسوور و برادۆست

٧ـ ؟ فوئاد عارف ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی پشدەر[٣٩]

شەوکەت شێخ یەزدی دەڵێت ئەفسەری هەشتەم، لیوا بەهادین نووری بوو، بۆ پەیوەندی ناوچەی سلێمانی.[٤٠] فوئاد عارف ئەفسەرێکی سوپای عێراق بوو بە پلەی لیوا، چەند جارێك لە کابینەی وەزیراندا پۆستی وەرگرتووە. مەجید عەلیش لە سوپای عێراقدا مایەوە، لەهەراکەی رەشید عالی گەیلانی دا فەرماندەی سەربازگەی بەسرە بوو. دوای ئەوەی رێککەوتنەکە هەتا رۆژی ١٩٤٥/٨/١٠ بڕ دەکات و لەوە بەدواوە پەیوەندییەکان ئاڵۆز بوونەوە و شەڕو پێکدادان دەستی پێکردەوە بەڵام شەڕە تفەنگ نەبوو، تۆپخانەی دوژمن لە زەوییەوە و فڕۆکە بۆمباهاوێژەکان لە ئاسمانەوە گوندەکانیان وێراندەکرد و ژن و منداڵیان دەکوشت، بۆ ئەوەی تەڕو وشك پێکەوە نەسوتێن، شێخ ئەحمەد بڕیاریدا بەخاوو خێزان و هێزە چەکدارەکەوە بکشێنەوە دیوی ئێران کە لە ١٩٤١وە هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیا دەستیان بەسەردا گرتبوو، کوردستانیش لەشکری ئێرانی تێدا نەمابوو.

لەبارەی سەیید عەزیز عەبدوڵلاوە زانیارییەکم دەست نەکەوتووە. ئەم گۆڕانکارییە بە دەستکەوتێکی گرنگ بوو لەو بارودۆخە نالەبارەی شۆڕش و باڵا دەستی هێزەکانی بەریتانیا و شانشینی عێراق کە قۆناغی ساوایەتی و بێهێزی تێپەڕاندبوو، بیست و سێ ساڵ بوو سەرگەرمی خۆدامەزراندن بوو. دەستپێشکەرییەکەی میریش وەك بە پیرەوەچوونی داواکاری و مافەکانی کورد لە رێگەی شۆڕشی بارزانەوە ١٩٤٣ـ ١٩٤٥ لە دامەزراندنی کابینەی وەزارەتەکەی نووری سەعید پاشاوە سەرچاوەی گرتبوو کە ١٩٤٣/١٢/٢٥دایمەزراند و چەند بڕگەیەکی داواکارییەکانیش جێبەجێ دەکات وەك دامەزراندنی ماجید مستەفا، بە وەزیری شۆڕش لە کابینەکەیدا بە نێوی وەزیری دەوڵەت "بۆ کاروباری کورد" دامەزراندن و

دەستبەکاربوونی لیژنەی پەیوەندی، خوێندن بە زمانی کوردی لە چەند هەرێمێکدا بەتایبەتی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سلێمانی و هەولێردا و ئازادکردنی شێخ ئەحمەدی بارزانی و هەشتاو شەش خێزانە بارزانییەکە.

هەرچەند ناوەڕۆکی بەرنامەکەی نوری پاشا "بەرەگەز کوردە" خۆڵ لە چاو کردن و خاوکردنەوەی گوڕوتینی شۆڕشەکە و هەنگاو بە هەنگاو تاساندنی و ڕێگەنەهێشتنەوەبوو بۆ دەزگای پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنی ئەڵەمانیا بە سەرۆکایەتی جنۆکەی پڕوپاگەندە، گوبلز وەزیری دەستەڕاستی ئەدۆڵف هیتلەر کە کردبویە بەڵگە دژی بەریتانیا لە بەرژەوەندی خۆی و تورکیای کەمالی کە عێراق هێمنی و ئارامی تێدانییە و کورد لە شۆڕشدایە. بەریتانیاش دەست دەگۆڕێت، وەزارەت هەڵوەشایەوە و حیکمەت سلێمان کابینەیەکی نوێی دامەزراند و لەهەموو پەیمان و بەڵێنەکان ژووان بوونەوە کە گرنگترینیان ئەو پەیمانە بوو لە نێوان وەزیری دەوڵەت ماجد مستەفا و سەرۆکی شۆڕش مستەفا بارزانیدا بەسترا و بە پەیمانی ماجد ـ مستەفا ناسرا و لە شەش خاڵ پێکهاتبوو(٤١):

١ـ پێویستە گشت فەرمانبەرانی ناوچە کوردنشینەکان "ی عێراق.ن.ك" کوردبن.

٢ـ زمانی کوردی لە هەموو فەرمانگەکاندا زمانی فەرمی بێت لە پاڵ زمانی عەرەبیدا.

٣ـ زمانی کوردی لە فێرگەکانی ناوچەکانی کورددا بخوێنرێت.

٤ـ بایەخ بە گەشەکردنی ناوچەکانی کورد بدرێت لە رووی رووناکبیریی، ئاوەدانییەوە.

٥ـ لێبوردنی گشتی بۆ هەموو زیندانی و دووخراوەکان "ی کورد".

٦ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی هەشت قۆڵی لە ئەفسەرانی کورد، راستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزیری دەوڵەتەوە ماجد مستەفا هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە.(٤٢)

کابینەی وەزارەتەکەی نووری سەعید پەیمانەکە پەسەند دەکەن و بانگهێشتی مستەفا بارزانیش دەکەن بۆ چاوپێکەوتن لە بەغدا و پێشوازییەکی گەرمیان کرد.(٤٣) بەڵام ئەمانە هەمووی گەمەی رامیاری بوون بەریتانیا و میریی عێراق لەگەڵ شۆڕشی بارزاندا دەیانکرد، شۆڕشیش لەگەڵیدا دەڕۆیشت، ناوچەکە ماوەیەك بە هێمنی دەژیا و دانیشتوان پشوویەکیان دەدا و کون و کەلەبەری وێرانکاری هەمەلایەنەی ژیانی کۆمەڵایەتییان پینەو پەڕۆ دەکرد لە چاوەڕوانی داهاتوویەکدا نەیاندەزانی چۆن دەبێت. بەریتانیاو میریی عێراق کارێکیان بە ئاگربەست و رێککەوتن نەمابوو لەگەڵ شۆڕشدا، شۆڕشی شێخ مەحموود دامرکابووەوە، سمکۆی شوکاك لەنێو چووبوو، هێزەکەی ئۆزدەمیریش گەڕابووەوە نێو تورکیا و رەواندزی چۆڵ کردبوو، زۆربەی هەرە زۆری سەردار و سەرۆك هۆزەکانیش هەریەکە و بە جۆرێك، دەسەڵاتی ناوچەیی پێدان، ئەندامێتی پەرلەمان، پلەوپایەی هەمەجۆر لە دەزگاکانی بەڕێوەبردندا.... و هتد کڕو بێدەنگی کردبوون، هەر بارزان و بارزانییەکان بەپێوە مابوون. کابینەی وەزارەت هەڵوەشایەوە و لە کابینەی نوێدا وەزیجۆرجرە لایەنگرەکانی شۆڕشی بارزان دوورخرانەوە و ناحەزانی شۆڕش جێگەیان گرتنەوەو کاربەدەستانی دەرەکیش بەرژەوەندییەکیان لە پشتیوانی کردنی شۆڕشدا نەمابوو، ئەوانیش هەڵوێستی خۆیان گۆڕی.(٤٤)

بارودۆخە ناوەکی و دەرەکییەکە بۆ دوژمن لەبار بوو، فەرمانی لەسێدارەدانی ئەفسەرو شۆڕشگێڕەکانی

دەرکـرد، دەزگاکـانی بەڕێوەبەرایـەتیش لـە ناوچـەکەدا هـەر بارزانییـەك بـۆ وەرگرتنـی شـەکرو چـا رووی تێدەکردن دەیانگرت، دوژمن بە لەشکرێکی قەبـە و جۆرەهـا چـەك و کەرەسـەی سـەربازی نـوێ و تانـك و فڕۆکەی جەنگییەوە لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری بارزان دەدەن.

سەرکردایەتی راپەڕینەکە و بەتایبەتیش بارزانی دڵنیابوون لەوەی ئەوە شەڕی خۆتڕێنە و بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، کوردستانی خۆرهەڵاتیش دەسەڵاتی شای ئێرانی تێدا نەمابوو، بـۆ ئـەوەی کـات بـەفیڕۆ نـەدەن (بارزانییەکان ١١ /١٠/١٩٤٥ لە ڕێگەی کێلە شین ـ مەرگەوەرە دەچـوونە دیـوی ئێـران).[٤٥] بۆچـوونیش هەیە دەڵێت جۆرە ڕێککەوتنێکی ژێر بە ژێر لەگەڵ بارزانیدا، هێنایە سـەر ئـەو بڕیـارەی بەرگرینـەکات و بکشێتەوە (بە هۆی سـەرکۆنەی بـەردەوام و پاڵەپەسـتۆی نەپسـاوەی ئینگلیـز و عێـراق، سـۆڤێت داوا لـە بارزانی دەکات هەتا ماوەیەك زۆر لەبەر چاوان دیار نەبێ، ماوەیەك چوونە سەردەشت، گوندی میراوا بەڵام شێخ ئەحمەد هەر لە مەهاباد بوو).[٤٦]

شێخ ئەحمـەد و بـارزانی مسـتەفا و براکـانی، ئەفسـەرەکان و کۆمـەڵێك روونـاکبیر بـە خـاو و خێـزان و منداڵەوە چوونە ئەودیو (بارزانی و هێزەکەی، ئەفسـەران، روونـاکبیران چـوونە ئـەودیو، موقـەدەم عیـزەت عەبدولعەزیز، رائید میرحاج ئەحمەد، موقەدەم مستەفا خۆشناو، پـارێزەر هـەمزە "مەبەسـتی لـە هـەمزە عەبدوڵلایە، یەکەمین سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو. ن.ك"، رائید عەزیز عەبـدوڵڵا، رائیـد جـەلال ئەمین، ئەندازیار نووری ئەحمەد تەها،[٤٧] رائید خەیروڵڵا عەبدولکەریم، رائید بەکر عەبدولکەریم، پارێزەر موحەممەد قودسی "ئەفسەر بوو نەك پارێزەر. ن.ك"، پـەنجا نوێنـەری کـوردی عێـراق و دوو هـەزار پیـادە چوونە پاڵ کوردی ئێران و داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە)[٤٨] جگە لەوانە ملازمی یەکەم نـووری شیروانی، ملازمی یەکەم ئەندازیار صالح عەبدولعەزیز و شەریف نوعمان جێگری ئەفسەر پەیوەنـدییان بـە شۆڕشـەوە کردبـوو، جگـە لـە بـەکر عەبدولکـەریم هـەموویان بڕیـاری لەسـێدارەدانیان بـۆ دەرچـوو بـوو، سەرکردایەتی شۆڕش زانیاری چاکیان لەسەر هێزەکانی دوژمن و چەکەکانیان هـەبوو، هەڵگیرسـانی ئـاگری جەنگ چەخماخەیەکی دەویست. پۆلیسی مێرگەسوور پەلاماری ئولی بەگ سەرۆکی هـۆزی شـیروانی و دوو هەڤاڵەکەی دەدەن، ئولی بەگ و سەرۆکی بنکە و چوار پۆلیس کوژران و بنکەکە گـیرا و شـەڕ هەڵگیرسـا. چلو دوو هەزار سەرباز و پۆلیس و هەزاران کوردی خۆفرۆش بە چەکی نوێوە لـە ژێـر فەرمانـدەیی مێجـەر جەنەراڵ (رنتن) دا هێرشـیان بەسـەر بـارزان و ٤ــ ٥ هـەزار چـەکدار، سـەرەتا دوژمـن شـکا، لـە بـارزان، مێرگەسوور، دەوروبەری رەواندز و عەقرە "ئـاکرێ"و زاخـۆ شـپرزە بـوون، نـۆ فڕۆکـەی بۆمبهاوێـژ خرانـە خوارەوە، دو وهەزار تفەنگ، ٨ تۆپ، ٨ بێتەل، سـەد هـەزار فیشـەك دەسـتکەوتبوون، فڕۆکـەی ئینگلیـز بەردیشیان دەسوتاند، هەشت هەزار چەکدار (ی دوژمـن) لەگـەلی نەهلـە کەوتنـە ئابلۆقـەوە، لـەوەدا بـوو خۆبەدەستەوە بدەن، ئەحمەد ئاغای زێباری و مەحموود خەلیفەی برادۆست لە شۆڕش هەڵگەڕانەوە و بـەرەی شەڕیان چۆڵکرد..[٤٩] دوا شۆڕشی بارزان بە سەرکردایەتی بارزانی و بـە سەرپەرشـتی ئەفسـەرانی کـورد و پاڵپشتی هەردوو حیزبی هیـوا و رزگـاری و جـەماوەری روونـاکبیران و نیشـتمان پـەروەرانی کـورد ئەگـەر سەرەتای دووەمین جەنگی گێتی هەڵگیرسایە کـە بـەریتانیا جـەنگێکی چارەنووسـازی دژی ئەڵـەمانیا و

توركیـا دەكـرد و هـەرگیز نەدەپەرژایـە سـەر دوژمنـە بچـووكەكان، دەوڵـەتی عێـراقیش هێشـتا ئەوەنـدە خۆینەگرتبوو بەسەر ٤ـ ٥ هەزار پێشمەرگەی شۆڕشدا سەربكەوێت لەسەر ڕێو شوێنی سەربازی دەجەنگان و ئاگاداری پلان و جموجوڵەكانی دوژمن بوون لـە ناوچـەكەدا.. كـوردی باشـوور سـەركەوتنێكی مێـژوویی بەدەست دەهێنا دوژمن ناچار بكات مافەكانی بسەلمێنێت وەك عەرەبی عێراق قەوارەیەكی رامیارییان "بۆ دابمەزرێنن".

كۆتایی هاوینی ١٩٤٥ نیازەكانی دوژمن دەركەوتن، متمانەی بە ئەفسەرانی پەیوەندی نـەما، مسـتەفا عومەریی سەرۆك وەزیران و عەبدلئیلا ـ جێنیشینی عەرشی عێراق بۆ لە خشـتەبردنی سـەرۆك هۆزەكـانی كورد دەچنە ئاكرێ، سەركردایەتی سوپا هێزێكی گەورەی نارده سەر بارزان و ناوچەكە، بارزانی پێشدەستی دەكـات و لـە مێرگەسـوور، بیركـەبیر، بلـە پـەلاماریان دەدات، زیـانێكی قـورس لـە دوژمـن دەدەن و دەستكەوتی چاكیان لە هەموو جۆرەكانی چەكی قورس و سووك چنكەوت بەڵام دواتر شكسـتیان خـوارد و كشـانەوە. هـەژاری موكریـانی ئۆبـاڵی سـەركەوتنی میریـی دەخاتـە ملـی دوو سـەرۆك هـۆز (.. ناپـاكی موحەممەد ئاغای ڕەواندزی و مەحموود خەلیفە صەمەدی برادۆست برای كـەریم خـانی برادۆسـت كـە لـەناو شۆڕشـدا بـوون)[٥٠] تـەرازووی هێزەكـانی گـۆڕی و ئـەنجامی كۆتـایی لـە بەرژەوەنـدی دوژمـن كەوتـەوە و باڵادەستی هێزی ئاسمانیش بواری مانەوەی بۆ شۆڕشگێڕان زۆر تەسك كردبـۆوە و بڕیاریانـدا پەیوەنـدی بـە كۆماری كوردستان ـ مەهابادەوە بكەن و ١١ /١٠/١٩٤٥ چوونە ئەودیو.

ئێران ئەوەش بە پلانی بێگانە دەزانێت و لەو باوەڕدایە گوایە بەریتانیا بارزانی نارده ئێران!! بەڵام ڕوونی ناكاتەوە بۆ چ مەبەستێك و دژی كێ؟ دژی ئێـران؟ ئینگلیـز مێچـكە مێچـكەی بـۆ شـای ئێـران دەكـرد، نەكەوێتە ژێر كاریگەریی ستالین و نەوتەكەی بخاتە ژێرچنگ . ئەی دژی لەشكری سۆڤێت كە هاوپەیمانێكی بەهێزی بوو، بەهەردووكیان ئێرانیان داگیركردبوو گوایە ڕێگە لەهەر هێرشێكی تورك یا ئەڵەمان بگـرن لـە ئێرانەوە بكرێتە سەر سۆڤێت. ئـەی چـی دەمێنێتـەوە؟ مەگـەر بـۆ ئـەوە ناردوویانـە كۆمـاری كوردسـتان بڕووخێنیت كە قوربانییەكی زۆریان لە پێناویـدا پێشكەشـكرد و هـیچ بەرژەوەندییـەكی بارزانییـانی تێـدا نەبوو مەگەر یازدە ساڵ دەربەدەری و ئاوارەیی دووره وڵات لە سۆڤێت و دوورخسـتنەوەی شـێخ ئەحمـەد و هەڤاڵەكانی و خێزانەكان بۆ باشووری عێراق و دابەشكردنیان بەسەر چەند شارێكداله باشوری عێراق.

ساڵی ١٩٢٩ كیلبێرت و ١٩٣٠ و ١٩٣١ هەمفرس نوێنـەری بـاڵای بـەریتانیا بـوون لـە عێـراق، شـا فەیسەڵ بۆ ئەوەی ئینگلیز كورد نەكەن بە مقاش بەناوی دابینكردنی مافەوە، وەك نیازپاكی بۆ سـەلماندنی مافەكانی كورد چەند هەنگاوێك دەنێت بۆ ئەوەی ئەو بەرەیە لە ژێـر پێـی ئینگلیـز دەربهێنێـت. هـەردوو لایەنی عێراق و ئینگلیز هەریەكەیان لای خۆیەوە هەوڵیدەدا خۆی بكاتە دەمڕاسـتی كـورد و لـەململانێی بەرامبەرەكەیدا وەك كارتێكی گوشاركەڵكی لێوەربگرێت بۆ تاقیكردنەوەی یەكتر وئایاكامیان راسـتدەكەن بڕیـاری دامـەزرانـدنی حكومـەتی كوردسـتان دەدەن و داوا لـە كـورد دەكـەن نوێنـەر بنێرنـە بەغـدا بـۆ دیاریكردنی سنوور و ڕێكخستنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ بەغدا "باوەڕناكەم بەریتانیا لەو بڕیارەدا هـیچ نیازپاكییەكی بەرامبەر كورد لە بەرنامەدا بووبێت، بەڵام بـۆ شـا فەیسـەڵ جێگـەی تێڕامانـە" بەرنامـەی

پیادەکراوی بەریتانیا ئەوە بوو "بیری کوردستانێکی سەربەخۆ گەوجێتییە و لە جێبەجێکردن نایەت. بەڵام بۆ گوشار خستنە سەر عێراق پێویستی بە جۆرێك سەربزێوی کورد هەبوو، بۆیە لە گفتوگۆکانی نێوان نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق و عیصمەت ئین ئینۆی سەرۆك وەزیرانی تورکیادا کە تورك نیگەرانیی و دڵەڕاوکەی خۆیان دەردەبڕی کە نابێت چیتر ڕێگە بە چالاکی هەندێك لایەنی شەڕخواز لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەحمەدی بارزاندا بدرێت و ئامادەکاریش پیشان دەدەن هێز لەسەر سنوور دابمەزرێنن و حکومەتی عێراقیش چەند هەڵمەتێکی سزادان دژی شێخی بارزان ئەنجام بدات کە پشتگیری یاخییەکانی نێو تورکیا دەکات و هەر کوردێك لەو سەرسنوورانە بگرن رادەستی عێراقی بکەنەوە. ١٩٣٠/٩/١٨ بەرپرسی کاروباری تورکیا لە بەغدا رایگەیاند، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ناوچەکانی ئارارات کۆتاییان هات و "ئیتر نۆرەی ئێوەیە" بەڵام کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراق رازییان دەکەن کە لەم پایزو زستانە سەختەی لەبەردەمدایە هەر ئۆپەراسیۆنێك بکەین سەرکەوتوو نابێت و لە توانای حکومەتی بەغداشدا نییە . (بارزانی مستەفا لە رووی ئەو دڵەڕاوکێیەی تورکەوە دەڵێت ئەرمەن ١٩٢٠ ـ ١٩٢١ ئنتراتیك پاشا سەرۆکی ئەرمەن ١٩٢٠ـ ١٩٢١ داوای یارمەتی لە شێخ ئەحمەد دەکات، ئەویش (٢٠٠) چەکداری بارزانی کە یەکێکیان من بووم بەسەرکردایەتی ئەولی بەگ دەنێرێتە ئەودیو سنوور)[٥١] بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکیش ئنتراتیك پاشای ئەرمەن چۆن بە شێخ ئەحمەددا رادەپەرموو داوای هاوکاری لێبکات، بارزانی مستەفا دەڵێت: (شێخ عەبدلسەلامی دووەم و سەرۆکی ئەرمەنەکان دەوروبەری ١٩١٣ لە شاری تفلیس رێکدەکەون لەسەر یەکێتی کۆنفدارلی کورد و ئەرمەن)[٥٢] هەرچەند ئەم بەڵگەیە پێچەوانەی بۆچوونەکەی شەوکەت شێخ یەزدینە کە شێخ ئەحمەد (٥٠٠) چەکداری بارزانی بۆ پشتیوانیی شۆڕشگێڕانی ئارارات ناردووە دوژمن سەرقاڵ و خەریك بکەن.[٥٣]

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ( ژ.ك )

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد "ژ.ك" بەپێشدەستی دەستەیەك نیشتمانپەروەر و رووناکبیر و پیاوە ناسراوەکانی شاری سابلاخ "مەهاباد" و ئەوانەی خاوەن رابوردوویەکی خاوێن بوون لە ١٩٤٣/٩/١٦ دامەزرا. رێکخراوێکی رامیاری توندوتۆڵ بوو، ئامانجی سەرەکی سەربەخۆیی کورد بوو، لقێکی چالاکیشی لە سلێمانی هەبوو، پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد ١٩١٤/٠٣/٠٦سلێمانی ـــ ٢٠٠٠/٠٤/٠٨ لەندەن، سەرپەرشتی دەکرد. یەکێتی سۆڤێت سەردەمی جەنگ دەستیان بەسەر باکووری ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا گرتبوو، بەریتانیاش لە باشووری ئێران بالادەست بوو، هەردووکیان بە ئارەزووی خۆیان دەستیان خستبووە کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە، کۆماری ئازەربایجان بە پشتیوانی راستەوخۆی سۆڤێت لە تەورێز دامەزرابوو، بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری، هەر لەسەر پێشنیاری ئەوانیش لە ١٩٤٥/٨/١٥ ناوی کۆمەڵەی ژ. ك گۆڕدرا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر کێشی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، هەربۆ بەرژەوەندی خۆشیان (دەیانویست دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ بۆ کورد دابمەزرێنن لە ژێر فەرمان و چاودێری کۆماری ئازەربایجاندا و سەیید عەبدوڵڵای گەیلانی بکەنە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەڵام بەو هۆیە سەیید عەبدوڵڵا لەگەڵ تاراندا نەدەگونجا بۆیە قازی موحەممەد دیاری دەکەن بۆ ئەو

پۆسته)[٥٤] قازی و سەرانی مەهاباد نەچوونە ژێر فەرمانی تەورێز و بە توونـدی دایانـەدوواوە: ئەگـەر لـە چوارچێوەی خودموختاریدا سەربەخۆ نەبین ئەوە هەر لەگەڵ تاران بمێنینەوە چاکترە.

## هەرێمی سابلاغ (مەهاباد)

**خۆرهەڵاتی کوردستان بەگشتی سێ بەشە، بەشی سەروو ( هەریمی سابلاخ ـ ئازەربایجانی خۆرئـاوا )، بەشی ناوەراست (هەریمی سنە) وبەشـی خواروو(هـەریمی کرماشـان).**هـەرێمی ئازەربایجـانی خۆرئـاوا و بەتایبەتیش شاری سابلاخ "مەهاباد" (سەردەمێك لە لایەن رووسە تزارییەکانەوە داگیر کراوە، رۆژانێ بـە دەست سوارانی خوێنە خۆری سمایلاغاوە بووە "مەبەستی لە سمکۆی شوکاکە .ن.ك" بـەینێکیش شـەرگەی زۆر خوێناوی هێزگەلی دەوڵەت و کوردان بووە، بەڵام ئەم رووداوانە لە ریزی ئەو بەسـەرهاتانەن دانیشـتوان کە هەتاکو تێکیان لێی ئاگادارن، لەم شارەدا بەسەرهاتی ئەوتۆ هەن لەوانەیە هـەتا هەتایـە کـەس پێیـان نەزانێ "ئاخۆ نەجەف قولی بۆ دەریان ناخات؟ ن.ك" جەردەیی، خوێنرێژی، پیلانگێـری و بێنـە و بـەردەی نۆکەرانی ولآتانی بیانی و هیتروهـیتر ئـەم باژێرەیـان کردبـوو بـە گۆرەپـانی زۆرانێـی خۆیـان. بەرژەوەنـدی دژبەیەکی نـەوت، کۆمـاری کـورد، سـەرکوتینەوەی کـورد، رۆژێـك کۆلۆنێـل لـۆرانس دەیکاتـە مەیـدانی تەراتێنی خۆی و رۆژێکی تر ئەسەدۆف بۆ پێشەوەبردنی سیاسەتی ولآتی خۆی گورجوگۆڵی تێدا دەنوێنـێ، سەردەمانێکی نەوت پێوەندی دانیشتوانی ئەم سەرزەمینە بە سیاسەتگەلی دەرەکییەوە گرێ دەدا، لایـەنی دۆراویش هەمیشە ئێرانە).[٥٥]

## سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد

عەلی قازی، باوکی قازی موحەممەد لـە پیـاوانی رێـزدار و شـایەن رێـزی کوردسـتان بـوو، لەگـەڵ قـازی موتعیمی ئامۆزایدا خزمەتێکی گەورەیان پێشـکەش دانیشـتوانی مـەهاباد کـردووە و بـەرەنگاری رووسـە تزارییەکان و زوڵمی ئەوانیان کردووە، مامی باوکی قازی موحەممەد، قازی فەتاح دەسەڵاتێکی فراوانی لـە کوردستان هەبوو، لە رووداوی مەشروتە ـ ئیستیبداد سوێندی خواردبوو هەتا زیندووبێت نەهێڵێ سەربازی تزار پێ بنێتە مەهاباد، کفنی لەبەرکرد و بانگی جیهادی داو شەهید بوو. رەزا شا، کەیفی بە میرزا عەلی دەهات، ١٣٦٧ مردووە، (١٩٣٩ زایین .ن.ك) فەرمانی دادوەری بەناوی قازی موحەممەدی کـوڕی دەرچـوو وەك مـوفتی مـەهاباد، دادوەر و خـاوەن ئەنگوسـتیلەی ئـەڵماس. پلـە و رێـزی مـەزەبی "ئـاینیی نـەك مەزەبیی. ن.ك" قازی موحەممەد دوای بایـەخی دەوڵـەت بایـەخی ( شـا ) شـی هاتـە سـەر، دەسـەڵاتێکی بەرهەڵدای بۆ ئـەو لـە کوردسـتاندا هێنایـە گـۆڕێ.[٥٦] نووسـەری کتـێبی لـە مـەهابادی خوێناوییـەوە تـا کەنارەکانی چۆمی ئاراس ئەمجا دێتە سەر کەسایەتی پێشەوا:

قازی پیاوێکی لە بنەوە فێڵباز بوو، سیاسـەتکار "خشـکەیی. ن.ك" بـۆ ئـەوەی بیـانوو نەداتـە دەسـت ناحـەزانی خـۆی لـە چـاوەڕوانی هەلێکـدا کـاتی خـۆی بـە موتـاڵاو وردبوونـەوە بەسـەر دەبـردو لـە ئـاین پەروەرێکی کوردەوە بوو بە زانا، لە بواری زانستی نوێدا پێشـکەوت عـەرەبی، ئینگلیـزی، فەرەنسـی لـە سەروو پێویستەوە فێر بوو، بە جۆرێك لە مێژووی کۆنی کوردستان کۆڵییەوە بۆچوونەکانی بوونە بەڵگە... فەریق جیهانیانی بۆ پشکنین هاتە مەهاباد، شەوێك بە هاندانی قازی هەندێ لە خراپەکاران هـەتا بـەیانی

بارەگای ئەویان گوللە بارانکرد و بنکەی پۆلیس دەگرن و دەسەڵاتی میریی نەما. سەیفی قازی برای وەك نوێنەر نارده ئەنجوومەنی شوورا .قازی فەرمانڕەوا بوو، بەڵام دەنگۆی خودموختاری نەبوو، جارێك یا دووش لە تاران بە خزمەت شا گەیشت و ئەنگوستیلەی ئەڵماس و بڕیك پارەی پێدا.(٥٧)

## بارووددۆخی رامیاریی ئێران

وڵاتی ئێران داگیرکرابوو، بەشی باکوور لە بندەستی هێزەکانی سۆڤێت و بەشی باشووریش لە ژێر چنگی هێزەکانی بەریتانیادا بوو، شای ئێران دەستی لە دەستی کەروێشك کورتتر بوو. کوردستانی خۆرهەڵاتیش لەبەشەکەی بندەستی سۆڤێتدا بوو، ئازەریەکان بە پشتگیری و هاوکاری تەواوی باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی خۆرهەڵات – باکۆ، کۆماری ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری رابەری حیزبی توودە دامەزراندبوو. پێشەوا قازی موحەممەدیش هەلێکی گونجاوو زەمینەیەکی تەختی لەبەردەمدا بوو رۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری سابلاخ – مەهاباد کۆماری کوردستان رابگەیەنێت، ئاڵای کوردستان بەرزبکاتەوە لە جێگەی ئاڵاکەی ئێران و کابینەی وەزیران و هێزی چەکدار و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێت. زۆربەی زۆری بێگانە، کە لەسەر راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردیان نووسیوە هەمیشە کورد بە بەکرێگیراوو مقاشی دەستی ئەم یا ئەو دەوڵەت دەزانن، عوسمانییەکان و کەمالییەکان – تورك، هەموو بزوتنەوەیەکی کوردیان لە پێناو مافەکانیدا بەدەستنێژی رووسیا یا بەریتانیا دەژمارد، ئێرانیش هەموو راپەڕینێکی کوردی بەفیتی عێراق یا بەریتانیا دەزانی، عێراقیش هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە ئێران، بەریتانیا، ئەمەریکا دەستیان لە هاندان و پشتگیری کورددا هەیە چەك هەڵگرن و لە (میریی نیشتمانی یاخیبن) تەنانەت شۆفێنیزمی عەرەب لەوە تۆقیبوون گوایە ئامانجی شۆڕشی مەزنی رزگاریخوازی کورد ١٩٦١ – ١٩٧٥ بەسەرۆکایەتی بارزانی مستەفا، دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمە لە بەشێکی دیکەی خاکی عەرەبدا کە هەر بەرد هاوێژێك لە ئیسرائیلی یەکەمەوە دوورە!! بەمەرجێك عەرەب زۆرچاك دەزانن کورد لە پێناو خاك و مافەڕەواکانیدا بە خوێنی خۆی و پشت بە رۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی و چیا سەربڵندەکانی کوردستان خەبات دەکات، عەرەب چاك دەزانن سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی عەرەب – جوولەکە رەمەزانی ١٩٧٣ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد یەکلایەنە شەڕی لەگەڵ سوپای عێراقدا راگرت وەك دێتەوە یادم لەڕاگەیاندنێکی تایبەتیدا بەهەموو لایەکی راگەیاند: بەهۆی ئەو بارووددۆخەوە گەلی عەرەبی برا پێیدا تێدەپەڕێت لە جەنگی رزگارکردنی فەلەستیندا لە داگیرکاریی جوولەکە، بۆ ئەوەی سوپای عێراق بۆ ئەو جەنگە دەستواڵابێت، شۆڕشی کورد هەتا کۆتایی جەنگەکە رووی تفەنگ ناکاتە سوپای عێراق مەگەر بۆ خۆپاراستن. ناوەڕۆکی دۆستانەی ئەو بڕیارە و دەمو دەست جێبەجێکردنیشی لە لایەن هەموو هێزەکانی پێشمەرگەوە بۆ گەلانی عەرەب و موسڵمان و سەرکردەکانیان ئاشکرای دەکەن هەڵوێستی وەها جوامێرانە هەر لە کورد دەوەشێتەوە بەرامبەر برا عەرەبەکانی کە زۆر دەگمەن دانی خێر بە کورددا دەنێن. نازانم کاریگەری پۆزەتیفی بڕیارەکە چەند بوو بەسەر عەرەب و سەرکردەکانیەوە بەڵام کورد وەك بڕیارێکی دروست و لە جێگەی خۆیدا پشتگیریان لێکرد، بەش بەحاڵی خۆم ماوەیەك – دوواتر هۆنراوەیەکم لە گۆڤاری دەنگی مامۆستا (لە شاخ) بڵاوکرایەوە کوت و مت

بەرجەستەی ئەو بڕیارە مێژووییەی دەکرد و **وەك یەکێك لە هۆنراوەکانم هەتا ئەمڕۆش شانازی پێـوە دەکـەم، سەرەتاکەی بە مجۆرەیە:**

**ئەی فەلەستینییە پیرەکە**

**لە جەژنی نێو سەنگەرەوە**

**لە سەنگەری پێشمەرگەوە دەستت دەگوشم**

**من دەستی سەر پەلە پیتکە**

**بۆ ساتێك لە دەستتا دەنوێنم**

**ئاوا تمە رزگاریی تۆش وەك رزگاریی کورد ببینم** (٥٨)

لە تاوانبارکردنی کورد و لەکەدارکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ئێران کەچی لە عـەرەب و تـورك کـەمتر نییە، لێرەدا ئەوەندەی پەیوەندی بە سێهەمین شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستانەوە هەیە نووسەری فارس نەجەف قولی پسیان دەڵێت: (بـەهۆی سـەرکۆنەی بـەردەوام و پاڵەپەسـتۆی نەپسـاوەی ئینگلیـز و عێـراق (لەسەر سۆڤێت، ن.ك) سۆڤێت داوا لە بارزانی دەکات هەتا ماوەیەك زۆر لەبەر چاوان دیار نەبێ. ماوەیەك چوونە سەردەشت، گوندی میراوا بەڵام شـێخ ئەحمـەد هـەر لـە مـەهاباد بـوو)(٥٩) ئـەو نووسـەرە و هـەموو ئەوانەش وەك ئـەو بیردەکەنـەوە خـەبات و قوربانیـدان و کـوێرەوەری و مـاڵوێرانی کـورد بەگەمـەی چـەند دەوڵەتێك دەزانن لەسەر تەختەی گەمەی شەترەنج داشـی کـورد بـە پێـی بەرژەوەندییـەکانیان دەجـوڵێنن، ئـەوەتا دەڵێـت: (قـازی گەمـەی خـۆی لەگـەڵ دەوڵـەت دەکـرد، دەوڵـەتیش چـاوی لـە کردەوەکـانی خـۆی (کردەوەکانی قازی موحەممەد . ن.ك) لە مەهاباد و سەدر (سـەدی قـازی ن.ك) لـە تـاران دەنوقانـد و کـڕو بێدەنگ بوو.. ١٩٤٥ گەمەی قازی بوو بەراست وەك ئازەربایجان کۆمار دامەزرێنی (پەیوەندیکردنی هێزی بارزانیـانیش بـە پێشـەواوە پشـتیوانێکی بـەهێزو هانـدەرێکی کاریگـەربوو. ن.ك) رۆژی ١٩٤٥/١٢/١١ موحەممەد حوسین (سەیفی قازی) بەسەرۆکایەتی شاندێك (دەچنە تەورێز ن.ك) لەگەڵ پێشەوەری و سـەرانی ئازەربایجان کۆدەبنەوە و پەیمانی هاوکاری دەبەستن)(٦٠). راستیەکەی ئەوەبوو پێشەوا قـازی موحەممـەد ئـەو هەلە مێژووییەی هاتبووە پێش دەقۆزێتەوە، رووداوەکـان تیـژ تێدەپـەڕین، دەبـوو پێشـبڕکێ لەگـەڵ کاتـدا بکات، بێئەوەی خۆی بـە رێنماییـەکانی بـاکۆ ـ تـەورێز ببەسـتێتەوە لـە ماوەیـەکی کورتـدا قەوارەیـەکی سەربەخۆی دامەزراند. ئـەو دەمـەی پێشـمەرگەکانی بـارزانیش بـۆ چاودێریکردن و پاراسـتنی خێزانـەکان گەڕانەوە عێراق و دووای چەند مانگێك شـەڕ و پێکدادان لەگـەڵ هێزەکـانی میریـی عێـراق و بـەریتانیادا دەکشێنەوە و دەگەڕێنەوە ئێران، ئێران ئەوەش بە پیلانی بەریتانیا دەزانێت، ئەوەش تەنها بەوهۆیـەوە کـە شای ئێران لەوکاتەدا بەرێکەوت بەسەردان هاتۆتە دەڤـەری مـەهاباد، بـەڵام ئـەوان دەڵـێن ئـەوە هـەروا رێکەوت نەبوو، بـەڵکو کاتەکـەی بـۆ دیـاریکرابوو! کـێ بـۆی دیـاریکردبوو، دژی کـێ، دژی سـۆڤێت کـە تەنهاچـەند مانگێـك پێشـتر هـەردوو کۆمـاری ئازەربایجـان ـ تـەورێز و کۆمـاری کوردسـتان ـ مـەهابادی فرۆشتبوو بە شای ئێران ـ ستالین بۆنی نەوت گێژی کردبوو، پرەنسیبەکانی لینینی مەزنی هەر لـە یـادیش نەمابوو، هەموو هەوڵێکی دەدا نەك هەر ئێران، ناوچەکە هەمووی هێمن و ئارام بێت و هەتا بینـەقاقایان

لە نەتەوکە هەڵکێشن، ئەی ئینگلیزو عێراق ناردبوویان کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێراندا نەبوو، سێ دەوڵەتی شانشین بوون جگە لەوەی بەریتانیا دڵنیا بوو نەوتەکەی ئێرانیش هەر بۆ ئەو دەبێت و ستالین پەنجەی پێ تەڕ ناکات! بۆ پاراستنی هێمنی سنوورەکانیش بە پێی پەیمانی ١٩٣٠ کێشەکانی سنووری ئێران – عێراق چارەسەر کرابوو[٦١]، بەریتانیا بۆ پاراستنی ئامانجە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا ڕێگەی نەدەدا ئاژاوە (ڕووبدات بەتایبەتیش لای بارزانییەوە کە وەك هەڵۆی بەرزەفڕ سنوورە دەستکردەکانی کوردستانی دەبەزاند و بەهەموو هێزەکەیەوە هەرکاتێك بیەوێت لە عێراق، ئێران، تورکیا دادەمەزرێت وسەنگەریان لێدەگرێت و ئەگەر شۆڕشیشی بۆ هەڵنەگیرسێتەوە خۆدەتوانێت دوژمنانی کورد ماندوو بکات و کێشە و سەر ئێشەیان بۆ دروست بکات، کەواتە سۆڤێت، بەریتانیا، عێراق هیچ بەرژەوەندییەکیان لە هاندانی بارزانیدا نەبووە دژی ئێران.

ستالین لە ڕێگەی باقرۆف سەرکۆماری باکۆ، پیشەوەری سەرکۆماری تەوریز هەوڵیدەدا کۆماری کوردستان دانەمەزرێت کە هەڵوێستی پێداگرتنی پێشەواش دەبینن دووای ئەوەی هێزی جەنگاوەری بارزانیان چوونە ئەودیو ڕێگە دەدەن پێشەوا بەڕێوەبەرایەتییەك ڕێکبخات لە ژێر چاودێری و فەرمانی تەوریزدا، بەڵام پێشەوا بە پێچەوانەی خواستی ئەوانەوە بە بڕیارێکی سەربەخۆ بە کورد و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ١٩٤٦/١/٢٢ دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و ئاڵای کوردستانی هەڵکرد.. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕژێمەکەی شای ئێران دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەربە پلان و دەستپێشخەری سۆڤێت دادەنێن و یەکێك لەو تاوانە گەورانەی دایان بەرووی پێشەوادا پەیوەندیکردن بە سۆڤێت و هاتووچۆکردنی باکۆ بوو، سەیر لەوەدایە لە کاتێکدا سەربازێك، بەرپرسێکی بێگانە لە کۆماری کوردستاندا نەبوو سەرتا خواری وڵاتی ئێران لە ژێر پۆستاڵی سەربازو ئەفسەرانی سۆڤێت و بەریتانیادا بوو، حەمە ڕەزا هەر بەناو شای ئێران بوو، لەشکرە پاڵەوانەکەشی تەنها سێ کاتژمێر بەرگرییەکی شەرمنانەیان کرد بەڵام کە بێ ڕەوشتی ستالین، گەورە دیکتاتۆرەکەی مێژوو هەردوو گەلی ئازەر و کوردی بەبەرمیلێکی بەتاڵ نەوت فرۆشت، بارووددۆخەکە لە بەرژەوەندی شای ئێران وەرچەرخاو هێزەکانی سەری کزیان بەرزکردەوە و ئەفسەرەکانی دادگایی پێشەواو سەیف و صەدریان دەکرد لە بیر خۆیان برد بووەوە باپیری پێشەوا سوێندی گەورەی خواردبوو هاتا زیندووە ڕێگە نەدات سەربازێکی رووس پێ بنێتە کوردستانەوە، تەوریز بە پێچەوانەی مەهابادەوە سەرومڕ پابەندی باکۆ بوو، بێ ڕەمەزامەندی ئەوان پەنجەی بەئاودانەکرد بەلام مەهاباد زۆرکەمتر دەچووە ژێر فەرمانی ئەوان، لەباری ناچاریشدا دەبوو خواستەکانیان جێبەجێبکات، شای ئێران دەیتوانی سەرپێچی فەرمانەکانی سۆڤێت و بەریتانیا بکات؟ ئەو لە ترسی دوژمن خۆی کەڕو کوێر و لاڵ کردبوو، هەتا پێشەوا بەهێزێکی کەمەوە بتوانێت بەرامبەر ستالین بوەستێت کە لە ڕێگەی باکۆوە پاڵەپەستۆی زۆری خستبووە سەر؟ خۆ ئەوە بەڵگەنەویستە، کۆماری کوردستان دەستنێژی ستالین بووایە هەڵبەت وەك تەوریز بەفەرمانی ئەو لەچەند سەعاتێکدا جەعفەر پیشەوەری بێ چەندوچوون دامودەسگای دەپێچایەوە و ڕایدەکرد بۆ باکۆ، وەك پەندەکەش دەڵێت (ئەوەی دروستی دەکات دەشتوانێ بیروخێنێت) هەرچەندە بەتاقیکردنەوەش دەرکەوتووە هەموو کاتێك بەوجۆرە

ناکەوێتەوە، بەریتانیا بەعسییەکانی عێراقی بەکۆدەتایەکی سەربازی هێنایە سەرکار لە شوباتی ۱۹٦۳دا، سەرکردەی کۆدەتاچییەکان عەلی صالح سەعدی بەراشکاوی وتی: (ئێمە بە شەمەندەفەرێکی ئینگلیز هاتووین)!! ئەمەریکا دژی حکومەتە کارتۆنییەکەی ئەفغانستان کە دوابەدوای داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن لەشکری سووری سۆڤێت لە ۱۹۷۹/۱۲/۲۵داو کوژرانی سەرۆك حەفیزوڵڵا ودانانی (بایراك کارماڵ) بەسەرۆك کۆمار،ئەمەریکاپارەو چەکی بەنێو موسوڵمانەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئەو وڵاتەدا بڵاوکردەوە و چەندین گروپی چەکداری توندەڕوی دروستکرد کە بەهێزترینیان گروپەکەی ئوسامەی کوڕی لادن بوو ... دووای روخاندنی رژێمە کۆمۆنیستەکەی سەربە کرملین لە ئەفغانستان و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت چیتر ئوسامەی سعوودی لەگەڵ ئەمەریکادا نەدەگونجا، رێکخراوی قاعیدە پێکەوە دەنێت و ئەمەریکاشی کردە دوژمنی ژمارەیەك، دەستی هەرە کاریگەر و پشتشکێنیشی لە ۱۱/سێپتێمبەردا لێوەشاندن و لە هەموو لایەکیش بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای خستۆتە مەترسی راستەقینە، ئەوانیش هەتا ئەمڕۆ بەدەستییەوە داماون و نەیانتوانیوە ئەوەی خۆیان دروستیانکرد بیروخێنن. ئایەتوڵڵا خومەینیش لە ناکاوێکدا بەفرۆکەیەکی تایبەتی فەرەنسا لە پاریسەوە گەڕایەوە تاران و کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند و بووە دوژمنێکی سەرسەختی ئەوروپا و بەتایبەتیش ئەمەریکا و هەربە (شەیتانی مەزن) و (ئستیکباری عالەمی) ناویدەبات و تووشی ترس و دڵەراوکەی کردوون و دەستی بگاتە چەکی ئەتۆم بەسەرخۆشییەکی دەروێشانە میرنشینەکانی کەنداو دەکاتە پاروویەکی چەورو دەوڵەتی ئیسرائیلیش خاپوور دەکات و لەسەر نەخشە دەیسڕێتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا جارێ هیچیان بۆ نەکراوە.

نەجەف قولی پسیان چەند لایەنێکی شاردراوەی سەردەمی مەهابادیش دەخاتە روو:

قازی هەر لە مهاباد باڵا دەست بوو، هۆزەکان ژێر فەرمانییان نەدەکرد، خۆشی خاوەن هۆز نەبوو، کەڵکی لە بارزانیان وەردەگرت، چەك و پارەی پێدەدان بۆ چاوترساندنی هۆزەکان. لەولاشەوە بەڕاپەڕاندنی ئەسەدۆف نوێنەری بازرگانی سۆڤێت لە تاران، توتنی کوردانی دەگۆڕییەوە بەبێگانە، بەچەك و پارە (ئێ کاکی برا ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش.ن.ك) مامۆستا سەعید ناکام لەبیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە٦٦ نووسیوێتی (ئێمە توتنی کوردستانمان " کەهەرئەوەمان شك دەبرد(بەسوت و سەلەم دەدا بە ئەسەدۆف) تورکانێکی پشت مل چڵکن بوو، بە رواڵەت بەناوی نوێنەری بازرگانی سۆڤێتی ولەژێرەوە وەکو ئەندامی دەزگای پۆلیسی نهێنی سۆڤێت لە مەهاباد دادەنیشت، کوردی وتورکمانی باش دەزانی بەڵام بەکوردی‌نەدەدوا ... ئێمە دارودیوارمان بە پۆستەرو وێنەو دروشمی دروشمی سۆڤێتی رازاندبۆوە، چاپەمەنیەکانمان پڕبوون لە پێدا هەڵخوێندن وکڕنووش بردن بۆ سوپای سوور و رێبازی سۆڤێتی و منداڵەکانمان پڕ بەدەم هاواریان دەکرد:

**بژی ستالین خۆش بێ چەکوش و داس    ***    لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس**

سەردەمی پێشەوا قازیی، هێمنی و ئاسایش بوو، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی رێکخست، لەماوەی دووساڵ فەرمانڕەوایی ئەودا(کۆماری کوردستان ساڵێکی تەواوی پڕنەکردەوە تەنها ۳۳۰ رۆژ فەرمانڕەوایی کرد ن.ك) تەنها یەك مرۆڤ لە مهاباد کوژرا.[٦٢] پێشەوا قازی موحەممەد پشت ئەستوور بە هێزو تووانای٥٠٠-٦٠٠ جەنگاوەری خاوەن ئەزموون وگیان لەسەردەستی بارزانیان بەهەنگاوێکی ئازای

شۆڕشگێڕانه و سەربەخۆ ڕۆژی١٩٤٥/١٢/١٦ ئالآی سێ ڕەنگی سوور و سپی و کەسکی کوردستان بە دروشمی گوڵەگەنمێك و خۆر و پێنووسێك بەرزدەکاتەوە و ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنێت.سەرچاوەکان لەدیاریکردنی ڕۆژی بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کۆماری کوردستاندا جیاوازن، بەبۆچوونی شەوکەت شێخ یەزدین ١٩٤٦/١/١٦، بەکرعەبدولکەریم حەوێزی ١٩٤٦/١/٢٦، نەجەف قولی پسیان ١٩٤٥/١٢/١٦ (پێدەچێت ساڵەکە هەڵەی چاپ بێت)، ١٩٤٥/٩/١٢ یش لە ڕووداوە گرنگەکانی ١٩٤٥ – ١٩٤٧ دا هەیە.[٦٣] زۆربەی سەرچاوەکانیش لەگەڵ د. ئەورەحمانی قاسملو، شەوکەت شێخ یەزدین، بەکر حەوێزی و نەجەف پسیاندا لەسەر ئەوە کۆکن کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ ڕاگەیەندرا، بەوپێیە دەبێت دیاریکردنەکەی بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ١٩٤٦/١/٢٦ بۆ هەڵکردنی ئالآی کوردستان دروست بێت یا ئەوەیە هەڵکردنی ئالآکە پێش ڕاگەیاندنی کۆمارەکە کەوتووە، ئەوەش ناشێت.

کۆماری کوردستان گەلێك لەمەرجەکانی کۆمارێکی سەربەخۆی تێدا بوو وەك خاك هەرچەند سنووریشی بەرتەسك ودیارنەکراوبوو،سەرکۆمار،ئالآ،کابینەی وەزیران،هێزی چەکدار، سەرکردایەتی لەشکر، دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان، ئاسایش و پاراستنی سەروماڵی دانیشتوان، مووچەی مانگانەی تێروتەسەلی فەرمانبەران، ئەفسەران، سەربازو هێزی ئاسایش، کۆڵەکەی بەهێزی لەشکر هێزی بارزانیان و ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی بوو، هێزی نەیاریش لە دەڤەرەکەدا کەم نەبوون، پەیوەندی ئاشکرا و نهێنیان بەدەوڵەتەوە هەبوو لەناو سەرکردایەتی لەشکریشدا یەکێکی وەك حەمە ڕەشید خان پلەی ژەنەڕاڵیشی پێدرابوو، پەیوەندیکردنی بەڕژێمی ئێران و عێراق و ئەفسەرانی بەریتانیاشەوە لەسەر ساغ بووەوە.

بەڵام هێزی بارزانییە جەنگاوەرەکان کە لەوپەڕی ئاستی دیسپلینی سەربازیدا بوون و زامنی ڕەواندنەوەی هەرهەموو ئەو مەترسیانە بوون و بەبەرنامەیەکی ژیرانە هەر سەرۆك هۆزێك، سەردارێك دوستی کۆماربوو، چەکی کوردایەتی لەشاندا بوو، ڕێزی دەگیرا و هەموو هاوکارییەك دەکرا، ئەوەی ناحەز و چڵکا وخۆری دوژمنیش بوو ووریا دەکرایەوە بێتەوە سەرڕێگای ڕاست ئەگەرنا تەمێ دەکرا، یا وەك حەمە ڕەشید خان ناچار دەبوو بگەڕێتەوە عێراق بۆ ژێر سایەی میریی و ئینگلیز. نەجەف پسیان لەبارەی حەمە ڕەشید خانەوە نووسیویێتی: (قازی موحەممەد پلەی ژەنەڕاڵی دا بەچەند کەسێك لەوانە (ڕێگر)ێکی وەك موحەممەد ڕەشید کە شاری بانەی لە ئاگر هەڵکێشا (مەبەستی لەوەیە حەمە ڕەشید خان شاری بانەی سوتاند. ن.ك) بەدەیان مرۆڤی بێ گوناحی کوشتبوو)[٦٤] .

بارزانییەکان کە چوونە ئەو دیوو پاڵیان بە کۆماری کوردستانەوە دا، ناڅۆری جێگر نەبوون، بەشی هەرە بەهێزو شەرزان و خاوەن ئەزموونی درێژ و کۆڵەکەی هێزی چەکدار و پاراستنی یەکەمین کۆماری کوورد بوون، لە دڵی نیشتمانپەروەرانی کورددا جێگای حکومەتەکەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانیان پڕکردبۆوە، هەر ئەو بەرنامە گونجاوو سەرکەوتووەش بوو سەرەتای ڕوولەکەوتنی کۆمار ئامادەیی تەواویان پیشاندا هەتا دووایین پێشمەرگە بەرگری لە کۆمار و سەرکۆماری کورد بکەن، بەڵام پێشەوا کە فەرماندەی هێزی چەکداریش بوو لە بارزانی نەسەلماند کە خۆی بە پێشمەرگەیەکی ئاسایی کۆمار دەزانی، لە مەهاباد

دووربکەوێتەوە و چاوەڕوانی هاتنی لەشکری دوژمن نەکات، بەڵام پێشەوا بڕیاری کۆتایی دابوو... دووای کەوتنی کۆمار و دەستگیرکردنی پێشەواش شێخ ئەحمەد و بارزانی موستەفا گەمەیەکی ژیرانە لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئێران و خودی شای ئێراندا دەکەن، خۆبارزانی هەر خۆیی و هێزەکەی نەبوو، لەشکرێکی فرەی ئافرەت و منداڵ و پیرو پەککەوتە و نەخۆش و برینداریشی بە کۆڵەوە بوو بەهەموو ئەرکەکانی بژێوی ژیان، جێگەی حەوانەوە و نیشتەجێ بوون، تیمارکردنی بریندار و نەخۆشەکان، پاراستنیان لە هێرش و پەلاماری ترسنۆکانەی دوژمن بەتایبەتیش فڕۆکە جەنگییەکان کە دەیانزانی ئەوە تەنها خاڵی لاوازی بارزانیانە بەتایبەتیش کاتی گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك لە چلەی زیستان و سەرما و کڕێوەی بەفرێکی ئەستوور و لە پانتاییەکی بەرتەسکدا و جێهێشتنی شوێن پێیان لەوبەفرەدا بۆ دوژمن دەبووە چاوساغ و دەیخستنە بەر کەڵبەی تیژی گەلە گورگی سێ دەوڵەتی دوژمن بە کورد، بەڵام راوێژی شێخ ئەحمەد و بلیمەتی بارزانی مستەفا لە هەموو لایەنەکانی جەنگدا کە دۆست و دوژمنی حەپەساندبوو هەرسێ دوژمنەکەی بە پشتدا خستەچاڵەوە و هەرهەموو خێزانەکانی لە ژێر چاودێری شێخ ئەحمەددا گێڕایەوە عێراق و بارزانیش لە نێو هەرسێ سنوورەکاندا هێزو توانایەکی پیشان بە دوژمندا میریی عێراق بیر لە لەسێدارەدانی شێخانی بارزان نەکاتەوە و ئەمجا دووبارە بە نێو تورکیادا و بە ئەمدیو و ئەودیو کردنی سنوورەکانی ئەوسێ دوژمنەی کورد و هاریکاریکردنی چالاکی هێزەکانیان و دەزگا هەواڵگرییە فراوانەکانیان، بەگیانبازییەکی کەم وێنە و لەداستانێکی پڕشکۆدا بە سەرکوتوویی دەگەنە سنووری رووسیاو لە رووباری ئاراس دەپەڕنەوە ناو خاکی ئەو وڵاتە .

## ئاهەنگی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی هەر گەلێك خۆی لە خۆیدا رووداوێکی مێژوویی پڕ بایەخە، تەنانەت لای ئەو نەتەوانەش کە لە سەردەمێکی سەربەخۆییەوە دەگوێزنەوە سەردەمێکی نوێی سەربەخۆیی و ئاڵایەکی نوێ بەرزدەکەنەوە جیاواز لە ئاڵای پێشوو، وەك ئاڵای نوێی ئەڵەمانیا دووای رووخانی هیتلەر، ئیتالیا دووای مۆسۆلۆنی و رووسیا و نەتەوەکانی بلۆکی سۆشیالیست دووای هەرەسی یەکێتی سۆڤێت و هتد.. نەخوازە بۆ نەتەوەی کورد کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دوور و درێژی خەبات و راپەڕین و شۆڕش و قوربانی وماڵوێرانی و خوێن و فرمێسکدا ئاڵای کۆمارێکی سەربەخۆی کورد بەرزدەکاتەوە دووای ئاڵاکەی خویبوون لەسەر لوتکەی ئارارات و ئاڵاکەی حکومەتی مەلیك مەحموود لە سلێمانی، ئەفسەرێکی شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستانیش رائید (پێشڕەو) بەکر عەبدولکەریم حوێزی ئەو رۆژە لە گۆڕەپانی چوارچرای سابلاخ ئامادەبووە و ئەو ئاهەنگە پڕ شکۆیەی چۆن بینییوە بۆمان دەگێڕێتەوە: چەند رۆژێك بەر لە هەڵکردنی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان دێهات نشین و عەشیرەتەکان گەورە و بچووك ژن و پیاوو منداڵ پۆل پۆل بەرەو مەهاباد دەهاتن. شار بەرگی خۆشی و شادی پۆشیبوو، سەرتاسەری مەهاباد رازابووەوە. رۆژی ٢٦/ ك٢/ ١٩٤٦ [٦٥] دانیشتوانی مەهاباد و دەروپشتەکەی رژابوونە مەیدانی چوارچرا، جوانی جل و بەرگیان و بەزم و شایی و خەندەی سەر لێوانیان ئازادی و سەربەخۆیی تێدا دەبینرا، درووشمی (نەمری (نەمریی ن.ك) بۆ پێشەواو کورد و کوردستان) پێشوازی پێشەوا لە هەموو لایەك دەنگی دەدایەوە، ئاڵای سێ رەنگەکەی

کوردستان بەرزکرایەوە، تەقەی تفەنگ و هەلھەلە و جۆش و خرۆشی خەڵکەکە گەیشتبووە ئاسمان.. پێشەوا لەژێر ئاڵای کوردستاندا (ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی هەموو کوردێکدا.. گەلی کورد وەك گشت گەلانی جیهان مافی تایبەتی و سەربەخۆیی هەیە، سەدان ساڵە بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە خەبات دەکات، هەزاران قوربانی لەو ڕێگەیەدا پێشکەش کردووە.. ئێمە ئێستە سەربەخۆین دۆستی گەلێك بەهێزیشمان هەیە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان فیداکارییەکی زۆری دەوێ تابیپارێزێ، ئەو ئەرکە پیرۆزەش کەوتۆتە سەرشانی ئێوە و ئەو چرایە نابێت بکوژێتەوە.. ڕۆحی پاکی شەهیدان وابەسەر سەرتاندا دەسوڕێتەوە هەر سستی و کەمتەرخەمییەك لە گیان فیداکردن ئەوانە موحاسەبەمان دەکەن).[٦٦] عوسمان دانش فرمێسك لە چاوانی دەباری لە هۆش خۆی چوو[٦٧]. ڕۆژی ۱۹٤٦/۱/۲۲یش دامەزراندنی کۆمار ڕاگەیاندرا بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی وەك یەکەمین سەرۆککۆماری کوردستان و فەرماندەی گشتی چەکداریش، بەدووای ئەوەشدا کابینەی وەزیران دامەزرا هەمان ڕۆژی دامەزراندنی کۆمار پێشەوا قازی موحەممەد ڕوودەکاتە پێشمەرگە بارزانییەکان و دەڵێت (سەرمان بڵندە پێتان، جێی شانازیمانن، ئێوەن نمونەی خەباتی پاڵەوانانەی کوردایەتی، سەد سوپاس بۆ ئێوە و سەرۆکتان مەلا موستەفای بەڕێز). ئەمجا ڕوودەکاتە جەماوەر (ئەی جەماوەری کورد، ئەی بەچکە شێرانی کورد، سڵاوتان لێبێت، ئەو ئەرکە گرنگەی کە ئێوە بە منتان سپاردووە، **داوا لە خوای مەزن و ئێوە دەکەم یارمەتیم بدەن تاکو بتوانم هەتاسەر ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەم بەرمەسەر و بەرامبەر بە ئێوە و خوای مەزن خەجاڵەت نەبم**)[٦٨].

| | |
|---|---|
| **١- حاجی بابە شێخ** | **ڕەئیس هەیئەت ( سەرۆك وەزیران )** |
| **٢- موحەمەد حوسەین سەیفی قازی** | **جەنگ ( وەزیری بەرگری )** |
| **٣- موحەممەد ئەمین موعینی** | **کیشوەر ( وەزیری ناوخۆ )** |
| **٤- ئەحمەدی ئیسلاحی** | **ئیقتیصاد ( وەزیری ئابووری )** |
| **٥- کەریمی ئەحمەدەین** | **پۆست و تەلیگراف** |
| **٦- حاجی ڕەحمان ئێلخانی زادە** | **موشاور ( وەزیری ڕاوێژکار )** |
| **٧- مەنافی کەریمی** | **فەرهەنگ ( وەزیری ڕووناکبیری )** |
| **٨- سەدیقی حەیدەری** | **تەبلیغات ( وەزیری گەیاندن )** |
| **٩- خەلیلی خوسرەوی** | **وەزیری کار ( وەزیری کار و ئاوەدانی )** |
| **١٠- حاجی موستەفای داودی** | **تیجارەت ( وەزیری بازرگانی )** |
| **١١- مەحموودی وەلی زادە** | **کیشاوەرزی ( وەزیری کشتوکاڵ )** |
| **١٢- سمایلی ئێلخانی زادە** | **وەزیری ڕێگاوبان** |

**شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەوباوەڕەدایە کابینەکە لە چواردە وەزیر پێکهاتووە و ناوی دوو وەزیری دیکەشی دەخاتە سەر:**

| | |
|---|---|
| **١٣- موحەممەدی ئەیوبیان** | **بیهداری ( وەزیری تەندروستی )** |
| **١٤- مەلا حوسێنی مەجدی** | **عەدلییە ( وەزیری داد )** |

وەزیرەکان لەبەردەم سەرۆك كۆمار پێشەوا قازی موحەممەد دا یەك لە دووای یەك سوێندیان خوارد بە قورئانی پیرۆز، دروشمی كۆماری كوردستان و ئالأی كوردستان: (من بەخودا و بە کەلامی عەزیزی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بەئالأی موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخیر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخیر تنۆکی خوێنم بەگیان و بەماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالأی کوردستاندا تێ بکۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفاداربم)[٧٠] .نەجەف قولی پسیان پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەی ئیتلاعاتی تارانی تێبینییەکی وورد و بەمانا و بە تویکڵ لە هەمبەر ئەو کات و ساتەی بەمجۆرە تۆمارکردووە (دووای سوێند خواردن قازی موحەممەد ئەنجامی هەڵچوونی دەروونی و شادمانی، دەلەرزی، ئەوانەی ئەو گەمەیەشیان هێنابووە گۆڕێ پێدەکەنین)[٧١] .

بارزانییەکان رۆژی ١١/١٠/١٩٤٥ سنوور دەبڕن و دەچنە دیوی ئێران، ناوچەکەش هێزی دەوڵەتی ئێرانی تێدا نەمابوو، لەسەر داخوازی سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ناودارانی سابلأخ، بارزانی مستەفا بەنێو هۆزەکاندا دەگەڕێت بۆ یەکترناسین و تێگەیشتنی هەڵوێستی سەرۆك هۆزەکان و خوێندنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتیش لە رووی جەنگییەوە و دانانی پلان و رێوشوێنی گونجا و بۆ دامەزراندنی سوپای کۆمار و دیاریکردنی بنکە و بارەگا و هێڵی بەرگری بەرووی دوژمندا بۆ پاراستنی ناوچەکانی ژێر فەرمانی کۆمار و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرش و پەلامارێکی دوژمن، مەبەستێکی دیکەی ئەو گەڕانەی بارزانی ئەوەبوو پێشەوا دەیویست هێزی بە ژمارە زۆر و پڕچەك و بەدیسپلینی بارزانییەکان و لەژێر مەشق و راهێنانی ئەفسەرانی کورد و خاوەن بڕوانامەی زانکۆی جەنگدا پێشانی سەرۆك هۆزەکان بدات بەتایبەتیش ئەوانەیان کە ملیان بۆ کۆمار نەدەدا و خۆیان بەفەرمان و رێوشوێنەکانی پێشەواوە نەدەبەستەوە.گەڕانەکەی بارزانی ئەوەندەی پێویست بوو، ئەوەندەش سەرکەوتوو بوو:

١ـ یەکەم هەنگاوی پراکتیك بوو لە پاڵ هێزە ئامادەکەی بارزاندا سوپای کۆماری کوردستانی پێکێنها.

٢ـ بارزانی لە نزیکەوە و راستەوخۆ و رووبەڕوو گوێ لە داخوازییەکانی سەرۆك هۆزەکان دەگرێت و هەست و نەستیان تێدەگات و لە پێناو بەرژەوەندی کوردیشدا لە کاروباری سەربازیدا دەقاو دەق خۆی بەفەرمانەکانی پێشەواوە نەدەبەستەوە کە لە بواری پراکتیکدا ئەزموونێکی نەبوو لەگەڵ چەك و دووکەڵی باروت و ناڵەی برینداو و تەڕ و تووشی سەنگەر و شەهیدبوونی پۆلێك هەڤاڵ پێکەوە بە گوللە تۆپێك لە چاوتروکانێکدا، نەخوازەڵلا بارزانی بەدان پێدانانی دوژمنیش شارەزاییەکی زۆری لە ناسینی گۆڕەپانی جەنگدا هەیە، دەزانێت هەر لوتکەی چیایەك، دۆڵێك، ئەشکەوتێك و بن بەردێك چوون بەکاردەهێنێت و دەیکاتە هێزێکی دامەزراو بۆ سەرکەوتنی پلانی شەڕ، هەمیشە پلانی خۆی بەسەر دوژمندا دەسەپاند، مەگەر دەگمەن، ئەگینا بوواری پێشدەستی بۆ دوژمن نەدەهێشتەوە، خۆی کات و شوێنی رووبەڕوو بوونەوەی دیاریدەکرد جگە لەوەش جەنگاوەرێکی جیوەیی بوو، هەمیشە دوژمنی لە چاوەڕوانیدا بێزار دەکرد، بەگەڕان و سۆڕاخکردن و دوواکەوتنی ماندووی دەکردن، کتوپڕ پەلامارێکی بروسکە ئاسایی دەدا، دەکشایەوە، وون دەبوو، ئاسمان هەڵیکێشا یا زەوی قوتیدا؟ هەتا خافڵگیر لە شوێنێکەوە دوژمن بە بیریدا

نەدەهات، زیڕەی لێهەڵدەستاند.

**٣ـ** بارزانی موستەفا ڕێزو خۆشەویستی لەو ناوچانەدا پەیدا کرد، جا لە هەڵوێستەوە بێت یا لە ترسا پێویست بوو هەرکەس لەو ناوچەکەدا خۆی ساغ بکاتەوە، لەبەرەی کورددایە یا دوژمن، ئەوەی لەبەرەی کوردایە بە پێی توانا و بەوشێوەیەی بۆی دەگونجێت خزمەتی کۆمار بکات. ئەوەی ناپاك و دوژمنیشە دەبێت بزانێت ناپاکیکردن لە گەل و لە کۆمار سزای هەیە و لەشکری کوردستان دەستی دەگاتە تاوانباران. بەکورتی و بەکوردی پێویستە هەمووومان ئەرك و مافەکانمان بزانین، لەم بارودۆخەی کوردیشدا ئەرك پێش ماف دەکەوێت و دەبێت خۆمان لە هەڵە و گوناح بپارێزین هەروەك شاعیری گەورەی کورد بەهەشتیی **ئەحمەد هەردی دەڵێت:**

**کە جامی شەرابت خستە سەر لێوت غەشیمانە ئەگەر زەهریشی تێدا بێت گوناهی خۆتە بیزانە**

**هەڵە یاخود گوناهت کرد لە کاتێکدا کە بێهۆشی سزا و تاڵاوی هەرچی بێت ئەبێ وەك بادە بینۆشی**

حەمە ڕەشید خان یەکێك بوو لەوانەی پەیوەندی بە دوژمنەوە هەیە، خۆی لەئەرکەکانی دەدزییەوە، هەرچەند لە بارزانیش تفەنگی زۆرتر بەدوواوە بوو خۆی لە ئێرانیشدا نەگرت، گەڕایەوە عێراق بۆ ژێر سایەی ئینگلیز و فەیسەڵ.

کە دەڵێین بارزانی مستەفا لە سنووری دەستەڵاتی خۆیدا وەك یەکێك لە چوار ژەنەراڵەکەی سوپای کۆمار و فەرماندەی بەرەی سەقز, لە هەموو وردوو درشتێکدا کەپەیوەندی بەجەنگەوە هەبێت, ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتیی دەکرد و لە هەندێك فرمان پێدزکەی دەکرد، نەجەف قولی پسیان نووسەری کتێبی لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس نووسیویەتی: (براکانی شێخ ئەحمەدی بەرزان، موحەممەد صدیق و شێخ بابۆ لەو بچووکتر و لە مەلا مستەفا گەورەترن بەراشکاوی وتیان قازی موحەممەد، زستانی رابردوو (مەبەستی لە زستانی ١٩٤٥ ن.ك) شێخ ئەحمەدی لای سۆڤێت تاوانبار کردووە، پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەیە، سۆڤێت دووریان خستەوە بۆ (شەیتان ئاوای دۆڵ) پار قازی موحەممەد پەیتا پەیتا فەرمانی بە ئێمە دەدا هۆزەکانی مامەش و قەرەپاپاخ تاڵان بکەین، بەڵام کاری وامان نەکرد[٧٢].

پێدەچێت ئەو هەڵوێستەی شێخ ئەحمەدی بارزانی (خودان) و بارزانی موستەفا لەو ئەزموونە تاڵەوە سەرچاوەی گرتبێت لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا، تورکیا، بەریتانیا، عێراق، ئێران و تەنانەت رووسیاشدا هەیانبوو، گومانیان لەوە دەکرد ئەو چرایە هەتا رووناکی بەرەبەیان نەکوژێتەوە و نەکەونە پەلکوتانی نێو تاریکی شەوەزەنگ، ئەوکاتەش سەرباری چوار دەوڵەتەی دراوسێ و دوژمن بەکورد ئەو هۆزانەش بە پشتیوانی ئێران یا تورکیا یا عێراق سەنگەری تۆڵەسەندنەوە دەگرن، شەڕی خۆبەخۆش (شەڕی برا کوژی — کورد کوژی) هەمیشە لە شەڕی بێگانە قورستر و زامەکانی قوڵتر و ئازار و سوێی سەختترە، ئەوەش بۆ بارزانییان دەستنادات بەلەشکرێك پێشمەرگە و لە شکرێك ئافرەت و منداڵ و پیر و نەخۆش و زامدارەوە وەك میوان لای کوردی خۆرهەڵات گیرساونەتەوە، خۆشییان بێت یا ترشی بۆ بژێوی ژیان و جێگە کردنەوە و حەواندنەوە چاویان لە دەستی هاوکاری و کۆمەکی و پیتاکی ئەو هۆزانەیە، ئەوە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە هۆزەکانی کورد هەستیان بە پێوەندییەکی گیانی دەکرد بەرامبەر براکانیان،

ئامادەنەبوون شەڕی راستەقینە بکەن و خوێنی هاوخوێنەکانیان برێژن، ئەو هۆزانەش کە ئێران بۆ بەگژاچوونی بارزانیان ئامادەی کردبوون، پێشتر بارزانییان لە شوێن و کاتی هێرش ئاگاداردەکردو دوای درۆ شەڕێك هەڵدەهاتن، ئەوانە بەو جۆرە و هەندێکیش لە ترساندا نەیاندەوێرا دوژمنایەتی بارزانیان بکەن، هەرئەو کاتەش بارزانیان بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەرپێشهاتێك و خۆنەدان بەدەست رۆژگار و چارەنووسی نادیارەوە بۆ دوارۆژ و چارەنووسی خۆلەقەی خۆیان دوای پرتە پرت وکوژاندنەوەی چراکە ئەو راستییانەیان هەمووی لەبەرچاوگرتبوو،دوور لە هەست و سۆزو خەیاڵ پڵاو باروودۆخەکەیان دەخوێندەوە ولە ئەنجامدا چوار ئەگەر لەبەرچاودەگرن، هەرچواریان سەرومڕ راستەوخۆ پەیوەندییان بەهەڵوێستی ئەو هۆزانەوە هەبوو:

١ـ خێزانەکان لە کۆڵ پێشمەرگە بکەنەوە بەمەرجێك نەکەونە بەر مەترسی مردن.

٢ـ هەتا دوا گولله بەرەنگاری دوژمن بکەن و سەربەخۆیی ناوچە رزگارکراوەکان بپارێزن و فراوانیشی بکەن و سەرنجی وڵاتانی دوورو نزیك بخەنە سەر کێشەی کورد و بیسەلمێنن بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناوچەکە ئارامی بە خۆیەوە نابینێت، ئەوەی نەسوتێش پریشکی بەردەکەوێت.

٣ـ دامەزراندنی پارتێکی رامیاری سەربەخۆ لە باشوور بۆ ئامادەکردنی جاوەری کورد بۆ خەباتی هەمە لایەنە و رێکخستنی کوردپەروەران و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای سەرکردایەتییەکی هۆشیار و شۆڕشگێڕدا بتوانێت شۆڕش هەڵگیرسێنێت و رابەریی بکات بەرەو سەرکەوتن و ببێتە هەوێنی پارتێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا، ئەم بیرۆکەیەش زۆرتر لای ئەفسەر و رووناکبیرەکان رەنگی دابووەوە و جەختیان لەسەر دەکرد، ئەگینا شێخ ئەحمەدی بارزان بە پێی بیروباوەڕ و تاقیکردنەوەی دووروردرێژی خۆی نەیدەویست هیچ کاتێك بکەوێتە نێوان دوو ئاگرەوە و بواری کشانەوەو خۆرزگارکردنی لەبەردەمدا نەمێنێت.

٤ـ گەڕانەوە بۆ عێراق و دابەشکردنی دوو لەشکرەکە بەسەر شێخ ئەحمەد پێش پیرو بریندار و نەخۆش و ئافرەت و زارۆکەکان بکەوێت و بارزانی مستەفاش پێش لەشکرە چەکدارەکە بکەوێت.. دواتر کە ئەو بڕیارە دەدەن، شێخ ئەحمەد بە مستۆ دەڵێت خۆتان بەدەست هیچ دوژمنێکەوە نەدەن.. من ئەمانە دەبەمەوە و دەگەڕێینەوە بەردەستی میریی بزانین چارەنووس چی حەشارداوە.

٥ـ ئەگەر بە پێی فاکتەرە دەرەکیی و ناوەکییەکان و ئەو بارووەدۆخەی پێشهاتە نوێیەکان دەیهێننە گۆڕێ،هیچکام لەوسیناریۆیانەی سەرەوە زەمینەی پیادەکردن وسەرکەوتنی بۆ نەرەخسا،تەنها یەك رێگە دەمێنێتەوە ویەکەمین هەنگاو بێدودڵی دەهاوین ودواهەنگاویش چارەنووسمان دیاریدەکات بەرە و سۆڤێت!

بارزانی هەرچەند بە لەشکر و توانای جەنگی و ئەو ناوبانگ و شکۆیەی هەیبوو، دووای پێشەوا قازی موحەممەد و خودانی بارزان شێخ ئەحمەد، هەرەبالادەستی ناوچەکە بوو، بەلام بەرنامەی خۆگونجاندن و کار بەڕێوەبردنی پەیرە و دەکردوو دەقاودەق پەندە کوردییەکەی بەرجەستە دەکرد (نەشیش بسوتێت و نە کەباب) و لە روانگەی نەتەوایەتییشەوە هەندێك لە بڕیارەکانی دەپێوا، هەر بۆ نموونە هۆزەکانی کورد و هۆزی قەرە پەپاخی تورکزمانی بەسەنگ و تەرازوویەك نەدەکێشا، ئەوان هاوورده و نامۆ بوون، بە خێر و بێری کوردستان دەژیان (دوای سەرکەوتنی رووسیا بەسەر ئێراندا و بەستتنی پەیمانی (تورکمان چای)

هێنراونەتە ئێران، تاکە هۆزیشن لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا بەزمانی تورکی دەدوێن و لە نزیکەی (٣٥) گوندا نیشتەجێن)[٧٣] عوسمانییەکان ئەم هۆزە لە (٣٥) گوندی ئەو ناوچەیەی کوردستاندا جێگیر دەکەن، هەرلەو کاتەوە و بگرە زۆر پێشتریش داگیرکارانی کوردستان پلانی بە تورك کردن و بەفارس کردن و بەعەرەب کردنیان پیادە کردووە بۆ گۆڕینی لایەنی دیمۆگرافی وڵاتی کورد و بەخێوکردنی هاوردەکان بەسەر وورگی کورد و پێزی خاکەکەیانەوە و بەکارهێنانیان بۆ هەموو ئامانجێکی چەپەڵ دژی کورد.

بەهەر پێوانەیەکی ئابووری و یاساکانی باج و باجی داهات و دەستکەوت، هەر لیژنەیەکی بێلایەن چاو لە باجی ئەو هەموو ساڵانەش بپۆشێت و و بەویژدانەوە بیخەملێنێت چەند باج دەکەوێتە سەریان، ٢٠٪ کەمتر دانانێت لەکۆی داهاتیان کە بە پێی یاسای هۆزایەتیش دەکاتە پێنج یەك یا ٥/١ کەڵەکەبووی ئەو هەموو ساڵانەش لە ڕێگەی خودا و خێری ئەو هەزارەها شەهیدەی دەستی ئاغاکانیان بێت، بۆیە بارزانی (لە بەهاری ١٩٤٦ەوە نزیکەی (١٦٠) خێزان کە دەکاتە (١٣٠٠) کەس لە (دێهاتی قەرە پاپاخ)[٧٤] دادەمەزرێنێت و (پێویستە قەرەپاپاخ بەهەر مرۆڤێکی بارزانی ن.ك) سێ پوت گەنم و سێ ریاڵ بدەن جگە لە ئالیکی وولاخ)[٧٥] کورد دەڵێت: (ئاو لە ئاست هەقدا دەوەستێت) نەنەجەف قولی قەرەپاپاخ و نەدەوڵەتی ئێران بە خۆیاندا رانەدەپەرموو بکۆکن!

## دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد[٧٦]

بارزانی مستەفا و سەرکردایەتی هۆزی بارزانیان و ئەفسەرانی کورد پەروەری لیژنەی ئازادی و روناکبیرانی کوردی باشوور کە پەیوەندییان بە کۆماری کوردستانەوە کردبوو بۆ پراکتیزەکردنی ئەو سیناریۆ فراوانەی لە چوار خاڵدا کۆیانکردبۆوە وەك ئامانجی ئەو قۆناغەی کوردایەتی کاریان بۆ دەکرد، دامەزراندنی سوپایەکی مۆدێرن و خاوەن چەکی قورس و پێگەیاندنی کادێری کارامەی بەکارهێنان و ئەوپەڕی کەڵك وەرگرتن بۆ ئەو چەکانە، بۆ ئەو مەبەستەش بارزانی مستەفا (شەست لاوی کورد لەژێر چاودێری رائید نوری (مەبەستی لە نوری ئەحمەدی تەهایە) هێنابووە تەورێز بۆ بەشداریکردن لە خولی فێربوونی تۆپ هاوێژیدا) [٧٧]. سیناریۆی دووەمیش ئامادەکردنی جەماوەری کوردی باشوور و زەمینە خۆشکردن بوو بۆ دامەزراندنی پارتێکی رامیاری نەتەوەیی هەموو چین و توێژەکانی کورد کۆبکاتەوە و جۆشیان بدات بۆ خەبات و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە رامیاری و فەلسەفییەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و لقی کۆمەڵەی ژێ — کاف لە سلێمانی بەسەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد پڕیانکردبۆوە، ئەو هەنگاوەش بەسەرکەوتوویی وەك رووداوێکی مێژوویی جێگەی شایستەی خۆی لە بزاڤی کوردایەتیدا گرت و جێگە پەنجەی کاریگەرێتی خۆیی بە سەرتا پێی ژیانی رامیاری کوردەوە لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەگشتی لەئاستێکی بەرچاودا جێهێشت و بەرەو دوواو بەردەوام ئەم سەرکەوتنانەی تۆمارکرد:

١ـ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە رامیارییەی کوردی باشووری تێدا دەژیا بەهۆی نەبوونی پارتێکی رامیاری کوردایەتی ڕێبازی ئەکتیڤ لە گۆڕەپانەکەدا،کە بوو بووە هۆی ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی ئینتەر ناسیونالیستی دیکتاتۆر و بێبەشکردنی نەتەوەیەکی رەسەنی وەککورد لە هەموو مافێك گوایە بە پێی

بۆچوونەکانی بەرێزیان کورد مەرجەکانی نەتەوەی تێدا نییە!! (دەی خوا بەردی تۆی لێبواریٚ) وەك شارەزووری دەڵێن. هەربەو هۆیەشەوە ڕێگەیان لەهەر پارت و ڕێکخراوێکی رامیاری کورد دەگرت بێتە گۆڕەپانەکەوە و چالاکی بنوێنێت گوایە زیانی بۆ خەباتی هاوبەشی پرۆلیتاریا و برایەتی کورد و داگیرکارەکانی هەیە، تەنانەت ڕێگەیان بە کوردە کۆمۆنیستەکانیش نەدەدا لەژێر سەرکردایەتی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا خەبات بکەن، لە ئێران و تورکیا و سوریاش دەبێت بڵێین هەزار رەحمەت لە کفن دز)، هەموو تاکێکی سەر بەو پارتە (مرۆڤ دۆست و پێشکەوتنخواز و پێشڕەوە) لەهەر پلەیەکی حیزبی و ئاستێکی روناکبیریدا بوو زۆر بە شانازییەوە دژایەتی هەموو شتێکی کوردانەی دەکرد، جوان دێتەوە یادم سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو مامۆستایەکی کورد پەروەر بە نێوی عەبدوڵڵا زێباری لەسەر کوردایەتی لەبادینانەوە دوورخرابووەوە بۆ سلێمانی، ئەویش وەك سووربوون لەسەر کوردایەتی و کۆڵنەدان دووای نیوەڕوان شاڵ و شەپیلکی ڕێزیی بادینانیی لەبەر دەکردوو دەهاتە دەرەوە. کوردە کۆمۆنیستەکانی دەروێشی مۆسکۆی قیبلەی گەلان لە شەقامی صابونکەرانی سلێمانی توێکڵە شوتی و تەماتەیان تێدەگرت .! من ئەوەم بەچاوی خۆم بینیوە بەڵام نەمدەزانی بۆ، نەشمدەزانی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم بەریان بەکوێوەیە، بەڵام لەکانگای دڵمەوە بەزەییەکی بێدەسەڵاتانەم بەو مرۆڤە بەرێزەدا هاتەوە و لەو رۆژەوە بەرگی کوردی و زمانی کوردی و ووشەو دەربڕینە رەسەن و پاراوەکانم خۆشویست کە کۆمۆنیستە کوردەکان بێزیان لێدەهاتەوە و بەقەشمەری پێکردنەوە بەزمانی باوو باپیری خۆیان دەوت: (**تاقمێك پەیدابوون لەکەوش و کڵاش سەلامی خوایان کردووە بە رۆژباش**)

کورد وتەنی (هەردرۆزن ..) چونکە ئەو سەرلێشێواوانە تەنها لەڕقی کورد خوایان بیرکەوتبووەوە ئەگینا ناوەڕۆکی کۆمۆنیزم و دەقەکانی مارکسیزم باوەڕی بە بوونی یەزدان نییە و ئاینە ئاسمانییەکانیش کە ئیسلام یەکێکیانە بە تلیاکی گەلان دادەنێن (خلەبار ئەکا و بلە کەپر ئەکا!) هەڵوێستی پڕ لە شەرمەزاری دیکەی ئەو تاقمەشم دێتەوەیاد، رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆپیشاندانیان سازدەکرد و داوای خوێندنیان دەکرد لە فێرگەکانی کوردستاندا بەزمانی کوردی لەژێر دروشمی (چیتان دەوێت کوردەکان.. مەعاریفی کوردستان) کەچی ئەندام و لایەنگرانی ئەو تاقمە نە ئەوکاتە شەرمیان دەکرد ئەو دروشمە پیرۆزە بگۆڕن بە (مەعاریفی قلیاسان) نە دواتریش شەرمیاندەکرد کە بەعسیەکان کونەمشکیان لێکردنە قەیسەریی و هیچ دەروویەکیان نەما، رووسیای ئاغا و باوەگەورەیان، قەڵای پتەوی گەلان و.. هەتا کۆتایی قەوانە سوواوەکە لە دوورەوە تەماشای ئەو قەسابخانەیەی دەکرد عەرەبە شۆڤێنییەکان بۆ دەروێشەکانیانی سازدابوو، ئەوەی بەرنەکەوت و لەو شاڵاوە دڕندانەیە رزگاربوو، کز و داماو بەهەناسەبڕکێ پەنایان بۆ هاوبیران و سەرکردایەتی خۆپیشاندەرەکانی (مەعاریفی قلیاسان) و شاڵ و شپیلکەکەی بارزانی مستەفای سەرۆکی پارتی و رابەری شۆڕش برد کە جیاوازییەکی لەگەڵ شاڵ و شپیلکەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا زێباری دوورخراوەدا نەبوو. نەك هەر ئەم هەلوێستە هەرزەڕۆیانەی کۆمۆنیستەکانی کوردستان بەڵکو سەرکردایەتی پارتەکەشیان هەڵەیەکی مێژوییان کرد کە ساڵی ١٩٧٤لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕدا لە نێوان شۆڕشی کوردو حکوومەتی بەعسی عێراقدا، پشت دەکەنە شۆڕشی کورد و پاڵدەدەن بە

بەعسییەکانەوە و چەك لەرووی پێشمەرگەدا بەرزدەکەنەوە و دەستیان دەچێتە خوێنی چەندین پێشمەرگەی وەك شـەهیدان عومـەری صـالّح مەنسـوور و نـووری شـەریف کەیەکـەمیان سـەرلقێکی چـالاك و ئـازاو بەئـەزموون ودووەمیشـیان پێشـمەرگەیەکی نموونـەیی بوو،بـەپڕاوپڕی مانـای پێشـمەرگەی نموونـەیی . کۆمۆنیستەکان بـەم هەڵوێسـتەیان هـیچ دەسـتکەوتێکی نیشـتمانییان نـەبوو، هـەر نەکەوتنـە بـەر تانـەو تەشەری ناحـەزانییان بـەڵکو رەخنـەی تونـدی تیـژی ناوخۆشـیان و کشـانەوەی ژمارەیـەك هـاورێش. پـیرە سیاسەتوان و سەرکردەیەکی دیارو دێرینی ئەو پارتـە، بـەرێز بـەهادین نـووری کـە هەمیشـە هەڵوێسـت و دەنگـی تایبـەتیی خـۆیی هـەبووەو هەیـە لەمـەڕ کێشـەی کورد،شـەوی١٨لەسـەر٢٠١٣/٢/١٩ لـە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی سپێدە زۆر بەراشکاوی وتی: ( یەکێك لەو کارانەی لێی پەشیمانم، دژ بە هەڵوێستی حیزب بەرامبەر کورد، دەبووایە دووای نسکۆی شۆرشی ئەیلوول، حیزب جێبهێڵم )

ئەم هەویرە ئاو زۆر زۆر دەکێشێت... دێمـەوە سـەر دامـەزرانـدنی پ.د.ك. بـارزانی دامـەزرانـدنی پـارتێکی رامیاریی کەبتوانێت پێشڕەوایەتیی خەباتی نەتەوەیی جەماوەری کوردی باشوور بکات بـە پێویسـتییەکی مێژوویی دادەنا، بۆ ئەو مەبەستە فێبروەری ١٩٤٦ پارێزەر هەمزە عەبدوڵڵا دەنێرێتەوە باشوور بۆ زەمینە خۆشکردن و **راگەیاندنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەم بەرێزانە :**

١- مـەلا مستەفای بەرزان ـ سەرۆك
٢- هەمزە عەبدوڵڵا/ پارێزەر (یەکەمین رازگر — سکرتێری پارتی بوو هەتا ١٩٥٩ ن.ك)
٣- ئەنوەر دڵسۆز/ ؟ (یەکێکە لە روناکبیرە نیشتمان پەروەرەکانی کورد .ن.ك)
٤- بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (ئەفسەر بە پلەی رەئیس — نەقیب)
٥- مستەفا خۆشناو (ئەفسەر بە پلەی رەئیس — نەقیب)
٦- نووری ئەحمەد تەها ( ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم)
٧- موحەممەد قودسی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی دووەم)
٨- عیزەت عەبدولکەریم (ئەفسەر بە پلەی رەئیس ئەول روکن)
٩- خەیروڵڵا عەبدولکەریم ( ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم)
١٠- جەلال ئەمین رەواندوزی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم)
١١- موحەممەد صالح ژاژڵەیی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم)
١٢- عەبدولرەحمان نەقیب (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم)
١٣- میرحاج ئەحمەد (ئەفسەر بە پلەی رەئیس)
١٤- وەهاب موحەممەد ئاغا (؟) (سەرۆك هۆزێکی کورد بوو ن.ك)
١٥- شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید (سەرۆکی ساداتی بەرزنجە)

لەسەر شێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران [٧٨] هەر بۆیەش تەنها جێگری سەرۆك دیاریکراوە کە دەکاتە رازگر — سکرتێر، ئیتر ئەندامانی پۆلیت بیرۆ — مەکتەبی سیاسی، لێپرسراوانی دەزگای رێکخستن، سەربازیی، دارایی، راگەیاندن دیـاری نـەکراون، بۆیـە لـەوە دەچـێت ئەنـدامانی دەسـتەی دامـەزرێنـەربن و

دوواتر کارو لێپرسراوێتی دابەشکرابێت، دووای ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا گەڕابێتەوە لای بارزانی یا هەر نەگەڕاوەتەوە و (دەستەی دامەزرێنەریش جگە لە شێخ لەتیف کوڕی مەلیکی کوردستان هەرهەموویان لە تەك بارزانیدا مانەوە هەتا ١٧- ١٩٤٧/٤/١٨، بەڵام ئەفسەرەکان جگە لە نووری ئەحمەدی تەها،میر حاج ئەحمەد(هیچیان) لەگەڵ بارزانیدا نەمابوون و ئەوەی زۆر ئاشکرایە ئەفسەران، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز،خەیروڵڵا عەبدولکەریم، موحەممەد مەحموود قودسی، میریی عێراق دووای خۆبەدەستەوەدان ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارەیدان و بەناوی چوار ئەفسەرە شەهیدەکانەوە چوونە تۆماری پڕشانازی شەهیدانی کوردستانەوە[٧٩] . هەمزە عەبدوڵڵا روناکبیرێکی ئەو سەردەمە و هەڵگری بڕوانامەی پارێزەریی کۆلیژی ماف — زانکۆی بەغدا و تێکۆشەرێکی گوایە پارتی، بەڵام بەکردار عێراقچی و هەتا سەر ئێسقان کۆمۆنیست، تێکۆشانەکەشی وەك سکرتێری پارتی وەك خۆی بە شانازییەوە دەیوت ئامادەکردنی لاوانی کوردبوو کە بەناوی پارتییەوە کۆیەدەکردنەوە بۆ ڕێکخستنیان لە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا. (ئێمە فێرگەیەکین بۆ پێگەیاندنی دۆست و لایەنگیر بۆ حیزبی شیوعی) لە وتە بەنێوبانگەکانی ئەو سکرتێرەی پارتییە کە مستۆ لە دوورە وڵات دەژیا و ئیبراهیم ئەحمەدیش خوا هەڵناگرێت ئەوەندەی شێری بڕیکرد ململانێی سەختی لەگەڵدا کرد بۆ پووچەڵکردنەوە و لەکارخستنی ئەو بەرنامە چەواشەیە و پێڕەوکردنی بەرنامەیەکی کوردانە، لاوانی کورد بە کوردایەتی گۆشبکات و بۆ خەبات لە ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستاندا پەروەردەیان بکات نەك بۆ لایەنێکی رامیاری کە نەك هەر باوەڕی بە بوونی کورد نییە وەك نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمانێکی کەرت و پەرت و دابەشکراوو، زمانی رەسەن و تایبەتی، مێژووی هاوبەش و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتوری بەو بیانووەی گوایە کورد ئابووری هاوبەشی نییە!! دەی کوردی دیل و دەستوو پێ لە زنجیر و دابەشکراوو سنوورە دەستکردەکان (دووکانی بەکر و چوار قاڵب صابوون) [٨٠] ئابووری هاوبەش چۆن دامەزرێنێت، ئەها توو ئەو قیبلەی مۆسکۆیە کە ئەگەر لەوێندەر باران بباریێت ئێوە لە کوردستان چەتر هەڵدەدەن!! سکرتێری پارتی، هەمزە عەبدوڵڵا بەمجۆرە دووازدە ساڵی رەبەق قوتابیان و لاوان و رووناکبیران و کرێکاران و جوتیاران و جەماوەری کوردی چەواشە کردبوو، نیشانەی سووری خستبووە سەر ووشەی کورد، کوردستان، کوردایەتی، سەربەخۆیی، شۆڕش.. ئەوانە بڤڤەن زیان بە یەکێتی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد دەگەیەنێت و بزوتنەوەی پڕۆلیتاریا لە ژووروی عێراق سست و لاواز و دوا دەخات!! دەی قورئان وەهەقت ئەمڕۆش چینی پرۆلیتار لە هیچ پارچەیەکی کوردستانی دابەشکراوو عێراقیشدا چینی نەرەخساو ناشرەخسێت، فرۆشیارێکی دەستگێڕ (گوایە پڕۆلیتارێکی چەوساوەیە) سێ چەندانە و چوار چەندانەی فەرمانبەرێکی میریی دەستدەکەوێت کە جەنابی سکرتێر بە چینی بورژوازی ناوەند ناویدەبرد، (کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە) کورد دەڵێت خوا دەلیلی داماوە، خوا و راستان بارزانی دووای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ لەگەڵ هەڤاڵانیدا دەگەڕێنەوە وڵات.

حەمە رەزا شای ئێران بەرامبەر لەشکری داگیرکاری سۆڤێت و بەریتانیا نەیدەتوانی لە پێستی خۆیدا بجوڵێتەوە بەرامبەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستانیش بەو لەشکرە بەزیوو بێورەیەوە جارێ

کارێکی لەدەست نەدەهات و هەتا کشانەوەی داگیرکاران لە ئێران، شا سەرکزو دڵ ووریا خۆیی مـاتکردبوو تەخت و تاجەکەی لە دەست نەچێت و لە هەلێکی گونجاودا بکەوێتەوە سەرپێ. کۆماری کوردستانیش وەك کۆمارێکی ساوا، لایەنی دەرەکیی، پەیوەندی بەردەوام و گـەرم بەتـەوریز و بـاکۆ، چالاکییەکانی صـەدری قازی وەك نوێنەری کۆمار لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە تاران لەلایەك و لەلایەنی ناوخۆشـەوە لەشـکرێکی مامناوەنـدی شـێوە عەشـایەری لـە ژێـر چـاودێری و مەشـق و راهێنـانی ئەفسـەرانی لیژنـەی ئازادیـدا رێکخستبوو، بارزانی مستەفا، موحەممەد حوسێن سـەیفی قـازی، حەمـە حوسـەین خـانی شـوکاك، حەمـە رەشید خان پلەی ژەنەراڵیان لە پێشەواوە پێدرابوو، سەرکردایەتی لەشکری کۆماری کوردستانیان دەکرد.

لەشکری کوردستان مووچەی مانگانـە و بـژێوی ژیـانی خێـزان و بـەرگ و پۆشـاکیان بـە رێـك و پێکـی وەردەگرت، کاروباری هاولاتیان بەرێوە دەچوو، هێمنی و ئاسایش باڵی بەسەر ناوچـەکانی ژێـر دەسـتەلاتی کۆماری کوردستاندا کێشابوو، لەولایەنەشەوە کەم و کورتی پێوە دیارنـەبوو، سـەرکردایەتیش دڵنیـا بـوون گروەیان بردۆتەوە و کوردستانی خۆرهەلات بـەئاوات گەیشـتوون و لـە چوارچـێوەی کۆمـارێکی دیمـوکراتی سەربەخۆدا هەنگا و بەرە و پێشکەوتن دەنێن و دۆسـتی زۆرمـان هەیـە وەك پێشـەوا لـە یەکـەمین وتـاردا رایگەیاند (ئەی جەماوەری کورد، بەچکە شێران سلاوتان لێ بیبێـت، ئـەو ئەرکـە گرنگـەی ئێـوە بـەمنتان سپاردووە، داوا لە خوای مەزن و ئێوە دەکەم یارمەتیم بدەن تاکو بتوانم هەتاسەر ئەم کارە بـۆ بەرژەوەنـدی میللەتەکەم بەرمەسەر و بەرامبەر بە ئێوە و خوای مەزن خەجاڵەت نەبم، دوژمنانی کورد گەلێك زۆرن،لـە هەر چوار پارچەی کوردستان یەکیان گرتووە و بەهەموو رێگەیەك بەرهەڵستیان لەو مافەکردووە و بەردەوام راپەرینەکانیان بەچەتەگەری پیشانداوە.. ئومێدەوارم بە پشتیوانی خوا، ئالای سەربەخۆیی و چرای ئـازادی لە هەرسێ پارچەکەی دیکەی کوردستاندا وەك مەهاباد هەڵدەکرێت و لەبەرزیدا دەشەکێتەوە)[٨١] .

بـەلام ئـەو خۆشـبینییەی پێشـەوا لـە بـەڵێن و پـەیمانی زارەکـی یـا سـەرزارەکییەوە سـەری هەڵـدابوو، بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتی یەکێتی سۆڤێتی لـە پشـتەوە نـەبوو، هـەنگاو هاویشـتن بـوو بـەرەو پێشـەوە لـە تونێلێکی تاریکدا لەوسەری ئەو سـەرەوە تروسـکاییەك بەدیـدەکرا و سـەرکردایەتی کۆمـاریش دووی ئـەو تروسـکاییە کـەوتبوون و کۆشـکی هیوایـان لەسـەر هەڵدەچـنی. (٢٣/٤/ ١٩٤٦ کۆمـاری ئازەربایجـان و کۆماری کوردستان وەك دوو دەوڵـەتی سـەربەخۆ پـەیمانی هاوکـاری سـەربازی و ئـابووری مۆردەکـەن)[٨٢]. هەرئەوەندەش لەتوانادا بوو، بارووودۆخەکە هەر ئەوەندەی بەبەرەوە بوو، بەلام هەلێکی مێژوویی بوو، هـەتا راپەرینە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردسـتان هـەلێکی وەهـا بـۆ کـورد نەهاتـە پێشـەوە. سەرەتای رزگاریکردنی مەهاباد و راپەرینی ١٩٩١ و رزگارکردنی زۆربەی شـارو شارۆچـکەکانی باشـوور و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و سەرکەوتنی راپەرینە مەزنەکەی باشوور لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە:

١- لە هەردوو رووداوەکە شیرازەی دەستەلاتی داگیرکار تێکچووبوو، ولات کەوتبووە دەست داگیرکـاری بێگانە و لەژێر ئەو پاڵەپەسـتۆیەدا هـەردوو رژێمـی شـای ئێـران و صـەددام حوسـەین پاشەکشـە بـەهێزی سەربازیی و دام و دەزگاکانی بەرێوەبەرایەتی دەکەن.

٢- کۆماری کوردستان لەژێر سایە و پارێزگاری هێزەکانی سۆڤێت لە ئێران و سەرکەوتنی راپەرینیش لە

باشوور و دامەزراندنی دەستەڵاتی بەرەی کوردستانی و دوواتر هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی کابینەی وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر سایە و پارێزگاری و پشتیوانی نێودەوڵەتی و چەکوشی ئامادەدا دژی صەددام دامەزران.

٣- هەردوو دەستەڵاتەکەی کورد لە خۆرهەڵات و باشوور دەستوبرد پاراستنی ناوچە رزگارکراوەکانیان بەهێزی سەربازی (پێشمەرگە) سپارد و دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاریان رێکخستەوە.

٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦ – ١٩٤٧ لە خۆرهەڵات و بەڕێوەبرایەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان ١٩٩١ بەسەرکەوتوویی کە بڕیاری مێژووە لە قۆناغێکی دیاریکراودا، لە گۆشە نیگای داگیرکارانی کوردستانەوە بەپلانی بێگانە دەژمێردرێن بۆ جیاکردنەوەی بەشێك لە وڵاتی ئێران و عێراق و مەترسی راستەقینەشی بۆسەر تورکیا هەیە، ئەگەر ئاگرەکەشی پێنەگات پریشکی بەردەکەوێت. داگیرکاران هەمیشە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردیان بەو جۆرە روانیوە تەنانەت نووسەرێکی ئێرانی – فارس وەك ئەبولحەسەن تەفرشیان لە کتێبەکەیدا (بارزانی خۆی بەدەست کەسەوە نادات) کە بەفارسی نووسیویەتی لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی بە شێوەیەکی بێلایەن بیرەوەرییەکانی خۆیی نووسیوەتەوە هەندێك جار تێدەکەوێت، جا بەهۆی کەم زانیارییەوە بێت یاخۆگێلکردن دەڵێت خێڵی بارزان یا بەشێکیان وەك هێز گەلێکی فێودالْ ژێر فەرمانی ئینگلیز بوون و بەپارە و پوول ( پێدان. ن.ك) و پۆستی بەڕێوەبەرایەتیی (وەرگرتن. ن.ك) و (دانانیان ن.ك) بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق وەك هێزێکی ئامادە لەپاڵ سوپادا (سوپای عێراق ن.ك) ئامادەیان کردوون بۆ بەرهەڵستکردنی هەر رووداوێکی کتووپڕ وەك بزوتنەوەکەی رەشید عالی گەیلانی ١٩٤١[٨٣]. ئەوەی راستی بێت بارزانی و ناوچەی بارزان شێخ نشین بوون بەڵام فیودالْ و دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی تێدا نەبوو، وەك مام هەژار دەڵێت: بەشە زەوی بەرهەمهێنەری شێخ لە مسکێن کەمتر بوو.

تەفرشیان زۆر بەهەڵەدا چووە، شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان ئەوەندە لە پارە و پوول دوور بوو نەیدەناسین و لەیەکتر جویێنەدەکردنەوە! لە سەرچاوە نەیارەکانیشدا نەك بەڵگە بۆچونیش نادۆزینەوە بیسەلمێنێت رۆژێك لە رۆژان بارزان ژێر فەرمانی هیچ داگیرکارێك بووبێت هەر لە تورکی عوسمانی و کەمالی و رووس و سۆڤێتەوە بۆ بەریتانیا و میریی عێراق و شای ئێران و بەهەموو تواناوە دژایەتی و بەرهەڵستی بێگانەیان کردووە هەرکیّ بووبێت. لە هەموو مێژووی بارزانیشدا هەتا ١٩٧٠ بارزانییەك مووچە خۆر و فەرمانبەری میریی نەبووە چجای ئەندام پەرلەمان. هەر لەو بوارەشدا نەجەف قولی پسیان نووسەری کتێبی (لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس) کە بە فارسی نوسیویەتی وادەزانێت بارزانی موستەفا دووای گەڕانەوەی لە ئێرانەوە بۆ عێراق بۆ پاراستنی خێزانەکان، دووای چەند مانگێك شەڕو پێکدادان لە گەڵ هێزەکانی عێراقدا، دووبارە سنووری عێراق – تورکیا دەبڕێت و لە نێو تورکیاوە دێتەوە ناو ئێران، نەجەف قولی پسیان تەنها بەوهۆیەوە کە بارزانی دەگەڕێتەوە ئێران، شای ئێرانیش بەرێکەوت لەوکاتەدا دێتە سەردانی ناوچەکە دەڵێت (گەڕانەوەی بارزانی هاوکاتبوو لەگەڵ گەشتەکەی شای ئێراندا بۆ خووی، ورمیّ، دەستی هەندێك لایەنی بیانی تێدا بوو)[٨٤] . بەرامبەر شۆڕەکانی کورد بە گشتی بەسەرکردایەتی

شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، شۆڕشەکانی بارزان، راپەڕینی سمکر، کۆماری مهاباد، ئێران قەوانێکی لێدەدا کە (سەربزێوی کوردەکان) پلانی عوسمانی، کەمالی بەریتانیا، رووسیایە. بەریتانیا و میریی عێراقیش ئاوازێکیان دەخوێند، نەخێر جموجۆڵی کورد بەپەنجەی عوسمانییەکان، رووسیایە، لەپاڵ ئەوەشدا هەر هەموویان کەم و زۆر دەستیان گەیشتە سەرۆك هۆزەکان و چوونە بن کلێشەیانەوە بەتایبەتیش ئەوانەی روو لە کوردایەتی نەبوون یا روو لە کوردایەتی بوون، بەڵام لەسەرەوە جێگەیان نەدەبووەوە و لە خواریشەوە دانەدەنیشتن و دەیانویست ئەگەر کورد بجولێت دەبێت لە ژێر سەرکردایەتی خۆیاندا بێت. دەزگاکانی سیخوڕی و هەواڵگری ئێران پەیوەندییان لەگەڵ هەندێك لەوانەدا گرێدابوو، وەك حەمە رەشید خان فەرماندەی بەرەی سەقز — لەشکری کۆماری کوردستان، ئاڵوگۆڕی نامەیان لە نێواندا بوو، سەرکردایەتیش بێئاگا نەبوو، گومانیان لەسەر پەیدا کردبوو، چاودێری بەردەوامیان خستەسەر و بەڵگەی حاشا هەڵنەگریان کەوتەدەست کە ناپاکی لە کۆمار دەکات بەڵام نەیانزانی لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە بەریتانیا و میریی عێراقیشەوە هەیە.

حەمە رەشید خان جگە لەوەی سەرۆك هۆزێکی بەدەستەڵات و چەکدارێکی زۆری بەدوواوە بوو یەکێك بوو لەو چوار پێشەوایەی قازی موحەممەد پلەی ژەنەراڵی پێدابوون لە لەشکری کۆماردا و سەرکردا یەتی کۆمار (هێزی بارزانییەکان کە لە سێ لقدا رێکخرابوون دەخاتە ژێر فەرماندەیی حەمە رەشید خان کە شیاوی ئەوە نەبوو، جگە لەوەی هەر خەریکی پارە و پوول پەیداکردن و روتاندنەوەی دانیشتوان و بێگاربوو، حەمەد ئاغای عەبباسی کە چەند مانگێك خۆی و چەکدارەکانی بەخێو دەکرد، لە پاداشتدا دەرپەراند بۆ سەقز و بایی یەك ملیۆن تمەن توتن و دانەوێڵەیی فرۆشت و بەتەنها خواردی)[٨٥]. ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی کە هێزی بارزانیان لەژێر فەرماندەیی حەمە رەشید خان دابێت بڕیارێکی نادووست بوو، بەڵام بۆچەند مەبەستێك بوو.. هێزی بارزانیان و دەستەڵاتی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی لە مەنگە نەبدات و بارزانی و حەمە رەشید خان بکەونە بازنەی ململانی و ناحەزییەوە و هەریەکەیان بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن پتر خۆی بە پێشەواوە ببەستێت، هەر ئەوەش یەکێك بوو لە هۆیەکانی ئەو ساردییەی نێوان پێشەوا و بارزانیان.. لەوەشدا بارزانی ناهەقی نەبوو، بەهەموو پێوانەیەك و لەهەموو روویەکەوە نەك هەنگاو بە قۆناغ لە پێش حەمە رەشید خانەوە بوو، مێژووی بنەماڵە و هۆزەکەیان، راپەڕین و قوربانیدان، زیندانی و دەربەدەری، توانا و لێهاتوویی سەربازی و بەرێوەبردنی شەڕ.. کەچی جەنگاوەرە بارزانییەکان لە سەرکردەی خۆیان دوور بخرێنەوە و بخرێنە ژێر فەرماندەیی حمە رەشید خانەوە، لەم لا و ئەولاش دەبیسترێت و نووسینیش هەیە کە بارزانیەکان هەر لە سەرەتای پەیوەندیکردنیانەوە بە کۆماری کوردستانەوە هەتا ماوەیەك هیچ یارمەتییەکی خێزانەکانیان نەدەدرا، گومانیش لەوەدا نییە پێشەوا جۆرە وورياییەکی بەرامبەر ٥٠٠ — ٦٠٠ پێشمەرگەی بەدیسپلین و گیان لە سەردەست و چاوەڕوانی ئەنجامدانی هەر فرمانێکی سەروو خۆیان بێ چەند و چوون بەتایبەتیش گەر فەرمانی خودانی بارزان، مستۆ، شێخ موحەممەد صدیق و شێخ بابۆ بێت، هەرکات بیانەوێت دەتوانن بەرەکەی لە ژێرپێ دەربهێنن بەتایبەتیش کە پێشەوا خاوەن هۆزو چەکداری تایبەتی خۆی نەبوو، دوواتر پێشەوا هەستدەکات ئەو دڵەڕاوکە و

دڵنیانەبوونەی لە جێگەی خۆیدا نەبووە، بارزانیان هەر بە دڵسۆزی مانەوە و ململانێی مەردانەشیان لەگەڵ حەمە رەشید خان دەکرد بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەتەوقی سەریشدا دایان بەزەویدا.. ئـەوەش بەڵگەیـەکی دیکەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی پەیوەندی بارزانی بە ئینگلیزەوە. دوو بـەکرێگیراوی لایـەنێکی وەك بـەریتانیا پێویستە دۆست و هاوکاربن نەك نەیار و ناحەزی یەکتر، بارزانی گەر پەیوەندی بە بەریتانیاوە بووایە حەمە رەشید خانی دۆستی ئەوانی هەڵنەدەکەند بەڵکو بە جوتە لە پشت پێشەواوە هەزار کەینوبـەینیان لـە دژی دەکرد بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا، بەوەی چاکە مێژوو چاوو بیری تیژن و راستییەکانی لێ وون نابێت. پێشەوا قازی موحەممەد لە ماڵی خۆیدا بە ئامادەبوونی کازم عەلییڤ، موحەممەد حوسەین خان ئامۆزای پێشەوا و نانەوازەوە بە پێشڕەو رائید بەکر عەبدولکەریم دەڵێت (مەلا موستەفا نازی لە سەر هەموو کوردێك هەیـە و خۆشەویسـتی هەمووەمانـە و جێـی رێـزی هـەموو کـوردێکی بەشـەرەف و دڵسـۆزە، صـاڵەهای صـاڵە بەربـەرەکانی دوژمنـانی کـورد دەکـات.. لـەم رێگەیـەدا گیـانی خـۆی و هۆزەکـەی خسـتۆتە مەترسـی و دەردەسەرییەوە، چەندەها شەهیدی داوە و کۆڵی نەداوە.. بەڵام وەك بیستومانە لەم چەند رۆژەی دوواییـدا کەمێك دڵگران و نیگەرانبووە، وەك ئێمە بزانین یەکێکی خـائن دڵـی مـەلا موسـتەفای لـێ رەنجانـدووین، هەرچەند شتێکی وا رووینەداوە زویر بێت، دڵی لە کێ دەرەنجێ؟ ئێمە ئەو بەخاوەنی هەموو شـت دەزانـین، ئەو ئێستە پێشڕەوی خەباتی کورد و برای ئازیزمانە، نابێ بە قسەی پیاوی خراپ لە ئێمە دڵتـەنگ بێـت، پێمان خۆشە ئەو خائینە لای خۆی نەهێڵێت.. جارێ ٧٠٠ تفەنگ بۆ بارزانییەکان وەربگرن، دەمانەوێت بۆ یەکەم جار هێزێکی نیزامی لە بارزانییەکان پێك بهێنین ببنە بناغە و هێزی کۆماری کوردستان.. قسەکان و سلاوی پێشەوام بەبارزانی گەیانـد لەوەڵامـدا وتـی: بـارزانی لـە ژێـر فـەرمانی ئەودایـە و ئامادەیـە بـۆ جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێك)(٨٦) لەورووەوە کە ئاخۆ کێشەو ناکۆکی لەنێوان پێشەوا قازی موحەممـەد و بارزانیدا هەبووبێت، جەلیل گادانی دەڵێت: ( لەبەینی پێشەواو مـەلا مسـتەفادا، نـەك تـەنیا نـاکووکی جدی نەبووە، لەوانە ناکۆکی بەسیت لەحاڵێکیشدا هەبێت بەڵام هیچ ناکۆکییەکی جـدی نـەبوو، بەڵگەشـم ئەوەیە کاتی خۆی لەئاخر رۆژەکاندا مەلامستەفا داوای لەپێشەواکردووە کـەوەك پێشـمەرگەیەك لەگەڵیـدا بمێنێتەوە بەوشەرتەی لەگەڵیدابچێتە دەرەوە، لەلایەکی ترەوە وەك دەڵێن پێشەوا پەرچـەمی( ئاڵـا . ن . ك .) کوردستانی داوە بە مەلا مستەفا و پێی وتوە تـەنها تـۆ دەبـی بەپەرچـەمداری ( ئاڵـا هـەڵگری ) ئـەو حەرەکەتە .) لە بوارێکی دیکەی کۆماری کورردستاندا دەڵێت: ( ئەو کۆمـارە لەگـەڵ ئـەوەی کۆمـارێکی ساوابوو، بێ دەرانترین حکومەتی دنیابووە بەڵام ئەوەی بۆی کراوە کردوویەتی:

- بەرەسمییەت ناسینی زمانی کوردی .
- هێنانە ئارای چاپەمەنی بەزمانی کوردی و دانانی چاپخانەی کوردستان .
- بۆیەکەم جار لەکوردستان کردنی مەکتەبی فارسی بە زمانی کوردی .
- خوێندنی بەزۆر بۆهەموو مندالێك لە منتەقەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا .
- نەهێشتنی سواڵکەر لەشارەکانی کوردستان و دانانی فەقیرخانەیەك و سەرپەرشتی کردنیان .
- سازکردنی یەکێتی لاوان و پێکهێنانی یەکێتی ژنان،جگە لە پێکهێنانی سـوپایەکی میللـی بـۆ یەکـەم

جاروهێنانەئارای وشەی پێشمەرگە. )
مەلا رەسووڵی پێشنمازیش ( لەزمانی باوکییەوە و ئەویش لە زمانی حەمیدی گەوهەرییەوە: ئەو دەنگۆیە بڵاو بووەوە گوایە ئەرتەشی ئێران دێتە مەهاباد و دەیگرێتەوە، ئێمە روومان لەلای قازی محەمەد کرد، وەختێك کەچووین جەماعەتێکی تر لە دەوری بوون کە تەگبیریان لەوە دەکرد چ بکەن و چ نەکەن، مقاوەمەت دەبێ یا نابێ .لەپڕ لەحەوشەراهاتن وونیان جەنابی مەلا مستەفا هات، قازی محەمەد بۆخۆی دەچێت بە پیلیەوە و پێشوازی لێ کردوهات دانیشت . مەلا مستەفا زۆر بە جدی داوا لە پێشەوا دەکاو دەڵێ ئێمە بۆئەوە هاتووین وەزعەکە خراپە و حەجەم دێن ئێرە دەگرن، ئێوەش نابێ بە هیچ شێوەیەك باوەر بە حەجەم بکەن، درۆزن و بێبەڵێنن، لە کۆنەوە هەرچی کردوویانە هەر بە فێڵ بووە، ئێستا ئەگەر دەتوانی بێی لەگەڵ ئێمە، من وەعدت پێدەدەم تا من هەم و ئەتۆ هەی، من وەك پێشمەرگەیەك و تۆش وەك قازی محەمەد ناوبانگت دەبێ و دەتوانین لەبارەی سیاسییەوە کارێك بۆکورد بکەین . ماوەی سەعاتێك وتووێژیان کرد، پێشەوا دەلیلەکانی ئەوەبوو ئەمن وەعدم بەخەڵکی خۆم داوە، ئەو شتە بەناوی من پەیدابوەو دەبێ بەخوێنی منیش بکۆژێتەوە، دەنا ئەمن لەئێوە زیاتر دەزانم و باوەڕم بە هیچ شێوەیەك بەحەجەم نیە .)
خالێکی دیکەش کەعیرفانی قانیع فەرد شێواندوویەتی، گوایە بارزانی بە ئولسنی وتووە " قازی محەمەد پیاوێکی ترسنۆکب بووە " عەلی قازی( کوڕی رەش ) کوڕی پێشەوا بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە: ( ئەو دەنگەی عیرفان قانیع فەرد باسی لێوەدەکات گوایە دەنگی مەلامستەفایەو بەئولسنی وتووە" قازی مەحەمەد پساوێکی ترسنوك بووە " سەدان بەڵگەی باوەر پێکراو هەیە کەپێوەندی برایانەی نێوان پێشەواوبارزانی پێشان دەدەن، تەنانەت هێشتا کەسانێك لەژیانداماون کەشاهیدی ئەو پەیوەندییە بوون، هەرگیز رێی تێناچێت بارزانی بەوجۆرە لەسەر بارزانی بدوێت . ) بڕوانە کتێبی بەرگریکردن لەمێژووی نەتەوەیەك، بۆئەوەی راستییەکان نەشێوین، هەولێر ٢٠١٠ ل. ٣٤ و ٣٦ و ٣٧ .
دوای ئەوەی بەڵگەی سەلمێنەر دژی حەمە رەشید خان کەوتە دەست سەرکردایەتی، پێشەوا بەبەردێك دوو نیشان دەپێکێت،کەسێك لە پلەیەکی باڵای سەرکردایەتیی لەشکردا دووربخاتەوە و دڵنەوایی بارزانیش بکات، بۆیە بڕیار دەدات وورده وورده ئاو بکاتە ژێر حەمە رەشید خان و ئەرکەکەش بەهۆی بارزانی مستەفاوە ئەنجام بدات، هەر لەو دانیشتنەی ماڵی پێشەوادا بەکر عەبدلکەریم نهێنییەکی بۆ ئاشکرا دەبێت، لەو رووەوە دەڵێت: (وەك تێگەیشتم متمانەیان بە حەمە رەشید خان نەبوو، دەیانویست بارزانی بنێرنە نێوچەی سەقز بەڵام نەیدەزانی ئەو ناپاکە کێیە پێشەوا حەزدەکات بارزانی دووری بخاتەوە، کە پرسیار لە بارزانی دەکات دەڵێت: (پێشەوا مەبەستی لە هەمزە عەبدوڵڵایە، ئێمەش تاقیدەکەینەوە. دووای دوو رۆژێکیش بارزانی هەمزەی رەوانەی کوردستانی عێراق کردەوە و تفەنگێکیشی دایێ بۆ خەرجی رێگە بیفرۆشێت)[٨٧] . بارزانیش لای خۆیەوە بە تیرێك دوونیشان دەپێکێت، بە پێشەوا دەسەلمێنێت سەرکردەیەکە فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکات لەهەمان کاتیشدا هەمزە عەبدوڵڵای بۆ ئەوە ناردبۆوە باشوور خەریکی زەمینە خۆشکردنی دامەزراندنی پارتێکی رامیاریی سەربەخۆ بێت بۆ پێشڕەویکردنی خەباتی جەماوەریی کوردی باشوور، هەوڵەکەش سەریگرت و ١٩٤٦/٨/١٦ پارتی دیموکراتی کوردستان

دامەزرا کە دوواتر لەسەر بڕیاری کۆنگرەی دووەم کە لە کەرکوك بەسترا ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان. دووای ئەو هەنگاوەی بارزانی و دوورخستنەوەی هەمزە عەبدوڵڵا کە زۆر بەدڵی پێشەوا بوو، پێشەواش هەنگاوی خۆی دەنێت کە بەدڵی بارزانی بێت، فەرمان دەدات بەتالوێنێك بارزانی ئامادە بکرێت لە جێگەی حەمە رەشید خان بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی ئەو ئەنجامی نەدابوو، نامەیەکیشی بۆ دەنێرێت بەراشکاوی رەخنە و گازندەی خۆی تێدا نووسیبوو کە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا چەند کەمتەرخەمە (جگە لە هێزی بارزانی (١٨٠٠ چەکداری. ن.ك) شوکاکتان لەگەڵدایە و چەند مانگێکە نەیانتوانیووە زیانێك بە بنکەی دوژمن بگەیەنن، بەلای کەمەوە رێگەتان نەدایە ئازووقەیان بۆ بچێت)[٨٨] حەمە رەشید ترسێکی لە لەشکری چواری ئێران بەسەرکردایەتی هومایونی نەبوو کە ژێر بەژێر پەیوەندییان دامەزراندبوو (حەمە رەشید خان دیاربوو گەلێك لە دوژمن دڵنیا بوو)[٨٩]. سێ لقەکەی بارزانیان بەفەرمانی پێشەوا دێتەوە ژێر فەرماندەیی بارزانی مستەفا (ئەویش (٣٠٠) چەکداری بارزانی بەسەر سێ لقدا دابەش دەکات:

لقی یەك لەژێر سەرکردایەتی رائید بەکر بۆ هەرێمی سەقز بەلای قاراواو سەرچاوە.

لقی دوو بەسەرکردایەتی موستەفا خۆشناو لە رێگەی سەقزەوە بۆ ئاخکەندە و دەوروبەری.

لقی سێ بەسەرکردایەتی میرحاج لە سنووری لقی دووەوە، ئاڵتوونی ژوروو دەوروبەری..

لە یەکەمین شەڕدا لەگەڵ هەنگێك (لیوایەك سەرباز)ی ئێراندا زیانی دوژمن پتر لە ١٠٠ کوژراو، (٤٢) دیل، دەستکەویش مەخفەری پۆلیسی گوندی ئاڵتوون بوو پڕ لە چەك و ئازووقە: (١٦٠) تفەنگی برنە و (١٤) گولە (مەبەستی گوللەی تۆپ یا هاوەنە. ن.ك)، تەلەفۆنێك، بێتەلێك، ٣ میل تەلی تەلەفون، (٤) رەشاشی برنە و (گوللە پرژین ن.ك) دوو ئەسپ، فیشەك و بەتانی و کەلوپەلێکی زۆر، زیانی کورد نەکوژراو نەبریندار)[٩٠]، ئەو یەکەمین شەڕە بەشەڕی مامەش ناسراوە و لقی دوو بەسەرکردایەتی مستەفا خۆشناو کردی (لقەکەی موستەفا خۆشناو لە شەڕی مامەش دوژمن بەسەر شۆڕی بەرەو سەقز دەگێڕنەوە، دووای سێ رۆژ سەرهەنگ فەیرۆزی و فەرماندەی لەشکری کوردستان (لەشکری چوار) هومایۆنی هاتنە مەهاباد بۆ وەرگرتنەوەی دیلەکانیان)[٩١].

بارزانی مستەفا زەمینەی دوورخستنەوەی حەمە رەشید خانی لەبەردەمدا تەختبوو، بڕیاری سەرۆك کۆماری کوردستان بەسەر هەر سەرۆك هۆزێکدا بسەپێنێت یاری بە چارەنووسی کورد و خوێنی شەهیدان بکات، هەنگاو بەهەنگاو سەرۆك هۆزێکی وەك حەمە رەشیدخان لەبارزانی پتر تفەنگی لە دوواوە بوو لە پلەی ژەنەراڵ و فەرماندەی لەشکری بەرەی سەقزەوە بێنێتە سەر هیچ و کۆتایی بەدەستەڵاتی بێنێت لە کۆمار و لەناوچەکەشدا و کۆتایی بەو گەمەیە بهێنێت و دووایەردەی ئەو شانۆگەرییە دابداتەوە کە حەمەرەشیدخان و کاربەدەستانی تاران و بەغدا و لەندەن بەریشی پێشەوا پێدەکەنن. بارزانی دەچێتە بارەگای حەمە رەشیدخان لەبەرەی سەقز، پێشڕەو بەکر (رائید بەکر حەویزی) ش هەر بەئەنقەست لەگەڵ خۆیدا دەبات کە خان زۆر رقی لێدەبۆوە و دەڵێت (وا کاك بەکرم هێناوە هێزەکەی بهێنێت بۆ لابردنی ئەو پورگەیەی دوژمن.. حەمەرەشید خان رەنگی زەرد هەڵگەڕاو تەماشایەکی منی کرد (تەماشای بەکر

حەوێزی ن.ك) وتی بانەییش لە بارزانی (لەبارزانییەكان ن.ك) نارەشید تر نین، هەموو ئازا و چالاكن، خۆشم بۆ ئەم كارە هاتوومەتە ئێرە و پەیمانتان دەدەمێ ئەو بنكەیەی دوژمن بگرم، پێویست ناكات بەرزانییەكان بەو ئەركە هەستن. بەرزانی لەوەڵامدا وتی: هەموومان سەربازی كوردستانین و هیچ جیاوازییەك لە نێوانماندا نییە، هەركەس لە توانایدا بێت كارێك بۆ بەرژەوەندی كوردستان ئەنجام بدات ئێمە سوپاسی دەكەین، ئێستەش مادام جەنابت دەتەوێ ئەم كارە بەجێ بێنی، زۆر پیرۆزە و چیترمان گەرەك نییە، بەڵام با هەرسێكمان پلانێك بۆ گرتنی ئەم بنكەیە دابنێین، ئەمشەو ئێمە لێرەین، فەرموو جەنابی خان بنێرە بەشوێن چەكدارەكانتا بچنە ئەو جێگەیەی بەپێی ئەم پیلانە دیاریكراوە[٩٢] حەمە رەشیدخانی بانە لە هەموو ژیانیدا تووشی وەها هەڵوێستێك نەبووبوو، كەسێك ئاوها لە رویدا بوەستێت و شەرمەزاری بكات، ئەوە بۆ خان زۆر زۆر بوو، بەڵام بارزانی مستەفا وەك هەموو كەسێك نییە، وتەكانی كە دەیدات بە رووی خاندا بەسەنگ و تەرازوو دەیكێشان، تۆ هەروا سەرنج بدە (هەركەس لە توانایدا بێت) واتا تۆ لە تواناتدا نییە، (ئێمە سوپاسی دەكەین)، وەك فەرماندەیەك دەدوێت لە سەروو ئەوەوە نەك هەردووكیان پلەی ژەنەراڵیان هەیە، ( ئێستە ش مادام جەنابت دەتەوێ) مانای هەتا ئێستا نەتویستووە، (چیترمان گەرەك نییە) ئەوە دەگەیەنێت خان لەژێر فەرمانی ئەودایە و پێویستە ئەوە بكات ئەو گەرەكییەتی: (فەرموو جەنابی خان) فەرمانێكی راستەوخۆیە بەسووكایەتییەوە، (هەرسێكمان پلانێك دابنێین) بەكر حەوێزی دەخاتە پلەو هاوشانی خان كە نەك بەكر حەوێزی بارزانیش بەهاوشانی خۆی نازانێت، بەڵام ئەوە شوڵكێكی تەڕبوو سەری كەپووی تەزاند، هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە شوڵكی وەها بە ئازاری بەركەوێت، بارزانی وەك لەگەڵ دوو ئەفسەری لەشكری كۆماردا بدوێت و فەرمانیان بۆ دەربكات، حەمەرەشیدخان و بەكرحەوێزی دەدواند، خانیش كەم زۆرزان نەبوو، دەیزانی كوێی دێشێت، بارزانی پتر پێدادەگرێت و زۆر بۆخان دەهێنێت خۆی بناسێت و كێش و قەوارەی راستەقینەی خۆی بزانێت و ئەوەش دەدات بەڕوویدا ئاگاداری پەیوەندییەكانیشی هەن بە لەشكری چواری دوژمنەوە و نامەكەی هومایونی بۆی ناردووە و وەڵامناكەی خانیش لەبەردەستدان،بۆیە بارزانی پێی دەڵێت (دوریش نییە دوژمن لە هاتنی ئێمە بۆ ئێرە ئاگادار بكرێ و لە مەبەستی ئەم هاتنەشمان تێبگات)[٩٣] ئەوانەی سەركردایەتی كۆمار گومانی لێدەركردن هەر ئەو نەبوو، بەڵام سەركردایەتی نەیدەویست بیانكوژێت و هۆزەكانیان بكاتە دوژمن و بەئاشكرا بچنە ریزی دوژمنەوە بەڵكو دەیویست یەكەبەیەكە لەبواردا بیانگرێت ولەقافدا تاوانبالریان بكات ..... .

(حەمە ئاغای بایز پاشا و هەمزە ئاغا و دوانی دیكەش كە هەموویان پلەی ئەفسەریان هەبوو گومانیان لێدەكرا.. عەولا ئاغای برای و ٦٠ چەكدار هەڵدێن بۆ قەلادزێ)[٩٤] مورتەزای زەربەخت نووسەری كتێبی لە كوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس نووسیوێتی (حەمە رەشید خانی قادر خان زادە لە سەر خواستی ئینگلیز، سوپای كوردستانی بەجێ هێلا و چووەوە بۆ عێراق)[٩٥] و شانگۆڕییەكە گەیشتە كۆتایی و ئەوانەش بەو هەڵوێستە گومانی تاوانیان خستە ئەستۆی خۆیان،هەرچەند بەپێی یاسای دادوەریش تاوانبار بێتاوانە هەتا بەبەڵگە دەسەلمێنرێت و لەبارو دۆخی ئاوهادا گومانلێكراویش قسەی خۆی هەیە.

## شەڕو پێکدادانەکانی نێوان کۆمار و ئێران

ئەو رووبەڕووبوونەوانەی ئەو ماوەیە لە نێوان کۆماری کوردستان و هێزەکانی ئێراندا روویاندا، شەڕی مامەش، شەڕی گوجار، مامەشی دووەم، شەڕەکەی جەژنی قوربان، شەڕی مەکلاوە، شەڕی نەلومی، شەڕی ساکۆکانی لەنجی، لەوشەڕەی دووایدا فەوجێکی ئێران بە (٣٢) ئەفسەرەوە بە دیل گیران، عەلی ئاغا و ئامۆزاکانیشی لەو خانوەدا گیران (کاتی خۆی سمایل ئاغای شوکاکی تێدا شەهید کرا) هۆزەکانی ناوچەکەش هەندێکیان لە روانگەی کوردایەتی و هەندێکیان لە ترساندا نەیاندەتووانی سەرپێچی بکەن دژی کۆماری کوردستان ئەگینا نابوت و سووك و ریسوا دەکران.

### سەرەتای هەرەسی کۆمار

لەشکری ئێران لەو شەڕانەی سەرەوەدا، زیانی زۆریان بەرکەوتبوو، زۆریشیان بەدیلی کەوتبوونە دەست پێشمەرگەی کوردستان، سەربازەکان ئازاد دەکران و ئەفسەرەکان دەهێڵرانەوە، لەشکری چواری دوژمن پەیوەندی بە کۆمارەوە نەپچڕاندبوو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆماری کوردستان، تاران دوو ئەفسەری پایە بڵند، سەرلەشکر ئایروم و سەرگورد کیشاوەرزی دەنێرێت بۆ گفتوگۆ[٩٦]، لە گوندی کولتی لەگەڵ نوێنەری مەهاباد بەکر حەویزی کۆدەبنەوە (ئایروم سەرەتا دەڵێت ئێمە وەك دوودۆست (وەك دوولایەنی دۆست، چونکە سێ کەسن .ن.ك) ئێستە لەگەڵ یەك دانیشتووین چونکە حکومەتی شاهنشا،دانی بە خوودمختاریەکی کۆنفدرالی ناوە)[٩٧] بەکر حەویزی لەوەندە پتر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و ئەنجامەکەی بەدەستەوە نادات چونکە هاوکات پێشەوا هەواڵی هەرەسی کۆماری ئازەربایجانی پێدەگات و یەکسەر بڕیاردەدات پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ببڕێت.. ئەو خودموختارییەی شای ئێرانیش گوایە دانی پێداناوە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە شای ئێران نەك ئۆتۆنۆمی،دانی بە سادەترین مافی کوردا نەناوە کەمو زۆر شتێك لەو رووەوە لە ئارادا نەبووە بەڵکو لەگەڵ ستالین سەرگەرمی سەوداو مامەڵە بوو نەوت بگۆڕێتەوە بە رووخاندنی هەردوو کۆمارەکە و تاساندنی دەنگی کورد و ئازەر، نەوت بەکورد، نەوت بە ئازەر لە سەرکێشی ترێ بە گەنم هەربووە، زۆر لە پیش یاسای نەوت بە خۆراکەوە، بە پێی ئەو سەودا و مامەڵەیە شا نەوت بە ستالین بدات، ئەویش لە بەرامبەردا بڕیاری پووکاندنەوەی هەردوو کۆمارەکە بدات و هەردوو گەلی کورد و ئازەر بفرۆشێت بە مافی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی ئێران بەرێژەی ٥١٪ بۆ سۆڤێت و ٤٩٪ بۆ ئێران، سەرۆك وەزیرانی ئێران قەوام سەڵتەنەت لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ چیکۆف نوێنەری ستالیندا، رامیارێکی زۆرزان و بەئەزموون، دیپلۆماتکارێکی وریا لە دانوساندندا، دەیزانی چۆن بەرامبەرەکەی دەهێنێتە ژێر بار بۆ رێککەوتن، دەیزانی چی دەوێت و چۆن لە بەرامبەرەکەیی وەردەگرێت، صابوون لە پێی ستالین دەدات و پەیمانی دەست کێشانەوە و هاریکارینەکردنی هەردوو کۆمارەکەی پێ مۆردەکات، تاران پشت بەو رێککەوتنە بروسکەیەك بۆ جەعفەر پێشەوەری سەرۆك کۆماری ئازەربایجان دەنێرێت: ( هێزی شاهنشا دێتە تەورێز بۆسەر پەرشتی کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، تا رێ لە

هەموو فرت و فێڵ و کەم و کورتییەکانی هەڵبژاردنەکە بگرێت، بۆیە نابێت بەرهەڵستی بکرێت، پێشەوەریش لە وەڵامدا نووسیبووی، بەگوێرەی ئەو پەیمانەی لەسەری ڕێکەوتووین لە شکری ئازەربایجان بەلەشکری ئێران دادەنرێت بۆیە پێویست بە ناردنی لەشکری ئێران ناکات بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، لە شکری ئازەربایجان دەتوانێت بێ هیچ لایەنگیری کردنێك سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنەی نێو خۆی بکات) شای ئێران بە پشتیوانی ستالین لەلایەك و لەولاشەوە چەند وەزیر و گەورە بەرپرسی ئازەربایجانی کڕیبوو، ئەوانە ئامادەبوون دووای پێشڕەویکردنی لەشکری شا بەرە و تەورێز ئەوانیش لە ناوەوە بکەونە کار و دەستبەسەر کۆماردا بگرن و وەك مەلی بێ پەڕوباڵ بەچەقۆیەکی کول سەریببڕن.

## هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربا یجان ـ تەورێز

پلانی فرۆشتنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە نەوت لە نێوان سۆڤێت و ئێراندا چۆن لەسەر کاغەز کێشرابوو، ١٩٤٦/١٢/١١ لە پراکتیکیشدا لەسەر زەوی بەووردی ئەنجامدرا.

تەورێز لە ڕووی ژمارەوە چەندانەی هێزی مەهاباد و لە ڕووی چەك و تەقەمەنیی و پێداویستییەکانیشەوە مەهاباد لە تەورێزی وەردەگرت جگە لەوەی پارتی کۆمۆنیستی ئێرانیش (توودە) بە بڕیاری ستالین بە هەموو توانایەوە تێکەڵ بە ئازەربایجان بووبوون، لەبەرامبەر لەشکری ئێراندا بەرەنگارییەکی ئەوتۆیان نەکرد، سەرۆك کۆمارە لوت بەرزە بەکەش و فشەکەی تەورێز (جەعفەر پیشەوەری و سەرلەشکر غولام یەحیاو (١٥٠٠) سەربازو ئەفسەر هەڵاتن بەرەو باکۆ) پێتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی وپاشماوەی لەشکر وگەلی ئازەریان وەك مەڕی بێ شوان بۆ کەڵبەی تیژی گورك جێهێشت.مامۆستا سەعید ناکام لەبیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە ٦٥ دەڵێت:(بەپێی پەیمانی یالتا، هاوپەیمانان بڕیاریاندا دووای شەڕ لە ئێران بکشێنەوە وسنوورەکانی بپارێزن.سەیر لە وەدابوو کە سۆڤێت کشانەوە کە زۆریان لێ قەزابوو، تۆپەشکاوێك یا لۆریە شەقوشڕێکیان جێنەهێشت(بۆکۆماری مەهاباد.ن.ك) بەڵام لە تەورێز هەمووتۆپ وتانك ولۆری و تفەنگ و شەستتیر وتەنانەت خێوەت وجل وبەرگیشیان بۆ ئازەرییەکان جێهێشت .)

وەزیر و کاربەدەستە بەکرێگیراوەکانی شا، دەستیان بەسەر کۆماردا گرت و هاوڕێ وڵات پارێزەرەکانیش کە هەڵنەهاتن و نەچوونە پاڵ بەکرێگیراوەکانیش وەك (سەرهەنگ عەزیمی لە سێدارە دران)[٩٧] و بەشێکیشیان پەیوەندی دەکەن بە کۆماری کوردستان یا ڕاستتر وایە بڵێم بە هێزی بارزانییەکانەوە، کەوتنی تەورێز کتوپڕ بوو، بەتایبەتیش بۆ مەهاباد کە پێشەوا پێشوەخت هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نەبوو، تەفرشیان دەڵێت قازی موحەممەد بە هاوڵاتی ئێمەی گوتبوو، (مەبەستی لە ئەفسەرە هەڵهاتووەکانی تەورێزە بۆ مەهاباد) (پێشەوەری تەلەفونی بۆ کردم و گوتی ئەوا من چووم و ئەتۆش وەرە، بەڵام من ناتوانم وەك پیشەوەری گەلەکەم بەرەڵڵا بکەم و بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆم گەلەکەم بە خوا بسپێرم، پێ لە مەهاباد بەرمەدەرەوە گەلەکەم بەردەبنە گیانی یەکتر بۆیە ناچارم هەر لەمەهاباد بمێنمەوە هەتا سوپا دێ و دەستەڵاتی نوێ دەچەسپێ ئەگەر لە داریش بدرێم)[٩٨] .

موحەمەد حوسەین سەیفی قازی لە تەوریز بوو، بۆ وتوویژ لەسەر پەیمانی هاوکاری، صەدری قازی وەك نوێنەری کۆمار لە پەرلەمان بوو لە تاران، سەرلەشکر ئایروم، سەرگورد کیشاوەرزی هاتبوونە مەهاباد بۆ گفتوگۆ، باروودۆخ لە تەوریز و مەهاباد ئاسایی بوو، کتوپڕ باقرۆڤ بڕیاری مۆسکۆ بە پیشەوەری دەدات (تەوریز چۆڵکەن بۆ لەشکری ئێران، پیشەوەری لە چەند کاتژمێرێکدا رادەکات بۆ باکۆ و لە دوواکاتەکاندا پێشەوا ئاگادار دەکات (من رۆیشتم تۆش وەرە بۆ باکۆ) پێشەوا نامەیەك بۆ بەکر حەوێزی دەنێرێت (تەوریز خیانەتی لێکرا، جەعفەر پیشەوەری و غولام یەحیا رۆیشتن بۆ رووسیا، پەیوەندی لەگەڵ دوژمن ببڕە و یەکێك لە جێی خۆت دابنێ و بەرە و مەهاباد بگەڕێوە تا چارەیەکی وەزعی خۆمان بکەین)[99] شایانی وتنە پیشەوەری لە دڵسۆزییەوە نەبوو پێشەوای ئاگادارکرد، ئەگەر پێشەواش وەك ئەو کلکی مۆسکۆ بووایە هەڵبەت فەرمانێکیان بۆ ئەویش دەردەکرد، چۆڵیکە و راکە! دەمەدەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رووداوەکان چۆن تیژ تێدەپەڕین، بەرلە گرتنی مەهابادیش رووداوەکان بەهەمان خێرایی تیژ تێدەپەڕین، لە هەردوو رووداوەکەشدا کۆماری کوردستان دامەزراندنێکی سپی و هەرەسێکی سپی بوو، خوێنی تێدا نەڕژا هەتا ١٩٤٧/٣/٣١ و لە سیدارەدانی پێشەواو هەڤاڵەکانی.

دوا بەدووای گرتنی تەوریز لە ١٢/١١/ ١٩٤٦ دا و گەڕانەوەی دامودەزگای شای ئێران، فەرماندەی لەشکری چواری ئێران لە کوردستانی خۆرهەڵات، سەرهەنگ هۆمایۆنی ١٩٤٦/١٢/١٦ بەشێوەیەکی ئاسایی بێ تەقە و هێرش و بەرگریکردن (دێتە مەهابادەوە و لە ماڵی قازی میوان دەبێت و نانی نیوەڕۆ پێکەوە دەخۆن)[100]، سەدری قازیش کە هێشتا لە تاران بوو وەك نوێنەری مەهاباد لە پەرلەماندا، لەوێوە دەڵێت: (من لە رێکوپێکی بەڕێز لیوا هۆمایۆنی زۆر رازی و خۆشحاڵم.. بەهۆی ئەم بارودۆخەوە دانیشتوان بەخۆشیەوە خەریکی بەدەستەوەدانی چەکن)[101] رەوتی رووداوەکان ئەوە دەردەخەن پێشەواش وەك پیشەوەری فەرمانە رەشەکەی ستالین جێبەجێدەکات کە بۆ سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێت — باکۆی ناردووە کە پێویستە بەپەلە تەوریز بۆ لەشکری ئێران چۆڵبکات، بەڵام پێشەوا ئەو کارەی شەرەفمەندانە و بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لە خۆبوردەییەوە کرد و گیانی خۆی و هەڤاڵەکانی دەکاتە قوربانی ئەگەرچی خۆبەدەستەوەنەدان و بەرگریکردنیش ئەگەری سەرکەوتنی هەبوو... بەڵام پێشەوا دووا بڕیاری دابوو، بارزانی مستەفا زۆر هەوڵیدا و دڵنیایکرد توانای داکۆکیکردن و ماندووکردنی هێزەکانی دوژمنیان هەیە و لە مەهاباد بە پێشەوا دەڵێت (حەزرەتی پێشەوای فەرماندە تکام ئەوەیە لەگەڵماندا لە مەهاباد دەربچیت، ئەگەر بەتەنها بمێنم حەوت ساڵ ئالاکەت لەسەر سەر هەڵدەگرم، مانەوەش لێرە مەترسی لە دوایە، حکومەتی ئێران لە سێدارەت دەدات، پێشەوا لە وەڵامدا دەڵێت مەلا موستەفا لە هەموو سەردەمێکدا سەلماندوتە کە تۆ دڵسۆز و کۆڵنەدەری، نیشتمان پەروەر و خەباتگێڕی، مەرد و وەفاداری، چاك دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات، بەڵام من لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهاباد بووم ئاوا لە ناخۆشیشدا بەجێیان ناهێڵم، مردن و ژیان لەگەڵ ئەواندایە، گەر ئێستا بەجێیان بهێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن، بەکوشتنی خۆم (بەمردنی خۆم.ن.ك) رازیم، نەوەك

مەهاباد بەوێرانی ببینم، فەرموو با بچین بۆ خانەقای نـەهری (مزگـەوتی هـەباس ئاغـا) ئەگـەر میللـەت بیروڕای وابوو بەجێیانبهێڵم، ئەوا مانعم نیە ئەگەر نا دەمێنمەوە تا لەشـکری ئێـران دێتـە مـەهاباد)[١٠٢] دانیشتوانی مەهاباد بارزانییان چاك دەناسی، خۆبەدەسـتەوە نـادات و هـەتا بتوانێـت بـەرگری لـە کۆمـار دەکات بەڵام ئەوان جۆرێکی دی بیریاندەکردەوە ( کە چـوینە خانـەقای نـەهری خـەڵکێکی زۆر لـە خانـەقا بوون، تکایان لە مەلا موستەفا کرد شەڕ نەخاتە ناو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا (نەیاندەویسـت) پێشـەوا لەگەڵ ئێمە بێت بەو ئومێدەی حکومەتی ئێـران دەیبەخشـێت)[١٠٣] هەڵەیـەکی پێشـەوا کـردی ئـەوە بـوو هێشتا باوەڕی بە مۆسکۆ قەڵای گەلانی چەوساوە و بەشـخوراو مـابوو! بـەوە پشـت ئەسـتوور بـوو لەگـەڵ هەریەك لە لایەنەکانی هاوکێشەکەدا جۆرە پەیوەندییەکی هەبوو، بـاقرۆف لـە بـاکۆ، قـەوام سـەڵتەنەت و چەند وەزیرێك لـە تـاران و بـەردەوام خـۆی یـا لـە رێگـەی حـاجی بابـە شـێخ سـەرۆك وەزیرانـی کۆمـاری کوردستانەوە لە زۆر شت ئاگاداریان دەکردن جگـە لەمانـەش هیوایـەکی بـە ناسـیاوی و نزیکـی لـە شـای ئێرانەوە هەبوو کە رێزی تایبەتی لێدەگرت و ئەنگوستیلەی ئەلماسی بەخەلات پێدابوو.

ئەم هۆیانە پێشەوایان هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی ستالین و حەمە رەزا شا وەها رێککەوتوون هیچ لایەك زیانی پێنەگات و لە شکری ئێران دووای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ دەگەڕێتەوە جیگای خۆی و ئەویش بە جۆرێکی دیکە دەستەڵات وەردەگرێتەوە، ئیتر چ پێویسـت بـە بـەرگری و خوێنرشـتن دەکـات، یـا مـەهاباد چۆڵبکات، روو زەردی نیشتمان بێت، یا ئەوەیە باوەڕی بە سۆڤێت نەمابوو کـە بـەر لـە مـەهاباد باکۆیـان فرۆشت، هاوکاری تاران هەڵدەبژێرێت بە ئاشتی و دوور لە توندوتیژی و خوێنڕشتن بگەڕێتەوە و ئـەویش لـە ژێر سایەی دەستەڵاتی شادا سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی مەهاباد بکات، ئەوەی هێنابوویە سەر ئەو باوەڕەش ئەوەبوو هۆمایونی و لەشکرەکەی وەك میوان هاتنە نێو مەهابادەوە و خودی سەرلەشکر لە ماڵی پێشـەوا دادەبەزێت، پێشەوا لەو نهێنییە تێنەگەیشتبوو هۆی هەڵوێستی نەرم و دۆستانەی ئێران لە نیازپاکی نییـە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ مەترسی هێزی بارزانیان کە سوور دەیزانی بەرژەوەندییەك لە وەدا نییـە لـەم کاتـەدا لەگەڵیاندا تێکهەڵچێت، بەرنامەکەشیان ئـەوەبوو هێـزی بارزانیـان و مـەهاباد لەیـەکتر دابـڕن و وەك دوو کێشەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، پێشەواش بەدەستی خۆی ئەو رێگەیەی بۆ خۆشکردن کە بڕیاری مانەوە و بەرگرینەکردنی هەڵبژارد، ئەگـەر چـی دەبـوو بەرچـاوی روونـاك بێـت و دووایـەردەی سـیناریۆکە لەوەدا ببینێت کە (سەمەدۆف) نوێنەری سۆڤێت لەمەهاباد رۆژی پێشـوتر هـەڵاتبوو، ئەوەنـدە شـپرزەبوو ئامێری بێتەلەکەی بەجێمابوو، لەگەڵ ئەنوەر دڵسۆز و خانەوادەکانیان چووبوونە ورمـێ بـەونیازەی لـەوێوە بچنەوە رووسیا)[١٠٤] هەربەوەدا دەبوو پێشەوا بە بڕیاری خۆیدا بچێتەوە، ئەگەر ستالین و قەوام سەڵتەنەت رێککەوتوون، نوێنەری سۆڤێت لە مەهاباد بۆوا شپرزە دەبێت، ئاشکرایە ئـەو ماسـتە موویـەکی تێدایـە، بەڵام نەك موویەك، ئەو گوریسـەی تێـدا بـوو کردیانـە ملـی پێشـەوا و سـەیفی قـازی و صـەدری قـازی و هەڤاڵەکانیان، سەرۆك وەزیرانی ئێرانیش قەوام سەڵتەنەت کـلاوی کـردە سـەر سـتالین و دووای ئـەوەی بـە نووکە قەڵەمێك هەردوو کۆماری ئازەر و کوردسـتانی ناچـاری خۆبەدەسـتەوەدانکرد و ئـاو بـەئاگردا کـرا، قـەوام دەسـت لـە وەزارەت دەکێشـێتەوە و وەزارەتێکـی نـوێ دامـەزرا، نەچـووە ژێـر بەڵێنـەکانی قـەوام

سەڵتەنەت دابووی بە ستالین و مافی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیشیان دایە بەریتانیا و ئەمەریکا و ستالینیش لە هەردوو جەژنەکە بوو، پیشەواش بۆ دەستەبەرنەدان لە رەوشتی بەرزو جوامێری، گیانی خۆی و برایەك و ئامۆزایەکی کردە قوربانی ئەو رەوشت بەرزییەی کە دوژمنەکانی زۆر لێوەی دوورن، بەو جۆرە هەر بارزانییەکان لە گۆڕەپانەکەدا مابوونەوە و تاکە دەستەڵاتی ناوچەکە بوون، بارزانیش ئاگاداری وورد و درشتی رووداوەکانی دەوروپشتی خۆیان بوو، کە لە خانەقای شێخ عوبێدوڵڵای نەهری دەگەڕێنەوە بە بەکر حەویزی دەڵێت (بیستوومە لە نەغەدە، قەرەپاپاخ رێ بەو ماڵانە دەگرن بۆ شنۆ دەچن و روتیان دەکەنەوە، بگەرە ئەوێ و دەست بەسەر ناوچەکانی نەغەدە و شنۆدا بگرە و رێ خۆشبکە بۆ کشانەوەی ئەو هێزو ماڵە بارزانیانەی روو لەوێ دەکەن.. کاك (محمد صدیق) لەشنۆیە و هێزێکی لە گەڵدایە و ئاگاداری یەکتر بن، منیش لێرە دەمێنم چاوەڕوانی ئەو هێزەی کاك عیزەت عبدالعزیز دەکەم کە لە ساین قەڵایە و بۆ یارمەتیدانی هێزی ئازەربایجان چووە تا دەگەڕێتەوە).[٩٥]

## چوونی بارزانی مستەفا بۆ تاران

بارودۆخی ناوچەکە لە گۆڕاندا بوو، هێزی تورکمانی قەرەپاپاخ، نووری بەگ سەریان بەرزکردبۆوە، بارزانیش لەبەرەی سەقز و نکاوەوە گەیشتە دەوروپشتی بۆکان و لەوێشەوە دێتە نزیك مەهاباد (هەندێك چەك و تەقەمەنی لە عەمبارەکانی کۆماری مەهابادا مابوو، بارزانیەکان بردیان، (٣٠٠) تفەنگ، (١٢٠) قەبزە تیرباز، (٢) تۆپ و هێندێك نارنجۆك، ١٩٤٦/١٢/٢٠ بارزانی چووە مەهاباد بۆ بینینی سەرتیپ هومایون بەو مەبەستەی ئێران رەزامەندی لە ئینگلیز وەربگرێت بارزانییەکان بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان، ١٩٤٦/١٢/٢١ بارزانی، میرحاج، عیزەت عەبدولعەزیز، نووری ئەحمەد تەها لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری چوونە تاران و نزیکەی مانگێك مانەوە)[١٠٦] بەکر حەویزی دەڵێت: (نامەیەکم لە مەلا موستەفاوە بەدەست گەیشت تێیدا دەیفەرموو (وا من و کاك عیزەت و کاك میرحاج و کاك نووری ئەحمەد تەها دەڕۆین بۆ تاران، تۆش لەگەڵ کاکم شێخ ئەحمەد چیتان بەبەرژەوەندی زانی بیکەن، ئێمە دەچین بۆ رێگەی هات و نەهات).[١٠٧] ئێران چوونی بارزانی بۆ تاران بەهەلدەزانێت دەکەونە جموجوڵ و هاتنە پێشەوە (هێزی ئێران تا گوندی مەحمەشە هات، ئێمەش (٥٩٠٠) چەکداری بەرزانیمان لە نەغەدەو دەوروبەردا دامەزراند...داوامان لە ئاغاکانی قەرەپاپاخ کرد لە نەغەدە، دەستەبەری ئازووقەی ئەو هێزە و ئەو خەڵکەش بکەن کە لەوێن، ژمارەیەك ماڵێشمان ناردە گوندی کانی سپی سەر بە فەتاح ئاغای هەرکی کە پیاوێکی دەوڵەمەندی نانبدە و بەدەست بوو)[١٠٨] بارزانی و هەڤاڵانی ماوەی چل رۆژ ١٢/٢١ — ٩٤٧/١/٢٩ لە تاران دەمێنێتەوە، شێخ ئەحمەد تا رادەیەك دەکەوێتە دڵە راوکەو دەست لەوە دەشوات بارزانی بەزیندوویی بگەڕێتەوە، بەبەکر حەویزی دەڵێت (رەئیس بەکر مەلا موستەفا چوو)[١٠٩] شای ئێران بەرژەوەندییەکی لەدەستگیر کردنی یا لەناو بردنی بارزانی و هەڤاڵەکانیدا نەدەبینی ئەگینا دەیکرد بۆیە بەرێزەوە بەرێیاندەکەنەوە بۆ شنۆ (سەرلەشکر هومایونی بەتەلەفون داوایکرد رێگە بەسەرهەنگ غەفاری نوێنەری ئێران بدەین لەگەڵ بارزانی و (هەڤاڵەکانی ن.ك) و دکتۆرێك بێنە شنۆ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی شێخ ئەحمەد... لەکۆبوونەوەیەکدا بەئامادەبوونی خودان، بەرزانی، مامەند کولیجی، موسا خانی زەرزا،

حەمەد ئاغای مێرگە سوور، عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج، ئەسعەد خۆشەوی، بارزانی دەڵێت شای ئێران سێ ڕێگەی بۆ داناوین:

١ـ چەکە قورسەکان بدەینەوە و لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئێران جێهێڵن و (هەتا دەگەینە ن.ك) سەر سنووری عێراق ئازووقەمان بدەنێ.

٢ـ ئەگەر نەچینەوە عێراق هەموو چەکەکانمان (سووك و قورس ن.ك) بدەین بە ئێران و لە نێوچەی مازەندەران بە پەنابەر وەردەگیرێین.

٣ـ هەرکەسێکمان لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەرە، بەپەنابەری سیاسی وەردەگیرێت لە ئێران)[١١٠].

سەرکردەکانی بارزان هیچکام لەو مەرجانەی شای ئێران پەسەند ناکەن کە بارزانی لە تاران بۆ خۆدەربازکردن وتبووی من ئەو مەرجانە بەچاك دەزانم، دەبیبەمە بەردەمی شێخ ئەحمەد بڕیاری لەسەر بدات چونکە ئەو سەرۆك هۆزە.. ئەوان پلان و ئامانجی خۆیان لە دوژمن دەشاردەوە و بەسەرزارەکی ڕایاندەگەیاند هەرهەموویان چەك بەدەستەوە دەدەن و دەگەڕێنەوە عێراق، نیازیشیان هەرئەوەبوو ئەو زستانە سەختە بەسەربەرن و لەگەڵ کاربەدەستاندا بیگونجێنن و لەناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بمێننەوە هەتا بەفری چیاو دۆڵەکان دەتوێتەوە و هەوا خۆشدەبێت ئەو کاتەش بە چ ڕێگەیەکدا هاتوون (ڕێگای کانی ڕەش) هەر بەوێشدا بگەڕێنەوە. لەمەشدا مەبەستی تایبەتی خۆیان هەبوو، هێزە چەکدارەکەی بارزانیان کە لەگەڵ خێزانەکاندا بۆپارێزگاریکردن و چاوترساندنی دوژمن و مانەوە لە دەڤەری بارزان و تاقیکردنەوەی باروودۆخە ڕامیاری و سەربازییەکە لەگەڵ میریی عێراق و ئینگلیزدا و هەڵسەنگاندنی بوارەکانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، نەکەوێتە نێوان ئاگری سێ دەوڵەتی دوژمنەوە لە دەڤەری حاجی هۆمەران، جگە لە دوژمنایەتی و مەترسی هۆزە نەیارەکانیش، کە ئێران دەیویست لەوێوە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی هێزەکانی هەرسێ دەوڵەتە هاوکارەکەدا بن.نەجەف پسیانیش دەڵێت مەرجەکانی ئێران بریتیبوون لە:

١ـ ئەگەر لە ئێران دەمێننەوە، چەك دابنێن و دەوڵەت شوێنێکتان بۆ دیاری دەکات لەچەند گوندێك کە ساف مڵکی دەوڵەتە و شەش مانگ خەرجیتان پێدەدات هەتا دەکەونە سەر کاسبی.

٢ـ مەحکومەکان دەمێننەوە ئەوانیتر ئێران جێدەهێڵن( لەکاتێکدا کە مەرجی یەکەم پەسەندنەکەن ن.ك).

٣ـ ئەگەر ئەو دومەرجەش پەسەند نەکەن دەستبەجێ بەخاووخێزانەوە لە ئێران دەرچن[111].

بارزانییەکان کاتیان بەسەر دەبرد و گەنم و قەند و شەکر و چاشیان لێوەردەگرتن لەبری دوو تۆپی (٧٥) ملم یەکە و دوویش دەیانوت ئێمە ئێرانمان خۆشدەوێت و شایانی ئەوەین بەچەکەوە بمێنینەوە.

ئێران کە بارزانی دەستگیرنەکرد و ڕێگەی پێدا ١٩٤٦/١٢/٢٨ لە تارانەوە بگەڕێنەوە مەهاباد بەو هۆیەوە بوو هۆزەکانی کورد لە شنۆوە هەتا ئاراس (چەکدار بوون) زەرزا و بڕێك مامەشی قادری (٣٠٠) چەك، هەرکی دەورووبەری مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ (٦٠٠) چەك، هۆزی شکاك (٦٠٠) چەك، هۆزی جەلالی (جەلالیان) (٢٠٠٠) چەك کە دەکاتە (٤٠٠٠) چوار هەزار چەك[112] متمانەیان بە دەوڵەت نەدەما و

تێکرا دەچوونە پاڵ بارزانی[113]. هەر بەهۆی هێزی بارزانیان و گفتوگۆکانی بارزانی و کاربەدەستانی تاران ئەنجامـدانی بڕیـاری لـە سـێدارەدانی پێشـەوا قـازی موحەممـەد، سـەیفی قـازی و صـەدری قـازیش هـەتا بەرەبـەیانی ١٩٤٧/٣/٣٠ دوواخـرا، بـارزانی لـە مێـژووی دوورو درێـژی خـەبات و تێکۆشـانیدا بـە پێـی بـارودۆخی رامیـاری، سـەربازی کوردسـتان، ناوچـەکە، نێودەوڵـەتان، ئـاگر بەسـت و رێککـەوتنی لەگـەڵ دوژمناندا کردووە بەو پێیەی بەرژەوەندی تێدا بینیوە بێ گوێدانـە ئاگـادارکردن یـا پـرس و راوێـژکردن بـە (لایەنی دۆست — ئێران) یا زلهێزە پەیوەندیدارەکان وەك سۆڤێت، ئەمەریکا و ئێـران و ئیسـرائیل زۆر دژی رێککەوتنی بەهاری ١٩٧٠ بوون لەگەڵ رژێمـی عێراقـدا بـەڵام مـۆرکرا، شـای ئێـران هـەتا مـردیش ئـەو پەراوێزخستنە ئەگەر سووکایەتی پێکردنیش نەبووبێت لە دڵ دەرنەچوو، نامەردانەش دووای پێنج ساڵ بـە مۆرکردنی رێککەوتنامەی جەزائیر لەگەڵ صەدام حوسەین و عێراقی دوژمنی مێژوویی ئێراندا تۆڵـەی لـە کوردکردەوە. هەندێك جار سەختیی بارودۆخەکە بارزانی ناچارکردووە لەسـەر خاڵێـك یـا چـەند خـاڵێکی لاوەکی سازشیش بکات بەڵام هـەرگیز ئامـادە نـەبوو دەسـت لـە بسـتێکی کوردسـتان هەڵگرێت.هـەرگیز ئامادەنەبوو بە پیر بانگهێشتی فەرمی ئێران، عێراقەوە بچێت بۆ سەردانی شا لە تاران و سەرۆك کۆمـاری عێراق ئەورەحمان عارف، ئەحمـەد حەسـەن، صـەدام حسـێن هەرچـەند ئـەوان دەیـەها جـار لەسـەر ئاسـتی هەرەبەرز تادەگاتە سەرۆك کۆمار دیدەنی ئەویاندەکرد لەو شاخ و هەردوو نێو دارو بەردە. بۆ چـەکدانانیش تـەنها یـەکجار و گەلەکۆمەیـەکی نێـو دەوڵـەتی و بـێ رەوشـتی (دۆسـت) ناچاریانکرد بـۆ ئـەوەی کـورد کۆمەڵکوژ نەکرێت، چەند مانگێك چەك دادەنێت و هێشتا تفەنگەکـەی بـۆنی بـاروتی لێـدەهات، شـۆڕش هەڵگیرسایەوە. لەڕووی چەك دانانەوە وتوویەتی: (مرۆڤ کە چەکی دانا لاواز دەبێت و بێدەسەڵات، خەڵکان بڕیاری بۆ دەدەن، مرۆڤ هەتا چەکی لە دەستدایە خاوەنی بڕیاری خۆیـەتی، بۆئـەوەی ئـەو بڕیـارەی هـەبێت دەبـێ لەگـەڵ دژواری مـل بـدات)[١١٤]. ئـەو ماوەیـەی بـارزانی مسـتەفا و هـەڤاڵانی لـە تـاران بـوون بـۆ گفتوگۆ١٩٤٦/١٢/٢١ـ ١٩٤٧/١/٢٩سەرکردایەتی سەربازیی ئێران هەلێکی گونجاوی بۆ رەخسـا پێشـەوا قازی موحەممەد دەستگیربکات چونکە هێزی بارزانیان لەبەر دو هۆی گرنگ بەرەنگاریی لەشکر ناکەن:

١ـ بارزانی مستەفا و هەڤاڵەکانی لە تاران ژیانیان لەمەترسیدا بوو.

٢ـ پێشەوا قازی موحەممەد خۆی ئەو رێگەیە و ئەو چارەنووسەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، دوژمنانی کوردی چاك نەدەناسی بۆیە لەبەرزانی نەسەلماند پێویستە لە مەهاباد دووربکەوێتەوە.

جەلیلی گادانی دەڵێت: ( قازی موحەمەد ئەزموونی رووداوەکانی تەورێزی هەبوو، ژمارەیـەك قوتـابی و بازرگان لە تەورێزەوە گەڕابوونەوە، یەکێك لەو قوتابیانە ( عیززەتی سلێمان بەگ ) بوو، بۆیانگێڕایەوە کە هێزەکانی شا، چ کارەساتێکیان بەسەرخەڵکی تەورێز هێناوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رێبـەرانی ( فیرقـە ) ولەسـەروویانەوە ( پیشـەوەری ) لـە تـەورێز رادەکـەن بـۆ سـۆڤێت و سـوپا بێبەزەییانـە دەسسـتدەکەن بـە کوشتاری خەڵك، کێشەی ناوخۆش هەڵدایسێ ... قـازی موحەمـەد هەسـتیکردووە مـەهاباد جێبهێڵێـت، کوردستانیش تووشی ئەو چارە نووسە تاڵە دەبێت .لەوەڵامی مەلامستەفاشدا دەڵێت: ئو میللەتە ئەمنیان کردۆتە سەرکۆماری خۆیان، ئمن سوێندم بۆیـان خـواردووە کـە پێیـان وەفـادارم، ئـەمن ئامـادە نـیم ئـەو

خەڵکەجێبهێڵم و تۆڵەی من لەو خەڵکە بکرێتەوە، هەرچی هەیە ئەمن بە ئەستۆی دەگرم، با ئـەو خەڵکـە زەرەرنەکەن .) بڕوانە بەرگریکردن لە مێژووی نەتەوەیەك، ل . ٩٥

پێشەوا و سەیفی قازی و چەند لێپرسـراوێکی کۆمـاری کوردسـتان ١٩٤٧/١٢/١٨ بەئاسـانی دەسـتگیر کران، صەدری قازی، ئامۆزای پێشەواش لە تاران بوو، پەنا دەباتە بەر سەرۆك وەزیران قەوام سەڵتەنەت کە هەتا ئەوکاتە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پەیوەندی نهێنی بە تەورێز و مـەهابادەوە هـەبوو بـەڵام ئـەمڕۆ ئەو بەرژەوەندییانە نەماون، بەصەدر دەڵێت (من ئەوەی پێویست بێ بۆ دەربازکردنی ئێـوە دەیکـەم، بـەڵام وا چاکترە خۆت بەدەست کاروانی سوپاوە بدەیت هەتاکو بوندژیەکە نەمێنێ!

صەدر: گیرانی من و ناردنم بۆ مەهاباد، واتە بۆ هـەمان بەدارەوەکردنـە، کارێـك بکـە بـەڵکو لـە تـاران نەمبەنە دەرەوە، هەرلێرە لە دادگە بدرێم.

قەوام سەڵتەنەت: پاڵەپەستۆی بەرپرسانی سوپا زۆرە و ئـیتر هیچـم لەدەسـت نـایێ! صـەدری قـازی زۆر نیگەران دەبێت،کە دێتە دەرەوە ناحەزێك پێیدەڵێت(کاك صەدر بینیـت حسـێبی ئێـوە هەڵـە بوو،دەوڵـەت بەهێزە؟صەدری قازی وتی: ئەوە من نیم شکاوم، ئەمە سیاسەتی سۆڤێتە لە ئێران دۆڕاندوویەتی)[١١٥] .

خۆزگە شەهید صەدری قازی لە کونێکەوە گوێی لێبوایە سیاسەتی ستالینی دکتاتۆر و سۆڤێت بەگشتی لە هەموو شتێك و لەهەموو بوارەکاندا بۆ هەتا هەتایە دۆڕاندنی (خاتر جەمبە!) هەر بـارزانی ئـەو مـام ڕێوییەی دووای یەکەم چاوپێکەوتن چاکناسیی کەکابرایەکی کورسی پەرستە. چۆن باوەڕ بە خۆمان بکـەین قەوام سەڵتەنەت لە یەك کاتدا دەیتوانی ستالین، شای ئێران، کابینەی وەزیـران و ئەنجومـەنی نوێنـەران بـۆ بەرژەوەندی خۆی بخەڵەتێنێت، بەڵام لەبەد بەختی کورد ناتوانێت صەدری قازی ڕزگار بکات! بارزانی چەند لایەنێکی ئەو ماوەیەی لە تاران بوون زۆر بە تام و چێژ بـۆ تەفرشـیان دەگێڕێتـەوە: (ئێمـەیان بـۆ سـوپای دووەمی کۆشك برد، لەوێ میوانداریێتیان کردین، دیمانـەی قـەوام سـەڵتەنەت و (ڕەزم ئـارا)م کـرد کـە زۆر ژیـرە، قــەوام پیــاوێکی خۆویســت و کورســی پەرســتە، لەگــەڵ پاشاکەشــتان قســەم کــرد، ڕۆژێکیــان لەنگەرییەکیان خستە سەرسەرم، ملیپێچێکیان لە ئەوکم گرێدا و پاڵتۆیەکی ڕێکوپێکیان بۆ کـڕیم بـەپارەی سوپا، ئەو عەقید غەفارییە چەپەڵە دەیویست پارەکە بخوا و کۆنە جلەکانی خۆیم لەبەربکات، بۆ من کـۆن و نوێ چ جیاوازیەکی نەبوو، ویستم تێبیگەیەنم ڕاستە ئێمە چیایین، بەڵام لە هەموو شـت تێدەگـەین، پـێم گوت عـەقیدی بەڕێز، شوورەییە بۆ دەوڵەتێکی وەك ئێران بەم هـەموو مێـژووەوە جلکـی کۆنـە بکاتـە بـەر میوانەکانی دەمودەست بردمی بۆ کۆگەیەك و وتی: (هەرچـی دەتـەوێت هـەڵگرە، ئـەم پاڵتۆیـەی بەریشـم هەرلێرە هەڵگرتووە) پاش ئەوە بردمیان بۆ کۆشـك لـە صـاڵۆنی چاوەڕوانی هـەموویان بـەهێما و ئامـاژە دەدوان و بەردەوام دەیانگوت (هیس ... هیس) و دەرکەیان بە من پیشان دەدا، گوتم باوکە دەڵێی زمانتان لەدەمدا نییە، بۆچی وا لاڵ و پاڵ ماون و هەر هیسە هیستانە.. چیتان دەوێت بیڵێن، ئەوان هـەر بـەهیس لەگەڵمدا دەدوان، من دەمزانی ئەوان چی دەڵێن، دەمویست بپەیڤن، ئێ باشـە خـۆ پاشـاش هـەر مرۆڤـە! دەرکەیان کردەوە، شـا دانیشـتبوو، سـڵاوم لێکـرد، جێگـەی پیشـاندام لەسـەر کورسـییەك دابنیشـم، دوو سەعات بۆ پادشاکەی ئێوە ئاخاوتم، گەلێك کەیفی پێم هات، ویستم هەستم گوتی دانیشە، گوتم جـارێکی

تر هەڵناسمەوە هەتا خۆتان فەرمان نەدەن، تێهەڵچووینەوە و ئەو لەبارەی نیشتەجێکردنی ئێمە لە ناوچەیەکی ئێران دەدوا، وتم بەخوا مەزنی ڕێزدار ئێوە زۆر دەسواڵآ و نانبدەن، هەموو پێشنیازەکانی ئێوەم بەدڵە، بەڵام دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیار بدات، ئەو سەرۆکی خێڵە، دەیویست ئێوەش بەدەستەوەبدەم وتم ئێمە ئەوانمان نەگرتووە هەتا بیدەینەوە، ئەوان شەش ئەفسەری لاون (لەو دە ئەفسەرە، شەشمان ئەفسەری ڕەسمی بووین) تەمەنیان ناگاتە سەد ساڵ، لە جیاتی شەش لاو هەژدە لاو بە ئێوە دەدەم، بنەماڵەی (خێزانی ن.ك) من و شێخ ئەحمەد و برایانم هەژدە لاومان هەیە، هەمووشیان لاوی لێهاتوون، بەڵام ئێوە دەتانەوێ ئەو شانازیەی هەتا ئێستا شێخانی بارزان بۆ ئێمەیان جێ هێلاوە بە فیڕۆیان بدەین و تف و جوێنی نەوە گەلی داهاتووی بارزان بۆ خۆمان بکڕین)[١١٦] .

هەر لەو ماوەیەی تاراندا دەوڵەت دەیەوێت هێزو توانای سەربازیی خۆی بە بارزانی پیشانبدات (بارزانی دەبەن کارگەی چەك، هێزی ئاسمانی، کۆلیجی ئەفسەری پیشان بدەن، بە (ڕەزم ئارا) م گوت بە خوا جەنەڕاڵ من لەم هەموو چەك و سوپایە ترساوم بەڵام دەبێ خێڵی بارزان بترسێن، ئەوان لەم هەموو چەکە ناترسن، تفەنگێکیان هەیە و بە پارووە نانێك لە سەری چیایان دەژین)[١١٧] .

## ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی

کۆمەڵێك لە ئەفسەرە لاوو خوێنگەرمەکانی کورد پەیوەندی بە دووا شۆڕشی بارزان ١٩٤٣ — ١٩٤٥ ەوە دەکەن و بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەربازی و رامیاری ڕۆژی ١٩٤٥/٥/١ لیژنەیەك پێکدەهێنن بەڵام نازانین کێ سەرۆکایەتی دەکرد هەروەك ئەوەش روون نەبۆتەوە ژمارەیان چەند ئەفسەر بووە، کۆمەڵێك یا هەر هەموویان کە بەلای کەمەوە ئەم ئەفسەرانەن: عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، موحەممەد مەحموود قودسی، میر حاج ئەحمەد، جەلال ئەمین، نوری ئەحمەد تەها، عەزیز عەبدوڵڵا، بەکرعەبدولکەریم حەوێزی، نووری شێروانی، صالح عەبدولعەزیز، موحەممەد صالح ژاژڵەیی، شەریف نوعمان (جێگری ئەفسەر بوو) هەرهەمووشیان جگە لە بەکر حەوێزی دادگای سەربازیی عێراق لە پاشملە بڕیاری لە سێدارەدانی دەرکردبوون، ئەم پۆلە ئەفسەرە جگە لە میرحاج، نووری ئەحمەد تەها، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، موحەممەد مەحموود قودسی، ئەوانیکە لەو ڕووداوانەی دووای شۆڕشی سێهەمی بارزان دەبێت لەگەڵ بارزانیدا نەچوونەتە ئەو دیو، یا چوون و لە ڕووداوەکاندا جێگەیان دیار نییە بەتایبەتیش کە هەرهەموویان خەباتگێڕ و قوربانیدەر بوون و چوار شەهیدیشیاندا کە لە مێژووی بزاڤی کوردایەتیدا لاپەڕەیەکی پڕشنگدار و پڕ لە شانازییان بەناوی چوار ئەفسەرە شەهیدەکانەوە بۆ ڕێبازی کوردایەتی تۆمارکرد، ئەفسەرانی دیکەی لیژنەکەش دووای چوار شەهیدەکانیش درێژە بە خەبات دەدەن و پەیڕەوی وەسیەتنامەکەیان دەکەن وەك نوری ئەحمەدی تەها، میرحاج، ئەمین ڕەواندوزی، بەکر حەوێزی. نووری ئەحمەدی تەها یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد و ئەندامێکی کارا و بەهەڵمەتی سەرکردایەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش بوو.

ئەفسەرانی شۆڕشی بارزان ١٩٤٣ — ١٩٤٥ و دوواتریش کۆماری مەهاباد هاوبەشی خەباتی نەتەوەیی کوردیان دەکرد کە چەندین چین و توێژی کۆمەلایەتی تێدا کۆبووبۆوە ئەوانیش وەك چینێك وەهابوون بۆیە

هەرچەند بکەین ناتوانین خۆمان لەوڕاستییە لابدەین سەرکردایەتی کۆماری کوردستان لە چوار چینی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکهاتبوو کوردایەتی کۆیکردبوونەوە لەسەنگەرێکدا:

١ـ چینی پێشەوا قازی موحەممەد و بنەماڵەی قازییان پشتئەستوور بەرابردووی بنەماڵەکە و ڕابەرایەتیی ئاینیی دوور لە هۆزو هۆزایەتی.

٢ـ هۆزی بارزان پەروەردەی هەر سێ لایەنی هۆزایەتی، شێخایەتی، کوردایەتی.

٣ـ چینی ئەفسەر و ڕووناکبیران دوور لە خۆبەستنەوە بەرایەڵەکانی هۆز و دەستەڵاتی ئاینییەوە.

٤ـ چینی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و بەرژەوەندییەتایبەتەکان و مشەخۆران کە چاوێکیان لەسەر مەهاباد و چاوێکیان لە تاران یا بەغدا بوو یا لەسەر هەردووکیان. جگە لە چینی بارزانیان ئەوانیدی بەگشتی لە گۆڕەپانەکەدا نەمان، پێشەواو هەواڵەکانی و چوار ئەفسەرە شەهیدەکە مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، عیزەت عەبدولعەزیز، موحەممەد مەحموود قودسیی خۆیانکردە قوربانی و بەناکامی سەریان نایەوە، چینی دەرەبەگیش وەك حەمە رەشید خان و عەلی ئاغا چوونەوە ژێر سایەی ئینگلیز و میریی عێراق و تەنیا چینی بارزانیان درێژە بە خەبات دەدەن و ناهێڵن کوانووی کوردایەتی بکوژێتەوە و هەرکات دەستیان گەیشتبێتە چەك، لەو بارووداۆخەی هەرەسی کۆماری کوردستانیشدا نەخۆیان بەهیچ دوژمنێکەوە بەست، نە چەکیان دانا و نەخۆشیان بەدەستەوەدا.. شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفا دەمێك بوو لە پێناو بارزان و بارزانییەکان و ئامانجەکانی کورددا وەك نۆبەیار هەرجارە و یەکێکیان خۆیدەکردە قوربانی، ئەمەش ڕاستییەکە و باوەڕناکەم دوو مرۆڤی بەویژدان لەسەری ڕێکنەکەون، ئەوەندەی مـن بیزانم و لە دوتوێی ئەم کتێبەدا دیاریم کردووە بەلای کەمەوە پێنج جار بەسەرکەوتوویی ئەو ڕۆڵەیان بینیوە و خۆڵیان لەچاوی دوژمن کردووە، خاڵێکی گرنگ ماوە جێگەی پرسیارە، پووکانەوەی ڕۆڵی ئەفسەرەکانی کۆمیتەی ئازادی هۆی چی بوو؟ ڕاستە ئەوان هەموو هەڵوێست و بیرکردنەوە و هەنگاوێکیان تەنها لە کوردایەتییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام خۆ هەر ئەوان نەبوون، پێشەواو شێخ ئەحمەدی بارزانی و بارزانی مستەفاش دوای کوردایەتی کەوتبوون و قوربانی زۆریشیاندا.. ئەی بۆ بەشی زۆری ئەفسەرەکان بەوشێوەیە لە بارزانی دابڕان و بە پێی خۆیان چوونە بەردەست جەلادەکانیان، عیزەت و قودسیی سەرماو برسێتی پەکیاندەخات دەڵێن ئێمە کە هەر دەمرین بالە عێراق بمرین، خۆمان بەدەست میریی دەدەین! ئەی بۆ لە ئێران نەمانەوە، چەکیان دانایە، بەپەنابەر وەردەگیران، سوور دەشیانزانی ئەفسەران وبارزانی و پۆلێك لە هەڤاڵانی پێکەوە و بەیەك فایل، دادگا قەرەقوشییەکەی بەغدا پاشەملە فەرمانی مەرگی بەسەردا سەپاندوون. بەکر حەوێزی، ئەمین ڕەواندوزی، موحەممەد صالح ژاژڵەیی کەی گەڕانەوە و لە سزاش ڕزگاربوون، نەلەگەل بارزانیاندا دوورخرانەوە بۆ خوارووی عێراق وسوپاس بۆ خوا نەلەگەڵ چوار ئەفسەرەکەشدا شەهیدکران!؟ بەکر حەوێزی خۆی دەڵێت چەند جارێك میریی پۆستی گرنگیشی پێداوم بەڵام وەرینەگرتووە، وەك دەردەکەوێت ئەفسەران دەمێك بوو ساردبووبوونەوە، بۆیە تەفرشیان سەرپەرشتی تۆپەکانی دەکرد هەر تەفرشیان و هاوڕێکانی و بەکر حەوێزیش مێژووی سەردەمێکی گرنگی کوردیان بۆ تۆمارکردووین. بەداخەوە ئەوانەی لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا دەژیان و ڕۆڵیان تێدا دەبینی وەك شێخ ئەحمەدی بارزان، بارزانی موستەفا، میرحاج، نووری

ئەحمەدی تەها کەهەتا ۱۹۹۲ش لە ژیاندا بوو هیچیان لەسەر شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری مەهاباد نەنووسی هەرچەند دەبێت ئەوەش بلێین پێشەوا و شێخ ئەحمەدی بارزانی و سەیف و صەدر و چوار ئەفسەرە شەهیدەکان گلەییان لێناکرێت[١١٨]، بەلاّم حاجی بابە شێخ سەرۆك وەزیرانی کۆماری کوردستان، سەرکردە و کادێرە پێشکەوتووەکانی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ لەوخەرمانە زانیاری و نهێنییەی لەبەردەستیاندا بوو قەلّەمیان لەسەر کاغەز نەگێڕا، چەند نووسەرێکی بیانی — فارس وەك تەفرەشیان، مورتەزای زەربەخت و نەجەف قولی چەندین لاپەڕەی پڕشنگداری سێهەمین شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستان و داستانی پڕ قارەمانێتی ڕێرەوە مێژووییەکەی بارزانی و هەڤالّەکانی بۆتۆمارکردووبن، جا بەهەر مەبەستێك و لەهەر گۆشە نیگایەکەوە نووسیویانە ئەوانیش مالّیان ئاوەدان بێت و کارەکانیان شایەنی سوپاس و ڕێزلێنانن.

## پێشەوا لەبەردەم دادگادا

حکومەتە لەرزۆکەکەی شای ئێران بەوهۆیەوە خۆی دابووە دەست بەریتانیا و ئەمەریکا و زۆر بە ئاواتیشەوە بوون بەتەواوەتی بکەونە باوەشی ئەمەریکاوە، یەکەمین بالّوێزی ئێران لە ئەمەریکا بەجۆرێك لە سەرۆك تروومان دەپاڕێتەوە و دەستوودامێنی دەبێت لە کرووزانەوەی لێقەوماوێك دەچێت بوارێکی لە ژیاندا بۆ نەمابێتەوە نەك پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان دوو دەولّەتی سەربەخۆ (گەورەم سەرۆك لێتان دەپاڕێمەوە لەم باروودۆخە ناسکەدا پشتمان بەرمەدەن، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی ولاّتمان کەوتۆتە ژێر پێوە، هەر هێزی ئێوەیە بتوانێت رزگارمان بکات)[١١٩] .

ئێران قۆناعێکی سەخت و دژواری ژێر چەپۆکی و داگیرکردنی راستەوخۆی ولاّتی تێپەڕاند و هەربە هۆی داگیرکارانی دوێنێوە کە ئێستە بوونە دۆست و پشتیوان، ئێران کەوتەوە سەرپێ و ئەوەندەی توانا هەبوو دەست بەسەر مەهابادا بگرێت و پێشەوا و هەڤالّەکانی دادگایی بکات و لە خۆی رادەبینی بەرەنگاری هێزی بارزانیانیش بکات و پالّەپەستۆیەکی کاریگەریان بخاتە سەر و تەنگیان پێهەلّبچنێت بچنە ژێر مەرجەکانی یا ئێران بەزوترین کات جێهێلّن و بگەڕێنەوە عێراق و هێزێکی هەلّبژاردەشیان دڕ بەهێزەکانی عێراق، تورکیا و ئێران بدات و بە پلان و گیانبازییەکی بێ وێنە لە چۆمی ئاراس بپەڕنەوە بۆ نێو خاکی سۆڤێت.

پیشەوا و سەدری قازی سڤیل بوون، بەلاّم فایلی ئەوان و سەیفی قازیش کە پلەی ژەنەڕالّی لە لەشکری کۆماردا هەبوو، خرایە بەردەم دادگای سەربازیی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارسی، داواکاری گشتی سەرهەنگ فەیرووزی، هەزار و یەك تاوانیان دا بەڕووی قازی، سەیف و صەدردا، ئەوانەی دادگایی ئەوانیان دەکرد هەتا دوێنێ دەست لەسەرسنگ دەهاتنە بەردەم پێشەوا و فزەیان لەدەم دەرنەدەهات بەلاّم ئەمڕۆ دەنگیان دلێرە، قازی و هەڤالاّنی دەستبەستە لەبەردەمیاندا وەك تاوانبار راگیراون، لەگەلّ ئەوەشدا پێشەوا بەوورەیەکی بەرزو ژیرییەوە دادگاییکردنەکەی کردە رووداوێکی مێژوویی هاوشانی دادگاییکردنەکەی دکتۆر موصەدیق ۱۹۵۲، لەبڕی ئەوەی دادگا دادگایی پێشەوا بکات پێشەوا بەژیری و لەسەرخۆیی و بەلّگە بەهێزەکانی، دادگاکەی دادگاییدەکرد، دوژمنی رووزەرد کرد کە دەیوت بێگانە ئێرانی داگیرکردبوو،

ئێمە ئـەو بۆشـایی دەسـتەڵاتەمان پڕکـردەوە کشـانەوەی دامودەزگاکـانی میریـی لـە کوردسـتان دروسـتی کردبوو، سەرانی دەوڵەتمان لە هەموو (شتێك) یش ئاگادار دەکرد، بەڵام دادگا ئەوەی نەدەخوێنـدەوە چـەند خاڵێکی لاوەکی کردە بەڵگەی تاوانبارکردن و ناپاکی، یەکێك لەو بەڵگانە رەخنەیەکی توندی پێشـەوا بـوو لە ژەنەراڵ و سەرکردەکانی سوپای ئێران کە بەرامبەر داگیرکارانی بەریتانیا و سۆڤێت پارێزگارییان لەوڵات و گەل نەکرد و بەترسنۆك ناوی بردبوون. ئەو ژەنەراڵە (پاڵەوانانە) لە بـری ئـەوەی بـەلای کەمـەوە دان بـە کەمتەرخەمییەکانی خۆیاندا بنێن و پاساوی بۆ نەدۆزنەوە و حەمە رەزا شای ئێران بیانخاتە ژێـر پرسـیار و لێکۆڵینەوە وە بۆ نەیانتوانی چەند سەعاتێك پتر لەبـەردەم هێرشـی بـەرتانیا و سـۆڤێتدا خۆیـان رابگـرن و سزایان بدات وەك چۆن لە کەمتەرخەمییەکانیان (ترسـنۆکییەکانیان) و خۆدزینـەوە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی تفەنگی بارزانیان کە گوولەی بەفیڕۆنەدەدا، سەرکردایەتی سوپای هێنابووە گیرو گـاز و بـەجۆرێك دەهـری بووبوو خودی خۆی لـە کۆشـکی نیاوەرانـەوە دوور بـەدوور سەرپشـتی لـە نێـو بردنـی چـەکدار و بێچـەکی بارزانیانی دەکرد و هانی سوپای دەدا دەستیان لی ّنەپارێزن و ئافرەت و پیر و مندالّ و چەکداران وەك یـەك بکوژن و هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانیش زۆرتر خەستتر و بەردەوام بێت. شا فەرمانیدا ئەو سەرلەشـکرانەی لە سەرکەوتنەکانی بارزانیان بەرپرسیارن کە ئەو بە دەربازبوونی بارزانیان ناویدەبردن، دیاری بکرێن، ئـاخر شای ئێران چۆن دەهری نەبێت بەدرێژایی سیّ مانگ زستانی ١٩٤٦ و بەشێك لە بـەهاری ١٩٤٧ بـارزانی بەڕیشی ئەوان پێدەکەنی، دەستی دەستی پێدەکردن هەتا بەفری چیا و دۆڵەکان تووانـەوە، شـێخ ئەحمـەد و خێزانەکانی لە ژێر چاودێری خۆیدا گەڕانەوە عێراق و بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لە ناوبردنی شێخ ئەحمەد و شێخانی دیکەی بارزان لە سزای لـە سـێدارەدان سـیّ چـوار مـانگێکی لـە دەورو پشـتی بـارزان بەشـەڕو پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی میریی عێراقدا بەسەربرد و وەك ئەوەی پیشانی هەرسیّ وڵاتە دوژمنەکەی بدات کە هەرکات پێویست بکات دەتوانێت سنوورەکان ببڕێت و دەستی دەگاتە هێزەکانیان، لە عێراقەوە دەچێتە تورکیا و لەوێوە خۆیدەکاتەوە بە ئێراندا و بەنێو ئەو هەموو لەشـکرەی ئێرانـدا خۆیـان گەیانـدە سـۆڤێت، بەڵام شای ئێران سەر لەشکرێك تاوانبار ناکات چونکە سەرکردایەتی سوپا ئەوەی سەلماند هێشتا ئێران لـە مێژووی نوێدا تووشی دوژمنێکی وەها چـەتوون نـەبووە. تاوانبـارکردنی پێشـەوا لەلایـەن سـەرۆکی دادگـا سەرهەنگ پارسی تـەبار و داواکـاری گشـتی سـەرهەنگ فـەیرووزی و بـەرگریکردنی پێشـەوا لـە خـۆیی و هەڤاڵـەکانی و بەڵگـە و بەڵگەهێنانـەوەی هـەردوولا درێـژەی کێشـا و سـەردەنێت بـە پەیوەنـدی کۆمـاری کوردستانەوە بەگەورە بەرپرسانی ئێران و وڵاتانی بێگانەوە.. پێشـەوا لـە سـێهەمین دانیشـتنی دادگاکـەدا دەڵێت: (من ئێستە هەندێك هیوام بە ژیانی خۆم ماوە لەبەرئەوەی دەبینم دەتانەویّ لەدادگەمان بدەن بەڵام سەرەتا پێم وابوو بیّ پێشـەکی دەمـانکوژن) ئـەم لێدوانـەی پێشـەوا نیشـانەی ئـەوە نییـە بـەهیوای ژیـان بووبێت، ئەو هەر لەسەرەتاوە دەیزانی هەڵیدەواسن، ناچاریش نەبوو خۆی بەدەست ئەو چارەنووسەوە بدات، بـەڵام لـە نێـوان هـەموو ئەلتەرناتیڤەکانـدا هـەر ئـەوەی هەڵبـژارد، پێشـەوا دەیزانـی شـای ئێـران و داروودەستەکەی چ ستەمکارێکن، هەزارەها تێکۆشەر و ئازادیخوازو نەیاریان بـیّ دادگـا بیکـردن نـاوە بـە نیشانی ڕێژنەی گوللەوە یا لە سێدارە داوە، ستەم و زۆرداری و دڕندەیی رەزا شا و حەمەی کوڕی دەگاتەت

ئاستێك مرۆڤ بە زیندوویی وەك ناوكار دەخەنە چینی دیوارەوە و قسل دەكەن بەسەریدا. ئەو لێدوانەی پێشەوا بۆ ئەوە بوو ئەو لاپەڕە رەشانەی دیكەی بیر بێنێتەوە. تاوانێكی دیكە درایە پاڵ پێشەوا ئەوەیە پەیوەندی بە لەندەنەوە هەبووە، ئەویش زۆر سادە و ساكار بەراوردێك لە نێوان بیرەوشتی سۆڤێت و بەریتانیادا دەكات و سەرانی سۆڤێت و بەتایبەتی ستالین دەخاتە چەپەری تاوانبارانەوە و بەدادگا دەڵێت (ئەگەر پەیوەندیم بە لەندەنەوە هەبووایە كارم بەم رۆژە نەدەگەیشت). [120] لەو دانیشتنەدا پێشەوا هەر لە كاتژمێر هەشتی سەر لەبەیانییەوە هەتا كاتژمێر دەی شەو لە سەنگەرێكی نوێی خەباتدا مەردانە دامەزرابوو، هەر بەگری نەدەكرد پەیتا پەیتا هێرشیشی دەكرد (من لێرەوە جارِ دەدەم من تاوانبارنیم ئێوە تاوانبارن، ئەگەر دەوڵەت دەستەلاتی هەبووایە دەست بەسەر ولاتدا بكێشێ، بێگانە پاڵەپەستۆیان نەدەخستە سەر دانیشتوان و من ناچار نەدەبووم بۆ پاراستنی گیانی خۆم و بنەماڵەم دەست لەم كارە وەربدەم، لەكاتی خۆشیدا هەرچی پێویست بوویێت بەبەرپرسانی بەرزم گەیاندووە و سەرۆك وەزیران و (مەبەستی قەوام سەڵتەنەتە ن.ك) تێكڕای بەرپرسانم ئاگاداركردووە، دەوڵەت خۆی لە ژێر پاڵەپەستۆی سۆڤێتدا نەگرت، خۆی بەدەستەوە نەدا و فەرمانی سۆڤێتییەكانی رادەپەڕاند، پارێزگاری ولات و سەروماڵ و سامانی دانیشتوانی نەكرد، هەمووی خستە بەردەم رووس، منیش كە هێزو وزەو سەپانم نەبوو ناچار بووم فەرمانی ئەوان بە جێ بهێنم (وەك ئێوە بەچاو نوقاندنەوە بە جێتاندەهێنا ن.ك) بەخوا ناچار بووم، وەڵلا ناچاربووم)[121] هەزار سلاو لە گیانی زیندوت پێشەوا، بەڵگە لەوە بەهێزتر، تاوانباركردن و رووڕەشكردنی دوژمن و پاكی و بێتاوانی خۆت لەوە زەقتر چی بێت!؟ بەلام زۆرجار بەڵگە ناخوێندرێتەوە، مراویش تەڕ نابێت! پێشەوا كە دەڵێت ناچاربووم، سۆڤێت بەهۆی نوێنەریانەوە لەمەهاباد (ئەسەدۆڤ) ئازا بوو زۆر لە پێشەوا بكات و بەتۆپزی بڕیارەكانی ستالینی دیكتاتۆری سۆڤێتی بەسەردا بسەپێنێت، بەلام هەر ئەو ئەسەدۆف(شێر)ەش بوو هەر وتیان لەشكری ئیران دێتەوە مەهاباد چۆن رێوی كلكی جێدەهێڵێت ئەو مام رێویەش ئەوەندە پەشۆكابوو هەرئەوەندە فریاكەوت هەنگاوێك بكاتە دووان و سەری خۆی قوتار بكات، ئامێری بێتەلەكەی جێهێشت، سەرۆك وەزیرانی كۆماری كوردستان حاجی بابە شێخ لەو رووەوە دەڵێت: ( قازی لە سەر پێشنیازی من رازی بوو ئێمەش بروسكە بكەین (بۆ تاران ن.ك) بۆ جێبەجێكردنی هەڵبژاردن هێز بنێرێت (هێزی ئێران بێتە ناوچە رزگاركراوەكان. ن.ك) بەلام ئەسەدۆف نەیهێشت)[122] هاشمۆف كونسوڵی سۆڤێت لە ورمێ بە پێشەوا و بارزانی دەڵێت هێزەكانی ئێران پێشڕەویدەكەن، نەكەن لە روویاندا بوەستن.

تاوانەكانی درانە پاڵ پێشەوا، دادگا لە چوار خاڵی سەرەكی تاوانی هەرەگەورە و ناپاكیدا كۆیكردنەوە:

١ـ سووكایەتی كردن بە شای مەزنی ئێران.

٢ـ سووكایەتیكردن بە سەركردە و ئەفسەرانی سوپاو لەشكری ئێران. بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە دادوەر بەڵگەی خۆی دەخاتە روو كاتێك چۆتە مەهاباد (قازی موحەممەد نەك فەقێ، سووكایەتی بە سوپا دەكرد، بگرە لەسەردانی رۆژی ٧/٧ (٧/٧/ ١٩٤٦ ن.ك) هەڕەشەی لێكردم و گوتی بەم زووانە هێرش دەكەمە سەر هێزگەلی میریی، سەقزو سنە وكرماشانیش دەگرم، لەبەر چاوی من بەبەرگی جەنەڕاڵییەوە خۆنواندنی

بەهێزەکانی خۆی دەکرد)[١٢٣] ئەمجا بەڵگەیەکی لەوەش ترسناکتر دەخاتە روو کاتێك بەر لەکەوتنی مەهاباد بەچەند مانگێك سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئێران رەزم ئارا داوا لە پێشەوا دەکات سەرپێچی لە یاساکان نەکات و گوێڕایەڵ و ژێر فرمانی شای ئێران بێت لەوەڵامدا وتوویەتی (ئێوە، ئەفسەرانی هەمان ئەو سوپایەن لە دەمی شەڕەکان و گیان لەسەردەستیدا رێگەی هەڵاتنتان گرتەبەر و ئەو شیعرەی شاعیری مەزن (فیردەوسی)تان بەجێهێنا کە دەڵێ:

**همه سربسر پشت بدشمن كنيم          ز ان يەكە خود را بكشتن دهيم**

**ماناى هەمووما ن پێکەوە پشت لە دوژمن بکەین چاکترە لەوەی خۆمان بەکوشت بدەین)[١٢٤].**

٣- داگرتنی ئاڵای ئێران و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

٤- چەکدارکردنی بەرزانییەکان.

ئەو دادگا سەربازییەی دادگایی پێشەوا و هەڤاڵەکانیکرد لەچەند لایەنێکەوە یاساکانی نێو دەوڵەتی و مافی مرۆڤ پێشێلکرد و هەریەك لەم دادگاییانە بەبڕووبیانوویەك درانە دوواوە:

١- دادگاییکردنی کەسانێکی سڤیل لە دادگای سەربازیدا.

٢- لەبەرچاو نەگرتنی داواکارییە یاساییەکانی پێشەوا و هەڤاڵانی بۆ:

ا- لەتاران دادگایی بکرێن.

ب- دادگاییەکی سڤیل لە دادوەرانی بێلایەن دادگاییان بکات کە راستەوخۆ تاوانبارەکان ناناسن و رق و کینەی پێشینەیان لەدڵدا نییە.

ج- سەربەستی هەڵبژاردنی پارێزەران بۆ بەرگریکردن.

پێویستە ئەوەش نەشارینەوە دادگا ئازادی تەواو کاتی پێویستی بە پێشەوا و هەڤاڵانی دابوو بەرگری لە خۆیان بکەن و تاوانەکان پووچەڵ بکەنەوە، ئەوەش چەند کات دەخوازێت بەدڵفراوانییەوە لەسەرو کانی دانراویشەوە درێژ دەکرایەوە و هەندێك جار کاتی نان خواردن و پشوودانیشان دەخستە سەر و هەتا درەنگانێکی شەو دەمانەوە بەڵام پێشەکی فەرمایشتی شای پایە بەرزیان لەبەرچاو گرتبوو پێویستە چ بڕیارێك بدەن، راگەیاندنی بڕیارەکەشیان بە هۆی گفتوگۆکانی بارزانی مستەفاوە لە تاران ماوەیەك دوواخست، جێبەجێکردنی بڕیارەکەشیان دووای گەڕانەوەی بارزانی ١٩٤٦/١/٢٩ لە تاران بە دوومانگ و لە بەرەبەیانی ١٩٤٧/٣/٣٠ جێبەجێکرد و لە هەمان گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباددا کە بانگی یەکەمین کۆماری کوردستانی تێدادرا پێشەوا قازی موحەممەد و سەیفی قازی برایی و سەدری قازی ئامۆزای پێکەوە لە سێدارە دران، بەڵام هەتا ١٩٤٧/٤/٢ تاوانەکەیان ئاشکرا نەکرد.

نەجەف قولی پسیان ئامادەی دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکە بووە لە بارەی خوێندنەوەی بریاری دادگا بە لەسێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی دەڵێت: (قازی موحەممەد زۆر رماوو بێدەسەڵات بوو، سەدری قازیش رەنگی هەڵبزڕکابوو بەڵام دەیویست پتەوی خۆی بپارێزێت، بەڵام سەیفی قازی بەلەشی تێکسمڕاوییەوە وەك بێئاگا سەرنجی ترساوی بەملاوبەولادا دەگێڕا و لە دووەکەی تر زیاتر دڵە راوکەی پێوە دیاربوو)[١٢٥] دیارە نەجەف قولی خان ئازادە لە دەربڕینی بۆچوونی خۆیدا، بەڵام ئەوە هەموو شتێك نییە و

وەك هـەموو ڕووداوەكـانی مێـژوو هەریەكـە و لـە سووچـێكەوە تەماشـای دەكـات، ئـەوەتا هاوزمـان و هاوخوێنێكی نەجەف قولی كە پارێزەری پێشەوا بووە دیمەنەكە بە جۆرێكی جیاواز دەبینێت و دووای نۆزدە ساڵ بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە، نەقیب شـەریف بریكـاری قـازی هەنـدێ ڕووی دادگاییكردنەكـە دەخاتـە ڕوو (بەداخەوە بۆ قازی موحەممەد، ئەو پیاوە گەورە و دانایە، لەبەردەم دادگەكەدا بەو پەڕی چیڕی و بەبێ ترس دەدوا لە ڕاستیدا ئەو دادگەی لە دادگە دەدا و حكومەتی گوناهبار دەكرد كە ناپاكی لەگەڵ كردووە، قازی موحەممەد بە ئازایەتی و چاو نەترسییەوە بەرگری نەك هەر لە گەلی كورد بگرە لە تێكـڕای گـەلانی ئێـران دەكرد.. ئەوان قارەمانانە بەرگریان لە كێشە و بیروباوەڕی خۆیان دەكرد بەجۆرێك دادگە پێی سەرسام بوو، ئەوان هەرگیز لە كردەوەكانی خۆیان پەشیمان نەبوون)[١٢٦].

سەرۆكی پۆلیسی مهابادیش ڕائید ئـەمیر پـەروێز نهێنییـەكی زۆر گـرنگ ئاشـكرا دەكـات، بـەوەدا لـە گۆڤاری ئیتلاعاتدا بڵاویكردۆتەوە جێگەی باوەڕە (ڕائید ئەمیر پەروێز سەرۆكی پۆلیسی مهاباد لـە ژمـارە /٥٠ ی اطلاعـات دا دەڵێ كاتی خۆی هەندێ ئەمەریكایی سەر بە باڵوێزخانەی ئەمەریكا لە تاران لەگـەڵ عـەقید (پارسی تەیار)ی سەرۆكی دادگاكە لە مەهاباد سەردانی قازییەكانیان لە گرتووخانە كرد و بە قازی موحەممەدیان گوت ئەگەر كێشەی كورد بە پێی سیاسەتی ئەمەریكا بەڕێوەببەی لە مردن ڕزگارت دەكەین، بەڵام قازی داواكەیان ڕەفز دەكات و دەڵێ من یـەك ڕووم هەیـە و ژیـانم ناپـاكی لەگـەلی خـۆم بكـەم)[١٢٧] هەروەها دەڵێت (كاتێ قازی دەبەنـە بـەر پـەتی سـێدارە نەیهێشـت چـاوی ببەسـتنەوە و گـوتی مـن هـیچ شەرمەزارییەكم نییە هەتا لە پێش گەل و نیشتمانە خۆشەویستەكەمدا چاوم ببەسترێتەوە، دەمەوێ لە دووا ساتی ژیانمدا نیشـتمانە جوانەكـەم بـۆ دوواجـار پـڕ بـەدڵ و تێـر بەچـاوانم ببیـنم)[١٢٨]. پێشـەوا بەهـەمان بیروباوەڕی چەسپاویەوە سەربڵند و بێ ترس و پەشۆكان هەنگا و بەرەو مەرگ دەنێـت، سـەردەكەوێتە سـەر تەختەی سێدارەكە و بەدەستی خۆی پەتی ناهەقی و ستەمی دوژمن دەكاتە ئەستۆی خۆی و مەردانە و لـە خۆبووردانەش پارێزی هەر هەموو بەرپرسانی كۆمار خاوێن دەكاتەوە و بـەدەنگێكی زوڵاڵ ڕایدەگەیـەنێت، لەهەر هەموو ڕووداوەكاندا هـەرتاوانێكتان پـاڵ هەركەسـێك داوە، بەتـەنها مـن بەرپرسـیارم و هـەموویان بێتاوانن. پێشەوا مەسیح ئاسا، خۆی چارەنووسی خۆی هەڵبژاردو چووە بەردەست جەلادەكان و خۆیدەكاتە نموونەیەكی زیندووی قوربانیدان لە پێناو باوەڕ و ماف و ڕاستیدا، دوژمنانی كورد بەهەڵواسینی پێشەوا و هەڤاڵەكانی پەردەیەكی ڕەش دەدەن بەسەر لاپەڕەیەكی پرشنگداری لاپەڕەكانی مێژووی كوردا. ڕووداوێكی دوو مانگ دووای شەهیدكردنی پێشەوا، سەیفی قازی، سەدری قازی، دەمهێنێتە سەر باوەڕێك حەمە ڕەزا شای ئێران بەهەموو جەورو ستەم و دڵڕەقی خـۆیی و دڕنـدەیی ڕژێمەكەیـەوە سـاتێك لـە سـاتەكان كتـوپڕ هەسـتدەكات تـاوانێكی گـەورەی بەرامبـەر چـەند بێتاوانێـك كـردووە و پەڵەیـەكی ڕەشـتر لـە پەڵـەی لـە سێدارەدانی دكتۆر موصەددیق هەتا دنیا دنیایە نیشانەی شـەرمەزاری دەبێـت بـە تەوێڵییـەوە، پێدەچێت پەشیمان بووبێت، نەك لە كوشتنی چەند كوردێكی بێتاوان، ئەو لەكوشتنی دەیـەها، سـەدەها، هـەزارەها مرۆڤی بێتاوان لە كورد، فارس، ئازەر، بلووچ سڵینەدەكردەوە بەڵكو تێڕامان و بەخۆدا چوونەوەكەی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە قازی موحەممەد زیندووبووایە بەرژەوەندی ئێـران و بنەماڵـەی پەهلـەوی پـتر تێـدا بـوو،

دووای ئەو نامەردییەی ستالین لەگەڵ کورد و ئازەری کرد، قازی بەخواستی خۆی و بێ پاڵپەستۆ و بەکارهێنانی هێز چەك دادەنێت و بەرگری ناکات، بڕیاردەدات هیچ کوردێکی سەر بە کۆماری کوردستان لوولەی تفەنگ لەلەشکری ئێران نەکات، لەمەهاباد دەمێنێتەوە هەتا لەشکر هاتنە ناوشارەوە.. دواتریش بەجۆرێك لە جۆرەکان دادەنیشن و لە تۆڵەی بێ رەوشتی رووسیای ستالین کە زۆر بێباك وەك ئاو خواردنەوە هەردوو گەلی ئازەر و کوردی بەو نەوتە فرۆشت هەتا ئەمرۆش رووسیا بۆنی نەکردووە.. قازیش وەك باپیری سوێندی پیرۆزی دەخوارد هەتا زیندوو بێت رێگە نەدات (رووس) دەست بخەنە کاروباری کوردستان یا پێ بنێتە وڵاتەوە.. زۆر جاران پرسیارێکم لەبەردەمدا قوت دەبووەوە، لەهەر هەموو ئەو نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازانەی لە رووی شای ئێراندا وەستانەوە تەنها دووان، پێشەوا قازی موحەممەد و دکتۆر موصەدیق لەبەری هەڵنەهاتن، بەویست و خواستی خۆیان، خۆیان بەدەستەوەدا و کێشەکەیان بردە دادگا.. شای ئێران هەردووکیان لە سێدارە دەدات، پەنجەی بۆ چڵەپووشێکی خانووەکەی پێشەوا قازی محەمەد نەبرد، بەڵام خانووی دکتۆر موسەدیقیان لە بناغەوە رووخاند و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد! لە میوانداریییەکدا لەشاری ئاخن ـ ئەڵەمانیا، ئەم پرسیارەم لە عەلی قازی کوڕی پێشەوا کرد، بەڵام وەڵامەکەی تاسەی نەدەشکاند هەتا خواو راستان وەڵامی تێراماناکەی حەمە رەزا شا و پرسیارەکەی خۆم لە دەقی گێڕانەوەیەکی نەجەف قولی پسیان دا دۆزییەوە (دووای نزیکەی دوو مانگ (دوو مانگ دووای لەسێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی ن.ك) شا دێتەوە مەهاباد ئافرەتێکی رەش پۆش و بەچارشێوو پەچە، خۆی گەیاندە شا و نامەیەکی پێشکەش کرد، شا دەپرسێت (ئەم ئافرەتە کێیە؟ (ژنی قازی موحەممەدە)[(١٢٩)] هەستێکی جۆراو جۆر بە شای لاودا سەریکرد، کەس تێنەگەیشت چ هزرێك لەوکاتەدا بەبیری شای ئێراندا رابوورد، چەند تروکەیەك چاوی داخست، فەرمووی (حەقتان بە ئەمانەوە نەبێت و چاوتان لە پاشماوەکانیان بێ)[(١٣٠)] مەبەستی لە نەوە و وەچەکانی بنەماڵەی قازیان بووە.

## هێزەکانی بارزانیان دوای هەرەسی کۆماری کوردستان

بارزانی موستەفا کە دڵنیا بوو پێشەوا هەرچەند چۆك دانادات، بەڵام بەوشێوەیە درێژە بە کۆماری کوردستان دەدات کە بڕیاری کۆتایی لەسەر داوە، گیانی خۆی بکاتە لەمپەر لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا بەڵام دوور لەبەرگریکردن و توندوتیژی، بارزانی وەك کاردانەوەیەکی سروشتی کە باروودۆخەکە دەیسەپێنێت، بەرنامەیەك گەڵاڵە دەکات بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتێك، قەوارەیەك، جێگەی کۆماری کوردستان بگرێتەوە و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە جوانەمەرگ بوونی کۆمار هێنایە گۆڕی، جا ئەوە لە کوردستانی خۆرهەڵات بێت یا باشوور گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دووای پشتگیری جەماوەری کورد پشتیوانیی لایەنێکی دەرەکیی مسۆگەر بکات بەمەرجێك بەشێك لە کوردستانی داگیرنەکردبێت یا بەواتایەکی روونتر بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا لەسەر بناغەی دژایەتی بەریتانیا دامەزرابێت کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر داگیرکارانی چوار پارچەی کوردستاندا باڵادەستە.. هەتا لەو رێگەیەوە کورد جێگە پێی خۆی لە پارچەیەکی کوردستاندا بکاتەوە ئەگەر چی رووبەرێکی تەسکی وەك ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی کۆماری کوردستانیش بێت و بەو هیوایەی بارودۆخی نێو دەوڵەتی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا

نەیەت کە هەنووکە سۆڤیێت و ئەڵەمانیا دەستیان خستۆتە کاروباری ئێرانەوە شتێکی لیێ سەوز دەبێت. زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی بەرچاوم کەوتوون و چاك یا خراپ کۆماری کوردستان بەسەردەکەنەوە هەر پەنجە بۆ باڵادەستی بەریتانیا و سۆڤیێت لە ئێران درێژ دەکەن و کەم و زۆر بەلای چالاکی سیخورەکانی ئەڵەمانیای نازیدا ناچن هەرچەند (ئەڵەمان لە ئێراندا لە دوو شوێن (چەند شوێنێك ن.ك) تاران، ئەسفەهان باشووری ئێران و لەناو خێڵەکانی (خێڵەکانی کووردا ن.ك) لور، قەشقایی، بەختیاری، چالاك بوون)[١٣١].

بارزانی مستەفا لەو بارەوەدا بوو تەنیا بەهاوکاری سۆڤیێت دەتوانرێ کوردستانێکی یەکگرتوو سەرفراز بێتە کایەوە، چونکە کەڵکێك لەو پارچە پارچەییەی کوردستان وەرناگرن بەڵکو بە پێچەوانەوە سوودیان لەوەدایە لە کوردانی ئێران و عێراق و تورکیا حکومەتێکی سەربەخۆ بێت.. (هەرکاتێکیش بلوێ پارچە زەوییەك لە ئینگلیز و ئەمەریکا (ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ن.ك) جیابکرێتەوە ئەوان لاواز دەبن، بارزانی ئەو وڵاتانەی (ئێران عێراق، تورکیا ن.ك) بەکۆلۆنیی ئینگلیزو ئەمەریکا دەزانی (هەرواش بوو ن.ك) تێدەکۆشام، هەوڵم دا لەگەڵ رووسەکان کە لەورمێ بوون پەیوەندی ببەستم، پەیوەندیشم بەست بەڵام نەدەتوانرا بەئاسانی متمانەیان وەربگرین، پێویست بوو گەلێك کاربکەین کە من نەمدەتوانی بیکەم، من خزمەتکار یان دەسکیز (دەستکێش، دەستەوانە ن.ك) نیم، من فەقێ و خزمەتکاری خێڵی بارزانیم، خزمەتکاری نەتەوەی خۆمم)[١٣٢] بارزانی لەیەکەمین هەنگاودا بەومەبەستەی کوانووی کۆماری کوردستان و کوردایەتی کوێر نەبێتەوە، کورد وورە بەرنەدات و هیوای بە دوارۆژ هەبێت، گەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لێرە نووچیدا، شۆڕشێك دامرکێتەوە، قەوارەیەك هەرەس بهێنێت، شۆڕشێکی نوێ هەڵدەگیرسێت، قەوارەیەکی نوێ دادەمەزرێت، هەرچەند بارووداخەکەش زۆر نالەبار و سەختە، هەر چوار لای کورد بەودژمن تەنراوە، بەشێکە و خواوەند بەبەری کوردی بڕیوە، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی مەحاڵ نییە و دەستبەرداری مافی رەوای خۆمان نابین، خوێن و چیاکانمان هیە، چیاکان سەر بڵندن و باوەشمان بۆ دەکەنەوە خوێنی کوردیش بێپەروا بەهەرزان دەرژێت، هەربە و مەبەستە بارزانی مستەفا هێزو توانای بارزانیان و دڵسۆزانی کورد لە دوو دیوی کوردستان دەخاتە بەردەستی سەید عوبێدوڵڵای شەمزینی و دەیکاتە براگەورەی هەمووان بۆ سەرکردایەتی دامەزراندنی حکومەتی کاتی کورد، بەکر حەوێزی لەو رووەوە دەڵێت: (بارزانی وتی بابچینە خزمەت سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی نەهری و بیرورای وەربگرین بۆ دامەزراندنی حکومەتی کاتی کورد بەسەرۆکایەتی ئەو. سەید لە وەڵامدا دەڵێت (مەلا موستەفا ئەوە شەرەفێکی گەلێك گەورەیە کە ئەو داوایەم لێدەکەن، ئاشکرایە بنەماڵەی ئێمە هەموومان لە رێی خزمەتکردن بە کوردو کوردایەتی گیانی خۆیان لە دەست داوە، خۆزگە ئێستە لە تەمەنی ئەم بەکرەدا دەبووم و ئەو شەرەفەم دەست بکەوتایە بەسەربازێکی کوردستان بووابام و لەگەڵ ئێوەدا بەشداریم لەشەڕدا بکردایە نەك بوومایە بەسەرکۆمار، بەڵام دەبێت وەزعم چۆنە، پیرو بێ هێزو پەککەوتەم و دەبمە بار بەسەرتانەوە، خۆزگەم بتوانیایە لە خەباتی بارزانییەکاندا بەشداریم بکردایە بەڵام مەخابن ئەوە حاڵی جەستەمە و سەرکۆماریش هەر لایەقی شێخ ئەحمەدە)[١٣٣].

چەند هێزێکی کورد و هۆزی قەرەپاپاخ کە بەتورکی دەدووان سەردەمی کۆماری کوردستان، وەك هەر

گرووپەكی هەلپەرست، بەرژەوەندی تایبەتی ناچاریكردبوون خۆیان لەگەڵ هێزەكانی كۆمـار و بەتایبـەتیش هێزی بارزانیاندا بگونجێنن هەرچەند دڵیان هەربەلای میریی و شای ئێرانەوە بوو، كورد دەڵێت: (صەگ لـە قەسابخانە بتۆپیێ شەهیدە) دووای هەرەسی كۆماری كوردستان ئەو بەرژەوەندییەیان لەگەڵ كۆمـاردا نـەما، هەتا ببینە قاقایان كەوتبووە زەلكاوی ناپاكییەوە، تورك زمانـەكانیش هـەر لـە بنەڕەتـدا دوژمنـی كـورد بوون، هەتا كۆمار نەكەوتبوو نەیاندەوێرا سەرەلەقەبكەن، بـەلاّم دوواتـر كەوتنـە جموجـۆڵ و سـەریان بـەرز كردەوە، یەكێكی وەك نوری بەگی ناوچەی تەرگەوەڕ، چەكی زۆری لە میریی وەرگتبوو، لەخۆی رادەبینێـت هەڕەشە لە بارزانی بكات كەسەری لە سێ دەوڵەتی عێراق، ئێران، توركیا شێواندبوو. كورد دەڵێـت: (بـزن نەگبەتی بیگرێـت نـانی شـوان دەخـوات) نـووری بـەگ و چـەند سـەرۆك هـۆزێكی كـورد وەك مـام بزنیـان لێقەومابوو، ئێران زۆر هەوڵیدا هۆزەكانی خۆرهەلاّت چەكدار بكات هەر بۆئەوەی چاولەیەكتر بكەن و بەوە بیانخەڵەتێنن هۆزەكانی كورد داویانەتە پـاڵ میریـی و ئـەوانیش چـاویان لێببكـەن ئـەگینا لـە شـەڕدا دژی بارزانیان پشتیان پێنەدەبەستن. وابزانم جێگەی خۆیەتی لـەو رووەوە رووداوێـك لـەدەمی بـەكر حەوێزییـەوە بگێڕمەوە كە بۆخۆی لەتـەك بـارزانی مسـتەفاو سـیازدە پێشـمەرگەی بارزانیـدا بۆكـارێكی تایبـەت، بـە رێبواری بەنێوچەی تەرگەوەردا تێدەپەڕن، نووری بەگ هەركە هەواڵەكەی پێدەگات نامەیـەكی دوژمنانـەی زۆر ناشیرین بۆ بارزانی دەنێرێت ئەگەر هەر ئەمشەوناوچەی گۆجار جێنەهێڵن بەزۆر دەرتاندەكەم.

ئەوەندەی من ئاگاداربم بارزانی مەگەر لـە ئەفسـەرە بالاّدەسـتەكانی ئینگلیـزەوە لـە عێـراق سـەردەمی راپەڕینی دووەم و سێهەمی بارزان نامەی وەها دوژمنانەی بۆ رەوانەكردبێت.

بارزانی مستەفا خۆی و رائید بەكر حەوێزی و سیازدە پێشـمەرگەی بـارزانی بـەرە و ناوچـەی تەرگـەوەڕ دەكەونە رێ و لە گوندی سلیڤان سەربە گۆجار بۆ پشوودان لادەدەن، ئـەو ناوچـەیە، (لـەژێر دەسـتی چـوار ئاغـادا بوو، بەخۆیان و چەكدارەكانیانەوە چـووبوونە پـاڵ حكومـەتی ئێـران. ئێـوارە لـە گونـدی گۆجـار — دەشتی تەرگەوەڕ دەبنە میوانی سەید نوورەددین، دوای نانخواردن خانە خۆی رووداوەكاتـە بـارزانی (جـەنابی مەلا مستەفا، ئەمڕۆكە پیرۆزترین رۆژی ژیانمە كە جەنابتان تەشریفتان هێناوەتـە ئێـرە و خـۆم گـەلێك بـە بەختەوەر دەزانم شەرەفی میواندارێتی ئێوەم پێ بـڕا، لەهـەمان كاتـدا ئەمـەوێ ئـەوەتان پێشـكەش بكـەم (جەنابت بەم ژمارە كەمە چەكدارەوە بێیتە نێو عەشیرەتی بەگزادە، جەنابت نایانناسیت كە چەند بێبـارن، من خەڵكی مەرگەوەڕ نیم، بەلاّم لە مێژە كەوتومەتە ئێرە، ئەم عەشیرەتە گەلێك نامەردییان لێ چاوەڕوان دەكرێ، هەر بۆ سەلماندنی ئەم قسانەم نمونەیەكی گچكەكەتان بـۆ دێنمـەوە، لەسـەردەمی خۆیـدا خێزانـی سمایل ئاغای شكاك بێرەدا تێپەڕدەبێت، هەرچی دەبێت بەتالاّن دەیبەن و روتی دەكەنەوە تا ئەمڕۆش خشڵ و زێڕی ئەو خێزانە بەبەرۆكی ژن و منداڵی نووری بەگەوەن. ئەوجا كەسێك كـە ویـژدانی هێنـدە بـڕ بكـات ژنێك روت بكاتەوە ئاخۆ دەبێت چ جۆرە مرۆڤێك بێت، ئایا پێناچێت ئەو كەسـانە هـەموو جـۆرە تـاوان و خیانەتێكیان لێ بوەشێتەوە؟ بۆیە پێویسـت بـوو جـەنابتان بـە ١٠٠ — ٢٠٠ چـەكدارەوە بـەم نێوچـەیەدا تێپەڕبوونایە، ئێستەش گـەر بەقسـەی بچـووكی خۆتـان دەكـەن هـەر ئـەم شـەو بـەرەو دووا بگەڕێنـەوە و بەهێزێكی چەكداری زۆرەوە وەرنەوە، دەنا نووری بەگ هیچ جێی متمانەنییە و لەگەڵ ئێرانـە و خیانـەتتان

لێدەکات.. بارزانیش دەڵێت گەر ئەو کابرایە عەقڵی هەبێت دەزانێت ئێمە کێین و خۆی لە قەرەی بارزانیان نادات. ئێمە نەهاتووین وڵاتی ئەو داگیر بکەین بەڵکو رێبوارین و لێرەوە تێدەپەڕین.. زۆری نەبرد نەفەرێك خۆی کرد بە ژووردا، نامەیەکی نووری بەگی بۆ مەلا مستەفا هێنابوو (بەهیچ جۆرێك قەبووڵ ناکەم بێنە خاکی ئێمەوە، دەبێ هەر ئەمشەو گۆجار بەجێ بێڵن، خۆ ئەگەر نا بە زۆری هێز دەرتان دەکەم) بارزانی دەماری گرژ بوو، وەڵامێکی ئامۆژگاری و لەهەمان کاتدا هەڕەشەی بۆ ناردەوە بەبەحری بەگدا، بەڵام هەر دەگاتە نێزیك ئاوایی بەر دەستڕێژی دەدەن و بە شپرزەیی دەگەڕێتەوە)[١٣٤] دیارە بارزانی بەو چەند پێشمەرگەیەوە خۆی بەهاوشانی ئەو خۆفرۆشانە نازانێت بە (دوو شەهید و سێ بریندار) چاوترسێنیان دەکات.

(دوواتر بەگزادەکان و لەشکری ئێران بە تۆپ و فڕۆکەوە هێرش دەکەن بۆ مەرگەوەڕ، هێزی بارزانیش تۆپی بەکاردەهێنا و سیازدە شەهید دەدەن، وەجدی بەگ بەدرخان لە سووریاوە هەڵاتبووە ناو شۆڕش بریندار بوو)[١٣٥]. هێزی بارزانیان هەرچەند قوربانیی زۆریشیان دەدا، لەشکری ئێران چەواشە بووبوو، سەری لە پلانەکانیان دەرنەدەکرد، فڕۆکە جەنگییەکان رۆژ هەتا ئێوارە سۆراخیان دەکردن رێگای هاتووچۆ و سەنگەر و شوێنی حەوانەوەیان نەدەدۆزینەوە. دوژمن بەژمارەو چەکی نوێ و پێداویستییەکانی جەنگ لەگەڵ هێزی بارزانیان بەراوورد نەدەکرا و زۆر لەسەر بوون، بەڵام بارزانیان بەوە گرەویان بردبووەوە پەیامێکیان هەبوو، خاوەنی دۆزێك بوون، بۆ ئامانجێك چەکیان هەڵگرتبوو، بۆ بەدیهێنانی دەجەنگان، گوللەیان بەفیڕۆ نەدەدا، بەلەتێك نانی رەق دەژیان، لەوپەڕی سەرما و سۆڵەدا لە لوتکەی چیا بەفرگرتووەکاندا بەرگرییان دەکرد و سەنگەریان چۆڵنەدەکرد، ئەوەندەش سەرسەختن لە جەنگدا تەنها دووشت دەزانن، گیانی خۆ بەختکردن یا دوژمن بەچۆکدا بێنن، ئەوەندە جەربەزە و بێباك دەجەنگان هەتا مەودای بەرد هاوێژێك لە زرێپۆشەکانی دوژمن دەچوونە پێشەوە، ئاگر بارانی خەستی گوللە پڕژێنەکان نەیدەگێڕانە دوواوە، هێرشیان دەبرد هەتا دەیانگرت و سەرنشینەکانیان دیلدەکرد، یا لە ژێر زنجیرەکانیدا دەپلیشانەوە، ئێران لە مێژووی نوێدا هێشتا رووبەڕووی دوژمنێکی وەها چەتوون و سەرسەخت و وورەبەرز نەبووبووەوە، هێزی بارزانییەکان دەیتوانی گاڵە بە لەشکری چوارەمی ئێران بکات و شڕو وڕی بکات، بەڵام خێزان و پیر و پەککەوتەکان دەستیان بەستبوو، ئەرکێکی زۆر گران بوو بەکۆڵی پێشمەرگەوە، تەنها رێگە چارەش ئەوەبوو بە زوترین کات بیانگێڕێتەوە کوردستانی ئەودیو لە ژێر چاودێری شێخ ئەحمەد و پارێزگاریکردنیان هەتا لە سنوور دەپەڕنەوە و ماوەیەکیش لە دەڤەری بارزان بمێننەوە بۆ چاوترساندنی میریی عێراق، بەڵام لەشکری ئێران لێنەدەگەڕا، خاڵی لاوازی دۆزیبووەوە، لەشکری بەزیوو دەست لەرزۆکی حەمە رەزا شا بەتایبەتیش فڕۆکە جەنگییەکان لەگەڵ ئافرەت و پیرو منداڵی بارزانیاندا پاڵەوانێتی دەنواند، بارزانیش چەندانە تۆڵەی لە هێزی پیادە دەکردەوە، (رائید کلاشی بەفەوجەکەیەوە لەسەر گردێك سەنگەریان لێدابوو، نۆ کیلۆمەتر دوورە لە ئێمەوە، وەها زەندەقیان چووبوو (٢٤) سەعات بێ ئاوبوون نەیاندەوێرا لەگادەر نێزیك ببنەوە کە لەبەردەمیاندابوو.. (٣٠٠) سەربازو ژمارەیەکی زۆر ئەسپ و ئێستر، دوو تۆپ، چوار برێنی قورس، شەش هاوەن، و بڕێك خواردەمەنی هەرهەموویان دیل و تاڵان کەوتنە

دەستمان) فەرماندەی ناوچەکەش رائید کلاشی بریندار بوو بۆئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمـن (بەبرینـداری خۆی کوشت). هێزی ئاسمانی تا دەهات دڕندانەتر بە بۆمب و شەستیر خێزانەکان و مەڕو ماڵاتەکـەی ئـاگر باران دەکرد، شوێن پێیـانی لەبـەفردا دەدۆزییـەوە، زیـانی زۆری پێگەیانـدن، بەوهۆیەشـەوە شـێخ ئەحمـەد فەرمانیدا بوو تەقە لە فڕۆکەکان نەکرێت، فڕۆکەوانەکان ترسیان نـەبوو ئەوەنـدە نـزم دەفـڕین بـە ئاسـانیی دەبینران، زیانی گیانیی خێزانەکان بە رادەیەك بەرزبووەوە شێخ ئەحمەد بڕیار بدات گیان لە گوللە بەنرخترە وفەرمانیدا لە هەموو سەنگەرێکەوە تەقەیان لێبکرێت (فڕۆکەیەك بەدوو فڕۆکەوانەکەیەوە بەگڕی ئـاگرەوە لە دەشتی مەرگەوەڕ کەوتـە خـوارەوە و لـەناو ئـەو ئـاگرەدا سـوتان خۆیـان هـەڵیانکردبوو.. لـەوە بـەدووا فڕۆکـەکان زۆر بـەرز دەفـڕین، بۆمـب و گوللـە شەسـتیریان بـەتاڵ دەکـردەوە و دەگەڕانـەوە)[١٣٦] (لـە دووفڕۆکەوانەکە مولازمی یەکەم تەهماسەبی بەپەڕەشوت خۆی رزگارکرد، غـولام حوسـەین نـەجمی لەگـەڵ فڕۆکەکەدا سوتا)[١٣٧]. جا ئەم دەستکێشانەوەیە لە کوشـتنی خێزانـەکان ئـەنجامی خسـتنەخوارەوەی ئـەو فڕۆکەیە بوو یا لە ترسی هەڕەشەکەی شێخ ئەحمەد بوو لە فەرماندەی لەشکری دوژمن ئەگەر بـەردەوام بـن لە بۆمبـارانکردنی ئـافرەت و منـداڵ ئـەوا ئێمـەش مـولازم جیهانیـانی کـوڕی سـەر لەشـکر، سـەرهەنگ جیهانیانی دەکوژین کە لە نێو هەموو ئەفسەرە دیارەکاندا تەنها ئەومان ئـازاد نـەکردووە. بـەکر حـەوێزی دەڵێت کە گەیشتینە سەر چەمی گادەر، ئەویشمان ناردە لای سـەید عەبـدوڵڵای نـەهری بیداتـەوە دەسـت ئێران[١٣٨].

ســەرکردایەتی هێــزی بارزانیــان کێشــەیەکیان چارەســەر دەکــرد کێشــەیەکی نــوێ پەیــدا دەبــوو، بارودۆخەکەیان زۆر سەخت بوو، کەوتبوونە نێوان سێ دەوڵەتی دوژمنەوە ئەهوەنەکەیان ئێران بوو، ئەویش ئەو مەرجانەی بەسەردا سەپاندبوون بـۆ بـارزانی مسـتەفای دیـاریکردبوو لـە تـاران، لەولاشـەوە نەخۆشـی تیفۆئید بە نێو خێزانەکاندا بڵاوبووبووەوە و بەدەیەها و بەسەدەها ئافرەت و پیر و منداڵی دەکوشت، جگـە لەوانەی لە برساندا یا لە سەرما و سۆڵەدا رەق دەبوونەوە بەرلەوەی بکەونە بەرهێرشی فڕۆکە ترسنۆکەکان. رێژەی قوربانییەکان زۆر بەرز بوو، رۆژانە دەیـەها مرۆڤـی بـەرزانیان بـە پەلەپـەل لـە بـن دارێکـدا لەپـەنا بەردێکدا دەناشت.. سەرکردایەتی بارزانیان بڕیاری گێڕانەوەی خێزانەکانیدا، ئەمجارە نـۆرەی شـێخ ئەحمـەد بوو گیان لەسەر دەست پێش لەشکرە بێ چەکەکە بکـەوێت بـەرەو چـۆمی گـادەر لەسـەر سـنوور، بـارزانی مستەفاش بە هێزێکی تایبەتەوە بەجۆرێك لە دەورپشتی چۆمەکە دادەمەزرێن دوژمن بیر لەوە نەکاتـەوە نزیك ئەو ناوچەیە بکەوێت، شێخ ئەحمەد رۆژی ١٩٤٧/٤/١٥ ماڵئاوایی لە چەکدارەکان دەکات، لەوکاتەدا ناوچەوانی مستۆی برا بچووك ماچدەکات هەرچەند وەك نان دەیناسی، پێی دەڵێت: خۆتـان بەدەسـت هـیچ دوژمنێکەوە نەدەن، دڵنیام هەرهەموتان هەڵدەواسن، خۆتان رابگرن، یەزدان چی لەناوچەوانتان نووسـیبێت هەرئەوەیە و ناگۆرێت، من پـیر و نـەخۆش و ئـافرەت و منداڵـەکان دەبەمـە وە و دەگەڕێمـەوە بەردەسـتی دوژمن بزانین چارەنووس چی حەشاردەوە، شێخ ئەحمەد پەیوەندی بە چاودێرانی سنوورەوە دەکـات، نەجـەف قولی دەڵێت شێخ ئەحمەد چووەتە (گوندی ن.ك) خرێنە و دیمانەی عەمید سەید عەلی حیجازی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراقی کردووە)[١٣٩] کـە بەتایبـەتی بـۆ وەرگرتنـەوەی ئەوبەشـەی بارزانییـەکان هـاتبوو،

نامەی (بڕیاری ن.ك) لێبوردنیشی بۆ هێنابوو (ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٨، ١٥٥٠ پیاو، ١٦٨٨ ئافرەت و ١٣٢٩ منداڵ گەڕانەوە عێراق)[١٤٠] بارزانی مستەفاش کە لە پەڕینەوەی شێخ ئەحمەد و خێزانەکان دڵنیابوو لە چۆمی گادەر، بەهەموو هێزەکەوە کە نزیکەی (٥٦٠) پێشمەرگە دەبوون)[١٤١] ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٨ بەڕێگای خواکورك – باکرە – کێلەشیندا دەچنەوە دەڤەری بارزان و هەتا ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ لەناوچەی ئەرگۆش سەرگەرمی هێرش و پەلاماردان و چاوترساندنی دوژمن و پیشاندانی هێزو توانای خۆیان بوون بەرامبەر هێزوەکانی سووارە و پیادە و فڕۆکە جەنگییەکان، دووای ئەوەی میریی عێراق لەبریئەوەی خێزانەکان بگێڕێتەوە بۆ دەڤەری بارزان دووری خستنەوە بۆ خوارووی عێراق و بەسەر ناوچەکانی پارێزگاکانی بەسراو ناصرییە پەرش و بڵاویکردنەوە و ماوەی یازدە ساڵ بەدەربەدەری و دەستبەسەری بەسەردەبەن هەتا بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ بەسەرکردایەتی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم کە بەو پەڕی ڕێزەوە هەرهەموویان ئازاد دەکات و دەگەڕێنەوە بارزان و گوندەکان و فەرمانی لە سێدارەدانی بارزانی مستەفا و هەڤاڵەکانیشی دەسڕێتەوە و بەفەرمی داوای گەڕانەوەیان دەکات بۆ وڵات و بارزانی وەك شۆڕشگێرێکی قوربانیدەر وقارەمانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە پێشوازی لێکرا.

## تراژیدیای چوار ئەفسەرە شەهیدەکان

بارزانی و هێزەکەی کە بەدووای شێخ ئەحمەددا لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە گەڕانەوە باشوور و لەدەڤەری بارزان دامەزران دەیتووانی ماوەیەك، درێژ یا کورت شەڕی پارتیزانی بکات و درێژە بە شۆڕشەکانی بارزان بدات بەڵام ژیانی (٤٥٦٧) مرۆڤی بارزانی و شێخ ئەحمەد و شێخەکانی بارزان دەکەوتە مەترسییەوە، ئەوە کارتێکی بەهێزی گوشار و پاڵەپەستۆ بوو بەدەست میریی عێراق و بەریتانیاوە دژی بارزانی کە هەرگیز سڵیان لە لەنێوبردنی پیاوەکان نەدەکردەوە و خێزانەکان ئەوەندەی دیکەش سەرگەردان وبێ گەورە دەبوون، بەو هۆیەوە بوو بارزانی بڕیاری کشانەوە دەدات و ڕێگەی هات و نەهات دەگرێتە بەر پشتیوانیشیان هەر تفەنگەکانی دەستیان و چیاکانی کوردستان بوو، هەرگیز بیریان لەچەك دانان و خۆ بەرۆژگار سپاردن نەدەکردەوە، بارزانی دەیوت مرۆڤ هەتا چەکی بە دەستەوەیە خاوەنی بڕیارە، هەر کەچەك دادەنێیت بڕیاری لەدەست خۆیدا نامێنێت، ئەگەر وەها نەبوایە هەر لەسەرەتاوە دووای هەرەسی مەهاباد بە پێی مەرجەکانی شای ئێران لەگەڵ خێزانەکاندا وەك پەنابەر لە ئێران دەمانەوە بۆیە لەو بارودۆخە سەختەدا سەرانی بارزانیان دەگەنە گونجاوترین چارەسەر، هەرچەندە قوربانیدانی دەوێت بەڵام لە قەڵاچۆکردن دەیپاراستن کە هەر ئەو کاتەش ژمارەی بارزانیان لەچاو ڕێژەی دانیشتوانی بادینان‌دا زۆر دابەزیبوو بەتایبەتیش ژمارەی پیاوان.

شێخ ئەحمەدی بارزانی و لەشکرە بێ چەکەکە بەرەو عێراق و هێزەچەکدارەش بەرە و تورکیا بەدوو ئاراستەی ئاوەژوودا دابەشبوون. نەجەف قولی پسیان لەوباوەڕەدایە بارزانی باوەڕی تەواوی بەو پەیمانە هەبوو ئەمەریکا دابوویە و دەڵێت: (کاتێك لە تاران بوو، باڵوێزی ئەمەریکی (ئەمەریکا) پەیمانی ئەوەی ئەداتێ گەربێت و بگەڕێتەوە عێراق و تاماوەیەکی کەم بەرامبەر هێزی عێراق خۆڕاگرن ئەوا ئەمەریکا

داوای شەڕ ڕاگرتن لە هەردوولا دەكات و كـارێكی وا دەكـات حكومـەتی بەغـدا خـود موختـاری بـەكورد بدات)[١٤٢] ئەی بارزانی چی دەویست (كوێرە چیت دەوێت؟ دووچاوی ساغ!) خۆ بارزانی گەڕایەوە عێـراق و ئەو ماوەكورتەش بەرەنگاریكرد و خۆیڕاگرت، ئەی بەڵێنی خـود موختـاری چـی بەسـەردا هـات؟ مرۆڤـــ ناتوانێت باوەڕبكات پەیمانێكی لەوجۆرە لە ئارادا بووبێت بەڵكو هەرگرییمانەیەك بـووە، پێدەچێت داوێـك بووە گەلەكۆمەكی نامەردانەی پێنج دەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی و مافی گەلان بـۆ لـەناو بردنـی بارزانیـان نابووەوە چولەكە كوژی بارزانیان بەزیندوویی نەهێڵن، چونكە:

١ـ بۆ ئامانجێكی وەها پیرۆز و بەڵێنێكی وەها شیرین، بارزانی هەر بەهێزەكەی خۆیـەوە دەیتـوانی نـەك ماوەیەكی كورت، ماوەیەكی درێژیش بەشێوەشەڕی پارتیزانی بمێنێتەوە، چجای ئـەوەی پـارتی دیمـوكراتی كورد و هەمـوو كوردپەروەران و ئازادیخوازانی باشوور و باكوور یش پەیوەندییان پێوەدەكرد.

٢ـ مافی كورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا (خـود موختـاری) هێشـتا لەبەرنامـەی رامیـاری بزوتنـەوەی كوردایەتیدا لە باشوور و لە هیچ بەشێكی كوردستاندا بەو مانایە گەڵاڵە نەبوو بوو، كەواتە ئەمـەریكا بـۆ دەیخاتە سەر ئەو كەڵكەڵەیە لە كاتێكدا بارزانی ئـەو كاتـە بـەوە رێدەكـەوت رێگـەیان بـدرێت بگەڕێنـەوە بارزان و هەندێك چەكیان بەدەستەوە بمێنێت نەك شێخان و خێزانەكان دووچاری دوورە وڵاتی و دەربەدەری و دەستبەسەری خوارووی عێراق بن و بارزانیش بەو دەردی سەری و چۆن جارێكی دیكە چـاویان بـە بـارزان و كوردستان دەكەوێتەوە، ئاخۆ بە هیچ لێكدانەوەیەك دەشێت ئەوەیان لە ئۆتۆنۆمی بەلاوە چاكتر بوو بێت؟!

٣ـ هێزو توانای ئەمەریكا لە دووای یەكەمین جەنگی گشتییەوە لە لایەنـەكانی سـەربازی، پیشەسـازی، ئابووری و دەستەڵاتەوە لە نێوچەی خۆرهـەڵاتی ناوەنـدا رۆژ بـەڕۆژ پەرەیدەسـەند و جێگـەی بەبـەریتانیا و فەرەنسا چـۆڵدەكرد، جـا كـورد پشـت و پەنایـەكی وەهـا بـەهێزی هـەبێت دوژمنـانی دەوروپشـت نـەوێرن لەبەردەمیدا بكۆكن و بەڵێنی جۆرە مافێكیان پێبـدات كـە دووای پـازدە صـاڵ شۆڕشـی ئـەیلوولی مـەزن داوایدەكرد.. ناشێت شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفا و پارتی هـەلێكی وە هـا مێـژوویی لەدەسـت بـدەن و ئاوارەیی بۆ خۆیان هەڵبژێرن لە كاتێكدا هێزە چەكدارەكانی هەر سێ دەوڵەتی داگیركـاری كوردسـتان و دژ بە ئاواتەكانی كـورد بەریتانیاشـیان لـە پاڵـدا بـوو لەوپـەڕی ئامادەباشـیدا بـوون و پەیوەنـدی بـەردەوامی رامیاری، سەربازی، هەواڵگریان لە نێواندا بوو ئەمجارەو بۆ دوواجار هێزی بارزانیان وەك كێچ بپروێنن و لە رەگ و ریشەوە دەریانهێنن و لەوبەڵایە رزگاربن بەڕۆكی هەموویانی گرتووە و ئاشتی و ئارامیی ناوچەكەی خستۆتە مەترسییەوە. هێزەكەی بارزانی سنوورە دەستكردەكەی نێوان عێراق و توركیا دەبـەزێنن و دەچـنە باكووری كوردستان و دووبارە لەژوورترەوە دێنەوە نێو عێراق و لەوێشـەوە لـە رۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ دەچـنە ئەو دیو سنووری ئێران و هەتا رۆژی ١٩٤٧/٦/٦ دەستبەسەر گوندەكانی ئەمبێ، چـەمەن، قـەران، تـووڵ گی، سلینەك، مسـتەك دا دەگـرن و بـارزانی ٦/٧ نامەیـەك بـۆ كاربەدەسـتانی لـە شـكری چـواری ئێـران دەنێرێت داوای گفتوگۆ و چارەسەركردنی كێشەكان دەكات)[١٤٣]. ئەو كاتـەی خێزانـەكان لـە سـەر چـۆمی گـادەر خۆیـان بـۆ پەڕینـەوە ئامـادەدەكرد ئەفسـەرانی لیژنـەی ئـازادی عیـزەت عەبدولعـەزیز، خـەیروڵڵا عەبدولكەریم نەخۆشی پەكی خستبوون، شێخ ئەحمەد لەسەر داربەست پەڕاندییەوە، ئەفسەرەكانی هەڤاڵیان

وەك بەکر حەوێزی، موحەممەد قودسی، جەلال ئەمین ڕەواندوزی (موحەممەد قودسی و جەلال ئەمین ڕەواندی و چەند کەسێکی دیکە لەسەرما و برسێتیدا هێزی ڕۆشتنیان نامێنێت دەڵێن کە هەر دەمرین، خۆبەدەستی عێراقەوە دەدەین)(١٤٤) بەکر حەوێزی لە شوێنێکی دیکەی کتێبی یادەوەرییەکانیدا دەڵێت (لەسەر چۆمی گادەرەوە دووای سێ ڕۆژ ڕۆشتن بەپێ، لە نێوان کوردستانی گەرمیان و کوێستاندا ڕێگەمان لێ وون بوو، لە نێوچەی لۆلان و برادۆست قودسی لەسەرمان و برسێتیدا هێزو توانای نەما، وتی خۆم تەسلیم دەکەم)(١٤٥) بەو دوو گێڕانەوەیەدا وا دەردەکەوێت پێشتر نیازی خۆبەدەستەوەدانیان نەبووە، بەهەر هۆیەکەوە بووبێت لە هەردوو باڵەکەی شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفاش دادەبڕێن، وابزانم بەکر حەوێزی تاکەکەسێکە لە باروودۆخەکەدا ژیاوە و لە نزیکیشەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە و ئەوەی بەبیریدا هاتۆتەوە تۆماری کردوون، بڕیا و هەزار بڕیا قووڵتر و ڕوونتر بەناخی بەسەرهاتەکان و ڕۆژ و مانگ و ساڵەکاندا شۆڕببوایەتەوە، ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە کورد پەروەرە بۆ پەرش و بڵاوبوونەتەوە، دەڵێت عیزەت عەبدولعەزیز زۆر نەخۆشبوو، شێخ ئەحمەد بەدارەبەست لە گادەر پەڕاندییەوە بەڵام باسی خەیروڵڵا عەبدولکەریم ناکات زۆر لەو نەخۆشتربوو، بەڕادەیەك بە هیوای ژیان نەمابوو، بەدەست نەخۆشییەکەوە) دەستە و دامێنی هاوسەرەکەی دەبێت کە کیژۆڵەیەکی ساباڵخی شۆخ و شەنگ بوو تەمەنیشی زۆر لاوتر بوو، تکای لێدەکات بگەڕێتەوەماڵەباوانی و بەهۆی ئەوەوە دووچاری دەردەسەری نەبێت، کیژەش دەگریا و دەبیوت ژیان و مردنم لەگەڵ تۆدایە چۆن بەجێتدەهێڵم. دووای ئەوەش ناچار دەبێت داوا لە هەڤاڵەکانی بکات بەتایبەتی ئەفسەرانی ڕاپەڕینەکەی خۆراسان کە هاتبوونە پاڵ بارزانی و دەڵێت هەوڵی لەگەڵ دابدەن و هانیبدەن بگەڕێتەوە ساباڵخ، زۆر لەبەردڵم گرانە ئەو گوڵەی ساباڵخ بکەوێتە دەست دوژمن.. جێگەی داخە ئەو ماوەیە و مێژووی ڕووداوەکان ڕوون نەکراونەتەوە، مستەفا خۆشناویش کەمتر ڕووناکی خراوەتە سەر، ئەوانیدیکەش جگە لە نووری ئەحمەدی تەها و میر حاج ئەحمەد لەوێدا گرێ لە مێژووی خەباتیان دەدرێت و زانیارییەك لەبارەیانەوە لەبەردەستدا نییە، نووری دەگەڕێتەوە عێراق و وەك ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری پارتی و ئەندامێکی سەرکردایەتی هەتا شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ سەرقاڵی خەباتی نهێنی دەبێت و دوواتریش یەکێك بوو لەسەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەڵام میرحاج تەنها ئەفسەری کورد بوو لەگەڵ بارزانیدا ڕوویکردە ئاراس و یەکەمین کوردیش بوو چووە ئەوبەر بۆ پەیوەندیکردن بە لێپرسراوانی سۆڤێتەوە. چوار ئەفسەرەکەش لە ئەنجامدا لە بەغدا و لە زیندانی مەرگدا یەکدەگرنەوە، هەرچواریشیان پاشملە فەرمانی لە سێدارەدانیان بەسەرەوە بوو، هەر بۆ چاوو ڕاو شانۆگەری دادگاییکردنێکیان بە کورد پیشاندا و برانە بەردەم دادگای سەربازی و بێ گوێدانە ئەوەی بەویست و ئارەزووی خۆیان گەڕاونەتەوە و خۆیان داوەتە دەست (عەدالەتی) خاوەن شکۆ، شای عێراق، سەرلەنوێ هەمان فەرمانی ڕەشیان بەسەردا سەپاندن، دڵسۆزانی کورد بەتایبەتی مێژوونووسی گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگ، بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، عەلی کەمال، مارف چیاووك، ماجد مستەفا پێشەنگی ئەوانە بوون دووای هەوڵێکی مەردانە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق صالح جەبر ناچاردەکەن سزای لە سێدارەدانەکە بکاتە زیندانی هەمیشەیی بەڵام ئەوەی ڕێگر بوو، سوور بوو لەسەر لە

سێدارەدانیان خاڵۆی مەلیکە بچکۆلی عێراق و چاودێری عەرش هەتا فەیصەڵی دووەم گەورە دەبێت، عەبدولئیلا بوو، هەر قسەی ئەویش سەرکەوت.

## وەسیەتنامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکان

چوار ئەفسەرەکە چەند کاتژمێرێك بەر لەوەی بچنە بەر پەتی سێدارەی ستەم و زۆرداری میریی عێراق و بەریتانیای ئاغای، پێکەوە وەسیەتنامەیەکیان نووسیوە و وەك ماڵئاوایی لە کورد بکەن نەك لە کوردایەتی نووسیویانە (برایان، لە ژیانی دیلی و ژێر دەستی ئیمپریالیزم تەنها چواردە سەعاتمان ماوە و دەگەینە جیهانی سەربەستی و رۆحمان دەگاتە رۆحی شەهیدانی رێگەی نیشتمان، برایان بەوە دڵخۆشین لە ئەرکی سەرشانمان دووانەکەوتین بەرامبەر نیشتمان، تاکە ئامۆژگاریمان ئەوەیە لاوانی نیشتمان پەروەری کورد خۆویست نەبن و بەرخودان بکەنە رێبازی تێکۆشان بۆ پساندنی کۆت و زنجیری دیلێتی و رزگاربوونی هەموو گەلانی ژێر دەستە. برایان دوژمنی نەزانین بن، بەهەموو تواناتانەوە بەرەنگاری بکەن و هەرگیز دووای مەکەون، ئێمە سونبولی خەباتی گەلەکەمانین، برا نەبەزەکانمان درێژە بەخەبات دەدەن و پشت بە یەزدان سەردەکەون و گەل رزگار دەبێت. برایان کە هاتینە بەر سێدارە نەلە ترسدا بوو دوودڵی لە خەبات بەڵکو سەربازی دڵسۆز بووین و بەهەموو توانامانەوە خەباتمان کرد هەتا بەم ئەنجامە گەیشتین. بەرە و یەکگرتن، بەرە و رزگاری، بژی کورد بژی کوردستان[١٤٦]. بەرەبەیانی رۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ دوو مانگ و نۆزدە رۆژ دووای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەممەد و سەیفی برایی و سەدری ئامۆزای جگە لە چەندین تێکۆشەرانی دیکەی کوردستانی رۆژهەلات، دەق هەشتا رۆژ دواتر چوار ئەفسەری شۆڕشگێڕی کورد، چوار رۆڵەی قارەمان و بەئەمەك وەك کێوی وورە و باوەڕی پۆلایین بە خەبات دژی داگیرکاران، دژی زلهێزە مۆنۆپۆڵەکان و پشت ئەستوور بە بڕیاری مێژوو (هەموو شتێك لە باریکیدا دەپچڕێت تەنها زۆرداری لەوپەڕی ئەستووریدا دەپسێت) و رزگاربوونی هەموو گەلانی چەوساوە و شادبوون بەئازادی و سەرفرازی مافەڕەواکانیان وەك رەنگدانەوەی کوردایەتی، ئەوەی بەخۆی رەوا دەبینێت بەهەموو گەلانی رەوا دەبینێت، دۆستی گەلانی چەوساوە و دوژمنی مۆنۆپۆڵ و کلکەکانیانە، کوردستانی بۆ کورد دەوێت و چاوی لە خاك و نیشتمانی هیچ گەلێك نییە ئەوەندەی شیریشی بڕ بکات و هەتا سەر بەرەنگاری شۆڤێنزم و مۆنۆپۆلیزم دەکات کە چاویان لە کوردستان بڕیوە و هەریەکە و بە بیانوویەك بەبەشی خۆیانی دەزانن.. ئەو چوار رۆڵە نەبەردەی کورد بەدەم هاواری بژی کورد، بژی کوردستان، بڕمێ زۆرداری، بڕمێ چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، سەرکەوتن بۆ خەباتی گەلانی چەوساوە و شادبوون بە ئازادی و سەرفرازی چاویان لە چاوی مەرگ چەقاند، مەرگێك بوو بەلاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی لە مێژووی کووردا بە خوێنی ئەو چوار ئەفسەرە تۆمارکرا هەتا کورد ماوە بە چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵلا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، موحەمەد قودسی جێگەی شانازی و رێزلێنانین.

بارزانی مستەفا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سێ دەوڵەتی دوژمن بە کوردا، ئازادی ئەمبەر و ئەوبەری هەبێت روو لە سێگۆشەکەی دالامپەر، خاڵی پەیوەستی هەرسێ سنووری عێراق، تورکیا، ئێران دەکات... لە عێراق پەتی سێدارەی دوژمن چاوەڕوانیدەکرد، تورکیاش وەك ساڵی ١٩٣٢، دەیدایەوە بە عێراق،

تاوانەکانی ئەو رژێمە شۆڤێنیەی تورکیاشی لەبەرچا و بوو صاڵی ١٩٣٧ چییان بەسەرکردە و شۆڕشگێڕانی کوردی باکوور نەکرد! سێ دەوڵەتی گەورە و دوژمن بە کورد لەناوچەکەدا جگە لە بەریتانیاش سەریان نابوو بەیەکەوە (لە حاجی هۆمەران کۆدەبونەوە، شای ئێران، سەرۆك وەزیرانی عێراق نووری سەعید، وەزیری بەرگری عێراق، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق سەید عەلی حیجازی، فەرماندەی لەشکری چوارەمی ئێران سەرهەنگ هومایۆنی.

یەکەمین بڕیاری کۆبوونەوەکە ئەوە بوو هەموو هاوکارییەکی ئێرانبکەن تا بتوانێت دوژمنی هاوبەش و دێرینەیان ریشە کێش بکات، و لەوبەلا گەورەیە رزگار بن، هێزەکانی عێراق دەستووبرد بارزان تەختدەکەن، وەزیری بەرگریش دوو تیپی سوپا لە باپشتیان و مێرگە سووربوون بەپشتیوانی دووازدە فڕۆکەی جەنگییەوە دەخاتە ژێر فەرمانی هۆمایۆنی، تورکیاش لای خۆیەوە هێزەکانی لە دالامپەر، کۆتانا، بێانر ئامادەکردبوو بۆ بنەبڕکردنی بارزانیان..) سەرکردەی هێزەکانی عێراق، ئێران ئاگادار دەکات بارزانی رۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ چۆتە نێو خاکی تورکیاوە، بە پێی برووسکەیەکی سەرهەنگ هۆمایۆنیش، بارزانی هەمان رۆژ گەڕاوەتەوە نێو خاکی ئێران و لە دۆڵی سۆماس دامەزراوە، بەر لە گەڕانەوەی هێزی بارزانیان بۆ ئێران، حەمە رەزا شا رۆژی ١٩٤٧/٥/٢٣ بە بۆنەی سەرکەوتنی ئێران بەسەر کۆماری کوردستان و بارزانیاندا سەردانی هەردوو شاری ورمێ و سابلاخ دەکات و هەتا رۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ لەوناوچەیە دەمێنێتەوە، بارزانیش هەر ئەو رۆژە دەگاتە گوندی جیرمێ و گوندی خشکی کە هەردووکیان لە سنوورەکانی ئێراندان (وەك بارزانی فەرمویەتی ٥٣٠ بارزانی دووای پێنج رۆژ بڕینی لوتکە بەفرینەکانی بێداو، ئاسنگرە، سپیرێز و پەڕینەوە لە گۆمی دازگەورە، لە گوندەکانی سنووری بێدکار، مرمێ وە چوونە ئێرانەوە و لە ماوەی (٢١) رۆژ شەڕی عێراق، تورکیا، ئێران گەیشتینە سۆڤیەت) بارزانی ئەوەندەی بۆیبکرایە خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئێران دەپاراست، رۆژان لە سەنگەر و حەشارگەدا لەوپەڕی ئامادە باشیدا خۆیان ماتدەکرد، هەرکە تاریکی دادەهات دەجوولان و بەرە و ژوور هەڵدەکشان، دوژمن تووشی چەواشە بوون و سەرە خولێدەکەن، چاودێری بەردەوامی فڕۆکەش رۆژ هەتا ئێوارە وەك واشە دەسووڕانەوە و شوێن و جێگە و رێرەویان نەدەدۆزینەوە، بارزانیش شەڕێکی نەدەکرد بەبەرژەوەندی دوژمن بشکێتەوە، بەنێو چیا سەخت و هەڵوتەکانی کوردستاندا، بەنێو دۆڵ و نشێوە قووڵ و هەزار بەهەزارەکاندا روو لە ئامانج رێیدەکرد، لە دەڤەری ماکۆ، سۆسۆز، سکار ناچاردەبێت دەستێك لە دوژمن بووەشێنێت و لوتی سووپای ئێران بشکێنێت هێزی دوژمن قەبە بوو (یازدە کەتیبەی پیادە، دوو فەوج سوارە، دووپۆل فڕۆکە جگە لە هاوەن و تۆپ.. (بەلام گورزێکی گورچکبڕیان بەرکەوت ن.ك) زیانی دوژمن سەدان کوژرراوو بریندار، (٢٧١) دیل، چەك و تەقەمەنی و وولاخ و ئازووقەیەکی زۆر و هەتا خەڵکی سیراجلی پەڕینەوە دوژمن خۆی نەگرتەوە، زیانی بارزانیان تەنها چوار شەهید بوون: مل لیری، حەجی گوێزی، موحەممەد مەلا موحەممەد مێرگە سووری و صالح لیری و چواردە بریندار) لە راستیشدا وەك بارزانی دەیویست بەجۆرێك لوتی دوژمنی شکاند پەردەپۆش نەدەکرا، ئێران لە هیچ سەردەمێکی مێژووی نوێدا رووبەڕووی دوژمنێکی وەها سەرسەخت و دەستوەشێن و بەئەزموون نەبووەتەوە بەهێزێکی بچووکەوە ئەو کارە بەلەشکری شاهانە

بکات، هەموو تواناکانیان خستەگەڕ، شا لە نزیکەوە چاودێری لەشکرە پاڵەوانەکەی دەکرد کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. (فرمانەکانی سەرکردایەتی لە شکرەکانی ئێران بۆ فەرماندەی تیپی چوار جەختی لەسەر ئەوە دەکرد: زۆر ووریا بن، ئەو هێزانەی ئامادەیی کەمە، تووشی بارزانییەکان نەبن، هەرهێزێك لە کەتیبە بچوکتر بێت زیانی گەورەی پێدەگات، ئەوپەڕی کەڵك لە بۆمبارانی فڕۆکە وەرگرن کە تەنیا ڕێگەیە بۆ رووخاندنی وورەیان. زۆر ووریا بن بەرهێرشی کتوپڕ نەکەون و هێرشەکان بە پشتیوانی باڵە فڕۆکە و زرێپۆش بێ) وورده سەرنجێکی سەرپێی لەو فەرمانەی سەرەوە بەراشکاوی دەریدەخات تا چ ئاستێك لە شکری ئێران زەندەقی لە بارزانیان چووبوو، هێزەکانی پیادە و سووارە و زرێپۆش و تۆپخانە دەرەقەت نایەن مەگەر هەر فڕۆکە جەنگییەکان بتوانن وورەی بەرزانیان بڕوخێنن. وەك دووایش دەردەکەوێت ئەوەش کەڵکێکی بەلەشکرەکانی شا نەگەیاند. دوژمن سەری لە جەنگاوەری و خۆراگری بارزانیان و بلیمەتی سەرکردەکەیان سوورمابوو، چۆن شەڕەکان بەڕێوەدەبات و بەزیانێکی کەم، زیانی قوورس بەلەشکر دەگەیەنێت و بەردەوامیش دڕ بە هێزەکانیان دەدات و بەرەو ژوور هەڵدەکشێت هەتا کار بەوە دەگات کێشەکە دەچێتە بەردەمی حەمە رەزا شا و فەرمانی تایبەتی و راستەوخۆ دەدات بە زوترین کات بارزانییەکان لە نێو ببرێن و ئاو بەو ئاگرەدا بکەن. سەرۆکی ئەرکانی سوپا، سەرهەنگ رەزم ئارا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە دەکەوێتە خۆی (وەزارەتی شەڕ نووسینگەی ئەرکانی سوپا ژمارە (٢٠٤٣) رۆژ ٢٦/٣/٢١ [١٤٧] رێزدار فەریق شابەختی، بە پێی فەرمانی شایانە پێتان رادەگەیەنێت وەك ئاگادارن بارزانییەکان ٣/٦ هاتنە زەوی ئێرانەوە، فیرقە رۆژی ٣/٩ رووبەڕوویان بووەوە لە کاتێکدا دە جاران هێندەی ئەوان دەبوون بەهەموو پێداویستییەکی جەنگەوە.. مەزن رێزدار فەرمانیدا پێویستە لەماوەی (٤٨) سەعاتدا ئەم کارە کۆتایی بێت بەڵام (ئەو ئەنجامە) نەهاتە دی و هەر بەرە و باکوور هەڵدەکشێن، بە پێی فەرمانی شایانە، شاندێك لە ژێر سەرکردایەتی بەڕێزتان و ئەندامێتی لیوا خەسرەودان، عەقید گورزان، عەمید دەسووقی لەوشوێنە پێکەوە بنرێ و بەووردی لەو رووداوە بکۆڵنەوە.. لەبەرئەوەی ئەو رووداوە روومەت و پلە و پایەی سوپای لەبەرچاو دراوسێ و خێڵانیش هێناوەتە خوار، دەستە پاچەیی سووپای بەجارێ خستۆتە روو، بەزوترین کات (ئەنجامەکە) بنێرنەوە بخرێتە بەرچاوی شایانە. سەرۆکی ئەرکانی سوپا، لیوا رەزم ئارا) رۆژی ١٩٤٧/٦/٨ بارزانیان ناوچەی مەرگەوەر چۆڵدەکەن و بەرزاییەکانی گەلی شێخان و کەرتش و گوندی سیرۆیان کۆنترۆڵدەکەن و قۆڵێکیان بەردەوام بەرە و باکوور هەڵدەکشان و خۆیان لە چاودێری فڕۆکە دەپاراست و خۆیان حەشاردەدا شوێنیان دیارینەکرێت و سەنگەرەکانیان نەدۆزنەوە. تەفرەشیان ئەفسەرێکی راپەڕینی خوراسان بوو، پەیوەندی بە کۆماری کوردستان و دوواتر هێزی بارزانیانەوە کرد، لە نێو رووداوەکاندا ژیاوە وئەفسەری لێپرسراوی ئەو تۆپهاوێژانە بووکەدەست بارزانیان کەوتبوون وشارەزاییان لە بەکارهێنانیاندا نەبوو. ئەبولحەسەن تەفرەشیان رووداوو بیرەوەرییەکانی لەگەڵ کۆماری کوردستان و هێزی بارزانیاندا تۆمارکردووە و لە کتێبێکدا چاپیکردوون بە نێوی (بارزانی خۆبەدەست کەسەوە نادات) لێرەدا بەراوردێك لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت و هێزی بارزانیاندا کە ئەوکردوویەتی و چەند سەرنج و تێبینییەکی ووردی لە بارووذۆخی هەمەلایەنەی ژیانی بارزانیان دەخەینە

روو (سووپا لەڕووی ژمارە و چەکەوە باڵا دەستە بەڵام نەیتوانی جێ پەنجەیەکی ئەمە پیشان بدات. هێزی بارزانی (١٥٠٠) بارزانی زۆربەیان تفەنگی برنە و هەڵدەگرن، (٣٠٠ — ٥٠٠) سوارەی زیرۆبەگ و تەها هەرکی، (٥٠٠) ئاشووری و ئەرمەنی و دیموکرات (ئازەری ن.ك) (٥٠) بریێنی سووك و گران، (١٥٠) رەشاش، هەندێك نارنجۆکی دەستی، بەڵام لەبارەی خواردنەوە لەتەنگانەدان، رۆژ بەرۆژ لە گوندەکانی شنۆ، دەشتە بیل و تەرگەمەوەر کۆیدەکەنەوە، پەیوەندییان بە هۆزەکانەوە نالەبار نییە، پەیوەندییان بە کونسوڵی بیانی لەورمێ هەیە)[١٤٨] لەبارەی کەسایەتی بارزانیان و بارووددۆخی ململانێکەشەوە دەڵێت (کۆتایی ١٣٢٥ شەڕ، رۆژ بەرۆژ گەرمتر دەبوو، بارزانییەکان هەرچەندە خۆیان لەناو ئەڵقەی گەمارۆدا دەبینی نەترسانەتر خۆیان لە ریزی سوپا دەدا.. دەستیان لە گیانی خۆیان شتبوو.. لە ماڵی دنیا بێبەش بوون، جگە لە شەڕ و مردن رێگەی تریان لە پێشدا نەبوو )[١٤٩] بزوتن و ئەمدیوو ئەو دیوو کردنی سنوورەکان و پلان و دیسپلین و خۆڕاگری بارزانیان و خۆلادان لە رووبەڕووبوونەوەی بێکەڵك و خۆبزرکردن لە دوژمن بەشێوەیەك بەرێوەدەچوو هەتا کۆتایی نەورۆزی ١٩٤٧ دوژمن نەیدەزانی بارزانی روو لە سۆڤێت دەکات، هەر کە ئەوەشیان بۆ دەرکەوت پلانێك دادەنێن ئەو رێگەیەیان لێبگرن کە بەدۆڵی دوور و درێژی (قوتور) دا تێدەپەرێت، ئەوەش کارێکی نەك ئاسان نەبوو بگرە مەحاڵ بوو. هومایونی دوو بەتالیۆن و هێزێك دەنێرێت دەرووەکانی قوتور و ماکۆ ببەستن بەڵام بارزانیان پەڕیبوونەوە نێو تورکیا و لە دەروویەکی دوواترەوە دێنەوە نێو ئێران و بەرە بەیانی رۆژی ١٩٤٧/٦/٣ بەنێو هێزەکانی دوژمندا دەکەونە ئەو دیو ئەو تۆڕەی بۆیان دانابوون وەك مەڕە کێوی راویان بکەن بەڵام خەیاڵیان خاوبوو، بارزانی هێزەکەی گەیاندە (٢٥) میل ئەولای شاری خۆی و بۆئەوەی رووبەڕووی دوژمن نەبنەوە رۆژی ٦/٩ بەلای باکووری خۆرئاوادا بایاندایەوە و رۆژی ١٩٤٧/٦/١٠ دەگەنە دامێنی خۆرئاوای چیای ئارارات و تەنها (١٠) میل دوور لە رووباری ئاراس .ئەو هێزە قەبەو گەورەیەی ئێران و بەو هەمووچەك وجبەخانە قورسەوە،ئاشکرا دەریدەخات لەشکری ئێران لە هێزی بارزانییان تۆقیبوون و لەو پەڕی ترس و بێورەیی وتێکشکاندا بوون.بارزانی دوو پێشمەرگە پێشدەخات لەوانەی گوڕوتینێکی زۆرتریان تێدا مابوو زمانی ئازەریشیان دەزانی، چاودێرانی سنووری سۆڤێت ئاگاداربکەن، دوواتریش میرحاج ئەحمەد وەك نوێنەری بارزانییەکان دەچێتە ئەوبەر. رێڕۆیشتنە مێژووییەکەی بارزانیان دووا هەنگاوەکانی لەسەر رووباری ئاراس گیرسایەوە، بارزانی بێئەوەی پشووبدات بە هەڤاڵانی دەڵێت هەرکێمان هێزی تێداماوە هەندێك راستەدار ببڕێت (کەڵەك) یێك ببەستین بۆ پەڕاندنەوەی ئەوانەی مەلە نازانن، هەرچەند مستۆ خۆی یەکێك بو لە وانەی مەلەی نەدەزانی بەڵام دووا پێشمەرگە کە پەڕییەوە ئەوبەر بۆ خاکی سۆڤێت ئەو بوو، پەرۆشی ئەو دوو هەڤاڵە بوو دەمێك نەبوو بەکاریگەری زامی سەختەوە گیانیان لەدەستدابوو. ئەو دەمەی هەڤاڵان دارەکانی کەڵەکیان دەبەست، ئەویش لە لق و پۆپ و گەڵای دارەکان راخەرێکی بۆ دوو شەهیدەکە رادەخست و هەر بەگەڵا و لق و پۆپیش لە پاڵ یەکتردا، دایاندەپۆشێت، شەش تفەنگیش دەکاتە (وارش) بۆیان، دوو لەلای راست و دوو لە لای چەپ و تفەنگێك لە ژوور سەریان و یەکێك لەدامێنەوە پاڵدەخات، نامەیەکیش بەزمانی فارسی دەنووسن، ئەو شەش تفەنگە لە بری ماندووبوونی ئەوانەی لەسەر رێ و شوێنی ئاینی پیرۆزی موسوڵمانان

ئـەم دوو هەڤاڵـەمان بـەخاك دەسـپێرن و یـەزدانیش پاداشـتیان دەداتـەوە! رۆژی ١٩٤٧/٧/١٧ هێزەکـەی بارزانی دووای بڕینی ٢٢٠ میل ڕێگای هـات و نـەهات لەوکوێسـتانە سـەختانەدا بـە (٥٢) رۆژی پـڕ لـە کارەسات و مەینەتی، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و گیانبازیی لەگەڵ مەرگدا، برینـدارەکانیان بـەکۆڵ، بـە وولاخ و لەسەر(دارەبەست) دەگواستەوە و شەهیدەکانیشیان بەدەم ڕۆیشتنەوە بەخاك دەسپارد.

بارزانیـان گەیشـتنە خـاکی سـۆڤێت، هەواڵەکـە لـە تـاران، بەغـدا، ئەنقـەرە، لەنـدەن و میدیاکانـەوە دەنگیدایەوە، رادیۆی لەندەن هەواڵەکەی بەجۆرە بڵاوکردەوە (چـوار ئەفسـەرە کوردەکـە ١٩٤٧/٦/١٩ لـە سێدارە دران بەڵام مستەفا بارزانی بەشێوەیەکی زۆر سەرسـوڕهێن لـە (تەڵـە رزگـاریبوو بەئاسـانی لەگـەڵ پێشمەرگەکانیدا گەیشتنە رووسیا)[١٥٠] بارزانی و هەڤاڵانی گەیشتنە سۆڤێت، سەرکردایەتی لە شکرەکانی ئێران بە فەرمانی شـا کەوتنـە لێکۆڵینـەوە و دیـاریکردنی هۆیـەکانی ئـەو شکسـتە گـەورە سـەربازییە و دەستنیشانکردنی ئەو ئەفسەرانەی ئەو شەرمەزارییەیان بەسەر سوپای خاوەن شـکۆی مەزنـدا هێنـا، ئـەو سوپایەی هێزەکانی کۆمـاری ئازەربایجـان بـەو ژمـارە زۆرەی سـەرباز و ئەفسـەرانەوە، بـەو هـەموو چـەکە قورسانەوە، پارتی کۆمۆنستی ئێران (توودە) بەهەموو ئەندام و لایەنگرانیـەوە، مۆسـکۆش لـە پشـتیانەوە بوو، تەنها پازدە خولەك خۆیان نەگرت و هەڵهاتن بەڵام هێزی بارزانیـان بـەوهێزە بچـووکەوە هـەمان ئـەو سوپایەی ئێرانی کردەمایەی گاڵتە جاری و پێکەنین.. ئەوە وانەکانی مێژوون، لە لاپەڕە هەرە پرشـنگدار و پڕ لە شانازیەکانی کوردن نابێت لەیادیان بکەین.

بارزانی مستەفا سەرکەوتن و رووسووری بارزانیان و کورد و روو زەردی و چۆك لـەرزین و ئـابڕو چـوونی لەشکری ئێرانی لەگەڵ خۆیدا بردە سۆڤێت، ئـەو راسـتییە مێژووییەشـی نایـە مشـتی شـای ئێرانـەوە کـە پێشەوا قازی موحەممەد لەبەردەم دادگا ستەمکارەکاندا دەستبەستە نـەبوو، جۆرەهـا تـاوان بـدەن بەملیـدا چۆن شان و شکۆی ژەنەڕاڵە بەزیوەکانی لەکەدارکردووە و بەترسنۆکی ژماردوون، بەزمانی خۆیان، بەفارسی دوونیوە دێڕ هۆنراوەی فیردەوسی مەزنی بەرەچەڵەك کوردی کردووە بـە بەڵگـە بـۆ سـووکایەتی پێکردنیـان بەومانایەی لە بەرەنگاریکردنی داگیرکارانی وڵاتـی ئێرانـدا ژەنـەراڵ و ئەفسـەرانی سـوپای ئێـران لـە بـری پاراستنی وڵات و قوربانیدان، کوڕ ئەو کوڕە بوو لاقێك بکاتە دووان و خۆی رزگاربکات، چش لە وڵات چی بەسەردێت..! ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سووپا راستەوخۆ وتویانە، ئەو هونەرانەی مەلا مسـتەفای بـارزانی لە جـەنگی پـارتیزانی و بەڕێوەبردنیـدا بەرجەسـتەی دەکـرد (لـە زانکـۆی جـەنگیی تـاران وەك وانەیـەکی سەرەکی دەخوێندرێ) سوپا سـالاری لـە شـکرەکانی ئێـرانیش ژەنـەڕاڵ رەزم ئـارا بەویـژدانێکی زینـدووەوە پەسەندی ئازایەتی و جەنگاوەری وشەڕزانی بارزانیـان وبلیمـەتی سـەرکردەکەیان دەدات و دەڵێـت (ئەگـەر پەنجا هەزار جەنگاوەری بارزانیم لەگەڵبا، رۆژهەلاتی ناوەڕاستم داگیردەکرد)[١٥١] .

## کەسایەتی بارزانی

## "فەرماندەیەکی بلیمەت، رامیارێکی بەئەزموون، رابەرێکی کارزان"

صەد و دوو صاڵ لەمەوبەر لەنێو بارزانیانـدا هێوایـەك لـەدایکبوو، روونـاکتر لـە هیـوا و سـونبولەکانی پێشتر، لە نێـو دووکـەڵی بـاروت و گونـدی سـوتاو و رووی نـەگریس و چـەکمەی داگیرکـار و کوشـتن و لـە

سێدارەدان و زیندانەکانی مەرگدا، لە نێو فرمێسك و هەنسکی ئافرەتان و منداڵانی هەتیو کەوتوودا، لەنێو چەند تفەنێگێکی بەرگریکردن و وورەیەکی پتەوی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم و دووهەمدا هەڵۆیەك لەگەڵ رۆژگاردا فێرە بەرزەفڕین دەبوو، رۆژ بەرۆژ هەستکردن بەچەوساندنەوە و ژێردەستی لە ناخیدا خەست دەبووەوە و شەیدایی ئازادی مرۆڤ و خاك، رەواندنەوەی تاریکی جەور و ستەم و چەوساندنەوەی دەکردە رێبازی ژیان، ئەو ژیانەی هەرزوو زۆر شتی فێرکرد، زۆر بە ئاواتەوە بوو بارزانیان خاوەنی خۆیان و خاکەکەیان بن، هەر بەو باوەڕو رێبازەشەوە لەتەمەنی ٢٨ — ٣٠ ساڵیدا دەبێتە گرکانی بەرگریکردن و دەست دەداتە چەك و پاڵدەدات بە چیاکانی شیرین و زۆزك و کۆرەك و سەرتیژ و لوتکەکانی دالامپەرەوە، ماوەی چل و پێنج ساڵ چەکی دادەنا و لە چیاکانیش نەهاتە خوار و باوەڕی بە هیچ داگیرکارێکی کوردستان نەدەکرد، کەسایەتییە بەهێزەکەی، لێهاتوویی جەنگیو رامیاری، خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نالەبارە هەمیشەییەکەی کوردا، قوربانیدان و سەرکەوتنەکان قارەمانێکی نەتەوەیی و سونبولی سەربەخۆیی نەتەوەیەکیان لێخەملاند، خۆی لە شوانێك، ئاشەوانێك، جوتیارێك، کرێکارێك بەبچووکتر دەزانی بەڵام هیچ شاو، شاهەنشا و سەرۆك کۆمارێکی لە خۆی بەگەورەتر نەدەگرت، نەدەچووە کۆشك و سەرایان مەگەر لە رووی ناچارییەوە وبۆ کارێکی چارەنووسساز. ئەوە بارزانی مستەفا، مستۆ، مەلا مستەفایە کە حەزیدەکرد هەربە و ناوانەش ناوبرێت و زۆر لە ناوی قەبە و نازناوی پووچ پەستدەبوو وەك مامۆستا، سەرۆك و جەناب و قوربان، دیوی دەرەوەی بارزانی، مرۆڤێکی (باڵا مامناوەند، گەنم رەنگ، رێك ئەندام، ئەنبەی کراوە (نێو چاوان پان ن.ك) بروکانی رێك و چاوانی گەورە، هەموو مەرجەکانی بوێری و کارایی بەنێو چاوانیەوە دیارە، زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، فارسی باش دەزانێت، ماوەی حەڤدە ساڵ (مەبەستی هەتا ساڵی ١٩٤٦ ن.ك) پتر لەگەڵ ئینگلیز، عێراق، ئێراندا پێکدادانی کردووە و بەشداری شەڕو شۆڕی خوێناوی بووە)[١٥٢] بارزانی مستەفا بەتەمەن دووا کوڕی باوکی و برابچووکی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان)، شێخ بابۆ، شێخ موحەممەد صدیقە و هەرلەسەرەتای لاوێتییەوە بەمەلا مستەفای بارزان ناوبانگی پەیداکرد و لەهەر هەموو شێخانی بارزانیش بەناوبانگتر و سنووری دەستەڵاتیشی بەهۆی شۆڕشی دووەم و سێهەمی بارزان و هاوبەشیکردنی فەرمانڕەوایی کۆماری کوردستان و سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان — عێراق و رابەریکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ١٩٦١ هەر لە بارزانەوە، دەپەڕێتەوە کوردستانی باشوور، خۆرهەڵات و باکوور و کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی خۆرهەلاتی نێوەند و ئەورووپاش، بارزانی رۆژێك لە رۆژان شێخی بارزان و رابەری ئاین نەبووە، هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە لایەنی (پێشمەرگایەتی) هەڵبژارد بۆ پاراستنی دەستەڵاتی ئاینیی و سەربەخۆیی بارزان، وەك هەموو ئەندامانی هۆزەکەش کە زۆربەی هەرە زۆریان تەندروست، بەهێز، داڕێژراو، سووکەڵە و گورجوگۆڵ و هەناسە درێژن. هەڵکەوتی جوگرافی بارزان و سەختی و دژواری ناوچەکە و کۆمەڵە چیایەکی بەرز و سەرکەشی کە لەهەموو لایەکەوە دەڤەرەکەیان لەئامێزگرتووە و زستانێکی درێژ بەفری ئەستووردا دایدەپۆشێت و رێگاو بانەکان ئاستەم دەبن و هاتوچۆکردن هەر بەگیانداری کێویی و مرۆڤی بەهێز دەکرێت، بۆ بژێوی ژیانیش زەوی بەردەلان ورەقەنی هەڵدەکەندن و بەزۆرەملی بەشی خۆیان

دانەوێڵەی لێدەچێنن لە پاڵ راوو نێچیرەڤانی و ململانێ و جەنگی هۆزە دراوسێ ناحەزەکان و بەردەوام بەرگریکردن لە مانەوەی بارزان بە سەربەرزی دژی دوژمنی ناوەکیی و دەرەکیی و هەمیشە ووریایی و ئامادەباشی هەر پێشهات و رووداوێکی کتوپڕ بارزانیانی کردۆتە مرۆگەلێکی سەنگەرگرونیشان شکێن و دوژمن بەزێنی گیان لەسەر دەست و ماندوونەناس و قاڵبووری تاڵ و سوێری ژیان، برسێتی و تینوێتی و زۆرانێ و ململانێی بەردەوام لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا و هەر لە منداڵیشەوە هۆگری تفەنگ دەبن بۆیە لە دەست و تفەنگدا لەم سەرزەمینەدا هاوشانیان کەمن. زۆرێك لە بێگانەکان وتوویانە هۆزی بارزان جەنگاوەرترین هۆزەکانی نێوچەی خۆرهەڵاتن، عەرەب و تورك و فارس لە جەنگاوەریدا بەتۆزی پێیاندا راناگەن. ئەبولحەسەن تەفریشیان لە بیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕێتەوە (لە بیرمە ئەو دەمەی لەمەهاباد لای میر حسێن خان وەزیری بەرگری قازی محەمەد، دەرکەوتین، مەلا موستەفام بینی وەك پەیامبەرێ لەناو لایەنگرەکانیدا وەستابوو فیشەکی بەسەریاندا بلاودەکردەوە، کاتێك منی بینی بەگەرمییەوە بەرەوڕووم هات، من پێشتر ئەوم دەناسی، پاش ئەوەی بیرە بیری و دوودڵی و پەشێوی ئێمەی بینی گوتی: من پیشەوەری نیم: (مەبەستی جافەر پیشەوەری سەرۆك کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان ن.ك) پەناهیانیش نیم: (وەزیری بەرگری کۆماری ئازەربایجان ن.ك) لەکاتی ئاشتیدا سەرۆکی ئەرکانی سوپابم و لەکاتی شەڕدا کتوپڕ سەر لە باکۆ (پێتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی ن.ك) بێنمەدەر. خۆم و ئەم تفەنگە، هەتا ئەم تفەنگەم بەدەستەوە بێ خۆم خاوەنی خۆمم، خزمەتکاری هیچ حکومەتێکیش نیم، نە ئینگلیز نە ئەمەریکا نەڕووس)[١٥٣] بارزانییەکان کە لە عێراقەوە هاتنە دیوی ئێران ئەرکێکی زۆریان لەسەر شانبوو، پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی، دابینکردنی بژێوی ژیانی پێنج صەد پێشمەرگە و ئەو هەموو خێزانە کە بەسەریەکەوە ژمارەیان دە هەزار دەبوو، دامەزراندنیان و پەیداکردنی شوێنی حەوانەوەیان، پاراستنیان، گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و پاراستنیان بە پێی توانا لە هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران کە زیانی زۆری پێدەگەیاندن، چارەسەر و گواستنەوەی بریندارەکان، ناشتنی شەهیدەکان، دابەشکردنی هێزەکان، دیاریکردنی کات وشوێنی پەلامار و هێرش، پلانرێژی دەستوەشاندن و کشانەوەی خێرا، دۆزینەوەی هێزە لاوازەکانی دوژمن، راگرتنی پەیوەندی گونجا و لەگەڵ هۆزەکاندا، ئەوانە هەر بەدەم ئاسانە، پلانی گەلێك سەرکەوتووی لێدانی دوژمن و ماندووکردنی بە جووڵان و بێزارکردنی لەشەڕ و بەڕێوەبردنی ئەو هەموو ئەرکانە بەسەرکەوتوویی بەراوێژ و هاوکاری شێخ ئەحمەد و براکانی بەجۆرێك ئەنجامدەدران بەدرێژایی ئەو صالانە ١٩٤٥ — ١٩٤٧ ناخۆشییەك، ناحەزییەك، ئاژاوەیەك لە نێو هۆزەکەدا روونەدا، شەهیدێك یا بریندارێك نەکەوتە دەست دوژمن... بە پێوانەی هێزێکی کەم و ئەو بارگرانیەی بەسەریانەوەبوو لە هەموو رووبەڕووبوونەوەکانیشدا بەرامبەر سێ دەوڵەتی عێراق ئێران و تورکیا سەرکەوتووبوون کە بەدەزگایەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و جەنگی هەمە لایەنە دەچوو نیمچە سەربەخۆییەکی هەبێت لە دەوڵەتێکی دوژمندا! بارزانی و هاوکارەکانی لە هەموو ئەوبوارانەدا سەرکەوتووبوون، ژیان فێری زۆر شتی کردبوون بەڵام بارزانی مستەفا هەرگیز شتێك فێر نەبوو، نەیدەزانی ترس چییە! بە پێی هەموو زانیارییەکانی دەزگا سیخورییەکانی ئێران، هێزی بارزانیان لە سێ صەد

چەکدار پتر نەبوو، ئەوەش هەر ئەزموون و کارزانی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی هێزەکە بوو بەجۆرێك لەبەر چاو دوژمن کەمتر بنوێنێت بۆ ئەوەی دوژمن هێزی گەورە نەنێرێتە سەریان هەرچەند ئەو پلانە پێچەوانەی بۆ چوونی زۆرترین سەرکردەکانی جەنگی پارتیزانییە بەڵام ئەنجامی چاکی هەبوو، فڕۆکە جەنگییەکانیش بەیانی هەتا ئێوارە وەك واشەی برسی دەسووڕانەوە لەبەفریشدا جێگەپێی و شوێنەوار و رێگەی هاتووچۆو سەنگەر و حەشارگەکانی نەدەدۆزییەوە بەجۆرێکیش کەڵکیان لە هەل و مەرجی جیۆ سەربازی وەردەگرت لە گەرمەی شەڕیشدا سەنگەرەکانیان ئاشکرا نەدەبوون، تەنانەت فڕۆکەوانەکانیشیان بەوە دەخەڵەتاند هەمان ئەو (دەسرۆکە) یان بەرزدەکردەوە کەبەسەر هێزەکانی ئێراندا دابەشکرابوو بۆ جیاکردنەوەیان لە بارزانییەکان، بەڕاستی بارزانی سەری لە دەوڵەت شێواندبوو، ئەو دەمەی کاری پێیان نەبوو سەنگەری لێدەگرتن و لەلایەکەوە زیرەی لێهەڵدەستاندن زۆر بەئازارو سۆی بێت، هەرکاتێکیش بەرژەوەندی لە ئاشتیدا بوو دەچوە تاران بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن و بەو هۆیەشەوە توانیان خێزانەکان بەسەرپەرشتی شێخ ئەحمەد بگێڕنەوە عێراق و بەریتانیای ناچار بەلێبوردنی خێزانەکان کرد.. و گەڕانەوە ئێران و بارزانی نامەی بۆ کاربەدەستانی لەشکری ئێران دەنارد هاتوو ینەنەوە ئەمدیو خۆمان بەدەست دەوڵەتی ئێرانی بە بەزەیی و دڵفراوانەوە بدەین، هەمان کاتیش بە نیازی چوونە سۆڤێت بەرە و ژوور هەڵدەکشان روو لە دۆڵی قتوور و دەڤەری ماکۆ.. هۆزی شوکاك لە رێگەیاندا بوو، سەربە میریی بوون و دژایەتی بارزانیان دەکرد، جگە لە شوکاك هەموو هۆزەکانی دیکەی هەر یەکە و بە جۆرێك هاودەنگ کردبوو ئازووقەشی لێوەردەگرتن و هەواڵی ناوچەکەشیان پێدەگەیاند و هەواڵ و دەنگوباسی ناڕاستیشیان لەسەر بارزانیان بەدەوڵەت دەدا! ئەمە راستیەکە سەرکردایەتی لە شکری ئێرانیش سەلماندوویەتی و چەندین سیخووڕ و بەکرێگیراویان بەوهۆیە دووچاری زیندان و ئازاردان کرد! بارزانی بەشێوەیەکی تایبەتی لە هۆزی جەلالیان پشت ئەستوور بوو، تا دەستی بە ناوچەکانی ئەواندا بگات نیوەی رێگای هات و نەهاتەکەی بڕیوە و هەرچۆنێك بێت دەگەنە سەر رووباری ئاراس. سەرکردایەتی ئێران سەعات بەسەعات بەهۆی دەسگای هەواڵگری و خۆفرۆشانەوە بزوتنی هێزی بارزانیانی پێدەگەیشت، هەندێکی راست و هەندێکیشی هەڵبەستراو، عێراق و تورکیاش زانیاری گرنگیان پێدەدات لەسەر بزوتنی هێزەکە، لە شکری چواری ئێران کە ئەرکی سەرکوتکردن و لەناوبردنی بارزانیانی پێدرابوو بەژمارە حەوت جار و بەچەك و چەکی قوورس و پێداویستەکانی جەنگیش سەد جاران لە هێزی بارزانیان بەهێزتر بوون جگە لە تۆپ و زرێپۆش و فرۆکەش، جەنگەکە لە هەموو لایەنێکەوە نابەرابەربوو تەنها لە وورەی بەرز و پەیامدا نەبێت، ئەفسەرێك، سەربازێکی ئێران نەیدەزانی بۆ شەڕدەکات و لە پێناو چیدا دەکوژرێت یا شەل و شکست دەبێت. جگە لەوەش لە شکری ئێران دەمێك نەبوو دامەزرابوو سەرەرای ئەوەی لاواز و بێ ئەزموونیش بوو، فێری سەنگەر گرتن و تاڵاوەکانی جەنگ و بارووددۆخی دژواری ترس و برسێتی نەبووبوو، بەر لە شەڕی کۆماری کوردستان و هێزی بارزانیان شەڕیان نەدیبوو، لەگەڵ بارزانیاندا بەراوورد نەدەکران کە بەژیانێکی زبرو پاروە نانێکی ووشك پشتێنیان دەجەراند و لە چلەی زستاندا لە بەفر و شەختەی سەهۆڵدا سەنگەر هەڵدەکەنن و لە هیچ بارێکدا بەفەرمانی سەرووخۆیان نەبووایە چۆڵیان نەدەکرد. بارزانیان بەگیانی لە

خۆبووردن و ئەم بەرگریکردنە کەم وێنەیە، نەبەرد و داستانی قارەمانێتی کوردیان بەخوێنی گەش لە پێنا و ئازادیدا دەنووسیەوە، لەو پێناوەشدا ژیان و مردنیان لە ئاستێکدا دەبینی ئەگینا چۆن بارزانی و عەبدوڵڵا و سلێمان سوور بەوسێ تفەنگەوە لە سلێمانی کردیانەشان بنکەی پۆلیسی شانەدەر دەگرن.

شەڕی نەلووس لە شەڕە بەنێو بانگەکانی دژ بە ئێرانە، بارزانی بەسەرپەرشتی ئەفسەری تۆپخانە تەفرشیان تۆپبارانێکی کاریگەری مۆڵگەی هێزەکەی سەرهەنگ کلاشی دەکات، جگە لە کوژراوو زامدارەکان پێنج ئەفسەر و شەصت سەرباز دیلکران و سەرهەنگ کلاشیش یەکێك لە بریندارەکان بوو، خۆیی کوشت، هەموو چەك و پێداویستییەکانی هێزەکەش کەوتنە دەست جەنگاوەرانی کورد. لەگەڵ جیاوازی کات و تەرازووی هێزی کورد و دوژمندا شەڕی قاراوا بەرەی سەقز ١٩٤٧/٣/١٩ زۆر بەداستانە هەرە بەنێو بانگەکەی هەندرێن ١٩٦٨ ی شۆڕشی ئەیلوول دەچێت دژی لیوایەکی سەربازیی لەشکری عێراق و دەهێنێت بەداستانە گچکەی هەندرێن تۆماربکرێت .

شەڕی سێیەم رۆژی جەژنی قوربان: لەونەبەردەشدا هێزی بارزانیان دەستێکی قوورس لە دوژمن دەوەشێنن.. زیانەکانیان کوژرانی ملازمی یەکەم سەیید موحەممەدی ئیمامی و سیازدە سەرباز، نەوەد بریندار، ملازمی دووەم حەمید جیهانیانی و پازدە سەربازیش دیلکران، لە کوردانی خۆمانیش (مەبەستی جاشە ن.ك) دوو شەهید و بریندارێك و دوو تیپ سەرباز بەتەواوی لەناوچوون.. هێزە سەرکەوتووەکە لەبانەکانی هەلەج دادەمەزرێن و رۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥ هێزێکی ئێران لە هەڤرس دەکەوێتە بەر هێرشێکی خەست و لەناکاوی تۆپ و گوللە پرژێنی برێنە قورسەکان و لە پەلاماری دووەمدا دەچنە نێو سەنگەرەکانی دوژمنەوە و لەشەڕێکی دەستە و یەخەدا ملازمی دووەم مستەفا هاتیفی و حەوت سەرباز کوژران)[١٥٤] .

دوای هەرەسی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێز دە ئەفسەر و کۆمەڵێك سەربازو پەنابەرانی ئازەر، ئەرمەن، ئاشووری پەنایان بۆ کۆماری کوردستان هێنابوو، دووای هەرەسی مەهابادیش لەگەڵ بارزانیاندا مانەوە، ئەو دەمەی بارزانیان خۆیان کۆدەکردەوە بگەڕێتەوە عێراق، پەنابەرەکان وایاندەزانی هێزە چەکدارەکەش لەگەڵ خێزانەکاندا دەچنەوە عێراق و خۆبەدەست میرییەوە دەدەن، ئەوکاتەش پەنابەرەکان پشت و پەنایەکیان نەدەما بیانپارێزێت، دەبوو خۆ بەدەست ئێرانەوە بدەن یا دەستگیر دەکران، لە هەردووبارەکەشدا بەوهۆیەوە فەرمانی لە سێدارەدانیان بەسەرەوە بوو، سەریان تێدا دەچوو، تەفرشیان کە یەکێك بوو لە ئەفسەرانی راپەڕینی خۆراسان دژی شا لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت (بارزانی بە دڵنەواییەکی زۆرەوە وتی: سوڵتان تەفرشیان دەتەوێ بچی بۆ کوێ؟ سەعید هەموو شتێکی پێ گوتوم (سەعید تەتەری تایبەتی بارزانی بوو لە نێوان کوردستانی ئەمدیوو ئەو دیوودا. ن.ك)، ئێوە لە مەلا مستەفا چاکترتان بۆ پەیدا نابێ، لەگەڵمان بمێنن، ئەگەر بەگوللە بکوژرێین سەرەتا من دەکوژرێم پاشان ئێوە، بەیەکەوە سەرمان دەخەینە سەر بەردێك و چارەنووسمان پێ گرێ دەدەین، مردین پێکەوە دەمرین، ژیاین پێکەوە دەژین، گوتم: وەك لە بڕیاری ئێوەدا دەردەکەوێ دەتانەوێ بچنەوە عێراق، ئەگەر وابێ ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێوە بمێنینەوە، هەر بەخۆبەدەستەوەدان، عێراق یەکراست دەمانداتەوە بە ئێران و لەسەر سنوور گوللەبارانمان دەکەن. بارزانی گوتی: کێ بە ئێوەی گوتووە مەلا مستەفا خۆی بەدەست عێراقەوە دەدا؟ خۆی بەدەست

کەسەوە نادات، بمێنن بزانین شێخ ئەحمەد بڕیاری لەسەر چییە. ڕاستە دەیەوێ بچێتەوە عێراق بەڵام من پاش ٢٤ سەعات لەبەغدا هەڵدەواسن، جارێ لەگەڵ ئێمەدابن، دڵتان هیچ نەکات)[١٥٥] پەنابەرەکان و بەتایبەتی ئەفسەرەکان بێ هیوایی بەرچاوی گرتبوون، دووارۆژێکی تاریك چاوەڕوانیدەکردن تروسکایی تێدا بوو، چارەنووسیان وەها کەوتەوە ڕاپەڕینەکەیان سەرنەگرێت و تەوریزو مەهابادیش برووخێن و بارزانیەکانیش وا دەچنەوە عێراق، ئەمانیش وەك نێچیرێکی باڵ شکاو بکەونە بەردەم سەگ و گورگەکانی ڕژێمی ئێران، ئەنجامەکەش هەر وا شکایەوە هەندێکیان دەستگیرکران و گوللەبارانکران، هەندێکیشیان وەك تەفرشیان زۆربەی هەرە زۆری ژیانی لە زیندانەکانی عێراق و ئێراندا بەسەر برد.

لێپرسراوانی ڕژێمی شای ئێران بەردەوام هەوڵیاندەدا سەرۆك هۆزەکانی کورد لە بزوتنەوەی کوردایەتی دووربخەنەوەو بەبڵاوکردنەوەی پارە و پوول و چەکدارکردنیان ببنە بەرەی ئەوان و سەنگەر لە ڕزگاریخوازان و بیری کوردایەتی بگرن تا ڕادەیەکیش لەو ڕووەوە چەند سەرۆك هۆزێکیان لە خشتە برد.. بارزانیش دەستێك شەڕو دەستێك ئاشتی، چاوێك هەڕەشە و چاوێك دڵنەوایی کارێکی کرد زۆربەی ئەو هۆزانەی چەکیان وەرگرتبوو شەڕی ڕاستەقینە دژی براکانیان نەکەن، لە نێزیك بارزانیانەکانەوە هەندێك تەقوو تۆقیان دەکرد و دەکشانەوە، زانیاری گرنگیشیان بۆ دەناردن، ئەوانەی لەسەر ناپاکیش سووربوون وەك لەشکری دوژمنان تەماشا دەکران (هەشت بارزانی لە گوندی سینگان هەموو سوارەی مامەش و مەنگوریان ڕاونا)[١٥٦] .

هێزەکانی ئێرانیش بەجۆرێك چەواشە بووبوون نەیاندەزانی کەیی و لە کوێوە پەلاماردەدرێن، فەرماندەی هێزەکان و سەرلەشکرەکانیش دۆش دامابوون، هیچیان بۆ نەدەکرا و هەریەکەیان ئۆباڵی ژێرکەوتن و بێدەسەلاتی لە شکری بەرامبەر (دوژمن) دەخستە ملی ئەویتر.. بەگشتی بەرادەیەك لەدەست وتفەنگی بارزانییەکان تۆقیبوون کە گوللەیان بەفیڕۆ نەدەدا، مام ڕێوی ئاسا خۆیان لە ڕۆو بەڕوونەوە دەدزییەوە و ڕاپۆرتی ساختەی سەرکەوتنیان بۆ سەروو خۆیان دەنارد بەڵام حەمە ڕەزا شای ئێران ڕاستی بارووددۆخەکەی بۆ ڕووندەبێتەوە و خودی خۆی لە دوورەوە سەرپەرشتی و چاودێری ئۆپەراسیۆنەکان دەکات، سەرەتاش فرمانێکی بۆ سەرکردایەتی سوپا دەرکرد (هەرچەند ئێوە خاوەن هێزن بەڵام لەکاردا دوو دڵ و بارزانییەکانتان سەرکوت نەکردووە، زانیاری چاکیان لەسەر ئێوە هەیە، لەهەر کوێ لاوازبن پەلامارتان دەدەن، ئەنجامی چاکیان دەست کەوتووە، لەهەرکوێش (ئێوە) بەهێزبن (ئەوان) دەکشێنەوە، جارێك لە نەلوس و جارێك لەدەورو پشتی نەغەدە تۆپبارانیان کردووە، بەهۆی خێڵانی جێ متمانەوە ڕۆژانە زانیاری لەسەر ماڵە بارزانیەکان کۆبکەنەوە، ڕێگەی هەڵاتن لە بارزانیان بگرن، هەتا ڕۆژی ١٩٤٧/١٤/٤ کۆتایی بەم ئابڕوچوونەی سوپا بێنن. سەرانی مەنگور، مامەرەش، دیبوکری زیانی گیانیان بەرکەوتووە دڵیان بدەنەوە و ڕێزیان بگرن) فرمانەکەی شای ئێران بێ چەند و چوون چەند ڕاستییەك دەسەلمێنێت کە پیشتر باسمان کردوون.

١ـ لەشکری ئێران خاوەن هێز و چەکی قورس و زرێپۆش و فڕۆکەیە.

٢ـ لەشکر دوو دڵ و بێ وورەیە و سەرکەوتنێکی بەدینەهێناوە.

٣ـ زانیاری و هەواڵگریەکانی بارزانیان لە دەسگاکانی دەوڵەت کارامە و کارزانترن.

٤ـ جەنگی پارتیزانی بارزانیان بەسەرکەوتوویی بەردەوامە و سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێناوە.

٥ـ خالّی لاوازی(دوژمن)خێزانەکان،کەدەرەقەتی چەکدارەکان نایەین،ئەوان بکەنە ئامانج ودەستیان لێ مەپارێزن بەتایبەتی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکان وتۆڵەی ئابڕووچوونی سوپا لەئافرەت ومندالّ بکەنەوە.

٦ـ وەك لە رووبەڕووبوونەوەدا نەتانتوانی بارزانییەکان سەرکوت بکەن، دەرووەکانی نزیك سنوور بگرن و رێگەی دەربازبوونیان مەدەن.

٧ـ شای ئێران دان بەوەشدا دەنێت جاش و بەکرێگیراوەکان لە سزای ناپاکی رزگار نەبوون.

٨ـ شای ئێران لەوەش دڵنیا بوو، بارزانی ئەوەندەی حەزیدەکرد بەڕێشیان پێکەنی، چەند کاتی پێدەویست بۆ جێبەجێکردنی پلانە نهێنییەکانی وەریگرن و ئابڕووی لەشکری برد، پێویستە سنوور بۆ شەرمەزاری لەشکر دابنێین و ئابڕووی سوپا بکڕینەوە.. بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی (٦/ خاکەلێوەی ١٣٢٦ ١١ی هەتاوی بەرامبەر ٦ گوڵان ١٩٤٧ی زایینی ن.ك) هێڵێکی سەربازی کەس نەبڕ (لە رێگەی بارزانیاندا رێکدەخەن کە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی لەشکری ئێران بوو لە شازادە قوڵەوە دژی هێزی بارزانیەکان بەمجۆرەی لەم خشتەیەدا روونیدەکەینەوە ن.ك).

| ز | فەوج | کەتیبە | سریە | زرێپۆش | تۆپ | هاوەن | برێن | سەرکردە | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | ١ | | | | | | | سیلوان |
| ٢ | ١ سوارە | | | ٢ | | | | عەقید پرتەوی | زەرکا |
| ٣ | | ٢ پیادە | | ١ | ١ بەتەریە | | | موقەدەم سەردادوەر | تیرەگی |
| ٤ | | ١ پیادە | | | دەستەیەك | ١ سریە | | عەقید فولادوەند[157] | بانەکانی صدیق و نەرەلەرد |
| ٥ | | ١ پیادە | | ١ | دەستەیەك | دەستەیەك | | نەقیب قاشائی | زارگەلی قاسملۆ |
| ٦ | ١ سوارە | | | ١ | ١ بەتەریە | دەستەیەك | | ع. موزەفەری | شەیتان ئاوا |
| ٧ | | ١ پیادە | | | دەستەیەك | | | رائید کەبیری[158] | وەزنەخان وتاوس |
| ٨ | | ١ پیادە | | | دەستەیەك | | | رائید زرێپۆش | قەلاچوف و هەنهەند |
| ٩ | | ٢ پیادە | | | دەستەیەك | دەستەیەك | | عەقید مەجیدی | نەغەدە |
| ١٠ | | | ٢ | | | | | رائید موحسینی | نەغەدە |
| ١١ | | | | ٢ | ١ بەتەریە دوو هاویژ و کورت | | | | نەغەدە |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هاوێژی ۱۰۵ ملم | | | | |
| ۱۲ | | | ۱ پیادە | ۲ | | | ۲ دەستە | رائید مساوات | بانەکانی چواریت |
| ۱۳ | | ۱ پیادە | | ۲ | دەستەیەك تۆپی کورت ۱۰۵ ملم | | | عەقید ئەنساری | سۆفیان |
| ۱٤ | | | | | | | | | جلدیان |
| ۱۵ | | | ۲ پیادە | | ۱ سریە تۆپی ۳۷ | | | رائید دلو | ورمێ[۱۵۹] |

جگە لەم هێزانەش دوودەستە هێزی سوارە، (۲۵۰) چەکداری هۆزی مەنگور، حەوت فڕۆکە لە جۆری هاینە، نایگەرموس لە فڕۆکەخانەی ورمێ هەڵدەستان و دەنیشتنەوە.ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکە سی خاڵی سەرەکی بوو:

١ـ گرتنی ڕێگەی دەربازبوون لە بارزانیەکان لە دۆڵی( قوتوور)ەوە بۆ سەر ڕووباری ئاراس.

٢ـ هەتا دەگەنە ناوچەی (خوی) و دۆڵەکە بەهەموو جۆرە چەکێك سەرکوت بکرێن و هێزی ئەوەیان نەمێنێ بگەنە سنووری ئاراس و سۆڤیێت و ببێتە سەر کەوتنێکی رامیاری بۆ ستالین.

٣ـ گێڕانەوەی هیواو متمانەی ئێرانییەکان بە باڵادەستیی سوپا و چاوترساندنی هۆزەکانی کورد و بێهیواییکردنی گەلی کورد لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق.دۆڵی قوتوور (٧٠) کم درێژە، دوژمن لە سێ لاوە ئەڵقاوئەڵق دەیتەنێت بەڵام سەریان لە پلان و تاکتیکی بارزانی دەرنەدەکرد، شەووڕۆژێك بوو هێزەکە لە ودۆڵە دەربازبوون، هێشتا ئەو لەشکرەی هاتبوو ئەو ڕێگەیەیان لێ ببەستێت ئاگای لە هیچ نەبوو، دوواتریش نەیانزانی چۆن گەیشتنە سەر ئاراس و پەڕینەوە ئەوبەر، ئەوەش هەرایەکی لە تاران نایەوە، سەرکردایەتی باوەڕی بە توانا و کارامەیی لە شکر لە ق بوو، لە شکریش متمانەی بەچالاکی سیخوور و بەکرێگیراوان نەما، شای ئێرانیش لە دەستبەستەیی هەرسێ دەزگا کە حەپەسابوو. کشانەوەی هێزی بارزانیان لە باشوورەوە سەرەتای جۆزەردان وکۆتایی ئایاری ١٩٤٧لە گوندی(بێداو)ی ئەمدیوەوە دەستی پێکرد کە سنوورە دەستکردەکان لە بێداوی ئەودیو جیابدەکاتەوە وەك چۆن کورد و نیشتمانەکەشی چوار کوت کردووە.. دووای برینی (٢٢٠) میل ڕێگەی هەڵەت و بەدەم پێکدادان و بریندار دەرکردن و شەهید ناشتنەوە.[١٦٠]

# بەرگی سێیەم

# بەشی هەشتەم

## فایلی دوەم

# بزاڤی کوردایەتیی و شۆڕشی ١٤ی تەموزی١٩٥٨
# گەڕانەوەی بارزانیان لە سۆڤێت

**لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا، لەشەڕ و ئاشتیدا،**
**لە سەرکەوتن و نسکۆدا**
**دوجۆر سەرکردە دەبینرین**
**هەڵەشە، هەڵەوەڕ، کەمکردار**
**هێمن، کەمدو، فرەکردار**
**بارزانی مستەفا لە جۆری دووەم بوو،**
**زۆری دەکرد و کەمی دەوت**

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە عێراقدا بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ عەبدلکەریم قاسم لە سەرەتادا و هەتا گرژبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی و بارزانی مستەفادا، ڕژێمێکی پێشکەوتنخواز بوو بە بەرنامەیەکی شێوە سۆسیال دیموکرات دەستبەکاربوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕامیاری عێراقدا سەربەستی چالاکیی ڕامیاری، دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ڕادەربڕین دوور لە سانسۆرو چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن و ڕاونان و زیندان، ماوەی چوار ساڵێك کوردستانیش لەگەڵ ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا هەناسەیەکی ئاسوودەیان هەڵمژی و تامی ژیان و نرخی مرۆڤیان زانی. سەرەك کۆماریش ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم خۆشەویست و پێشەوای نیشتمانپەروەرانی گەلانی عێراق و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بوو

جگە لە تورکمان، بەعسییەکان، فیودالّی کوردو عارەب. بەرژەوەندییەکانی کۆماری عێراق و پێشەواکەی لەگەڵ بەرنامەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی گەلانی عێراق دەزانن و دروشمە بریقەدارە بێناوەڕۆکەکانی خەباتی چینایەتی و هەنگاونان بەرەوخەباتی ئینتەرناسیۆناڵ و جۆشدانی خەباتی هاوبەشی عارەب و کوردو کەمایەتییەکان دژی ئیمپریالیزم و بیروباوەری ناسیۆنالیزم و جیاخوازی کە بە هاندان و پشتیوانی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان کەوتۆتە چالاکی بەناوی کوردایەتییەوە بۆ دوورخستنەوەی لە ژێر سایەی سۆڤێتی مەزن و گەیشتن بە بەهەشتی کۆمەڵگای سۆسیالیزم و دەسەڵاتی پرۆلیتار. لەگەڵ رێزمدا بۆ قوربانیەکانی پارتی کۆمونیستی عێراق کە ئەو دروشمە بێناوەڕۆکانە تەنها کاریگەری لە سەر ئەوانە هەبوو دەروێشانە دووای تراویلکەی (سەرابی) خەونە رەنگاوڕەنگەکان کەوتبوون و لەسەر ئەو لاپەرانەش لە سەری دەنووسرانەوە! پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا نوێنەری راستەقینە و پێشڕەوی خەباتی جەماوەری کوردبوو، ململانییەکی ئایدۆلۆژی، رامیاری، میدانی بەسەردا سەپێندراوە، خۆپاراستن و خۆدزینەوە دەبووە کەمتەرخەمی جەماوەری کورد لە ئەرکە نەتەوەییەکانیدا.... بەعسیەکانیش تەنها بەرنامەیەکی راستەقینەیان هەبوو، گەیشتن بە دەسەڵات، تورکمانیش دژایەتی هەر هەموو بەرنامە پێشکەوتنخوازەکانی کۆماری عێراقی دەرکرد تەنها لەبەر ئەوەی دانی بە مافەکانی گەلی کورد داهێناوە و لەگەڵ عارەبدا بەدوو نەتەوەی سەرەکی داناون و هاوبەش و یەکسانن لە وڵاتی عێراقدا و هێمای کورد بە دروشمی کۆمارو ئاڵاکەیەوە ئەوەندە ئاشکراو زەقە ئاوی چاو دەبات، جا تورکمان چۆن نەتەقێت؟ بەیەکدا چوونی ئەو ئایدیا جیاوازو دژ بە یەکترو کاریگەری راستەوخۆیان لە بارودۆخی رامیاری وڵات، سەرۆك کۆمارو پێشەوای گەلانی عێراق دووچاری تەنگەژەیەکی رامیاری دەکات بەتایبەتیش کە پارتێکی رامیاری لە پشتەوە نەبوو خۆیو هاوبیرە نزیکەکانی تەنها باڵ لەو گۆرەپانە ئاڵۆزو هەڵگیرساوەدا مانەوە و تووشی چەندین هەڵەیکرد و لە ١٩٦٢ بەدوواوە شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ و پێشەوا مەزنەکەی لە راستەرێگەی بەرنامە و ئامانجە راستەقینەکانی لاداو بە کوێرەوەریدا دەیبردن هەتا کاربەوە گەیشت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ پارتی و بارزانیدا چارەسەری سەربازی و بەکارهێنانی هێز هەڵبژێرێت، لەوەشدا ئۆباڵەکە هەر لە ئەستۆی ئەو پیاوە مەزنەدا نییە کە ئەگەر کوردێکی روو لە کوردایەتی و دڵسۆزی کورد سەر کۆماری عێراق بووایە هەرئەوەندەی پێدەکرا بۆ کوردو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بیکات کە ئەو دۆست و پشتیوانەی کورد، راستەوخۆ دووا بە دووای سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ یەکەمین هەنگاوەکانیدا بێمنەت، بێ راپەڕین و شۆڕش و قوربانیدان ئەوەندەی لە مافەکانی کوردی باشوور لە یاسای عێراقدا بەرجەستەکردو خستیە قالّبی جێبەجێکردنەوە هەتا ١٩٩٢ دەستمان نەیگەیشتێ.. ناتوانم رێزو پێزانینم بۆ ئەو سەرکردە مەزنەی شەهیدی دەستی رەشی بەعسیەکان نەبێت کە پارتی کۆمۆنستی عێراق و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێك لە ئۆباڵی هەڵەکانی ژەنەراڵ عەبدولکەریم و لە رێدەرچوونی شۆڕشەکەیان لە ئەستۆدایە. خۆزگە رووناکبیران و مێژوونووسان دووای هەست و سۆز نەکەوتنایەو بە ناڕەوا وەك سەرکردەکانی بەعس ئەویش بخەنە جوغزی دوژمنی خوێنە خۆری کوردەوە و کۆمۆنیستەکانی عێراق و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەو سەردەمەی

نێوان ١٩٥٨ — ١٩٦١ و خودی سكرتێرەكەی پۆلـەتیك بـیرۆ، هـەمزە عەبـدوڵڵا كـەلای كۆمۆنیستـەكان بەرۆژو دەبوو، لای پارتی بـەربانگی دەكـردەوە، بێتـاوان و مـەڕی بـەردەم كەڵبـەی گـورگ پێشـان بـدەین. ڕووداوەكانی ئەو ساڵانە ئەوەندەی پەیوەنـدی بـە بـارزانی مسـتەفاوە هەیـە وەك سـەرۆكی پـارتی و تاكـە پێشەوای كوردی باشوور، ڕووبەڕووبوونەوەی سەرۆك كۆمارو ڕاپەڕین و هەڵگیرساندنی شۆڕشێكی نوێیێ لـە بەرنامەدا نەبوو، بەلای كەمەوە لە ئایندەیەكی نێزیكدا، بەڵام كەڵەكە بوونی بەستەڵەكی كۆن و نـوێ ژێـر چەپۆكی و داماڵینی كۆت و زنجیری دەست و پێی كورد لەو كەش و هـەوا ئـازادەدا ژەنـەڕاڵ عەبدولكـەریم ڕەخسـاند بـووی و لەگـەڵ بـیرو بۆچـوونی شـۆڤێینانەی چـەند ئەنـدامێكی سـەركردایەتی عیراقـدا وەك عەبدولسەلام عارف كە لە پلەكانی دەسەڵاتدا دووای سەرۆك كۆمار ئـەوبوو، زۆربـەی پارتـە ڕامیارەكـانی عیراق بەتایبەتی پارتی بەعس و نەتەوەخوازو ناصریەكاندا پێچەوانە بوو ... كـوردی باشـوور وەك مـەلی بەنـدی قەفـەز كـە دەرگـای ئـازادی بـۆ دەكرێتـەوە دای لـە شـەقەی بـاڵ و دەیویسـت بـە فرینێـك بگاتـە ئاسمانەبەرینەكانی دوور لـە قەفـەزو دابـڕان لـە دنیـای دەرەوە، ڕۆژێـك زوتـر خـەون و ئاواتـە دێرینـەكانی بێنەتەدی، ئەمەش سادەترین مافە ڕەواكانییەتی و وەك شیری بەری دایكـی حەڵاڵـە و بـەدەم خۆشـە و لـە تیۆریدا ئاسانە، بەڵام لە پراكتیكدار و بە كردەوە زۆر زۆری پێدەوێت بەڵام جەماوەرە خرۆشاوەكەی تینووی ئازادی وا تێنەدەگەیشت، كوردێك هێشتا ٦٥٪ی نەخوێندەوار و بەدەسـت دەردی هـەژاری و نەخۆشـییەوە دەینالاندو لـە ڕووی پێشـكەوتنی زانسـت و پیشەسـازی و ئـابووری و كۆمەڵایەتییـەوە لـە ڕیـزی نەتـەوە دوواكەوتووەكاندا بوو جگە لەوەی لەگەڵ ژیانی ئازادی و هەستكردن بە خۆی وەك مرۆڤێكی ئازادو خـاوەن دەنگ و ڕێكخراوی ڕامیاری و پیشەییدا ئەزموونیكی نەبوو بە هەست و سۆزێكی دەروونی ڕوتەوە دوور لە ووشیاری ڕامیاری، مێژوویی، باروودۆخی ناوچەكە وایدەزانی مافی گەلانی ژێر دەسـتە تـەنها لـە لوولـەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، باڵە نەتەوەییەكەی سەركردایەتی پارتیش بە ڕەزامەنـدی بـارزانی مسـتەفا و سەركردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بەرامبەر باڵە دەسندەخۆرەكەی هەمزە عەبدوڵڵادا لە ململانێی كوردایـەتی و ئینتەر ناسیونالیزمدا بوو، جۆش و خرۆشێكی بەو هەست و سـۆزە دەروونیـەی جـەماوەری كـورد دەدوا، هەڵوێستی ناكوردانەی كوردەكانی سەر بە پارتی كۆمۆنیستی عیراقیش كە لە بنـەماكانی ماركسـیزم زۆر دووركەوتبوونەوە وە بە ئاشكرا و بێ هەستكردن بـە لێپرسـیارێتی نەتـەوەیی و دژایـەتی هـەموو شـتێكی كوردانەیان دەكرد وتەنانەت گاڵتەیان بە جل و بەرگی كوردیش دەكرد كە خۆشیان دەیانپۆشی و قەشمـەریان بە زمان و ئاخاوتنی كورد دەكرد كە زمانی دایكیان بوو! ئەمەش سەرباری هۆیەكانی دیكە پتر جەماوەری كوردی تیژ دەكرد.- ئەوە نازانم بارزانی مستەفا چ بەرنامەیەكی گەڵاڵە كردبوو، نەخشەو پلانی شۆڕشێكی نوێی داڕشتبوو یان نەء بەڵام لەوە دڵنیام ساڵی ١٩٦١ی بە كاتێكی گونجاو نـەدەزانی، بۆیـە لەگـەڵ ئـەو ساردییەشـدا كەوتـە نێوانیـەوە لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ عەبدلكەریمـدا نەیگەیانـدە ئاسـتی پەیوەنـدی پچـڕاندن و سەرەداوێكی هێشتبووەوە، ئەویش زۆر بەداخەوە بە دەستی خۆی گۆری بۆ خۆی هەڵدەكەند، لە ڕادەبـەدەر لەگەڵ نەیارەكانیدا، گـەورە ئەفسـەرانی سـوپا. سـەركردایەتی بـەعس و لاوە خوێنگەرمـەكانیان، گرووپـە نەتەوە و نەژاد پەرستەكان و ناصـرییەكاندا زۆر سـاردو نـەرم و كەمتەرخـەم بـوو، بەعسـییەكان بـە ڕۆژی

نیوەڕۆ لەسەر شەقامی رەشید – ناوجەگەری بەغدا بە پێنج تفەنگ گوللە بارانی ئوتۆمبیلەکەیان کرد کە یەکێکیان صەدام حوسەین بوو بە برینداری خۆی دەرباز کردوو گەیشتە سوریا و لەوێوە بۆ میسر، عەبدولوەهاب غرێری هەر لە وێدا و بەگوللەی صەدام کوژرا، ئەوانیدیکە دەستگیر کران کە یەکێکیان ئەیاد سەعید سابت بوو سزایەکی ئەوتۆ نەدران و شوێن بڕیاردەرو داڕێژەرو چاودیریکاری پلانەکەش (ئەلریکابیی ـ الرکابی) نەکەوتن، دوای سەرکەوتنی یاخیبوونەکەی بنکەیەکی سەربازی مووصڵ بە سەرکردایەتی سەرهەنگ عەبدلوەهاب شەوواف، گیراوەکان کە یەکێکیان تەها یاسین رەمەزان (تەها جەرزاوی) بوو دوواتر بوو بە یەکێك لە هەرە یارمەتیدەرە بالاّ دەستەکانی صەدام حوسەین، هەر بەناو لە زینداندا بوون. لەگەڵ یاخیبوونە سەربازییەکەی نازم تەبەقچەلیشدا لە کەرکووك هەمان هەڵوێستی نەرم و کەمتەر خەمی نوواند. شایانی وتنە بارزانی مستەفا لە کوژاندنەوەی ئاگری ئەو دوو یاخیبوونەدا لە ریزی هەرە پێشەوەی لایەنگرو جەنگاوەرانی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریمدا بوو. جێگەی داخە کە ژەنەڕاڵ لە رووی فرە باوەر بوون بە خۆیو دڵنیا بوون لە پشتگیری جەماوەری عێراق دەستبەرداری ئەو هەڵوێستە چەوتە نەبوو، ١٩٦٢/٢/١٨ بەعسیەکان کە هەتا ئەو کاتە خاوەن پارتێکی رامیاری ناسراو و بنکەیەکی جەماوەری نەبوون بە پشتتیوانی کەرتێکی سوپا، رووە و وەزارەتی بەرگری پێشرەویدەکەن کە بنکەی سەرکردایەتیو بارەگای سەرۆك کۆمارو بەوهۆیەوە خێزان و ماڵی نەبوو.. ژیانیشی هەر لەوی بەسەر دەبرد و تەنها رۆژانەی کرێکارێکی ئاسایی هەموو سامان وداراییەکەی بوو.. بەعسیەکان تەلە فوونی بۆ دەکەن، گەمارۆی وەزارەتمان داوە، خۆتان بەدەستەوە بدەن. لەو کاتەدا خەریکی ریش تاشین بوو لە وەلاّمدا زۆر بە بێباکی دەڵێت ((هەرئێستە دێم بۆتان!)) هەرئەوەندە و هیچیتر، نەهێزی تایبەتی وەزارەت نە بنکەیەکی سەربازی، نەهێزی تۆپخانە و نەهێزی ئاسمانی و فەرماندەی لیوایەك ئاگادار ناکات وەك ئەوەی گاڵتەی بە یاخیبووەکان بێت و ئەوە نەهێنێت.. تەنها چەکدارەکانی پارتی کۆمۆنیست لەسەر شەقامەکانی پایتەخت هەتا توانیان بەرگری مەردانەیان کرد و قوربانی زۆریشیان لە پێناو کۆمارو پێشەواکەیدا دا و دواتریش زۆر کەوت لەسەریان و بەعسیەکان کە سەرکەوتن ئەوەیان بیر نەدەچۆوە و جاڕی شیوعی قڕانیان دا! ژەنەڕاڵیش ئەنجامی هەڵە کوشندەکانی و بەجەرگیو باوەڕ بەخۆ کردن و دوژمن بەکەم گرتن و سڵنەکردنەوە کە هەندێك جار ماڵ وێرانکەرە بە ئاسانی گەیشتنە سەری بە پەلبەستراوی بردیانە ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیونی بەغداو نامەردانە شەهیدیانکرد و هەربە تەڕن سەری خۆی دانا.

کودەتا سەربازیەکەی ١٨ی شوباتی ١٩٦٢ی بەعسیەکان بە سەرکردایەتی مەهدی صالح عەماش سەرکەوت و بەیاننامەی یەکەمیان لە رادیۆی بەغداوە خوێندەوە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ئاخنرابوو کە هەڕەشە لە دوژمن دەکات و مژدە بە یاران دەدات ((أن الذین قتلوا فی سبیل الله أحیاء عند ربهم یرزقون)) و ((سیری الظالمون أی منقلب سینقلبون)) و بانگەوازی رەشەکوژکردن وقەلاچۆکردنی لێپرسراوانی سەردەمی پێشوو و ئەندام و لایەنگرانی پارتی کۆمۆنستی عێراق و لە ناوبردنی ((یاخیبوونەکەی شیمالی حەبیب)) یان راگەیاند. بەرامبەر دەستەی یەکەم ودووەم ئەوەی نەشیاوە لە کاری نامرۆڤانە و دڕندانە کردیان لە گرتن و راونان و کوشتن و هەڵواسین بە دار تەلی کارەباو پەت لە لاق خستن

و راکێشان بەسەر شەقامەکاندا و سووکایەتی کردن بە لاشەی کوژراوەکان و تۆقاندنی نەیاران.. کۆمۆنیستەکان بە تێکڕایی روویان لە کوردستان کرد و پەنایان بۆ شۆڕش هێنا و هەموو یارمەتیو کارئاسانیەکیان بۆ کرا، عەزیز موحەممەد سکرتێری ئەو کاتەی پارتی کۆمۆنیست لەو رووە وتوویەتی ((شۆڕشی کورد و بارزانی فرمێسکی چاومانی دەسڕییەوە))، دژ بە کوردو شۆڕشەکەشی هێرشێکی فراوانیان لە شاخ و شارو شارۆچکە و گوندەکان دەستپێکرد، تاریك و روونی بەرەبەیانی رۆژی ٩ حوزەیرانی ١٩٦٣کوندە پەپووی شووم بەسەر شاری سلێمانیدا خوێندی، هاتوچۆ قەدەغەیە، هەرکەس لە ماڵ بێتە دەرێ بێ سێ و دوو دەکوژرێت. هەتا درەنگانێکی ئێوارە ماڵ بە ماڵی شار گەڕان، یەك بەیەك پیاوو ئافرەت، منداڵ لە سەروو پانزدە ساڵەوە دەکەوتنە بەر پرسیارو لێکۆڵینەوە فەرماندەکەیان، ئەوانیدیکەش کون و قوژبنی ماڵ و حەوشەو سەربان، کەل و پەلی ناوماڵ، جلو بەرگی ئافرەت، پێخەف دەگەران، دەستیان بەناو گەنم و ساوەرو برنج و نیسك و نۆکیشدا دەکرد بۆ دۆزینەوەی چەك، فیشەك، ئەو لاوانەی هەندێکیان لە کۆڵانەکاندا و هەندێکیان لە دەوروبەری شار کوژران، شەهیدان مامۆستایان یاسین حەمەصالح یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێیی سلێمانی و ئەنوەر دارتاش، حەمەبۆر، حەمەباقی (حەمە باقر)[١٦١] لە یاریگاکەی سلێمانی دەستگیر کران و لەگەڵ چەندین شەهیدی ئەو رۆژەدا،لەو شوێنەدا کەدوواتر بووبە سەربازگەی (سارداو) و ئیچستە دەکەوێتە پشت شەقامی شەصت مەتریی سلێمانی (بازنەی مەلیك مەحموود)، کران بەژێر خاکەوە. گیراوەکان ئەوانەی نەکوژران هەرهەموویان فرێدرانە تەویلەی وولاخەکانی پۆلیسی سوارەوە ((تاوڵەی سووارە)). لەو رۆژە بەدواوە لە هەرشوێنێك پێشمەرگە دەستێکی قورسی لە سوپای دوژمن دەوەشاند و بەسەر شۆری دەیگێرانە دوواوە و لاشەی کوژراوەکانیان جێدەهێشت تۆڵەی خۆیان لە دانیشتوانی دەستبەستراوی شارەکان دەکردەوە یەکێك لە ((پاڵەوانێتی))یەکانی لەشکرەکەی زەعیم صدیق ((لیوای بیست)) بەرۆژی نیوەڕۆ خۆیانکردبە قەڵەباڵغترین چایخانەکانی سلێمانیدا لە ناوجەرگەی سلێمانیدا ((چایخانەی حەمەرەق)) و کوێرانە و زۆر بە خوێن ساردی گوللە پرژێنی ئەو بێتاوانانە دەکەن بۆ ساتێکحەسانەوە و چاو ئاوێك دانیشتبوون. جگە لەو تاوانانە بەردەوام بوردومانی گوندو شارۆچکە کانیشیان دەکرد لە ئاسمان و زەوییەوە، رانە مەڕو گا و گۆتاڵیان دەکوشت کێڵگەی کشتوکاڵ و بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی وەرزێکی جوتیارەکانیان ئاگردەدا و خەرمانیان دەکردە قەرەخەرمان[١٦٢] سەردەمی سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف بارودوخەکە تادەهات گرژتر دەبوو نەجیب روبەیعی و سەلام عارف یاریدەدەری دەستەراست و دەستە چەپی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم بوون، روبەیعی هەرزوو نێوی لە نێواندا نەما، سەلام عارفیش بە جۆرێك نێوانی لەگەڵ ژەنەڕاڵدا ئاڵۆزبوو هەریەکەیان بۆ هەلێك دەگەڕا بۆ لە ناوبردنی دوژمنە سەرسەختەکەی، باوەڕو متمانەی تەواویان بە یاوەرە تایبەتەکانیشیان نەبوو لە نێو بارەگای وەزارەتی بەرگریدا هەریەکەیان جگە لە دەمانچە، گوللە پرژێنێکی ئەمەریکاییش لە دەستیان یا لە سەر مێزەکانیان جیانەدەبووەوە.. هەردووکیشیان زۆر بە ئاسانی لە دوو روداوی جیاوازدا بە دەستی بەعس سەریان تیدا چوو.. شیرازەی دەوڵەتی عێراق شلوشەوێق بوو، دەسەڵاتی ناوەند بەسەر چەند چەقێکدا دابەش بووبوو لە بیرو بۆ چوون و بنەمای ئایدیۆلۆژی و هەڵویستی

ئاشکرایاندا بۆ بەڕێوەبردنی یاچاکترە بڵێم فەرمانڕەوایی عێراق، دامرکاندنەوە و لە ناوبردنی شۆڕشی کورد، سەرۆك کۆمار و ئەفسەرە پایەبڵندەکانی سوپا و وەزیرەکانی جەنگ و ناوخۆ و دەرەوە بەسەر کۆنە بەعسی و عارەبچی و هەوادارانی سەرۆك عەبدلناصر دا دابەشبووبوون، پیاوێکی رامیارو خاوەن ئەزموون و میانڕەوو ژێر لە نێویاندا هەر سەرۆك وەزیران تایەر یەحیا بوو ئەو پیاوە دوژمنی کورد نەبوو بەلاّم دەست کورت بوو... هەڵگرانی ئەو بایدیاو هەڵوێستە جیاوازانە رێگەیەکیان بۆ لە یەکتر تێگەیشتن نەدۆزییەوە، هەر لایەنەو بە ئاوازی خۆی هەڵدەپەڕی، عێراقی دووچاری تەنگەژەیەکی رامیاری و فەرمانڕەوایی توند کردبوو، لە رووی سەربازیشەوە باشتر نەبوون، هەڵمەت و هێرشەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان ((ل. ش. ك)) بە هێزترو سەرکەوتوتر دەبوو، ناوچە رزگارکراوەکان فراوانتر دەبوون، بەغدا سەری لێشێوابوو، ئەوەی جێگەی هیوایەك بوو لە نێو سەرکردەکاندا تایەر یەحیا بوو، چونکە لە خۆیان نەدەچوو لە بیر تەسکی و شۆڤێنیستی و کەللە پوتیدا، بە ناچاری دەستی لە سەرۆکایەتی وەزارەت بەردا، فەرماندەی هێزی ئاسمانی عەمید روکن عارف عەبدلرەزاق کابینەیەکی نوێی وەزارەتی پێکهێنا، بەلاّم زۆر نەمایەوە، دووای هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو رایکرد بۆ میسر و جێگرەکەی، دکتۆر عەبدلرەحمان بەزاز کابینەی نوێی پێکهێنا، چەند شۆڤێنییەکی عارەب پۆستی گرنگیان وەرگرت وەك عەبدالعەزیز عوقەیلی کە بەدەست و بەدەم دوژمنی کورد بوو. سەرۆك کۆماری عێراق سەلام عارف و چەند لێپرسراوێکی پایەبەرز رۆژی ١٩٦٦/٤/١٢ لە بەغداوە بە فرۆکەیەکی تایبەتی دەفرن بۆ بەسرا، لە رووداوێکی تەمووموژاوی و بەگوماندا فرۆکە کە لە ئاسماندا گڕیگرت و هەموو سەر نشینەکان تێداچوون، کاردانەوەی رامیاری رووداوەکە کابینەی وەزارەتەکەی دکتور بەزاز هەڵدەوەشێنێت و کێشەو ململانێکانی نێو سەرکردایەتی ئەوەندەی دیکە خەستبوونەوە، چاو بڕینە هەردوو پۆستی سەرۆك وەزیران پشێوی و بێسەروبەرییەکی مەترسیداری هێناوەتە پێشەوە، دیالۆك و لە یەکتر تێگەیشتن و بڕیاری ژیرانە لە مێشکی هیچ باڵادەست و دەوروپشتەکەیدا جێگەی نەدەبووەوە، هەریەکە و بەلای خوێدا رایدەکێشاو بازی بەسەر هەمووواندا دەدا.. لە ئەنجامدا کێشەکە کەوتە نێوان تەنها دوو گرووپەوە، بەرەی کاربەدەستە شیلەکان و کاندیدەکەیان دکتور بەزاز لەلایەك و بەرەی فەرماندەکانی لەشکر و ئەفسەرە پلە بلّندەکان و کاندیدەکەیان عەبدلعەزیز عوقەیلی. لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو بەرەکەدا ئەفسەرێکی سەر گەرم لەسەر شێوەی مافیا کێشەکەی یەکلایکردەوە، فەرماندەی بنکەی سەربازی پاراستنی پایتەخت، سەرهەنگ ((عەقید)) سەعید صلێبی دەمانچە هەڵدەکێشێت و ئەم فەرمانە بەسەر نەیارەکاندا دەسەپێنێت: ((بەڕێز عەبدلرەحمان عارف سەرۆك کۆمارە، هەرکەسێکتان پەسەندی ناکات مێشکی دەپژێنم!)[١٦٣] بەجۆرە رەحمان عارف برای سەرکۆماری پێشوو سەلام عارف دەبێتە سێهەمین سەرۆك کۆماری عێراق ودکتۆر بەزازیش بۆ دووەمین جار کابینەی وەزارەت پێکدەهێنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە کابرای دەمانچە بە دەستی خاوەن بڕیارە گردەبڕەکە، دەستەیەکی میانڕەوی روو لە ئاشتی هێنایە سەر کار لەو رۆژەدا لەوانە گونجاوتر و خاوەن دەست و هێزت نەدەدۆزییەوە، بە تایبەتیش کە لیوا روکن شاکر مەحموود شوکری کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی عێراق وەك تایەر یەحیا، هاوڕێی بارزانی مستەفا بوون و لە یەکتر تێدەگەیشتن لە

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداوشۆرشی ئەیلولدا بە پێی یاسای ((شتێك لەمن و شتێك لە تۆ)) پێکەوە دەگونجان، هەر بەو هۆیە شەوە تەنها دوو هەفتە دووای کۆچی دوایی سەرەك کۆماری پێشوو، یەکسەر دووای سوێند خواردنی یاسایی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان خۆیان بۆ نزیك بوونەوە لە بارزانی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاوی کێشەی کوردی باشور بە شێوەی لە یەکتر تێگەیشتن و دانوستاندن و رێزگرتنی بەرامبەر دانپێدانانی مافی کوردو جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی لە توانای بەغدادایە... ئەو سێکوچکەیەی دەستەلات لە بەغدا بە ژیری و پێداچوونەوەی رابردوو گەیشتبوونە ئەو راستییە کە کێشەی کورد بە هێرش و پەلاماری سەربازی چارەسەر ناکرێت و سەرکەوتن بەسەر شۆرشدا مەحالە و هەر ئەوەش هۆکارێکی هەرە گرنگی جێگیرنەبوونی دەسەلاتە لە بەغدا... سێکوچکە میانرەوە روو لە ئاشتییەکە لەوە دابوون هەلوێستیان لە مەر کێشەی کورد بخەنە قۆناغی پراکتیك و لە یەکەمین هەنگاودا شاندێك بنێرن بۆ دیدەنی بارزانی مستەفا و سەرکردایەتی پارتی و شۆرش بەلام بالە سەربازییە شۆڤێنیەکە وتیان رێگەی چارەسەری ئاشتی لەگەل یاخیبووە جیاوازیخوازەکاندا کە دەیانەوێت بە شێکی نیشتمانی عارەب بکەنە ئیسرائیلی دووەم بە قازانجی دوژمن دەشکێتەوە، پلانێکی فراوانمان بەسەرپەرشتی راستەوخۆی خوالێخۆشبوو سەرۆك عەبدلسەلام دارشتووە و چاوەروانی جێبەجێکردنین و ئەنجامەکانیشی لەسەر زەوی وەك پلانەکە بەسەرکەوتوویی بهوونرێتەوە و مژدەی دەستبەسەر داگرتنی بنکەی سەرۆکی یاخیبووەکانمان پێدان! میانرەوەکان باوەریان بەو هاشە و هووشە یە نەبوو، لەو سەری هاتبوونە بەلام دەیانزانی رووبەرووبوونەوەی سەرکردەکانی سوپا کۆتایی دەستەلاتیانە بۆیە بە ناچاری ملیاندا و هێرشە بەربلاوەکە پیادەکرا و فشە شانسێکی کاتیی لە قۆناغەکانی سەرەتادا هەبوو، ئیتر هەر ئەوەبوو قۆناغەکانی دیکەو ئەنجامی کۆتایی زۆر خراپ بەسەریاندا شکایەوە. لە نێو سەرکردە بالادەستەکانی ئەو سەردەمەی عێراقدا تەنها سیانیان ژیرو میانرەو و هاوبیرو بۆچوون و هاودەنگ بوون، سەرۆك کۆمار عەبدلرەحمان عارف و هەردو سەرۆك وەزیران کە بە دووای یەکتردا هاتن تایەر یەحیا و دکتۆر بەزاز، هەردووکیشیان لە چاو هاورێکانیاندا دوو رامیاری پێگەیشتوو خاوەن ئەزموون و قورسایی خۆیان بوون و دەستیان لەوە شتبوو کێشەی کوردو شۆرشە سەرکەتووەکەی بە هێزی سەربازی و زەبرو زەنگ چارەسەربکرێت بەلام لەو شێوێنەی ئاو هەیە خاك نییە! ئەو سێ سەرکردە هەرەبالا دەستە بە پێی پەیژەی دەستەلات لە سەروو هەموانەوە بوون بەلام سەرکۆمار پیاوی دەستەلات و فەرمانرەوایی ولاتێکی وەك عیراق نەبوو، نە ستراتیژێکی رون و ئاشکرای هەبوو نە پارتێك یا گروپێکی رامیاری لە پشتەوە بوو خودی خۆشی کارەکتەرێکی بەهێز و خاوەن بریارو ئەو هێزە نەبوو بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی بەسەر بالە سەربازییە توندرووەکەدا بسەپێنێت و پراکتیزەیان بکات و بە ناچاری دەکەوتەوە ژێر گوشاری ئەفسەرە بالاکان و ئەوانیش جگە لە دەستکەوتی تایبەتی و تێرکردنی حەزو ئارەزووە رەشەکانیان و داخی دل بە کورد رشتن زیانێکی گیانی و مالی قورسیان لە هەردوو لاوەداو هەر بە شکستی سوپای عێراق و دارمانی ژێر خانی ئابووری دەشکایەوە...هەرچۆنێك بێت لە هەلێکی لە باردا دکتۆر عەبدولرەحمان بەزاز بەرنامەیەکی پراکتیزە کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لەگەل سەرکردایەتی

شۆڕشدا گەیشتنە مـۆرکردنی پـەیمانێك بـە ڕێککەوتننامـەی ٢٩ی حوزەیران ١٩٦٦ی بـەزاز — بـارزانی ناسراو بە شێوەی بازاریش بە ((لامەرکەزی)) مافی ئۆتۆنۆمی سنوردار بۆ کورد ناوەبرا. بۆ مێـژوو دەڵـێم سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانەکەی و تایەر یەحیاش لە ناخیانـدا بێـوەیی و ڕوو لـە ئاشـتی و هێمنـی و وڵات و پشت لە جەنگ و کوشتار و ماڵوێرانی هەردوولابوون و خەمخۆری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەبوون بەڵام مێملیان هەبوو، سەرکردەکانی سوپا بەردەوام ئەوەیان بـە بیردەهێنانـەوە سـەردەمی خوالێخۆشـبووی برای سەرکۆمار نەخشەی پلانێکی فراوانی سـەرکەوتوویان داڕشـتووە ((یاخیبوونەکـەی ژووری وڵات)) لـە ڕەگ و ریشە دەردەهێنێت و مەترسی دروسـتکردنی قـەوارەی ئیسـرائیلی دووەم لـە نیشـتمانی عـارەب و ئیسلام زیندە بە چاڵدەکەن بە زۆریش جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەو هـەنگاوە مێژوویە چارەنوس سازە، ئەوانەی لـە یاخیبوونەکـەی مـەلا مسـتەفا هەڵگەراونەتـەوە بەشـی هـەرە زۆری ((پارت ـ حیزب)) و کادرەکان و چینی روناکبیران و چەکدارێکی زۆریان لەگەڵدایە و هاوبیرو هاو ئامـانجی ئێمەن و مەلا مستەفا هەر خۆیی و هۆزەکەی ماوەتەوە و ئاشکراشـە بـێ حیـزب و بـێ جـەماوەری کـورد توواناى هەفتەیەك خۆڕاگرتنی نەماوە بەرامبەر هێرشە فراوانەکانی پلانی پشت بە یـەزدان (خطـة توکلت علی الله). هەر بەراستیش سەرکردە باڵاکانی سوپا وایانـدەزانی ( پشـت بـەوەی "دابراوەکـان لـە پـارتی" هاتوونەتە پاڵ میریی، سەرکەوتن بەسەر شۆڕشدا مسۆگەرە)[١٦٤] ئیتر بەو خەیاڵ پلاو و ئەم نانە بەو ڕۆنـە دەستیان پێکردو ئەمجارەش بەختی ڕەشی خۆیان تاقیکردەوە، سەرەتاش چەند شـوێنێکی سـتراتیژی دەگـرن مەترسی بۆ شـۆڕش دروسـتدەکرد بـەڵام دەسـتوبازووی پێشـمەرگەی کوردلـەو خـەوە خۆشـە راپـەڕانـدن و ئەمجارەش بە چاوی خۆیان بینیان شۆڕشی کوردیش وەك چیا سەرکەشەکان بەوەیشـومەی بـەعس و ئـاگرو ئاسن نالەزریت، کوردواتەنی بۆ ریش هاتن سمێڵیشیان دانا، نەك هەر بارەگای بارزانیان بۆ نەگیرا و شۆڕش بتاسێنن چەند ناوچەیەکی داگیرکراویشیان بۆ شۆڕش چۆڵکردو ئەمجابـە شـەرمەزاری و ڕوو زەردی شکسـتە ئابڕو بەرەکەی داستانە مێژووییەکەی هەندرێن کە بڕنەوی کورد کارێکی بە سوپا پڕچەکەکەی عێـراق کـرد نەك هەر خۆیان سوپای دراوسێکانیش بیریان نەچـێتەوە چـۆن سـەرکردە عەنتـەرەکانی سـوپا تۆقیوەکـەیان ئەژنۆی وورەیان لە زەوی دەخشاو فەرماندەکانیش هەر چەند لە هاشە و هووشە نەدەکـەوتن هـەتا سـەریان بەر بەردی ئەلحەدکەوت و لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان هێنا ئاسنی سارد دەکوتن، سەرکەوتن بەسەر شۆڕشـی کوردا بە هێزی سەربازی ئاگرو ئاسن بەکارهێنان و وێرانکردنی شارۆچـکەو گونـدەکان و گـرتن و کوشـتنی بێتاوانان و ئاخنینی زیندانەکان بە ڕۆڵەکانی کورد مـەحاڵـەو هـەر سـەری شـکاوو قـوونی دڕاویان بۆ دەمێنێتەوە و نەك هەر خۆیان سوپای بەعسی سوریاشیان تووشـی ئـەو شـەرمەزارییە کـرد کـە هاتبوون بە هاواریانەوە و مام هەژاری موکریانی پێی دەوتن سوپای بەربووکی سـوریا و چـەکدارانی خێڵـە عارەبەکانیشیان هێنابوو لە شارەکانی کوردستان هۆسـەیان دەکێشـا ((أحنـا البـدو، ویـن العـدو؟)) ئێمـە عەرەبی دەشتەکین،دوژمن لەکوێیە؟ وایان بردبووە مێشکیانەوە کۆمەڵێك چەتە و ڕێگری ترسـنۆك راوڕوت دەکەن... بەرەکەتدا ئەوانیش هەر فریای قەل و مریشك دزینی گوندشینەکان کـەوتن و وتیـان بابـە ئەمـە کاری ئێمـە نیـە وڵاتـی وەهـا سـەخت و جـەنگاوەری وەهـا بـە جـەرگمان لـە چیرۆکی گـوێ ئاگردانیشـدا

نەبیستووە، کارێك بە ((عەسکەر)) نەکرێت بە ئێمە چۆن دەکرێت! ((أحنا البدو، عفنا العدو!)) ئێمە عارەبی دەشتەکین، دەستبەرداری دوژمن بووین و گەڕاینەوە! عەدنان خەیروڵڵا تەلفاح خاڵۆزاو براژنی صەددام حسێن کە خاڵۆی مندالەکانیشێتی، ماوەیەك بەر لەتەقاندنەوەی فڕۆکەکەی بەفەرمانی راستەوخۆی صەددام وجێبەجێکردنی یەکێك لەیاوەرە هەرەنزیکەکانی بەنێوی سەرهەنگ ئەلجبوری، عەدنان شەوێك لە بەرنامەیەکی تایبەتیی کەناڵی تەلەفزیۆنی بەغدا، لە میانەی قسەکانیدا گەیشتە سەر داستانەکەی هەندرێن، وەك دێتەوە یادم دەیویست بێ رتووش لەسەر ئەو کارەساتە سەربازییە بدوێت کە بەسەر سوپای عێراقدا هات و وتی شەڕەکەی هەندرێن وانەیەکی مێژوویی بوو بۆ سوپای عێراق.. یەکسەر پەخشی بەرنامەکەیان بڕی!(١٦٥) سەرەك کۆمار رەحمان عارف ئەوەندەی دەسەلات هەبوو لە فەرماندە سەرگەرمەکانی سوپاکەی بپرسێتەوە ئەرێ برایان ئێوە دڵنیابوون ئەمرۆ زۆزك و سبەی کۆڕەك و دووسبەی هەندرێن و سێ سبەی سەفین و ئیتر گەرووی هۆمەر ئاغا و گەلی عەلی بەگ و چۆمان و گەلاڵە و ئەمجا بارەگای بارزانی دەگرین.. ئەی چیتان کرد، وەڵڵا دەستتان لێنەدابا چاکتر بوو. حەزدەکەم بە خوێنەری ئازیز بڵێم فەرماندەیەکی کەللە پوتی سوپای عێراق تەلاقی خوارد بوو هەتا بارەگای بارزانی نەگرێت ریش نەتاشێت، تەلاقیشی کەوت، مراوی تەڕ نابێت و تۆز لە دەریاش هەڵناسێت. ئەوە یەکەمین کاردانەوەی ئەنجامی نێگەتیڤی جیابوونەوەی باڵەکەی پۆلەتیك بیرۆی پارتی ((م. س)) بوو ئەو هەڵە گونجاوەی ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی لە باربرد کەهەرنەبێت دان پێدانانێك بوو بە مافەکانی کوردی باشووردا کە هێشتا بە عسیەکان نە ڕێکخراوێکی رامیاری ناسراویان هەبوو نە بنکەیەکی جەماوەری، تەنها پشتیان بە ئەفسەرەکانی هاوبیریان ئەستور بوو لە سوپادا بە هۆی ئەوانەوە بە کۆدەتایەك دەست بە سەر دەستەلاتدا بگرن بۆ لاواز کردنی دەستەلاتی ناوەند و ڕێگە خۆشکردن بۆ کۆدەتایەك ئەوانیش و گروپی هەوادارانی میسر بە سەرکردایەتی ناصر هانە هانەی گوژمێکی دیکەی هێرش و پەلاماریاندەدا و دڵیان بە باڵەکەی پۆلیت بیرۆ(م . س) بە سەرۆکایەتیی ئیبرایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی خۆشبوو جێگەی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەگرنەوە و لەگەڵ ئەواندا بە فشە مافێك ڕێکدەکەون وئاو بە ئاگردا دەکەن. دیارە ئەمەش لەو روانگەیەوە نەبوو کە ئەو باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان باوەڕێکی چەسپاوی بە مافەکانی گەلەکەی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووبێت بەڵکو وەك تاکتیك بەهاوکاریی میریی عێراق (پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست)بەسەر بارزانیدا سەربکەوێت و بتوانێت سەرکردایەتی شۆڕشەکە بگریتە دەست و بە بەرنامەیەکی جیاواز وستراتیژێکی گونجاوترەوە، روو لە بلۆکی سۆسیالیزم و دژی بلۆکی سەرمایەداریی و ئیمپریالیستی جیهانیی، درێژە بەخەباتی خۆی و شۆڕش بدات ... بۆیە هەموو هاوکارییەکی چەك و دارایی و لۆجستیان لە میریی وەردەگرت و سێ جۆر چەکیان بۆ هێنابوون کە هێزەکانی سوپا، پۆلیس، ئاسایش بە کاریان نەدەهێنا، یەکێکیان گوللە پرژێنێکی بەرهەمی کارگە سەربازییەکانی میسر بوو، تفەنگی پۆرسەعیدی پێ دەوترا، دوو جۆر تفەنگی برنەویشیان پێدابوون، جۆرێکیان برنەوی کورتی دووربین لەسەر، تفەنگی پەڕەشوتی پێدەوترا جۆری دووەمیان برنەوی ناونجی بوو، هەرسێ جۆرە تفەنگەکەش لە پراکتیکدا بێ کەڵك بوون و دوای ماوەیەك لە ناودا نەمان. راستە

عەبدولڕەحمان عارف و دکتۆر بەزاز هێرش و پەلاماردانی کوردیان لە بەرنامەدا نەبوو، حەزیان بە ئاشتی و ئارامی وڵات دەکرد، بە هۆی شەڕی کوردو گیرۆدەکردنی سوپاوە لە چیاکانی کوردستان هەڵپەرستان هەلێکیان دەستنەکەوێت بە کەرتێکی سوپا و چەند تانکێك کۆدەتایەك ساز بکەن، لەولاشەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر گوشاری فەرماندە توند ڕەوەکان و سەرانی عارەبەوە هەوڵیدەدا ئاشتی و هێمنییەك بێتە کایە وە و سووکە مافێکی کولتوری بۆ کورد دابین بکات و سوپای عێراق لەو شەڕە زیانبەخشە دووربخاتەوە و ئەو سامانەی لەو جەنگە بێهوودەیەدا خەرج دەکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات و پێشکەوتنی پیشەسازیی و ئابووریی تەرخان بکرێت. بارزانی مستەفاش لەو سەری هاتبووە، هەرچەندە دەبیسترا ڕێککەوتنەکە بەندێك یا چەند بەندێکی نهێنی تێدایە بەڵام وەك من بزانم شتێکی لەو جۆرە لە ئارادا نەبوو، هەر سەرکردایەتی شۆڕش بوو بۆ چاوترساندنی جاش، جاشی کلاسیك بانگەشەی بۆ دەکرد! ئەگینا بارزانی خێرێکی لەو ڕێککەوتنەدا نەدەبینی، بۆ دڵنیاکردنی ((م. س)) و ئیبراهیم ئەحمەدیش بەڕاشکاوی دەڵێت ((برایم، ئەمە تەنها ئاگربەستێکی کاتییە و ڕێککەوتن نیە کە بەرەوپیریشی دەچین زیانێك ناکەین بەڵکو هەندێك دەستکەوتیشی تێدایە وەك ئازادکردنی بەشدارانی شۆڕش و لایەنگرانی پارتی لە زیندانەکانی ڕژێم و گێڕانەوەیان بۆ سەر کاروپیشەی جارانیان، بەڵام ئەندامانی ((م. س)) ئەوەیان نەدەسەلماند و دەیانویست هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ ڕژێمدا مۆر بکرێت لە ڕێگەی ئەوان و پەسەندی و ڕەزامەندی خۆیانەوە بێت نەك بارزانی، ئیتر ئەوان لە ئاشێك و بارزانی لە ئاشێك، هەروەك سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیران ئامانجەکانیان جوت نەدەوەستایەوە چونکە بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی دابین نەدەکردن، ئەوان فێر بوون بازرگانی بە کێشەی فەلەستین و خوێنی سەربازانی سوپا و ئەفسەرە پلە نزمەکانەوە بکەن، پاڵێکیان بە دکتۆر بەزازەوە ناو کابینەیەکیان بە سەرۆکایەتی عەمید ڕوکن ناجی تالیب سەر بە ناصریەکان پێکهێناو ڕەجەب عەبدلمەجیدی وەزیری ناوخۆش بووبە جێگری.

لای شۆڕشی کوردیشەوە دووبەرەکی تەقییەوەو وەك کاردانەوەی کێشەکانی نێوان سەرۆکی پارتی و ئەندامانی (م. س) بەسەرۆکایەتی دیارترین سیاسەتوانی کورد و لە هەموو هاوژینەکانیشی ڕووناکبیرتر و بە ئەزموونتر ماکۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە بەر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ . ك) بوو، هەر ئەویش خاوەنی سێ دروشمە سەرەکییەکەی پارتی و شۆڕشی کوردی باشوورە لە١٩٥٨دا(کوردستان یەك پارچەیەو سنوورەکان دەستکردن)، ١٩٦١(کوردستان یانەمان)، ١٩٦٣(ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراتی بۆ عێراق) ... لەکۆنفرانسەکەی ماوەتدا هەنگاوێکی بەپەلە و ترسناك دەنێن و بە نووکە قەڵەمێك ڕاست و چەپێك دەهێنن بەسەر مێژووی خەبات ورابوردووی ناسراوترین سەرکردەی کورددا و بڕیاردەدەن هەموو دەستەڵاتەکانی سەرۆکی پارتی و سەرکردەی شۆڕشیشی لێ وەربگرنەوەو ولە پارتیش(دەریدەکەن).ئەم بڕیارە هەرچەندە بێ بنەما نەبوو، لەبەر ڕۆشنایی و پشت ئەستوور بە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب ئەنجامدرا، لەلایەنی تیۆرییەوە دروستە بەڵام لە پراکتیك و ئەنجامەکانیدا، نە ئامانجەکانی پێکا، نە چارەسەری کێشەکانیشی کرد بەڵکو گوژمێکی پێداو دوای چەند ساڵێك گواستنییەوە بۆ قۆناغی دووەمی دووبەرەکیی ودابڕانی باڵەکەی(م . س) لە بارزانی و لە پارتی

دیموکراتی کوردستان و کاریگەریی نەخوازراویشی بەسەر رەوتی بزاڤی کوردایەتیدا هێنا. زۆر بەداخەوە بڕیارێکی وەها سەرپێیی بەسەرگەرمیی و بێلێکدانەوەی ئەنجامەکانی یا لێکدانەوەی چەوتی ئەنجامەکانی وەك کاردانەوەی کێشەکانی نێوان ((م. س)) و بارزانی لە کەسێکی وەك ئیبراهیم ئەحمەدی دیارترین رامیاری کورد وخاوەن ئەزموونەوە دەربچێت بەڵام تیر لە کەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە....ئەوە بڕیارێکی سەر پێیی زۆر هەڵە بوو کە دوواتر خودی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەکۆڵێك ئازایەتی و هەستکردن بەلێپرسینەوەوە نکوولی لە هیچ هەنگاو و هەڵوێستێکی نەکرد،ئەوەش وێستگەی کۆتایی نەبوو، (ئاشتبوونەوە)کەش چارەسەری ناکۆکییەکانی نەکرد بەڵکو گواستیەوە قۆناغی خۆجێکردنەوەو خشکەیی کارکردن بۆ رۆژی خۆیی و هەلێکی گونجاو,وەك سەرەتاش ساڵی١٩٧٦بەشێوەیەکی زۆر نهێنی گەڵاڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسیی ـ لینینیی کوردستان دەکەن بە دەست پێشخەریی شەهیدانی پێشەنگ: شاسوار جەلال(ئارام)، شەهاب شێخ جەناب،ئەنوەر زۆراب(برای هونەرمەندی شانۆکار جیهاد دڵپاك)،جەعفەر عەبدولواحید(برای هۆنەر و نووسەر خالید دلێر)،نەوشیروان مستەفا ئەمین(لە١٩٦٨ەوە خوێندکاربوو لە وڵاتی نەمسا)،مەحمود مەلا عیزەت، شەهیدی زیندوو عومەری سەید عەلی،عادیل موراد،عەلی بچکۆل و مەحموود کەشکۆڵ،شازاد سائیب،حیکمەت حەمەکەریم(مەلابەختیار)،نەجمەدین عەزیز(سالارعەزیز)،فەرەیدوون عەبدولقادر،حەمەچاوشین،ئاوات عەبدولغەفور،جەمال تاهیر،قادرحاجی عەلی ... بە کۆکردنەوەی لاوان و پێکەوەنانی ئەڵقەکانی رووناکبیرکردن وئامادەکردنیان بۆ رێکخستنێکی نهێنی بەشێوەی پەیوەندیی تاك تاك(تەزبیحیی)و پەلوپۆ هاویشتن و دامەزراندنی بنکەیەکی جەماوەریی پێشکەوتنخوازی فراوانی گۆشکراو بە پرەنسیپەکانی مارکس ـ لینین ـ ماو، دژی (سەرکردایەتییە خێڵەکییەکە)،دەسگای پاراستنی شۆڕشی ئەیلوولیش زانیاری لەسەر جۆرە جموجوولێك هەبوو لە نێو لاواندا بەڵام سەر بەکوێ وئامانجییان چییە ئاشکرا نەبوو، زۆرتریش بە بزوتنەوەیەکی رووناکبیریی لاوانی مارکسیزم خواز دەخوێندرایەوە بۆ جێگە لێژکردن بە کۆمۆنیستە کلاسیك و ووشك هەڵاتووەکانی کوردستان.ژمارەیەك لەو لاوانەش دەکەوتنە بەر پرسیارو لێ پێچانەوە بەو تۆمەتەی کەکتێبەکانی مارکس، لینین، ماوتسی تونگ و کیم ئیل سونگ دەخوێندنەوە و دەستاو دەستی دەکەن!!

**دەستەی سەرۆکایەتی ئەو گرووپانە بەرنامەی پێگەیاندنی کۆمەڵێك کادیری لاوی نەناسراویان هەبوو، پێشینەی رامیارییان نەبێت و جێگەی گومان و چاودێری نەبن بۆ ئەوەی سەربەستیی جوولان و چالاکیان هەبێت.** ئەوانە هەرگیز بە بیریاندا نەدەهات شۆڕشی ئەیلوول بکەوێت بەڵکو لە بەرنامەیاندا بوو لە نێو شۆڕشدا ((رێبازێکی شۆڕشگێری راستەقینەی موتوربەکراو بە پرەنسیپەکانی مارکس — لینین — ماو)) بێتە گۆڕەپانی رامیاریی کوردەوە دژ بە (سەرکردایەتییە خێڵەکییەکە), هەرکە ئەیلوول هەرەسی هێناو هەلە لەبارەکەی نەك چاوەڕوان نەدەکرا،بەڵکو بەبیری هیچ کەسێکیشدا نەدەهات،رێککەوتنەکەی جەزائیر لەناکاوێکداوکتوپر رەخساندی و کردییە کاری کراو(دیفاکتۆ)،بەرنامەکانیش کەوتنە بواری پراکتیزەکردنی بەپەلەوەو **بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوە کورتەی نێوان ١٩٧٤ـــ١٩٨٠دا سەرکەوتووش بوون وبوونە یەکێك لە ٣سێ ژمارە قورسەکەی گۆڕەپانی رامیاریی و پێشمەرگایەتیی باشووری کوردستان**

**ودەستیان بە خۆرهەڵاتیش دەگەیشت.....هەرچەند هەنگاوەکانیش لەسەرەتادا زۆر قورس و بارودۆخەکەش دژواربوو،ناکۆکی و ململانیش هەرزوو سەریهەڵداو دوای لە سێدارەدانی شێخ شەهاب وهاوڕێکانی، عومەری سەیدعەلی و هاورێکانی سەرکردایەتی زیندان دادەمەزرێنن،ئەوانەی چوونە شاخ و چەکیان هەڵگرت سەرکردایەتی شاخیان دامەزراند،کادیرەکانی هەندەرانیش وەك دکتۆر کەمال،دکتۆر بەرهەم صالح، سەعدی ئەحمەد پیرە، شازاد صائیب بەرابەرایەتیی جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتی هەندەران بوون!!**

**هەندێك لە کادیرە نوێیەکانی ناو شارم دەناسیی وەك شەهید جەمال عەزیز فارس،کە لەگەل جیاوازیی ئایدیاشدا، ئەو وەك لاوێکی مارکسیی سەربە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسیی ـ لینینی کوردستان (کۆڕەك)ومنیش وەك کوردێکی نەتەوەیی ئەو مارکسیی ومن نەتەوەیی، بێ پەردە لە بارو دۆخی کورد ولایەنەکانی شۆڕشی نوێ دەدواین،ئەوەشی درکاند(هەر ئەوەندە بزانە رۆشتم). شەهید جەمال بە هەتیوی ودەست کورتی پێگەیشتتبوو، کورێکی روونـاکبیروخوێن شیرین بوو،شێوەشی بە گیڤارادەچوو، کە چووە شاخ وچەکی هەڵگرت کاسکێتێکی وەك کاسکێتە بەنێوبانگەکەی گیڤارای دەکردەسەری. جەمال بووبە فەرمانـدەی مەفرەزەوکـە بۆچالاکیی دادەبەزین چەندجاریك یەکترمان بینییەوەونەماندەزانی رۆژگارچی لەداهاتوودا حەشارداوەو هەرگیز بەبیریشماندا نەدەهات ئەو هاورێ ودۆستە خۆشەویستەم ومەفرەزەکەی(بە رێکەوت) بکەونە کەمینێکی هاوبیرانی پاسۆك و شەهیدبن.**

ئەوەندەی پەیوەندی بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە هەیە بە بۆچوونی خۆم لەوباوەڕەدام ئەمجارەیان هەر دوراو دوور لە گەڵدا بووە. پشتگیری یەکێتی نیشتیمانیشی نەدەکرد بۆ نزیکبوونـەوەو دانوستاندن لەگەڵ رژێمی بەعسیانداو لەو رووەوە دەکەوتنە بەر لۆمەو سەرکۆنەو رەخنەکانی و دەیوت ساڵی ١٩٧٠ تان بیرچۆتەوە، چۆن ئێمەیان زۆر هەرزان فرۆش وبگرە ریسواشیان کردین ...مامۆستا لە ئەنجامدا فایلی ژیانی حیزبایەتی و چالاکییەکانی خۆی دادەخات، چالاکیی تەسکی حیزبایەتی نەك سیاسەت و کوردایەتی، هاوکاریکردنی دوژمنانی کوردیشی بۆ هەڤالانی خۆی دژی لایەنەکانی دیکەی کورد کردە هێڵی سوورو بەیەکجاریش کوردستانی جێهێشت بەرەو بەریتانیاو لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوو هەتا کۆچیدوایی کردو تەرمەکەی لە رێورەسمێکی شکۆدار وشایستەدا بەو پیاوە مەزنەو بەو( سەرکردەو رابەرە ناکامە)هێنرایەوە کوردستان وبەخاك سپێردرا.

هەرکە ئەیلوول هەرەسی هێناو هەلە لەبارەکەی هەرگیز چاوەڕوان نەدەکراو بەبیری هیچ کەسێکدا نەدەهات، کە رێککەوتنە شوومەکەی نێوان صەدام حسێن وشای ئێران لەجەزایر هێنایە گۆرێ و شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنا،جەماوەرێکی پانوپۆڕ و فراوانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان زۆر بە شادیی و دەم بە خەندەی سەرکەوتنەوە دەیانوت ((ئەمە ئەو رۆژە بوو بۆی دەگەڕاین))،شادمانی دەربڕین و پیرۆزبایی لە یەکتر کردن بە بۆنەی کەوتنی شۆڕشێکی نەتەوەیی و چواردە ساڵ خەبات و بەرەنگاریی نەپساوەی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردی باشوور لە ئەم پەری راسترەوانەوە بۆ ئەوپەری چەپڕەوان لە ژێر سایەی سەرکردایەتییەکدا جۆشدابوو، هەرەسهێنانەکەیی و هەڵگیرسانی "شۆڕشی نوێ"

دۆزی کوردی بە کویٚ گەیاند جگە لە کەرت و پەرتکردنی بزوتنەوەکە بەسەر سەرکردایەتی کاتیی پارتیی، بزوتنــەوەی شۆڕشــگێڕانی سۆسیالیســت،هێڵی پـان، حیزبـی سۆسیالسـت کوردسـتان ـ عێـراق، کۆمەڵـەی زەحمەتکێشانی کوردستان (خۆرهەلاٚت)، پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك)، پـارتی کۆمونیسـتی عێـراق، بزوتنەوەی ئیسـلامی کـورد، ئـالاٚی شـۆڕش، حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان (باشـوور)،پارتی گـەل و نزیکـەی ٣٠سـی صـالٚ بـە یەکـدادان و مـالٚوێرانیی شـەڕی کـورد کـوژی و دوورخسـتنەوەی کـورد چـەند قۆناغێکی دیکە لە ئامانجەکانی....کورتبینیی رامیاریی ونابینایی ئایـدۆلۆژیی گەیشـتە رادەیـەك کـەس کـەس نەخوێنێتـەوە وپـاوانکردنی گۆڕەپانەکـەی خـەبات بـوو بـە ئامـانج وجێگـەی ئـەو فرەلایەنـەی تێدانەدەبووەوە، بۆیە هەر زوو بەسەر دوو لایەنە سەرەکییەکەی پارتی و یاکێتیـدا دابەشـبوون و ئەوەنـدەی (خەباتیان )دژی یەکتر دەکر،پچکێکی ئەوە خەباتی گوردایەتییان نەدەکرد! خۆ ئەوەش وەنەبێت بە خەباتی جەماوەریی و دیموکراتیی و ململانێی شەریفانە پیادەکرابێت، نەخێر رووبارێـك خـوێنی رۆڵـەکانی کـوردی ویست و بەناهەق و لە پێناو هیچدا رژێنـرا و هەربـەرەودوواش دەگەڕاینـەوەو زامـەکان قـولٚتر دەبوونـەوە. نابینایی رامیاریی کارێکیکرد هەر لە پێناو ژمارەی قەبەی شەهیداندا پۆل پۆل لاوی هەرزەی کورد بنـرێن بە نیشانی تفەنگی دوژمن و بە سێدارەدا بکرێن، خوێنی کورد ئەوەندە هەرزان بێت نرخـی ئـەو گوللەیـەی نەبێت لای دوژمن پێی شەهید دەکرا، دەبوو کەس و کار پارەی گولله و کرێـی دەسـهەقی (مانـدووبوونی) جەللادەکەش بدات! نابینایی رامیاریی گەیشتە رادەیـەك یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان نـەك لـە ئاسـتی سەرکردایەتیدا، لە ئاسـتی تاکـەکانی خـوارەوە و دۆسـت و لایەنگرانیشـدا بـە پۆزلێدانـەوە بلـێن ((ئـەریٚ هەتیوەکانی مەلا، گۆڕەپانەکە بۆ چۆڵناکەن؟)) وەك ئەوەی هەر لە میرنیشینی بابان و سۆرانەوە، هـەر لـە شۆڕشـەکانی ئـارارات و شـێخ مـەحموودو سمکۆی شـوکاك و شۆڕشـەکانی بارزانـەوە تـەنها ئـەوان ئـالاٚی شۆڕشیان بەرز کردبێتەوە و هەتا هەنووکە پیٚ پسانەوە و پشودان دایان نەنابێت! ئـەریٚ بـرا بـە چ هـەقێك کوردستان پاوان دەکەیت، لە هەمووانی حەرام دەکـەیت، بـەلاٚم چـەندین بارەگـا بـۆ ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی دەکەیتەوە بە عارەبی سوننەو شیعەو بەعسی سووریا و تورکمان و کلدو ئاشوورو لـە دەمـی پێشـمەرگەت دەگرتەوە بۆ ئەوان لە تەڕ دەیانخواردو لە ووشك دەنوسـتن، چ کـەڵکیان بـۆ کـورد هـەبوو؟ نـە ئـەو کـات و نەئێستەش دان بە مافەکانی کوردا ناهێنن بگرە هەندێکیان کورد بە نەتەوە نازانن! چەند پێشـمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاسەوانیی ئەندامانی بەناو سەرکردایەتی بەعسی سـووریا دەکـەن لـە ناوچـە رزگارکراوەکان، لە میانەی گفتۆگۆدا هەر کەدێنە سـەر باسـی کـورد، یـەکێکیان هـەموو جارێـك زۆر بـە سەختی و کەللەرەقی دەڵێت کورد نەتەوە نییە، بەرەگەز عارەبە و مافی ئەوەمان پێداوە لە خاکی عارەبدا بژین! یەکێك لە پێشمەرگەکان کۆیی بوو بە داخـەوە نـاویم لـە یـاد نـەماوە لـە هاورێکـانی پـتر پەسـت و نیگەران دەبێت بە کابرای عارەب دەڵێت ئێوە پەنا بـەرن لـە کوردسـتان، پـەناتان هێناوەتـە بـەر شۆڕشـی کورد، ئێوە میوان و ئێمە خانەخویٚ، بە نان و ئاوی کوردو لە پارێزی چیاکانی کوردستاندا دەژین و هەموو هاوکاری یەکتان دەکەین، پارێزگاری ژیانیشتان دەکەین، من چەکی کوردایەتیم دژی ئەوانـە کردۆتـە شـان وەك تۆ بیردەکەنەوە، بۆ دوواجار پێت دەڵـێم ئـەو هەڵەیـە دووبـارە نەکەیتـەوە. کابرابـە گاڵتەجارییەکـەوە

دەڵێت ((هراء)) مانای قسەی قۆڕ! پێشمەرگەکە ئیتر خۆی بۆ ناگیرێت دەڵێت هەر سووری لەسـەر ئـەوەی کورد نەتەوە نییە؟ دەڵێت بەڵێ و هەزار جاریش بەڵێ! ئـەویش نایکاتـە نامـەردیی (دەکەواتـە بیخـوو بـە دەستم،سپڵەی پێنەزان،ئیلا جەهەننـەم) ئـیتر بـڕای بـڕ جـارێکی دی ئـەو ناماقووڵییـەی لـەدەم دەرچـێ. سەرکردایەتی یەکێتی نیشتتیمانی کوردستانیش ناچار پێ بەجەرگی خۆیدا دەنێت و قوربانی بەو پێشمەرگە بەئەمەکە دەدات لە پێناو تێکنەدانی پەیوەندییەکانی لەگـەڵ رژێمـی بـەعس لـە سـوریا و(سـزابڕیارێکی) کەموێنـەی بۆئـەو پێشـمەرگە نموونەییـە دەرکـرد، خـۆی چـالاکییەکی خۆکـوژی هەڵبـژێرێت و هـەرخۆی بەتەنهاش ئەنجامی بدات! ئەویش شاری کۆیە ی زێدی بـاو و بـاپیرانی هەڵدەبـژێرێت لەناوحەرگـەی شـاردا دەستێکی قورسی لەدوژمن وەشاندو بەوپەڕی شکۆ وسەربەرزییەوە چووە کاروانی نەمرانەوە .

پارتی لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردابوو، دەستێکی لـە کـۆت و زنجـیری مەرجەقورسـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا بـوو جەماوەرەکەشـی لـە باشـوور وەك هـەمووان لـە ژێـر گوشـاری دڕندانـەی دەزگـا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمدا بوون، راگواسـتنی گونـدەکان و ئۆردوگـا زۆرە ملییـەکان و بێسـەرو شـوێنکردنی ١٨٢ هەزار بارزانی خستبوویە هەڵوێستێکەوە هیچ لایەنێك خۆزگەی پێنەدەخواست، باری دارایی کز بوو، حەسۆ میرخان ژاژۆکـی نامەیـەك لـە سـەنگەرەکانی چیـای سـورکێوەوە بـۆ مەسـعوود بـارزانی دەنوسـێت ((پێشمەرگەکان چا یان نییە)مەسعود بارزانیش لە وەڵامدا بۆی نووسیوە ((بە هیمەتی مەشایخ بەم زووانە پەنجا دینارتان بۆ دەنێرین))! کەسانی ئەوەندە بێ رەوشت هەبوون لە ئاهەنگی گشتیدا بۆ گێرە شـێوێنی و هەست بریندارکردنی دڵسۆزان گۆرانیەکـەی هونەرمەنـد ناصـری رەزازی کەتییـدا دژ بـە رژێمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دەڵێـت "بەدەسـت حـوکمی مـەلاوە" هەڵدەگێرایـەوە بـە ((بەدەسـت مـاڵی مـەلاوە))! هونەرمەندی گەورەی کورد عەباسـی کەمەنـدی لـە بۆنەیەکـدا کـەبۆ ئـەم بـوارە دەگونجێـت لـە ئـاوازێکی بەسۆزدا دەڵێت: **نەخوا بەرداره، نە بەندە رازی *** نە فەتوای شەرعە، نە حوکمی قازی**

مێژوو بیری تیژەو باز بەسەر هـیچ رووداوو هـیچ کەسـێکدا نـادات، بڕیارەکانیشـی گردەبـڕن.. جێگـەی خۆیەتی لە خۆمان بپرسین گۆڕەپانەکەی کوردایەتی لـە باشـوور کـە جـاران هـەر جێگـەی لایـەنێکی تێـدا نـەدەبووەوە، چ گـۆڕانێکی بەسـەر دۆزوبزافـی کوردایەتیـدا هێنـاوە کـە ئێسـتە جێگـای هـەموانی تێـدا دەبێتەوە؟ خۆ، لە باری پانی ودرێژی نەکشـاوە، یـا قورسـایی و هێـزی لایەنـەکان و تـەرازووی هێزەکـان و تێڕوانینی جەماوەر سەروژێری نەکردووە! کێ پاشەکشەی کـردو جێگـەی نـەك بـۆ پـارتی و سۆسیالسـت و پاسۆك و کومونیست بەڵکو بۆ چەندین رێکخراوی دیکەش چۆڵکرد؟ کام سەرکردانە بە جـۆش و خرۆشـەوە لە میدیاکانەوە بانگیاندەکرد بۆ پۆستی سـەرۆکایەتیی هـەرێمی کوردسـتان دەنـگ دەدەیـن بـە شـیاوترین کەس، خاوەن مێژووی دێرینی خەبات، مەسعوود بارزانی. عارەب دەڵێت ((عیش و شوف)) هـەتا بمێنیـت شت دەبینیت!

دێمـەوە سـەر کرۆکـی باسـەکە،ململانێی دەسـەڵات لـەنێو کاربەدەسـتەباڵاکانی میریـی عێراقـداو هەڵوێسـتییان لەمـەڕ کێشـەی کـورد بەگشـتی و شۆڕشـی ئـەیلوول بەتایبـەتی بریتیبـوو لـەوەی عارەبـە شۆڤێنییەکانی عێـراق و ئەفسـەرە تونـدرەوەکانی سـوپاو گرووپـە هەلپەرسـتەکان و بازرگانـانی جـەنگ و

خوێنڕشتن روو لە شەڕو پێشـێلکردنی مافـەکانی کوردبـوون و بەرژەوەنـدییان لـە ئاشـتی و هێمنـی ولاّتـدا نەبوو، ڕێککەوتنەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی نێوان بەززازو بارزانیان مردار کردەوە و ئەوەشیان لە بیر خۆیان بردەوە شۆڕشـی کـورد لـە تاسـاندن نایـەت و رۆڵـی ئـەکتیڤ و بەرچـاوی لەسـەرتاپێی لایەنـەکانی رامیاریی، کۆمەلاّیەتی، سەربازیی، پیشەسازیی و ئابووری عێـراق دەگێڕێـت و کـەموزۆریش کاریگـەریی لەسەر ولاّتانی دراوسێ و رووداوەکانی ناوچەکەش هەیە و سـەقامگیری و هـێمنی و ئاسایشـی ناوچـەکە و عێراق بەتایبەتی بە هەڵوێستی شۆڕشەوە گریدراوە و هـیچ دەسـتەلاّتێکی فـەرمانڕەوایی عێـراق شانسـی مانەوەی نییە لە حوکمدا ئەگەر هەڵوێستی دوژمنکـاری بەرامبـەر کـورد هەڵبـژێرێت. بـەلاّم ئـەوان هـەر بـەزمێکیان دەزانـی سـێ جرتـەکی، ئـەو شۆڕشـە نەتەوەییـە مەزنـەیان بـە چـەتەو رێگرەکـانی کـورد، بەکرێگیراوانی ئیمرایالیزم، جیاوازیخواز، ئیسرائیلی دووەم و پەناگەی بەکرێگیراوان لـە بـاکووری ئازیزمـان ((الجیـب العمیـل فی شمالنـا الحبیـب)) نـاودەبرد و زەلالـە تیشـیان بـوو بـە دەسـتیەوە }دە رۆژ بـەر لـە هەڵگیرسانی جەنگی ١٩٦٧ ی نێوان عارەب و جوولەکە، حـاجی شـاکر ئەلـدووری و شـێخ نـازم العاصـی سـەرۆك هـۆزی عوبیـد سـەردانی بـارزانی دەکـەن لـە گەلاڵـە، هەردووکیشـیان هـاورێ و دۆسـت بـوون و بەتایبەتیش بۆ مەبەستێك هاتبوون لە زمانی رژێمی بەغداوە بارزانی ئاگادار بکەن چەند کـەرتێکی سـوپا دەنێرن بـۆ ئـوردن بـۆ هاوبەشـیکردنی جـەنگی عـارەب دژی جوولەکـە و تکـای لێبکـەن لـەو بارودۆخـەدا هێزەکانی پێشمەرگە هێرش نەکەنە سەر سوپا. بـارزانی بـەڵێنی پێـدان و بەڵێنەکەشـی بـردە سـەر و لـەو ماوەیەدا چالاکییەکانی پێشمەرگە دژی سوپا راگیرا. داواکاری دووەمیشیان ئەوەبوو بارزانی پێـنج هـەزار پێشمەرگە بەسەرکردایەتی ئیدریس بارزانی وەك هێزێکـی کـورد بنێرێتـە پـاڵ سـوپای عێـراق کـە دەبێتـە نیشانەی برایەتی و هاوکاری نێوان عارەب و کورد. کەرتەکانی سوپای عێراق بۆ پشتیگیری سوپای سـوریا و ئوردون بە سەرکردایەتی عەمید روکن مەحموود عەریم بوو، دووڕۆژ بەر لـە جەنگەکـە دەگاتـە دیمەشـقی پایتەختی سوریا و لە وتارێکدا دەڵێت ((ئێوە گەلی سووریا، بۆ لە ناوبردنی ئیسرائیلی دووەم ((مەبەستی شۆڕشی ئەیلوولە. ن. ك)) بە هانای ئێمـەوە هـاتن ((مەبەسـتی لـە سـوپای بـەربووکی سـووریایە، لیـوای یەرمووك بە سەرکردایەتی فەهد ئەلشاعیر. ن.ك)) ئەوە ئێمەش ئێستە هاتووین ئەو قەرزەتان بدەینـەوە و ئیسرائیلی یەکەم لە ناودەبەین. ((بارەکەڵلا لە شۆرەسوارە ئازاکانی سەدەی بیستەم، بـۆ ئێـوە ئیسـرائیلی دووەمتان لە نێو برد هەتا خۆتان بۆ ئیسرائیلی یەکەم گیڤ بکەنەوە. ن. ك)) بارزانی روودەکاتە شێخ نازم و دەڵێت ((یا شێخ چۆن دەتوانم کوڕی خۆم و پێشمەرگەی کورد بنێرم بۆ بەرەیەکی جەنگ کابرایەکی نەزان و دەروون رەش و ناحەزی گەلی کورد سەرکردەی بێـت و چـۆن بـاوەڕی پێبکـەم)) شـێخ نـازم کـە ئـەوە لـە بارزانی دەبیستێت بە خۆیدا دێتەوە، ئەو بەو نیازە هاتبوو هاوبەشیکردنی پێشـمەرگە برایـەتی و دڵپـاکی راستەقینەی کورد و عارەب بەرجەستە بکات بەلاّم وتارەکەی مەحموود عەریم، هیوا بڕاویکرد بارزانی بـیر لەو جۆرە هاوکارییە بکاتەوە.{(١٦٦)

بەعسیەکانی عێراق پالّدەدەن بە دەستەیەك ئەفسەری سوپا و کومەڵێك کەسایەتی سڤیل و ناسراوەوە بۆ ئەنجامدانی کۆدەتایەکی سەربازیی و هەڵگێرانەوەی رژێم... بەرەبەیانی ١٧ گەلاوێژی ١٩٦٨ کۆدەتایەکی

خشكەيی سەركەوتوويان ئەنجامدا بێئەوەی خوێنی تێدا برژێت و كۆدەتاچیەكان چوونە سەركار و دەسەڵاتی وڵاتیان گرتە دەست، دەسەڵاتی باڵاش بە دەست سڤیلەكانەوە بوو، بەعسیەكان شتێكی ئەو تۆیان لە ژێر دەستدا نەبوو، هەر پێشەكیش پلانی نهێنی خۆیان وا دارشتبوو دووای سەركەوتنی كۆدەتاكە، كۆدەتایەكی بە سەردا بكەن و تەواوی دەسەڵات قۆرخ بكەن. نازم گزار چوارەمین سەركردەی ریزی پێشەوەی بەعسیەكان بوو دووای ئەحمەد حەسەن بەكر، صەددام حوسەین، حەردان عەبدلغەففار كە هەرسێكیان تكریتی بوون، ئەویش پلانی تایبەتی خۆیی هەبوو كۆدەتایەك بەسەر كۆدەتاكەدا بكات و دەسەڵاتی یەكەم بگرێتە دەست و هەر زووش هاورێ نەیارەكانی لە نێو بەرێت بەڵام فریانەكەوت، صەدام و (بارزان)ی باوك برای دەستیان پێشخست. كۆمیتەی سەركردایەتی كۆدەتاكە رۆژی ٣٠ تەمموز لەكۆبوونەوەدا بوون، صەدام و بارزان یاوەری ئەحمەد حەسەن بەكر بوون لە دەرەوە لەبەر دەرگای هۆڵەكەدا راوەستابوون هەریەكەیان دەمانچەیەك و گوللە پرژێنێكی جۆری غەددارەی ئەمەریكایی ئامادە و لەسەر پێی هەڵگرتبوو، كتووپڕ خۆیانكرد بە ژووورداو لەسەر شێوەی باندەكانی مافیا رووی چەكیان كردە ئامادەبووان (كەس نەبزوێت،چركەتان لێوە نەیەت!) ئەحمەد حەسەن بەكرو حەردان عەبدولغەفار وهاورێكانیان هەستان و لە كۆمیتەكە جیابوونەوە، ئەوانیدیكەش لە ژێر هەڕەشەی كوشتندا برانەدەرەوە و بە پاصێك فراندیانن بۆ فرۆكە خانەو رەوانەی ئەوروپایان كردن! بەعسیەكان بەمجۆرە هاتنە سەركارو بە شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژ ناویان دەبرد كە سیازدە رۆژی خایاند و پۆستە هەرەگرنگەكانیان لە نێو خۆیاندا دابەشكرد، ئەحمەد حەسەن بەكر، چوار پۆستی هەرەباڵای گرتە دەست:

١- سەرۆكی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش

٢- رازگری سەركردایەتی هەرێم

٣- سەرۆك كۆمار

٤- فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان. بەعسیەكانی عێراق بە باوەپێشەوا ((الاب القائد)) ناویان دەبرد صەددام حوسەین: جێگری ئەحمەد حەسەن لە هەر چوار پۆستەكەیداو ئەویش هەر بە نازناوی بەڕێز جێگر ناویدەبرا و لە سەر زاری بەعسیەكان جێگەی خۆیگرتبوو.

حەردان تكریتی: وەزیری بەرگری. ئەم پیاوە شەیدای هونەرمەند سەمیرە تۆفیق بوو، فرۆكەیەكی تایبەتی نارد بە دوویدا بۆ بەیروت و لە بەغدا ئاهەنگێكی بۆ گێراو مەقامی ((عامر، عامر))ی بۆ وت.
عەبدلخالق سامەرائی یەكەمین رووناكبیرو بیرەوانی بەعسیەكانی عێراق: وەزیری رووناكبیریی و راگەیاندن دوواتر صەددام خزاندیە زیندانەوە میشیل عەفلەق تكای بۆ كردو بەدەستی خۆی هێنایە دەرەوە.

بارزان تكریتی: بەڕێوەبەری دەسگای هەواڵگری. موحسین دزەیی لە بیرەوەریەكانیدا دەڵێت (صاڵی ١٩٧٠ لە صەدام حسێنم پرسی راستە برایەكتان هەیە ناوی بارزانە؟ وتی بەڵێ بەناوی كاكە مەلاوە ناومانناوە.) قسەكەشی دروستە، حسێن ئیبراهیم مەجید باوكی صەدام پۆلیسی هێزی گەڕۆك (ألقوه السیاره ) بوو، سەردەمی شۆڕشەكانی بارزان رەوانە دەكرێت بۆ دەڤەری بلە و بارزان، ئەویش لە شاری سلێمانی ولە گەڕەكی كانیسكان، كۆڵانی دووەمی مزگەوتی قامیشان ( ئێستا شوێنی وەستانی پاصەكانی

کانی کوردەیە )، هۆدە و هەیوانێك بۆ خێزانەکەی بە کرێدەگرێت لە ماڵی پیاوێك بەناوی شێخ صاڵح، وەك بێتەوە یادم ئەویش ئەو کاتە پۆلیس بووە . شەوێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٠ چووین بۆ ماڵی خەزوورم، خوالێخۆشبوو حاجی مەلا عومەری دەباغچی کە دراوسێی مزگەوتەکە بوون و شێخ صاڵحیش بەماڵ منداڵەوە هاتبوونە دیدەنی ماڵی خەزوورم، لەدانیشتنەکەداو قسەیەك لێرەو باسێك لەوێ ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە و وتی ((لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە زۆر گوێم لە ناوی صەددام دەبوو،کەپیاوێکی گەورەو دەسەڵاتداری حکوومەتی عێراقە، هەموو جارێك بە خێزانەکەمم دەوت ئەرێ ئافرەت وەك بێتەوە یادت ئێمە زوو، زوو کرێچیەکی عارەبمان هەبوو، پۆلیس بوو لەو خوارانەوە هاتبوو کورێکی جزداشە لەبەری سەرخڕی بزێوو زیانبەخشی هەبوو ناوی صەددام نەبوو ؟ دەڵێن ئێستا زۆر گەورەیە لە بەغدا. خێزانەکەم دەیوت پیاوەکە خوا سەری لێتێکداویت، پۆلیسێکی قوڕ بەسەر کەوتبووە ئەو شاخانە خوادەزانێت لە چ بنبەرێکدا کوژراوە و منداڵەش خوا دەزانێت ماوە یا مردووە، ئەوەکەی هی ئەوەبوو ببێتە گەورەی بەغدا ؟ لێگەرێ دووای کلاوی بابردوومەکەوە.خوا ئەوە نەکات،ئەگەرنا قورئان بە هەقت هەزدوکمان دەمانکوژێت.ئەرێ چیمان پێنەدەکردن لەسەر دەرو دراوسێ. ئافرەت دڵم خەبەری داوە ئەوە هەر ئەو سەر خڕەیە، تو ناوی خوا، ناوی صەددام نەبوو؟ بەڕی وەڵڵا صەددام و ئوم صەددامم لەبیر ماوە، سازندەیەك بوو مەپرسە. شێخ بەردەوامبوو لە چیرۆکەکەیدا و وتی چووم بۆ حوکمەتی سلیمانی وتم من ئەو پاشایەی عیراق دەناسم و پەنجا صاڵ لەمەوبەر کرێچی من بوون و دەمەوێ بیبینم. ((صەددام ژمارە تەلەفوونی تایبەتی بڵاوکردبۆوە هەر کەسێك داواکارییەکی هەیە راستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکات)) بەکورتی رۆژێکیان بۆ دیاریکردم و هاتن بە دوومدا بۆ ماڵەوە یەکسەر بۆ بەغدا و لە ئوتێلێك دایانانم و وتیان بحەسێوە هەتا سبەی کاتژمێر نۆی سەر لە بەیانی دێینەوە بە دوتدا. لە کاتی دیاریکراودا هاتنەوە بە دوومدا و بردمیانە کۆشکێکی گەورە هەر لە هیقایەتدا بیستبووم دووای نیو سەعاتێك پشکنینێکی وردیان کردم و لە هۆڵێکی گەورە چاوەڕوانم دەکرد ئەو کابرایە هات لە تەلەفزیۆندا دەمبینی، وتی تۆ لە سلیمانییەوە هاتوویت، فەرموو کارێکت هەیە بۆت بکەم ؟ وتم وەڵڵاهی من کاتی خۆی، زوو، زوو، کرێچییەکم هەبوو، عارەب، پۆلیس بوو، کورێکی هەبوو شەش حەوت ساڵان ناوی صەددام بوو، لە تەلەفزیۆندا دەیبینم بۆ تە پادشای عێراق زۆرم حەزدەکرد بێمە خزمەتی، وتی هەر ئەوەندە ؟ وتم بەڵێ.زۆری پرسیار کرد هەتا لە کۆتایدا وتی ئەوە بە بیرم هاتەوە من منداڵ بووم هەموو رۆژێك دەرتدەکردین و دەتوت بگوێزنەوە کورەکەتان دراوسێکانی هەراسان کردووە سەری منداڵ دەشکێنێت، بەردەلاستیك دەگرێتە پەنجەرەی ماڵان، بگوێزنەوە شڕوشیتاڵتان فرێدەدەمە کۆڵان، کرێم ناوێت دڵی دراوسێکانم مەبەستە. ئێ ئێستە مام سەید داواکاریت چیە؟ وتم خوا بەو سەرەوە ئاگادارە هیچ داواکارییەکم نیە، دەڵێن بوییتە پاشای عێراق حەزمدەکرد بێمە خزمەتت. وتی پاشای عیراق نیم زۆر لەسەرو پاشاوەم! خواحافیز، خواحافیز. لە دڵی خۆمدا وتم بەخوا چاك تووش بووم، سا بەوەی کەسی لە رەنگ نیە نابینێتەوە. بردیانمە دەرەوە لە شوێنێك دایاننام ئاوو چایان هێنا، شەیتان دەیوت نەگبەت ژاری تێدایە دەرمانخواردت دەکەن. جگەرەکێشێك رابورد زەرفێکیان پێدام و وتیان بابڕۆین! دەی خوا بەردی تۆی

لێبواریٚ خۆم تووشی چ ڕۆژێکی ڕەشکرد.. لەو نامەیەدا نووسراوە بیکوژن بە منداڵی زۆر ئازاری پاشای بەغدای داوە! بە گوێی دایکی منداڵانم نەکرد، ئەمە ئەو ڕۆژەیە لێی دەترسام. بردیانمە دەرەوە، سوواری ماشێنێك بووین بۆ هەمان ئوتێل. وتیان بەیانی کاتژمێر هەشت ئامادەبە دەتبەینەوە بۆ سلێمانی. باوەڕم نەدەکرد، زەرفەکەم بە ترس و دەستی لەرزۆکەوە کردەوە، پڕبوو لە بیست و پێنج دیناری صەدام وسیٚ ئەسپەکە،دەهەزار دینار، باوەڕبکەم،باوەڕنەکەم، کە گەیشتمەوە ماڵەوە ئەوجا باوەڕمکرد نامکوژن.

نازم گزاریش پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی وەرگرت. ئەم پیاوە پەیوەندییەکی نهێنی لە پشت سەرکردایەتی بەعسەوە بە ئێرانەوە هەبوو، جا لەوە دڵنیانیم ئەو پەیوەندییە بەر لە ١٩٦٨ یا دوواتر دامەزراوە، ئەگەر بەر لە ١٩٦٨ دامەزرابێت ئەوە دەسەلمێنێت بە هاوکاری ئێران و بۆ بەرژەوەندی شای ئێران هەوڵی کۆدەتایەکی دەدا بە سەر کۆدەتا چییەکاندا جیاواز لە پلانی بەعسیەکانی هاوڕێی. بە هەرحاڵ دەستبەرداری هەوڵەکانی نەبوو هەتا ١٩٧٣ پلانێکی زۆر ووردو بە سەلیقەی داڕشتبوو بۆ کۆدەتا یەك بەسەر هاوڕێکانیدا و لە کاتێکی گونجاودا کە سەرۆك کۆمار لە دەرەوەی وڵات بوو هەنگاوە سەرەتاییەکانی جێبەجێکرد و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەحمەد حەسەنی دەکرد لە براغ بگەڕێتەوە و لە کاتی دابەزیندا لە فڕۆکەکەی وەك هەنگاوی کۆتایی بەکرو صەددام و حەردان و ئەوانیدیکە دەستگیر بکات بەڵام ڕێککەوتێکی زۆر سەیر وسادە، ریسەکەی کردەوە بە خوری، ئەحمەد حەسەن لە گەڕانەوەدا بەسەر تورکیا دا دەفرێت وەك ئەتەکێت بروسکەیەك ئاراستەی سەرۆك کۆماری تورکیا دەکات، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت زۆر حەزدەکەین بۆ قاوە خواردنەوەیەك دابەزن، بەکر لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورك دادەبەزێت و گەیشتنەوەی بۆ بەغدا بیست خولەکێك دووا دەکەوێت، کەسیش لە عێراق بەوە نازانێت، نازم گزار کەوتە گومانەوە کە پلانەکەی ئاشکرابووبێت...لەڕێگەی خانەقین ـ قەسری شیرینەوە هەڵات بەرەو ئێران بەڵام دەرباز نەبوو، دەستگیرکراو هێنایانە بەردەم صەددام . یەکەم وشە پێی وت( ها سەرۆك کۆمار! گەیشتیتە کویٚ ؟ ) هەر بەدەستی خۆیشی کوشتی و ئاو بەوئاگرەشدا کرا. نازم گزار پیاوێك بوو هەتا بڵێی بە جەرگ و چاو نەترس، گاڵتەی بە مردن دەهات، بەڵام ووردو بە سەلیقە و هەناسە قووڵیش بوو نەگبەتی سواری شانی بوو ئەگینا پلانێکی داڕشتبوو سەرانی بەعسی لە توورەکە دەدروو. ئەحمەد حەسەن و صەددام خوا ڕزگاریکردن. ئەحمەد حەسەن لەو دوواییانەدا یەك رووی هەبوو، پیاوێکی بەتەمەن و ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپا و یەکەمین کەسایەتی باڵا دەستی عێراق زۆرتر روو لە ئاشتی و دۆستایەتی بوو لەگەڵ دراوسێکانی و لەسەر ئاستی ناوخۆش هەوڵی چەسپاندنی رژێمی بەعسی دەداو لەوەش دڵنیا بوو شەڕی کورد بکەن دەستەڵاتیان لە دەست دەردەچێت، سوپای عێراق لە توانایدا نییە شۆڕشی کورد لە نێو بەرێت، هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکەی دەدا وەك تاکتیك یا وەك ستراتیژ، لەوە دڵنیانیم بەڵام بە بۆچوونی صەددام تاکتیکی بوو، دان بە مافەکانی کوردا بنێن لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا و دووای چوار ساڵ بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان جێبەجیٚ بکرێت بەڵام یاسایەکی بێناوەڕۆك و بە هەزارو یەك داوەوەشەتەکی بدەن و دەسگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و (ئەمانەت)ەکانیش کە لەشێوەی چەند وەزارەتێکی سنووردارداوبوون بە نێوی (ئەمیندارێتی) بەڵام بە

شێوەیەکی گشتی دەزگای کارتۆنی و بێدەستەڵات بوون و هەموو کارێکیان بە کۆمیتەی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەسترابێت و دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەشیان بە فرمانی کۆماری بێت.. بەعسیەکان هێشتا ناسك بوون، جێگەپێیان خۆشنەکردبوو، مەترسی کۆدەتایان لەسەر بوو، بە هەر نرخێك بێت بەرەی کوردستان هێمن و خامۆش بێت، سوپای عێراق نۆیٚ بکەنەوەو دەستیان والاّ بێت بۆ ئەرکە نەتەوەیی و چارەنووس سازەکان. سەرکردایەتی بەعس هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کێشەی کورد تەنها لەگەڵ بارزانیدا چارەسەر دەکرێت.[١٦٧] بەرنامەی نێزیك بوونەوە و گفتوگۆ و لە یەکتر تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی داواکاریەکانی شۆڕشیان ئامادەکردو ریزەکانی رێکخستنەکانیان لەو رووەوە بەرچاوڕوون کرد و چەند شاندێکی بالاّیان ناردە گەلاڵە. سەرکردایەتی بەعس چەند لە شۆڕشی کورد دەترسا ئەوەندەش لە نەیارەکانی خۆیان دەترسان کۆدەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن، ئەو ترسەیان هەتا **١٩٧٥** یش مابوو، لە نێوەڕاستی ئەو ساڵەدا صەددام حوسێن رایگەیاند ((ئەگەری رووداوی کتووپڕ لە عێراقدا لە ئارادا نەماوە)) بۆ یە هەر لە **١٩٦٩** وە پەلەیان بوو رۆژێك زوتر لەو بارەگرانەی شەڕی کوردستان رزگاربن هەتا خۆیان قایم دەکەن و ریزەکانی سوپاو دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری پاکدەکەنەوە. (**١٩٧٠/١/١٢** فەرماندەی لیوای دووی سوپا، عەقید روکن تاریق توفیق بە بروسکەیەکی پەلە بارەگای بارزانی ئاگادار دەکات صەددام لە رەواندزە و دەیەوێت دیدەنی بارزانی بکات) ئەوەیەکەمین چاو پێکەوتنی بارزانی و صەددام بوو، زۆری نەخایاند سەرکردایەتی هەردوولا گەیشتنە ئەنجام و رێککەوتننامەی ١١/مارتی ١٩٧٠ بە مۆری صەددام و بارزانی بلاّوکرایەوە کە مەزنترین دەستکەوتی رامیاری و سەربازی و کۆمەلاّیەتی کوردە لە مێژووی نوێیدا، سەرکەوتنی بزافی کوردایەتیو شۆڕش بوو بەسەر دوژمنێکی سەرسەختدا، بەرهەمی نۆ ساڵ خەباتی دڵسۆزان و خوێنی پێشمەرگە و قوربانیدانی گوندنشینە دڵفراوانەکان بوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دەوڵەتێکی داگیرکاری پارچەیەکی کوردستان هەنگاوێکی ئازاو بە جەرگ بنێت و بەڵگەی نووسراوو لە سەر دەستی سەرکردایەتی سۆڤێتدا دان بە مافەکانی گەلی کوردا دەنێت کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی چەندین ولاّتانی دووروو نزیکە بە تایبەتیش ئێران، تورکیا، سوریا، ئیسرائیل و ئەمەریکا، هەریەکەو لە رێگەی کەنالی دیبلۆماسی خۆیەوە زۆری هەوڵدا بارزانی ژووان بکەنەوە و رێککەوتنەکە مۆر نەکات بەلاّم بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی بارودۆخی شۆڕش و بەرژەوەندییەکانی کورد هەنگاویان دەنا، جا بەرژەوەندی بێگانەی تێدا نییەو پێچەوانەی ستراتیژیان دەوەستێتەوە ئەوە پەیوەندی بەخۆیانە هەیە، وەك چۆن ئەوان دووای بەرژەوەندی خۆیان دەکەون ئێمەش دووی بەرژەوەندی خۆمان دەکەوین، تەنانەت سەرکردایەتی شۆڕش پرسە گورگانەشی بە شای ئێران نەکرد کە زۆر کەس وایدەزانی ((سەرکردایەتی کورد بیٚ پرس و رەزامەندی ئاغاکانی پەنجە بە ئاودا ناکات!)) راستییەکەشی هەریەك لە بەغدا و گەلاڵە هۆکاری تایبەتی خۆیان هەبوو لە چەند فاکتەرێکی زۆر گرنگ و چارەنوس سازدا کۆدەبووەوە و هانی هەردوولای دەدا لە نیزیکترین هەلی گونجاودا هەنگاوی پێویست بنێن، چونکە کێشە ناوخۆییەکان کەڵکی دوواخستنی پێوەنییە و هەنووکەیی و بەپەلە و بڕیارو هەنگاوی ئازاو بە جەرگی گەرەکە. هۆکارەکانی پاڵیان بە بەغداوە دەنا بۆ رێککەوتن پێشتر روونمانکردنەوە، فاکتەرەکانی

گوشاریان دەخستە سەر گەلاڵەش هەرهەمووی ناوخۆیی بوون، بارو دۆخی پارتی، هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕش:

١- رێکخستنەکانی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە گردەبڕ دابەش بووبوون بەسەر بارزانی و باڵەکەی م. س دا کە پاڵیان دابوو بە دوژمنەوە و بە ئاشکرا شانبەشانی هێزەکانی عێراق دژایەتی شۆڕشیان دەکرد و رۆژانە کورد بە دەستی کورد دەکوژراو بۆ شۆڕش بارێکی زۆر گران بوو لە دوو بەرەدا بجەنگێن کە مەترسی گەورە لە پشت ناحەزانی بەرەی ناوخۆوە بوو

٢- هێزەکانی پێشمەرگە و گوندنشینەکانی کوڵەکە و پشتیوانی بە هێزی شۆڕش ماندووبوون، پێویستیان بە پشوویەك بوو ئاهێکیان پێدا بێتەوەو دوور لە بەرەکانی جەنگ و کوشتار و بۆنی باروت و خوێن و دووکەڵی گوندی سوتاوو خەرمانی هەڵقرچاوو گرمەی ناپاڵم و ناڵەی تۆپە قورسە نەمساویەکان و زیرەی ترسناکی فڕۆکەی مێك و سۆخۆ و هەنتەرو باجەرو لیوشن هەناسەیەکی ئاسوودە بدەن.

٣- ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و ناوچە رزگارکراوەکان بەتایبەتی وێران کاول و سوتاو بوون، دانیشتووان زیانی قورس بە سەرو سامانیان کەوتبوو، ئابڵوقەی ئابووریان لەسەر بوو، باری ئابووری داتەپیوو بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ژمارەی مەڕومالاَت لە کەمبووندا بوو.

٤- رێککەوتنەکە ئەگەر هیوا بەخشیش نەبێت لە باری ئاوەدانی، کۆمەلاَیەتی، رووناکبیرییەوە چەندین دەستکەوتی مێژوویی گرنگی تێدایە، وەك:

أ — دەستکاریکردنی یاسای کاتیی عێراق لە بەرژەوەندی کورد بەجۆرەی لێدێت (گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و عارەب و ئەم یاسایە مافە نەتەوەییەکانی کورد و کەمینەکان دەسەلمێنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا).

ب — پیادەکردنی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە پارێزگاکانی دهۆك و کەرکووك. ((لە کەرکووك لە کۆی ٤٧٦ حوێندگا، ٢٠٢ خوێندگە کوردی بوون، لە نەینەوا ٩٣ خوێندگا و لە خانەقین و قۆرەتوو ٩٠٪ بە کوردی دەیخوێند)).[١٦٨]

ج — پیادەکردنی خوێندنی قۆناغی دووا ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی، زمان ووێژەی کوردیش لە هەموو دوواناوەندیەکاندا کە یاسای خوێندن بە زمانی کوردی دەیانگرێتەوە دەخوێندرێت و لە گشت خوێندگا دوواناوەندیەکانی عێراقیشدا بە شێوەیەکی ئاسان دەخوێندرێت. ((کەرکووك ١٨ و لە خانەقین ((٥)) ناوەندی و دواناوەندی کرانەوە.)).[١٦٩]

دـ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان لەسەر بودژەی دەوڵەت.

ه — دروستکردنی خوێندنگا و نەخۆشخانە و خانووبەرە بۆ خێزانی شەهیدانی شۆڕش و بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی بۆیان وەك شەهیدانی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت.

و — دیاریکردنی پۆستی پارێزگار، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردن بە هەموو دەزگاو بەشەکانیانەوە لە پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلیمانی لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە.

ز— دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد.

ح - دامەزراندنی دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی.
ط — دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رووناکبیریی کورد.
ك — دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و فێربوون بەکوردی.
ك — دەرچوونی رۆژنامەی ئەلتەئاخی بە عارەبی و پاشکۆی برایەتی بەکوردی، هەفتەنامەی هاوکاری و گۆڤاری مانگانەی بەیان.
ل — دامەزراندنی چەند بەتالیۆنێك پێشمەرگە بە ناوی پاسەوانانی سنوور.
م — فراوانکردنی کۆلێژەکان و بەشەکانی زانکۆی سلێمانی.
ن — والآبوونی چەندین کەناڵی دیپلۆماتیك بۆ پەیوەندییەکانی شۆڕش بە دەرەوە و گەیاندنی دەنگی کپکراوی کوردو شۆڕشەکەیی و روونکردنەوەی کێشەی گەلی کوردی بەشخوراو بە ناوەوە ودەرەوەی عێراق بەتایبەتیش لە ریگەی رۆژنامە خاوەن دەنگ وسەنگەکەی ئەلتەئاخی وبالۆیزخانەکانی ولآتانەوە لە بەغدا.

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە ژێر ئەو هەموو فشارە دەرەکیانەدا سەربەخۆیی بڕیاری رامیاری خۆی سەلماند و بێ پرس و راوێژ و خۆبەستنەوە بە هیچ هێزێکی دەرەکیی دۆستەوە پەیمانی ١١ مارتی ١٩٧٠ی لەگەڵ بەغدادا مۆرکرد لە کاتێکدا ئێران، ئیسرائیل، ئەمەریکا بە تایبەتی هەوڵێکی زۆریاندا بارزانی ئەو رێککەوتنە نەکات. مسعوود بارزانی لەو رووەوە نووسیویێتی (بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموود لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕایەوە، نامەیەکی گرنگی لە شای ئێران ئامادەیە هەر هەموو داخوازییەکانی بارزانی و هەر یارمەتی و هاوکارییەك داوابکات جێبەجیٚ بکات ئەگەر لەگەڵ حکومەتی بەغدا رێککەوتن مۆر نەکات. داواشی کردبوو بارزانی سەردانی تاران بکات. رۆژی ١٩٧٠/١/١٥ بارزانی بە یاوەری بابە عەلی دەچن بۆ تاران، رۆژی دواتر شای ئێران زۆر بەگەرمی پێشوازییان دەکات و بە ناوی خۆیی و ئەمەریکاوە پەیمان و بەڵێنی فرە دەدات، لەگەڵ بەغدا ئاشتی نەکات چونکە بەرژەندی سۆڤێت و جێگیرکردنی دەستەلآتی بەعسی تێدایە. هەروەها بارزانی لە نیاز پاکی خۆی دڵنیا دەکات بۆ دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی شۆڕش و پێشکەشکردنی هەموو جۆرە یارمەتییەك تەنانەت هاوبەشیکردنی ئەکتیڤ لە دژی دوژمن. بارزانی لە وەلآمدا دەڵێت یەکەمین ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان و دروشمی سەرەکی شۆڕش عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی ئۆتۆنۆمییە، ئەگەر سەرکردەکانی بەعس مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بسەلمێنێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چیدەبێت لە بەردەم پارتی و گەلی کوردی عێراق و نەتەوەی کورد دا ؟ ناتووانم رێکنەکەوم، چونکە گەر ئەوە نەکەم بەعس ئەوپەڕی کەڵکی لێوەردەگرێت و لە بەردەم رای گشتیدا ئەو دەبێتە پارێزگاری مافەکانی کورد و ئێمەش دەبینە ناپاك. بابە عەلی بە گەرمی پشتگیری هەڵوێستەکەی دەکات و دەڵێت هەر چیت بە بەرژەوەندی کورد بینی بیکەو گوێ بەکەس مەدە. بەلآم بەعسیەکانیش جێگەی باوەڕو متمانە نین. زۆر باوەڕیان پێ مەکە.)[١٧٠] لەو کۆبوونەوەیەی بارزانی و شای ئێراندا چوار خاڵی گرنگ دوانیان بە زەقی و یەکێکیان بە نهێنی دەردەکەون:
١- حەمە رەزا شای ئێران زۆر تەنگە تاو بووە شۆڕش لەگەڵ بەغدا ئاشتی نەکات و هەتا ئێستا پشت ئەستور بەشۆڕشی کورد لە ناوچەکەداو بە تایبەتیش بەرامبەر عێراق دەنگی دلێربووە وبەسەر بەعسدا

شکاوەتەوە.

٢- دەرکەوتنی بارزانی مستەفا لەو کۆبوونەوەیەدا لە بەرزترین ئاستی دیپلۆماتیکی و دانوستاندن و کرکردنی بەرامبەرەکەی بە بەڵگەی کورت و بەهێزی سەلمێنەر کە بەرامبەرەکەی لە دۆش دامان و حەپەسان و نیگەرانی بەولاوە شتێکی بۆ نامێنێتەوە لە بەرامبەر پێداگرتن و بڕیاری گردەبڕی بارزانیدا روو لە بەرژەوەندی گەلی کوردی باشور و هەموو نەتەوەی کورد پشت لە هەموو لایەنێکی دیکە، ئەمەریکا، ئێران یا ئیسرائیل.

٣- ئەو باوەڕ بەخۆ بوون و منەت نەزانینە لە ئەمەریکا و ئێران و ئیسرائیل لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، هەرپێویستیان بە بارزانی و شۆڕش دەبێت و هەرکاتێك بیەوێت پەیوەندییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە دۆخی جاران.

٤ـ بارزانی ئاگربەست و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ صەددامدا لە باوەرو متمانە پێکردنەوە نەکرد، ئامانجی تایبەتی هەبوو کە هەرەگرنگترینیان چەککردنی جاش بوو بە هەموو جۆرەکانیەوە و پاکتاوکردنیان و سەرلە نوێ شەرکردنەوە لەگەڵ عێراق و وەرگرتنی یارمەتی و هاوکاری ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل و گێرانەوەی ئاو بۆ دۆڵیانەکەی جاران لە بەرەیەکدا دژی بەعس.

هەفتەیەك دوای کۆبوونەوەکە، لە شەوی ١٩٧٠/١/٢٤/٢٣ دا. بارزانی فەرمانی هێرشێکی گشتی دەدات بۆ سەر بنکەو بارەگاکان و هێزەکانی ئیبراهیم ئەحمەد — جەلال تالەبانی لە سەرتا سەری هەرێمەکانی قەرەداغ، شوان، شێخ بزێن، دۆڵی خەلەکان و دەستی کوشندەی لێوەشاندن و بەجۆرێك تارو ماریکردن خۆیان نەگرتەوە هەتا دووای هەرەسی شۆڕش.بارزانی مستەفا لەو کارەدا سەرکەوتنی تەواو وبەرچاوی بەدەستهێناو بە صەددام حسێنی پیشاندا کەهەر ئەو تاکە نوێنەری کوردی باشوورە،صەدامیش لەباری ناچارییەوە دەیسەلمێنێت، بەڵام بارزانی لەوەدا بە هەڵەداچوو کە دووای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بەعسدا کە هەرلایەنەو بۆ چەند مەبەستێکی خۆی مۆری کردووە،دووای چەند صاڵێك کەشەڕ هەڵدەگیرسێتەوە، پەیوەندییەکانیش لەگەڵ لایەنی دۆستدا(سەرکردایەتی شۆڕش بەو شێوەیە ناوی حکومەتی شای ئێرانی دەهێنا) دەگەڕێنەوە دۆخی جاران و وەك هیچ روونەدابێت، ئالەوەدا بەهەڵەدا چوو و هەموو کات کەش و هەوا بە دڵی کەشتیوان نابێت، سیناریۆکە واژوو کەوتەوەو وەك عارەب دەڵێت (أنقلب السحر علی الساحر) جادوو لە جادووگەر هەڵگەڕایەوە و بارزانی کەوتە هەڵەیەکی مێژوویی پشت شکێنەوە کە یەکەمین ئاکامی هەرەسی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوولی ١٩٦١ بوو لە بەهاری ١٩٧٥ دا، دووای پازدە صاڵ سەرکەوتنی بەردەوام. حەمە رەزا شای ئێران ئەو هەلۆێستە (سەرچڵییەی) سەرکردایەتی کوردی بیرنەدەچووەوە، لە ناخەوە هەستی بریندارکردو بە سووکایەتی و رێز نەگرتنی دەخوێندەوە بۆ شان وشکۆی بەرزی شاهانەی، چۆن بارزانی بڕیارێکی وەها مێژوویی دەدات ئەو پەڕی مەترسی بۆ ئێران تێدایە و هەر نەیکرد (لایەنی دۆست) ئاگاداریش بکات؟ شای ئێران بۆ تۆڵە سەندنەوە و کڕینەوەی ئابڕووی تکاوی بەرامبەر عێراق، دوژمنە مێژووییەکەی ئێران، بڕیارێکی گەوجانە دەدات بۆ لە نێو بردنی بارزانی مستەفا، ئیدریس، مەسعوود بە هۆی پیاوە دڵسۆزەکەی شای ئێران لە بەغدا، نازم گزاری بەڕێوەبەری

گشتی ئاسایشی عێراق کە ئامادە بوو هەموو فرمانەکانی شا جێبەجێ بکات. نازم گزار چوارەمین سەرکردەی بە هێزی بەعسیەکانی بەغدا بوو، دەستەڵاتی لە بارزانی برای صەددام باڵاتربوو، کابرایەك بوو دڕندە و خوێنڕێژ، سڵی لە هیچ کارێکی ناڕەوا نەدەکردەوە، لەیەك کاتدا سادی و نێرگسیش بوو چێژی لە خوێنڕشتن وەردەگرت بە تایبەتش کە بەدەستی خۆی دەیکوشتن و لە پەلە قاژەی مەرگدا لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزان، چاوی لێ نەدەتروکاندن هەتا سارد دەبوونەوە ئینجا تفێکی لە روویان دەکردو ژێری پێڵاوەکانی بە دەمولێویان دەسڕی! بە بەر چاوی عەزیز ئەلحاج سکرتێری باڵەکەی سەرکردایەتی ناوەند کە لە پارتی کۆمونستی عێراق جیابووبووەوە، بە بەر چاوی ئەوەو بۆ تۆقاندنی ئەحمەدی حاجی مەحموود ناسراو بە ئەحمەد حەڵڵاق، گۆشاو گۆش بە گوێزان سەردەبڕێت و عەزیز ئەلحاجیش رووخا.[171] شێوەیەکی دیکەی دڕندەیی ئەو کابرایە ئەوەبوو ئامێری نوێی ئەشکەنجە و تۆقاندنی بەکار دەهێنا لە داهێنان و بەرهەمی دەروونە (سادی) یەکەی خۆی بوو بۆ رووخاندنی وورەو خۆڕاگرتنی ئەو گومان لێکراوانەی کەوتبوونە داویەوەیە و ووشەیەك نهێنیان نەدەرکاند کەڵکی بۆ دوژمن هەبێت، ئەو رۆڵە شێردڵانە سەربە جۆرەها لایەنی رامیاری کورد و عارەب، شیعە و سوننەو یێزدی و کاکەیی و کریست بوون لە زیندانە تاریکەکانی کۆشکی مەرگ (قصر النهاية) دا پێستیان بەسەر ئێسکیاندا ووشك بوو بووەوە، چاو بە قووڵدا چوو، سەروو ریش درێژ رەنگ و سیمای مرۆڤیان پێوە نەمابوو کۆ دەکرانەوە، حەوزی پر لە تێزاب ئامادە بوو، بە روویەکی خۆشەوە دەیوت ئێوە مرۆڤی چاکن، هاوڵاتی دڵسۆزن، دوژمن لە خشتەی بردوون و تووشی ئەم چارەنووسە رەشەی کردوون و ئێوەیان بەلاوە گرنگ نییە، دڵنیام ئێوەش گەیشتوونەتە ئەو راستییەو لە کردەوەی خۆتان پەشیمانن و هاوکاریمان دەکەن تۆڵەتان لەو تاوانبارانە بسێنین ئێوەیان خستە داوی مەرگەوە، ئێمە دڵمان فراوان و میهرەبان و بەبەزەیین، ئێستەش کێ زۆر دەمێکە خۆی نەشتووە ئەوە حەوزێکی فراوان و ئاوێکی گەرم و خۆش. ئەوانەی هێزێکیان لەبەردا مابوو دەهاتنە پێشەوە و ئەوانیدیکەش سەرکز و حەپەساو تەماشایان دەکرد چۆن هاوڕێکانیان خۆیان دەهاویشتە حەوزەکەوە و دووای چەند خولەکێك لە نێو تێزابدا دەتووانەوە! نازم زۆر کەیفی بەوە دەهات قاقا پێدەکەنی و دەیوت دەستی حەمامچییەکە بشکێت ئاوەکەی زۆر گەرم کردووە! ئەمجارە بێتەوە وا نابێت. جاوەرە ئەو دیمەنە بهێنە بەر چاوت کوڕی دەوێت خۆی بگرێت. دە زۆر هەبوون خۆیان گرت و دوژمنیان بەزاند و پێکەنینیان بە مەرگ دەهات و خۆ نەویستانە خۆیان لە پێناو باوەڕی پیرۆزیاندا بەختکرد. ئەو سەردەمە تەرمی قوربانییەکان بە هەر شێوەیەك لە نێو دەبران نەدەدرانەوە بە کەسوکاری بۆ ئەوەی هەر لە ئازارو چاوەڕوانیدا بن وەك بێ سەرو شوێنکردنی هونەرمەندی کورد قادر کابان. هاوڕێی منداڵی و برای هێژام عەلی موحەممەد مامە ئەو کاتە بە تۆمەتی هەوڵی تیرۆرکردنی مولازم موحسین دەستگیرکرابوو لەگەڵ بەکری خوشکەزای ویاسینی برازایدا و دووای پتر لە شەش مانگ ئەشکەنجەو هەڵواسین بەو هۆیەوە عارەبییەکی رەوانی دەزانی و بەڵگەی بە هێزی بۆ (دادگا) دەهێنایەوە و داکۆکی لە خۆیی و هاوکارەکانی دەکرد و مولازم موحسینی تاوانبار دەکرد. سەرۆکی دادگا دەپرسێت بۆ هەوڵی تیرۆرکردنی ئەفسەرێکی دەوڵەتت دەدا ؟ لە وەڵامدا دەڵێت ئەی موحسین بۆ هەرزەکارێکی کوردی دەکوشت تەنها لەبەر ئەوەی

کراسی ڕەشی لەبەردا بوو! دادگا سزای خنکاندنی بۆ کردن بە زیندانی هەتا هەتایە. یادی بەخێر کاك عەلی مامە گێڕایەوە کە زیندانییەکی عارەب پێویستییەکانی تەراشکردنی قادر کابانی بۆ هێناوە و وتوویەتی ئەو پیاوە نەماوە ئەمجارە کەسوکارت هاتن بۆ دیدەنی ئەم دووا یادگارییەیان بدەری بیدەنەوە بە خێزانەکەی. مامە عەلی بەرەو رووی منی کردەوە وتی تۆ کەریم کابان دەناسیت، بۆتۆ ئاسانترە ... چەند جارێك هونەرمەند مامۆستا کابانم بینی و ریگەم خۆشدەکرد ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بدرکێنم بەڵام مامۆستا زۆر دڵنیا بوو لەوەی زیندووە و هەر رزگاردەبێت، بیرم گۆڕی و لە ژێر کاریگەری هەستوو سۆزدا بڕیارمدا لەو خەوە خۆشە داینەچلەکینم، جا نازانم چاکمکرد یا خراپ؟ شەهیدی جوانەمەرگ شێخ کاوەی حەفید،کوڕەزای مەلیکی کوردستان گێڕایەوە و وتی(خزمێکمان دەستگیر کرابوو بێسەروشوێن، باوکم نامەیەکی بۆ نازم گزار نووسی تکای لێدەکرد ئازادی بکات، من نامەکەم گەیاندە دەستی نازم گزار، پیاوێکی گەنم رەنگی باڵا مامناوەندو تێکسمراو بوو، پانتۆڵێکی رەش و کراسێکی نێوەقۆڵی سپی لەبەردا بوو، رێزی گرتم وتی یا شێخ سڵاوم بگەیەنە بە باوکت باوەڕت هەبێت داواکارییەکەی دەخەمە سەر چاوم بەڵام بەداخەوە ئەو زیندانییە کەڵکی پێوە نەماوە بۆ دڵنیایی بوونی باوکیشت ئەگەر حەزدەکەیت بیبینە!؟ وتم حەزدەکەم. بەڵام چیم دی، مرۆڤێك وەك مۆم بەسەر خۆیدا تووابوەوە، مووچرکێك بە لە شمدا هات، وتی دەڵێت چی بەکەڵکی ئەوە دێت بینێرمەوە بۆ باوکت ؟ وتم نەخێر.)

من بە زەیینی کوێری خۆم گومانم نییە کە نازم گزار پەیوەندییەکی نهێنی و دامەزراوی بە ئێرانەوە هەبوو بەڵام ئەو پەیوەندییە لە کەیەوەو چۆن دامەزراوە زانیارییەکم لەبەر دەستدا نییە، جا نازانم بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلوول کە هێشتا لە ژیاندان و تەمەن درێژبن بەتایبەتیش بەڕێز مەسعوود کە لە کتێبە بەنرخەکەیدا (البارزاني و الحركة التحررية الكوردية — ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥) لەو رووەوە شتێکی دەرنەبڕیوە هەر چەند راستەوخۆ ئاگاداری هەموو رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئاخۆ لەو بۆ چوونەمدا هاوبیرمە؟ هەروەك ئەوەش دەڵێم سەرکردایەتی بەعسی عێراقیش بە هەرشێوەیەك بوو ژەنەراڵ بەختیاریی کڕیبوو. سیناریۆیەکی سەیرە، دوو لێپرسراوی باڵای دوو رژێمی دوژمنی خوێنە خۆری یەکتر چارەنووسی خۆیان بە دوژمنی گەل و وڵاتەکەیانەوە بەستووە، نالێم خۆیان فرۆشتووە، چونکە نازانم پەیوەندییەکە لەسەر چ بنەمایەك دامەزرابوو، هاوکاری و بەرژوەندی هاوبەش یا خۆفرۆشتن و تاوان و ناپاکی هەرەباڵا، گزار لە تەك ئێران و بەختیاری لە تەك عێراقدا. بەهەر حاڵ ژەنەراڵ بەختیاریی خزمەتێکی ئەوتۆی عێراقی بۆ نەکرا چونکە ئاگاداری پەیوەندی گزار و ساواك نەبوو، بەڵام گزار ئاگاداری پەیوەندییەکەی ئەوو عێراق بوو، دەستەکەی خستە روو، ئێران نەیتووانی دەستگیری بکات، خۆی دەرباز کردوو گەیشتە بەغدا، دەسگای سیخوڕی ساواکیش بو لە ناوبردنی سیناریۆیەکی تۆکمەی داڕشت، ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی شاهەنشاهی ئێران فڕۆکەیەکی جۆریF14 بفرێنێت بۆ عێراق وەك هاودەنگی و پشتگیریکردنی هەڵوێستی ژەنەراڵ بەختیاریی دژی ئێران، ئەفسەرەکە لە بەغدا نیشتەوە گزاریش لە لێکۆڵینەوەدا کار ئاسانی بۆ کردو بوو بە هاودەمی شەو و رۆژی ژەنەراڵ بەختیاریی و لە یەکەمین هەڵدا کە پێکەوە دەچن بۆ راو لە دەوروپشتی گۆمی حەببانییە تیرۆری کردو وەك بەرزەکی

بانانیش بۆیدەرچوو.

هەتا ساڵی ۱۹۷۳ پێنج سەرکردەی بەعسییەکان لە عێراق باڵا دەستبوون، ئەحمەد حەسەن بەکر، صەددام حوسێن تکریتی، حەردان عەبدلغەففار تکریتی، نازم گزار، بارزان تکریتی . ئەحمەد حەسەن ئەفسەرێکی باڵای سوپای عێراق و لە ئەفسەرە دیرینەکان بوو، لە چاو ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی شۆڕشدا بە تەمەن بوو، تەندروستیشی ساز نەبوو، حەزی بە ئاشتی و هێمنی دەکرد لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لەگەڵ کوردو دراوسێکانی عێراقدا، دژی پەلاماردانی ئێرانیش بوو، هەربەوهۆیەشەوە صەددام بە ئاسانی لەسەر کار لایبردو چووە شوێنەکەی، ئەو بەستەزمانە لە تەلەفزیۆنی بەغداوە بە زمانی خۆی وتی تووانای لە ئەستۆ گرتنی ئەرکەکانم نییە، هاوڕێ صەددام شیاوترین خەباتگێڕە جێگەم بگرێتەوە. سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر بڕیاری لە سێدارەدان کەمبوو، حەوت ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان(کۆڕەك) لە ئێران دەستگیرکران و رادەستی عێراق کرانەوە،سێ لەو تێکۆشەرە پێشەنگ و رێچکە شکێنانە،شەهابی شێخ جەناب،جەعفەرعەبدولواحید(برای هۆنەر ونووسەر خالیددلێر)،ئەنوەر زۆراب(برای هونەرمەندی شانۆکار جیهاد دڵپاك) فەرمانی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا و شەهید کران، عومەری سەید عەلی(شەهیدی زیندوو) و عادیل موراد و عەلی بچکۆل ومەحموود کەشکۆڵ هەریەکەو بە حەوت ساڵ زیندانی لەمەرگ رزگاربوون . دووای سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر هەڵواسین و گوللە بارانکردنی تێکۆشەرانی کورد و عارەب ئەوەندە زۆر بوو، بەسێدارەو گوللەباران فریانەدەکەوتن، تەزووی کارەبایان بەکاردەهێنا، رۆژانە دەو بیست و سی و چل تەرمی شەهیدیان دەناردەوە شارەکانی کوردستان، رۆژێکیان تەنها شاری سلێمانی چل و دوو شەهیدی بۆ هاتەوە یەکێکیان پورزایەکم بوو هیچ شوێنەوارێکی خنکاندن و گولله بارانی پێوە نەبوو تەنها پەڵەیەکی رەش بە پشت گوییەوە بوو. **ئەوەندەی من بزانم نازم گزار پێنج ئۆپەراسیۆنی تاوانی گەورەی بۆ ئێران ئە نجامدا :**

١- هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی مستەفا.

٢- هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا.

٣- لە نێو بردنی قادر تەگەرانی و گرووپە چەکدارەکەی.

٤- تیرۆرکردنی ژەنەڕاڵ بەختیاریی لە بەغدا.

٥- کۆدەتا سەرنەکەوتووەکەی بەسەر بەکرو صەدامدا.

لەو هەولانەی بۆ لە نێوبردنی بارزانی مستەفا، ئیدریس بارزانی، مەسعوود بارزانی دەدرا، ئاشکرا دیارە هەر ئەوانیان مەبەست بووە و هەر ئەوانیشیان بە بزوێنەرو داینەمۆی شۆڕش زانیوە، بەش بە حاڵی خۆم نەمبیستووە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرکردەیەکی لایەنەکانی دیکەی کوردیان دابێت جگە لە تیرۆر کردنی سەیدا صالح یوسفی و هەوڵی تیرۆرکردنی خەباتگێری دڵسۆز عیصمەت شەریف وانلی بە هۆی دوو نامەی بۆمب رێژکراوەوە، سەیدا صالح یوسفی شەهید بوو، عیصمەت وانلیش نیوە گیان!!

١-أ ـ پلانی تیرۆرکردنی بارزانی مستەفا و تەقینەوەی (مەلاکان) ۱۹۷۱/۹/۲۹

رۆژی(۱۹۷۱/۹/۱۵ دوو زانای ئاینیی لە بەغداوە دێن بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی بە ناوی هەوڵدان بۆ

نێزیککردنەوەی بۆچوونەکانی بەغدا و شۆڕشی کورد لەمەڕ کێشەکانی نێوانیـان. زانایـەکیان سـوننە بـوو، عەبدلجەببار ئـەعزەمی و عەبدلحسـەین دەخیـل شـیعە بـوون بـە ماشـێنێکی تایبـەتی و شـۆفێرێکی سـەر بەدەسگای هەواڵگری عێـراق.. دووای دوو هەفتـە لـە ۱۹۷۱/۹/۲۹ دا لەگـەڵ حـەوت (مـەلا)ی دیکـەدا بەدوو ماشێن و دوو شۆفێرکەهەردووکیان ئەفسەری ئاسایشی عێراق بوون هاتنـەوە بـۆ دیـدەنی بـارزانی و تەواوکردنی کاری ناوبژیوانیەکە... هەر کە بارزانی دێتە ژوورەوە و دادەنیشێت چاگێرەکە چا بۆ میوانەکان دادەنێت، ئیبراهیم خوزاعی کـە بەرامبـەر بـارزانی دانیشـتووە و ئـامێرێکی ریکـۆردی مینرێـژکراوی لـە باخەڵدایە دەتەقێتەوە، ئەو کاتە چاگێرەکە لە نێوان بارزانی و خوزاعیـدا بـووە و دەبێتـە سـوپەرو بـارزانی تەنها پارچەیەکیشی بەرناکەوێت. ئەنجامی تەقاندنـەوەی ریکـۆردە بۆمـب ڕێـژکراوە لـە دوورەوە بـە هـۆی یەکێك لە شۆفێرەکانەوە چاگێرەکەو چوار مەلا کوژران، بریندارەکانیش ئەوانەی هێزیان تێدابوو رایـانکردە دەرەوە. بە دووای تەقینەوەکەدا ڕێژنەی گوللـە و تەقینـەوەی نـارنجۆکی دەسـتی لەلایـەن دوو شـۆفێرەکەوە دەست پێدەکات، بارزانی لەبەر هەیوانی هۆڵەکـەدا وەسـتابوو بـانگی لـە پاسـەوانەکانی دەکـرد (کەسـیان مەکوژن) لەو کاتەدا پریشکی نارنجۆکێك بەر بارزانی دەکەوێت. چەند مەلایەك کەسەر بە دەزگای ئاسایش بوون و لە تەقینەوە کەدا بەرنەکەوتبوون لە خانوویەکی نزیکدا خۆیان قـایمکردبوو نارنجۆکیـان دەهاویشـت، چەند پاسەوانێکی بارزانی زامدار کرد پلانەکە زۆر بەووردی و تـەکنیکێکی پسـپۆری بـەرز داڕێـژرابوو لـە دەسگای هەواڵگری ئەڵەمانیای خۆرهەلاتەوە، جا زانیویانە بۆ لە ناوبردنی پێشەوای کورد بارزانی یـە یـان نا، ئاشکرا نەبووە. رووداوەکە نیو کاتژمێری تەواوی خایاند لە ٥٥،٤ ی عەسرەوە بۆ ٢٥،٥ بەلە ناوبردنی پلانگێرەکان هەموویان و شەهید بوونی دوو پێشمەرگە و برینداربوونی چـوار پێشـمەرگە کۆتـایی هـات... لەو کاتەدا یەکێك لە ماشـێنەکان کـە هـەردووکیان بۆمبرێـژکرابوون و شـۆفێرەکان لـە کـاتی دیـاریکراودا نەیانتووانی بیتەقێننەوە، دەتەقێتەوە... ئەگەر ئەوە نەبوایـە کارەسـاتێکی گـەورە تـری بـە دوواوە بـوو.. سەرکردایەتی بەعس برووسکەیەکی نارد بۆ پیرۆزبایی رزگاربوونی بارزانی و ئامادەیی تـەواو پیشـاندەدات بۆ لێکۆڵینەوە و بەسزا گەیاندنی هەر کەسێك پەیوەندی بە پلانەکەوە هەیە. لە وەڵامدا وتمان پلانگێرەکـان لە بەغداوە هاتوون. دوواتر ئاشکرابوو چوار لە مەلاکان پیوەندییان بە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشـەوە هـەبوو، بەڵام ووردەکارییەکانی پلانەکەیان نەدەزانی، هـەڵگری ریکـۆردە چـێنراوەکەش هـەر ئەوەنـدە لـە پلانەکـە ئاگاداربوو ئامێرێکی ریکۆرد لە باخەڵیدا بشارێتەوە بۆ تۆمارکردنی قسەکانی بارزانی بەڵام دوو شۆفێرەکە ئەفسەری ئاسایش و کـارگێری پلانەکـە و ئاگـاداری هـەموو نهێنییـەکان بـوون)[172] هەوڵـدانێکی دیکـەی بەغداش بۆ لە ناوبردنی بارزانی (جانتایەکی دیپلۆماسـی بۆمبرێـژکراو بـوو بـە هـۆی کـوردێکی سـوریاوە بەنێوی ئیبراهیم گاباری دووای کۆبونەوەی لەگەڵ نـازم گـزاردا وەریگرتبـوو بـەڵام سـەرکردایەتیی شۆڕشـی ئاگادارکردو جانتاکەی لە ۷۲/۷/۱٥ خستە بەردەستیان)[173]

۲ ـ هەوڵدانێك بۆ تیرۆرکردنی ئیدریس بـارزانی لـە بەغـدا: (۱۹۷۰/۱۲/۱ دەچـێت بـۆ بەغـداو لەگـەڵ سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکردا کۆدەبێتـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی چـەند کێشـەیەکی نێـوان بـەعس و کـورد، بڕیـار بـوو سـێ ڕۆژ بمێنێتـەوە بـەڵام سـەرۆك کۆمارتکـای لێـدەکات سـەردانەکەی چـەند رۆژێـك

درێژبکاتەوە. مامە شێخ بابۆ هاتبووە سەردانمان لە حاجی هۆمەران چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئیدریسی برامی دەکرد پێکەوە بچن بۆ بارزان. (دەتوانیت بزانیت کەی دەگەڕێتەوە ؟ ئەگەر هەتا سێ ڕۆژ نایەتەوە من دەڕۆمەوە بارزان)[١٧٤] هێڵی تەلەفون لەگەڵ بەغدا زۆر کز بوو، پەیوەندیم بە ئیدریسەوە کرد هیچ لە یەکتر تێنەگەیشتین.. بەهۆی هێڵی هەولێرەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر شێخ ڕەزای گوڵانیم ڕاسپارد پەیوەندی بە ئیدریسەوە بکات، مامە بابۆ بە پەلەیە بچێتەوە بارزان، ئەگەر هەتا سێ ڕۆژ ناگەڕێتەوە، ئەو پتر چاوەڕوان ناکات، دەڕواتەوە. یەزدان مەیلی لەوە بوو شێخ ڕەزا وەها تێبگات بەپەلە بگەڕێتەوە. ئیدریس چاوەڕوانی ماشێنەکەی خۆی ناکات کە سەرکۆمار پێشکەشی کردبوو، بەپەلە و بێ ئەوەی کەس ئاگاداربکات بە ماشێنێکی کرێ دەگاتە هەولێر. پاش نیوەڕۆی ٧٠/١٢/٦ حەمید بەرواری و حەمەی عەزیز بە ماشێنە ناسراوەکەی ئیدریس دەچن بۆ نانخواردن لای دۆستێك، هەندێك لە جاشەکانی لەتۆزیباری و محی هەرکی بە هاوکاری نازم گزار لە چەند شوێنێك بۆسە دادەنێن، کاتژمێر دەی شەو ماشێنەکە دەکەوێتە بەردەم یەکێك لە بۆسەکان و ڕێژنەی گوللە بە سەریاندا دەبارێت. پتر لە پەنجا گوللە ماشێنەکە کوناو دەردەکەن، حەمید بەرواری بە سەختی بەرکەوت و حەمەی عەزیز و شۆفێرەکە برینداری نەبوون، ئەوەش وەك موعجیزەی یەزدان وابوو.).[١٧٥]

٣- لە نێوبردنی کەسایەتیی ناسراوی دەڤەری سلێمانی قادر تەگەرانی: قادر تەگەرانی پیاوێکی جەربەزەو دنیا دیدەبوو، سەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆسیالیست ـ عێراق بریاریدا گرووپێکی چەکدار پێکەوە بنێت، مانگانەی چەورو چەکی باشیان بداتی لە ئێران ئاژاوەیەك بنێنەوە و سەر ئێشە بۆ شای ئێران دروست بکەن وئەو جموجوڵە هەنگاو بە هەنگاو فراوان بکرێت و بچێتە قۆناغی ڕاپەرینێکی چەکداریی بەربڵاوەوە دژی ڕژێمی شای ئێران و لەقکردنی دەستەڵاتی بنەماڵە گەندەڵ و ملهوورەکەی ... پلانەکەش لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی نازم گزار دا بوو، هێزەکە بگوێزرێنەوە سەر ڕووباری (شەتولعەرەب) و لە خاڵێکی دیاریکراوەوە بەبەلەم بپەرنەوە بەری ئێران ولەخاڵی دیاریکراودا لە وشکانی دابەزێنرێن و دامەزرێنرێن . هەربە فرمانی نازم گزاریش بۆ بەرژەوەندی ئێران هەرهەموو بەلەمەکان بە پتر لە ٣٥٠ سەرنشینی چەکداری کوردەوە لە نێرینەی ئاوی شەتولعەرەب دا تەقێنرانەوە و ئەو کوردە نەگبەتانە کە چەند کەسێکیانم دەناسی و دەیانوت بژێوی ژیان ناچاریکردووین دووای پاروویەك نان بکەوین. دەسگای پاراستنی شۆڕش و کۆمونیستەکانیش هەریەکەو چەند کەسێکیان تێهەڵکێش کردبوون ئەوانیش سەریان تێدا چوو. شەهید قادر تەگەرانی بەکرێگیراو نەبوو، ئەو کارەی ئەوکاتە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران نەیتوانی بیکات و زۆرێك لە سەرکردەکانیشیان لەو پێناوەدا شەهید بوون و بەناکامی و بێکەسیی سەریاننایەوە، تەگەرانی دەیویست بیکات .ئەو کات و ئێستەش هەرلایەنەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی تەماشای ئەو هەنگاوەی قادر تەگەرانی دەکات، شیاوە یا نەشیاوە، بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی باڵای کوردەوە جۆرێکە لە خەبات،خەباتی پارتیزانی، پارتی کۆمۆنیستی عێراق ساڵی١٩٧٤ چوونە پاڵ ڕژێمی بەعسییەکانی عێراق و چەکیشیان دژی شۆڕشی کورد هەڵگرت و زۆریش پێی خەنیی بوون و بسکەی سمێڵیان دەهات، بەخەباتیش ئەژماریان دەکرد لە پێناو بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا لە

عێراق! نازم گزار ئەم کارانەی دەکردو سەرکردایەتی بەعس ئاگادار نەبوون، بابڵێین سەرکردایەتی عیراق بۆ تیرۆرکردنی بارزانی مستەفا و کاك ئیدریس ئاکادارنەبوون کە نازم گزار بە فەرمانی شای ئیران ئەنجامیدا، بەلام وەك ئاگادارنەبوون ئامانجێکی سەرەکیشیان بوو، هەروەها پووچەڵکرنەوەی پلانی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکیش لە ئێران ئاگادار نەبوون کە ئەویش هەر نازم گزار بیئاگاداری سەرکردایەتی بەعس ئەنجامی دابوو، ئەو کاتە وایاندەزانی دەزگای ساواکی ئیران بە کارامەیی خۆی کردوویەتی. بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو هەموو تاوانەی نازم گزار بەرامبەر کوردو عارەبی عێراقی دەکرد، رۆڵەیەکی هەرە دڵسۆزو جەربەزەی کورد دەچێتە بەغدا بۆ گیانبازی لەگەڵ دڕندەکەی عێراقدا کە هیچ کەس بە چاك و خراپ نەیدەوێرا ناوی بهێنێت . سەرەتا ماوەیەك لە ماڵی کوردێکی دڵسۆزی خەڵکی سلێمانی دەبێت بەناوی فایەق عومەر، ناسراو بە فایەقی عومەرە گۆج، بەلام بەداخەوە ئاشکرا دەبێت و دووای دەستگیرکردن دەکەوێتە بەر ئازارو ئەشکەنجەی جەللادەکانی (کۆشکی مەرگ )کە ئەو کاتە چەندین سەرکردەی رامیاری، سوپا و کەسایەتی ناسراوی عێراقیش لە وێدا دەیانناڵاند وەك (ئەورەحمان بەززاز، عەزیز عوقەیلی، عەبدلئیلاە نەصراوی، ئیبراهیم فەیصەڵ ئەنصاری، پزیشك کازم شوبەر، لیوا شاکر مەحموود شوکری، لیوا مستەفا کەمال عەلەمدار، لیوا زەکی حسین حیلمی، دکتۆر عەبدلکەریم هانی وەزیری رێگاوبان، باڵوێزی عێراق لە کوێت قاسم موفتی)[١٧٦] لەگەڵ رۆڵەیەکی گیان لەسەر دەستی کورد شەهید حەسەن حسێن .کاك کەمال حسێن، برای شەهید حەسەن لەورووەوە زانیاری زۆرتری پێداین کەئەمە پوختەکەیەتی ( ساڵی ١٩٧٢کاکم بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی پێشمەرگانە لەگەڵ ( محەمەدغەریب ) کە فەرمانبەربوو لەبەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی دەچنە شاری بەغداو لەماڵی کاك فایەق عومەر، ناسراو بە فایەقی عومەرە گۆج دادەبەزن ... دوواترکاکم، محەمەد غەریب دەنێرێتەوە بۆ سلێمانی بەڵام لە سەیتەرەکەی بەغدا دەستگیردەکرێت و لەئەنجامی ئەشکەنجەدانێکی بەردەوامدا نهێنییەکە ئاشکرادەکات و دە لێت حەسەن لەماڵی فایەقەو ناونیشانی ماڵەکەشیان دەداتێ لەگەڕەکی بەتاوینی بەغدا . چەند کەسێك بەشێوەیەکی زۆر سادەو ئاسایی لەدەرگای ماڵی کاك فایەق دەدەن بەکوردییەکی صاف و بێ گرێوگۆڵ هەواڵی کاك حەسەن دەپرسن، فینۆس خان کچی کاك فایەق دەڵێت چۆنەتە دەرەوە . کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵەوە، ڤینۆس دەڵێت کاك حەسەن دووپیاوی کورد هاتن هەواڵی تۆیان دەپرسی، ئەویش دەڵێت لەوانەیە صەباحی پوورزام بووبێت ... دووای ماوەیەك زەلامەکان دێنەوە و لەدرگائەدەن " توومەز لەئاسایشی گشتی ( ألامن ألعام ) وە هاتوون وکوردێکی ناسراویشیان لەگەڵدایە و هەر کە کاك حەسەن دەچێتە خوارەوە یەکسەر پەلاماری دەدەن و دەبێتە شەڕیکی دەستەویەخە و ڤینووس دەیکاتە هاوارو قیژە، لەئەنجامدا کەلەپچەی دەکەن و بەئوتومبیلێکی تەکسی کەلەبەر درگا مۆتۆڕەکەیی نەکوژاندبوەوە وچاوەڕوانبوو، دەیبەن . زەلامەکان بە کاك فایەق دەڵێن خەمت نەبێت دەیبەینە ئەو بنکەی پۆلیسەو زوو دێتەوە .! دووای ماوەیەکی کورت شۆفێری تەکسییەکە دەگەڕێتەوەو بەکاك فایەق دەڵێت: فریای میوانەکەتان بکەون بردیان بۆ ئەمنی عام . کاك فایەقیش بەپەلە دەچێتە بارەگای لقی پێنجی پارتی لەگەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا و لەگرتنی کاك حەسەن ئاگاداریان دەکات .دووای چەند رۆژێك فایەقیش دەستگیردەکەن و پێکەوە پتر لە ساڵێك لەزیندان

بەسەردەبەن هەتا کۆدەتا سەرنەکوتووەکەی نازم گزار.) جاکاکە حەسەن ئەو ماوەیەی لەزیندانەکانی ئاسایشی گشتی و کۆشکی مەرگدا و لەژێر ئازارو ئەشکەنجەیەکی گیان پڕووکێنداچۆنی گوزەراندووە و چەندجار بە هەڵویستی نەبەردی جوامێرانەی کەم وێنە، رووی جەللادەکانی رەش شەرمەزار کردووە، لەو لایەنەوە تەنها بەڵگەیەکی سەلمێنەرم لەبەردەستدایە: کاك خەبات کوڕی جەزای حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی لە بنەماڵە رەسەنەکانی شاری سلێمانین و خودی حاجی مەلا شەریفیش دۆستو پشتبوانێکی بەئەمەکی رۆژە رەشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان بوو،کاك خەبات لەزمان باوکییەوە کە لەگەڵ کاك حەسەن حسێندا لە ئاسایشی گشتی لەزینداندابووە لەسایتی تایبەتی خۆیدا لە ژێر سەردێری ( بۆ مێژوو ... مامۆستا حەسەن حسێن ) نووسیویەتی و پوختەکەی بەدەستکاری لایەنی رێنووس و زمانەوانییەوە ئەمەیە: ( دووای بەربوونی باوکم لەزیندانی ئاسایی گشتی، بەسەرهاتی نەبەردیی وجوامێریی دوو قارەمانی بۆگێرامەوە کە پێکەوە لەو زیندانەدابوون و یەکێکیان مامۆستا حەسەن حسێن بوو، دەیوت ئەو هەموو ئەشکەنجەیە دەدرا، جارێك ئاخێکی نەکرد، رۆژێك روتیانکردەوە و هەرچوارپەلیان بەست و کێبلێکیان چەقاندە ناوکی وجنێویان دەدا و دەیانقیژان بەسەریدا، دەبلێ ئاخ! ئەو دیواری پۆلایەش بە کوردی دەیوت شەقبەرن نالێم ئاخ، ئێوە من دەکوژن، منیش ئێوە بەو داخەوە دەکوژم هەقی خۆم بەسەرکەسەوە ناهێڵم . ) کاکە حەسەن هاوڕێی منداڵی و دۆستێکی ئازیزم بوو، لە سلێمانی لە دایکبووە و پەیمانگای مامۆستایانی لە باقووبە تەواوکردبوو، وانەبێژ بوو لە خوێندنگەکەی گوندی هەیبەت سوڵتان. هێشتا خێزانی پێکەوە نەنابوو، لەماڵی کاك حسێنی با وکی دەژیا لە گەڕەکی ئەزمەر — ئیسکانی خواروو لە سلێمانی، کاك حسێن فەرمانبەر بوو لە بنکەی ئاگرکوژاندنەوەی شارەوانیی سلێمانی . صەددام حسێن بە پێی یاسای دوژمنی دوژمنم دۆستمە،لە کۆشکی مەرگ(قصرألنهایە) ئازادیکرد.. .تازە لە ولاتی سوید گەڕابووەوە کە لە شەڕەکانی ١٩٩٥ ی نێوان پارتی و یەکێتیدا کە برا برای دەکوشت شەهیدبوو، هەزار جار یادت بە خێر کاکە حەسەن. نازم گزاریش دووای پلانە سەرنەکەوتووەکەی بەسەر بەعسدا کەوتە داوی تاوانەکانییەوە و کە دەستگیر کرا لە رێگەی خانەقین — قەسری شیرین، دەیهێننە بەردەم صەددام و بە گاڵتەجاری پێی دەڵێت ((هەلە، بە سەر کۆماری عێراق!)) و هەر بە دەستی خۆشی ساردیکردەوە و فرێدرایە سەرەنوێلکی مێژووەوە.

بەلام هەولی تیرۆرکردنی کاك مەسعود بارزانی لە ڤییەنای پێیتەختی نەمسا بە چاودێری راستەوخۆی بارزان تکریتی بوو بە فەرمانی تایبەتی صەددام. ئەوەشم بیستووە ئەفسەرێکی کۆنە پێشمەرگەی تێدابووە و یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی ساڵی ١٩٧٢ دووای دەرچوونیان لە زانکۆ پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. ئەوانەی دەمناسین شەهید فەتاح موحەممەد ئەمین فەرماندەی هێزی خەبات لە شارباژێرەوە بردنی بۆ سەرەوە، وەك شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان، نزاری عەقید ئەمین، سەروەت، سەیفەدین و عەبدلمەلیك عەلی عوسمان و دوو ئەفسەری دیکەش.

لەو هەوڵە زۆرانەی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی مستەفا، ئیدریس و مەسعوودبارزانی دەدران، ئاشکرا دیارە هەرسێ رژێمەکەی عێراق وئێران و سوریای خوێنە خۆری یەکتر هەر ئەوانیان مەبەست بوو، بەش بە حالی

خۆم هەولّی تیرۆرکردنی سەرکردەیەکی لایەنێکی دیکە نەدراوە مەگەر تیرۆرکردنی سەیدا صالّح یووسفی، عیصمەت وانلی بە هۆی دوو نامەی مینرێژەوە ((خەباتگێری کورد وانلی بەخەستی زامدار بوو بەلّام سەیدا صالّح یووسفی شەهیدبوو)) هەروەها پلانی ماستاوە ژەهراویەکەی دکتۆر مەحموود و مستەفا چاو رەش. هەر بەیادی شەهید مامۆستا حەسەن حسێنەوە شتێکی خۆشم بیردێتەوە. کاك حەسەن دووبرای هەبوو، جەمال وکەمال، صالّی ۱۹٦٨ کەمال یەکێك بوو لە قوتابیەکانم لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی پیرەمەگرون — سلێمانی. رۆژێك ناوی ئەو قوتابیانەم دەنووسی کە باوکیان نەماوە جل و بەرگیان بدەینیّ، وتم منالّینە کامتان باوکی نەماوە دەست بەرزکاتەوە.. کەمال کە دەگەرێتەوە مالّەوە بە پەستی و پەژارەوە بە باوکی دەلّێت ( ئەگەر تۆ نەبوویتایە، ئەمرۆ دەستێك جلم وەردەگرت)!

– بۆکورِم، من وتم مەیدەنیّ ؟

– نا، ئەوانەی باوکییان نەبوو، هەموو وەریانگرت . منیش دەستم بەرزکردەوە، مامۆستا نووری وتی کەمال ئەمە تەنها بۆ ئەوانەیە کە باوکیان نییە.

## نیشانە هەرەدیارەکانی کارەکتەری بارزانی مستەفا

بارزانی مستەفا شۆرِشگێرێك بوو لە چەندین لایەنی گرنگی هەلّگیرساندنی شۆرِش و پێکەوەنانی پێشمەرگە و رێکخستن و سازدانی هێز و پلاندانان و بەرێوەبردنی جەنگدا پسپۆرِبوو، مرۆڤێك بوو، مرۆڤ ناس، لە خوێندنەوەی نیازی دلّ و پەردەی ئەو دیو رووکەشی بەرامبەرەکانیدا کەمتر بە هەلّەدا دەچوو. لەگەلّ لێپسراوانی شۆرِشیشدا نەرم بوو، زۆر جاران کە تاوانی ئاساییان لێدەردەکەوت وەك گەندەلّی و دەستدرێژیکردنە سەر هاولاّتیان، بە جۆرێك هەلّەی دەژمارد کە دەشێت هەر کەسێك هەست بە لێپرسینەوە نەکات یا لە ئاستی پێویستی بەرپرسیدا نەبێت بیکات، لەسەر کار لاینەدەبردن و دەستکاری پلەو پایەشی نەدەکردن بەلاّم ببرِای ببرِ بۆ کاری گرنگ متمانەیان پێبکات، لەوەشدا جێگەی رەخنە نییە چونکە زۆربەیان بە خۆیاندا دەچوونەوە و هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد و هەولّیاندەدا جارێکی دیکە نەکەونە بەر لێپێچانەوە، ئەوە لایەنێك، لایەنی دووەمیش بهاتایە و هەر هەلّە کارو سەر پێچیکارو تاوانبارێکی ((تاوانی بچووك)) سزابدایە، هەر بارزانیان و ژمارەیەکی کەم کادرو کادری پێشکەوتوو و فەرماندەی هێز و بەتالیۆن و لقەکان لە شۆرِشدا دەمانەوە... چەند جارێك کەسانی دلّسۆزی راستەقینەی شۆرِش ئەو گەندەلّییانەی دەخەنە بەر چاو، جارێکیان لە وەلاّمدا ئەم چیرۆکەیان بۆ دەگێرِێتەوە: مرۆڤێکی نەخۆش و دەردەدار، روت و رەجالّ، برسی و پەرێشان، بێکەس پالّیداوە بە دیواری مزگەوتێکەوە، ئاپوورەی مێش و مەگەز نیشتوونەتەگیانی برینەکانی دەکولێننەوە و خۆیان تێر دەکەن. رێبوارێك بەوێدا تێدەپەرێت بەزەیی پێدادێتەوە. کش لە مێشەکان دەکات و دووریاندەخاتەوە، کابرای لێقەوماو بە هەناسەیەکی ساردەوە دەلّێت ((خێرت بۆ نەنووسرێت)) ئەو مێشانەت بۆ دەرکرد، نیوە تێر بووبوون ئێستا کۆمەلّێکی دیکە دێن برسییانە برینەکانم دەخۆن و گیانیشم دەردەکێشن!! ئەوە فەلسەفەی بارزانی بوو لە کاروباری ناوخۆی شۆرِشدا. بەرامبەر دوژمن و ناحەزانیش بۆ چوونێکی چەسپاوی هەبوو دەیوت هەرچی دەلّێن وابزانە پێچەوانەکەی راستە!

### ١- زەویناس

بارزانی زەوی ناسێکی کەم وێنە بوو، چیاو دۆڵ و گردو پێدەشتەکانی کوردستانی باشوور وەك ماڵی خۆی شارەزابوو، ئەو دوو ساڵەی لە کوردستانی خۆرهەڵاتیش بوو، شارەزاییەکی چاکی لە جوگرافیای ئەوێشدا پەیدا کرد و لە دابەشکردنی هێزەکەیدا و لە دامەزراندن و سەنگەر گرتن و هێرش و رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان و کشانەوە و خۆ وونکردندا بە جۆرێك کەڵکی وەردەگرت دوژمنی حەپەساندبوو، سەرکردایەتی لە شکری ئێران باری تۆبوگرافی خۆیان بست بە بست لەسەر نەخشە سەربازییەکان لە بەردەستدا بوو کەچی بۆ کەڵك وەرگرتن چارەکێکی بارزانییان بۆ نەدەکرا، ئەوەش نهێنییەکی گرنگی سەرکەوتنەکانێتی.

### ٢- چەکناس

بارزانیان هەر لە منداڵییەوە هۆگری چەك دەبن، بارزانیش لە هەمووان چاکتر شارەزای جۆرەکانی تفەنگ و تەقەمەنی بوو، نیشان شکێنێکی کەم وێنە بوو، هەر گوللەیەك و ئەرکێکی پێدەسپارد بۆ یە گوللەی بەلاوە ئازیز بوو، لە هەموو ژیانیدا تەقەی خۆشیو شاییو زەماوەندو فیشەك هەڵتۆقاندنی نەدەزانی، دەستی بە تەقەمەنی و ئازووقەوە دەگرت بۆ رۆژی خۆی، تفەنگی بە بەشێك لە خۆی، لە هۆز، لە شۆڕش و کورد دەزانی بە مەرجێك بە دەست پیاوی خۆیەوە بێت ئەگەرنا پارچەیەك ئاسنی بێفەڕە. لە بار دڵی خودی خۆشیدا لە نێو هەموو جۆرە چەکێکی سووك و ناوئجیدا بە کلاسیك و مۆدێرنەوە، تفەنگی بڕنەوی درێژی بە هیچ چەکێك نەدەگۆڕییەوە، سەمینووف و کلاشینکۆف و دیکتاریۆف و ژێ — سیی نەیانتووانی بۆ تەنها جارێك خۆ بەشانیدا هەڵواسن. سەرانی عارەب بە خەیاڵی بەنگکێشی، خۆیان هەڵکردبوو گەلی جوولەکە فڕێدەنە دەریاوە و قەوارەی ئیسرائیل بسڕنەوە. ساڵی ١٩٦٧ (١٩٦٧/٦/٥ شاندێکی میریی دێتە گەلاڵە، تکا لە بارزانی بکات ئەو ماوەیەی سوپای عێراق سەرقاڵی شەڕی جوولەکە دەبێت پێشمەرگە پەلاماری سوپا نەدات.(بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت ئێوە کە هاتوون داوای یارمەتی و ئامۆژگاری دەکەن، چاکترین ئامۆژگاری ئەوەیە هەتا زووە و لە ئێستا درەنگتر نییە کە کاتژمێرێك نابێت شەڕ دەستی پێکردووە یەکسەر شەڕ رابگرن و سەرۆك عەبدلناصر داوای ئاگربەست بکات، ئەگەر ئەوەش نەکەن دڵنیام تووشی کارەساتێکی سەربازیی و شکست دەبن. سوپاسالاری عێراق ئیبراهیم فەیصەڵ ئەنصاری دەڵێت سوپای میصر بە هێزەو چەکی مۆدێرن و کوشندەی بەدەستەوەیە،بارزانی بۆی راستدەکاتەوە و دەڵێت چەك چییە، پارچەیەك ئاسنە، گرنگ ئەوەیە بە دەست کێوەیە، ئەو مرۆڤەی بەکاری دەهێنێت).[١٧٧]

### ٣- سادەیی

بارزانی مرۆڤێکی سادەو ساکار بوو، ئەو ژیانە سادەو ساکارەی هۆگری ببوو، خووی پێوەگرتبوو بووبووە بەشێکی نەگۆڕی ژیان و هەڵسوو کەوتی، لە سەردەمی پێشمەرگایەتی شۆڕشی دووەم و سێیەمی بارزان و لە کۆماری کوردستاندا چۆن ژیابوو لە هەرە هەرەتی باڵادەستیشدا هەروابوو، لە خۆی نەگۆڕا، حەزی لە رووکەش و تەنتەنەو پۆشاکی تایبەت و کۆشك و تەلار نەبوو، هەر لەو جۆرە پۆشاکەشی دەپۆشی،حەوانەوەی نێو چادرەکەیی و تەماتاوو کولێرە یەك و چایەکی قۆریەکی دووکەڵگرتووی رەشی سەر

پشکۆی بە هەموو ژیانی کۆشك و تەلارەکان نەدەگۆڕییەوە، هەتالە ژیاندا بوو سەروو ریشی بە چەقۆ دەتراشی، چەقۆکەشی بە قایشە دوو بزمارەکەی سەر پشتێنەکەی تیژ دەکردەوە، لە ژیانی رۆژانەیدا لە پێشمەرگەیەکی ئاسایی جیانەدەکرایەوە مەگەر لە دوو شتدا، پلەی بەرپرسیارێتی و رابەرایەتی. دووەمیش هەمیشە خۆی بە ستبوو وەك بچێت بۆ جەنگ، بڕنەوە درێژەکەیی و فیشەکدان و قەدێك فیشەکی دەمانچەکەی کە لە جۆری (پەڕەبێلۆ) ی ئەڵەمانی بوو، خەنجەرە جەوهەردارەکەیی و دار جگەرەیەکی درێژی دەستکردی خۆی هاوڕێی شەو ورۆژی بوون، جگە لە هاوسەران و زارۆکانیشی کەسێك ئەو پیاوەیان بە بەرگی حەوانەوە و نوستنەوە نەبینیوە.

## ٤- ڤین لە دڵ نەبوو

باروودۆخی تایبەتی شۆڕش بە تایبەتیش دووای دووبەرەکییەکەی ١٩٦٤ دەیخواست لێبوردەبێت، لێبوردەش بوو بەڵام هەرگیز چاوی لە تاوانی گەورە و ناپاکی نەدەپۆشی، مەبەستم لەو تاوانانەیە مەترسی دەخستە سەر ئاسایشی شۆڕش و چارەنووسی کورد بەتوندیش سزای دەدان، زیندانی خەلان جێگەی ئەو تانبارە گەورەو ناپاکانە بوو هەرچەند کەسانێکی بێتاوانیشی تێدەکەوت، ئەوەش هەر لە شۆڕشی کورد روونەداوە، لە هەرە دەوڵەتە دامەزراوەکانی ئەوروپاشدا کە مێژوویەکی دێرینییان لەگەڵ یاساو رێساکانی لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنی تاوانباران و دادگایکردن و دووا بڕیاری دادوەردا هەیە وەك فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵەمانیا، ئیتاڵیا و بەلجیکاو ئەمەریکاش کە سەرچاوە و دارێژەری یاسا کۆمەڵایەتی و یاساکانی سزادان و ئابووری و رامیاری و هتد، دادگاکانیان هەڵەی قەبەو گرانیان کردووە و جارەهای جار سزای سەختی بەسەر بێتاوانێکدا سەپاندووە و لە زیندانیان توند کردووە و دووای ساڵانێکی دوور و درێژ تاوانباری راستەقینە دۆزراوەتەوە و بێتاوانەکەی نێو زیندان ئازادکراوە! بەڵام دووای چی؟ لەوەش خراپتر قەوماوە، بێتاوانێك تاوانبارکراوە و کراوە بە سێدارەدا یا لە زینداندا مردووە. دووای پلانە چەپەڵەکەی جەزائیر و هەرەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یەکێك لە هەنگاوە بە پەلەکانی سەرکردایەتی شۆڕش ئازادکردنی زیندانییەکان بوو چونکە هێشتا دووا بڕیاری ناپاکیان بە سەردا ساغ نەبوو بووەوە سێ لەوگومانلێکراوانە، بەتالیونی سێی هێزی خەبات دەستگیریکردبوون کە شەهید عەبدوڵڵای حەمە ئەمین ئاغای زێیی (زی — ێی) دووای عومەر ئاغای کانی خدران فەرماندەی بوو، نێردران بۆ زیندانی خەلان:

أ- م . م کابرایەکی تەمەن ٤٠-٤٥ ساڵ، دانیشتووی سلێمانی، گەرەکی ئەزمر بە کرێگیراوی رژێم بوو، لە دەمێکەوە پەیوەندی بە لێپرسراوانی دەستگای ئاسایشی سلێمانی و کەرکووك کردبوو. ئەو سەردەمە رژێم ناسنامەی تایبەتی نەدەدا بەو جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی ئەگەر کەوتنە دەست شۆڕشی کورد نەبێتە بەڵگە لەسەریان . لێپرسراوێکی ناسراوی رژێم ناوو ئیمزای خۆی لەسەر روویەکی نیو دیناریی‌ەك دانابوو، کابرا ئەوەی لە باخەڵدابوو.

ب- عوسمان عەلی چەتوون هەڵەبجەیی یەکێك بوو لەسەر لقەکانی بەتالیونی سێ و پێشمەرگەیەکی ناسراوو ئازاو دەستوەشێن بوو.

ج- عەریف جەلال لە ریزەکانی سوپای عێراقەوە پەیوەندی بە شۆڕش کردبوو، تازە خێزانی پێکەوە

نـابوو. لەگـەڵ عوسمـان وجـەلال پەیوەنـدی دۆسـتایەتیم هـەبوو، عوسمـان کـارێکی نـاڕەوایکرد، شـەوێك کۆڵگێرێکی (چەرچی) هەورامی لە خەودا دەکوژێت، حەوت صەد دینارێکی لە باخەڵدا بوو، بـۆ سـبەینێ عوسمان ئوتومبێلە جێیبەکەی شێخ مەحموودی کارێزە دەکرێت، بەڵام قەرەجەکانی ئەو ناوە دەستگیرکران و کەوتنە بەر لێکۆڵینەوەو ئازاردان بێئەوەی کەموو زۆر دەستیان لە تاوانەکەدا بووبێت. شەهید عەبـدوڵڵای حەمەئـەمین ئاغـا، تـازە کۆلێـژی ئەنـدازیاری لـە زانکـۆی مووصـڵ تـەواوکردبوو، یەکسـەر دێتـە ریـزی پێشمەرگەوە و بە هۆیەوە برای کاك فەتاح فەرماندەی هێزی خەبات بوو، بوو بـە فەرمانـدەی بـە تـالیونی سێ، وتی فلان خۆ دەزانێت چ ئازارێکی قەرەجەکانمانداو بێتاوانیش بوون! تاوانکارەکە لە نێو خۆماندایـە، عوسمان. وتم کام عوسمان؟ وتی عوسمان عەلی چەتوون. عەریف جەلال کوردێك بـوو لـە ئـاوی شـەو پـاکتر، ناحەز زمانی لێگێڕابوو، قووڵ بۆی هەڵکەندبوو، دوواتر جەلال وتی ( ئەوە کوێخا( ع ) بوو چـاڵی مـەرگی بۆ هەڵکەندم، خوابە قوڕیابەرێت ). ئەو سـیانە بـە پەلبەسـتراوی رەوانـەکران بـۆ زینـدانی خـەلان لـە ژێـر چاودێری چوار پێشمەرگەدا. بە پێشمەرگە کانم وت جەلال بێتاوانە تـا دوێنـێ وەك ئێـوە پێشـمەرگە بـوو، هەرزووش دەردەکەوێت بێتاوانە و دەگەڕێتەوە، وەك ئەوانیدیکە نییە، دڵنەوایی بکەن، یەکێکیان بە چـرپە وتی (باوەڕمەکە بگەڕێتەوە). بارزانی لەو جۆرە سەرکردانەی (ئاخر زەمان) نەبوو، گومانلێکراو بە یاسـای تاوانکار دەکوژن و ئەوەندەش کەم چیکڵدانەو بە پەلە و سەرپێی و بێ لێکۆڵینەوە بڕیاردەدەن و بێتاوانێـك بە توندترین سزا دەگەیێنن جا هـەبووە دووای چـەند کاتـژمێرێك، رۆژێـك دەرکـەوتووە پـاك و بێتـاوانن و بڕیاری ئازادکردنیان دەردەچێت بەڵام هەیهو هەیهو، ئەو شەهیدانە کرابوون بە ژێر گڵیشەوە، ناڵێم بە خاك سپاردن. ئەوانەی زیندانی خەلان، تاوانبارو بێتاوان زۆربەی هەرە زۆریان بەر لە هەرەس و دووای هەرەسـی شۆڕش ئازاد کران. عەریف جەلال گەڕایەوە ریزی پێشمەرگایەتی، دوواجـار لـە لیژنـەی ناوچـەی پێنجـوێن بینیمەوە. عوسمانی عەلی چەتوون بەداخەوە چووە پاڵ رژێم و چـەکی دژی شـۆڕش هـەڵگرت و شـەوێك لـە شارەزوور بەرێکەوت دەکەوێتە بەر گوللەی مەفرەزەیەکی کۆمۆنیستەکان و دەکوژرێـت. بـەڵام نـازانم ئـەو پیاوە بەتەمەنە چارەنووسی بە کوێ گەیشت. بارزانی لەو فایلانەی پێویستی بـە بڕیـاری ئـەو بـوو، دووای روونکردنەوەی ووردو درشتی تاوانەکەو دڵنیابوون لە ناپاکیی تاوانکارەکە سزای گونجاوی پەسەند دەکـرد و رێگـەی بـە کـاری نـا بـەجێو بڕیـاری سـەرپێیو بێبناغـە نـەدەدا و بـەپێی یەکـەمین پرەنسـیپی دادوەری (گومانلێکراو هەتا بەڵگەی تاوانبارکردنی دەرنەکەوێت بێتاوانە) ژمارەیـەك گومـانلێکراو هـەتا هەرەسـی شۆڕش لە زینداندا مابوونەوە و ئازاد کران.

## ٥- مرۆڤــ بوو، فریشتە نەبوو

بارزانی مرۆڤێك بوو وەك من وتۆ، فریشتەی ئاسمان نەبوو، کاری دروستی دەکرد کاری نادروستیشـی لـە دەست دەردەچوو. پەیامبەرانیش هەڵەی گەورە و کاری نادروستیان لە دەست قـەوماوە، حـەزرەتی مووسـا (هاورازی یەزدان) کەتەنها ئەو لەگەڵ یەزداندا دوواوە، سەردەمی فیرعەونـەکان لـە نێوەڕاسـتی بـازارێکی میصـردا پیـاوێکی کوشـت؟ خـۆ بـارزانی پەیامبـەر نـەبوو، هەرچـەندە لـە دیدوبۆچـوون و پیرۆزراگرتنـی قوتابییەکانییەوە کەمتر نییە.

## ٦- پلان دانان و ڕێکخستنی بەرەکانی جەنگ

بارزانی یەکێکە لە سەرکردە بلیمەتەکانی جەنگ و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول هێزی پێشمەرگە هەر دوو سێ جار لە بەرامبەر دوژمندا شکاوە و پاشەکشەی کردووە ئەوەش بە تایبەتی لە بەرەی قەرەداخ، جارێك ١٩٦٥ و جاری دووەمیش ١٩٧٤ ئەگینا لەوە بەدەر هەر سەرکەوتوو بووەو دوژمنی بە تەواوی شپرزە و سەرگەردان کردووە. داستانەکانی چیای زۆزك، سەرتیژ، گەرووی هۆمەر ئاغا، چیای سەفین و هەندرێن نموونەی زیندوون. سەرکردایەتی عێراق سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف بە پێیی پلانە فراوانەکەی ((پشت بە یەزدان)) بەشی هەرەزۆری کەرتەکانی سوپا بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و قەدەغەکراویشەوە دەخاتە کار بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی دەڤەری ناوەڕاست و ژووروی ناوچە رزگارکراوەکان و لە دووا هەنگاوی سەرکەوتنەکانیشدا کە زۆر لێی دڵنیابوون دەگەنە گەڵاڵە و گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و بارەگای بارزانی. بەکردەوەش زۆر شوێنی ستراتیژی وەك چیای هەندرێن دەگرن کە مەترسی راستەقینەی بۆ چارەونووسی شۆڕش هەبوو. خودی بارزانی دەچێتە بەرەی جەنگەکەوە و فەرمانی گردەبەر دەدات بە هەر نرخێك بێت نابێت دوژمن هەنگاوێکی دیکە بێتە پێشەوە، بەدەم دار جگەرە تاشینەوە پلانی شەڕێکی بەربڵاو دادەرێژێت وەك چۆن گورنگۆی سەر لەشکری ڤێتنامییەکان بەدەم تەپڵ کوتانەوە پلانی سەرکەوتووی دژی هێزە ئەمەریکاییە داگیرکارەکان دادەڕشت و بەسەرشۆڕی لە وڵات دەریکردن. هێزەکانی پێشمەرگە ئامادەبوون گیان لەسەر دەست و ئامانجیان لەسەر قەرەوڵی چەکەکانیان داناو ناوی خوایان لێهێنا، نەك هەر بەربەستیی هێرشەکە، هەموو ئەو شوێنانەشیان رزگار کردەوە کەدوژمن گرتبوونی و بە جۆرێك شکان و چۆڵیانکردن هەر فریای خۆ دەربازکردن دەکەوتن، **دەسگای بێتەلی شۆڕش پەیوەندی نێوان سێ فەرماندەی سوپای قۆستەوە لە بارەی داستانەکەی هەندرێن ٣-١٩٦٦/٥/١٢**

**فەرماندەی تیپی ( فیرقە ) یەکی سوپا لە فەرماندەی چوار دەپرسێت بارودۆخەکە چۆنە ؟**

**فەرماندەی لیوای چوار: زۆر نالەبارو خراپە.**

**فەرماندەی تیپ: خێراچارەسەری بکەن، هێزی یەدەگ و فڕۆکەی جەنگی بەکاربەرن. زوو ئاگادارمان بکەنەوە.**

**فەرماندەی لیواش لە موقەددەم ئیبراهیم فەرماندەی یەکێك لە فەوجەکانی دەپرسێت بارو دۆخەکە چۆنە؟**

**ئیبراهیم: گەورەم لە ئەو پەڕی خراپیدایە، وره رووخاوە جلەومان لە دەستداوە و هیچمان پێناکرێت، هەر سەربازەو رادەکات خۆی رزگاربکات، فەرمانەکانم نابیستن.**

**فەرماندەی لیوا: تۆپی ٧٥ ملم. بەکاربەرن.**

**ئیبراهیم: قوربان بەر لە نیو کاتژمێر کەوتە دەست یاخییەکان و بەکاری دەهێنێن.**

**فەرماندەی لیوا: خۆتان رابگرن هێزی یەدەگ و فڕۆکەی هەنتەرو تۆپی پێنج پێنجتان بۆ دەنێرم.**

**ئیبراهیم: بە خوا بۆمبی ئەتۆمیش بەکاربەرن کەڵکی نییە، هەموو شوێنەکانیان گرتووە، هێرشیان گەیشتۆتە نێزێك بارەگاکەم.**

**فەرماندەی لیوا: باشە فەوجەکانی دیکە لە چیدان؟**

**ئیبراهیم: گەورەم پەیوەندیمان پچراوە، نازانم چییان بەسەر هاتووە.**

**فەرماندەی لیوا: موقەددەم ئیبراهیم خۆت رابگرە، تۆ یەکێکیت لە پاڵەوانەکان هەر ئێستە دەگەینە فریاگوزاریت.**

**ئیبراهیم: گەورەم باوەڕبکە کەڵکی نییە، ئەوە گەیشتنە سەرم، ئیتر ناتوانم پەیوەندی بکەم... پەیوەندییەکە دەپچڕێت. لیوای چواری سوپای عێراق لە هەرە چاکترین هێزەکانی عێراق بوو، فەرماندەکەشی لە هەرە ئەفسەرە بە ئەزموونەکانی سوپا بوو، لیواکەی بە تەواوی تەفروتوونابوو، خۆشی دەستی لە کارکێشایەوە و روویکردە چیکۆسلۆڤاکیا ).** [١٧٨]

**٧ـ سەرکردەو رابەرو هەمان کات پێشمەرگە:** بارزانی تەمەنێکی درێژی لە نێو پێشمەرگەکانیدا بەسەر برد، لە سەنگەردا. لە شاخەو شاخ و رێکردنی دووردا، برسی بوون یا تێر، لە خۆشی سەرکەوتنێکدا بوون یاتەرمی شەهیدەکانیان بەخاك دەسپارد لە ناویاندا بوو. دڵخۆشی دەدانەوە، جیاوازی لە نێوانیاندا نەدەکرد، بەر لە هەڤاڵانی نانی نەدەخوارد لە دانیشتنیشدا لای سەرووی نەدەگرت بەڵام لەگەڵ سەرکۆمارەکان، سەرۆك وەزیرەکان، وەزیرو لێپرسراوە باڵاکان، شای ئێران.. هەرگیز لە خوار ئەوانەوە دانەدەنیشت و لای هەرە سەرووی دەگرت وەك من بزانم لە هەموو ژیانیشیدا لەبەر ئەو جۆرە کەسانە هەڵنەستاوە! هەتا بە ساڵدا نەچوو بوو وەك سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دەرکرد، راستەوخۆ سەرکردایەتی شەڕەکانیشی دەکرد و بەدەست و تفەنگی خۆیەوە هاوبەشیدەکرد و لە پاڵ دوو سێ پێشمەرگەدا دەچوونە بن بەردێك یا سەنگەرێکەوە، لە هێرش و پەلاماردانی دوژمنیشدا پێشمەرگەیەکی لە پێشەوە نەبوو، ئەو گوڕوتینەی هەتا ساڵی ١٩٦٨ و هێرشە بەربلاوەکەی هێزی هەڵگورد بۆ سەر دەڤەرەکانی سلێمانی و دەوروپشتی، قەرەداغ و گەرمیان تێدا مابوو.

### ٨- چی نیگەران و پەستی دەکرد:

بارزانی حەزی لە چەپڵە لێدان و بابژی و با برۆخێ نەبوو، دەیویست کە سەردانی شارێك، شارۆچکەیەك، بنکەیەك دەکات وەك ئەوەی سەردانی دۆستێك بکات ئاسایی بچێت و ئاسایی بگەرێتەوە نەك تاقی بۆ لێبدەن و قوتابیان و فەرمانبەران بهێنرێن لە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکان ریز بکرێن بۆ چەپڵە لێدان و هاوارکردن و دروشمی بریقەدار بەرزکردنەوە، خوالێخۆشبو صدیق ئەمین (صدیقە ئەفەندی) لێپسراوی ل. ن. ش. ئەوەی نەدەزانی، بۆیە پێشوازییەکی لەو جۆرە بۆ بارزانی رێکدەخات لە چوارتا، بارزانی بۆ بە سەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی دەڤەری سلێمانی هاتبوو کەئەوە دەبینێت پەست دەبێت و دەڵێت (صدیق خۆ بووکمان نەهێناوە)[١٧٩].بارزانی حەزی لە چارەی مرۆڤی دوو روو، درۆزن و ماستاو ساردکەرەوە نەدەکرد، تەریقیشی دەکردنەوە، هەمیشەش بە هاوکارەکانی دەوت ئەو جۆرە مرۆڤانە (هەرچییەك دەڵێن پێچەوانەکەی راستە). خۆ کەسێکی نەشارەزا دەمی بسوتایەو بە مامۆستا ناوی ببردایە، واوەیلا بە حاڵی! دەیوت (من مامۆستا نیم، عەلی مەردان مامۆستایە).

### ٩- راوو نێچیرەوانی، وێنەگرتن، گاڵتەو کەپ و نوکتەی بە تام:

هەر هاتێك بەرەکانی جەنگ هێمن بوونایە یا کاری گرنگ دەستی نەگرتایە هەلە کەی لە دەست نەدەدا

و خۆی بـۆ راوشـكاروگەڕانی چیا و بنارەكـان ئامـادەدەكرد. حـەزی لـە وێنـەگرتنیش دەكـرد لەگـەڵ ئـەو كەسانەی خۆشیدەویستن و دەیوت ((با عەكسێك وەرگرین)) جگە لە وێنە پرۆتۆكۆلیەكان لەگەڵ لێپرسـراوە باڵاكانی عێراق و میوانی بێگانە و رۆژنامەنووسـەكان، هـەموو وێنـەكانی لەگـەڵ پێشـمەرگە و دۆسـت و ناسیاوەكانیدایە. كەیفی بە نوكتەی خۆش دەهات و دوواتریش دەیگێڕانەوە. كۆمـەڵێك لـە پیاومـاقووڵانی شاری سلێمانی بۆ دیدەنیكردن دەچنە بارەگـای بـارزانی لەگونـدی دیلمـان، خاڵـە رەجـەبی قسـە خـۆش و نوكتەزان یەكێكیان بوو، كارەبایـان نـەبوو، مـاتۆڕێكی كارەبایـان بـەكاردەهێنا هـەر چـەند لـە ژووریكـی داخراویشدا بوو بەڵام دەنگ و وڕە وڕی هەردەهات. خاڵە رەجەب و چـەند كەسـێك لـە ژوورێكـدا دەخـەون یەكێكیان زۆر پرخە پرخ دەكات. بەیانی بارزانی دەپرسێت جێگەی خەوتان چۆن بوو؟ خاڵە رەجەب دەڵێـت ئەز بەنی من لە ژووری ماتۆرەكە بووم. هەژاری موكریانی دەڵێت زۆر جاران (بۆ مەبەسـتی كۆمـەڵایـەتی، رامیاری) نوكتەی ئەو كابرایەی دەگێڕایەوە دوو صەگ دێنێتە بـازاڕ بـۆ فرۆشـتن گۆڵێـك و توولەیـەك، بـۆ گوڵەكە داوای دینارێك دەكات بەڵام بۆ توولەكە داوای دوو دینار دەكات، كڕیارێك دەپرسێت چۆن توولە لە گۆڵ گـرانترە ؟ فرۆشـیارەكە دەڵێـت گۆڵەكـە صـەگە، بـەڵام توولەكـە صـەگ كـوڕی صـەگە. بـارزانی لـە گێڕانەوەدا خۆشی زۆر پێدەكەنی و كەیفی بە لۆژیكی فرۆشیارەكە دەهات.

## ١٠- بیرتیژی، پەیمان و بەڵێن، ئەمەك و وەفاداری، ململانێی جوامێرانە:

صاڵێك پتر بەر لە رێككەوتنی بەهاری ١٩٧٠ راگەیاندنەكانی رژێمەكەی بەعس لـە بەغـدا شـەوانە لـە كەناڵەكانی تەلەفزیۆنـەوە كاریكاتێرێكیـان پەخشـدەكرد ئیمپریـالیزمی جیهـانی یـا ئەمـەریكا پاڵتۆیـەك دەكات بەبەر بارزانیدا، لە ژێریشیدا نوسراوە بو پیرۆزبێت پـاڵتۆی بـە كـرێگیراوی (مـبروك رداء العمالـة) صالێ وەرگەڕا، صەددام حوسەین چەند جارێك بە خزمەت بارزانی دەگات، ئەو دەمە سەرۆك كۆمـار نـەبوو جێگربوو بەڵام زۆر لە سەرۆك باڵا دەستتر بوو، لە یەكەم دیدەنیدا ١٩٧٠/١/١٢ هەست بە سەرما دەكات، داوای شتێكی گەرم دەكات بەسەر جلەكانیدا لەبەری بكات، بارزانی لە كات و شوێنی خۆیدا قسـە سـووار (بەدیهە لەدەست) جووان دێتە دەسـت پاڵتۆكـەی خـۆیی دەداتـێ و هەرئەوەنـدەی لەبەریـدەكات، بـارزانی سـەرهەتا پـی تەماشـایەكی دەكـات و دەپرسـێت چـۆنە بەبـەرت؟ صـەددام: زۆر چـاكە. بـارزانی: بـە زەردەخەنەیەكی پر مانـاوە دەسـتێك دەكێشـێت بـە شـانیداو دەڵێـت ئێمـە هـەر پـاڵتۆی بـە كرێگیراویـی (عەمالەت) مان هەیە، پیرۆزت بێت، لێت دێت. بارزانی لە پەیمان و بەڵێنیدا سەر راست بوو قسەی خۆیی نەدەدۆڕاند، سەرانی باڵەكەی( م. س ) و ئەندامان و لایەنگرانیان هەر هەموویان گەڕانەوە باوەشی شـۆڕش و خودی ئیبراهیم ئەحمەد سوپاسی لێبوردەیی و دڵفراوانی بارزانی دەكات نكولیش لەهیچ ناكات و زۆر بـە راشكاوی دان بەوەدا دەنێت (ئێمە هەڵە بووین).ئەو هەڵەبوونە، هەڵەی رەهانییە بەڵكو چـەندین چـەمكی هەیە كە لێرەدا گرنگترینیان كـەموكورت لێكدانـەوەی هێـزی بـارزانی و جـەماوەرە فراوانەكـەی بـوو كـە نەدەبوو لەو كاتەدا لە روویـدا بوەسـتنەوە، چـەمینەوە لەبەرامبـەر گێژەڵووكـەدا ژێرییە،ئـەو دەم بـارزانی كێوێك بوو، قۆچی لێبـدەیت قۆچـت دەشـكێت...ئـەم هەڵوێسـتە نیشـانەی مـەزنیی و پـڕ ئـەزموونیی و راستگۆیی ئەو ناسراوترین سیاسەتوانەی كوردە كە لەو رۆژە بـە دوواوە بـڕای بـڕ لەگـەڵ هـیچ لایـەنێكی

شۆڕشی کورددا نەبوو هاوکاریی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان بکات دژی لایەنێکی دیکەی کورد . ئەوە وانەیەك بوو ئەگەر سەرانی کورد پەندی لێوەرگرن. بارزانی دەمێك بوو بڕیاری لێبوردنی گشتیی و ئاشتبوونەوەی دابوو، بەو دان پێدانانەش تەواو دڵی ئاوی خواردەوە و گەشبینییەکیشی پەیدا کرد بە یەکخستنەوەی ریزەکانی پارتی و شۆڕش و یەکدەنگیی و یەك هەڵوێستیی لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکاندا و لە گوڵ کاڵتری بە هیچ کامێکیان نەوت و هیچیشی بە رووودا نەدانەوە بەڵام ئەندامانی سەرکردایەتی هەموویان ئەو بڕیارەیان نەدەسەلماند، چەند دەنگێك جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد ئەوانە دوژمنی شۆڕش و کوردن، دەستیان بە خوێنی صەدەها پێشمەرگەو کادری دڵسۆز سوورە، تاوانەکانیان قورسە، ناپاکی هەرە باڵای گەل و نیشتمانن، پێویستە بدرێنە دادگاو سزای رەوای تاوانەکانیان بچێژن. بارزانیش ئەوبۆچوونە ناسەلمێنێت و بەتوندی دەیداتە دوواوە و دەڵێت هەتا چاش بوون وتم دەستیان لێمەپارێزن؟ ئەمڕۆ گەراونەتەوە بڕیاربدەن بە لێبوردن یا لە کوێوە هاتوون هەتا ئەوی رەوانەیان دەکەمەوە، پێتان دەڵێم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کوشتنیاندانیم یا دەستێك لە پەنای ئێمەدا بیانکوژێت و ئۆباڵەکەی بکەوێتە گەردنی ئێمە و ببنە شەهید و قارەمان و پەیکەریان بۆ دروست بکرێت و هۆنراوەیان بۆ بهۆنرێتەوە. هەمووهاتنە سەر قسەکەی، بەکۆی دەنگ بڕیاری لێبوردنیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوان و هاودەنگەکانیان بانگەشەیان دەکرد بارزانی پلانی لە نێو بردنی دەستەی یەکەمی پیادە دەکرد ئەگەر فریای خۆمان نەکەوتباین و خۆمان لە گوللەبارانکردن رزگارنەکردایە. گوێی خۆشیان لە و بەڵگەیە و لە لۆژێك دەئاخنی وەك ئەوەی دەڵێت (بەباڵیش بفرێت هەر بزنە)!

خوێنڕێژێکی سەرکردایەتی سوپای عێراق زەعیم صدیق هەتا بینەقاقای تاوان و نامەردیی بوو کە رۆژی ٩/حوزەیرانی ١٩٦٣لەشاری سلێمانی بەرانبەر هەزاران بێتاوانی کورد،ئەنجامیداو لەمێژووی نوێی کورد و ئەو شارە قارەمان وخۆڕاگرەدا بەرۆژی (مەنعی تەجەولەکە ـ قەدەغەکردنی هاتوچوو) تۆمارکرا. لەو رۆژەدا هەر لە کازیوەی بەیانییەوە هەتا تاریك داهات هەموو جۆرە هاتوچۆیەك قەدەغەبوو، هەر کەسێك سەری لەمال دەربهێنایە دەکوژرا .دووابەدوای تاوانە گەورەکانی لە شار و گوندەکانی سلێمانی، فەرماندەیەکی شۆڕش قۆمیسەر شێخ رەزای گولانی لە دەشتی شارەزوور لە نێوان عەربەت و سەید صادقدا بۆسەی نابووەوە، هێزێکی مامناوەندی سوپای تێدەکەوێت و دووای کورتە بەرگرییەك دوژمن ئالای سپی بەرزکردەوە و خۆیدا بە دەستەوە کە سەرکردەکەیان ((قارەمانە ئازاکەی بەعس)) زەعیم صدیق بوو، زەبوون و کەساس کەوتە داوی کوردەوە بەلام زۆر بەداخەوە بەهەرهۆیەکەوە بوو شێخ رەزای گولانی ئازادی دەکات!! پێدەچێت هۆکارەکە جیاوازیی بەرچاوی پلەی سەربازیی نێوانیان بووە، شێخ رەزائەفسەری دوو ئەستێرەو ئەو تاج و سێ ئەستێرە. هەرچۆن بوو بێت رۆژی تەواو نەبوبوو، دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت.! هەر بۆنموونە پێشەوای فەلەستینیەکان یاسر عەرەفات فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە، سپ و ساغ رزگاربوو! زەعیم صدیق سپلەو پێنەزان بوو، دڕندانەتر شالاوی بۆ گوندو شارۆچکەو شارەکان دەبرد و شوان و گاوان و جوتیاری بێتاوانی دەکوشت و پەتی لە لاقیان دەخست و بە دووای لۆریدا بە شەقامەکانی شاری سلێمانیدا رایدەکێشان بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی خەڵکی خۆڕاگری ئەو شارەقارەمانە کە باکیان لە

قوربانیدان نەبوو .ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەی ناوشار بڕیاری سزادان و تۆڵەسەندنەوەی ئەو تاوانکارە دەدات و پێشمەرگەیەکی ناوەوە (پ. م. ناوشار) برایمی حاجی کەریم ناسراو بە (بلە کەچەڵ) دیاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی . دووانیوەڕۆیەکی ساڵی ١٩٦٣ لەسەر بانی مزگەوتی گەورە، بە دیوی شەقامی کانێسکاندا کە ڕێگەی هاتن و چوونی هێزەکانی سوپا بوو بۆ بنکە سەربازییەکەی سلێمانی (حامیە) لە نزیك سەر چاوەی کانی ئاسکان(گەڕەکی کانێسکان) کە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری١٩٩١تەختکراو بوو بە پارکی ئازادی .هەر ئەوەندەی ماشێنەکەی ئەو تاوانبارە کە لە ناوەڕاستی چەند ماشێنێکی پڕلە سەربازدا دەڕووا، دەکەوێتە مەودای تەقەوە، برایم هەرسیی (٣٠) فیشەکی (غەددارە) کەی دەستی بەسەر ماشێنەکەیدا دەبارێنێت بەڵام ئەمجارەش خوا نەیکوشت.مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا نوسیویێتی ئەو تاوانبارە( پەنای بردبووە بەر میصر، دەستگای پاراستن شوێن و جێگەیی دۆزیبووەوە، لە خانوویەکدا دەژیا بەتەنیشت باخچەیەکی ئاژەڵانەوە و شۆڕش بە ئاسانی دەستی پێیدەگەیشت ئەگەر لەبەر دڵی سەرۆك جەمال عەبدولناصر نەبووایە )ئەمیش وەك چۆن تاوانبارێکی دیکەی دوژمن بە کورد لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە دەستەڵاتێکی زۆرەوە بەردرابووە گیانی لاوان بەتایبەتی و ئۆپۆزسیۆن. مولازم موحسین ئەفسەرێکی دوو ئەستێرەی هێزێکی تایبەتی بوو بە ناوی فریاکەوتنی بەپەلە (قوة طواریء) بنکەو بارەگای تایبەتی هەبوو بە دەستەڵاتی سەربەخۆوە و لە ژێر فەرمانی هیچ کاربەدەستێکی سلێمانیدا نەبوو، ئەویش ئەوەی نەدەشیا لە گرتن و ئەشکەنجەو کوشتن و بێسەرو شوێنکردنی دانیشتووان و تۆقاندن و ڕاونان کردی، زۆر کەس دەیوت ئەم کابرایە زیانی بۆ ڕژێم زۆرترە وەك قازانج، پۆل پۆل دانیشتووانی شار بە تایبەتی لاوەکان دەچوونە دەرەوە و چەکیان بۆ لایەنێکی گۆڕەپانەکە هەڵدەگرت و زۆرێکیش ناسنامەیەکی سووکەڵە هێز (القوات الخفیفە)ەی پەیدا دەکرد، بەڵام هەموو کاتێك فریایان نەدەکەوت. ئەمیش وەك زەعیم صدیقەکەی هاوخوێن و هاوبیری بەرنەدەکەوت، چەندین پلانی تۆکمە و بوێری بۆ دانرا، تێدەکەوت بەڵام بەر نەدەکەوت، تەنها جارێك نەبێت لاقێکی زامدار بوو.. سێ پێشمەرگە( خالید و براکەیی و یەکێکی دیکە لە ژوورێکی خانوویەکدا لە گەڕەکی (وڵووبە) ی باشووری سلێمانی هەتا شەهید بوون بەرگرییان کردو زیانی بەرچاویشیان بەدوژمن گەیاند کە جگە لە کوژراو یەکێك لە بریندارەکانیش موحسینی تاوانبار بوو. دەستگیرانەکەی خالیدیش گیراو کەوتە بەر دەست ئەو گورگانە و هەتا ماوەیەك لەبەشی ئافرەتانی زیندانی سلێمانی بوو لەگەڵ هاوسەرێکی محەمەدی حاجی مەحموودا. ئەو پلانە زۆر تۆکمە داڕێژرابوو ئەگەری سەرکەوتنی زۆر بوو،پێشمەرگەکان کاسێتێکی تۆمارکراو بەبانگەوازی شۆڕش و سروودی نەتەوەیی و هەڵبەستێکی شێرکۆ بێکەس لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە پەخشدەکەن و خۆیان لە دەوروپشتی مزگەوتەکە دادەمەزرێن . دیارە ناوچەکە بەکرێگیراوی میریی تێدابووە و زانیارییان ناردووە، دوای نیوسەعاتێك هێزەکەی (ملۆزم موحسین) بەچەند پیکابێك بەپرتاو دەگەنە شوێنەکەو وایاندەزانی پێشمەرگەکان لە ژووری مزگەوتەکەدان و بانگەواز و هۆنراوە دەخوێنندەوە و بە بڵندگۆ پەخشیدەکەن.

پلانێکی دیکە بۆ لەنێوبردنی موحسین کە لە نیزیکەوە ئاگاداریم بەمجۆرەیە: ڕۆڵەیەکی چاونەترسی سلێمانی عەلی موحەممەد مامە فەرمانبەربوو لە کۆمپانیای ئەفەریقایی (الشركة الافريقية) لەگەڵ (بەکر

عومەر)ی خوشکە زایی و ((یاسین حاجی سەعید)) ی برازای و مامۆستا سەلام مەلا ئەورەحمان.[١٨٠] کاك عەلی لێپرسراوی چالاکیە کە بوو، دوو کەسی کوردیان لە پاسەوانەکانی موحسین (ڕاکێشابوو) بەپێی پلانەکە یەکەم دەست گرووپەکە بیوەشێنن ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا ئەنجامنەدرا، ئەو دوو پاسەوانە کە موحسین پشتی پێدەبەستن کارەکە ئەنجام بدەن. رۆژێك دێن بە کاك عەلی دەڵێن ئێمە لە دەرەوە پاشەڵمان پیسە و ناسراوین خۆ دووای ئیشەکە هەربگەینە ئەو دیو ئەزمڕ پێشمەرگە دەمانکوژن، پێویستە بەڵگەنامەیەکمان پێ بێت دەست نەهێننە ڕێگەمان. بەڵگەنامەی فەرمی بە مۆرەوە وەردەگرن ئەمجارە یەکێکیان کە بە (ف . ر) ناسرابوو دێتەوە و دەڵێت پێدەچێت لە ئەنجامدانی کارەکەدا ئێمە گومانمان نەکەوێتە سەرو پێویست نەکات بچینە دەرەوە، هەر لە شار دەمێنینەوە بۆ کاری دیکەش، بەڵام موحسین بکوژین چەکی هەموومان کۆنترۆل دەکەن بۆ یە چاکتر وەهایە بە چەکی خۆمان نەیکەین دوو پارچە چەکمان بدەنێ، ئەوەشیان بۆ کرا و بەڵگەی تەواو کەوتە دەست دوژمن و هەموویان دەستگیرکران،دیارە ئەو دووانە پێشترموحسین ئاگادار دەکەن و ئەو ڕێوشوێنەیان بۆ دادەنێت بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرو دووشایەت تاوانباریان بکات. سەرەتا فەرمانی خنکاندنی هەر چوار یان دەرچوو، دوواتر کرا بە زیندانی هەتاهەتا.. موحسینیش رۆژی بە دەستی کورد تەواو نەبوو وەك بیستوومە کۆتایی سەدەی رابردوو ١٩٩٩ -٢٠٠٠ لە یەکێك لە سینەماکانی بەسرا کوردێك بە دەمانچەیەکی بێدەنگ تۆڵەی لێکردۆتەوە.بەڵام دڵنیانیم تاچەند راستە. مەسعود بارزانی لە کتێبە بە نرخەکەیدا نووسیویەتی تاوانبار زەعیم صدیق مان لە قاهیرە دۆزییەوە لە خانوویەکدا دەژیا بە تەنیشت باخچەیەکی ئاژەڵەوە، بەسزا گەیاندنی زۆر ئاسان بوو، بارزانی ڕێگەی نەدا، نەبا سەرۆك عەبدولناصری دۆستی کورد نیگەران بێت.

بارزانی بەسەر دوژمندا رانەدەبورد، بەڵام هەرگیز بیری لە کاری ترسنۆکانەو ململانێی ناجوامێرانە نەکردۆتەوە، شۆڕش سزای کەسانێکی بەرەی دوژمنی نەداوە ئەگەر راستەوخۆ دەستیان بە خوێنی کورد سوور نەبووبێت، پەنای بۆ کاری تیرۆریستی نامەردانە نەبرد دژی دوژمنەکانی وەك دانانی بۆمب و تەقەمەنی لە شوێنە گشتییەکان وەك هۆڵی سینەما، چایخانە، چێشتخانە و ئوتێل و پاصە گشتییەکان و فەرمانگەکانی میریی کە هەمیشە ژمارەیەکی زۆر بێتاوان دەبنە قوربانی، شۆڕش بە زیانێکی کەمیش دەستی دەگەیشتە ماڵی بەرپرسە تاوانبارەکانی دوژمن و لە هەلی رەخساودا خێزان و زارۆکیان بفرێنن یا بکوژن. هەتا ئەم ساتەش نەدوژمنان و نە ئەوروپا و نەڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پەڵەیەکی رەشیان لە فایلی خەبات و شۆڕشی کورد دا نەدیوە و بۆتە یەکێك لە شانازیەکان و خاڵە پرشنگدارەکان بۆ کورد بەتایبەتیش ئەمرۆ پارلەمانتارانی کورد لە بەغدا لە پەراوێزی رووداوە دڵتەزێنەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراقدا کە رۆژانە روودەدەن و تادێت خوێنڕێژتر و کاولکارتر دەبێت و هەموو لایەنە رامیارییی و سەربازییەکانی سوننە و شیعە کردوویانەتە کاری رۆژانە دژی یەکتر و دژی کوردو کلدو ئاشۆریەکان و سوپای بێگانە لە عێراق و بەرپرسانی دەوڵەت و بەشی هەرە زۆری قوربانیەکانیش ئەگەر نەڵێم هەمووی بێتاوان و چینی رەش و روت و بێ پشتیوانەکانن... کورد بە گشتی و لێپرسراوانی کورد و پارلەمانتارەکان لە بەغدا هەموو رۆژێك و لەگەڵ هەموو تەقینەوەیەکدا زۆر بە شانازی و هەمان کات بە ناسۆریشەوە

بەسـەر عارەبەکانـدا دەشـکێنەوە و هانیانـدەدەن ململانـێ دەبێـت مەردانـەبێت نـەك ترسـنۆکانە و بـێ مرووەتانە. دووابەدووای دووبەرەکیەکەی ساڵی١٩٦٤ی نێـوان پۆلـەتێك بـیرۆی پـارتی(م .س) و بـارزانی مستەفا، سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش هەستیان بە وەکـرد شـۆڕش پێویسـتی بـە دەزگایـەکی هـەواڵگری هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی باشووری کوردستان بە تایبەتیش لە نێو عێراقـدا، ئەمـە بـەر لـەوەی بارەگـای باڵای سەرکردایەتی شۆڕش (بارەگای بارزانی) لە ١٩٦٦دا دابمەزرێت. ئەگەر بە هەڵـەدا نەچم مەسـعوود بارزانی یەکەمین پۆستی لێپرسراوێتی لە سەرکردایەتی شۆڕشدا ١٩٦٧ وەردەگرێت وەك بەڕێوەبەری یەکێك لە دوو هێڵە سەرەکییەکەی هەواڵگریی شۆڕشی ئەیلوولی مـەزن بـە هاوکـاری شـەکیب، هاشـم ئـاکرەیی، حەمەی عەزیز کە دوواتر لەگەڵ هێڵی یەکەمدا یەکخران و دەزگا کارامەکەی پاراستنی شۆڕش (پاراسـتن) ی پێکهێناو هەر مەسعوود بارزانیش بوو بە یەکەمین بەڕێوەبەری دەسـگا گـرنگ و چـالاکەکەی شـۆڕش و وەك خۆی دەڵێت پاراستن ١٩٦٧ دامەزراوە بە هاوکاری شەکیب، حەمەی عەزیز، فرانسۆ هەریری و فاخیر میرگەسووری و شەهید ئیدریس بارزانی پۆستی دەزگـای جـەنگ (بـیرۆی سـەربازی) شـۆڕش وەردەگرێت. خەیروڵڵا تەلفاح کابرایەکی توندڕەوی کەللەڕەق و مێشك پوتی عارەبە شۆڤێنیستەکان بوو ناحەزو دوژمـن بە هەموو گەلانی ناعەرەب و هەموو سنوورەکانی شۆڤێنزمی عارەبی بەزاندبوو دەقە پیرۆزەکانی وەك (أنما المؤمنون أخوة لا فرق بين عربي و أعجمي الا بـالتقوى) بـە مانـای ئیمانـداران بـران، عـارەب و ناعـەرەب مەگەر بە خوا پەرستی جیابکرێتـەوە. خـەیروڵڵا ئـەو دەقـەی بـە جـۆرێکی دیکـە لێکدەدایـەوە و دەیـوت مەبەست لەوە نییە کورد و فارس و تورك و ئەفغان... هتد لـە ئاسـتی عارەبـدان. لـەو بـاوەڕەدام هێشـتا لەکرۆکی باسەکە دوورناکەومەوە ئەگەر ئەم گێڕانەوەیەی مەسعوود بارزانیش لەو رووەوە بخەمە بەرچاو:

(تۆڕێکی دەسگای پاراستن لە بەغدا ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ چاندنی بۆمبێك لە ماڵی خـەیروڵڵا تـەلفاح خاڵ و خەزووری صەددام حوسین و باوکی عەدنان خەیروڵڵای خاڵۆزای صەددام و وەزیری بەرگری عێراق، بۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدیی بارزانی،مەسـعود بـارزانی زۆر بـە گـەرمیی ووردەکارییـەکانی چـالاکیەکەی بـۆ ڕووندەکاتەوە و چاوەڕوانی دەستخۆشی و ئافەرین دەکات بەڵام (بابی مەزن) دەپرسێت ئـافرەت و منـداڵ و بێتاوان بەرناکەون ؟ لە وەڵامدا دەڵێت نەوەڵڵا! دە چاك گوێ بگرە نەك ئێسـتا دووای منـیش نەخەڵـەتابن تۆڵەی تاوانباران لە ماڵ و منداڵیان بکەنەوە، بڕۆن ملی تاوانبارەکان بگرن و بە سزای ڕەوایان بگەیەنن.)

## ١١- شایەك بێ تاج و وڵاتێك بێ سنوور و دەوڵەتێکی بێ ئاڵا :

ئەوە کوردستان و بارزانی و دەسەڵاتی شۆڕش بوو هەر چـەندە دەسـەڵاتێکی ـ قەوارەیـەکی دان پێـدانراو نەبوو وەك فەلەستین و یاسر عەرەفات بەڵام پڕ بە پڕی مانای دەوڵەتێك لـە نێـو دەوڵەتێکـدا، دەوڵـەت بـوو تەنها ئاڵا و دراوی ناسراوی نەبوو ئەگینا فەرمانڕەوایی بەشێکی بەر چاوی باشووری کوردسـتانی دەکـرد و دامودەزگای بەڕێوەبردنیشی دامەزراند و هەر دەستەڵاتی سوپا و ئاسایش و ئابووری و پەیوەنـدی دەرەوەی لە بەغدا نەسەند بوو، شۆڕش و دۆزی کوردیشی ئاخنیە هەگبەی ستراتیژایەتی دەوڵەتانی ئێـران، تورکیـا، عارەب بەگشتی و عێراق و سوریا بەتایبەتی و ئەمجا ئەمەریکا و سۆڤێت و بەریتانیا و ئیسرائیل و پـەیتا پەیتا نوێنەریان دەهاتنە دیدەنی سەرکردایەتی کورد هەر بۆ نموونە (یەڤگینی بریماکۆڤ) بـاڵوێزی سـۆڤیەت

له بەغدا //١٩٧٠/١/٢٩ – ١٩٧٠/١/٣١ بە سەردانێكی فەرمی میوانی سەركردایەتی شۆڕش بوو، نامەیەكی سەركردایەتی سۆڤێت ((كرملین))ی بە بارزانی گەیاند پەیوەندی بە رێككەوتنی بەغداو شۆڕشەوە هەبوو). سەرۆك كۆماری عێراق، ئەحمەد حەسەن بەكر دەچێتە فەرەنسا بەو نیازەی سەرۆك دیگۆڵ فرۆكەی جەنگیی فەرەنسایی جۆری میراج یان پێ بفرۆشێت (رینیە مۆریس ((رینێ مۆریس))ی رۆژنامەوان و دۆستی كورد، كامەران بەدرخان ئاگادار دەكات و ئەویش گورج هەواڵەكە دەگەێنێتە بارزانی. بارزانی نامەیەك بۆ سەرۆك دیگۆڵ دەنێرێت، تكای لێدەكات چەك بە عێراق نەفرۆشێت، ئەویش مەردانە راست و چەپێك بەسەر داواكارییەكەی عێراقدا دەهێنێت چونكە فەرەنسا نایەوێت ببێتە هۆی چەندانەكردنی لێقەوماویی كورد و كوشتنی ئافرەت و زارۆكیان، عێراقیش پێویستە كار بۆ چارەسەرێكی ئاشتیانەی كێشەی كورد بكات و چارەسەری سەربازی بخاتە لاوە، ئەوكاتە ئێمەش ئامادەین چەكی بدەینێ. بەكر دەست بەتاڵ گەڕایەوە (ناشزانێت بە هۆی نامەی بارزانییەوەیە)، دواتریش سەرۆك دیگۆل بە رۆژنامەوان رینێ مۆریس دەڵێت: (خۆ بینیت چۆن بە دەنگ تكای هاورێكەتەوە چوم (مەبەست بارزانییە) و رێگام لە گرێبەستەكە گرت)[١٨١] سەركردایەتی شۆڕش بە دەستپێشخەری بارزانی و ناووناوبانگی بڵاوو پەیوەندییە فراوانەكانییەوە بە چەند هەنگاوێكی سەركەوتوو تا رادەیەك دۆزی كورد لە قاوغە داخراوەكە رزگار دەكات سەرانی چەندین وڵاتی هێنایە سەر بارێك نەك هەر لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە، لە روانگەی مرۆڤایەتیشەوە لە كێشەی كورد بڕوانن، ئەنجامەكەشی رووناكییەكی نێودەوڵەتی شەرمنانە كەوتە سەر دۆزی كورد ئەگەر چی كزیش بوو، گەلانی دوورو نێزیكیش بە تەمەڵی و خاوە خاوێكەوە جارجارە لاچاوێكیان دەكردە كورد، لە ناوەوەش شۆڕش بووە قیبلەی ئاواتی هەموو كورد پەروەرانی كوردستانی گەورە و چاوی هیوایان تێدەكرد، دەستەلاتی شۆڕش دەستەلاتی دەوڵەتێكی كورد بوو لە نێو دەوڵەتێكی عارەبدا، شۆڤێنزمی عارەب كە بارەیان لێهەستا بوو ئەوە ئیسرائیلی دووەمیش دامەزرا، دان پێدانێكی تاڵ بوو بەو راستیەدا، بەلام بەدەست (هەردوو ئیسرائیلەوە) دەستەپاچە و داماو بوون بەلام خوا هەڵناگرێت لە هاوارهاوارو قیژو قیژە دەهۆڵ لێدان و كۆبوونەوە بێ ئەنجامەكانی سەرۆكەكانیان و رژانە سەر شەقامەكان و بژی و برۆخێی زارەكیی و سوتاندنی ئاڵای ئیسرائیل هیچ نەتەوەیەك بە تۆزی پێیاندا ناگات. ئۆباڵ بە گەردنم! بارزانی مستەفای سەرۆكی كورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك سەرۆكێك مامەڵەی لە تەكدا دەكرا و لە زۆر بابەتدا ناچار بوون بیخوێننەوە و كاریان دەكەوتە دەستی و داوای راوێژ و هاوكارییان لێدەكرد (١٩٦٥/٩/٢٩ مەحموود بابان دوو نامە بۆ بارزانی دەهێنێت یەكێكیان لە شا حوسەینی ئوردونەوە و دووەمیان لە حكومەتی بەریتانیاوە لە بارەی پلانی كۆدەتایەكی سەربازییەوە گرووپێك ئەفسەری پایە بڵند و نەیاری رژێم ئەنجامی دەدەن بە كۆمەكی و هاوكاری هەردوو دەزگای هەواڵگری ئوردون و بەریتانیا و رووی راوێژكردن و هاوكاریش لە بارزانی دەكەن ئەگەر بە پەسەندی دەزانێت)[١٨٢] لەم نموونەیەدا ئاشكرا دەردەكەوێت پەیوەندییەكانی سەركردایەتی كورد بە دەوڵەتانی ناوچەكەو زلهێزەكانیشەوە لە جۆری پەیوەندی ئەو سەركردانە نەبوو فەرمانیان لە دەرەوە بۆ دێت و لە سەریان پێویستە پەیڕەوی بكەن، نەخێر سەركردایەتی كورد خاوەنی بڕیاری خۆی بوو هاوكاری دەكات یا

نایکات تەنانەت دەیتوانی هەر هەوڵێکی لەو جۆرەش پوچەڵ بکاتـەوە، حـەز دەکـەم لەمـەڕ سـەربەخۆیی بڕیاری سەرکردایەتی کورد چەند نموونەیەکی دێکەش بخەمە بەردەست:

ئا ـ **لە نێوان ئیسرائیل و عارەبدا :** لە ململانێی ئەو دو لایەنەداو خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگەکەی نێوانیان لە١٩٦٧دا,دوور نەبوو بارزانی پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی ئیسرائیل وهاوپەیمانە ستراتیژیەکانی ئێران وئەمەریکا وهەموو ئەوروپا بەگشتی، هێزێکی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی عارەب بنێرێتە بەرەی شەرەکە ئەگەر وتارە هەڵەشەکەی مەحموود عرێم ی فەرماندەی سوپای هێزەکەی عێراق نەبووایە.

بـێ ــ لـە نێـوان ئێـران، ئەمـەریکا و ئیسـرائیل لـە لایـەك و عێـراق و بلـۆکی خۆرهـەڵات لـە لایـەك، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دژی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و هەنووکەییەکانی لایەنی یەکەم لەگەڵ عێراقـدا ڕێککەوت و پەیمانی ١١/مارتی ١٩٧٠ ی مۆرکردو هەر پرسیشی پێنەکردن.

جیم- بەرامبەر رژێمی بەعسی عێراق و جەلالییـەکان لـە سـەرەتای گەرمـەی ئاشـتیی نێـوان بەغـدا و شۆڕش و ئاهەنگ گێران و شادی دەربڕین بە بۆنەی ئاشتیی و کوژاندنەوەی ئاگری شـەڕو ئـەو دەسـتکەوتە مەزنەوە هێزی جەلالییەکان چقلێك بوون لە چاوی پارتی و سەرکردایەتیی شۆڕشـداو رژێـم دەسـتبەرداریان نـەدەبوو، وەك کـارتی گوشـار خسـتنە سـەر شـۆڕش لـە دانوسـتاندنەکاندا بەکاریـدەهێنان و صـەددام بـە ڕاشکاوی بە بارزانی مستەفادەڵێت ئەوانیش لـە گۆڕەپانەکـەدان و هێـزێکن و جـەماوەری خۆیـان هەیـە و نوێنەری بە شێکی گەلی کوردن لە عێراق. سەرکردایەتی شۆڕش ئەیلوول ئـەو کارتـەی لـە دەسـت صـەدام حسێن دەرهێناولە هێرشێکی کتوپڕو بەربلاوەدا هێزەکانیان تارو مـار کـردو و سـەرکردایەتی عێراقیـان بـە حەپەساوی خستە بەردەم کاریکراوـ دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) و بەکر و صەددام لە هاورێکانیان پتر نیگەران و تووڕەبوون و نامەکانیان لە پاڵ رەخنە و گلەییدا هەڕەشە ئـامێزیش بـوو (ئێمـە پـەیمانی ئـاگر بەسـتمان مۆرکردووە، ئەوانیش هێزێکی نیشتمانین و بڕاتانن و پاراستنی هەموو هاوڵاتیـانیش لـە ئەرکەکانمانـە...) سەرکردایەتی شۆڕش دەستی خۆی وەشاندبوو،بەمجۆرە وەڵامیان دایەوە (ئاگر بەستمان تەنها لەگـەڵ ئێـوەدا کردووە کە دۆستی لەگـەڵ دوژمنمـان نـەکردووە، هـەر لەسـەر داواکـاری ئێـوەش فـەرمانی گردەبڕمـان بـە هێزەکـانی پێشـمەرگە داوە دەسـت بگرنـەوە) بەغـدا هەرچـەندە جەلالییـەکانی بـەلاوە مەبەسـت بـوو، دەستبەرداریشیان نـەدەبوو بـەڵام نـەدەکرا قۆنـاغی ئاشـتیی و هێمنـیش بخاتـە مەترسـییەوە، بـە ناچـاری چەکیکردن هـەر چـەندە لـە بـار دڵـی سـەرکردایەتی بـەعس زۆر قـورس بوو،بـە بێمروەتیشـیان دەژمـارد، زیانەکانیشی بە رێگاوە بوون و تای تەرازووی شۆڕشی کوردی قورستر دەکرد.

لێرەدا بیرم بۆ (شتێك) دەچێت، صەددام هەر لە سەرەتاوە پەیمانی ئاشـتیی وەك هـەنگاوێکی تاکتیـك و کاتیی مۆرکرد و راستگۆ و پاکنیاز نەبوو، پلانێکی ترسناکی بەدەستەوە بـوو (١٢/١/١٩٧٠ فەرمانـدەی لیوای دووی سوپای عێراق بە برووسکەیەکی پەلە بارەگای بارزانی ئاگادار دەکات صـەددام لـە ڕەوانـدزە و دەیەوێت دیدەنی بارزانی بکات) هەرچەندە صەددام لەو جۆرە سەردانە کتوو پڕانەی دەکرد، جارێکیـان بـێ

پێشینە لە فرۆکەخانەی قاهیرە دادەبەزێت و تەلەفوون بۆ سەرۆك کۆماری میسر، حوسنی موبارەك دەکات، هاتووم بۆ دیدەنیت، ئیستا گەیشتین.. موبارەك دەحەپەسێت زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت، بڕوا بە خۆی ناکات هەتا دەستەیەك دەنێرێت و دەیانهێنن بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی... بەلام ئەمجارەیان جیاواز بوو، هێزێکی کۆماندۆی زۆر تایبەت مەشقی زۆر چاکیان پێکرابوو بۆ چالاکییەکی زۆر گرنگ لە شوێنێکی ئامادەکراودا وەك شوێنی راستەقینەی ئەنجامدانی چالاکییەکە و خودی خۆشی سەرپەرشتی دەکرد و بگرە هاوبەشی جێبەجێکردنیشی بوو وەك ئەوەی دووای کۆتایی کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانیدا و گەڕانەوەی بۆ بنکەیەکی سەربازیی دیاریکراو لە ونزیکانە، هێزە تایبەتەکە لە تاریکی شەودا پەلاماری بارەگای بارزانی بدەن. لە قسەکانیشیدا ئاماژە بەوە دەکات پارتی بەعس و سوپاکەی بە هێزن و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەر دوژمنێکیان هەیە بەڵام ئێمە لەوپەڕی هێزو تواناشدا هەر ئاشتی هەڵدەبژێرین لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆمان و بەشێك لە عێراق گەر رێگەی ئاشتیمان لەگەڵدا بگرن... بارزانی بەو قسانەدا کە بۆنی هەرەشەی لێدێت و سەردانە کتوپڕەکەو گەیشتنی هێزێکی (نامۆ) ش لەو رۆژانەی دوواییدا بە ناوچەیەکی تا رادەیەك نێزێك لە بارەگای بارزانی و لە خاڵێکی دیاریکراودا مۆڵیانداوە وەك کەرتەکانی دیکەی سوپای عێراق کە شۆڕش جگە لەو هێزە نامۆیە، زانیاری تەواوی هەبوو سەر بەکام تیپ، لیوا و فەوجێکن! گرێدانی ئەو هۆیانە پێکەوە بارزانی دەخاتە گومانەوە، کات بە فیڕۆ نادات بە بیانووی نوێژەوە صەددام جێدەهێڵێت و عومەر ئاغای دۆڵەمەری بانگدەکات و بەکورتی فەرمانێکی بچووکی دەداتی بۆ کارێکی گەورە و گرنگ (عومەر، بەر لە نوێژی بەیانی ئەو هێزە لەو ناوە نەمابن.) عومەر بە پەلە بە هێزێکەوە دەجمێن.. سبەی کە خۆر دەردەکەوێت هێزەکە نەمابوون، بەڵام چۆن و چی روویدا، ئاسمان هەڵیکێشان یا زەوی قوتیدان؟ فرۆکە جەنگییەکانی رژێم دەکەونە سۆراخیان بەڵام بێهوودە بوو، شوێنەواریکیان دیار نەمابوو، تەنانەت لاشەیەك، پارچە چەکێك، خوودەیەك، پۆستاڵێك!! دڵنیام لێپرسراوێکی بالای شۆڕش یا فەرماندەیەکی سوپای عێراق رۆژێك ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەن، دڵنیام مەسعوود بارزانی بەر لە عومەر ئاغای دۆڵەمەری پێشمەرگەی دڵسۆزی بارزانی مستەفا لە هەردوو شۆڕشی ١٩٣٢ و ١٩٤٥ی بارزان و سەردەمی مەهاباد و داستانی رووباری ئاراس و یازدە ساڵی ژیانی دەربەدەری سۆڤێت و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیش لە نێزیکەوە و راستەوخۆ ئاگاداری ووردەکارییەکانی ئەو داستانەیە کە بەشبەحاڵی خۆم لە داستانە هەرە بە نێو بانگەکەی هەندرێن داستانترو مەزنتر دەیخوێنمەوە بەڵام لە کتێبە بە نرخەکەیدا کە گرنگترین و باوەڕپێکراوترین مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە هەتا ئەمرۆ بڵاوکرابێتەوە، ئاورێکی لەو ((موعجیزەیە)) نەداوەتەوە.

## دال ـ لە نێوان مەسعوود بارزانی و یاسر عەرەفات و دو دوژمنی جیاوازدا:

مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کتێبە ناوازەکەیدا کە گرنگترین سەرچاوەی مێژوویی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە هەتا ئەمرۆ لەبەر دەستدا بێت، لە میانەی یەکەم سەردانیدا بۆ بەغدا دووای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك کۆمار و صەددام و گەورە بەرپرساندا نۆرە دێتە سەر جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق لیواروکن حەسەن عەلی صابر (حەسەن سکراب) و بە

نابەدڵی سەردانی دەکات (پێشوازییەکی ساردی کردین و یەکسەر برووسکەیەکی خستە بەردەستمان لە سەرکردایەتی مەیدانەوە هاتبوو، نووسراوە یاخییەکان (مەبەستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردە ن.ك) هێشتا باج لە ماسیگرەکان دەستێنن) مەسعوود بارزانی دەڵێت ئێمە بۆ جەژنە پیرۆزە هاتووین نەك ئەمە بخەیتە بەر دەستمان، ئەفسەری پەیوەندیمان هەیە لە کەرکوك، دەتوانن پەیوەندی پێوەبکەن (کەرانەو دوور لە رێورەسمی میوانداری. ن.ك) دەڵێت هەیهای دەوڵەت لە نێودەوڵەتدا، نەخێر فەوجێك دەنێرم ئەو یاخییانە پەلبەست بکات سەرپێچی یاسا دەکەن)[١٨٣] مەسعوودبارزانی وەك هەمیشە بێگەرد (شەففاف) و راستگۆ لەگەڵ خۆیی و جەماوەردا هەق ناکات بە ژێر لێوەوە شوولێکی تەڕ لە سەری لوتی دەدات و دەڵێت (پەشیمانم لە هاتنەکەم، مامۆستا صالح یوسفی جۆرێکی دیکەی تێگەیاندم، ئێستە بۆم دەرکەوت فرت بە کاروباری دنیاوە نییە و لە گوێی گادا نووستووی، نەك فەوجێك، لە شکرێکتان بە بەکرێگراوو جاشی شەست و شەشەوە نارد هەر سەر شۆریتان بۆ مایەوە، چاك بزانە ئێمە نوێنەری شۆڕشێکی مەزنین، منیش ئەفسەرێك نیم لە ئەفسەرەکانت)[١٨٤] وەبیر خوێنەری هێژای دەهێنمەوە سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستینیش تووشی هەڵوێستێکی وەها بوو لە دووا رۆژەکانی ژیانیدا لەگەڵ بالا بەرپرسانی ئەمەریکا و جوولەکەدا، کە بەنیاز بوون وەك حامید کارزای سەرۆکی دەستەمۆی ئەفغانستان بیخەنە ژێربارەو، بە هەمان هەڵوێستی (دوژمن تەزاندن)ەکەی مەسعوود بارزانییەوە دەڵێت من سەرۆکی دەوڵەتێکم، حامید کارزای نیم! عەرەفات سەرومڕ خۆیی و فەلەستینی گرێدابوو بە عارەب و سۆڤێتەوە، لەگەڵ بلۆکی خۆرئاوادا جگە لە فەرەنسا، پەیوەندی دۆستانەی نەبوو، هەر نەبێت بەرووکەش و سەرزارەکی. بارووددۆخی کوردستانی باشوورو فەلەستین زۆر زۆر جیاواز بوو، بەراوورد نەدەکرا، ئەوەی بۆ ئەوان دەکرا، یەك لە صەدی بۆ کوردستان نەدەکرا هەر بەو هۆیەشەوە سەرکردایەتی شۆڕش بەرنامەی رامیاری و پولەتیکگاری خۆی لەسەر بناغەی پەیوەندی هاوسەنگ بە چمکە دژەکانی یەکتر و ئایدیا و ستراتیژە جیاوازەکانەوە داڕشتبوو، پەیوەندی لەگەڵ هەموویاندا دامەزرێنێت و ئەوەندەی بتوانرێت کەلك لە ناکۆکییەکانیان وەربگرێت، چین و کووبا و هەردوو بەشەکەی کوریا و ڤێتنام و جەزائیر و هندستان و پاکستان و ئەو جۆرە رژێمانەی لێدەرچێت کە هەرگیز ئاورێکی دۆستانەیان لە کورد نەدایەوە و نەیاندەویست هیچ پەیوەندییەك نەك لەگەڵ شۆڕشدا، لەگەڵ رێکخراوێکی کوردزمانی پیشەیی، کولتووریی، زانستیشدا دابمەزرێنن، جگە لە کۆریاری باشور ئەوانیدیکە ئێستاش هەمان هەڵوێستیان هەیە. سەرکردایەتی شۆڕش پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا و سۆڤێت، ئەورووپای خۆرهەلات و خۆرئاوا، عارەب و جوولەکە، ئێران و عێراقەوە هەبوو بلانسی پەیوەندییەکانیشی راگرتبوو، سەربەخۆیی شۆڕشی لەدەست نەدا، بە کورتی و بەکوردی شۆڕش ناچار بوو لە پێناو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا دەست بداتە دەستی ئەهریمەن و وەك ئەو دەوڵەتانە (سیاسەت بکات) کە لەسەر بناغەی بەرژوەندی تایبەت یا هاوبەش دامەزراوە. پێچەوانەی خواستی عارەب پیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو، هەمانکات پەیوەندی دۆستانەی بە پێشەوای عارەب جەمال عەبدلناصر، شا حوسەینی ئوردن، پێشەوا موعەممەر قەززافی لیبیا و میرەکانی کوێت و میرنشینەکانی کەنداویش لە ئاستێکی باشدا بوو. ئێران (دۆست) هەرەنێزیکی شۆڕش بوو، دوژمنی

سەرسەختی عێراقیش بوو، سەرکردایەتی شۆڕش لە پشت شاوە لەگەڵ صەددامدا ڕێککەوت و تەرازووی هێزو بەرژەوەندییە نیو دەوڵەتییەکانی ناوچەکەش بە زیانی ئێران و ئەمەریکا گۆڕانی بەسەرداهات. سەرکردایەتی کورد (سیاسەتی دەکرد) بەو شێوەیەی کەئەوان دەیانکرد، بەرژەوەندی بەر لە هەموو بنەماکانی کۆمەڵگای مرۆڤایە تییە (گەورە ئاو دەڕێژێت و منداڵ پێی لیدەخەن) یەکەمین ڕۆژی دووای مۆرکردنی پەیمانی مارت ١٩٧٠لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغدادا، بارزانی چوو بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی شای ئێران و کورد وتەنی(سمێڵی بۆ دەتاشێت و ئاوێنەکەشی دەداتە دەست)، دووابەدووای ئەوەش چوو بۆ ئیسرائیل)،[١٨٥] ئەوە ئەو سەردانەیە کە بارزان تکریتی باسیدەکات (مەلا مستەفا لە فرۆکەخانەی بنگۆریۆن دابەزی، ژمارەیەك وەزیر و لێپرسراوی پایە بڵند لە پێشوازیدا وەستا بوون، مەلا مستەفا چاوێکی پێداگێران و دەپرسێت: داوود دیار نییە؟)[١٨٦] داوود هاوڵاتییەکی ئاسایی و دۆستێکی دێرینی بارزانی بوو، پلە و پایەکی فەرمی لە دەوڵەتدا نەبوو، بەڵام بارزانی ئەو دۆستەی بەلاوە گرنگتر بوو لە لێرسراوانی دەوڵەت! هەر چەندە پەیوەندی نێوان شۆڕش و ئیسرائیل لە سەرەتادا هەرگومان و دەڵێن دەڵێنی بێ بەڵگەبوو، بارزانیش بێباك بوو چونکە دەیزانی تاکە سەرکردەی موسوڵمان و یەکەم سەرکردەیان نییە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت و دووا سەرکردەش نییە و پێشەواکانیش وەك تاك و تەرای کەسانی سادەی نێو کۆمەڵ ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوڕێ و دۆستدا جگە لەوەش شۆڤینییە عارەبەکان و موسوڵمانە رادیکاڵەکان بە چ هەقێك بوونەتە دەمڕاستی کوردو دەبێت بە پێی خواست و ئارەزووی ئەوان دۆستایەتی یا دوژمنایەتی ئەم یا ئەو دەوڵەت بکات یا ئەوەتە ئەوەی بۆ خۆیان حەڵاڵە بۆ گەلی کوردە بێکەس و پشتیوانەکە حەرامە و وەك هەتیوی جەژن هەر تەماشای دەمی چەورو بەرگی ئاڵ واڵای ئەوان بکات وبە دڵی شکاو وچاوی پڕ فرمێسك و سکی برسییەوە یا کورد وتەنی قەل بەقەل دەڵێت بۆ ڕەشی؟ باشە خۆ یەکێتی سۆڤێیەتە هەڵوەشاوەکەی قەڵای ئاشتی و پشتیوانی گەلانی چەو ساوە و دۆستی ڕاستەقینەی مرۆڤ کە عارەب و بە تایبەتیش حکومەتەکانی میصر، سوریا و عێراق کردبوویانە دۆست و پشتیوان، هەر ئەو سۆڤیەتە یەکەمین دەوڵەتی ئەم سەرزەمینە بوو دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێت و لەو (هەنگاوە پێشکەوتنخوازو مرۆڤـ دۆستانەو پشتیوانیکردنی گەلانی چەوساوە و داگیرکراوو زەبوون کراودا) پێش ئیمپریالیزمی جیهان کەوتن و شەرمەزاریی ئەوکارە چەپەڵەیان دەرهەق گەلی فەلەستین، هەزار جار ڕووی بەریتانیا و پەیمانی (بلفور) ی سپیکردەوە. پێشینان جوانیان وتووە ئەوەی بەکەر ناوێرێت بە کورتان ڕەپەرەپێتی. خۆ سەرکردەکانی عارەب لە ژێر پەردەو بە ترس و شەرمەوە هەوڵیاندەداو هەریەکەیان لە چەند کەناڵێکی نهێنییەوە خەریك بوون هەتا زووە سەرەداوێك لەگەڵ جوولەکەدا گرێبدەن و کێ بەرکێیان دەکرد کی زوتر پەیوەندییەك دابمەزرێنێت و بڵێت بەڕێزان ئێمە کارمان بەو خەڵکەوە نییە. لەو بووارەدا موحەممەدی پێنجەم، شای مەغریب پێش هەمووان کەوتبوو دەمێك بۆ شوێنی بۆ خۆی گرتبوو، نەشیدە شاردەوە، دەیوت بڕایینە شەڕی خۆتڕێن مەکەن، سەرکەوتنی سەربازیی و ڕزگارکردنی خاکی فەلەستین بەلای کەمەوە لە داهاتوویەکی نیزیکدا خەونێکی شاعیرانەیە، پیاوی چاکبن بەسە خوێنرشتن، بەسە ماڵوێرانکردنی میسر و سوریا و ئوردون، کێ لە ئێمەی سەرۆك و سەرکردەکانی عارەب خوێن لە

ئەموستی کورێکمان دێت، فرۆکە و تانك و زرێپۆش، شۆفل و دێنامێت خانووی منی بەسەردا رووخاندم؟!
خانووی یەکێکتان بەربۆمبا کەوت؟ هەست و سۆز بخەنە لاوە، با بەئەقل و ژیریی و لۆجێك بیربکەینەوە،
کێشەکان بە ئاشتی و لە یەکتر تێگەیشتن چارەسەر بکەین. نەشیش بسوتێت نە کەباب، خزمینە سوپاکانی
عارەب لە تواناشیدا بێت بەسەر ئیسرائیلدا سەرکەوێت، ئەمەریکا و ئەوروپا ناهێڵن، لە ماوەی چەند
کاتژمێرێکدا چەندین پردی ئاسمانی دەبەستن و شەڕی ژیان و مردنیش بکەین پێتەختێکی عارەب بە پێوە
ناهێڵێن بەڵام کەس بەگوێی نەکرد ئەویش سووك و باریك بەرنامەی (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە)ی
پیادەکرد، لە ئەنجامیشدا کێ بردیەوە؟ ئەوەتە ئەمڕۆ هەرە رادیکالەکانی عارەب ((بە مووشەی خۆیی و
بەگی) دەیژەنن، مەبەستم کشانەوەی ئیسرائیلە بۆ سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧. حەزدەکەم بەخوێنەری
هێژاش بڵێم ئەو بۆ چوون و ئامۆژگارییە بە نرخانەی شای مەغریب بۆ یە سەر چاوەم بۆ دانەناوە،
سێناریۆیەکی گونجاوە لەگەڵ بیروو بۆچوونی ئەو سەرکردە میانڕەوەی عارەب و هەڵوێستە ئاشکراکانیدا و
بە خۆم رەوابینی بەو تێکستە بیسازێنم کە لە راستییەوە دوور نییە ئەگەر دەقاو دەق نەبێت. کۆنگرەی
(کورتە باڵا) نەك باڵای لوتکە (مؤتمر القمة) لە هۆڵەکانی خواردن و خواردنەوە و دەمەتەقێو گلەیی لە
یەکتر کردن و ئاشتبوونەوەی هەندێك و سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێی نێوان هەندێك لە مەراکیش(مەغریب)
وبە خانەخۆییی شا موحەممەد بەڕێوەچوو، لە کاسێتێکی ڤیدیۆدا هەرهەموو دانیشتنەکانیشی بەدەنگ و
رەنگ بۆ ئیسرائیلی دۆست نارد، وەك ئەوەی بڵێت ئێوە لێرە نەبوون، ئێمە لێرەین! بارەکەڵلا.ئەمڕۆ
بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێوە گەلان هۆشیاربونەتەوە، دوست و دوژمن جیادەکەنەوە و دەزانن سەرکردەو
سەرۆکەکانیان پاشا بێت یا سەرکۆمار،هەموویان لەکانیاوێکیان خواردۆتەوە و لە فێرگەیەکدا فێربوون و
خوێندکاری سەرکەوتووی هێتلەر و ستالین و ماوتسی تۆنگ و کاسترۆ و هاوشێوەکانیانن و لەهونەرەکانی
سیستمی تۆقاندن و کوشت وبڕ و چاو وراو و گێلکردنی گەلاندا پلەی بەرزییان هەیە،لە رووکەشدا بۆ
بەرژەوەندی گەل و وڵات شەڕەدەنووك دەکەن و بانگەشەی رزگارکردنی فەلەستان(فەلەستین)ی کاول
وفەلەستانییە داماوەکان دەکەن و ژێربەژێریش جۆرەها پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراندووە
وبەردەوامیش پەلە پرووزەیانە زۆرتر بچێتە پێشەوە.ئەم رەچەتەیە یا سیناریۆیە بسەروگوێلاکی هەرهەموو
سەرانی خۆرهەڵاتی ناوەند و گەلانی موسوڵمان و جیهانی سێهەم و تۆبڵێ حەوتەم و دەیەمیش دەگرێتەوە
و هەرهەموشیان بەهەژاری و ژیانی کولەمەرگیی وخوێن و فرمێسکی گەلەکانیان لە دەسەڵات و
ملهوریدان و میش میوانیان نییە و ئەوەی هەندێك چ توێژی کۆمەڵیش داوای دەکەن وەك ئازادی بیروباوەڕ
و رادەربڕین، هەڵبژاردنی ئازاد وژیانی پەرلەمانیی،دەسەڵات و سەروەریی یاسا و دەسەڵاتی چوارەم بۆ
گەلانی دواکەوتە ناگونجێن مەگەر هەر خەوی پێوە ببینن،خەونی سەوزو سوری شاعیرانە.ئەم خەونی
شاعیرانەیە لەرووی ئەوین و خۆشە ویستیەوە زۆر دێرینە و کورد پێیدەڵێت (خەیاڵ پڵاو) یا (ئەو نانە بەو
رۆنە) و زۆر کۆنە بەڵام وەك زاراوەیەکی رامیاریش نوێ نییە. کە جەلال تاڵەبانی ساڵی ٢٠٠٩ لە تورکیا
بۆ دڵدانەوە و دڵنیاکردنی تورك زاخاویدایەوە و وتی (دامەزراندنی دەوڵەتی کورد خەونێکی شاعیرانەیە)
کەچی جەماوەری کورد لە کوردستان و هەندەران کردیانە هەراو بۆلە بۆڵ بەڵام هیچ گروپێك نەچەپ و

نەمامناوەند و نەڕاسترەو خۆپێشاندانێکی ناڕەزایی دەربرینی نەکرد و هەر لە سنووری بۆلەبۆڵ و پرسیاری (چۆن و بۆ)دا مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە کاریگەریی دەروونیی لەنێو ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەبوو، لە هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر لیستە هاوبەشەکەی لەگەڵ پارتیدا فریای نەکەوتایە هەر ئەوەندەی لیستی ئیسلامییەکان دەنگ پێدان و متمانەی کوردی باشووری بەردەکەوت. پێدەچێت بە شێك لە خوێنەران کتێبەکەی بەنرخەکەی جەلال تاڵەبانی نەخوێندبێتەوە کە١٩٨٩بە زمانی عارەبی نووسیوێتی بە ناونیشانی (أغد و دیمقراطی و حرمان شعب حتی من حق الحلم ؟)[١٨٧] چ ئایندەیەکی دیموکراتی کە گەلێك تەنانەت لە مافی خەو بینینیش بێبەش دەکات ؟ مەبەستی لە خەو بینینە بە سەربەخۆییە و جەلال تاڵەبانی ناوی خۆی لەسەر نەنووسیوە، کتێبکی بە نرخ و بەرهەمی قەڵەمێکی بە برشت و خاوەن ئەزموونە لە ٣٨٩ رووپەری قەوارە ناونجیدا بە بەرنامەیەکی ئەکادیمی لەمەڕ نەتەوایەتی و چینایەتی و بۆرژواو مافی بڕیاردانی گەلانی ژێر دەست بۆ بڕیاردانی دووا رۆژی ژیانی رامیاریان بەڵگەی بەهێز و سەلمێنەر لە تێکستەکانی تیئۆرەکانی مارکس و لینین دەکاتە پشتیوانی بۆچوون و داواکارییەکانی لەسەر کێشەی کورد و مافەڕەواکانی بە مافی جیابوونەوەشەوە لە تورك و عارەب و فارس و سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو.)[١٨٨] ئیتر ئەو سەرکردەیەی کورد لە ماوەی هەژدە ساڵدا بەو ئەنجامە دەگات ئەو مافی خەوبینینەی گلەیی لە دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان دەکرد بە کوردی رەوانابینن، ئێستا خودی خۆی باوەڕی پێنەماوە، ئەگەر بەسەرزارەکیی و بۆچاوبەستنی لایەنێکیش بێت. قسە هەیە ماڵ ئاوەدان دەکات و قسەش هەیە ماڵ ویران دەکات. بلیمەتێکی وەك کۆنفۆشیۆسی چینیی وتویەتی (ئەو قسانەی نەمکردوون دیلی منن، ئەوانەی کردوومن من دیلیانم) بەڵام ئێستا و ئەو سەردەمەی کۆنفۆشیۆسی هەیهوو هەیهوو. ئێستا دنیایەکی دیکە و رەوشت و کلتورێکی زۆر جیاوازی کۆمەڵایەتییە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا. زانا و فەیلەسووفەکان پیاوە چاکسازەکان، نووسەران و رووناکبیران، ئاینەکان،ئاینزاکان هەوڵیاندەدا مرۆڤ لەیەکتر نێزێك ببێتەوە بە هەستی خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاریکاریی. رامیارەکان و سەرکردەکانی جەنگ و خوێنڕشتنیش مرۆڤ و مرۆڤیان بە گژ یەکتردا دەکرد و بۆ ئامانجە چەپەڵە کانیان دەیانکردن و ئێستەش دەیانکەنە سوتەمەنی ئەو جەنگانەی کۆتاییان نییە و هەتا یەکێکیان دەکوژێتەوە دووانی نوێ هەڵدەگیرسێن یا راستر بلێم هەڵدەگیرسێنرێن. ئەگەر ئەوشێتی و چاوتێرنەبوونە نەبێت هیتلەر چۆن و بە چ ئەقلێکەوە پەلاماری رووسیای سۆڤێتی دەدات کە رووبەرەکەی ٢١ ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەیە! لە ململانێی نێوان ئەو دوو بەرەیەدا، ئاشتی و جەنگ، برایەتی و ناحەزی، دۆستایەتی و دژایەتی، ئاوەدانی و کاولکاری، بە ها هەرە بەرزەکانی مرۆڤ و سووك تێڕوانێنی وەك مێش و مەگەز، ناڵێم وەك ئاژەڵ، چونکە ئاژەڵ مافیان لە مافی ملیۆنەها مرۆڤی ئەم سەر زەوییە زۆرترە وەك داماوەکانی صۆماڵ، ئەفغانستان، فەلەستین، عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا بەتایبەتی و ئەفەریقا و خۆرهەڵاتی ناوەند و ئەمەریکای لاتین بە گشتی. ئەوە ململانێ ئەزەلیەکەی نێوان چاکە و خراپەیە، خێروشەڕ،رووناکیی و تاریکی کە ئەمرۆش بە داخەوە هەر بەرەی شەرخوازو خراپەکاران لە سەرەوەن. تۆ لە وەگەڕێ (کۆمەڵەی دەوڵەتە دژەکان) جارجار هەڵوێستێکی لاواز و شەرمنانەی مرۆڤ

دۆستی دەنوێنێت بەڵام کێ گوو بەکڵاوی دەپێوێت، لە ژێر زلهێزەکاندا نقەنقی دێت. تۆڵەوە گەری ئیسرائیل لە پێناو رزگارکردنی تەنها دیلێکدا لە دەستی عارەب لە بەرزترین ئاستەکانی دەوڵەتدا دەکەونە خۆ، ئەوەش دووبارە شەرمەزاری بۆ سەرانی عارەب و موسڵمانان هەیە کە ئازادی جوولەکەیەك یەکسانە بە ئازادی ٥٠٠-٧٠٠ و پتریش فەلەستینی. بۆ رزگارکردنی شالێت، ئیسرائیل ٥٠٠ زیندانیکراوی فەلەستینی ئازاد کرد و ئەم رۆژانەش نێزیکەی ئەوەندەی دیکەش ئازاد دەکات. بەڕاستی لەوێ مرۆڤ نرخی هەیە. باشە جەنگ، ئاشتیی، دیپلۆماتیکیی و دانوستاندن، تاوتوێکردن، هەموو چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ لە زانست و داهێنانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاو دەرمانسازی و بازرگانی و هتد لە پێناوی مرۆڤایەتییدا نییە ؟ چ بەرژەوەندییەکی مرۆڤێکی فەلەستینی لەو جەنگە بەردەوامەدایە لە ١٩٤٧ وە لەگەڵ ئیسرائیل و جوولەکە دا بە یەکتری دەکەن و هیچ لایەکیان هەناسەیەکی ئاسوودەیان نەداوە. ئەوە تاوانێکی گەورەیە فەلەستینییەکان نەوە لە دووای نەوە دەکوژرێن یا خۆ بە کوشت دەدرێن و بیست ودوو سەرۆکی عارەب و ئێران و موسڵمان لە دوورەوە تەماشا دەکەن. راستە تووانای سەرکەوتنیان بەسەر ئیسرائیلدا نەبووە و نییە، بەڵام بۆ لێناگەرێن پیکبێین و هەریەکەو لە ماڵی خۆی بە ئاشتی و برایەتی و دراوسێتی بژین. ئەنجامی ئەو جۆرە تاوانانەیە ئەمرۆ جەنگی عێراق، ئەفغانستان، یەمەن، شەپۆلی تیرۆر، قاعیدەو ئەو هەموو گرووپە تیرۆرستانەی کوشتن و سەربڕین و رفاندن و تەقاندنەوە و تەقاندنەوەی خۆ کوژی بەرفراوان مەترسییەکی ترسناك و کوشندەیە ژیانی مرۆڤی لەم سەر زەوییە، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا دەکاتە قوربانی پەتای مەرگی رەش و دەستی سووری تیرۆر. ئەوروپاو ئەمەریکاو هەموو زلهێزەکان جارێك دڵیان بۆ قەڵاچۆکردنی گەلان دانەخورپا، کیمابارانی هەلەبجە و قەرەداغ و دۆڵی جافەتی و دۆڵی بالیسان رووداوی ئاسایی و کێشەیەکی ناوخۆی عێراق بوو وەك ئەوەی دەردە مریشك لە کێلگەیەکی بە خێو کردنی پەلەوەردا رووبدات، شتێکە پیوەندی بە خاوەن کێڵگە کەوە هەیە، هەشت ساڵی رەبەق جەنگی یەکەمی کەنداوی نێوان عێراق و ئێران بە نوێترین و قورسترین چەکی سەردەم رۆژانە دروێنەی گیانی مرۆڤی دەکرد، مێش میوانی نەبوو، هەتا هاتەوە رێگەیان و کارەساتەکەی یازدەی سەپتەمبەر لەو خەیاڵی بێ خەمی و سەرخۆشیە ووریای کردنەوە کە قەلای پۆڵایین و شوورابەرزەکانیان و ماڵیان شووشە بەندەو چەند کەسێکی داخ لە دڵ و رق ئەستوور سەر بنێن بە یەکەوە پلێتی گەورەی ووردووخاش دەکەن. دەگەڕێمەوە سەر باسەکەی پێشوو، تەونی جاڵجاڵۆکەکەی بە هەموان بە دۆست و دوژمنەوە بۆ داماوەکانی فەلەستینیان چنیوە و هەریەکەو جۆرە بەرژەوەندییەکی تێدا هەیە ئەگینا جگە لە سووریا و کۆماری ئیسلامی ئێران. هەرهەموو سەرۆکەکانی عارەب و ئیسلام بە ئاشکرا و بەنهێنی جۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەیان لە ئاستی جیاوازدا لەگەڵ ئیسرائیل دامەزراندووە(لە ناڵ ئەدەن و لە بزماریش) هەرچی ئێرانیشە هەرئەوەندەی نزیکبوونەوەکە دەهاتە گۆڕێ، بۆنی رێککەوتنی جوولەکە و فەلەستین (دەبووایە جوولەکەو عارەب و موسوڵمانان بێت) ی لێبکرێت، خێرا ئێران دەڵێت ئیسرائیل لەسەر نەخشەی ناوچەکە دەسڕێتەوە! ئەوەیە پشتیوانیکردنی فەلەستینییەکان و رزگار کردنی قودس کە باوەڕناکەم چارەکێکی شارەکانی قوم و مەشهەد لە ئێران و نەجەف و کەربەلا و کازیمەین و سامەرا لە

عێـراق لایـان پـیرۆز و بـه بایـەخ بـن. تـەنها سـەرکردەیەکی عـارەب دووای جـەمال عەبدلناصـر هـەوڵی راستەقینەی دابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئەنوەر سادات بوو، عەبدلناصر بە جەنگێکی دۆڕاوو مـاڵ وێرانکار، ساداتیش بە جەنگێکی سەرکەوتوو دانوستاندن کە چاوەڕوانی پێکهاتنی لێدەکرا. لـەم بـووارەدا ڕێزم بۆ ئەو دوو سەرکردەیەی عارەب هەیـە، هەرچـەند عـەبدلناصـر دۆسـتی کـوردو سـادات ناحـەز بـوو. ئەوەشمان بیر نەچێت پێشەوا موعەممەر قەزافی دۆست و پشتیوانێکی بوێر و خاوەن هەڵوێستی جـوامێری و باوەڕو بۆ چوونی قووڵ و دروستە بەرامبەر نەتەوەی کورد و کێشە ڕەواکەی. سادات مەردانە هاتەپێشـەوە و بڕیـاری ڕێککـەوتنی لەگـەڵ ئیسـرائیلدا دابـوو چـونکە کێشـەکە بەشـەر یـەکلایی ناکرێتـەوە، بـەڵام بەسەرشۆڕی چەند جەنگێکی دۆڕاوەوە دەستی ئاشتی درێژناکەم، چونکە هـیچ ڕێککـەوتنێکی ئابروومەنـد لە پێگەی لاوازی یەوە سەر ناگرێت، بۆیە بە دوژمن و هەمـوو جیهـان دەسـەلمێنم تووانـای سـەرکەوتنێکی سەربازی سنووردارمان هەیە، ئەمجا ڕاستەوخۆ بە ئاشتی چارەسەری کێشەکە دەکـەین. هـەرواش بـوو، بـە پلانێکی زۆر ووردو کارزان و تۆکمـەو نهێنـی هێڵـی بـارلیڤی شـکاندو بـەرایی هێرشـی هێزەکـانی میسـر گەیشتە نێزیك تەل ئەبیب و پایتەختی ئیسرائیل لە مەودای تفـەنگی سـەربازانی هێـزە پێشـکەوتووەکەی سوپای میسردا بوو، فەرمانی کشانەوەی پێدان، چونکە ناکرێت و ناهێڵن ئیسـرائیل بـدۆڕێت، دەبێـت دان بـەو ڕاسـتییەدا بنـێین ئەگـەر خۆمـان و گـەلانی عـارەب و موسـوڵمان و بـە تایبـەتیش گـەلی فەلەسـتین ناخەلەتێنین و بازرگانی بە خوێنیانەوە ناکەین. ئەنوەر سادات سەرکەوتنێکی سەربازیی مەزنی تۆمار کردو ئابڕوی عارەب و موسوڵمانانیشی کرییەوە ئینجا دەستی بۆ ئاشتیی وئـاگر بەسـت درێـژ کـردو هێزەکـانی کێشایەوە و ڕاسـتەوخۆ چـووە ئیسـرائیل و لەسـەر مێـزی گفتوگـۆ لەگـەڵ سـەرانی جوولەکـەدا دانیشـت، فەرموون با چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشە ڕەگ داکوتاوە بکەین و دان بە مافی یەکتریدا بنـێین و پێکـەوە بە ئاشتی و دۆستایەتی بژین. هەوڵـەکانی ئـەو سـەرکردەیەی عـارەب کـە مەردانـە لـە گۆڕەپـانی شـەردا داکۆکی لە فەلەستین دەکرد نەك لە دوورەوە و هەر بە هاشەو هووشەو وتاری ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامـە و گۆڤار و کوبوونەوە جەماوەرییەکان و موزایەدەی کۆبوونەوە (کورتە باڵا) کانی لوتکەی سەرانی عارەب. کەللەپوتی عارەب کارێکی کرد ئەو سەری خۆی لەو پێناوەدا داناو عـارەبیش سـێ لـە چـواری کێشـەکەی دۆڕاند. ئاخۆ ئەو هەڵوێستە بوێرەی سادات خەوشێکی تێدابوو یا کورد وتەنی (کەری دێز تـۆپینی خـۆی و زیانی خاوەنەکەیی دەوێت) ڕاستە ناکۆکی، ململانێ، جەنگ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بـەڵام ئاشـتی و پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردنیش دیاردەیەکی شارستانیە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەرلایەنـەو بـەپێی بۆ چوون و بەرژەوەندی خۆی وەك صەددام حسێن دەیوت بە پێی (حساباتە ووردەکان) هەڵوێست وەردەگرین و دۆستایەتی (ئەلف) و ناحەزیی ودوژمنایەتی( بێ )دەکەین . هەر لـەو بـووارەدا جـەلال تالـەبانیش چـوو بووە سەر مۆدێلی عارەبە ڕادیکاڵەکان و شانازی بەوەوە دەکرد وەك سـەرکردەی بـاڵێکی بزوتنـەوەی کـورد هێشتا نەچۆتە ئیسرائیل و هیچ پەیوەندییەکییان لە نێواندا نییە، ئەوەی بیرچووبوەوە وەك پەرچەکردارێکی سەرپێیی بڕیارەکەی صەددام حسێن کە ڕاستەوخۆ و لـە دەمـی خۆیـەوە لـە کـەناڵی تەلـەفزیۆنی بەغـداوە ڕایگەیاند (ئاوی دیجلەو فورات لە تاڵەبانی ونـەوەکانی بنەماڵـەی ناپاکـان حەرامە.(مەبەسـت ئیـدریس و

مەسعوود بارزانی یە) کە ئەو ماوەیە بە پشتیوانیی سوپای پاسدارانی ئێران گەڕابوونەوە دەڤەری حاجی هۆمەران . ئەمیش لە دیمەشقەوە بە میدیاکانی راگەیاندبوو(من کە جەلال تالەبانیم،عیراقیی نیم!) مەسعوود بارزانییش لە بۆنەیەکدا پاسپۆرتە عێراقییەکەی لە باخەڵی دەردەهێنێت و دەڵێت: (من هەر ئەم پاسپۆرتە عێراقییەم هەیە .

## شەڕە بەنێوبانگەکانی شۆڕشی ئەیلول

شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلول بەرامبەر سوپای عێراق هەرهەموویان گرنگن، گرنگیی و بایەخی جەنگیی و رامیاریی هەر شەڕێك بە پێی کات و شوێنی رووداوەکەی پێوانە دەکرێت بۆیە ناتوانین شەڕەکانی سەرەتای شۆڕش بە چەکی سەرەتایی وەك تاپڕو تفەنگی ئینگلیزی کۆن وتازەکوورەیی شۆڕشەکەو و پێشمەرگەی بێ ئەزموونەوە بە گرنگ و داستان نەنووسین، هەر بۆ نموونە شێخ برایمی خەمزەیی و مەجید خاتوون خەمزەیی و چەند پێشمەرگەیەك سەری چیای ئەزمر لە کەرتێکی سوپای عێراق دەگرن و سێ رۆژ ناهێڵن ئەو لەشکرە بەو چیایەداسەرکەون و بە زیانێکی زۆرەوە بەرەو سلێمانی دەیانگێڕنەوە، داستانێکی پڕ لە شانازیی و قارەمانێتی نییە؟ جەنگ و رووبەڕووبوونەوەش وەك شەهید نووری شەریف دەیوت وەك هەڵپەرکێ وەهایە،ماندوو دەبیت بەڵام بێزارنابیت!جەنگاوەران وەهان، لە نێو دەیەها جەنگاوەری جەربەزەو گیان لەسەردەستدا چەند جەنگاوەرێك دەردەکەون و ناوونێوبانگ پەیدا دەکەن و پلەی لێپرسراوێتیان دەردێتێ، شەهید نووری شەریف پێشمەرگەیەکی هێزی خەبات بوو، تازە رۆکێتی R. B. G کەوتبووە دەست شۆڕش، مەودای چاکترین کاریگەریی ئەو چەکە صەد مەتر بوو، نووری بەسەرگەرمیی شەهیدبوونی خۆشەویستترین هاورێی لەو شەڕەدا، لەو مەودایە زۆرتر لە بنکەکەی دوژمن دەچێتە پێشەوە، ئەوەندە چووبووە پێشەوە چەند پارچەیەکی رۆکێتەکە گەڕابوونەوە و لە چەند شوێنێکەوە لاق و رانی چەپی زامدار دەبێت، کێ دەیناسێت؟ حەمە شەمێرانی بە لقەکەیەوە دەچنە سەر بنکەی سەربازی دوژمن لە بێلوولە، بە سنگە خشکە دەگاتە بن یەکەمین خاڵی پاسەوانیی دوژمن ((رەبییە)) و لە ناخافڵدا لوولەی گوللە پرژینەکە دەگرێت و لە دەست سەربازەکەی دەردەهێنێت، گەرمیو تینی چەکەکە دەستی داپلۆخاندبوو! ئەوە داستان نییە؟ حەمەی سەید عەلی سەرلقێکی هێزی خەبات بوو لە شارباژێر، دەچێتە نزیکترین خاڵی سنووری رەبییەکانی دوژمن و چەند هەنگاوێك دوورتر بە عارەبی هاوار دەکات ((بەرێز فەرماندەی فەوج هاتووە))! ئەوە ئەوپەڕی لە خۆبوردن نییە؟ با ئەوەش بڵێم ئازایەتی،خۆی لە خۆیدا جۆرێك خۆپەرستییە، شێوەیەکی خۆ دەرخستن و خۆ بردنە پێشەوە و سەرنجراکێشانی دەوروبەرە لە هەمبەری دۆزێکی بەرچاودا وەك خۆ بەختکردن لە پێناو ئامانجێکدا، جا ئەو دووە بە جۆرێك ئاوێتەی یەکتر دەبن بە ئاسانی جیاناکرێنەوە و قارەمانەکانیش لایەنی خۆ پەرستییە پۆزەتیڤەکەی دەشارنەوەو دەیانەوێت وەك هەڵوێستێك بۆ ئایدیایەك، ئامانجێك بخوێنرێتەوە و بکەوێتە بەر چاووگوێ دەناخۆی لە خۆیدا هەستێکی شاردراوەی دەروونییە... هەرچۆنێك بێت لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا چەند داستانێك بەرچاوترو رووناکییان پتر لەسەرە وەك داستانی شەڕەکانی چیای سەفین (شەڕەکانی چیای سەفین پەنجا رۆژی خایاند بە هاتنەپێشەوەی دوژمن و پاشەکشەوە هەر هەوڵێکیدا لە لوتکەی (کابیسە) بەولاوە پێشرەوی بۆ نەکراو لە

وێدا وەستان... سەرۆك كۆمار عەبدلرەحمان عارف خودی خۆی هاتە بەرەی جەنگە كە، مەیدان و بەرەو شەقلاوە، عەمید روكن عیسا شاوی فەرماندەی لیوای چواردەی سوپای عێراق لێپرسراوی بەرەكە بوو بە سەرۆك كۆمار دەڵێت خوازیار بووین بە بۆنەی هاتنتانەوە دیارییەكتان پێشكەش بكەین، لە چیای سەفین بەنرخترمان نەدۆزییەوە، دوای پاككردنەوە و رزگاركردنی لە چنگی ناپاكان فەرموون پێشكەشتانی دەكەین. هەژاری موكریانی لە هۆنراوەیەكدا بەو بۆنەیەوە دەڵێت: هێی، شاوی، چیاكانی كوردستان نابەخشرێن. هێزەكانی پێشمەرگە بەرگرییەكیان لە شوێنەكانیان دەكرد كەم وێنە، گیان لەسەر دەست بە گەرمی و جۆشەوە سنگیان دەنا بە گوللەی دوژمنەوە، داستانێكیان بە خوێن نەخشاند دۆست و دوژمنی سەرسامكرد و بارزانیش بروسكەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی بۆ ناردن و ژیان خستنەلاوەی لە پێناو كورد دا بەرز نرخاندن. كۆی زیانە زانراوەكانی دوژمن ١٥٤ كوژراو، ٣٤٨ بریندارو ٣٢ دیل بوون زیانی شۆڕشیش ٢٢ شەهید، ٨٦ بریندار. دوژمن بۆ ئەم هێرشە، نێوەڕاستی مانگی نیسان ١٩٦٥ هێزێكی هێرشبەری قەبەی ئامادەكرد بۆ دەستبەسەراگرتنی چیای سەفین، بریتی بوو لە لیوای یەك، چوارده، پازده، بیست و نۆ لەگەڵ دەهەزار جاش و پاڵپشتی تۆپخانەی قورس و فرۆكە جەنگییەكان بەرامبەر هێزی سەفین و هێزی دەشتی هەولێر بەسەركردایەتی رەشید سندی و فەرماندەكانی گۆرەپانی شەڕەكە مولازم تایەری عەلی والی بەگ و فارس باوە. دوژمن كە بێهیوا بوو سوپا هیچی بۆ ناكرێت لەگەڵ سەرۆك جاشەكاندا رێكدەكەوێت گرتنی ئەو شوێنانە بدات بە ((قونتەرات))، زیرۆ هەركی یەكێك بوو لەو قۆنتەرانتگرانە بەڵام سەری خۆی دانا و چیتر جاش قۆنتەراتیان لە میریی نەگرت.).[١٨٩]

میریی عێراق بە پێی پلانە فراوانەكەی ((پشت بە یەزدان)) بە لەشەكرێكی قەبەوە هەنگاو بە هەنگاو خاڵە ستراتیژییەكان لە ((یاخییەكان)) پاكدەكاتەوە و هەر بە خەیاڵ پڵاو چیاكانی كێوەڕەش، زۆزك، كۆڕەك، سەرتیژ، سەری حەسەن بەگ، سەفین، هەندرێن و حەوزی رەواندزو گەرووی هۆمەراغاو دەشتی دیانە دەگرێت و لە دووا هەڵمەتدا حاجی هۆمەران و بنكەكانی سەركردایەتی شۆڕش و بارەگای بارزانیش دەگرن و ئاڵای عێراق دووبارە لە هەموولایەكی دەڤەرەكە بەرزدەكرێتەوە و ئاو بە ئاگردا دەكرێت و شوێنەگرنگەكانی دیكەش وەك پیرەمەگروون، ئەزمر، چوارتا، ماوەت و پێنجوێن وەك بەفری بەر خۆر دەتوێنەوەو هەرەس دەهێنێت و ئاڵای سپی خۆ بەدەستەوەدان و پەشیمانی بەرزدەكەنەوە بەڵام هەموو كات ((با)) بە ئارەزووی كەشتییەوان هەڵناكات و ئەگەر نگرۆی نەكات شپرزەی دەكات. (ئەو هێزانەی سوپای عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەم پلانە دیاریكرابوون بریتیبوون لە لیوای ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ١٤ و نێزیكەی پازدە هەزار جاش و بنكەی فرۆكە جەنگییەكانی كەركوك و موصڵیش بە دوو پۆل فرۆكەی مێك، دووپۆل فرۆكەی هۆكەر هەنتەر، هەشت رۆكێت هاوێژی جۆری ئیلیۆشن و شەش باجەر تۆپولیڤ ١٦، پێنج كەتیبە تۆپخانە، كەتیبەیەكی ١٢٢ملم. ی كەوانەیی هاوێژ (قوس)، كەتیبەیەك ١٢٠ملم.، كەتیبەیەك تۆپی چیایی ٢٥ رەتل، كەتیبەیەك تۆپی ٧٥ ملم و كەتیبەیەك تۆپی ٢٠، ٤ ملم و شەش تۆپهاوێژی پێنج — پێنج ((پێنج دەكەوێت و پێنج بە ئاسمانەوەیە. ن. ك)) دوژمن ئەوەندە لە سەركەوتنی پلانەكە دڵنیا بوو (فەرماندەی لیوای پێنج بەڵێن دەدات هەتا دەگاتە گەڵاڵە ریش نەتاشێت)[١٩٠] ئەو فەرمانده بوغڕاو لە

خۆبابیە ئەگەر خاوەن بەڵێن بووایە دەبوو ریشی لە زەوی ببخشێت بەڵام مـراوی تـەڕ نابێـت. (هێـزی باڵـەك ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٢ لە برووسکەیەکدا سەرکردایەتی ئاگادار دەکات، دوژمن پێشڕەوییەکی بەربڵاو دەکات و چیای هەنـدرێن کەوتۆتـە دەسـتیان، هێڵـەکانی بەرگریشـمان تێکچـوون. بـارزانی هـەر کـە بروسـکەکەی پێگەیشـت، ئیـدریس دەنێرێـت لـە نێزیکـەوە بارودۆخەکـە ببینێـت و فرمـانی گـردە بڕیشـی پێـدا هەرقوربانییەك دەدەن، نەهێڵن دوژمـن مەترسـیدار بـوون گەیشـتبوونە نێـو بازنـەی هێڵـە سـوورەکان کـە هەرگیز نابێت دوژمن بیانبەزێنێت و بۆ چارەسەرێکی بە پەلە، بڕیاردەدات خـودی خـۆی بگاتـە بـەرەکانی جەنگ بەڵام فەرماندەکان بروسکەیەك دەکەن، ئەزیەتی ئەرکی هاتن مەکێشـن، پـەیمان بێـت ریسـەکەیان بکەینەوە خوری. هێزەکانی پارتی کۆمۆنیست هەستیان بە شـەرمەزاری و ئـازاری ویـژدان دەکـرد چـونکە بەشی زۆری ئەرکی پارێزگاریکردنی هەندرێن بەوان سپێردرابوو، بۆ ئابڕووکڕینەوەی خۆیان بە پەرۆش بـوون شەڕی ژیان و مردن بکەن و لەگـەڵ هێزەکـانی پێشـمەرگەدا بڕیاریانـدا ڕێگەنـەدەن دوژمـن بسـتێك بێتـە پێشەوە. بارزانی پلانی گونجاوی داڕشت و ئەرکەکانی ئەنجامدانی هێرشـێکی پێچـەوانەی بـە فەرمانـدەیی کەمال نوعمان، نوعمان عەلوان ((مولازم خدر)) فاخیر مێرگە سووری و عیزەت سلێمان بەگ. شەڕە بەنێو بانگەکانی ١٩٦٥-١٩٦٦، شەڕی چیای سەفین مانگی نیسان ١٩٦٥، چیای پیرەمەگروون ٢٨ی نیسان — ١٢ ئایار ١٩٦٥. شەرەکانی قەرەداخ ٤-٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٥، چیای ئـەزمر و چـوارتا ٢٥ حـوزرەیران ١٩٦٥ جگە لە پەلاماردانی دامو دەزگاکانی نەوتی زەنبـوور. شـەڕەکانی بـەرەی رەوانـدز،کۆرەك، زۆزك، هەنـدرێن، ملـوتکر، دیانـا، کێـوەڕەش هـەتا کۆتـایی مـانگی ئـابی ١٩٦٦ نەبڕانـەوە. ئـەوە جگـە لـە ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتووەکەی (رووبار) کە هێزێکی تایبەت بە پلانێکی وورد و بوێر دەزگاکانی پـاڵاوتن و هەناردەی نەوتی بابە گوڕگوڕ تۆپبارانێکی خەست و نیشان پێك دەکەن و ئاگرێکی هێندە گەورە دەکەوێتە و دوژمـن وەهـا شـڵەژابوون، وایانـدەزانی کەوتوونەتـە بـەر هێرشـێکی فرۆکـەی دوژمـن! ١٩٦٦/٥/١٢ هێزەکانی پێشمەرگە گەورەترین داستانی لە مێژووی کورد دا تۆمار کرد، ئـەوەی زۆر دڵخۆشـکاریش بـوو ئەو نموونە زیندووەی هاوکاری کورد و عارەب بوو بۆ داکۆکی لە کوردسـتان. تـەنها لـەم داسـتانەدا زیـانی دوژمـن ٤٠٠ کوژراو، ٦٠٠بریندار، دەستکەوتیش چوار تۆپی چیایی ٧٥ ملـم، حـەوت هـاوەنی سـووك و قورس، ٦٠٠ پارچەچەك، ١٥ ئامێری بێتەل و برێکی زۆر فیشەك. لە شەڕەکانی دیکەشدا زیـانی دوژمـن ٢٧٥ کوژراو، ٣٨٧ دیل. لەم نەبەردانەدا سەرکردایەتی شۆڕش پلانی هێرش بردنی لە جێگەی بەرگریکردن بە سەرکەوتوویی پیادە دەکرد و دوژمن بە جۆرێك شکاو وورەی رووخا، سـەرکردایەتی تیپـی دووی سـوپا، لیوای یەك ئاگادار دەکات بروسکەمان هەیە، ئامادەن بۆ وەرگرتنـی. سـەربازی بێتەلەکـەی لیـوا دەڵێـت (کاتمان نییە هیچ بروسکەیەك وەربگرین، لە هەموو لایەکەوە ئـاگر بەسـەرماندا دەبارێـت، ئـەوە لاشـەی مولازم رەزا لە گۆڕەپانەکەدا کەوتووە ناتوانین بیهێنینەوە، لێمان گەڕێن!!)[١٩١] بێوورەیی سەربازانی سـوپای عێراق و ئەفسەرەکانی روون وئاشکرا لـە رووداوەکانـدا رەنگدەداتـەوە، هۆیەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند خاڵێك:

أ — لە ناخەوە هەستیاندەکرد ئەم ئاگرەی سوپای عێراق و کوردی تێکەوتووە و هـەردوولا دەسـوتێنێت،

پەیامێك نییە ئامانجی گەلانی عێراق و بەرژەوەندییانی تێدابێت و تەنها لە پێناو خواست و ئارەزووی شۆڤێنی سەرکردەکان و پێشێلکردنی مافەکانی کوردە و بەردەوام رووباری خوێنی بۆ دەرێژن.

ب — لە ناخی خۆیاندا هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی سوپای عێراق رووبەڕووی کۆمەڵێك چەتەو رێگر و یاخیو راکردو لە دەست یاسا ناجەنگن، بەڵکو شۆڕشی گەلێکە و پەیامێکی مرۆڤ دۆستانەی هەڵگرتووەو لە پاڵ داواکردنی مافەکانی کوردا و هاوشانی درۆشمی سەرەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دروشمی دیموکراتی بۆ عێراقیشیان بەرزکردۆتەوە و لە پێناو هەر دوو ئامانجەکەدا قوربانیدەدەن، بۆیە کە بەنهێنی و لەگەڵ خۆیاندا دەکەوتنە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی کێشەکە لە هەموو دڵەوە ئەوەی بۆ خۆیان دەخواست، بۆ کوردیشیان دەخواست وەك ژیانێکی ئاشتی و هێمنی، ئازادیی، یەکسانیی... وڕزگاربوون لەم کێشەیەی نەسەرەتاکەی ئاگادارن و نەدەزانن کەی کۆتایی دێت. هەریەك لەو مروڤە بە ویژدانانەی کە بە خۆڕایی کرابوون بە سوتەمەنی ئاگری جەنگ ئەو پرسیارەی هەزاران جار لە خۆی کردووە، کێشەکە هەرچییەکە ئەگەر میربی دەرەقەتیان نایەت بۆ رێگەی ئاشتی ناگرێتە بەرو لە گەڵیاندا رێکبکەوێت و ئەم هەموو خوێنەی لاوانی کورد و عارەب نەرژێت، ئەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەفسەرێکی سوپای عێراق دووای کوژرانی لە دەفتەری یادەوەرییەکانی رۆژانەیدا نووسیوێتی (خودایە دەروویەك لە ئێمە و لەو یاخییە هەژارانەش بکەرەوە!)[١٩٢]. دوژمن هیچی بەدەستەوە نەما، رێگەیەك نەما نەیگرێتە بەر، شۆڕشی کلپەسەندوو سەرکەوتووی کورد دامرکێنێتەوە، ناچار پەنا دەباتە بەر چەواشە کردنی گەلانی عێراق و چاوبەست، دەمێك پڕوپاگەندەی دەکرد بارزانی رایکردۆتە تورکیا، دەمێك دەیوت بە سەختی پێکراوە و دەمێك دەیوت بە زامی برینەکانییەوە سەریناوەتەوە! هەر خۆشی خۆی بە درۆ دەخستەوە و دەیگوت کەوتۆتە نێو ئابڵووقەی هێزە دلێرەکانمان و هیچ رێگەیەکی لە بەردەمدا نییە خۆ بە دەستەوەدان و تۆبە کردن نەبێت! بەڕاستی خۆیان کردبووە گاڵتەجاڕو پەندە کوردییەکەیان بەسەر خۆیاندا هێنا. کەرلە کوێ کەوتووە و کوندەلە کوێ دڕاوە. ئەوانە پەیڕەوی ئەو رێبازەیان دەکرد ((هەر درۆبکە هەتا باوەڕت پێدەکەن)) عارەبی بەغدا لە دروستکردنی نوکتەدا وەستان قەشمەرییان بە میریی دەکرد و دەیانگێرایەوە هەرکەس دەیەوێت بزانێت ئەوە دنیا و مردن و زیندووبوونەوە چۆنە پرسیار لە مەلا مستەفا بکات، ئەو چەند جارێك مردووە و زیندوو بۆتەوە! سەرکردایەتی عێراق ناچار بوو قەوانە کە بخاتە سەر لوقمان بارزانی کە ئەو صالانە رۆڵی بەرچاوی لە شەڕەکاندا دەگێرا و بەجۆرێك پڕوپاگەندەی کوژرانی لوقمانی دەکرد بارزانی مستەفاش کەوتە دڵەڕاوکە لە شەهید بوونی لوقمان، لەوەش هیچی هەڵنەکراندو درۆو فیشاڵەکانی کەوتنە روو و لای هەمووان ئاشکرابوو.. هەر هێزی ئاسمانی و فرۆکە جەنگییەکانیان بەدەستەوە مابوو، شێلگیرانەو کوێرانە، شەلم کوێرم ناپارێزم گوند و شارۆچکەکانی کوردستانیان ئاگرباران دەکرد، خانوویان دەرماندو دەسوتاند، کێڵگەو مەرزاکانیان هەڵدەگێرایەوە، شوان و گاوان و رانە مەڕو گاگەلیان لە نێو دەبرد، ئەوەش هەر ماوەیەك بوو، پێشمەرگە چاونەترس و لە خۆ بوردووەکانی سەر دژە فڕۆکەکان ئەوەندەیان فرۆکە بەردایەوە هیچ فرۆکەیەکی دوژمن نەیدەوێرا لە بەرزانی کەمتر لە ١٦ کم بەسەر کوردستاندا بفڕێت کە مەودای کاریگەری دژە فڕۆکەکان بوو، ئیتر لە ترسی سزای سەرکردایەتی کوێرانە

تەقەمەنیەکانیان بەردەدایەوە و خۆیان بە تاڵ دەکردەوە و دەگەڕانەوە. دەڵێن دوو کەس هەرگیز باوەر بە مردنی کەسێك ناکەن، یەکەمیان ئەوەی زۆر خۆشیدەوێت و دووەمیان ئەوەی زۆر دوژمنێتی، سەرکردایەتی عێراق باوەڕی بە کۆچیدوایی بارزانی نەدەکرد هەتا نامەردانە گۆڕی پیرۆزیان هەڵدایەوە! عارەب دەڵێت ئەگەر شەرم ناکەیت، هەرچیت دەوێت بیکە! دوژمن ئەوەندەی لە نێوبردنی شۆڕشی بەلاوە گرنگ بوو هەموو توانایەکی بۆ خستبووە گەر، ئەوەندەش لە نێو بردنی بارزانی مستەفا و ئیدریس و مەسعوود بارزانی بەلاوە گرنگ بوو، چەندین پلانی نامەردانەشی جێبەجێکرد و ئەوەندەی دیکەش خۆی شەرمەزارو بێهێزترو بچووکتر خستە بە رچاو لە بەرامبەر ئەو کێوەدا هەرکەسێك شێتانە شۆقی لێبدات شۆقی دەشکێت.

## باڵە نێزیکترەوە بارزانی مستەفا بناسین:

هەتا ئێرە گەلێك خەسڵەت و تایبەتمەندی بارزانیمان روونکردەوە بەڵام هێشتا زۆری ماوە بە پێیی توانا ئەگەر لە توانامدا بێت وەك خۆی بە خوێنەری بناسێنم:

أ – بارزانی وەك مرۆڤێکی قاڵیووی رووداوە سەختەکانی ژیان بە سەرکەوتن لە خۆ بایی نەدەبوو، لە خۆی نەدەگۆڕا وەك هەندێك بە نێۆ سەرکردەش هەر رۆژەی قەوانێکی نەدەخستە سەر و بۆ سبەی یا دوو سبەی هەڵیگێرێتەوە دیوە پێچەوانەکەی. لە نووچدان و کەوتن و نسکۆشدا چۆکی نەدەلەرزی و وورەی بەرنەدەدا، رووداوەکان فێریانکردبوو لە شەڕو لە ئاشتیدا، لە نێو خێزان و زارۆکەکانیدا و لە سەنگەرو گەرمەی رووبەروو بوونەوە و شاڵاودا، ئەو کاتانەی لاشەی دوژمن وەك گەلای داران دەکەوتن یا پۆلێك پێشمەرگە شەهید دەبوون، هەست و سۆزی دەروون بە سەریدا زاڵ نەدەبوو وهێمنی و لەسەر خۆیی و جڵەوی ژیری لە دەست دەرنەدەچوو، ئەو کاتانەی ژیانی خۆشی ئەموستێك دوور لە مەرگەوە دەبینی هەروابوو. با بەبەڵگە بدوێین، لە کاتی لێقەوماندا هێمن و لەسەر خۆ بوو، بلانسی تێکنەدەچوو، شپرزە نەدەبوو، گلۆلەی بیرکردنەوەی دروست و ژیرێتی لە دەست دەرنەدەچوو، کاردانەوەی هەست و سۆزی پێوە دیار بێت و بڕیاری سەرپێیی بدات.. راستەوخۆ دووای پلانە چەپەڵەکەی کرایە سەر ژیانی لە ١٩٧١/٩/٢٩ داو زۆر وورد چنرابوو (پسپۆرانی دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیای خۆرهەڵات لایەنە تەکنیکییەکانی ئەنجامدا بوو، جا زانیویانە بۆ لە ناوبردنی کێیە یان نا، ئەوە ئاشکرا نییە. چەند هەناسەیەك دووای تەقینەوەی (مەلاکان) بارزانی لە ژووری کۆبوونەکەدا کە بوو بووە دۆزەخ و جگە لەدار و دیواری ژوورەکە جلکەکانیشی بە گۆشت و مۆخ و فیچقەی خوێن سوواخ درابوو، دێتە بەر هەیوانی هۆڵەکەو خەریکە جگەرەیەك دادەگیرسێنێت، هەروەك لە رووبەڕوو بوونەوەیەکی ئاسایی گەڕابێتەوە، دکتور مەحموود چاوی لێدەبێت، دەڵێت بێ بەڵابیت ئیستاکەی کاتی جگەرەکێشانە، بچنە شوێنێکی ئەمین) [١٩٣] دیارە بارزانیش وتوویەتی چیتە دکتۆر ژیان و مردن بە دەست خودێیە. بە بیرم دێتەوە شەوێکی هاوینی ١٩٩٢ دووبە دوو لەگەڵ دکتۆر مەحموود لە بارەگای حیزبی سوسیالیستی کوردستان ـ عێراق(حسك) لە شەقڵاوە ئەو رووداوەی بۆ گێرامەوەو ناو بەناویش دەیوت( موئامەرەیەکی عەجیب بوو بەڵام مەوقیفی مەلامستەفا عەجیبتربوو) لەمیانەی قسەکانیشدا کە ئەودەمە پارتی، سوسیالیست،

پاسۆك سەرگەرمی یەكگرتن بووین، دكتۆر وتی: برا، ئیمەو ئێوە (مەبەستی سوسالیست و پاسۆك بوو) كێشەیەكمان لە نێواندا نییە مەگەر دارایی، وتم دكتۆر ئێمە بڕیارمان داوە دارایی هەردوولا بە (سفر). تێكەڵاو بكەین چونكە دەمزانی كاسەكەی ئەوان دینارێكی تێدا نییە، بەڵام ئێمە چەند ملیۆنێكمان لە كاسەكە دا بوو. دكتۆر مەحموود پێشنیازێكی جوانیشیكرد (خوێنەری هێژا سەرنج بدە چ گۆڕانكارییەك هاتە ئاراوە) وتی حەزدەكەم مەسعوود و مام جەلال برا گەورەبن، ئێمە مانانیش دەبینە راوێژكارو هاوكارییان دەكەین و كۆمیتەیەكیش بۆ راپەراندنی كارەكان دیاریدەكەین.

ب- بارزانی دڵی فراوانبوو، هەڵنەدەچوو، پەرچەكرداری سەر پێیی لێ دەرنەدەكەوت دووای تەقینەوەی مەلاكان و سەقامگیر بوونی دۆخەكە دادەنیشن و بە ئامادەبووان دەڵێت (ئەگەر نەمانی من كێشەكان چارەسەر دەكات لەگەڵ میریی، هەموو هەناسەیەك ئامادەم لەو پێناوەدا بمرم. بارزانی ئەمەی لە كاتێكدا راگەیاند هەموو چاوەرووان بوون چ لە ناوەوە و چ لە عێراق و چ لە وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتیش ئەندامانی بنەماڵەكەیی و سەركردایەتی شۆڕش كەسێك بوویێت لەو باوەڕەدا نەبوویێت بارزانی دەمودەست و گەرماو گەرم بڕیاری هێرشێكی گشتی دەدات بۆ سەر بنكەو دەسگاكانی میریی لە شاخ و لە شارو شارۆچكەكان و پێشمەرگەی لە خۆبووردووش لە شارەكانی كركووك و موصڵ و بەغدا دەستی قورس بوەشێنن بەڵام بارزانی خۆگر و دڵفراوان بڕیارێكی لەو جۆرەی نەدا بەڵكو هەردووای رووداوەكە كە دادەنیشین زۆر هێمن و لەسەرخۆ دەڵێت (ژیان و مردن بەدەست خودایە، ئەگەر نەمانی من كێشەی كورد لەگەڵ بەغدا چارەسەردەكات وەڵڵا من هەموو هەناسەیەك ئامادەم لەو پێناوەدا بمرم.) (چەند ئەندامێكی سەركردایەتی داوایانكرد پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بپچڕێنین و شەڕ بكەینەوە. بارزانی بەر هەلستیكردن وتی (نەء ئەگەر شەڕبكەینەوە لەسەر كەركوك و خانەقین و شەنگار دەیكەینەوە، نەلەسەر من.) [194] لەو دوو وتە بەنرخەدا بارزانی دوو پەندو دوو وانەی بە دۆست و دوژمن راگەیاند سەركردەیەكە ژیانی خۆی لە پێناو پەیامەكەیدا لا هەرزانە و رزگاركردنی شارێكی كورد بە نرخترە و ئەوكاتەی هەناسەیەك مەرگ دەستی لە یەخەی بەرداو خەونەكەی دوژمن نەهاتەدی، دنیا بە ئارەزووی زۆرداران ناگەرێت ئەگینا یەكێك ل ئیمپراتۆرە زۆردارەكانی مێژووی كۆن و دیكتاتۆرێكی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی كەسیان بە زیندوویی نەدەهێشت. دووای رووداوەكە كەسێكی نێزێك دەپرسێت ئێستاش كە پێكەوەین باوەڕ بە چاوی خۆم ناكەم، سەرم سورماوە چۆن رزگاربوویت؟ بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت (ید الله فوق أیدیهم) دەستی یەزدان لە دەستی دوژمنان بڵند ترە. لەو پلانە چەپەڵەدا ئەوەی زۆر سەرنج رادەكێشێت پلانێكی یەكجار تۆكمەو ووردو بە تەكنیكێكی زۆر پێشكەوتوو دارێژراوە و ئەگەری سەركەوتنیشی بە پێوانەی نازم گزار و شای ئێران لە صەدا حەفتا كەمتر نەبووە و دەربازبوونی دوو شۆفێرەكەش لە پەراوێزدابووە. حەوت مەلاكە لە تەقینەوەكەدا بەردەكەون یا پێشمەرگە دەیانكوژێت گرنگ نییە، دەمێنێتەوە سەر دوو كەس كە (هەموو نهێنی و وردەكارییەكانیان دەزانی) گریمان خوانەكردە كەسێك لەوانەی لەو شوێنە دابوون رزگار نەبووایە و شۆفێرەكان بە ماشێنی دووەم كە رۆكێتی لێبەسترابوو، هەردوكیان یا یەكێكیان دەرباز دەبوو بەڵام بۆ كوێ دەچوو، رووی لە كوێ دەكرد، نێزیكترین بنكەی سەربازی یا پەنایەكی دیكەی هەبووە حەشاریان بدات ؟

ناشیێت باوەڕ بکەین دووکەسی نامۆ، کوردی نازانن و شارەزای ڕێگاو بانی ناوچەکەش نەبن، پشتیوان و بنەیەکیان لەو ناوە نەبووبێت، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم مانای پلانەکە بۆ هەر نو تاوانبارەکە هەرچەندە پێنجیان قوربانی بوون، پلانێکی خۆ کوژی بە کۆمەڵ بووە. ئاشکراشە دەربازبوونی شۆفێرەکان هێلێکی گرنگی پلانەکە بوو، کەواتە خۆکوژی بە کۆمەڵ نەبووە.من وەهای بۆ دەچم، بەڵکو هەڵەش بم و زەینم کورت. با سەری کردبێت .

١٣ — بارزانی نەمەلا بوو نە شێخی تەریقەت، نە دەرەبەگ بوو نە کۆمۆنیست، بەکوردی و بە کورتی شۆڕشگێرێکی بە ئەزموون و قاڵبووی ڕێبازی کوردایەتی و خەباتێکی سەخت و درێژخایەن بوو لەگەڵ دوژمنانی کورد دا، بە پێی بارودۆخی رامیاری و سەربازی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو کەش و هەوای نێو دەوڵەتی دەجووڵاو بە ئاراستە جیاوەزاکاندا هەنگاوی دەنا بەرەو شەڕ، ئاشتی، گفتۆگۆ، پشوودان، دەسپێکردنەوەی شەڕ، ئاستی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ هێزە پەیوەندیدارەکاندا بە کێشەی کوردەوە و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی خۆیی و ئامانجە پیرۆزەکانی لە دوژمن و دوستەکانیش دەشاردەوە ئەگینا هەتا سەر مۆخ نەتەوەیی بوو، پەیامی نەتەوەیەکی چەوساوە و مافخوراوو پارچە پارچەکراوی هەڵگرتبوو، بە هەنگاوی گونجاو، خێرا، شێنەیی بەرەو ئامانج ڕێی دەکرد و رابەریی بزوتنەوەکەی دەکرد بەڵام پانتایی بەرەوپێش چوون و مانۆرو هەڵسووران بەر تەسك و بێ بووار بوو، هەرئەوەندەشی لە تواناد‌ا بوو کە کردی. ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ کرێکارێکدا کە پێکەوە کارماندەکرد بووینە هاوڕێ، پیاوێکی ئەڵمانی، چەند ساڵێك لە من بەتەمەنتر بو، زۆر حەزیدەکرد لە بارەی کوردەوە بدوێین، شارەزاییەکیشی هەبوو، چەند ووشەیەکی کوردیشی بە خوارو خێچی لە بیرەوەریدا مابوو، زو زو بەکاریدەهێنان، وتی ناوەڕاستی ساڵەکانی شەست کریکاری تیمێکی گۆڤاری ئاوێنە (دێر شبیگڵ) بووم، بۆ ئەنجامدانی ریپورتاجێك لەسەر شۆڕشی کورد وچوینە باکوری عێراق، دڵگران مەبە، مەبەستم کوردستانەکەی تۆیە! کارەکەی من ئەوەبوو لەو چیاو رەوەزانەدا ئامێرەکان بە کۆڵ بگوێزمەوە.. لێرە داینێ، بیبە بۆ ئەوێ،ئەوە بێنە... زمانی ئینگلیزیم نەدەزانی کە پەیامنێر و وێنەگرەکە لەگەڵ هەندێك لە کوردەکاندا پێی دەدووان بەڵام ژمارەیەکی زۆر فەرماندە و لێپرسراوی باڵای کوردم لە دووری چەند هەنگاوێکەوە بینی، لە نێو هەموویاندا سەرکردە بە تەمەنەکەیان (مالا ماستافا بارزان)گەلێك سەرنجی راکێشام، زۆر بە ئاسانی چاوی کامیراو پرسیاری رێپورتستەکەی لە خۆیی و کەسایەتییە سادە و لە هەمان کاتدا سەرو سیما و هەڵسووکەوتی بە هەیبەتیدا کۆ دەکردەوە، من لە وتەکانی تێنەدەگەیشتم بەڵام دەمبینی بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵام و دەربڕینەکانی هێماکانی دەستی بەکاردەهێنا، منیش بە مەزەندەی خۆم شتێکم لێهەڵدەکراند. لە ڕێگای گەرانەوەماندا **سەرۆکی تیمەکە وتی: ها، مایەر، ئەوە بەشێکی وڵاتی کوردو دوا ئەڵقەی زنجیرەی شۆڕشەکانی کوردە هەتا ئەمرۆ لە پێناو ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەی تۆ چۆنت بینین ؟**

**- من هەرچاوم دەگێرا، وڵاتەکەیان جوانە، بەڕێزو میوان دۆستن، وەك وڵاتەکەشیان خاوێن و رووگەشن و بۆم دەرکەوت ئەو پیاوەش کۆڵهەگرە..**

**- کام پیاو.. هەتیو ئەوە سەرۆکی کوردە و مەزنترین شۆڕشگێڕێتی، تۆ دەڵێیت چی!**

**- بەڕێز دەزانم، ئەویش کوڵهەڵگرە، من ئامێرەکانی ئێوەم بە کۆڵــەوە بــوو ئــەویش هــەموو ژان و ئازارەکــانی گەلەکەیی لە کۆڵدایە.**

**- دەست خۆش مایەر، جوانت وت، (بە پێکەنینەوە) خەریکە ببیتە پەیامنێر!**

شۆڕشــی ئــەیلوول قەوارەیــەکی رامیــاری، ســەربازی، بــەڕێوەبردنی دامــەزراو بــوو، ســنووری ناوچــە رزگارەنیشــی کارامــە دەپاراســت، هــەتا ١٩٧٥ رێکخراوێکــی رامیــاری ســەر بــە دوژمــن لــە شــارەکانی کوردستاندا نەبوو، ئەو دەستەو گرووپانەی دروستیش دەکران لـە بەغـدا گیریـان خواردبـوو صـاڵی ١٩٧٠ سەرکردایەتی بەعس گەرەکی بوو رێکخستن لە کوردستان دابمەزرێنێت و بارەگـا لـە شـارەکانی کوردسـتان بکاتەوە، شۆڕش رێگەی پێنەدان. خودی صـەددام حوسـەین گلـەیی لـە بـارزانی دەکـات، بـەپێی پـەیمانی نێوانمان ئێوە بۆ تان هەیە لە هەموو شوێنێکی عێراق بارەگا بکەنەوە و رێکخستنی خۆتان بکـەن ئێمـەش بۆمان هەیە لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی ئەو مافە بە خۆمان بدەین. بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت ئێمە بارەگا لە شوێنێك دەکەینەوە کوردی تێدا بژی، ئێوەش لە شوێنێك عارەبی تێدا بژی دەتـووانن، ئەگـەر مەبەسـتتان دهۆك، زاخۆ، هەولێر، سلێمانیشە ئەوە تاکە عارەبێکی تێدا نییە بارەگایان بۆ بکەنەوە. بەعسییەکان لـە ژێرەوە خەریکبوون کوردی بوودەلە رابکێشن. ئەوەندەی من بزانم لە سلێمانی تەنها یەك لەوانە لای شۆڕش ئاشکرابوو پەیوەندی بە بەعسەوە هەیە،پزیشکێکی ددان بوو لە بازاڕی ئەسحابەسپی ـ سلێمانی بـە نێـوی دکتۆر (ص)، عەلی عەبدوڵلا پارێزگاری سلێمانی بوو،ماوەی٢٤کاتـژمێریان بـۆ دانـا لـە سـنوری حـوکمی زاتیدا نەمێنێت بۆ کوێ دەچێت ئازادە .

١٤ـ **بارزانی شا نەبوو، سەرۆك کۆماریش نەبوو**، پێشەوایەك بوو خۆی لە شای ئێران و سـەرۆك کۆماری عێراق بە کەمتر نەدەگرت، ئەمەش نەك بە هاشەو هووشـە و بانگەشـەی بێنـاوەرۆك و خـۆ بـەزل زانین، بە کردەوە و لە پراکتیکدا دەیسەلماند، هەتا ئەو دەمەی کەوتە دووره ولاتـی و دوارۆژەکـانی ژیـانی سەری بە دەرگای دوژمن و کۆشك و سەرای پێتەختی دراوسـێکاندا نـەکرد مەگـەر بـۆ کـارێکی گـرنگ و چارەنووس ساز. تاران و بەغدا، شای ئێـران و سـەرۆکە یـەك لـە دووای یەکـەکانی عێـراق سـەلام عـارف، رەحمان عارف، حەسـەن بـەکر، صـەددام زۆریـان رووڵێـدەنا سـەردانێکیان بکـات، مەبەستیشـیان ئـەوەبوو پارسەنگی خۆیانی پێ قورس بکەن بەڵام باوەڕی پێنەدەکردن کراسی قورئانیشیان لەبەر کردبا چونکە چـاك دەیناسین، هەر ئەوانە بوون نامەردانە، شێخ عەبدلسەلامی یەکەم و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شـوکاك و پێشەوا قازی موحەممەدیان لە نێو برد. شای ئێـران صـاڵی ١٩٦٧ پێشـنیاز دەکـات، سـەرۆکی دەزگـای ساواك دەنێرێت بۆ گفتوگۆ و دامەزراندنی پەیوەندی و شادمانیشە، ئـەویش سـەردانی تـاران بکـات، وەك ئەوەی سەرۆکی ساواکی لە ئاستی بارزانیدا دانابێت. لە وەڵامدا دەڵێـت پێشـوازی نوێنەرەکـەتان دەکـەین بەڵام لەم کاتەدا سەردانی تارانمان بـۆ ناکرێـت. ئـەوە لـە کاتێکـدا هـیچ سـەرۆکێك هـەر لـە ئاسـیاوە بـۆ ئەمەریکا سەردانی تاران و دیدەنی شای ئێرانی بەو پـەری شـادی یـەوە دەکـرد. سـەرکردایەتی عێـراقیش ناچاربوون، ملیان راکێشا، سەرەتا بە ناردنی پارێزگاری سلێمانی، هەولێر دەستیان پێکردو ترسیان شکا بۆ فەرماندەی لە شکری دوو، بەڕێوەبەری دەسگای هەواڵگری، وەزیرەکان، سەرۆك وەزیرانەکان، هەتا گەیشتە

سەرۆك كۆمار (زوریش تكادەكەن سەرۆك كۆماری عێراق ئەورەحمان عارف ئەو هەموو رێگە دوورو سەختە نەبڕێت، پیاوی چاكێ شوێنێكی نێزێك بۆ هەردوولا دیاری بكەن بۆ چاوپێكەوتن، وەك دیانە) [195] بارزانی دەڵێت دڵخۆشین بە هاتنی بەڕێز سەرۆك كۆمار و حەز دەكەین لە جیّ و رێی خۆمان پێشوازی میوانەكانمان بكەین. چارناچار سەرۆك كۆماری عێراق بەو هەموو شان و شكۆیەوە ئەوەندی رێگە هەبوو بە كۆپتەر ئەمجا هەتا ماشێن دەردەچوو بە ماشێن و پاشماوەی رێگاكەشی بە وولاخی بەرزگرتەبەرو هەر نەگەیشت، رێگاش ئەوەندە سەخت و دژوار بوو، سوار تەنها بەسەر پشتی گویّ درێژەوە خوێدەگرت. ئەو سەردانە لە سینەماكانی عێراقدا لە پێشەكی فلیمەكاندا بۆ ماوەی دوو هەفتە پێشان دەدران. دووجار ئەو فلیمە دوكومینتەم لە سینەمای رەشید — سلێمانی بینیوە، بینەران كە سەرۆك كۆمار دەردەكەوت بە تایبەتیش بە سەرپشتی گوێدرێژەكەوە فیكەیان لێدەدا كە بارزانیش دەردەكەوت چەپڵە، ناحەزێك كرێكاری سینەماكە بوو، چەكداری جەلالییەكان بوو، سوێندی خواردبوو سبەینیّ هەركەس چەپلەلێدات تەقەیان لێدەكات.

١٥ـ بارزانی بە شایستەیی سونبوڵی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەكەیی و هێمای بەرگری درێژخایەن و سەرسەختی شۆڕشگێرانەو كۆڵنەدان بوو، هەر بە رابەریی ئەمیش كورد مافی ئۆتۆنۆمی لە قورگی دوژمن دەرهێنا و بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا داگیركارێكی كوردستان دان بە مافی كوردا دەنێت. سەركردایەتی بەعس و بەتایبەتیش صەددام حوسەین لە كاتێكدا هەنگاوێكی وەها بوێر دەنێت هێشتا لە توركیا نكوولی لە بوونی كورد دەكرا. رێككەوتنی مارت ٩٧٠ ئەگەر بۆ تاكتیكیش بووبێت كوردی بەشەكانی دیكەی كوردستانی لە خەو راچلەكاند و چاوی هیوایان تێكرد، ئەمەش لە خۆیدا نامەیەكی پڕ مانابوو لە شۆڕشەوە بۆ داگیركاران و هەزارویەك لێكدانەوەیان بۆ دەكرد، جگە لەوەی بارزانی هەتا كۆتایی ١٩٧٤ جۆرە هاودەنگییەكی لەگەڵ كۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەكێتی كورد (كاژیك) دا هەبوو كە هەر لە ١٩٥٩ وە بانگی سەربەخۆیی كوردستانی بە شێوەیەكی چالاك بە گوێی جەماوەری كوردا دەدا، بەرامبەر ناحەزانیشیان، بارزانی لە چەند هەڵوێستێكدا چالاكییەكانی هاوبیرانی كاژیك بەرز دەنرخێنێت و دڵنیاش بوو بە پێی هێڵە درشتەكانی باوەڕەكە، كوردایەتی و بەرژەوەندی كورد لەبەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتی جیاوازە و ئامانجە پیرۆزەكان لە پلەی یەكەمدان، هەر لەوسەرچاوەیەشەوە كە بەرژەوەندی كوردو شۆڕش دەیخواست كاژیك كاركەناربێت و چالاكییەكانی رابگرێت بیّ دوودڵی لە هەڵوێستێكی خۆ نەویستدا كە هێشتا لە مێژووی كورددا هاوتای نییە. سەرەتای پایزی١٩٧٤لەكۆبوونەوەیەكی نائاساییدا لە شاری نەغەدە ـ خۆرهەڵاتی كوردستان بە ئامادەبوونی دوو هاوبیری سەركردایەتی: مامۆستایان ئەحمەد هەردی و كامیل ژیر وبەرپرسی لقی سلێمانی عەبدوڵڵا ئاگرین وكادیرانی پێشكەوتوو: موحەمەد مەجیدئەصڵان،شەهید نووری حەمە عەلی(جێگری فەرمانداری هێزی خەبات)، عومەر شەمەیی،عەلی تۆفیق (بەرپرسی دارایی هێزی خەبات)،فەرهاد عەبدولحەمید وبەندەش نوری كەریم دووای پازدە ساڵ خەبات لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای كورد و رەچاوكردنی بار ودۆخی تایبەتیی شۆڕشی ئەیلوول و(لایەنەدۆستەكان)دا بڕیاری(هەڵپەساردنی) چالاكییەكانی كاژیك وەك خواردنەوەی جامە ژەهرەكە

پەسەندکرا وسەرمان لە ئاست بەرژەوەندی باڵادا نەویکرد! کادرەکان وامانـدەزانی هەڵپەساردنەکە بۆ ماوەیـەکی کاتییـە، بـەڵام وانەبوو.بڕیارەکـەش پێشـتر بـە ئاگـاداریی هـەردوو ئەندامی(سـەرکردایەتی) مامۆستایان ئەحمەد هەردی و کامیل ژیر وهەردوو کارگێڕی بارەگـای بارزانی،شـێخ محەمەد هەرسین ومحەممەد عەزیز و فەرماندەی هێزی خەبات فەتاح محەممەد ئەمین ئاغا و لێپرسراوی لـق عەبـدوڵڵا ئـاگرین گەلاڵە و ئامادەکرابوو بەڵام دڵنیانیم لە هەڵوێستی هەردو ئەندامی (سەرکردایەتی)دکتۆر جەمال نەبەز و مامۆستا فایەق عارف(ئەو ساڵانە لە بەغدا دەژیا) .

**١٦ـ ئایا بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکی بوو؟**

ناحەزانی شۆڕش لە هەمـوو بۆ نەیەکدا و بەهەق و بە ناهەق هاواریان دەکردو چاپەمەنییەکانیان سیخناخ بوو لەوەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش دوو دەسگای خێڵەکین لە ژێر جنگی سەرۆك خێڵێکی نەخوێندەوارو هەمـوو هەوڵێکی بۆ خێڵی بارزانە، نەك کورد! بارزانی خوێنـدەوارو رووناکبیر ئـەو کەسەیە ئەوەی دەیتوانێت تێکەڵ بە کردارو هەڵوێستی رۆژانەی بکـات و رووناکی بـە دەوری خوێدا بـڵاو بکاتەوە و دڵپاك و زمانپاك و دەروون پاك بێت، راستگۆ و خۆنەویست و دڵسۆز بێت لە کاردا. مەلایـەکی دووازدە عیلم ئەگەر پەیڕەوی ((عیلمەکە)) نەکات، یـەزدان نوێـژو رۆژووی بـێ نـاوەڕۆکی ناوێـت. خـاوەن باوەرنامەیەکی پانووپۆری دکتۆرا کەڵك بە وڵات و نەتەوەکەی نەگەیەنێت و لە هەمـوو کارەکانیـدا دەست پیسی بکات، دکتۆراکەی هەربۆ هەڵواسین چاکە. ئەوەیـەك، دووەمـیش سـەرکردایەتییە خێڵـە کییەکـەی پارتی و شۆڕش دەمێکە سەرکردایەتییەکی مۆدێرنەو، یەکێتی نیشتنمانی کوردستانیش لـە رێکخراوێکـی سێ قۆڵی مۆدێرن و سەرکردایەتی رووناکبیرو مۆدێرنەوە بوو بە سەرکردایەتی خێڵەکی. هەتا بـژین سـەیرو سەمەرە دەبینین، سێیەم، بارزانی هەندێك جار لە یاساو رێساو دیسپلینەکانی زانکۆ سەربازییەکان لایدەدا کە لەگەڵ بەرنامەی شۆڕش دا لە هەموو هەڵوێستیك دا جوت ناوەستێتەوە، وەك ئەوەی ئەفسەرەکانی نێو شۆڕش و دەرچووی زانکۆی سەربازیی بەغدا دەیانویست. بۆ نموونە (شەڕەکانی قەرەداخ ٤-٩ /١٩٦٦/٦ و سەرکەوتنی سوپای عێـراق و دەستبەسـەراگرتنەوەی ناوچـەکەو کشـانەوەی هێـزی پێشـمەرگە بـە فرمـانی فەرماندەی هێزەکە، موقەددەم عـەزیز عـەقراوی، بەڵام حەمید بـەرواری سـەرلق کـە لـەو شـەڕانەدا جێگـە دەستی دیاربوو، سەرپێچی فەرمانەکە دەکات و ناکشێتەوە و بەخۆیی و لقەکەیەوە لـە لوتکـە بەرزەکانـدا دەمێنێتەوە) [١٩٦] عـەزیز عـەقراوی سەرپێچییەکە بە بارزانی دەگەیەنێت و داوای سزادانی حەمیـد بـەرواری دەکات ئەویش فەرمانێك دەدات خێڵەکییانە بەڵام لەگەڵ هەق و ئەقڵ و لۆژیکدا گونجاوە، دەڵێت پێویستە هەڵوێستی حەمید بنرخێنین و پلەی بەرزبکەینەوە نەك سزادان. پلەی فەرماندەی بەتالیۆنیشـی پێـدەدات. مەگەر لە کارێکی وەهادا خێڵەکی بووبێت.

١٧ـ بارزانی بەو کەچەخوێندەوارییەی هـەیبوو، بـۆڕی رووناکبیرانی کـورد و مێـژوونووس و پسـپۆڕانی جوگرافیای دابوو کە ئێستەشی لەگەڵدا بێت زۆربـەی هـەرە زۆریـان هۆکـارێکی هـەرەگرنگ و کاریگـەری سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد دەدەنە پاڵ ((کوردسـتان لـە هـیچ لایەکـەوە ناکەوێتـە سـەر رووبارێـك، دەریایەك)) منیش بەش بە حاڵی حۆم نەمدەزانی ((لە بـێ خەبـەران کەشـکەك صـەڵەوات)). مـام هـەژار

دەیگێڕێتەوە، رۆژێك لەگەڵ بارزانیدا دوو بە دوو بووین، گوتم، کورد دەوڵەتی هەبێت بۆی بەڕێوە نابرێت چونکە لایەکمان بەدەریاوە نییە. فەرمووی قسەی سەیردەکەی، شەرەفنامەی وەرگێڕاوە(وەرگێڕاوەتەسەرکوردی. ن. ك). ن. ك) چۆن نازانی ئەسکەندەروونە (شارو بەندەرەی ئەسکەندەروونە. ن. ك) و گەرووی هورمز کوردستانن. دیارە مەبەستی ئەوەبووە مام هەژار ئاگادار بکات نەك لە لایەکەوە لە دوولاوە کوردستان لەسەر دەریایە.

## ١٨ـ بارزانی لەگەڵ دوژمن، نیوە دوژمن و نیوە دۆستدا دەسازا.

دیارە جیاوازییەکی فراوان لە نێوان نیوە دوژمن و نیوە دۆستدا هەیە، بۆ نموونە، ئێران، ئیسرائیل و لیبیاش تارادەیەك لە بازنەی دۆستەکانی شۆڕشدا بوون، لەوەشدا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان، پێشەوای عارەب موعەمەر قەززافی بە ئاشکرا و ئیسرائیل بە شەرمەوە هاودەنگی مافی چارەی خۆبڕیاردانی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردن بەڵام ئێران لەگەڵ ئەوەدا نییە و بەرژەوەندی لە شۆڕشی کوردی باشوردایە دژی دوژمنە مێژووییەکەی. نیوە دوژمنیش وەك تورکیا هەڵوێستی ئاشکرای هەیە لەمەر خواست و ئامانجەکانی کورد بەڵام لە بیلایەنیدا لە نێوان میریی عێراق و شۆڕشی سەرووی عێراقدا بەرژەوەندییەکی هەیە لە کزو لاوازی عارەبدا بەتایبەتی بێهێزی بەعسدا کە باڵەکەی سوریا داوای ئەسکەندەروونەی لکێنراو بە تورکیاوە دەکات و بە بەشێك لە خاکی عارەبی دەزانێت. تۆ تەماشا هەر لەو خاڵە بچووکەدا کێشەیەکی جەنجاڵ هەیە لە نێو تورك و عارەب و کوردا کە هەرسێکیان ئەسکەندروونەو بەندەرە گرنگەکەی بە خاك و نیشتمانی خۆیان دەزانن! هەرچی ئەمەریکا و ئینگلیزە وەك کەری نێو جۆگە لاقێکیان لەمبەرو لاقێکیان لەو بەرە، لە ناڵیش دەدەن لە بزماریش، جۆرە دوستایەتییەکیشیان دەرکردو چاو سور کردنەوەشیان هەبوو. ئەو دوو هێزە، بەریتانیا رۆڵی سەرەکیی خۆی لە دەستدا بۆ ئەمەریکای تازە گەشەسەندو، راستە هەردووکیان لە پاڵ فەرەنساو سۆڤێت و یابان و چیندا لە پێشکەوتنی زانست و پیشەسازی و تەکنۆلوژیادا سەروخوار کەوتوون و ئەمەریکا لە پێش هەموانەوەیە بەڵام لە هەندێك لایەنی رامیاری و سەربازی یەوە گەمژەن، نموونەش زۆر زۆرە وەك زەلکاوی ڤێتنام، ئابرووچوونە سەربازییەکەی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کارمەندانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە تاران دووای سەرکەوتنی خومەیینی، سەری شکاو و قوونی دڕاو بە دەست صۆمالییەکانەوە، تیوە گلان لە کێشەی ئەفغان و گیرۆدەبوون بەدەست ئوسامەی کوڕی لادنەوە، تێوەگلان لە رزگارکردنی عێراق و ئەو هەموو زیانەی رۆژانە بەر هێزەکانی دەکەوێت و دارێکی بە دەستەوەیە هەردوو سەرەکەی پیسە، کشانەوە ئابرووچوونە، سەرکەوتنیش زۆر دوورە. سوار بوون عەبێك و دابەزین دوو عەیب. هەربەو گەمژەییەش دەیانویست شۆڕشی کوردی باشوور لە مەنگەنەی بەرنامە ستراتیژییەکانیان بدەن، شۆڕش دەبێت دەست لە سەرسنگ بوەستێت چونکە رێگەیان لە شۆڕشەکەی نەگرتووە و کۆسپیان نەهێناوەتە رێگەی، بۆیە پێویستە لەو هێڵە سوورانە دەرنەچن بۆیان دیاری دەکرێت لە هەمووشیان گرنگتر دەزگاکانی دەرهێنان و پاڵاوتن و هەناردەی نەوت. جا ئەمەکەی رەوایە نەوتێك موڵکی کوردەو داگیر کار زەوتی کردووەو دەیدات بە چەکی کوشتنەو کوردی پێ قەلاچۆ دەکات. سەرکردایەتی شۆڕش بە پێیی پەندەکەی باووباپیران، ((کەری خۆمەو گوێی

ناڵدەکەم)) لە دووکاتی جیاوازدا پەلاماری چاڵە نەوتەکانی زەمبارو بابەگورگور دەدات وەك نامەیەکی هەڕەشە بۆ میریی عێراق کە شۆڕش دەستیدەگات بە دەمارەکانی ژیان و مانەوەتان و لە هەمانکاتیشدا بۆ مەبەستێکی سەربازی و کێشانەوەی چەند کەرتێکی سوپای عێراق بۆ پاراستنی ئەو دەزگا ئابووریە گرنگانەو کەمکردنەوە و سووککردنی زەختی هێزەکانی دوژمن لەسەر شۆڕش لە بەرەکانی جەنگدا لە هەمان کاتدا نامەیەکی کراوەو بە هێڵی درشت نووسراویش بوو بۆ کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی جیهانی سەرمایەداری ئێمە نە دەسندەخۆری ئێوەین نەدەست لەسەر سنگ ((لە حزورتاندا)) رادەوەستین، ئێوەکە هەموو شتێك لە پێناو بەرژەوەندی خۆتاندا دەکەن، ئێمەش لە پێناوبەرژەوەندی کوردا هەرچی پێویست بێت دەیکەین، ئێوەش بە هۆی سامانی کوردو لەسەر حسابی کوێرەوەری و کوشتن و ماڵوێرانی کورد سامان کەڵەکە بکەن کارێکی ناڕەوایە، بە خۆتاندا بچنەوە و چاوتان لەم کوردە داماوە بێت. نامەکە گەیشت، هەستیان بە مەترسییەکە کرد، نوێنەرییان ناردو پەیمانیاندا بڕێك لە قازانجەکان بۆ کورد بگێرنەوە بەڵام بەکردەوە هیچیان نەکرد. خۆزگە سەرکردایەتی شۆڕش پلان و بەرنامەی پەلاماردان و وێرانکردنی دەسگاکانی نەوتی لە ئەستۆ بگرتایە وەك ئامانجێکی سەرەکی شۆڕش لە بری ئەوەی شەڕی مردن و ژیانی لەسەر چیایەکی کوردستان دەکرد کە گرنگییەکی سەربازی ئەوتۆی بۆ شۆڕش نەبوو وەك چیای ئەزمر. لێدانی کاریگەری دەسگاکانی بەرهەمهێنانی نەوت ژمارەیەك لە کەرتەکانی سوپای لە بەرەکانی شەڕ دەکێشایەوە بۆ پارێزگاری ئەو دەسگایانەو هەمانکات بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی میریی عێراق و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانیشی دەخستە مەترسییەکی راستەقینەوە کە دەبوو دووجار بیر لە کێشەی کورد بکەنەوە، ئاخر ئەو گەمژانە منەتیان بە سەر کوردا دەکرد کە دەستیان نەهێناوەتە رێگەی هەڵگیرساندن و بەردەوامی شۆڕشەکەی وەك ئەوەی شۆڕش بە خوێنی کورد و کاولکردنی کوردستان نەگەرێت، هاوکاری و کۆمەکی ئەوان توانای بەردەوامبوونی پێدابێت و بە لوتبەرزی و لە خۆ بایی بوونیشەوە ئەوەیان بە گوێی سەرکردایەتی شۆڕشدا دەدا هەرکاتێك بیانەوێت بە فوویەك شۆڕش دادەمرکێننەوە، بۆیە بۆ کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی عێراق پێویستە گوێ لە مشت و ژێرفەرمابن! سەرکردایەتی کوردیش دەبوو بەرنامەی ئامادەی لەبەردەستدابێت بۆ خۆپاراستن لە چەند مەترسییەکی راستەقینە، وەك:

١- ئەمەریکا و ئەوروپا، توانای سەربازی و جەنگیی شۆڕشیان لە ئاستێکدا رادەگرت نەتوانێت بەسەر عێراقدا سەربکەوێت وەك سەرکەوتنی کۆتایی و بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی راستەقینە و خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی عێراقدا.

٢- ئەگەر عێراق حوزەیرانی ١٩٧٣ نەوتەکەی خۆماڵی نەکردایە، ئەمەریکا و بەریتانیا پێش سۆڤێیەت دەکەوتن و پەیمانی ستراتیژی هاوکاری و دۆستایەتی درێژ خایەنیان لەگەڵدا مۆردەکردو دەگەڕانەوە سەر لاپەرەکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ، بارزانی و (سوورەی چاوشین) ئاسایی راستەوخۆ لە پاڵ سوپای عێراقدا کوردیان سەرکز دەکرد.

٣- ئەگەر ئێران دوژمنی دێرین و خوێنخۆری عێراق و سوننە و عارەب سەربە خۆرئاوا نەبووایە و لە ئەنجامدا بوو بە پۆلیسی کوتەك بە دەستی ناوچەکە، یا کۆدەتایەکی سەرکەوتوو لە ئێران یا عێراق

بەرنامەی رامیاری هەردوو رژێمەکەی پەکبخستایە، یابە شێوەیەك لـە یـەکتر نزیـك بوونایەتـەوە گـرژی و ئالۆزیەکان خاوبوونایەتەوە و کێشەکانیان چارەسەربکردایە (ئەگەر بـۆ مەبەسـتێکی تایبـەت و ماوەیـەکی کورتیش بێت، ئەوە بە دڵی ئەمەریکا و ئەوروپا بوو، ئاشتی و هێمنیی باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشـێت و نەوتی ناوچەکەش لە مەترسی پریشکی ئاگری شەر دووردەکەوتەوە و هەموشیان فاتیحەیان لەسـەر کـوردو شۆڕشەکەی دەخوێند، هەروەك سیناریۆکە دووای پەیمانی جەزائیر لـە نێـوان صـەددام و شـای ئێـران چـووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.)

میصر، کویت، ئوردون، سعوودییە، میرنشـینەکانی کەنـداوی ((فـارس — عـارەب)) یارمـەتی دارایـی شۆڕشیان دەدا و هەر لە ژێر لێویشەوە بە گوێی شۆڕشیاندا دەچرپاند لاریمان لە مافـەکانی کـورد نییـە لـە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتوودا، بەڵام خۆیان دەیان زانی کوێیان دێشێت!کۆماری میسریش لە هیچ سـەرد ەمێکدا یارمـەتی شۆڕشـی نـەداوە بـەڵام سـەردەمی عەبدلناسـر جـۆرە تێگەیشـتن و حـالی بوونێکی دۆستانەی بەرامبەر کێشەی کـورد هـەبوو، دژی خواسـتەکانی نـەبوو بـە مـەرجێك یەکپارچـەیی عێراق پارێزراوبێت.

هەریمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مێژوویەکی دێرینی نییە، لە چاو بە ریتانیـا و ئەڵـەمانیا و ئیتاڵیـا و هۆڵەنداو فەرەنسا و سوید و نەرویجیشدا دوێنی دامەزراوە و (لە پڕێك بوو بـە کوڕێـك)، بـەهێز بـوو بـەڵام بەرنامـە رامیارییـەکانی دەرەوەی کـاڵ و کـرچ و رامیارەکـانی کـەم ئـەزموون بـوون، بۆیـە لـەم هـەزارەی دووەمەشدا هەڵەی گەورە دەکەن و خۆیان لە هەموو کێشەیەك هەڵدەقورتێنن بەڵام هەرچەند دەکەن رێگەی دەرباز بوون و خۆقوتارکردن نادۆزنەوە، پێشتر چەند نمونەیەکم لەو رووەوە خستە بەرچاو، با وڵاتـی کووبـای کاسترۆشی بچێتە پاڵ، دوورگەیەکی بچووك لە پەنا دەستی ئەمـەریکادا خەریکـە دەبێتـە پـەنجا صـاڵ لـە ئەمەریکای زەبـەللاح بۆتـە ملـۆزم، سـەردەمی شـەری سـارد دەیـانوت یـەکێتی سـۆڤێت لـە پارێزدایـە و سێهەمین جەنگی جیهانی هەڵدەگیرسێت ئەگینا کووبا بەشی پارووپەکەو قوتیدەدەین! خۆ ئێستە سەردەمی جـەنگی سـارد نـەماوە و یـەکێتی سـۆڤێتیش خۆمـان خـۆش و ئەمـەریکاش کـوڕە ئازاکـەی فلیمـەکانی گاوانەکانە (کاوبۆی) و فیدڵ کاسترۆی سەرسەختیش لە جێگەدا کەوتووەو هـەر بەسـەر زینـدووە، ئـەی بـۆ ناوێرێت لە بەردەم (رائوول)ی براشیدا بکۆکێت کە لـە جێگـەی کـاکی بـوو بـە سـەرۆك کۆمـاری کووبـا و کابرایەکی بێ بەهرەو پیاوی سەرکردایەتی وڵاتێك نیە،لە سەردەمی شۆڕشی رزگاریدا، وەك گیفارا دەڵێـت ئەو پیاوە (هەر ئەوە بوو برای کاسترۆ بوو!)

### ١٩ـ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و بارزانی بە کرێگیراوی خۆرئاوا بوون؟

سەرکردایەتی شۆڕش ماوەیەك بوو پەلاماردانی دەسگاکانی بەرهەمهێنان و بەرێکردنی نەوتی خستبووە بەرنامەی کارەوە، نەوت، زێری رەش، ئەو سامانە مفتەی تەنها خاوەنەکەی کەڵکی لێنابینێت تەنانەت بۆ خـۆ گەرمکردنـەوەش. نیـوەی دەچـووە گیرفـانی کۆمپانیـا مۆنۆپۆلـەکان و بەشـێکی بەرچـاوی بەشـەکەی عێراقیش دەدرا بە جۆرەها چەکی نوێی وێرانکاری وەك مێك، سۆخۆ، باجـەر — تۆپـۆلیڤ، ناپـاڵم و تۆپـە نەمساوییە قورسەکان و کوردیان قڕ دەکرد و کوردستان وێران... بارزانی دووجـار شـوولکی تـەڕ بـۆ سـەر

لوتی ملهوڕەکان بەرزدەکاتەوە و دووجار بڕیاری پەلاماردانی دەسگاکانی نەوتی عێراق دەدات، یەکەمجار (مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی حەمەی دەرویش نادر پەلاماری بۆرییە نەوت بەرەکانی (زەممار) دەدەن).[197] جاری دووەم ئۆپەراسیۆنێکی فراوان بوو (بەناوی نهێنی رووبار، پلانی پێویست و راهێنان لەسەر جێبەجێکردنی دەستی پێکرد بە بەکارهێنانی هاوەنی ١٢٠ملم، تۆپی ١٠٦ ملم سمینەرو سوتێنەری نەجوولّ (سمێنەر = طارق، سوتێنەر= حارق، نەجوولّ = عدم الارتداد). ئەو جۆرە گوللە تۆپهاوێژانەیە ئامانجەکان کوناودەر دەکات و ئەمجا دەتەقێتەوە و ئامانجەکە دەسوتێنێت. ن. ك) پۆلێك لاوی هێزی هەلّگورد راهێنانیان لەسەر چەکەکان دەکرد. ئۆپراسیۆنەکە سامی عەبدولرەحمان بەڕێوەی دەبرد بە هاوکاری فاخیر میرگە سووری، فارس باوە، حەمە سوور حوسەین، عیزەدین قەرە موحەمەد، عەریف دەرویش و قادر جەباری. ١٩٦٩/٢/١٥ باری صەد ئێستر چەك گوێزرایەوە دەشتی هەولێر، دەسگای پاراستنی شۆڕش زانیاری ووردو نەخشەی پێویستی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە ئامادەکردبوو. شەوی یەك لەسەر دووی مارتی ١٩٦٩ پێشمەرگە بە پێی پلانە کە دامەزران، کاتژمێر ٢١ تۆپخانەی شۆڕش ماوەی دوو کاتژێری بەردەوام دەسگاکانی نەوتی بابەگوڕگوڕ دەکوتنەوە، کلپەو بلّێسەی ئاگر دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان، دوژمن وەها شپرزە بوو و وایدەزانی بەر هێرشێکی ئاسمانی فڕۆکە کەوتوون. کاتژمێر ٢٣ برووسکەی سامی گەیشت (رووبار بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا.) ئەو پلانە سەرکەوتووە و دەستە قورسەی شۆڕش لە میریی عێراق و کومپانیای BP (بریتش پەترۆلیۆم. ن. ك) وە شاند هەردوو لایەنی تووشی ترس و دلّە راوکە کرد.. شۆڕش داوای بەشە نەوتی خۆی لە BP دەکرد، گفتیاندا بەلاّم درۆیانکرد.) [198] شۆڕش چالاکییەکی بوێرو فراوانی دژی دوژمن ئەنجامدا بەلاّم نەلە ناوخۆ و نەلەدەرەوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو شۆڕش بەرهەمێکی لێ بچنێتەوە، ئەو جۆرە چالاکییانەی ئامانجیان پەیوەندی بە بازرگانی نێو دەولّەتی و پیشەسازی و ئابووری جیهانەوەیە هەروا ئاسان دوژمن ناخاتە ژێر گوشارو بیهێنێتە سەربار، دووبارە و سێ بارەکردنەوە بگرە بەردەوامی دەوێت. صەددام حوسەین هەندێك بۆ چوونی دروستی هەبوو، دەیوت ((پێویستە بەردەوام کەللە سەری پوتی دوژمن بکوتینەوە هەتا دێتە سەر بار)) شۆڕشی کورد لە باشوور ئاوها لە بەرژەوەندییە گرنگەکانی مۆنۆپۆلّی جیهان لە عێراقدا دەدا و زیانی پێدەگەیاندن و ترس و لەرزی دەخستە دلّیانەوە میدیاکانی سەر بە شۆڤێنیزمی عارەب و لە هەمووشیان گەرمتر عێراق و سووریا و فەلەستین و چەندین لایەنی رامیاری ئاشکرا و نهێنی عارەب و کورد لە عێراق قەوانێکی سواویان لێدەدایەوە گوایە لە بەشی باکوری ئازیز (شمال الحبیب) بزوتنەوەیەکی چەکداریی گومانلێکراو پشت بە یارمەتی دارایی و جەنگی ئیمپریالیزم و کۆمپانیاکانی نەوت مەلا مستەفایان بە کرێگرتووە بۆ ئاژاوە نانەوە و شێواندنی ئاسایش و هێمنی عێراق و خەریککردنی سوپا دلێرەکەی عێراق بە لە ناوبردنی چەکدارانی قوژبنە بە کرێگیراوەکەوە (الجیب العمیل) بۆ ئەوەی نەپەرژێنە سەر ئەنجامدانی ئەرکە نەتەوەییەکانی بۆ بەرەنگاریکردن و لە ناوبردنی قەوارە دروستکراوەکەی جوولەکە لەسەر خاکی عارەب و نیشتمانی فەلەستینیەکان و دروستکردنی قەوارەیەکی نوێ لە شێوەی قەوارەی جوولەکە لە باکووری ئازیز.

## یەکەمین کۆسپی گەورە لە ڕێگای سەرکەوتندا

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی تینووی سەربەخۆیی و پساندنی زنجیری کۆت و پێوەندی دیلی و ژێر دەستیو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی لە قۆناغی ڕاپەڕین و شۆڕش و خەباتی نهێنیدا سەرەرای زەبرو زەنگی دوژمن تووشی کێشەی ناوخۆ و ململانێی دەستەلآت و زۆرانبازیی نێوان ئەندامانی ریزی هەرەپێشەوەی سەرکردایەتی دەبن بە تایبەتی کەسی یەکەم و دووەم، جا ئەم دیاردە کوشندەیە ئەگەر لە قۆناغی خەباتدا لە پێناو سەربەخۆییدا سەرهەڵنەدات زۆرتر دووای سەرکەوتن و دەستەلآت گرتنە دەستدا دەتەقێتەوەو هاوکاری دەستەراست یا دەستە چەپی کەسی یەکەم (سەرۆك) ئالآی یاخیبوون و شۆڕش لە نێو شۆڕشدا (یا شۆڕش بەسەر شۆڕشدا) بەرزدەکاتەوە و هێڵێکی راست و چەپ بەسەر مێژووی خەباتی سەروکدا دەهێنێت و هەزار و یەك تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت و ریزەکانی رێکخراو یا پارتەکەو جەماوەر هاندەدات، شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکرد لە ملهوورێکەوە بکەوێتە بندەستی ملهوورێك! هەموو رێگایەکی شیاو و نەشیاویش دەگرێتەبەر لە پێناو سەرکەوتنێك هەست بکات یا نەکات هەنگاوێکە بەرەو ژێرکەوتن و دڵساردی جەماوەرو وەشاندنی تۆوی دووبەرەکیو دۆڕاندنی دەستەکەوتەکانی بە خوێن بە دیهاتوون و دابەزاندن و بگرە رووخاندنی جەماوەرە دڵسۆزو قوربانیدەرەکە و لە چاکترین بوواریشدا هێزە سەرکەوتووە یەك دەنگ و یەك هەڵوێستەکەی سەنگەرێك دەکات بە دوو کەرت یا پتری دژ بەیەك و خوێنەخۆر کە تا دوێنێ هاوبیرو لە ژێر ئالآیەکدا و بۆ ئامانجێك خەباتیان دەکرد و قوربانیان بەسەر و ماڵ دەدا و ئەمرۆ بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشبوون لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازییەك لە ئایدیاو بیرو بۆ چوونیاندا بەدیناکرێت جگە لە خواست و ئارەزووی تایبەت و بەرژەوەندی تاکەکەس و چاوبڕینە کورسی دەستەلآت. نموونەش زۆرن، ستالین و ترونسکی، ماوتسی تۆنگ و شۆئین لای، ئەحمەد حەسەن بەکر و صەددام حەسەین، صەددام حوسەین و عەبدلخالق سامەرائی، شبل ئەلعەیسەمی و میشیل عەفلەق. ئەو دەردە کوشندەیە لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا لە ١٩٦٤ وەوە سەریهەڵدا و لە ١٩٦٦ دا بوو بە پەتایەکی کوشندە و ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی هەڵوەشاندو بزافی رزگاریخوازی کوردی باشووری سست و خاوکردەوە و چاکترین کادێرە رووناکبیرو بە تواناکانی شۆڕش جیابوونەوە و پشت لە شۆڕش و روو لە دوژمن شوێنەکانیان چۆڵکرد و بارزانیش ناچار بوو ئەو بۆشاییە فراوانە بەکەسانێك پڕ بکاتەوە زۆر بەیان بەکەڵکی هەر کارێك بهاتنایە بە کەڵکی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش نەدەهاتن. عارەب پەندێکی هەیە دەڵێت (من قلة الخیل نشد السروج علی الکلاب) کە ئەسپ نەبوو، زین لە سەگ دەبەستین! ڕێزم هەیە بۆ ئەوانە بەڵآم زۆرێکیان بوودەڵەو بێ هونەرو کەمتەر خەم و هیچ لە باردا نەبوو بوون تەنانەت نەخوێندەوارو فارس وتەنی ((بێسەواد)) یش بوون! ئەوەش خاڵێکی نێگەتیڤە لەسەر بارزانی، نە لەبەرئەوەی بۆشاییەکەی بەو کەسانە پڕکردەوە، نا، ناچاربوو بەو کارە بەڵآم هەتا پارتی و شۆڕش لە هەڵدێر دەگیرسێنەوە و دەکەونەوە سەرپێ و لەو کادرە لێهاتوو و دڵسۆزانەی لەو ماوەیەدا لە ریزەکانی شۆڕشدا پێگەیشتبوون لەو رووناکبیرانەی پۆل پۆل دەچوونە شاخ کەڵکی وەربگرتایەو کاروباری پێ بسپاردنایە.. بەداخەوە ئەوانەی لە هەڵ و مەرجێکی ناوازەدا کەوتنە پلەی سەرکردایەتی و پۆستی

گرنگیان وەرگرت خۆشیان باوەڕیان نەدەکرد بەو پلەو پایە گەیشتبن (دەبوو هەر دووعای خێر بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی بکەن) جا هەر وەك تاوێرە بەردێك لەسەر چیاوە گلۆردەبێتەوە، لە شوێنێکدا دەگیرسێتەوە جێگیر دەبێت هەڵکەندنی ئاسان نەبێت، ئەوانیش جێگەی خۆیان گرت و بە تۆپ نەدەجوولان و هەتا هەرەسی شۆڕش پۆستەکانیان قۆرخ کرد. وەك ئاشکرایە کێشەکانی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش لە ١٩٦٣ وە سەریهەڵدا و رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، لەسەرەتاشدا لە نێوان بارزانی مستەفاو ئیبراهیم ئەحمەد دا خەستبوونەوە وەك ململانێی باڵی رامیاری، پۆلێت بیرۆ (م. س) و باڵی جەنگی و هێزەکانی پێشمەرگە، میلیتێر بیرۆ (م. ع)، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پارتیش بارزانی سەرۆکی پارتی و شۆڕشە و ئیبراهیم ئەحمەد رازگری (م. س) ەو دەستەڵاتی لە خوار دەستەڵاتی سەرۆکەوەیە.. کێشەکانیش هەر لە دەستەڵات و دەستەڵات خوازییەوە سەرچاوەی گرت و بڕیاری یەکلاییکردنەوەشی درابوو بەهەر نرخێك بێت و چی دەبێت با ببێت! رووداوەکان تیژ تێدەپەڕین، پەیوەندییە ئاسایی و نا ئاساییەکانی نێوان سەرۆك و (م. س) ساردو سڕبوون، روو لە پچراندن بوو، (م. س) خۆی دوورە پەرێز کردبوو لە بارەگاکەیان لە ماوەت دانیشتبوون. ماوەیەك بارزانی کەمو زۆر هیچی لێنەدەبیستن، کە پرسیار دەکات دەڵێن رازگر و چەند ئەندامێکی (م. س) تووشی گرانەتابوون و لە جێگە دا کەوتوون، بارزانی باوەڕ ناکات، بۆ هەواڵپرسین بەڵام لە ناکاودا خوی دەکات بە بارەگادا، دەبینێت کفتە دەخۆن، دەڵێت کوڕینە باوەڕبکەن هەتا ئێستا نەمدەزانی کفتەی سلێمانی بۆ گرانەتا دەرمانە!

میریی عێراق داوای گفتۆگۆی دەکرد بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و هێمنی بۆ باکووری ئازیز و کۆتایهێنان بە خوێن رشتنی عیراقییە براکان بە دەستی یەکتر کە تەنها بەرژەوەندی بێگانەو ئیمپریالیستی تێدایە.. ئیتر باسێك لە مافەکانی گەلی کورد لە هەگبەی شاندەکەی میریدا نەبوو جگە لە سەلماندنی مافی هاوڵاتیی وەك ئەوەی ئەو مافە بەگروپێکی قەرەج بدەن کە خاك و وڵاتیان نەبووە و نییە و گەڕۆکن و بەسەرەوە دەگەڕێن، لەگەڵ رێزمدا بۆ قەرەج وەك مرۆڤ و ئەوەندەی لە نێزیکیشەوە بینیومە لە ناو خۆیاندا داب و نەرێتی کۆمەڵایەتی جوانیان هەیە و ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەن ژیرانە هەستیان بە باروودۆخی ژیانیان کردووە و لە پێناو مانەوە و لە نێو نەچووندا هێشتا ناکۆکیو ململانێ لەسەر دەستەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی سەرۆکەکانیان روویندداوە، لەو رووەوە بە داخەوە کورد زۆر لە دوای ئەوانەوەیە و پێویستە پەندیان لێوەرگرێت کە هەتا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت پەندی لە تاقیکردنەوەکانی گەلان و رووداوەکانی مێژووی دێرینی خۆشمان وەرنەگرتووە و بەردەوام تاقیکردنەوە پشت شکێن و سەر نەکەوتووەکان دووبارە و دەبارە دەکاتەوە وەك ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی دیکە لە ئارادا نەبێت جگە لە دووبەرەکیی و سێ بەرەکی و پتریش و فێری چەندین زمانی بێگانە دەبین و بە رەوانی پێی دەدوێن بەڵام زمانی گفتوگۆ و یەکتر خوێندنەوە و لە یەکتر تێگەیشتن و شتێك لە من و شتێك لە تۆ فێرنەبوون، یا هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێت یا پەلاماری چەك دەدات، ئەنجامەانیشی ئاشکران.

گفتوگۆکانی نێوان میریی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش دەستیپێکرد، ماوەی نێوان ٢/١٠ هەتا ١٩٦٤/٥/٤ چەند شاندێکی میریی لە ئاستی جیاوازدا دەهاتنە رانیە، سەروك وەفدەکان سەرۆك وەزیرانی

عێراق تایەر یەحیا، عەبدولرەحمان عارف جێگری سوپاسالار کە دوواتر بووبە سەرۆك کۆماری عێراق، رەشید موصلیح وەزیری ناوخۆ، صوبحی عەبدلحەمید ئەویش هەر وەزیری ناوخۆ بوو، ئەندامەکانیش هادی خەمماس بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سوپا، ئیبیراهیم فەیصەڵ ئەنصاری فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق لە کەرکوك، سەعید قەتتان فەرماندەی تیپی چوارەم و عەبدلڕەززاق سەیید مەحموود پارێزگاری سلێمانی (موتەصەریف). ئەوەی ئەو کاتە و ئێستاش سەرنج رادەکێشێت، باڵاترین شاند کە هاتە رانیە پێکهاتەی ئەندامەکانی بەمجۆرە بوو، هادی خەمماس و صوبحی عەبدلحەمید لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی شۆڤێنزمی عارەب بوون و هیچ مافێکیان بە کورد رەوا نەدەبینی جگە لەوەی لە باری ناچاریدا بە هاوڵاتی دابنرێن و دەست بە کلاوی خۆیانەوە بگرن و سوپاسی میریی بکەن بەڵام تایەر یەحیا و عەبدلڕەززاق سەیید مەحموود روو لە ئاشتی و سووکە مافێکی کورد بوون و دڵرەش و دوژمنی کورد نەبوون و شاندەکە لەمەڕ زۆربەی خاڵەکانی گفتوگۆکان کە بە داواکارییەکانی شۆڕش ناودەبرا بیرو بۆ چوون و هەڵوێستیان جیاوازبوو. رازگری پارتی دیموکراتی کوردستان ئیبراهیم ئەحمەد لە دەرەوەی وڵات بوو، شاندەکەی شۆڕش پێکهاتبوو لە نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی کە هەردووکیان ئەندامی پۆلێت بیرۆ (م. س) بوون، مەسعوودی مەلا موحەممەدی کۆیی وەك بێلایەن و هەباسی مامەند ئاغا و چەند سەرۆك هۆزێك رۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ پەیمانی ئاگربەستییان مۆر کرد کە بە رێککەوتنی موشیر — بارزانی ناودەبرا و میریی عێراق پەیمانیدا کوردەکان بە هاوڵاتی عێراق بناسێت (تقر الحکومة بحقوق المواطنة للاکراد)! نوێنەرانی کوردیش بە پشتگیری بارزانی مستەفا سووربوون لەسەر ئەوەی میریی عێراق مافە نەتەوەییەکانی کورد بسەلمێنێت (تقر الدولة الحقوق القومیة للاکراد) نازانم ئەو کات بارزانی و دوو ئەندامی رووناکبیر و چالاکی پۆلیت بیرۆ (م. س)ی پارتی،ئیبراهیم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی چۆن زاراوەی (کوردەکان) زۆر ئاسان و بێ لێکدانەوەی واتاو ناوەرۆکە فەرهەنگییەکەی بە سەریاندا تێپەری و هەستیان بەوە نەکرد ئەو زاراوەیە کە هەتا ئەمرۆش لە کەمتەرخەمیی سەرانی کورد و رووناکبیرانەوە، لە میدیاکان و هۆڵی پارلەمانی عێراقیشدا بەبەرچاوی نوێنەرانی گەلی کوردەوە بەکاردەهێنرێت و دەیدەن بە روویاندا لەگەڵ ئەو هەموو سووك تێروانین و بەکەم خوێندنەوەیەشدا هەتا دەگاتە سووکایەتی کردنیش بە نەتەوەیەکی دێرین و ناسراوی ٤٠- ٤٥ ملیۆنی کە لە ناواخنی وشەکەدایە. گەلۆ ئەو زاراوەیە رۆژێك کورد چاوی لێدەنووقاندو ئاوڕی لێنەدەدایەوە سەردەمی (کەس نەڵێت کورد مردووە) بوو، شانازیمان بەوە دەکرد مێژوونووسی سۆڤێتی باسیل نیکێتین یەکێك لە کتێبەکانی ناودەنێت (کوردەکان) یا شەوانە تا درەنگ میلی رادیۆمان دەگێرا بەڵکو ئێستگەی رادیۆیی خێرەومەندێك ناوی کورد بەدەمیدا بێت ئەگەر چی بە (یاخیبووە کوردەکان) یش نەك (کوردە یاخیبووەکان) ناوی بهێنایانە هەر (شوکر بووین). ئیبراهیم ئەحمەد کە گەیشتەوە ناوشۆڕش لە دیدی خۆیەوە هەستی بە کارەساتێك کرد بەسەر پارتی و شۆڕشدا دێت، شیرازەی پارتی تێکدراوە، چۆن لە قۆناغێکی وەها گرنگدا رۆڵی سەرەکیی رازگرو بنەماکانی پەیرەو و پرۆگرام دەخرێتە پەراوێز و ئاغاو دەرەبەگ دەبنە دەمڕاست و نوێنەری کورد و رازگری پارتی وەك مێردێکی هەڵخەڵتێنراو دوواهەمین کەسە کە پێدەزانێت. گومان و متمانە نەکردن و پارێز لەیەکترگرتن لە نێوان بارزانی مستەفا وەك سەرۆکی

پارتی و شۆڕش و رازگری پارتیدا ئیبراهیم ئەحمەد نویٚ نەبوو هەرچەند هێشتا بڵاونەبووبوەوە ونەکەوتبووە سەرزاران بەڵام روون و ئاشکرا دیاربوو،بارزانی منەتی لە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی پۆلێت بیرۆ (م. س) نەدەزانی چونکە جەماوەری گەلی کورد لە باشور زۆر بەیان پشتیوانی بوون و هەر ئەویان بەسەرکردەو پێشەوا دەناسی، ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵەکانیشی دەیانویست بارزانی لە سنووری پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی دەرنەچێت و پابەندی بڕیاری زۆرینە بێت.. قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و ئەو کارەساتەی بەسەر کوردیدا هێنا ئاشکرا دەریدەخست ئەو دوو جەمسەرەی دەستەڵات بەو پێوانەیە یەکتریان قبوول نەدەکرد. جیاوازییەکەش لەوەدایە، چی ئەنجامی ململانێکەی بەلادا دەخست، بارزانی بە هەڵەدا نەچووبوو، کەپشتی بە جەماوەرەکەیی و هێزی پێشمەرگە ئەستوربوو، کە ململانێکە گەیشتە قۆناغی تەقینەوە و رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی، جەماوەرە دڵسۆزەکەیی لە پاڵ خۆیدا بینی، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد زۆر بە هەڵەدا چوو، لەو جەماوەرە فراوانەی پارتی و پێشمەرگە کەلە پلانی سەر کاغەزدا پشتگیریان دەکرد بەختی خۆیان تاقیکرەوە و هەر ٣٠٠- ٣٥٠ هاودەنگێکی لە تەکدا مایەوە و لەبەرامبەر لەشکرەکەی بارزانیدا جگە لە پەنابردنە بەر ئێران پتری بۆ نەکرا. ئیبراهیم ئەحمەد لەدەرەوەی وڵات بوو، دووای مۆرکردنی رێککەوتنەکەی موشیر — بارزانی ٦٤/٢/١٠ گەڕایەوە کوردستان، بارزانی کتێبی بۆ دووابیەکەی دەگرتەوە، باوەڕی بە میریی و بە رێککەوتنەکەش نەبوو بەڵام دەیوت راگرتنی شەڕو پشوودانێك چ زیانێکی تێدانییە، هەرکاتێك بەرژەوەندی شۆڕش بخوازێت شەڕدەکەینەوە، هەرچۆنێك بێت هەنگاوێکمان بەرەو پێش هەڵهێناوە، خۆ چەکمان دانەناوە، دەستبەرداری شۆڕش و کوردایەتی نەبووین. ئیبراهیم ئەحمەدیش ئەو راستییەی زۆر چاك دەزانی بەڵام لە ململانێدا راستییەکان دەبن بە ژێر رووداوە هەنووکەییەکانەوە و بزردەبن. هەردوو لا پلانی ئامادەیان هەبوو، چاڵیان بۆ یەکتر قووڵدەکرد، بارزانی بە هێزێکی دڵسۆزو ئامادەوە، بەرامبەرەکەشی بە هێزێکی خەیاڵی و بیٚ هەڵوێستەوە لە کاتی لێقەوماندا، بەڵام هەر لەگەڵ یەکتر شانیان دابووە بەر لە هەلێکی لە باردا بەرامبەرەکەی ناچاری هەڵەیەکی گەورەو تاوانێکی مێژوویی بکاتەوە و بەوهۆیەوە گەلی کوردی باشووری سەربە شۆڕشی لیٚ راستبکاتەوە و کۆتایی بە رۆڵی رامیاری و شۆڕشگێری بهێنێت و جەمسەری راستەقینەو پێشرەوی کورد لە گۆرەپانەکەدا بمێنێتەوە و پلان و بەرنامەرامیاری و کۆمەڵایەتی و جەنگییەکانی بیٚ رکبەرو ناحەزوو بیری جیاواز پیادە بکات. درێژە پێدانی گفتوگۆکانی نێوان میریی و شۆڕش هەلێکی لەبار بوو بۆ ئەومەبەستە، بارزانی سەرۆك و ئەندامانی شاندەکەی کورد بە جۆرێك دیاریدەکات ئیبراهیم ئەحمەد دەهری بکات کە جگە لە جەلال تاڵەبانی ئەندامی (م. س) خۆی لە شانی کۆمەڵێك فیٚودالی کورد دەبینێت لە شاندێکدا لەگەڵ میری عێراق دادەنیشن بۆ بە دەستهێنانی چەند مافێکی کورد وەك کاکە زیادی کۆیە، هەباسی مامەندئاغا، شێخ حسێنی بۆ سکێن و ئەنوەر بەگی بێتواتە . بارزانی بۆ سووککردنی کاریگەری پێکهاتەی شاندەکەش لەسەر ئیبراهیم ئەحمەد رەپ و راست بە شاندەکەی میریی دەڵێت ((برایم زمان حاڵی منە لەسەر جێبەجێکردنی هەر داواکارییەکمان رێکدەکەون من لاریم لێی نییە)). دانیشتنەکە هەر لە دووای نانی نیوەڕۆوە هەتا شەو درەنگێك بەردەوامبوو، میریی نیازی نەبوو دەستکاری یاسای کاتی عێراق

بکات و مافێکی کوردی تێدا بەرجەستە بکات، صوبحی عەبدلحەمید و هادی خەمماس هەڵوێستی ڕەقیان دەنوواند، ئیبراهیم ئەحمەدیش لەوان ڕەقتر، ئەو ڕازگری پارتی یە، نەك فیدراسیۆنی هۆزەکان کە بە دڵی بارزانی دەجووڵانەوە، بۆیە ئەو فشە مافەی نەسەلماندو کە بارزانی بە فشەماف بەرەو خوارتریش تەماشای دەکرد بەڵام وەك وتمان ((کتێبی بۆ دوواییی دەگرتەوە)) و لەبەر هەزارویەك هۆ حەزی بە ئاگربەست دەکرد. ئاخۆ ئیبراهیم ئەحمەدی بلیمەتی رامیاری و دیپلۆماسییەت هەستی بەوەکرد بوو بارزانی بۆ کردوویە بە دەمڕاستی خۆی و هەر لەو ڕوانگەیەوە دڵنیابوو میریی پاکنیاز نیە و لەو فشە مافە پتر بە کورد ڕەوانابینێت، ئەگەر برایم سەلماندی و ڕێککەوت لەگەڵ میریی ئەوە کارێکە خۆی کردوویەتی ئەگەر ڕێکنەکەوتن و شەڕیش هەڵگیرسایەوە ئۆباڵەکەی هەر لە ئەستۆی ئەو دایە. ئیبراهیم ئەحمەدیش بەناوبانگترین رامیاری ئەو سەردەمەی کورد و ڕازگری پارتی و جگە لەوەش خاوەن ئەزموون و تێکەڵاو بە ڕووداوەکانی دووای صاڵانی ١٩٤٠ی کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات و ((ژ. ك)) و کۆماری مەهاباد و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد و کاریگەریی و جێگە دەستی بەسەریانەوە جگە لەوەی یاساناس و پارێزەرێکی ناسراوو کەڵە ڕووناکبیرو نووسەرێکی بەبەرهەم و خاوەن قەلەمێکی بە بڕشت بوو، پلانی خۆی لە هەگبەکەیدا بوو، ئەوەندەی دانووستانەکەی بەلاوە گرنگ بوو کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەسەر کوردستان و هەموو عێراقیشەوە هەبوو، ئەنجامدانی پلانەکانی خۆیی بەلاوە گرنگتر بوو، ئەویش چاڵی بۆ بارزانی هەڵدەکەندو دەیویست کاسەکە لەسەری ئەودا بشکێت و شەڕ هەڵبگیرسێتەوە چونکە بارزانی لە ئاشتیدا بەهێزترە و داشی سوار دەبێت. پێکهاتەی ناوازەی شاندەکەی میریی و شۆڕش و هەڵوێست و بیروبۆچوونی ئەندامانی هەر شاندێك لە نێوخۆیانداو بەرامبەر بەرامبەرەکەشیان بەسەر چوار ئاراستەی جیاوازدا دابەش بوو بوو، لایەنی میریی دوو ئاراستە و هەڵوێستی جیاواز، دوو ئەندامی شۆڤێنی چاویان بە کورد هەڵنەدەهات، دوو ئەندامیش میانڕەوو ڕوو لە ئاشتی. لایەنی شۆڕشیش ئیبراهیم ئەحمەد بە ئاراستەیەك و ئاغاکانیش لە هەمانەی خۆیان گوێزیان دە ژمارد و جەلال تاڵەبانیش لە نێواندا لە ناڵی دەداو لە بزماریش، ئەوەی لەبەر چاوگرتبوو بارزانی لە کۆنگرەی ئایندەدا لە جێگەی ئیبراهیم ئەحمەد دەیکات بە ڕازگری پارتی. بە هەر حاڵ ئەنجامی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی میریی عێراق لە لایەك و ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەك نەکەوتنەوە و هەتا بەهاری ١٩٧٥و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول هەر لە بەرژەوەندیی بارزانی و براوەی بەر و دواش هەر خۆی بوو. دووا بەدووای ئەو کۆبوونەوەیەی نێوان میریی و شۆڕش،ئیبراهیم ئەحمەد زۆر شتی بۆ ڕوونتر بووە وە کەهیچیان لە بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆیی و هەڤاڵەکانی نەبوون، تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیران بەڵێنیدا بۆ بەرژەوەندیی کورد دەستکاریی یاسای کاتیی عێراق بکەن و شاندی دیکە دێن و هەوڵدەدەن بۆچوونە جیاوازەکان لەیەکتر نێزیك بخەنەوە و بگەنە ئەنجامی کۆتایی، بەڵام ئەو پییاوە نیازی پاك و دەستی کورت بوو، کارێکی بۆ نەکرا. ئیبراهیم ئەحمەدیش وەك لە نامەیەکی هاوبەشدا بۆ بارزانی ناردووە، (نێزیکەی بیست ڕۆژە لەسەر فەرمانی ئێوە لە قەڵادزێ چاوەڕوانی لێپرسراوانی میریی دەکەین، بەداخەوە لەو ماوەیەدا لەگەڵ هیچکام لە سەرۆك وەزیران، وەزیر (وەزیرێك. ن. ك) موتەصەریفی سلێمانی بەیەك نەگەیشتین، ئاشکرا نییە کە بەمزووانە دێنەوە بۆ لای

بەڕێزتان)[١٩٩] دیارە ئیبراهیم ئەحمەد زۆرلەوە نیگەرانە پەیوەندییەکان هەر لەگەڵ بارزانیدایەو (م. س) ئاگاداری گۆڕانکارییەکان نییە و مەگەر شتێك لە بارزانی ببیستن یا نەبیستن، ئەو پەراوێز خستنەشی بۆ قوتنادرێت.. هەڵوێستی وەرگرت و لە یەکەمین مانۆڕی (مناوەرە) رامیاریدا هەر لەو نامەیەدا دەڵێت (ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەریانخست ئێمە لە نێزێك تۆوەبین هەرگیز کارناکاتە سەر چاککردنی پەیوەندییە کانتان لەگەڵ پارتیدا)[٢٠٠] لێرەدا ئاشکرا دیاردەکەوێت سنوورێك لە نێوان پارتی و بارزانی سەرۆکی پارتیدا کێشراوە وەك دوو دەستەڵاتی جیاوازو نەگونجاو پێکەوە، ناسکە گلەییەکیش دەکات کە ساردییەکەی نێوانیان لە وەوە نییە ئەوان لە ماوەت و بارزانی لە پشدەرە، ئەوەتا نێزیك بوونەوەش کەڵکی نەبوو. لێرەوە یارییەکە گەرم دەبێت و هەرلایەنە هەوڵی تۆمارکردنی (گۆڵی کوشندە ـ گۆڵی یەکلاکەرەوە) دەدات. هەتا ئێرە هەموومانۆڕەکانی بارزانی و (م. س) دژی یەکتر وەك بەکارهێنانی یەکەمین کارتی فشار و هێرش دەژمێردرێت! یارییەکانی تۆپێن،پۆکەر و جەنگ،رامیاریی لەزۆر رووەوە لەیەکتر دەچن.....هەموو دەزانین بارودۆخی نەشەڕ، نە ئاشتیی وەك کاتەکانی نە بردنەوە، نە دۆڕاندن و یەکسانبوون وەهایە لە یاریی تۆپێندا،بەپێی یاسای (گۆڵی کوشندە) یا (گۆڵی یەکلاکەرەوە) کە یەکسانبوون درێژە دەکێشێت،ئیتر هەرکام لە دوو تیپەکە گۆڵێکی کرد، یەکسەر فیکەی کۆتایی لێدەدرێت و یارییەکە دەگاتە کۆتایی و تیپی خاوەن گۆڵەکە براوە و سەرکەوتووە.

بارزانی دووەمین کارتی دەستەکەی خۆی دەخاتەکار بۆ ووریاکردنەوە و بە خۆدا چوونەوەی (م. س) لەهەمان کاتدا دەیانخاتە پەراوێزی بڕیارو رووداوەکانەوە و عومەر دەبابە لە فەرماندەیی هێزی کاوە دوور دەخاتەوە و هەوڵدەدات چالاکترین ئەندامی (م. س) کە جەلال تاڵەبانی بوو لە هەڤاڵەکانی دابڕێت. ئیبراهیم ئەحمەدیش دووەمین کارتی خۆی یاریدەکات، بە بارزانی بسەلمێنێت باڵندەیەکی پەڕو باڵکراو نییە و دەستەمۆ نابێت، بێ پرسی بارزانی دەگەڕێتەوە بنکەی (م. س) لە ماوەت و لە وێوە نامەیەکی بۆ دەنێرێت (مانەوەمان (مەبەستی لە راگیرکردنمانە. ن. ك) بۆ ماوەیەکی نادیار بێ ئەوەی ئەرك و کارێکمان هەبێت بۆتە هۆی پەرەسەندنی پڕوو پاگەندەو دەنگۆ لە نێوان دانیشتوواندا (مەبەستی لەوەیە وا بڵاوبۆتەوە بارزانی دەستبەسەری کردوون. ن. ك) کە هەردوژمن کەڵکی لێوەر دەگرێت.. چەند هەڤاڵێك بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە داوایان لێکردین بگەڕێینەوە، ئێمەش بە هۆی پێداگرتنی ئەو هەڤاڵانەو پرکاری بەڕێزتانەوە هیواداریین بمانبەخشن سەربەخۆ بڕیاری گەرانەوەماندا.. کاك عومەریش کەلە سەرکردایەتی هێزی کاوە دوورخراوەتەوە، لێرە کارووفەرمانێکی نییە، ئەویشمان لەگەڵ خۆماندا بردەوە.)[٢٠١] لە هەموو ئۆرگانێکی رامیاری و چەکداریدا، لێپرسراوێك کە پۆستەکەی لێوەردەگیرێتەوە، پۆستێکی نوێی بۆ دیاریدەکرێت، جا بەرزتر بێت یا نزمتر، یا بەهۆی کەمتەرخەمی و سستیی نواندن لە راپەراندنی ئەرکەکانیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (کارکەنار)[٢٠٢] دەکرێت و دەستەڵاتەکانی لێوەردەگیرێتەوە و هۆیەکانیشی بۆ روونەدەکرێتەوە. بەڵام عومەر دەبابە هێشتا (هەڵەیەك)ی لێ دەرنەکەوتبوو، سزا بدرێت، ئەمەش بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بە خاڵێکی نێگەتیڤ لەسەر بارزانی نووسرا. بارزانی زۆر بایەخی بەوە نەدەدا، گرنگ ئەوەبوو کەسانێکی نەیارو گومان لێکراو لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە دا پۆستی گرنگ و

کاریگەریان نەبێت کە کێشەکان زوو یا درەنگ دەتەقنەوە بچنە پاڵ نەیاران و سەنگەری لێ بگرن و بەلای کەمەوە بەشێکی پێشمەرگەش بگوێزنەوە سەنگەری بەرامبەر. لە لایەکی دیکەشەوە بایەخێکی تایبەتی بەکەرت و پەرتکردنی (م. س) و دابڕینیان لە یەکتری دەدا، سەرەتای ئەو هەنگاوەش لە جەلال تاڵەبانی ئەندامی هەرە چالاکی (م. س) لە هەردوو بواری رامیاریی و پێشمەرگایەتیدا دەستیپێکرد و پێشنیاز دەکات پۆستی رازگری پارتی وەربگرێت، سەرەتاش زۆر بەگەرمی چووە پێشەوە بەڵام دوواتر ژووان بووەوە.)[٢٠٣] ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانیشی لە بەرامبەردا دەستەپاچە رانەوەستان، هێرشێکی بەربلاو و خەست و توندو تیژی رەخنە و تانەو تەشەر و ناو زڕاندنی بارزانی لە نێو جەماوەری پارتی و شۆڕشدا دەخەنەکار.. لێرەوە سەرەتای کێشەکانی نێوان بارزانی و (م. س) کە هەتا ئەو کاتە نەکەوتبووە سەرزمانی جەماوەرە سادەکەو ریزەکانی خوارەوەی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە، ئاشکرا بوو، رایەڵە بنەرەتییەکانی رێکخستن و پشێوی نێو ریزەکان زاراوەی (مەلایی) و (دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد) ی خستە سەر زاران و رۆژ بە رۆژ بە جۆرێك توندو تیژو خویناوی دەبوو بەشی ئاشتبوونەوەیان تێدا نەهێشتەوە کاتێك زاراوەکە بوو بە مەلایی — جەلالی و بزافی کوردایەتی تووشی هەزارو یەك کێشە کردوو هەتا سەرەتای ئەم سەدەیەش وەك دەردێکی هەرە کوشندە جەستەی کوردی دادەرزاند. هەنگاوی دوواتری بارزانی لە وانەی پێشوو فراوانترو کاریگەر تر بوو، لێپرسراوە باڵاکانی سەر بە (م. س) وەك جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، کەمال موفتی دوور دەخاتەوە و نووری مەلا مارف، نووری مەلا حەکیم، نافیز جەلال و عەزیز عەقراوی لە جێگەکانیان دادەنێت. لای مەکتەبی سیاسیشەوە هێرشی راگەیاندن گەرمتر بوو، گەیشتە بڵاوکردنەوەی (رێککەوتنەکەی بارزانی و موشیر کوردستان بەرەو کوێ دەبەن) و (بارزانی کوردی بە سێو پرتەقاڵ فرۆشت بە موشیر)[٢٠٤] ئیبراهیم ئەحمەدوهەڤاڵانیشی لە بەرامبەر هەنگاوەکانی بارزانیدا، بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی (م. س) جگە لە جەلال تاڵەبانی کە (بە ناوچەکانی شوان و گەرمیان و قەرەداغ دا دەگەڕا، مەلایی ئابلووقەی دەدەن و عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی لەسەر پێشنیازی مەسعوود بارزانی، دەگاتە فریای و رزگاریدەکات و لەگەڵ خویدا دەیبات بۆ لای بارزانی)[٢٠٥] پۆلێت بیرۆ مەکتەبی سیاسیی بەپەلە پرووزە کۆنفرانسێك دەبەستێت و بەکۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاری دەرکردنی بارزانی دەدەن لە سەرۆکایەتی پارتی و شۆڕش. ئەم هەنگاوەی (م. س) زۆر گەورەو پڕ مەترسی بوو، بڕیاری دووکەرتکردنی پارتی و شۆڕش و بزوتنەوەکەشی خستەسەر دووڕێیانێکی نادیارو وون، هەروا بە ئاسانی و نووکە قەڵەمێکیش راست و چەپێکی بەسەر مێژووی خەباتی سەرکردەیەکی هەرەناسراوی کورددا هێنا،کە جگە لە خەبات و شۆڕش و قوربانیدان و دوورخستنەوەو دەستبەسەریی و یازدە ساڵان ئاوارەیی لە سۆڤێت، سەرۆکی پارتی و سەرکردەی شۆڕشیشە، هەنگاوێکی بەپەلەو دوور لە ژیری و دووربینی و حیکمەتی سیاسیی بوو، دەرکردنی سەرۆکی پارتێك بەو سەر پێییە و لێسەندنەوەی هەموو دەستەڵاتەکانی لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزو هەڵچوونی دەروونی و (لە جێی سندان قوزەڵقورتە) ئەوەندە ئاسان، بوو بە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنفرانسەکەی ماوەت، مرۆڤ کرێگرتەیەکی بەو ئاسانییە لە خانوویەك بۆ دەرناکرێت. بارزانی لە بریئەوەی پێ بە پێی ئەو هەنگاوە، هەنگاوێکی گەورەتر بنێت، هەنگاوەکانی

ووردكردەوە و گەمەكەی ساردكردەوە و پەنا دەباتە بەر دیپلۆماتێككاری و لێبوردنی گشتی و بڕیارەكانی شۆڕش لە مەڕ ئاشتی لەگەڵ میریی عێراقدا بڵاودەكاتەوە:

أ- شۆڕش بەهیچ جۆر پەلاماری میریی نادات ودەستپێشخەریش نابین لە هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شەڕدا.

ب — دیاریكردنی ئەندامانی كۆمیتەیەكی ئامادەكار بۆ بەستنی كۆنگرەی شەشەم.

ج — پۆلێت بیرۆ (م. س) بارەگای خۆی لە ماوەتەوە دەگوێزێتەوە بۆ پەنا بارزانی لە رانیە.

بارزانی بە تیرێك چەند نیشانێك دەپێكێت:

أ — میریی عێراق ودەستەی(م. س)دڵنیادەكات هەردولاتان،میریی دەستی بێخەم و(م. س)دەستی خەم بخەنە ژێرسەرتان بە هیچ جۆرێك شەڕناكەمەوە،مەگەر میریی شێت بێت ئێمە شەڕیان لە دژ نەكەین و بەو سووكە داواكارییە پەیمانی ئاشتیمان لەگەڵدا مۆركردوون، پەلامارمان بدات. ئەمە بۆ میریی زۆر لە باربوو بەڵام بۆ(م.س) زۆر نالەباربوو، گرەویان لەسەر رێكنەكەوتنی میریی و بارزانی كردبوو، شەڕ هەڵگیرسێتەوە بارزانی سەرقاڵی دوژمن بێت و نەیپەرژێتە سەر ئەمان.. بەڵام ئێستا دەستی والایە بۆ ئێمە.

ب ـ بەستنی كۆنگرە، كۆنفراسەكەی ماوەت پووچەڵ دەكاتەوە و بڕیارەكانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ج ـ چاو شكاندن و هێنانە ژێرباری م. س. ئەگەر مەرجەكانیان پەسەند كرد كە بارزانی دڵنیا بوو پەسەندی ناكەن ئەوەچاكە، ئەگەر نا بەدەستی خۆیان بەڵگەی تاوانباركردن و دەرچوون لە رێڕەوو پەنا نەبردنە بەر كۆنگرە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان دەدەن بە دەست جەماوەرەوە و یاسای شەرعیان بەسەردا دەسەپێت

((البادیء بالعدوان هو الاظلم)) واتا لە دوژمنكاریدا دەستپێشخەر پتر تاوانبارە (زۆر دارترە). ئێران دژی عێراق لەلایەك و لەو لاشەوە دژی بارزانی كە شای ئێران ئابڕووچوونی سوپای ئێران بەدەست پێشمەرگە بارزانییەكانەوەی لە دڵ دەرنەچووبوو، بارزانیش هێشتا سزای لە سێدارەدانی لە دادگای سەربازیی ئێرانەوە بەسەرەوە بوو، بۆیە شای ئێران ناچار بوو رۆڵێكی دوو سەرە بگێڕێت، سەرێك لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دا بۆ دوو مەبەست.

أ — دوور خستنەوەی ئەگەری رێككەوتن و ئاشتی لە نێوان میریی و كوردی باشووردا.

ب — لاوازكردنی شۆڕش و دەستەڵاتی بارزانی بە هۆی شەڕی سوپای عێراق و هاندانی دەستەی (م. س) بۆ قووڵكردنەوەی ناكۆكیەكان و گەیاندنی بە ئاستی پێكدادان و یەكتر كوشتن، ئەم كارەشی بە ئەفسەرێكی ساواك سپارد بوو بە نێوی عیسا پژمان و كۆمەكیی دارایی و چەك و ئازووقەشی دەكردن. كێشەی نێوان بارزانی ـ م. س. فراوانتربوو، هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراقیشی تێكەڵاو بە كێشەكە كردو هاوكێشەیەكی جەنجاڵی دروستكرد لە دوو دەوڵەتی دوژمنی كوردو داگیركاری دووبەش لە كوردستان و لە هەمان كاتیشدا دوژمنی دێرین و خوێنخۆری یەكدیش و دوو باڵی نەیاری نێو شۆڕشی كورد:

أ ـ ئێران و عێراق لەمەڕ كێشەی كورد یا بزوتنەوەی كوردایەتی لە باشوور گرەوی بەختی خۆیان لەسەر ناكۆكییەكان دانابوو، بۆ دابینكردنی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و هەنووكەییەكانیان پەیوەندییان بە هەردوو جەمسەری كێشەكەوە دەخواست و هەوڵیاندەدا پەیوەندییەكی هاوتەریب لەگەڵ هەردوولادا دابمەزرێنن و هەر لایەك سەركەوت ئەمان براوەبن! ئێران پێشتر ئەو پەیوەندییەی لە گەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراندبوو،

دەیویست لەگەڵ بارزانیشدادایبمەزرێنێت،بەڵام میریی عێراق بەپێچەوانەوە،پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ بارزانی مۆرکردبوو، دەیویست لەگەڵ نەیارەکانیشیدا پەیوەندی هەبێت.
ب ـ بارزانی بۆ دوور خستنەوەی ئێران لە نەیارەکانی کە ئەو کاتە تاکە سەرچاوەی هاوکاریی و پشتگیرییان بوو، لاری لە دامەزراندنی پەیوەندی نەبوو بەمەرجێك دەست لە کاروباری ناوخۆی شۆڕش وەرنەدەن. ئێران دووای زەمینە خۆشکردن نوێنەری تایبەتی خۆی لە ئاستێکی بالاّدا دەنێرێتە لای بارزانی (ژەنەراڵ باکروان سەرۆکی دەزگای ساواك رۆژی ١٩٦٤/٦/٢٠ دەگاتە حاجی هۆمەران بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی و فەرمانی شاهانەی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکەی صالّی ١٩٤٧ی لە سێدارەدانی بارزانیشی هێنابوو)[١٦٩]، پەیوەندییەکانی ئێران و شۆڕش لێرەوە دەست پێدەکات و رۆژ لە دووای رۆژیش پەرەیدەسەندو بە هێزتر دەبوو هەتا ١٩٧٥ لەو پەڕی بە هێزیدا و لە ناوکاوێکدا پچرا.
کێشەکانی نێو سەرکردایەتی شۆڕش کە هەتا ئێرە خۆی لە چەند مانۆرێکی رامیاریدا دەنواند، پێدەنێتە قۆناغێکی نویٚ و رووداوەکانیش تیژتر تێدەپەڕن، ئیبراهیم ئەحمەد تینی بۆ دێت، نامەیەکی هەڕەشە ئامێز بۆ بارزانی دەنێرێت (کێشەکان روو لە شەڕ بکەن، دەیکەمە شەڕی سۆران و بادینان.) بریاو هەزار بریا ئەو نامەیە نەنوسرایەو هەڕەشەیەکی وەها زەق و ترسناك نەکەوتایەتە سەر کاغەز کە نەك بووە فتیلی هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوژی و کارەساتێك چل صالێك درێژەی کێشا بەڵکو هەڵتەکاندنی یەکێك لە بنەماکانی کوردایەتی بوو، پارچەیەکی کوردستانی پارچەتر دەکرد..کارەساتەو بەرێگەوەیە خوێن بەرچاوانی گرتووە، بارزانی کوردستان پارچە پارچەتر ناکات،لە وەڵامدا دەڵێت (پەیمان بێت هەر بە رۆڵەکانی سۆران تەمێت بکەم) هەریەك لەو دوو لایەنەش لە بالاّدەستییەوە دەدوا،باوەڕی بە خوێی و بە جەماوەرەکەی بەهێز و بە جەماوەرەکەشی پشت ئەستوور بوو، باوەڕو متمانە لە نێواندا نەما، شەپووری جەنگ و یەکالاّ کردنەوەی کێشەکان لێدرا،لەبری هەموو رێگەچارەیەك شەڕی کورد کوشتن هەڵبژێردرا لە کاتێکدا پانتایی لە یەکتر گەیشتن و پێکهاتنەوە و گیانی خەبات و کوردایەتی و چاوپۆشیکردن لە هەندێك هەڵەو پەڵە لە پێناو دووا سەرکەوتنی شۆڕش و ئایندەی کورددا زۆر والاّ تر و گونجاوتر بوو لەچاو پەنابردنە بەر چەك و توندوتیژیی و لێکدابڕان.گەڕانەوە و ژووانبوونەوە و سازشیش لە بارودۆخی وەها مێژوویی و چارەنووس سازدا و خواست و بەرژەوەندی تایبەتی کەسێك، گرووپێك کردن بەژێر بەرژەوەندی بالاّی نەتەوەیەکەوە خەوش نییە، مەزنییە، بەڵام کار لەکار ترازا و گەیشتە خاڵی نەگەڕانەوە..
## کۆنگرەی شەشەم
(شەشەمین کۆنگرەی پارتی لە ماوەی نێوان ٧/١ – ١٩٦٤/٧/٦ بەسترا و کێشە هەنووکەییەکانی بەکاڵ و کرچی چارەسەرکرد، گرنگترین بڕیاریش ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤالاّنی بەتۆمەتی ناپاکیی لە پارتی وەدەرنران: ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، عومەر موستەفا، سەیید عەزیز شەمزینی، جەلال تاڵەبانی، عەلی حەمدی، ئەوڕەحمانی زەبیحی، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدوڵلاّ، حیلمی عەلی شەریف، حەمەی حاجی تاهیر، مەلا عەبدوڵلاّ ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)، نووری ئەحمەدی تەها، عەلی عەبدوڵلاّ. دەستەی نوێی سەرکردایەتیش هەڵبژێردرا لە: بارزانی موستەفا: سەرۆك-. حەبیب موحەممەد کەریم: رازگر و

ئەندامەکانیش: دکتۆر مەحموود عوسمان، هاشم حەسەن ئاکرەیی، رەمەزان ئاکرەیی، عەزیز ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، ئیسماعیل عارف، یەدوڵڵا فەیلی، فاتیح موحەممەد بەگ، صالح یوسفی، نوعمان عیسا، عەلی سنجاری و عومەر شەریف).

پۆلێت بیرۆی پێشوو لە بەیاننامەیەکدا کۆنگرەکەی بەنادروست و بڕیارەکانیشی بە ساختەکاریی و چەواشەکردنی ئەندامان و پاڵێوراوو لایەنگرانی پارتی ناوبرد و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە و هێنانەوەی پارتی بۆ سەر راستەڕێگەی خەبات و تێکۆشان پەنا دەباتە بەر هێزو رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی. ئەم بڕیارەی (م.س) لە چاو هەموو ئەو بڕیارە نابەجێیانەی کەم و زۆر لە هەردوولاوە دەدران لە هەموویان هەڵەتر و سامناکتر بوو، بارزانیش، (بەهێزێکەوە روویکردە ماوەت و عیسا سووار و لوقمان بارزانیش لە قۆڵێکی دیکەوە بۆ بەرزکردنەوەی وورە و هاوکاری فەرماندەکانی سەر بە بارزانی روویانکردە ناوچەکە.. بارزانی فەرمانێکی روون و ئاشکراش دەردەکات:

(نەکەن بیانکوژن، لێگەڕێن هەڵێن) بەرایی هێزەکان ١٩٦٤/٧/١٨ گەیشتنە گوندی قامیش و شارۆچکەی ماوەت.. هێزەکەی (م. س) و هاودەنگەکانیان روویان لە ئێران کردبوو)[٢٠٦]. بارودۆخەکە ئارام بووەوە، دەسگاکانی پارتی و شۆڕش دامەزرانەوە: دەستەی (م.س) ئەو گوژمەیان دۆڕاند، ئێرانیش بەرژەوەندی خۆی لە کوردستان (باشوور)بە بارزانییەوە گرێدا کە بەهێزترین لایەنی گۆڕەپانەکە بوو، نەیارەکانیش تەنها دوو رێگەیان لەبەردەمدا بوو:

أ- داوای ئاشتبوونەوە بکەن و بگەڕێنەوە باوەشی شۆڕش.

ب - پەیوەندیکردن بە میریی عێراقەوە و درێژەدان بە (خەبات) لە پاڵ میریدا دژی بارزانی، هەردوو ئەگەرەکەشیان لەبەرچاو گرتبوو، بەهەردوو ئاڕاستەکە هەوڵیاندەدا، بەڵام نەیاندەویست لە پەنا ئێرانەوە راستەوخۆ بگوێزنەوە پەنا عێراق، بۆیە وەك قۆناغی گواستنەوە ئەگەری یەکەم هەڵدەبژێرن بۆ رێکخستنەوە لە پەنا و سایەی شۆڕشدا و خۆ ئامادەکردن بۆ گوژمی دووەم و بەجەماوەری پارتی و شۆڕشی بسەلمێنن ئەوەتا ئێمە بۆ بەرژەوەندی کورد و پاراستنی یەکڕیزیی و یەك دەنگیی، بێ هیچ مەرجێك گەڕاینەوە کۆڕی خەبات لەژێر سایەی بارزانیدا، بەڵام ئەو کابرایەکی نەخوێندەوار و سەرکردەیەکی خێڵەکیی کورت بینە و بەرژەوەندی خێڵی بارزان دەخاتە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە و باوەڕی بە حیزبایەتی و سەرکردایەتی هاوبەش نییە و لە خۆی بەولاوە ئەندامێکی سەرکردایەتی ناخوێنێتەوە و پارتیشی هەروەك جامخانەیەك داناوە.. ئێمە لە پێناو بەرژەوەندی کورد و دوورخستنەوەی شۆڕش لە هەڵدێر و پیلان و داوەکانی دوژمن بێ هیچ مەرجێك دانیشتین و بە هیوای هەندێك چاکسازیی لە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنی پارتیی و شۆڕشدا، چاوەڕوانی فەرمانمان دەکرد، بەڵام ئەو موویەك لە دەستەڵاتە فراوان ورەهاکەیی کەمنەکردەوە و پتر لە جاران دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرت و هەرخۆی پارتی و شۆڕشیش بوو، پلانی نەهێشتنیشی بۆ لەناوبردنمان ئامادەکردبوو..

(شاندێکی پارتی لە ئەندامە دێرینەکانی (م.س)، عەلی عەبدوڵڵا، نووری صدیق شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها چوون بۆ تاران بیانهێننەوە "بۆ ناو شۆڕش.ن.ك"). پۆستەی یەکەمیان ١٩٦٥/٧/٦ لە

پێشیانەوە عەلی عەسکەری گەیشتنە حاجی هۆمەران و دوابەدوای ئەوانیش ئەوانەی مابوونەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا گەڕانەوە و پێشوازی گەرم و دۆستانەیان لێدەکرێت کە هەموویان بەسەریەکەوە ٢٥٠ — ٣٠٠ کەس دەبوون جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد و خێزانەکەی کە لە تاران مابوونەوە و نیشانەی رەشبینی و خاڵێکی نێگەتیڤ بوو کە نیازیان خراپە وەك دواتر ئاشکرا بوو بە پێچەوانەی گەڕانەوەی ئەوانیدی کە مژدەبەخش و هیوایەکی هاویشتە دڵی دڵسۆزان و هەموو جەماوەرەوە.. گەڕاوەکان چوونەوە رێکخستنەکانی پارتی یا هێزەکانی پێشمەرگە و پلەی فەرماندەی هێزی قەرەداغ و کاوەش درا بە کەمال موفتی و موحەممەد ئەمین فەرەج، بەڵام، بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ رژێمی عێراقدا لە ١٩٦٦ دا زیانی قورسیان بە شۆڕش گەیاند).(٢٠٧)

هەرچەند بارزانی مستەفا باوەڕو متمانەی بەگەڕاوەکان نەبوو بەتایبەتیش بە ئیبراهیم ئەحمەد، لەگەڵ ئەوەشدا شادمان بوو بە گەڕانەوەیان بۆ باوەشی شۆڕش کە سەرکەوتنێکی بەرچاوە بە سەر نەیارەکانیدا و لە تاوانەکانیشیان خۆشبوو هەرچەند چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی داوایان دەکرد بەتاوانی ناپاکیی نیشتمانیی بدرێنە دادگا و سزای رەوای تاوانەکانیان وەربگرن، بەڵام بارزانی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بەقەناعەتیشەوە دژی دادگایکردن و سزادان و گرتن و لە نێو بردنیان بوو، ئەوە بەڵگەنەویستە چونکە گردەبڕ بەو ئەندامانەی راگەیاند (بیانکوژین و بەدەستی خۆمان بیانکەینە شۆڕشگێری قارەمان و شەهیدی رێگەی رزگاری کورد و پەیکەریان بۆ دروست بکرێت و ناوەڕۆکی لێبووردن و دڵفراوانی شۆڕشیش پووچەڵ بکەینەوە؟).

بڕیاری کۆتایی هاتە سەرئەوەی لە (دۆڵە رەقە)ی ناوچەی بێتواتە نیشتەجێ بکرێن لەژێر چاودێری هەباسی مامەند ئاغای ئاکۆدا و لەسەر داخوازی خۆیان پێشمەرگە پاسەوانیی دەکردن. ئەوەندەی زەینی کوێرم بڕیکات بارزانی دەیزانی هەروا ئاسان بێدەنگ دانانیشن، شتێکیان لەژێر سەردایە و لە هەلێکی گونجاو دەگەڕێن، جا بۆ ئەوەی هەڵوێستی راستەقینەی هەردوولا بۆ دۆست دوژمنیش ئاشکرا بێت، دەیوت (لێگەڕێن بزانین چیدەکەن، با دووا تیری خۆیان بهاوێژن) مەبەستیشی ئەوەبوو بەڵێن و پەیمان بشکێنن و بەدەستی خۆیان و بەکردەوە بۆ جاری دووەم دژی شۆڕش ببنەوە و خۆیان تاوانبار بکەن و بەرامبەر لێبوردەیی و دڵفراوانی شۆڕش پێنەزان و بێ ئەمەك و خۆپەرست بکەونە بەرچاوی هەمووان و بەتایبەتیش ئەوانەی پاساویان بۆ سەرهەڵدانی ململانێ و تەقینەوەی کێشەکان و یاخیبوون و دووبەرەکی دەدۆزییەوە و دادەتاشی، بەڵگە بەدەست هیچ لایەنگرێکیان و بێلایەنێکەوە نامێنێت بلێت: (هەق نەبوو..!)ئینجا بەسزای رەوایان دەگەیەنێت. هەر بەوجۆرەش کەوتەوە کەبارزانی لەبەرچاوی بوو، بەڵام بەرسزای جەستەیی نەکەوتن هەرچەند لە هەموو دڵەوە ئاواتمە، خۆزگە و هەزار خۆزگە بارزانی لە و رووەوە هەڵە بووایە و گومانەکەی لە جێگەی خۆیدا نەبووایە و بەڵکو بۆچوونەکەشی تەواو پێچەوانە بووایە و کۆتایی بەدووبەرەکی بهاتایە و (زیانی کورد لە نیوەی بگەڕایەتەوە قازانج بوو)، بەڵام رەوڕەوەی مێژوو بە خواستی من و تۆو خۆزگە و ئاواتی دڵسۆزان ناخولێتەوە، دووبەرەکی زیندووبووەوە و ئەمجارەیان بەرفراوان و بەهەموو توانای خۆیی و دوژمنەوە لوولەی چەکیان کردە سنگی پێشمەرگەکانی تا دوێنێ هاوسەنگەر

بوون و هەموو سنووریکیان بەزاند و پەنایان دەبردە بەر هەر ریگەیەکی شیاوو نەشیاو لە پیناو سەرکەوتندا کە لە چاکترین باردا ژیرکەوتنی کورد و گەرانەوە بوو بەرە و دووا!

ئیتر ئەو بریارەی ئەوان کەبەهەر نرخیك و بە هەر شیوازیك دەبیت بەسەر بارزانیدا سەربکەون و جلەوی سەرکردایەتی لەدەست دەربهینن، جا (چیدەبیت با ببیت!) و هەلویست و بریارە نەگونجاوەکەی بارزانی دووای لیبوردن و ئاشتبوونەوە کە پیویست بوو بریاریك بیت لە رووی پراکتیکەوە لە نیوان سزادانی قورس و جیگیر کردنیان لە دۆلە رەقە و چەند شوینیکی دیکەدا ریگە چارەیەکی گونجاوتری بدۆزیایەتەوە کە زامنی هەر پیشهاتیکی چاوەروان نەکراو بیت و شۆرشی نەختسایەتە بەردەم "با بزانین چیدەکەن" ئەوەبوو کردیان و زامیکی قوول قوولی لە جەستەی شۆرش و کورد کرد، خۆرکە ئاسا تەشەنەی بە گۆشت و خوین و ئیسکیدا دەکرد و بوو بە پەتایەکی ترسناك و کوشندە و شۆرشەکەی کوردی لە لیواری مەرگ نزیك دەکردەوە و نزیکەی چل سال شۆرش و بزاڤی کوردایەتی تووشی (لارەشە کرد) و هەتا ئەمرۆش بەدەست پاشماوە و ماك و کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی ئەو دەردە کوردە کوشندەیەوە دەنالینیت و رووداوەکانی بەدووی خۆیدا رادەکیشا و بەردەوامیش رایدەکیشیت، بەلام ئەوکات هیشتا رەوشت بەرزیی مابوو، هاوری ودۆستی دلسۆزم شەهید شیرکۆی شیخ عەلی کە ئەو سەردەمە لە ریکخستنەکانی بالەکەی مەکتەبی سیاسیدا کاریدەکرد،جیگری عومەری سەیید عەلی بوو لە کۆمیتەکەی خویندنگەی پیگەیاندنی مامۆستایان لە سلیمانی چەند جاریك ئەو وکاك عومەریش وەك کوری گەرەك و عومەری سام سام و کەریمی حەمە حەلی کە هەردووکیان گاردی تایبەتیی جەلال تالەبانی بوون لە کیشەوبگرەو بەردەو ململانیی نیوان بیرورا جیاوازەکانی خویندکاران نەیاندەهیشت توشی لیپیچینەوە ببم و هەموو جاریکیش ئەوەیان دووبارە دەکردەوە ( تۆ سبەی دەبیتە مامۆستا، بۆ رەنج خەسار بیت، ئەوەندە هیرش مەکە و بەلگەی ناحەزیی مەدە بەدەستەوە لەسەر ئیمە و میریش، ناحەزەکانت راپۆرتی پی پربکەنەوە لە دژت، بۆ بوویتە نوینەر و دەمراستی کاژیك و مەلایی دژی ئیمە و کۆمۆنیست و میریی و دژی هەموو گەلانی عەرەبیش، لە ژووری پۆلدا مامۆستای جوگرافیا پرسیویتی بەوپییە کە فەلەستین خاکی عەرەبە، دەبیت ئیمە هەلویستمان چی بیت دژی جوولەکە داگیرکارەکان؟ قامك بلند دەکەیت و دەفەرمویت من لایەنگری جوولەکە دەکەم! لەراستیدا هەر بەو جۆرەش بوو، مامۆستاکەم حەپەسا و ئەبلەق بوو، وەلامیکی بەو جۆرەی لە هیچ قوتابییەك و کەسیك نەبیستووە، باوەر بە گویی خۆی ناکات، وتی کورم دەزانم مەبەستت ئەوەبوو پیم بلییت پشتگیریی عەرەب دەکەین، وانییە؟ وتم نەخیر مامۆستا گیان، ببوورن من وتم لایەنگری جوولەکەم! مامۆستاکەم بە توورەیی وتی: بۆ، چۆن، لەسەر چ بنەمایەك؟ منیش زۆر لە سەرخۆ وتم: لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنم دۆستمە. مامۆستا لە تیوەگلانی من و خۆیشی سلەمییەوە، هەر ئەوەندە پرسیی تۆ ناوت چییە و پۆلەکەی جیهیشت وئەوساو ئیستاش نەمبینییەوە! لەوەشدا مامۆستای کوردپەروەر و بەراستیی پەروەردەکار، بەریوەبەری خویندنگاکەمان بەهەشتیی موحەممەد حەویز نەبووایە سەرم تیدا دەچوو، کە لەچەند کیشەی دیکەشدا بەچاوی باوکیکی دلسۆز باوەشی میهرەبانی بۆ دەکردمەوە، گۆری پیرۆزی پر لە رووناکی و بەخشندەیی یەزدان بیت.ئەمەکداریی و پیزانین و وەفای

کەسانێکی دڵسۆز هەندێك لە کرۆکی باسەکەیان دوورخستمەوە و کەوتمە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی دەروون و یادەوەریەکانەوە.

فەرماندەی لەشکری دووەمی سوپای عێراق، ئیسماعیل تایە نعێمی لە بیرەوەرییەکانیدا (ئەزموونەکانم لە سەرکردایەتیدا) زۆر لایەنی گرنگ و نهێنی ئەو قۆناغە ئاشکرا دەکات ... دەڵێت دروشمی لەشکری دووەم (پڵنگ)م دابەشکرد بەسەر هێزەکانیاندا بۆ جیاکردنەوەیان لە هێزەکانی دوژمن[٢٠٨]،

عومەر دەبابەم لە تەکدا بوو، وەك ئەفسەری پێوەندی بە ئامێری بێتەل پێوەندیدەکرد بە رەتڵەکانی عەلی عەسکەری، جەلال تاڵەبانی و جەنگی تاڵەبانی. شەوی ١٤/ ١٥ — ٥/ ١٩٦٩ بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی، ئامانجی ژمارە (٣٥٤٠) و گوندی تورکمان(تووڕك.ن .ك .)گرت، بەڵام هەتا من گەیشتمە گەرووی خاڵخاڵان یاخییەکان سەندبوویانەوە)[٢٠٩].

رێکخراوەکانی پارتی لەسلێمانی بۆ خۆپاراستن و دوورخستنەوەی ئەگەری ئاشکرابوون، بەسەر چەند ئەندامێکی چالاکدا دابەشکرابوون وهەر رێکخراوەش سەربەخۆ کاریدەکرد و پەیوەندی بە رێکخراوەکانی دیکەوە نەبوو کە بریتی بوون لە رێکخراوەکانی فەرمانبەران، قوتابیان، کاسبکاران و ئافرەتان. سلێمانیش وەك شارەکانی دیکە بەفەرمانی گردەبڕی بارزانی مستەفا هەتا ماوەیەك کە هێشتا هێزەکانی (جەلالییەکان) لەبەکرەجۆ بوون، پێشمەرگەی (مەلایی) بۆی نەبوو دابەزێت. شەفیق ئاغا نوێنەری بارزانی بوو لە کەرکووك بەڵام هاتە سلێمانی گوایە هەوڵی تیرۆکردنی دراوە. کەهاتە سلێمانی لە خانوویەکدا بوولە گەڕەکی عەقاری، پاسەوانەکانیشی پۆلیسی عەرەب بوون! ئێمە وەك کارگێڕانی رێکخراوەکانی پارتی لە سلێمانی چووین بۆ چاوپێکەوتن و رێکخستنی کارەکان هەتا لیژنەی ناوچە و لقی چوار دێنە خوارەوە، لەو دیدەنییەدا تووشی هەڵوێستێکی سەیر بووین، پۆلیسە عەرەبەکان وتیان نابێت بەچەکەوە بچنە ژوورەوە! وتمان بەشەفیق ئاغا بڵێن، یەکێکیان چوو کە گەڕایەوە وتی دەڵێت لەگەڵ ئەوەشداکە نوێنەری رێکخراوەکانن، بێ چەك بفەرموون!! دیاربوو ئاغا زۆر سڵیدەکردەوە وهێشتا مەترسی تیرۆرکردنی لەبەرچاو نەڕەویبووەوە.

لەریگەی رێکخستنی کاژیکەوە هاوبیر(ع) ئاگادار یکردم لە ناو ونیشانی تەواوی کەسێك بەنێوی (ع ) سۆراخی تۆفیقی نوری بەگ دەکات . جگە لە دۆستی دێرینم شەهید مامۆستا حەسەن حسێن کە سەرپەرشتی گروپێك پێشمەرگەی ناوخۆی مەلایی دەکرد وەك شەهید حەمەی حاجی صاڵح، عەلی حەمەلاو (عەلییە خڕە)، رەزاقی عارفی فیتك، حەسەنی شیرین،کەریم کانیساردی و صاڵح کانیساردی کە ئەم دووانەیان لە نێو جەلالییەکاندا بوون و بەنهێنی کاریان بۆباڵەکەی مەلا مستەفادەکرد کە بە (مەلایی)ناودەبران،ئێواران کە لە دەورووبەری سلێمانی (بۆسە)یان دادەنا، ئەمان پێشتر (نهێنی شەو)یان دەگەیاندە لقەکەی عومەری صاڵح مەنصوور.. جگە لەو پێشمەرگانەی ناوخۆ کە ناویانم هێنا چوار تا پێنج کەسی دیکەش بوون شێوەیان لەبەرچاوە، بەداخەوە ناویانم لەیاد نەماوە. کاکە حەسەن حسێن لە ئاخاوتندا خاوو لەکاروکرداردا گورج و چالاك بوو،لەماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا جێبێکی ئەمەریکایی و

دوو پێشمەرگەی بە دەمانچەوە ئامادەکردوو هەر چوارمان سواربووین، خۆی ماشێنەکەی دەهاوژوو بەرەو ماوەت و بارەگای لقی چوار کە تۆفیق چووبو بۆبینینی شێخ محەمەدی هەرسین کە بەرپرسی لق بوو. کۆنترۆڵی بنکە سەربازییەکەی سوپا لە سەر چیای ئەزمەڕ ڕێگەی نەداین بەچەکەوە تێبپەڕین، ئێمەش نەماندەزانی فەرماندەی بنکەکە مولازم محەمەدعەزیز،ناسراو بە (حەمەی عەزەبابی) یەو برادەر و دۆستی هەردووکمانە... ناچار بووین سەد مەترێك لە کۆنترۆڵەکە دوور کەوتینەوە و چاوەڕوانماندەکرد و هەر ماشێنێك لەوێوە دەهات ڕاماندەگرت... ئێوارە درەنگێك تۆفیق گەڕایەوە، نەیدەزانی ئێمە بۆ لەو چۆڵەوانییە وەستاوین.. ئاگادارمانکردوو پێکەوە گەڕاینەوەو دیارە گومانلێکراوەکەش پرکێشی ناکات پەلاماری پێنج چەکدار بدات.

ئیتر لێرە بەدوواوە گلۆڵەی جەلالییەکان دەکەوێتە لێژی و سەرکردایەتی بەعس نەیدەویست دەستبەردار یان بێت بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش لە خاڵی هێزو سەرکەوتنەوە هەڵوێستی دەنواند، هەر ئەوەندەی بۆی دەرکەوت میریی چەکیان ناکات لەهێرشێکی لە ناکاوو بەربڵاودا بەسەرکردایەتی ڕاستەوخۆی خودی بارزانی خۆیی و بە زەبری سەرەکی هێزی هەڵگورد تارو ماری کردن و سەرکردایەتی بەعس و لە هەموانیش پتر ئەحمەد حەسەن، صەددام حوسینی خستە بەردەم کاری کراوو ناچاریکردن دەستبەرداریان بن وئەمەش هەرەسی بە هەموو باوەڕ و متمانەیەك هێنا تا ئەوکاتە بە دوژمنانیان کردبوو، دوژمنیش کە بینی گوڕوتینێکیان تێدا نەماوە و بارزانی لە پەلوپۆی خستوون، کەڵکێکی ئەوتۆیان پێوە نەماوە بەتایبەتیش لەم گەرمەی ئاشتی و هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ بارزانییداکردوویانە لەگرنگیی ستراتیژیدا لەپلەی یەکەمدایە.

زۆرێك لە دۆست و دڵسۆزانی کورد و شۆڕش تکایان لە بەرزانی دەکرد، دڵفراوان و براگەورە بێت و چاوپۆشی لە هەڵەی برا بچووکەکانی بکات و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە. هەتا ماوەیەك و کە هێشتا زامەکان گەرم بوون وکفنی شەهیدەکان زەرد نەبووبوو، بارزانی نەیدەبیست و وەك وەلامێکی نێگەتیڤ بەدەستووری خۆی کەبڕیار و هەڵوێست و بۆچوونەکانی بەپەند و چیرۆك بە بەرامبەرەکەی دەسەلماند: هەبوو، نەبوو، کەسێك لە خوا گەورەتر نەبوو، مام پیرۆتێك بەتەمەن و بەصالڵداچوو، ڕەشمارێکی درێژو قەف ئەستوور و سەرقەوی، زامدار و کەنەفت دەکەوێتە بەربەزەیی گالۆکەکەی دەستی، ڕەشمارەکە دەڵێت بە کوشتنی من هیچت دەستناکەوێت، ڕزگارم بکە، پەیمان بێت هەموو صاڵێك لەم ڕۆژەدا وەرە بەردەم کونەکەم لیرەیەکی زێڕ وەربگرە! مام پیرۆت بیرێك دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت ڕاست دەکات، گەر بیکوژم چیم دەستدەکەوێت، گەر درۆش بکات شتێکی ئەوتۆم لەدەست نەچووە، بڕیاری خۆی دەدات و دەڵێت باشە، پێکهاتین. مارەکە دەڵێت بەئەسپایی و میهرەوە بەرزم بکەرەوە و بمخەرە بەردەم کونەکەم، هەرچۆنێك بێت زامەکانم تیمار دەکەم، ئێمەی مارگەل زۆرجاران دەکەوینە بەر زۆرداری و ستەمی ئێوەی مرۆڤ، ژیان فێری کردووین ئەگەر ڕاستەوخۆ و کوشندە بەرنەکەوین تیماری دەردی خۆمان دەکەین . ڕۆژ و مانگ دەگەڕێنو لەڕۆژی دیاریکراودا مام پیرۆت دەچێتە بەردەم کونە مارەکە و دەڵێت هاتووم بۆ قەرزەکەم... جگەرەکێشێکی پێناچێت مارەکە سەر لە کون دەردەهێنێت، لیرەیەکی زێڕ بەدەمەوە،

دایدەنێت و دەڵێت سلاو هاورێ ئەوە قەرزەکەت و هەتا لە ژیاندا بیت صالانە بەسوپاسەوە دەیدەمەوە، خوات لەگەڵ! چەندین صاڵ پەیوەندی مام پیرۆت و مارەکە بەردەوام دەبێت هەتا مام پیرۆت پیر دەبێت و نهێنییەکە بەکوڕە تاقانەکەی دەڵێت، کوڕەش صالێك لیرەی خۆی وەردەگرێت بەڵام تەماع سوواری سەری دەبێت و دەڵێت چ پێویست دەکات سەر لەنوێ صالێك چاوەڕوانی بکەم، هەر سەری لە کونەکەی دەرهێنا، کوتەکێکی کوشندە و سەری پاندەکەمەوە بەڵام مارەکە خاوەن ئەزموون بوو، ووریا بوو، هەر ئەوەندەی کوڕە دەست هەڵدەهێنێتەوە گالۆك بۆ سەری دەوەشێنێت بەڵام بەر کلکی دەکەوێت و ئەمیش پێوەی دەدات کزە لە دڵی هەڵدەسێنێت و تووکی سەری با دەیبات. مارەکە کلکی لەدەستدا و کوڕەش سەری خۆی دانا.. مام پیرۆت بەئاهو ناڵە و کڕووزانەوە دێت و دەڵێت چیتکردووە سپڵەی بێوەفا؟ مارەکە دەڵێت ناچار بووم داکۆکی لە ژیانی خۆم بکەم، ناهەقم مەگرە و باوەڕم پێبکە کوڕەکەت وەك تۆ نەبوو، ئێستەش ئەوەی چوو، چوو، هەردۆستەکەی جارانین، مام پیرۆت دەڵێت ناتوانم بەدرۆ دۆستایەتیت بکەم، من هەرگیز گیانی کوڕەکەمم لەبیرناچێتەوە تۆش هەرگیز کلکی قرتاوی خۆت لەیاد ناکەیت و هەرجارێك یەکتر ببینین من کورەکەم و تۆش کلکەکەت ئازارێکی بەسوێمان دەدەن. دوواتر بارزانی ئەوەندەی تکا و راسپاردە پێگەیشت هاتە سەر دینی ئەوان (بارزانی بەهۆی کەوتنە نێوانی زۆرێك لە ناوداران و رووناکبیران و خاوەن دەنگوسەنگەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق وەك کامیل چادرچی کەلەبەغدایە پێی وتم تکا لە بارزانی دەکەم لە گرووپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد خۆشبێت، چونکە مانەوەیان لە پاڵ میریدا هیچ بەرژەوەندییەکی بۆکورد تێدانییە)[٢١٠].

پێویستە لێرەدا ئەوەش بە بیری خوێنەری هێژا بهێنمەوە کە سەرکردایەتی نەتەوەیی بەعس لە چەندین بۆچوون و هەڵوێستدا لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی عێراقدا جوت نەدەوەستایە و زور جیاواز بوون، هەر بۆ نموونە لەمەڕ کێشەی کورد لە باشوور کە حەزیاندەکرد بە باکووری عێراق ناویبەرن، مێشێل عەفلەق دامەزرێنەر و رازگری سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب لە هەڵسەنگاندنی هێزە رامیارییەکانی عێراقدا لەبارەی باڵی (م.س) وە نووسیویەتی (ئەوانە لە پەنا سەربازگەکانی سوپای عێراقدا مۆڵدەخۆن (یعسکرون بجانب معسکرات الجیش) باشە کە سەرکردایەتی باڵای بەعس بەوچاوە تەماشایان بکات و سەرکردایەتی هەرێمی عێراقیش کردنی بەقوربانی پەیماننامەکەی مارتی ١٩٧٠.ئەمەیە کە لەزۆر شوێندا پێداگریی لەسەردەکەین کە دڵسۆزان وخەمخۆرانی کورد ولاتپارێزان لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا دەڵێن با ئەوەی لە دوژمن قبووڵمان دەکرد، لە بارزانیمان قبوولکردایە نەپیاو خراپ دەبوون و نەبزاڤی شۆڕش و کوردایەتیش ئەو زەبرە کوشندانەی پێدەکەوت و ئۆباڵەکەشی بکەوێتە ئەستۆی ئەوان و کەسیش مافی ئەوەی نەدەبوو بڵێت بەری چاویان کلی پێوەیە. جا تۆ سەرنج بدە لیوا فوئاد عارف لەبیرەوەرییەکانیداکەبەزمانی **عارەبی نووسیویتی** لەلاپەرە ٢٦٢ دا دەڵێت ...( لەدانیشتنێکدا لەگەڵ سەرۆك کۆمارئەحمەدحەسەن بەکر و جێگرەکەیدا صەددام حسێن لەوەڵامی پرسیارێکمدا کە مەرجەکانی حکوومەت یا پێشنیازەکانی چیە بۆ شۆرشی کورد، لەوەڵامدا وتیان تاکە مەرجی ئێمە ئەوەیە بارزانی پەیوەندییەکانی بەدەرەوە بپچڕێنێت، لەوانە پەیوەندییەکانی بەئێرانەوە . هەروەها وتی کۆمەڵەکەی جەلال

تاڵەبانیمان تووشی کێشە کرد و نازانین بارزانی هەڵوێستی چیدەبێت بەرامبەریان .

## ئه نجامەکانی دووبەرەکی

دووبەرەکی نێو ریزەکانی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگەش، کارەساتێکی گەورەبوو، جێگە دەست و کاریگەریی قووڵی هەر بەسەر پارتی و شۆڕشەوە نەبوو، بەڵکو هەرهەموو کوردی باشووری گرتەوە و زیانەکانیشی ئەوەندە قورس و قەبە بوون لە داهاتوویەکی نزیکدا برینەکان سارێژ نەبن و زیانەکان قەرەبوو نەکرێنەوە. سەرکردایەتی شۆڕش و کوردی باشوور و بگرە کوردستانی گەورەش سەرکەوتنە مێژووییەکەی ١١ مارت ١٩٧٠ و دەستکەوتە مەزنەکانی و تەفر و تونـاکردنی هێزە چەکدارەکەی جەلالییەکان و چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی بارەگاکانیان، سەرکردایەتی شۆڕش و جەماوەرەکەی بەجۆرێك تووشی گەشبینی و کورتبینی کرد، زۆر دڵنیا بوون لە بنەبڕکردن و کۆتایی هێزە نەیارەکان و لە چاڵنانی پلان و ئامانجەکانیان و کۆتایی کێشەکەو سەر هەڵنەدانەوەی، بەلاّم بەهەڵەدا چووبوون، وەك هێزێکی چەکدار نەمابوون، بەلاّم وەك هێزێکی رامیاری مابوون و زۆر بەنهێنی بە پلانێکی نوێ و لەژێر پەردەی مارکسیزمدا خۆیان رێکدەخستەوە لە سەر شێوەی ئەڵقەکانی رووناکبیرکردنی دۆست و هەوادارەکانیان، سەرکردایەتی شۆڕشیش ئاگادارییەکی ئەوتۆی نەبوو لە سەریان، لەوەشدا دووبارە بەهەڵەدا چوون و نەیاندەزانی ئەوە ماکی پەتا کوشندەکەی کوردە و سەریهەڵداوەتەوە و ئەمجارەیان دەچێتە خوێن و ئێسکیشەوە نەك کۆمەڵێك لاوی سەرگەرم لێرە و لەوێ خۆیان بەچەپ دەزانن و بەرهەمەکانی مارکس و لینین دەخوێندنەوە و دەمەتەقێی لەسەردەکەن، بەلاّم دوواتر دەرکەوت ئەوە سەرەتای دامەزراندنی شیرازەی رێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی — لینینی کوردستان بوو کە دوواتر بوو بە کۆمەڵەی رەنجدەران و وەك هێزێکی سەرەکی بەرامبەر پارتی (سەرکردایەتی کاتیی) هاتە پێشەوە. وەك پێشرەوی راستەقینەی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی کورد و (کش مەلیك) لە هەر بیروبۆچوون و ئایدیا و رێکخراوێکی رامیاریی و بێگومان هەر هێزێکی چەکداریش لەژێر ئەستێرە سوورەکەی ئەودا خەبات نەکات، ئەمە لە کاتێکدا خودی رابەرانی بزوتنەوەکەش لەناوەرۆکدا هاوبیر نەبوون، چەندین چمکی ئایدیا و تێزی جیاواز لەهەڵپەی شۆڕشی نوێ و داخستنی مێژووی پارتی و شۆڕش و بارزانی و هەتا زوتریشە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ، رێبازی نوێ، سەرکردایەتییەکی هەڵبژاردە لە رووناکبیران و لاوان و پڕکردنەوەی گۆڕەپانە فراوانەکە بەتەنها، هەر لە سەرکردە کلاسیکەکانەوە بیگرە وەك جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە و کادرە پێشکەوتووەکانی (جەلالی) وەك نەوشیروان مستەفا، مەحموودی مەلا عیزەت، نەجمەدین عەزیز (سالارعەزیز)، عومەری سەیید عەلی، عومەری حاجی عەبدوڵلا (مولازم عومەر)، شازاد صائیب و دەستەیەك کادیری نوێ وەك شەهید ئارام، جەعفەر عەبدولواحید (برای شاعیر و نووسەر خالید دلێر)، ئەنوەر زۆراب (برای هونەرمەندی شانۆکار جیهاد دڵپاك)،حیکمەت موحەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، جەمال تاهیر.. ..هەتا دەگات بە توێژی کوێخا و ئاغا و نیمچە دەرەبەگ و خاوەن زەوی وەك جەمال مەلا حەکیم (جەمال ئاغا) بەسەر چەپی رادیکالیست و چەپی میانڕەوو، عێراقچی و هێڵی پان (هێڵی گشتی) و نەتەوە خوازان. هەر گرووپەش بەپەلەپەل سەرکردایەتییەکی (هەڵپڕوکاند) و لەیەك کاتدا چەند گرووپ و

سەرکردایەتییەك کاریاندەکرد وەك سەرکردایەتی ناوەوە یا کۆمیتەی سەرکردایەتی شار،وەك: هەردوو شەهیدی پێشەنگ شەهاب و ئارام، عومەری سەید عەلی، جەمال تایەر، عومەر فەتتاح. فەرەیدوون عەبدولقادر، ئاوات عەبدولغەفوور، حیکمەت موحەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، سەرکردایەتی شاخ وەك شەهیدان (عەلی عەسکەریی،دکتۆر خالید)، نەوشیروان مستەفا، مولازم عومەر، نەجمەدین عەزیز(سالار عەزیز)،وەهاب، بەکر حاجی سەفەر... سەرکردایەتی دەرەوەش (هەندەران) جەلال تاڵەبانی، بەرهەم صاڵح، شازاد صائیب، سەعدی ئەحمەد پیرە وهتد...پێویستە ئەوەش بڵێین کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان،کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان(کۆرەك) ودواتر سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش یەك توخمی و یەك هزرو یەك ئایدیاو یەك بەرنامەیان بۆ شۆڕش نەبوو،هەر لە دەستپێك و سەرەتاشەوە ناکۆکیی و ناتەبایی لەنێواندا هەبوو... دکتۆر جەمال نەبەز لەوبارەیەوە بەنێونیشانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەنێوان بەرلینی رۆژاواو دیمەشق دا دەڵێت:(لەمانگی گوڵان(مایسی)ی١٩٧٥دا مام جەلال جارەکیی دیی بە دزییەوە هاتبووە بەرلینی رۆژاوا. وەك بیستم،لەکۆتایی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەیەك کراوە لە چێشتخانەو چایخانەی Alter Krugکە دەکەوێتە گەڕەکی داڵم Dahlemو نێوچەی زانستگەی ئازاد Freie Universität بەسەرۆکایەتیی مام جەلال و ئامادەبوونی دکتۆر جەبار شەریف،دکتۆر حەسەن حەمە ئەلیی،دکتۆر ئەنجومەن سەدیق،دکتۆر هۆمەرشێخ مووس،دکتۆر کەمال فوئاد،سەلاح رەشید،نەوشیروان مستەفا،لاوچاك ئەحمەدفەهمی و نیزامەدین کایا(ئەم نیزامەدین کایایە خەڵکی باکووری کوردستانە،خۆی بە نێوی (سەردار ئاراراتی)وبەونیوە خواستەمەنییەوە لە کاتنامەیەکی ترکییدا کە نێویÖzgürlük Yolü(رێی ئازادیی)بوو زوڕناژەنێتی بۆ رژێمی سۆڤێت و رژێمی DDRدەکرد .لەوکۆبوونەوەیەداو لەسەر داخوازیی جەلال تاڵەبانیی بڕیاردرا بوو کە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابمەزرێ و رۆژی ١٩٧٥/٦/١یش بکرێ بە رۆژی دامەزراندنی.ئەوجا کەمام جەلال چووەوە سووریا، هەواڵی دامەزراندنی (ی.ن.ك)ی راگەیاندو رادیۆی دیمەشق ئەو هەواڵەی بلاوکردەوە.بەڵام رژێمی شا لەبارەی خۆکۆکردنەوەی پارتییەوە هیچی بلاونەکردەوە.هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی(ی.ن.ك) هەر لە دیمەشق کاتنامەی(ألشرارە) پزیسك لەلایەن(ی.ن.ك)بلاوکرایەوە،کە خۆی بە لایەنگری رژێمی سۆڤێت دەناساند و زۆر دژ بەمەلاییەکان بوو.) بڕوانە:جەمال نەبەز،کاژیك١٩٥٩/٤/١٤پیشخان و پاشخانەکانی.سلێمانی ـ کوردستان ٢٠١٥،لاپەڕە٤٦.

شۆڕش هەڵگیرسایەوە، هاوینی ١٩٧٦ میوانی مامۆستا عەلی کەمال و شەهید مامۆستا کەریم حسەین (هاوڕێ گەرمیانی) بووم لە گوندی باڵخێی شارباژێڕ،ئەو رۆژە یەکەمین تەقەی دوای هەرەس بەرگوێم کەوت. هێزەکانی گۆڕەپانەکە بە پێی ژمارەی پێشمەرگە و بنکەی جەماوەرییان شوێنی خۆیان گرت و شوێنیان بەیەکتریش لێژدەکرد، میریش بەهەموویان، پاك و پیس دیار نەبوون، باوەڕ و متمانە کز بوو، هەردوو سێ پێشمەرگە و بەنهێنی شوێن خەوێکیان دەدۆزییەوە.. بارووذۆخەکە زۆر سەخت بوو، ئەوەی برا و ئامۆزا و کەسی دڵسۆزی خۆی لەپەنادا نەبووایە ژیانی لەمەترسیدا بوو، بەکرێگیراوانی رژێم بڵاوبووبوونەوە، موختاری گوندەکان موچەخۆری میریی بوون، زۆربەیان خۆفرۆش بوون، لەسەر هەر وورد و

درشتێك راپۆرتیان دەگەیاندە دەسگاكانی میریی عێراق... سەركردایەتی كاتیی پارتی (قیادە مووەقەتـە) نـاونرا سـەركردایەتی قورمیشـكراو! (قیـادە مەوقوتـە!) و سەركردەكانیشـی بـەناوو نـاتۆرەی ناشـیرین ناودەبران،لەبەرامبەریشـدا شۆڕشـی نـویٚ نـاونرا كۆنـە جاشـەكانی بـەكرەجۆ . هـەورە بروسـكەی پیلانـە رەشـەكەی جـەزائیر ١٩٧٥ كـوردی باشـوور و شـۆڕش و سەركردایەتییەكەشـی حەپەسـاند و شـپرزەیی و پەشۆكاوی پێوە دیاربوو، دەڵـێن عـەلی عەبـدوڵڵای ئەنـدامی پۆلیـت بـیرۆ نـاوی ئیـدریس و مەسـعوودی لێتێكدەچوو، دەیوت ئەسعید، مەدرووس! ئەوە نیشانەی پەرۆشـیی و خەمخۆرییـەكی بێدەسـەڵاتانەی ئـەو پیاوەیە بۆ شۆڕش بەڵام سەركردەكانی شۆڕشی نویٚ بۆ ئـەو دوو نـاوەی لێتێكدەچـوو یـا بیردەچـوو،هەر بـە (هەتیوەكانی مەلا) ناویان دەبردن...كورد دەڵێت شەوی مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە و مشتێك نموونەی خەروارێكە.دووبەرەكی تەنها بەرژەوەنـدی دووژمنـی تێـدابوو، دووای چـل و پێـنج صـاڵ بـەناڕەوا خـوێنی كوردرشتن، هاتینەوە هـۆش خۆمـان و یـەكتر قبـوولكردن و بەرنامـەی "ئەمـە بـۆمن و ئـەوەش بـۆ تـۆ!" نەوشیروان مستەفا راستییەكی دركاندووە هێشتا هاورێكانی دانیان پێدانەناوە، دەڵێت: (ئەوەی لە دوژمـن قبوولمـان دەكـرد، لـە بارزانیمـان قبوولكردایـە)[٢١١]، بـەڵام كـە نـەكرا و لایـەكی پـارتی و هێزەكـانی پێشمەرگەیان لەشۆڕش دابڕی، بارزانی ناچار بوو بۆشاییەكان بەكەسـانێك پڕبكاتـەوە زۆربـەیان وەك پلـەی خوێندەواری و لێهاتوویی رامیاری ئاستێكیان نەبوو، هەندێكیان نەخوێندەوار و كۆلكە خوێندەواریش بوون بەڵام دڵسۆزبوون. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو سەركردایەتی شۆڕش نەیدەتوانی بەسەركەوتوویی لە دوو بـەرەدا بجەنگێت، بەرەی دوژمنی ناوخۆ و سوپای دوژمنیش كە ئەوەی یەكەمیان بۆ شـۆڕش دژوارتـر و بـەرزیانتر بـوو، بۆیـە ناچـاربوو لـە قۆنـاغێكی لاوازیـی رژێمـی بەعسـدا لایـەنی گفتوگـۆو ئاشـتی هەڵبـژێرێت بـۆ رزگاركردنی شـۆڕش و سـەركوتكردنی ناحـەزانی نـاوخۆ و پاككردنـەوەی بـەرەی نـاوخۆ و رێكخسـتنەوەی ریزەكان، لەوهەنگاوەشدا سەركەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا و هـەردوو ئامانجـە گرنگەگـەی ئـەو قۆناغـەی دەستگیر بوو، دابینكردنی بەشێك لە ئامانجەكانی شۆڕش و بەرجەستەكردنی لە رێككەوتنە مێژووییەكـەی ١١/مارتی ١٩٧٠ دا و ناچاركردنی رژێمی بەغدا جەلالییەكان چەك بكات هەرچەند ئەحمەد حەسەن بـەكر و سەددام هەروا ئاسان نەچوونە ژێر ئەو بارە.. ئەوەش وانەیەكی بەنرخ و پەندێكی مێـژوویی بـوو بـۆ هـەر كوردێك كە تێبگات دوژمن هەردوژمنە و (هەزار صاڵ بكەیت بێگانەپەرستی هەر دەهێنیت نوشوسـتی). بارزانی لەوەدا سەركەوتووبوو دوژمن و ناحەزانی ناوخۆ لەیەكتر دابڕێت و جیاجیـا بـەرەنگاریان بێتـەوە.. دژ بە خواستی بەغدا لە پەلامارێكی كتوپڕ و فراواندا بۆ سـەر بنكـە و بارەگاكـانی جـەلالی، تـەفروتونای كردن و بەپەرێشانی بلاوەیان لێكرد، بەغداش بەرژەوەندی لەگەڵ بارزانیدا بەلاوە گرنگتر بوو، پشتی بەردان و بەتەنها و بیٚ چەك و پشتیوان مانەوە لەبـەر بـەزەیی بارزانیـدا بـەڵام ئـەوان لـەو جـۆرە پیاوانـە نـەبوون چۆكیان بلەرزێت و ملكەچ بكەن، نەخێر هەمیشە پلانی دووەمیان هەبووە.

ڕاستە بارزانی لەلایەنی سەربازییەوە بەسەر دووبەرەكیدا سەركەوت بەڵام لایەنی رامیاریی و ماكـەكانی وەك ماكیی دەردەكە هەر مابوون و بەشێنەیی تەشەنەیان دەكرد بەژیانی كۆمەڵایەتی و رامیاری و وێـژە و هونەریشەوە، ئەو بەخەرمانێك ئەزموون و سەركەوتنی مێژووییەوە بەربەستی زریانی دووبەرەكی كرد، بـۆ

هەموو کێشەیەك و تەنگەژەیەك چارەسەری گونجاوو کاریگەری دەدۆزییەوە بەڵام نەیدەتوانی کاریگەری و شوێنەواری ئایندەی دووبەرەکی رابگرێت کە دوواتر دەردەکەوتن وەك:

أـ گەندەڵی، گەندەڵی و شرەخۆری دیاردەیەکی نویێ نییە، لە نێو دەزگاکانی بەڕێوەبردن و سوپای دەوڵەتاندا و لە رێکخراوە رامیارییەکان و شۆڕشەکاندا هەربووە و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا چاوەڕوانی لە نێو چوون و بنەبڕکردنی ناکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشیش لەو یاسایە بەدەر نییە، گەندەڵی تێدابوو بەوشێوە نەبوو دووای ۱۹۷۰ و بەردەوام هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بازاڕی گەرمە و بەجۆرێك لە برەودایە هیچ لێپرسراوێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش نکۆڵی لێناکات چونکە سەرڕێژیکردووە، ئۆباڵەکەشی بەتەنها لە گەردنی حکوومەتی هەرێمدا نییە، میراتی کۆن و ئەنجامەکانی دووبەرەکی و براکوژییە، سەرکردایەتی سەرکەوتوو بەرژەوەندییە باڵاکانی بزوتنەوەکە و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر پێکەوە گرێدەدات و ئەرك و مافەکانی هەردوولاش رەچاودەکات، کەمتەرخەمی و سەرپێچی سەرکردەیەك و تاکێکی کۆمەڵ بەهەند وەردەگرێت و چاوپۆشی تێدا ناکات هەرچەند پێویستە لێپرسینەوە و سزادانی لێپرسراوێك لە کەسیکی سادە قوورستر بێت، بەوجۆرەش دانیشتوان و بەتایبەتیش گوندنشینەکان هەموو ئەرکە قوورسەکانیان نەدەکەوتە سەرشان و لەبەرامبەریشدا مافێکیان نەبێت.

ب ـ گوندنشینەکان هەڵوێستیان لە پاڵ شۆڕشدا جوامێرانە بوو، جگە لە پێشمەرگایەتی و قوربانیدانی رۆڵەکانیان گوندەکانیش بەرشاڵاوی سوپای دوژمن دەکەوتن و ماڵ و مزگەوت و کانیاوەکان پێکەوە وێران دەکران و ئەوەی رزگاری بووایە سەڵت و قوڵت خۆیدەگەیاندە دۆڵێك، ئەشکەوتێك یان بنبەردێك، چەندین گوند هەن دووجار و سێجار وێران کراون، بەرهەمی کشتوکاڵ و خەلە و خەرمان و مەڕو بزن و گا و گۆتاڵیش هەر بەدوژمن دەژمێردران، حەوانەوە و نان و ئاوی پێشمەرگە و جێگە خەو، رێبوار بەرێکردن، نان و ئاوو تەقەمەنی گەیاندنە سەنگەرەکان، زەکاتی شۆڕش، خستنە ژێر باری وولاخ و تراکتۆر بۆ راپەڕاندنی گواستنەوەی پێشمەرگە و پێویستییەکانی جەنگ و هتد. بەگشتی بەگیانی لە خۆبووردن و دڵفراوانییەوە پێشکەشی شۆڕش دەکران بەڵام هەر ئەوەندەی یەکێکیان بەدڵی لێپرسراوێکی ملهووری نەکردایە گرتن و لێدان و سووکایەتی پێکردن هەتا دەگاتە سزای لە حەوزی مزگەوت هەڵکێشان ئاسان بوو! هەموو شۆڕشێکی جەماوەر دوو رێگەی لەبەردەمدایە، بەرنامەیەك پەیڕەو بکات جەماوەرەکەی بەباوەڕ و متمانەوە نەك بەڕووکەش، شۆڕشەکە بەشۆڕشی خۆی بزانێت و خۆی بەبەشێك لە شۆڕشەکە بزانێت و لە پراکتیکدا هەست بکات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدایە بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە نەك هەر بەسەرزارەکی وتەی لێپرسراوان و هۆیەکانی راگەیاندن کە کەسێك تێرناکات و گوندێك ئاوەدان ناکاتەوە و برینێك ساڕێژناکات و تەنانەت فرمێسکی چاوی کەس و کاری شەهیدێك ناسڕێتەوە، بەرنامەی دووەمیش بەزەبرو زەنگ و تۆقاندن و گرتن و کوشتن جەماوەرەکە دەخاتە ژێربارو لە دوژمن خراپتر دەیان چەوسێنێتەوە وەك بەرنامەکانی ستالین، ماوتسی تۆنگ، چاوچیسکۆ، کاسترۆ، صەددام. سەرکردەی دڵسۆزو کوڕی گەلەکەی هەمیشە هەوڵدەدات لاپەڕەی پرشنگدار و پڕ شانازی بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکات، هەر لە بەرەکانی جەنگدا تا بەرامبەر دوژمن بەڵکو لەهەموو لایەنەکانی

ژیانی گەلەکەیدا، سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، کشتوکاڵ و بەرهەمەکانی و بەردەوامی خوێندن و بەرەو پێشبردنی بەرنامەکانی خوێندن و ئاستی زانیاری، پەرەپێدانی پیشە دەستییەکان و پیشەسازی و لاوان و رووناکبیران و وێژە و هونەر و وەرزش پشتگوێ بخات بە پێوانە راستەقینەکان سەرکەوتوو نییە لە بەرامبەر سەرکردەیەکدا بە زوومێکی فراوان و پانۆراما بایەخ بەهەموو لایەنەکان دەدات وەك تیتۆ، مستەفا ئەتاتورك! بارزانی کە سەرکردایەتی شۆرشی دەکرد، دوو باڵی هەبوو، یەکێکیان گەرم و پڕ لە سۆز و میهرەبانی وەك ئامێزی باوك، ئەویدیشیان تیژو بڕەر وەك ئەڵماس بەڵام هەر بۆ سزادانی ئەوانە بوو چەکیان دژی شۆڕش هەڵگرتووە یا لەبنەوە پیلاندەگێڕن و ئاسایشی شۆڕش دەخەنە مەترسییەوە، هەرکەس و هەرگرووپ و سەر بەهەرکوێ بووایە بەڵام بەداخەوە ئەو باڵە تیژەی دووای ١٩٦٤ دژی کەسانی بوودەڵە و هەڵپەرست و گیرفان خواز بەکارنەدەهێنا چەند گەندەڵێك کە پلەی سەرکردایەتییان هەبوو بکاتە پەند بۆ هاوشێوەکانیان دەست لە گەندەڵی و لرف لێدان و مشەخۆری بکێشنەوە. یادت بەخێر نەدەبوو وابێت، تۆ لەسەر ئافرەتێکی پشدەری بەمێرد و خاوەن منداڵ، کادرێکی پارتی(م . ج )دەستی بۆ درێژ کردبوو، قیامەتت هەستان و ئەوەندە پێداگربوویت لەسەر سزادانی، بووە یەکێك لە کێشەکان لەگەڵ (م.س) و هۆیەك لەهۆیەکانی دووبەرەکی وکەرتوپەرت بوونی پارتی،کە چی هەرئەوەندەی من بزانم لێپرساوێکی باڵا، ساڵی ١٩٧٤ ئافرەتێکی دانیشتووی سلێمانی بە مێردو خاوەن منداڵی لە پیاوەکەی زەوتکرد و هیچیش روویندا.

ج ـ بەهاری ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕدا لە هەموو لایەکی باشوورەوە کوردپەروەران پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد و زۆرێکیان رێگەیان دووربوو لە خانەقین و بەدرەو جەلەولاو دیالە و کەرکووکەوە لە ژێر رێژنەی تاوی بارانی بەخور و بەردەوامی ئەو بەهارەدا و بە سکی برسی و بە پیادەیی روویان لە سەرەوە دەکرد بۆ سەرکردایەتی، ئەوەی زۆرتر سەرنجی رادەکێشام، هەندێك لەو دڵسۆزانە زۆرتر پەرۆشی ئەوەبوو ئەو چەکەی لە دوژمنی فڕاندووە تەڕ نەبێت پارچەیەك لە جلەکانی لە لوولەوە هەتا نێوەڕاست تێوە ئاڵاندبوو.. سەرکردایەتی بۆ یارمەتیدانی ئەوانە چەند بنکەیەکی لە سەر رێگا سەرەکییەکان کردبۆوە، ئەندامێکی لقی چواری پارتی لە (دۆڵە سوور)ی پێنجوین دانیشتبوو لە بری ئەوەی هەریەکە و دینارێکی پێبدات، دینارێکی بە (٣)سێ کەس دەدا، ئەویش لە کاتژمێری ٨-١٠ ی بەیانیان ئیتر ئەوەی دووای ئەو کاتە دەگات ئەوە (جەنابی مەسئوول) هەستاوە وسبەی بەیانی دادەنیشێتەوە!

چاکترین خۆراکی پیشمەرگە لە بارەگاکاندا فاصۆلیا و تەماتاو بوو، هەندێك جاریش بە برنجەوە، لە سەنگەریشدا هەر نانی وشك و ئاو بوو بەڵام لە بارەگاکانی ناوچە و لقەکاند، سێ ژەمە جەژن بوو، هیچیان کەم نەبوو.. لە بارەگاکانی سەرەوەشدا جۆرەها گۆشت و ئارەق و کافیار... کلاشەی دەکرد (زۆرجار عەبدولخالق لیستێکی باڵابەرزی دەنارد، کاك فەرانسۆ، مریشك، گۆشت، عەرەق، مەزە، میوە و چی و چی نەنێری... لە راستیدا فەرانسۆ زۆر بەدەردو مەرگمانەوە بوو، هەرچی لە دەستی هاتبا لە یاریدەدانمان درێغی نەدەکرد[٢١٢]. هەژار و عەبدولخالق مەعروف لە رادیۆی دەنگی کوردستان کاریان دەکرد[٢١٣].

بەهۆی ئەو دەست شلکردنەی بارزانییەوە هەڵپەرست و بەرژەوەندخوازان ترسیان لە لێپرسینەوە نەبوو،

سڵیان نەدەکردەوە و پەت دەپسێنن و روو دەکەنە خۆدەوڵەمەند کردن و ئۆتۆمبیلَ و کۆشك کڕین و سامان کۆکردنــەوە و رابــواردن، یارمــەتی مانگانــەی پێشــمەرگە و خێزانــی شــەهیدانیش ناوخونــەکی لێــدەدرا. رێکخستنەکانی پارتیش هەرلە رێکخراوو کادێرەکانییانەوە بەرەوژوور هـەتا کۆمیتـەی ناوەنـدی و پۆلیـت بیرۆ و هێزەکانی پێشمەرگەش هەر لە سـەرپەل وسـەرلق بیگـرە هـەتا فەرمانـداری هێـز بەگشـتی و هـەتا رادەیـەکی بەرچـاو کەوتبوونـە زەلکـاوی گەنـدەڵی و هەنـدێکیان ناپـاکیی و خۆفرۆشتنیشـەوە، بـۆ نموونـە فەرماندەیەکی باڵا لەسەر سنوور پاڵیدابووەوە، لە تەڕ دەیخواردوو لە ووشك دەنووست، دەیتوانی شەو هەتا بەرەبەیان بە یاریی پۆکەر و خواردنەوەوە بەسەر بەرێت بەڵام جگەرەکیشێك گوێی لە کێشـەی هاوڵاتییـەك نـەدەگرت، گونـدەکانی هـەورامانی ئەمـدیو دەبـوو جووجـکە مریشـك و قەلـەموونی بـۆ قەڵـەو بکـەن و قەلەکانیش بۆ ئەوەی گۆشتیان خۆشتربێت گوێزو هەنگوینیان بدرێتیَ! دانیشتوان بەجۆرێك لە لوتبـەرزی و چەوساندنەوە و دادۆشین بێزاربـوون کاردانـەوەکانی دووای هەرەسـی شـۆڕش زەق و ئاشـکرا رەنگیدایـەوە و پاڵنەربوو زۆر کوردی نیازپاك بچنە پاڵ میریی . لیوا فوئاد عارف لەبیرەوەرییەکانیدا و لەلاپەڕە ٢٧٧ دا، لەورووەوە قسەی خۆی دەکات ودەڵێت: ( ... بەبارزانیم وت دڵرەقی هەندێك لە سەرکردەو بەرپرسانی باڵـا دەمخەنە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر خوانەکردە لەداهاتوودا دەستییان بگاتـە پۆسـتی گـرنگ، ئـەوە دەبێتـە هۆی وێرانبوونی کوردستان .لەراستیشدا ئەوانە خۆشـبەختانە ژمارەیـان لـە ژمـارەی پەنجـەکانی دەسـتێك تێناپـەڕێت بـەڵام زۆرینـەی سـەرکردەو لێپرسـراوانی دیکـە کـوردی پاڵاوتـەن و نێوانیشـمان خۆشـبوو . رێککەوتنە شوومەکەی جەزایر رووی راستەقینەی ئەوانەی دەرخست کەپەیوەندی گوماناوییان هـەبوو، بـۆ پاراستنی ناوو ناوبانگی کەسوکاریان حەزناکەم ناوەکانیان ئاشکرابکەم .)

**عیساییەکان شارە جوانەکەی ( کۆستانتین ) یان لەدەستچوو،**
**عەرەبیش ١٤٩٢ ز.شارە شیرینەکەی ( ئەندەلوس ) ی دۆڕاند،**
**ئایا کوردیش شاری ( کەرکووك ) ی پڕ لەنەوت دەدۆڕێنێت ؟**

**لە وتووێژەکانی بەهاری ١٩٩١ نێوان میریی عێراق و**
**شاندێکی بەرەی کوردستانیدا لە بەغدا،**

که باس دێتەی سەرکەرکووك، عەلی حەسەن مەجید ( عەلی کیمیایی ) دەڵێت
ئێمەش لە ئیسپانیا شاری ئەندەلوس ( غەرناتە )مان لە دەستچوو،
مەگەر هەر هۆنراوە و گۆرانی بۆ بڵێین،
ئێوەش هەر ئەوەتان بۆ دەمێنێتەوە!

پەنجا ساڵ پترە لە دنیای سیاسەتدا
سەردەمی جوامێری و بەها بەرزەکان
بەسەرچوون و جیهان بۆتە بازاڕی گەڕان
بەدوی بەرژەوەندیدا و

## مرۆڤیش بەتاك، كۆمەڵ، گەل، نەتەوە، كالاّی بازرگانین!
## بارزانی دەیوت:
## (هەزاران تەن عەدالەت نرخی بەرمیلێك نەوتی نییە)

**چەند پرسیارێك و پێداچوونەوەیەكی خێرا:**

١- ئایا شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لەكاتی خۆیدا هەڵگیرسا؟

٢- دووای پەیمانی جەزائیر ١٩٧٥ چەك هەڵپەساردن و بەرگینەكردن پاشەكشە و خۆبەدەستەوەدان بوو یا بڕیارێكی ژیرانە بوو لەبەرژەوەندی دوواڕۆژی كورد؟

٣- بارزانی وەك سەرۆكی پارتی و رابەری شۆڕش كەمتەرخەمی و خاڵی لاوازی هەبوو لە ئەنجامدانی ئەركە مێژووییەكانیدا یا سەركەوتووبوو؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە هەوڵدەدەم چەندێك (ڕاستی)م لەبەردەستدایە بە ویژدان و دەستپاكییەوە بیخەمە بەرچاوی خوێنەری هێژا، ئەویش خۆی و خوای خۆی.

١- هەڵگیرسانی شۆڕش بەرنامەیەكی رامیاریی، كۆمەڵایەتیی، خەباتی چەكداریی لە پشتەوە نەبوو، سەركردایەتی پارتی كەوت بەسەر رووداوێكدا لە شێوەی یاخیبوون لە میریی كە ژمارەیەك سەرۆك هۆزو فیۆدالی كورد هەڵیانگیرساندبوو لە رانیە و پشدەر و دەربەندی بازیان و دۆڵی خەلەكان و چەكدارەكانیان لەدەربەند كۆكردبۆوە و رێگای گشتی هاتووچۆی سلیمانی — كەركووكیان بەستبوو... لەگەڵ یەكەمین هێرشی فڕۆكە جەنگییەكانی میریشدا زۆربەیان بڵاوەیانكرد و هەندێكیان روویان لە ئێران كرد.

هەباسی مامەند ئاغا، کاکە زیادی کۆیی، شێخ حسێنی بۆسکێن، هاودنگەکانیان مەردانە شانیان دایە بەر و کشانەوە شارباژێر... بارزانی چاودێری رووداوەکەی دەکرد و هەڵوێستی ئاغاکان و سەرکردایەتی پارتی (م.س)ی هەڵدەسەنگاند، ئەو راستییەشی لەبەرچاو بوو کوردی باشوور هێشتا ئامادەنەکراون بۆ شۆڕش بەڵام بەرژەوەندی تایبەتیی و چینایەتیی ئاغاکان و بەرژەوەندی رامیاریی (م.س) و هەست و سۆزی دەروونیی گڕگرتووی کوردپەروەران لە ئاوێتەیەکی سەیردا تێکەڵاوبوون و هەرچەند بەرژەوەندییەکانیشیان لە هەموو خاڵێکدا جوت ناوەستنەوە رێگای شۆڕشیان گرتۆتە بەر. ئاغاکان دژی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا. سەرانی پارتی بۆ سەلماندنی ئەوەی پێشڕەوی راستەقینەی چین و توێژەکانی کورد و بەدیهێنەری ئامانجەکانیان و یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا کە بەدرۆو فیشاڵ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد هەر ئەوان پێشڕەوو نوێنەری راستەقینەی چینە چەوساوەکانی عەرەب و کوردن و خەباتی هەردوولایان لەبۆتەیەکدا جۆشبدرێت دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و بانگەوازی کوردایەتی و شۆڕش و سەربەخۆیی نەتەوەیی کە کورد نەتەوە نییە و بەپێی پێوانەکانی ستالین مەرجەکانی نەتەوەی تێدا نییە و هەر پەلەقاژەیەك لەو بووارەدا بکات زیان بەخەباتی هاوبەشی گەلان و سەرکەوتنی چینی پرۆلیتار دەگەیەنێت بەمەرجێك نەك ئەو دەمە، ئێستاش ئەو چینی پرۆلیتارە لە کۆمەڵگای کوردەوارییدا سەریهەڵنەداوە. تۆ هەروا تەماشا بکە فرۆشیارێکی دەستگێڕ بەعەرەبانەیەکی دەستییەوە مانگانە پتر لە فەرمانبەرێکی مووچەخۆری میریی دەستدەکەوێت کە لە فەرهەنگی کۆمۆنیستەکاندا بەچینی بورژوا ناو دەبرێت، کرێکارێکی سادە، پیشەکارێکی دەستی وەك تەنەکەچی، دارتاش، مسگەر، خومخانەچی، شۆفێرێکی تەکسی، فیتەرێك گاڵتەی بە مووچەی مانگانەی مامۆستای خوێندنگاکان دەکرد کە خۆم یەکێکیان بووم کولانەیەکم بۆ خێزانەکەم دروستدەکرد، کرێکاری بناغە هەڵکەندن، وەستا و کرێکاری دیوار هەڵچنین، کۆنکرێت تێکردن، سپیکاری، لەبغ، ئاوو کارەبا، کاشی، بۆیاخ کە هەموویان بە پێی لێکدانەوەی (دووابڕاوەکە) پرۆلیتار و چەوساوەن، ئەوەندەیان چەوساندمەوە و روتاندمەوە دەمێوت خۆزگە کارل مارکس زیندووبووایە و دوو هۆدە و هەیوانێکی دروستکردایە، جا دەیبینی چۆن هەزار جاران پەشیمان دەبووەوە لە فەرموودەکانی.

٢ ـ هێشتا لە نێو (م.س)دا ململانێی رازگری کۆن هەمزە عەبدوڵڵای کۆمۆنیست و رازگری نوێ ئیبراهیم ئەحمەدی روو لە کوردایەتی خامۆش نەبووبوو، جگە لەوەی خودی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناڕەوا لەلایەن میریی عێراقەوە تاوانبارکرابوو بەتێوەگلان لە تیرۆرکردنی میری خۆشناو(سەرۆکی هۆزی خۆشناو) صدیق میران و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو، ئەو هۆیانە بەسەریەکەوە هەست و سۆزی دەروونی کوردپەروەرانیشی هاتە پاڵ، ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵەکانی چاکیان بۆ رێککەوت ئەو هەلە زێڕینە بقۆزنەوە و جڵەو لەدەست ئاغا و فێودالەکان دەربهێنن و ناوی شۆڕشی لێ بنێن کە هەر لە سەرەتاوە پەلەپەل و کاڵوکرچی و نیشانەکانی پێنەگەیشتن و زەمینەساز نەکردنی پێوەدیاربوو بەڵام سەرگەرمیی جەماوەرە تینووەکەی سەربەخۆیی و هاتنە پێشەوە و باوەشکردنەوەیان بۆ شۆڕش بەسەر وماڵەوە، پۆل پۆل پەیوەندیکردنی کوردپەروەران بەشاخەوە و لە شارەکاندا کۆکردنەوەی پیتاك و جل و بەرگ و پێڵاوو

داوودەرمانی پزیشکی زۆر کـەلێنی بـۆ پڕکردنـەوە، کـورد پـەروەرێکی شـاری سـلێمانی، حەمـەی فـەرەج ئەفەندی هەفتەیەك بێ پسانەوە هەموو ڕۆژێك پـڕ لۆرییـەك خواردەمـەنی دەنـاردە چـوارتا و سەرسـیر بـۆ چەکدارەکان کە ئۆردوو یا کۆمەڵەیان پێدەوترا و هێشتا ناوی پێشمەرگە نەکەوتبووە سەرزاران.

٣ ـ بارزانی چەند کارێکی گرنگ مابوون پێویست بوو ئەنجامیان بدات لە سەرێکەوە پەیوەندی بـەهۆزی بارزانی هەبوو لە سەرێکیشەوە بە شۆڕشەوە. لە بەرنامەیدا بوو بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە میریـی و سوپای میللی (جەیشی شەعبی) ژێر دەستەڵاتی پارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق وەربگرێـت و بـەهاوکاری یـا بێلایەنی میریی عێراق گورزی کاریگەرتر لە هۆزە نەیارەکانی بـارزان بوەشـێنێت وەك هـەرکی، سـوورکی، صۆفییەکانی شێخ رەشیدی لۆلان و سەرکوت و زەبوونیان بکات وەك تۆڵەسـەندنەوەی دوژمنکارییـەکانیان دژی بارزانیان و هێزێکی ئەوتۆشیان نەمێنێت سبەینێ لە پاڵ میریـدا ببنـە کۆسـپ لـە رێگـەی شۆڕشـدا. بـەلاّم میریـی عێـراق و سـەرۆك کۆمـار عەبدولکـەریم قاسـم لـە رێگـەی بـەدرەدین عـەلی موتەصـەریفی (پارێزگار)هەولێرەوە پشتگیری لە دوژمنە خوێنخۆرەکانی بارزانیان دەکرد.. بەدرەدین عـەلی لەناکاوێکـدا بەدەستی پێشمەرگەیەکی سلێمانی بەنێوی (ئەلف. واو.گـاف ) تیرۆرکـرا.. نێـوانی میریـی و بەتایبـەتیش سەرۆك کۆمار لەگەڵ بارزانیدا تێکچوو. سەرۆك کۆمـار کۆشـکەکەی نـووری سـەعیدی سـەرۆك وەزیرانـی رژێمی پێشووی دابوو بە بارزانی، مانگانەیەکیشی بۆ دیاریکردبوو هێندەی مانگانەی سێ وەزیر پتر بـوو، دەیویست لە بەغدا دابنیشێت.. بارزانیش هەڵۆی چیاو لوتکە بەرزەکان لە قەفـەزی زێـڕدا خۆینـەدەگرت. پلانەکانیشی بەنیوەو ناچڵی مانەوە، نـەزەبری کوشـندەی بـە دوژمنـەکانی گەیانـد دڵـی ئاوبخواتـەوە و لـە رێگەی شۆڕشیشدا نەبنە کۆسپ نە ئەوەندە چەکیشی لە بندەستدا بوو بەشی هەڵگیرساندنی شۆڕش بکات، سەرانی پارتیش چاوەڕوانی بڕیاری ئەو بـوون چـونکە بنکـە جەماوەرییەکـەی پـارتی لەسـەر خۆشویسـتنی بارزانی دامەزرابوو. ئەوەش سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی بارزانیدا کە نزیکەی دووازدەساڵ بـوو لـە دوورەولاّتـی و پەنابـەریی لەرووسیا(سـەرکردەی) پـارتی بـوو! بۆیـە دەبـوو بڕیـارێکی مێـژوویی بـدات وتەموومژەکە لەنێو سـەرکردایەتیی پارتیـدا بڕەوێنێتـەوە(کـە جەماوەرەکـەی پـارتی وزۆربـەی هـەرەزۆری کوردی باشوور هەر هەستیشیان بەم کیشە هەسـتیارو گـرنگ وبـەڵکو چارەنووسسـازەش نـەکردبوو!)،ئایـا هەڵویستی چییە،بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕش دەدات یا ئەوبڕیارە رادەگرێـت؟ بـەلاّم ئـەمێك بـەر لـەوەی سەرۆکی پارتی بێت وەك شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناس و خاوەن خەباتێکی دووروودرێژ و سـەرکەوتوو هێمـا و سونبوڵی خەباتی نەتەوەیەکە لـە پێنـاو رزگاریـدا، ئـاخۆ دەکرێـت دووای پلانێکـی بێبنـەمای (م.س) و هەست و سۆزی دەروونیی هەڵکشاوی کوردی باشوور بکەوێت و دەستبداتەوە چەك یا رێگر بێـت لەبـەردەم هەڵگیرساندنی شۆڕشێکدا زەمینەی لەباری بۆ ئامادە نەکراوە و سـبەی رۆژی بڵـێن (بـارزانی نەیهێشـت). راستییەکەی هاتە سەر ئەو بڕیارەی ناوو ناوبانگ و مێژووی شکۆداری خۆی و بنەماڵەکەی نەدا بـەدەم ئـەو ڕەشەبایەوە. بەزەینی کوێری خـۆم وەهـای بـۆ دەچـم سـەرەتای کێشەکانیشـی لەگـەڵ (م.س)دا هەرلـەوێوە سەرچاوەی گرتبێت. سەرانی پارتی و کادێرە پێشکەوتووەکانی لە ناوەڕۆکی ئـەو هەڵوێسـتە تێدەگەیشـتن، رووناکبیرانیش بەگشتی لێیان دەسـەلماند (ئـەوە سیاسـەتە)، سـادەی خەڵکەکـەش هەریەکـە و بـەجۆرێکی

لێکدەدایەوە بەڵام بەبارە پۆزەتیفەکەیدا، کۆمۆنیستەکانیش بسکەی سمێڵیان دەهات وایاندەزانی هەرکەسێك قومێك ئاوی رووباری (فۆڵگا)ی رووسیای خواردبێتەوە دەبێتە کۆمۆنیست! ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك.

خولیاو لێکدانەوەی بارزانی لەوماوەیەدا سێ خاڵی گرنگ بوو:

١- هەرچۆنێك بێت نەهێڵێت داوەبەنەکەی نێوانیان لەگەڵ سەرەك کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسمدا ببچڕێت و چەندێك بکرێت چەك و تەقەمەنی لە میریی وەربگرێت.

٢- بەرنامەی لاوازکردنی هۆزە دوژمنەکانی بارزانیان بگەیەنێتە کۆتایی.

٣- باوەڕو متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو، دەمێکیش نەبوو هەمزە عەبدوڵلای رازگری پێشووی لابردبوو.

هەژار موکریانی دەڵێت شەوێك دووای ئەم رووداوە (هەڵبژاردنی ئیبراهیم ئەحمەد بە رازگری پارتی .ن.ك) بارزانی لەلای من گوتی (برایم هەل پەرستێکە لە ڕێی بەرژەوەندیی خۆیدا کوردستان و نامووسی خۆیشی دەفرۆشی بەڵام چیبکەم؟ خەڵکی تر وەك من نایناسن، ئەگەر بڵێم ئەویش دەرکەن، دەڵێن کابرا دیکتاتۆرە)[٢١٤]. لە دوو توێی ئەو گێڕانەوەیەی هەژاری موکریانیدا، راستییەکی حاشاهەڵنەگری تێدایە کە بارزانی مستەفا بە یەك هێما یا بە تەنها دوو وشە(ئەویش دەرکەن) دەتوانێت سوك و ئاسان سکرتێرەکانی پارتی دەربکات پێویستیش بەهیچ کۆنفرانس و پلینۆم و کۆنگرەو ئەو شتانەش ناکات و خودی بارزانیش هەرگیز ئەو جۆرە بانگەشانەی نەکردووە .

٤- هەڵگیرساندنی شۆڕش لەکاتێکی گونجاودا کە توندوتۆڵ گرێدراوە بەو سێ خاڵەی پێشەوە.

سەرانی پارتیش بێ ئامادەکاری، زەمینە خۆشکردن و پلان، پەلەیان بوو مەنجەڵی شۆڕش بخەنە سەر ئاگر، جەماوەریش بەکەف و کوڵێکی دەروونی و هەست و سۆزی کوردایەتییەوە سەرگەرم بوون بۆ شۆڕش و چەك هەڵگرتن، دەڵێن (منداڵی کورد هەر راست و چەپی خۆی دەزانێت ئاواتی ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان چەکدار بێت و خەبات بۆ رزگاری کوردستان بکات، ناشزانێت واتا و ناوەڕۆکە فراوانەکەی رزگاریی چییە). لاوی سەرگەرم هەبوون بەدەستی بەتاڵەوە نەچوونە نێو شۆڕشەوە لە نێو شاردا چەکداریکی هێزی دوژمنی دەکوشت و تفەنگەکەیی دەکردە شان و بەدیارییەکی بەنرخەوە دەبوو بە پێشمەرگە. شۆڕش چەکی کەم بوو، ئەوەی هەیبوو تفەنگی کۆن و بگرە پەککەوتووش بوون، خزمێکم تفەنگێکی لەوجۆرەی بەدەستەوە بوو لەکاتی تەقەدا باوەشێك گری فرێدەدا و پەنجا هەنگاوێك بە ویزەویز دەڕۆیشت و دەکەوتە زەوی. دروستکردنی لەشکری شۆڕش و چەکدارکردنی پێشمەرگە کێشەیەك بوو ئامادەکاری بۆ نەکرابوو، ئەو کەمو کورتییە هەتا کۆتایی ١٩٦٣یش هێشتا چارەسەر نەکرابوو. بۆ ڕێکخستنی لەشکرێك لە هەرێمی قەڵادزێ (قەڵای دوو زێ) و رانیە، ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی) کوردی رۆژهەڵات دەنێرێتە هەرێمەکە دووای سێ هەفتە ئەنجامی کارەکانی لەنامەیەکدا بۆ بارزانی دەنێرێت (... بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانم رۆژی ١٩٦٢/٩/٢ گەیشتمە قەڵادزێ و رۆژی دوواتر لەگردە سپیان لەگەڵ شێخ حسێن، بایزی بابەکر ئاغا، حاجی ئاغای باپیر ئاغا، مەمەندی سەلیم ئاغا، مینە ئاغا گربداغ و لێپرسراوی لیژنەی

ناوچـه و چـەند ئەنـدامێکی پارتیـدا کۆبووینـەوە، لەسـەر زانیـاری و بـیر و بۆچـوونی ئامـادەبووان، ئـەو کەسانەمان دیاریکرد داوای کۆکردنەوەی هێزیان لێ بکـەین. بـە بۆچـوونی خـۆم کۆمـەڵی مـەحموود ئاغـا لەهەمووان چاکترن، بێ ئاگادارکردنـەوە دەستپێشـکەری دەکـەن و لەشـکرێکیان کۆکردۆتـەوە ژمـارەی لـە ژمارەی هەر هەمووان پترترە. کۆمەڵی بابەکر ئاغا و بـەگزادەکان کـەموکورتییان هـەبوو، بـەڵام کۆمـەڵی ئەحمەد ئاغا هەڵویستی خراپ و دژایەتییان بەرامبەرمان نوواند. کـە لیسـتی رەش رێکدەخـەین پێویسـتە یەکەم ناو لەو لیستەدا ئەو بێت. بەکوورتی یەکێکە لە جاشـەکانی دووارۆژ. کۆمەڵـە بچـووکەکانیش وەك کۆمەڵی وسۆ ئاغا و ئۆمەر ئاغا باشن. هەندێك میراودەلی چەك و تەقەمەنی فرەیان هەیە، تەنها یەك لە پازدەیان بۆ ناردین، هەندێکیشیان زەنگین و خاوەن دارایین بەڵام یارمەتییان نەداین. بەڕاستی هەر کۆمەڵی مەحموود ئاغا بەڕاستگۆیی و پاکی بە دەنگمانەوە هاتن، لە کۆمەڵی بابـەکر ئاغـاش هـەر بـایزی بابـەکر ئاغا و مەمەند ئاغا دڵسۆزییان نوواند. مینە ئاغای گربداغ هەرچەند دۆستی دێرینمانـە بـەڵام پیـاوەتی تێدا نییە. ئێستا بۆمان دەرکەوت بۆتە بەکرێگیراوو زوڕناژەنی قایمقام و حکومەتی قاسم و لەولاشەوە بۆتە پشت و پەنای کۆمۆنیستەکان. ناوچەی پشدەری مـیراودەلی لـە مینـە ئاغـای گربـداغ و ئەحمـەدی حەمـە ئاغای بێشێری خراپتر تێدا نییە. لەوانیش بگەڕێتەوە لە کۆمۆنیستەکانی قەڵادزێ خـراپتر لـە نێـو کـوردا نییـە. ناپـاکی لـە شـۆڕش دەکـەن، لـەکاری نامەردانـە سـڵ ناکەنـەوە لـە هـەموو شـوێنێك بـە ئاشـکرا پڕوپاگەندەی ژەهراوی و دەنگۆ و هەواڵی درۆ دژی شۆڕش هەڵدەبەستن، لە هیچ شـوێنێك بـەو ژمـارە زۆرە بەهێزییە نەبینیوە. هەندێك نوسراویش دژی شـۆڕش بڵاوکراونەتـەوە لـەو بـاوەڕەدام فیتـی مینـە ئاغایـە. پیاوی چاك و دڵسۆزیش لە کۆمەڵی مەحموود ئاغادا زۆرن وەك شێخ حوسـین، (ی بۆسـکێن ن.ك)، حـاجی باپیر ئاغا و کوڕانی مەحموود ئاغای هێرۆ، لە پشدەر دۆستی چاکمان هەیە و ژمارەیان لە خراپەکان پـترە، دۆست و پشتیوانێکی خواناسمان نییە لە شێخ حوسین پاکتر. بایز ئاغـا، کـاك شـێخ حوسـین، سـەلیم ئاغـا پێشنیاز دەکەن ئەوانەی هاوکاری لەشکریان نەکردووە سـزا بـدرێن و چـەك بکـرێن بـەهێزێکی سـێ قـۆڵی بارزانیان، میراودەلی، پارتی داوا دەکەن پێشـنیازەکە بـە بـەڕێزتان بگەیـەنم، کۆمۆنیسـتەکان برێکـی زۆر چەکیان هەیە، پێویستە کۆبکرێتەوە بۆ شۆڕش، لەکۆتاییدا دەڵێم دامەزراندنی لەشکرمان بۆ ئەنجام نـەدرا بەهۆی:

١- دووری لەبەرەکانی جەنگ (پێدەچێت مەبەستی ئەوە بێت هێزەکانی پێشمەرگە دوورن.ن.ك).

٢- خراپەکاری هەندێك میراودەلی (ئەحمەد ئاغا).

٣- دەستکورتی دانیشتوان کە دوو ساڵە بەرهەمی توتنیان نەفرۆشراوە.

٤- سزا نەدانی هەڵاتووەکان.

ئەمرۆ ١٩٦٢/٩/٢٥ لە پشدەرەوە بەپازدە چەکدارەوە دەچم بۆ سلێمانی — ئەحمەد ترفیق)[٢١٥].

نووسراوەکەی ئەحمەد تۆفیق دۆکـۆمێنتێکی مێـژوویی گرنگـە بـۆ پێداچـوونەوەی بـاروودۆخی رامیـاری ناوچەکە و هەڵوێستی سەرۆك هۆزەکان و پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق لەمـەڕ شـۆڕش. خـاڵێکی دیکـەش ئەوەیە هێشتا نـاوی پێشـمەرگە نەچەسـپابوو، ووشـەی چـەکدار بـەکار دەهێنێـت. بـاروودۆخی شـارەکانی

باشوور، بەتایبەتیش سلێمانی جیاواز بوو، رێکخستنەکانی پارتی و شانە چەکدارەکانی نێو شار (پیشمەرگەی ناوشار) زۆر چالاك بوون لە دیاریکردنی سیخور و خۆفرۆشان و ئەفسەر و سەربازانی سوپادا، ئەوانەی دەستدرێژیان دەکردە سەر دانیشتوان و خەریکی گرتن و تێوەگلانی دڵسۆزانی شۆڕش بوون، یەکێك لەوانە ئەفسەرێکی سوپا بوو، بە لوت بڕاو ناسرابوو، پێشتر کەوتبووە دەست شۆڕش و لە سزای تاوانەکانیدا لوتیان بڕیبوو. ئەو کابرایە تۆڵەی خۆی لە دانیشتوانی شار دەکردەوە.. شێخ عەبدوولی بەرگدروو دیاری دەکرێت بۆ لە نێوبردنی، بەڵام لەماوەی سێ رۆژدا هەڵێکی گونجاوی بۆ هەڵنەکەوت، لیژنەی بەرپرسیار دەمانچەکەی لێ وەردەگرنەوە کە کارەکە بە پێشمەرگەیەکی دی بسپێرن. شێخ عەبدول ناهێڵێت ئەو کەمتەرخەمییەی بێتە سەرشان. چەقۆیەکی تیژ لە ماڵەوە هەڵدەگرێت و نیوە سەربڕین (بێ لوت) سەر دەبڕێت و بەسزای شۆڕشی گەیاند.

## چەکەرەی ناکۆکییەکانی نێو سەرکردایەتی پدك.

سەرکردایەتی پارتیی کێشەیەکی گەورەیان هەبوو، چاك دەیانزانی زۆربەی هەرە زۆری ئەندام و لایەنگرانیان مێژووی خەبات و خۆشەویستی بارزانی هێناونییەتە سەر ئەو رێبازە، لەهەموو لایەنێکیشەوە لە بارزانی دڵنیا نەبوون، ناچاریش بوون دەست بە پشتێنەکەیەوە بگرن و لەسەر شانازییەکانی ئەوو جەماوەرە فراوانەکەی هەنگاوی بەپەلە بنێن، ئەگینا بێ بارزانی هیچ ناکرێت.. بەهەر حاڵ وەك پێشتر روونمان کردەوە شۆڕش هەڵگیرسا، ئەگەر رۆڵی جوامێرانەی پۆلیسی کورد نەبووایە کە لە رێکخستنەکانی پارتیدا نەبوون بەڵام پەیوەندییان پێوەکرابوو، مەردانەش هاتنە پێشەوە و پەیتا پەیتا پۆلیسە عەرەبەکانیان چەك دەکرد و بەکۆمەڵێك چەکەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد کە لەوپەڕی پێویستیدا بوو بۆ چەك و تەقەمەنی، ئەو دەستکردنەوەیەی ئەوان و پۆلێك ئەفسەری کوردپەروەری نێو سوپای عێراق نەبووایە وەك شێخ رەزای گولانی، کەمالی شێخ غەریب، حەمەی سەیید عەلی حافیز، شەوکەتی مەلاسمایل،نوری مەلامارف،نوری مەلاحەکیم، عەبدلوەهاب ئەتروشی، فازیل سۆرانی... دوورنەبوو شۆڕش سەرنەگرێت،سەیر لەوەدایە کەسانێك هاتبوونە نێو شۆڕشەوە، نە ویستی خۆیان و نەهەستی کوردایەتی پاڵنەریان نەبوون پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن بەڵام لەپۆست و پلەو پایەدا پێش هەر هەموو ئەو ئەفسەرە دڵسۆزانە کەوتن وهەبوو پلەی فەرماندەی هێزی تێپەڕاندو بووبە سەرلەشکرو ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حیزبیش .سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول قۆمیسەری بنکەیەکی پۆلیس، پەیوەندی نەکردوو نیازیشی نەبوو.!، ئەی چۆن هاتە نێو شۆڕشەوە؟ هۆی هەرە گرنگ ئەوەیە، دڵی بە ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانیدا چووبوو، مامۆستا بوو لە خوێندنگەیەکی دەڤەرەکە، بەڵام کچەکەو براکانی کەلەبنەماڵە رەسەنەکانی سلێمانین، دەڵێن کچ بەکەسێك نادەین لەگەڵ شۆڕشی کوردا نەبێت، بگەڕێ بۆ یەکێکی وەك خۆت . کابرا ئاوها هاتە نێو شۆڕشەوە و هەر لەو ماوەیەشدا نامەیەکی جەلال تاڵەبانی پێدەگات بۆ پەیوەندیکردن بەشۆڕشەوە ... ئیتر خۆی ( حاکمی بەڕو بەحر ) بوو . هەتا ماوە دوعای خێر بۆ ئەو بنەماڵە سەربەرزە بکات ئەگینا ئەوەی بەبیریدا نەهاتبێت شۆڕش و کوردایەتی بوو، بەداخەوە ئەوەشی بەپاکی نەکرد، دوای هەرەسی شۆڕش چووەوە باوەشی میریی، هەڤاڵە ئەفسەرەکانی زۆربەی هەرە زۆریان

بەپاکی ودڵسۆزی لەبەرەی شۆڕش و سەنگەری کوردایەتیدا مانەوە، یا شەهید بوون وەك شەهید عەزیز ئەترووشی کە باەڕناکەم لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرکردەیەکی تێدا بووبێت هێندەی ئەو لەنێو خەڵك و پێشمەرگەدا خوشەویست بووبێت، پێشمەرگەکانی بەتالیۆنەکەی دوای شەهیدبوونەکەی وەك وەفاو ڕێزلێنان تیپی تۆپی پێی شەهید عەزیزیان دامەزراند کە بەدرێژایی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٥ یەکێك بوو لە تیپەچالاکەکانی سلێمانی .

٢- ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦ کە شای ئێران و صەددام حسێن ڕێککەوتنێکی چاوەڕوان نەکراویان مۆرکرد دژی کورد، شۆڕش هەشتا و پێنج هەزار پێشمەرگە پتری هەبوو، لەچەك و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی جەنگی پارتیزانی فراوانیش (نەشەڕی پارتیزانی بەواتا تایبەتەکەی نە شەڕی بەرەییش بەواتا فراوانەکەی) و لایەنی دارایی و کۆمەکی ناوەوە و دەرەوەش زیادی هەبوو،کەمی نەبوو، لە پلان و تاکتیکی شەڕو سەرکەوتنیشدا لە سەروو دووژمنەوە بوو، زیانی گیانیشی بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمتر بوو لەچاو زیانەکانی دوژمندا کە زۆر جار نەدەپەرژایە سەر هەڵگرتنەوەی لاشەی کوژراوەکانی[٢١٦] بەڵام تەرازووی هێز ووردەووردە لەبەرژەوەندی دوژمن دەجوولاٌ، سوپای عێراق نوێترین و کوشندەترین بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیای جەنگیی بەدەستەوەبوو، سەرکردایەتی دوژمنیش وەك خودی سەددام بڕیاری لەنێوبردنی شۆڕشی کوردی دابوو، هەموو هێزو توانایەکی سەربازیی، هەواڵگریی، دارایی خۆی و هاوکاریی ئەکتیڤی سەرکردایەتی سۆڤێت و بلۆکی خۆرهەڵاتی بۆ خستبووە کار، بەردەوام پێشڕەوی دەکرد و لە هێڵە بەرگرییە ستراتیژییەکانی شۆڕش و سنووری بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش نزیك دەبووەوە، هێزە تایبەتەکانی سوپای عێراق (القوات الخاصە) سەرسەختانە دەجەنگان و ڕۆژانە خاڵی ستراتیژییان دەگرت و باوەڕی پۆڵایینی پێشمەرگە و قوربانیدانیان شەوانە رزگاری دەکردنەوە بەڵام بەهۆی دابەزاندنی هێزە تایبەتییەکانەوە بەکۆپتەرە جەنگییە نوێیەکان بەرەبەیان چۆڵیاندەکرد و دوژمن دەیگرتنەوە. پانتایی ئەو یارییە سەربازییە ترسناکە چیاکانی سەفین، زۆزك، کۆڕەك، سەرتیژ، هەندرێن و حەوزی رەواندوز بوو، بەبەراوورد لە نێوان لەشکری دوژمن و هێزەکانی پێشمەرگەدا لە رووی ژمارە و چەك و کەرەسەی جەنگ و هەواڵگریی و کۆمەکیی دەرەوە، هێشتا شۆڕش سەرکەوتووبوو بەڵام نەیدەتوانی ئەو بارەگرانە هەتا کۆتایی هەڵبگرێت هەرچەند ژیرانە بۆ هەر کێشەیەکی سەربازیی ڕێگەچارەیەکی گونجاوی دەدۆزییەوە و خۆی لە تەنگەژەی ئالۆز وپلانە رەشەکانی دوژمن رزگار دەکرد. تەفرشیان دەڵێت: (ئێمە ئەگەر چی بەڕواڵەت شارەزا و تاکتیکزان و دەرچووی فێرگەش بووین (مەبەستی کۆلیژی سەربازییە. ن.ك) دووای تێڕامان و لێکۆڵینەوەی نەخشەی زەوی و راوێژکاریی ئەگەر دروستیش بڕیارمان بدایە ئینجا وەکو ئەو (مەبەستی بارزانی مستەفایە ن.ك) کارمان بۆ دەچووە سەر)[٢١٧]، بارزانی دەیویست وەك مانۆڕێکی رامیاریی — سەربازیی، مەترسییەکان لە سنووری ئێران نزیك بکاتەوە و ئێران ناچار بکات بەهەموو قورسایی خۆیەوە هاوکاری شۆڕش بکات، شای ئێرانیش ئەو گەمەیەی نەدەکرد، تەنها ڕێگەیەکی لەبەردەمدابوو کە بەبیری هیچ چاودێرێکی رامیاریدا نەدەهات، ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق، بەڵام کرا و کاسەکەش لەسەری کوردو خودی بارزانی مستەفادا شکا.شایانی وتنە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد

(کاژيك) ساڵی ١٩٦٤ ئەو مەترسییەی حستبووە بەردەم بارزانی کە ئایا سیەرئەنجامی شۆڕش بەچیدەگات ئەگەر لە عێراق کۆدەتایەکی سەربە ئێران یا بە پێچەوانەوە ئەنجامدرا؟ بە ڕێککەوتنی ئەو دوو رژێمە بە بیریی ئەوانیشدا نەهاتبوو. لە شوێنی دیکەی ئەم کتێبەدا ووردم کردۆتەوە کە مەزنی هیچ پێشەوایەك تەنها بەسەرکەوتنەکانی پێوانە ناکرێت بەڵکو بەدووا بڕیارەکانی مێژوو، پێزانین و ئەمەکداریی گەلەکەی. بارزانیش ئەگەرچی ئەنجامی پلانێکی رەش و گەلەکۆمەکەیەکی نێودەوڵەتی چوار پێنج قۆڵی هەرەسی شۆڕشی بەسەردا سەپێنرا بەڵام سەربەرزو زیندوو لە ویژدانی گەلەکەیدا دەژی. (پەرلەمانتارێکی بەریتانیا، مارتن فاوبراونیسن، لە بەشێکی وتارەکەیدا کە رۆژی ١٤/٣/١٩٩٩ بە بۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی بارزانییەوە (تێپەڕبوونی نەوەد و هەشت ساڵ بەسەر لە دایکبوونیدا ن.ك) لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندا خوێندییەوە وتی: دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی لەمیانەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا (لە باشووری کوردستان ن.ك) لە چەند کەسێکی هۆزی عەلیکان دەپرسێت کە زۆربەیان نەخوێندەواربوون، لە مەزن و ناودارانی تورکیا ئەم کەسانە دەناسن، ئەتاتورك، سوڵتان عەبدولحەمید، جەمال گورساڵ، شێخ سەعیدی پیران، سەعیدی نەورەسی، کۆچیرۆ (چەتەیەکی ناسراوبوو لە تورکیا)؟ ئەندامانی ئەو هۆزە بەرێژەی ١٠٠٪ کۆچیرۆ، ٨٩٪ بارزانی، ٦٠٪ جەمال گۆرسال و کەمتر لە ٥٤٪ ئەتاتورکیان دەناسی![٢١٨]) لە درێژەی وتارەکەیدا و هەر لە زمان دکتۆر ئیسماعیل بێشکچییەوە دەڵێت: (لە حەفتاکاندا چەندین کوردم لە تورکیا بینی، یەکێکیان لە باسی ئایندا وتی: ئاینی من کوردستانە و پەیامبەریشم بارزانی مستەفایە)[٢١٩].

## ڕێککەوتنی ١١مارت ١٩٧٠ بۆ؟ دەستپێکردنەوەی شەڕیش بۆ؟

ئەو ڕێککەوتنەی بەپەیمانی صەددام — بارزانی ناویدەرکرد لە بارودۆخێکدا هاتە بەستن:

١- هەردوولا ماندووبوون، پێویستیان بە پشوویەك بوو هێزەکانیان پشوویەك بدەن و خۆشیان ڕێکبخەنەوە بۆ گوژمێك جەنگی خوێناویتر!

٢- سەرکردایەتیی شۆڕش باوەڕی بە بەعس نەبوو بەو ئایدیا شۆڤێنییەوە مافەکانی کورد بسەلمێنێت، دوور لە تاکتیك و بەرژەوەندی کاتیی و باریی ناچاری.

٣- سەرکردایەتی بەعسیش دڵنیا بوو کە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد نە دەستبەرداری دوژمنە دێرین وسەرسەختەکەی عێراق دەبێت کە ئێرانە و نە دەستبەرداری بەرەی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم دەبێت بەتایبەتیش ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل.

٤- هەردوولا دۆستە ستراتیژیەکانیان پشتگوێ خست و سەربەخۆ پەیمانەکەیان مۆرکرد، ئەو هەنگاوەی صەددام حسێن، ئێران و تورکیا و سوریای نیگەران کرد، کە هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی لە بندەستیدایە وژیانی نیمچە سەربەخۆی خۆبەڕێوەبردن ـ ئۆتۆنۆمیی بەشەکەی عێراق (باشووری کوردستان) مەترسییەکی گەورە دەخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیان و کورد هاندەدات راستبنەوە و داوای مافەکانیان بکەن، ئەوە جگە لە هێڵە پانەکەی شۆڤێنیزمی عەرەب وەك دەستەڵاتی سیاسیی و سەربازیی و لایەنی رووناکبیریی جەماوەر وو دەستەوتاقمە جیاوازەکانیان کە ئەو هەنگاوە(دروستەی) صەددامیان بە

هەڵەیەکی ئەوەندە گەورە دەزانی لەسنووری ناپاکیی بەرامبەر گەلانی عەرەب و نیشتیمانی عەرەب نزیکی دەکردەوە کە بەلای منەوە لەهەر کوێوە سەرچاوەی گرتبێت و ئامانجە ئاشکرا و نهێنییەکانی هەرچییەك بووبن، هەنگاوێکی زۆر بوێرانە بوو، هیچ سەرکردەیەکی عەرەب ئامادە نەبوو بیریشی لێبکاتەوە یا لاوەکی گفتوگۆی لەسەر بکات کە بەلای ئەوانەوە وەك ئەوە وابووبلێین (ئێمە هێشتا لە ئیسرائیلی یەکەم رزگارنەبووین، تۆ ئیسرائیلی دووەمت قوتکردەوە) بەڵام صەددام هەنگاوێکی سەربەخۆی هەڵهێناو تەنها یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی خۆرهەڵات پشتیوانییان لێکرد، وەك چۆن بارزانیش (دۆستەکانی) نەخوێندەوە و بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکا و تەنانەت بەعسی سووریاشەوە سەربەخۆ و بە بڕیارێکی مێژوویی بەدۆست و دوژمنی سەلماند شۆڕشی باشوور تەنها پابەندی بەرژەوەندییەکانی کوردە و چاکە و خراپەی خۆمان دەزانین و لەو سۆنگەیەوە هەڵوێست وەردەگرین.

٥- زۆربەی جەماوەری عەرەب کە صەددام حسێنی بەڕۆڵەی هەڵکەوتووی عەرەب و دوژمنی راستەقینەی ئیسرائیل و سەهیۆنیزم و رزگاریکاری فەلەستین دەزانی،بەڵام لەو هەنگاوەیدا پشتگیرییان نەدەکرد، هەروەك چۆن دەستە و تاقم وکۆڕو کۆمەڵە نەیارو ناحەزە کوردەکانی پارتی و بارزانیش پشتیوانیی ئەو دەستکەوتە مەزنانەی رێککەوتنەکەیان نەکرد و لەڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای کوردایەتییەوە تەماشایان نەدەکرد.

٦- هەردوولا سووربوون لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان و زۆربەی دانیشتنەکانی دووای مۆرکردنی پەیمانەکە بێ لەیەکتر تێگەیشتن و ئەنجامێك کۆتایی دەهات.

٧- سەرچاوەی دەستەڵات وبڕیاردان لای شۆڕش خودی بارزانی و لای میریش خودی صەددام بوو، لە ووردەکاریەکاندا راوێژیان بەسەرکردایەتی و یارمەتیدەرەکانیان دەکرد بەڵام مەرج نەبوو بەگوێیان بکەن.

٨- کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات پەیمانی ئاشتی بارزانی — صەددام دەستکەوتی گەلێك مەزنی بۆ کورد هێنایە دی بەڵام هەر لە دەستپێکدا دوژمن گۆڵی خۆی لە شۆڕش کرد و ماوەی چوار ساڵی بەسەردا سەپاند بۆ جێبەجێکردنی دووا خاڵی رێککەوتنەکە کە گرنگترینییان دیاریکردنی سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی و چارەنووسی کەرکووك، خانەقین، شەنگار و هتد بوو، ئەوە هەڵەیەك بوو کرا و پەندمان لێوەرنەگرت و هیچیشی لێوە فێر نەبووین، دووای رووخانی رژێمی بەعس و صەددامیش سەرکردایەتی کورد هەمان هەڵەی دووبارەکردەوە و بەلاداخستنی ئەو ناوچانەی دوواخست و ئەوەتا دووای شەش ساڵ بەهەڵواسراوی ماونەتەوە و کوردی ئەو ناوچانە بێهیوا بوون و دەڵێن کارلەکاتی خۆیدا، کە شەوی بەسەرداهات دەستی لێبشۆرە. مامۆستا سەعید ناکام لە لاپەڕە ١٤٩ ی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویێتی: ( یەك دوو جار رێم کەوتە لای بارزانی، وەکو بۆم دەرکەوت زۆر بەم پەیمانە دڵخۆش نیە و هەموو جارێ وای پیشاندەدا کە پەلەی لێکراوە وتازە لەدەست دەرچووە بەتایبەتی دووای دانانی وەزیرە پێشمەرگەکان . زۆریش لەو مقۆمقۆیە تۆڕەدەبوو کەگوایە ئیدریس یا مەسعود دەبنە جێگری سەرەك کۆمار لەبەغدا .)

ئەو چوار ساڵەی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ١١/مارت/ ٩٧٠ دانرابوو، بێ کێشە و گرێوگۆڵ تێنەپەڕی، هەر لە سەرەتاو یەکەمین ساڵەوە باوەڕو متمانەی نێوان میریی و شۆڕشی کورد لەقبوو،

بەهەموو قۆناغەکانی گلەیی و دوودڵی لە یەکتردەربڕین، ساردبوونەوەی پەیوەندییەکان، تاوانبارکردنی یەکتر، هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی مستەفا، ئیدریس بارزانی، سزانەدانی تاوانبارەکان، بەردەوامیی هاوکاری نهێنی میریی بۆ چالاکی رامیاری و رێکخستن و کردنەوەی بنکە و بارەگای پارتی بەعسی سۆسیالیزمی عەرەب لە کوردستان، شەڕە دەنووکی هەردوو رۆژنامەی (التآخي) ی کورد و (الثورة) ی میریی کە هەندێك جار خودی صەددام حسێن بەناوێکی خواستراوەوە بەرپەرچی بۆچوونەکانی (التأخی) و سەروتارەکانی حەبیب موحەممەد کەریمی دەدایەوە و دەیوت ئێمە هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانین کە رازگرەکەی(سکرتێر) عێراقی نییە و (تەبەعییەی ئێرانە)، پارێزگاری هەولێر پۆلیسێکی گومانلێکرا وە، هێزەکانی پێشمەرگە چەکیان دانەناوە و بگەڕێنەوە سەر کار و پیشەی جارانیان وەك هەر دوولا بڕیارماندابوو، چەکە قوورسەکان و دەزگای رادیۆ هێشتا نەدراونەتەوە بە دەوڵەت، رێگەنەدان بە چالاکی لایەنگرانی پارتی بەعس لە کوردستان و چەوساندنەوە و راوەدوونانی کوردە دڵسۆزەکانی عێراق و شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژ... هتد تەنانەت چەندین لایەنی دەستەڵاتداری بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنەکەی بارزانیشیان بەشانۆگەرییەك دادەنا سەرکردایەتی پارتی سازیکردبێت. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و لێپرسراوە باڵاکانیش هەندێکیان سەرگەرمی ژیانی گەرم و نەرم و کۆشك و تەلار و ماشێنی مێرسیدس وکەڵەکەکردنی سامان بوون هەرچەند بارزانی مستەفا رووبەڕوو ووریای کردبوونەوە بەرلەوەی پۆستی میریی وەربگرن و دەستبەکاربن وەك وەزیر، پارێزگار، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناوچە (ئاگاداربن، خوێنی شەهیدانتان لەیاد بێت کە ئێوە دەگەیەنێتە ئەو پۆستانە، ئەوەی بەقوربانیدان سەندوومانە، بەماشێن و کۆشك و سامان نەیدۆڕێنن. هەندێکیش لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەروەك سەردەمی شەڕ لە خەباتدا بوون بەڵام جگە لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کە زۆر شانازییان بەبەرگ و پۆشاکی کوردییەوە دەرکرد و دووای راپەڕینە مەزنەکەش بەهاری ١٩٩١ و هەتا ئەمڕۆش کە سەرۆکی حکوومەتی کوردستانە ئەو شانازیکردنەی بە چەندین (نامە و هێمای) سەرنجڕاکێش خستە بەرچاوی دۆست و دوژمن کە تورکیای لە هەمووان پتر نیگەران دەکرد. جگە لەو دووبرایە ئەوانەی هەروەك سەردەمی شەڕ سەرگەرمی راییکردنی کارەکانی شۆڕش بوون و لەبری بەرگ و پۆشاکی نەتەوەیی بەبەرگی ئەوروپاییەوە و لەبری تفەنگیش بە پێنووسێکەوە لە نێوان گەلالەی پایتەختی شۆڕش و بەغدادا لە هاتوچۆدابوون و شەویان دەخستەسەر رۆژ بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان و جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنەکە و تەختکردنی کۆسپەکان وەك شەهیدان سەیدا صالح یوسفیی، ئیدریس بارزانی،سامی عەبدولرەحمان، مەسعود بارزانی، دکتۆر مەحموود، موحسین دزەیی.

لەنێوان ئەو دوو گروپەشدا کەسانێك هەبوون لە سەرکردایەتیدا پتر پابەندی لایەنێکی دەرکیی بوون،نەك پابەندبوون بە خواستەکانی شۆڕشەوە،نموونەش زۆرە ئەگەر ناویان بهێنین هەرچەند لای بارزانیش شاردراوە نەبوو، بەڵام بۆ راگرتنی پەیوەندییەکانی شۆڕش بە دەوڵەتانەوە لەوجۆرە کەسانەی وەك داشی دامە لە پۆستێکی دیاریکراودا دادەنا. ئەمە لایەنی شۆرش، سەرکردایەتی بەعسیش بەهەموو تواناییەوە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی سەرگەرمی ویژدان کڕین و پارە و پوول و بەڵێنی چەور بڵاوکردنەوە بوون بۆ

هاندانی کەسانێکی بوودەڵەو دەروون نزم دیواری ترس بڕوخێنن و دەستبدەنە چالاکی بۆ دامەزراندنی شانە سەرەتاییەکانی پارتی بەعس لە شارەکانی کوردستان و پەلهاویشتن بۆ شارۆچکە و گوندەکان، سەرکەوتنیشیان بەدیهێنا و هەر لەسەرەتاوە چەندین کەس لە ناوەوە و دەرەوەی شۆڕشیش کەوتنە ئەو داوەوە، من وەهای بۆ دەچم دەزگای پاراستنی شۆڕش لەو دەستکەوتانەی میریی (نەك هەوڵەکان) ئاگادار نەبووبێت ئەگینا ئەوە لەو سەردەمەدا یەکێك بوو لە هێڵە سوورەکان کە بەزاندنی بڤەیە و کەمتەرخەمی تێداناکرێت. لەو بارودۆخە ئالۆزەدا چوار ساڵەکە تێپەڕین، مۆرکردنی پەیمانەکە و یاسای دەستەڵاتی ئۆتۆنۆمی کوردستان و ڕووداوەکانی ئەو چوار ساڵە و ململانێی نێوان میریی و شۆڕش لە هەموو ئاستەکاندا و ئەنجامی هاتووچۆی نوێنەرانی هەردوولا و نامە گۆڕینەوەی نێوان ئەحمەد حەسەن بەکر و صەددام حوسەین لەگەڵ بارزانیدا ئالۆزیەکان گرژتر دەبوون و ناوەڕۆکی پەیمانەکەی تاساندبوو، دەستی ڕەش لە نێو سەرکردایەتی هەرێمی عێراقدا هەبوو لە پاڵ ئەفسەرە توندڕەوو مشەخۆرەکاندا کە بەرژەوەندییان لە شەڕدا بوو، هەتا کێشەیەك چارەسەردەکرا، ئەوان چەندین کێشەی نوێیان قوتدەکردەوە، لە پراکتیکدا هەردوولا دەستیان لە پەیمانەکە شۆردبوو بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و ئۆتۆنۆمی کوردستان، ئاشتی، برایەتی و هاوپەیمانیی ڕاستەقینە جێگیر بێت، ماوەیەك پەیوەندییەکان پچڕان و سەرەتای ١٩٧٢ هەردوولا بێدەنگییان لێکرد و هەرکەس لە ماڵی خۆی، نە شەڕ و نە ئاشتی، هەردوولاش دەیانزانی شەڕ بەڕێگەوەیە بەڵام هیچ لایەنێك نەیدەویست دەستپێشخەر بێت. صەددامیش کە ئەو کاتە هێشتا چاك خۆی نەگرتبوو، دووژمنی ناوخۆشی زۆربوون، ڕەخنەی زۆریشی هاتە سەر،کە گوایە بەسەرگەرمیی لەگەڵ (بزوتنەوە چەکدارە گومانلێکراوەکەی) باکووری وڵاتدا ڕێککەوت و دانی بەهەموو مافەکانیاندا ناو پتریش، ئەوانیش لە بری هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی (سپی) و بەگیانی برایەتی و هاوڵاتیی دڵسۆز و خەمخۆری عێراق و شۆڕشی ١٧- ٣٠ گەلاوێژ هەرلەبەرەی دوژمناندان، پەیوەندییەکانیان بە ئێران و ئیسرائیلەوە لە برەودایە، سەرکردایەتی ئێمە زۆربەی ئەو ئەرکانەی جێبەجێکردووە بە پێی پەیمانەکە دەکەوێتە سەرشانی، بەڵام لایەنی بەرامبەر تەنانەت چەکە قورسەکانیشی نەداوەتەوە بە سوپای عێراق و ڕادیۆکەشیان هەر لەگەڕدایە.. صەددام بە قووڵی هەست بەوە دەکات، هەرچەند هەشتەمین کۆنگرەی حیزب پەیمانەکەی پەسەند کردبوو بەڵام بەشی هەرەزۆری لێپرسراوێتی و بڕیاردان بارێکی گرانە بەکۆڵیەوە و بۆتە کارتێکی گوشار بەدەست نەیارەکانیەوە لەدەسگا باڵاکانی بەعسدا. بەناچاری بەرژەوەندی گشتی هەموو کاتێك لەسەرو بەرژەوەندییەکانەوەیە بۆیە هاتەوە سەر ئەوەی نامەت بۆ بنووسم، جا خۆت هەرچۆنێك لێکیدەدەیتەوە ئەوە بەلامەوە گرنگە لە دووارۆژدا بێتەوە یادت ئەوەی دەیڵێم ڕاستن و ئەوپەڕی باوەڕیشم بەوەیە دروستن.. دیارە دەڵێیت بارودۆخەکە زۆر نالەبارە و گەیشتۆتە سەروو مەترسییەوە و هەڕەشەی تەقینەوە دەکات، خودی خۆم نازانم چۆن هەتا ئێستا نەتەقیوەتەوە، پێدەچێت هۆیەکە هەر ئەوەبێت هەردوولا هێشتا بڕیاری تەقاندنەوە و پەیوەندی پچڕاندنی یەکجارەکیمان نەداوە، بۆ ئەوەی بچمە کرۆکی باسەکەوە دەڵێم گەیشتنی بارودۆخەکە بەم ئاستە، گەلێك هۆی هەن، گرنگترینیان، متمانە لە نێواندا نییە[٢٢٠]، بەتایبەتیش لە نێوان ئەوانەدا، لە پەیژەی دەستەڵاتدا لە پارتی بەعس و پارتی

دیموکراتی کوردستاندا لە پلەی هەرە سەروودان[٢٢١]. ئەوە جگە لە هۆیەکانی دیکەش کـە هـەرهوموویان پێکەوە کاریگەری هۆی یەکەمیان نییە، هێڵی بەیانیی ووریـایی و بـەنهێنی خۆسـازدانی هـەردوولاش لـە هەڵکشانێکی تۆقێنەردایە لەڕووی تێکچوونی بارووددۆخەکەوە و هیچ لایەکیش تۆماری جەنگی بەیەکجاری دانەخستووە و لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ ئەوەی لە ئێستادا بەهێزتر بێت. دەمەوێت بپرسـم، نـەك هـەر لـە تۆ، لە خۆشم، ئاخۆ هیچکام لە من و تۆ پێدەنێینە دەروازەی مێژوو ئەگەر بنووسێت گەلەکەیی دەسـوتاند و دەیکوشتن و ئاوارەی دەکردن. من خۆم لەو باوەڕەدا نیم بەڵکو لەو باوەڕەدام گەر ئاشتی باڵ بەسەر ولآتدا بکێشێت، مەبەستم لەو ئاشتییە ساختەیە نییـە کـە چـەند مانگێـك دووای پـەتی بێـدەنگی دەپچـڕێت و لەهەوڵێکدا بـۆ دەسـتپێکردنەوەی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ سـەرکردایەتی کـووردا. صـەددام روونـاکبیرێکی بەئـەزموون بـوو، کاراکتـەرێکی بـەهێزو سەرنجڕاکێشـی هـەبوو، بـە پێچـەوانەی زۆربـەی هـەرە زۆری سەرکردەکانی جیهانـەوە، زۆرتـر بەڕاشـکاوی دەدوا و وەك مەلـەوانێکی شـارەزا دەچـووە قوڵاییـەوە، بـیرو بۆچوونەکانیشی بەکورتی و زمانێکی سادە دەردەبڕی گوێگرتن لە زنجیرە دەرکەوتنەکانی لە تەلەفزیۆنەوە و خوێندنەوەی نووسینەکانی تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو بەڵام وتارە فەرمییەکان کـە بـۆی دەنووسـرایەوە و دەیخوێندەوە زۆر بێتام بوون.

**ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٤ پێدەنێت بەجەرگی خۆیدا (سیروان لێشت نەدەم هەردەمبەی؟)**

**کۆمیتەی سەرکردایەتی شۆڕش**

**جێگری سەرۆك**

**برای بەڕێز بابی ئیدریس**

یەکسەر دووای خۆماڵیکردن (ی نەوت.ن.ك) و دابڕانێکی درێژی نێوانمـان بـیرم لـەوە کـردەوە راسـتەوخۆ (مەبەستی سەردانیکردنی بارزانییە. ن.ك) یا بەنامە بیروڕابگۆڕینەوە .لێتان ناشارمەوە هەتا لەگەڵ برایان صـاڵح یوسـفی و موحەممـەد عەبـدولرەحمان دانەنیشـتین دوودڵ بـووم لـەوەی نامـەت بـۆ بنووسـم... دوودڵییەکەشم تەنها ئەوە نەبوو ئارەزوو نەکـەم یـا بەهۆیەکـەوە بێـت دوور لـە ئایـدۆلۆژیا بـەڵکو بـەهۆی تارمایی گومان و دڵەراوکەی تۆوە بوو لە هەنـدێك لێدوانەکانتـدا بۆکەسـانی نێزیکـت کـە هەمیشـە پـێم دەگەیشتەوە و دوودڵی دەکردم لەنامە نووسین،نەبا بەجۆرێك لێکبدرێتەوە، نـە بۆخـۆم و نـە بـۆ پەیوەنـدی نێوانمان بەرەوای نازانم (مەبەستی لەوەیە بەوجۆرە لێکبدرێتەوە لە بێهێزیدا سازش بەرامبەر بارزانی دەکەم خۆم لە (بارەگرانەکە) رزگار بکەم و بپەرژێمە سەر ناحەزەکان.ن.ك) بەڵام دووای ئازاری مـەزن ناوچـەکەی گرتەوە، مەبەستم ئاشتییەکی راستەقینەیە، یـەکجار دەروازەکـانی جـەنگی پێـدابخرێت لـەڕووی جـەنگ و بانگەوازی کوشتار و وێرانکاری و خۆ سازدان بۆیان. من کە بەم شـێوەیە دەدوێـم خـۆم ناخەمـە میحرابـی ئاشتی و تۆ بخەمە ئاگری جەنگەوە، چەند مەبەستم لەتۆیە ئەوەندەش مەبەستم لە خۆمە.. برا، تکا دەکەم چاك بیرلەوە بکەوە ئەمەریکا و ئینگلیز و رژێمی ئێـران چـی بـە ئێمـە و بەتایبـەتیش بـە تـۆ دەکـەن کـە بەئاواتی خۆیان گەیشتن، ئەوانە بەختیاری و ئاسوودەیی گەلی کوردیان ناوێت، سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستانیان ناوێت، دەیانەوێت شەڕ هەر بەردەوام بێت و کۆتایی نەبێت، دەیانەوێت گەلی کورد سەرلەنوێ

خوێنی لەبەر بڕژێت و حکومەتی بەغدا (وەك هەمیشە بەوجۆرە ناومان دەهێنیت) لاواز بکەن و بیخەن و پیاوانی خۆیان پاڵدەن بۆ سەرلەنوێ پلیشانەوەتان بە پێی سەوداو مامەڵەیەکی فراوان لە نێوچەکەدا. ئێمە بەم جۆرە لەباروودۆخەکە تێدەگەین، باوەڕناکەم تۆش نەزانیت، ئەوەی لەم نامەیەدا مەبەستمە، هۆکار یا گومان و دوودڵی وهەستی دەروونیی کە هەندێك جار پاڵپشت نین ئەم راستییەتان لە بیرنەباتەوە. پرسیارێك ماوە، چیبکەین، ووشەی چیبکەین لەسەر چەند لاپەڕەیەك کاغەزو بەپەلە بڕیارنادرێت، ئەوەی لای ئێمە گرنگە، ئێمە ئامادەین (ئەگەر دەتانەوێت) کیشەکان بەوپەڕی راشکاوی و دانانی بەردی بناغەی جۆرێك پەیوەندی لە نێوانماندا، خواست و ئارەزوو پلانی ژێر بەژێر نەیشێوێنێت لە چوارچێوەی داخوازییەکانی گەلی کوردمان و گەلی عێراق بەسەریەکەوە.. ویستم ئەوەی لەمێشك و دلّدایە بەکورتی دەربیڕم و لەو لێپرسراوێتییە مێژووییە گرانە رزگاربم لەمەڕ کێشەیەك کە یەکێك بووم لەوانەی بەگەرمی و دڵسۆزی کارمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك دەکرد هەتا بەرهەمی رەنجی دڵسۆزان بەیانی مێژوویی ئازاری هێنایە گۆڕی.

هیوادارم یەزدان یارمەتیمان بدات بۆ هەرکارێك چاکە و بەرژەوەندی ئەمڕۆ و دوواڕۆژی گەلەکەمانی تێدا بێت و هەربژین. صەددام حسێن ١٩٧٢/٧/٤)[٢٢٢].

هەرلەوماوەیەشدا یا دوواتر سەرۆك کۆمار نامەیەکی بۆ بارزانی نووسیوە. مێژووی بەسەرەوە نییە، پێدەچێت دووای نامەکەی ١٩٧٢/٧/٤ی صەددام بوو‌بێت، گرنگییەکی تایبەتی تێدایە لەمەڕ سنووری هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆمی و کێشەی کەرکووك و خانەقین و شەنگار و ... هتد. لەو رووەوە بارزانی دڵنیا دەکات (برا، نیازمان نییە ئەو خاڵانەی هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوە بکەینە کۆسپ لە رێگەی ئاشتی و پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورددا، لاریمان لەناوەڕۆکیش نییە بەڵام ئاشکراکردنی زیان بەناوو ناوبانگی حیزب و شۆڕش و دەستەڵات دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی لاوازکردنی چارەسەرەکەش و زیان بە هەموومان دەگەیەنێت بەتایبەتیش ناوو ناوبانگی شۆڕش (شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژ. ن.ك) و شکۆدارییەکەی، ناوو ناوبانگ و شکۆداری ئێوەشە.. تەنگ پێهەڵچنین و مەرجدانان بەهای نیشتمان پەروەریی و چوارچێوەی نیشتمانیی دادەمەزرێنێت کە ئێمە بەو پێوانەیە کاردەکەین..)[٢٢٣].

ئەو نموونانەم خستە بەرچاو بۆ دیاریکردنی ئاستەنگی بارودۆخەکە و هەستکردنی سەرکردایەتی بەعس بەهێزو توانای شۆڕشی کورد و درکاندبێتی یا شاردبێتییەوە شۆڕشی کوردی بەبەهێزتر داناوە... کاری من لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەو قۆناغە نییە، وەك بەسەر باسەکەوە دیارە خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەکی سەرپێییە، بۆیە لە کورتی دەیبڕمەوە و دەڵێم چوار ساڵەکە هاتە کۆتایی، مۆرکردنی پەیمانە مێژووییەکەی ئاشتی و ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان و رووداوەکانی ئەو چوار ساڵە و ئەنجامی هاتووچۆی نوێنەرانی هەردوولا و نامە و نامەگۆڕینەوەی سەرۆك کۆماری عێراق و جێگرەکەی لەگەڵ بارزانیدا هەرهەمووی لەچەند خاڵێکدا خەستبوونەوە:

١- سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ مسۆگەرکردنی ئەو بەڵێنانەی هاوپەیمانییە ستراتیژییە سێکوچکەکەی ئەمەریکا — سەردەمی نیکسۆن و فۆرد، ئێران و ئیسرائیل بەکوردیان دابوو، داوای

درێژکردنەوەی ماوەی چوار ساڵەکەی دەکرد.

٢- سەرکردایەتی بەعس — هەرێمی عێراق و بەتایبەتیش صەددام دەیزانی کورد مەبەستییان چییە، بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هیوایە و خۆرزگارکردن لەو بارە گرانەی بەکۆڵیەوە بوو ئامادەنەبوو تەنها رۆژێك ماوەکە درێژ بکاتەوە.

٣- ئیدریس بارزانی لە دووا سەردانیدا بۆ بەغدا و لەکۆبوونەوە هەرەگرنگ و چارەنووسسازەکەدا جەختی لەسەر کەرکوك دەکرد بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە. ئێوە دان بەوەدا بنێن چارەسەرکردنی دیکە بەلێبوردەیی و دڵسۆزی هەردوولا چارەسەر دەکرێن، بەڵام پێکهاتن مەحاڵە ئەگەر هەموو کێشەکانیش یەکلایی بکرێنەوە و هەر کەرکوك بەهەڵپەستراوی بهێڵرێتەوە، ئەوە خاکی کوردە و هیچ کەس ناتوانێت بچێتە ژێر ئەوبارە.

٤- صەددام حسێن هەموو راستییەکانی لەبەرچاوان بوو، سوور دەیزانی کەرکوك کوردستانە بەڵام خۆ دادوەر نییە بە پێی یاسا و شەرع بڕیار بدات، رامیار و سەرکردەی ولاتێکە و لە سنووری بەرژەوەندییەکانی ولاتەکەدا هەنگاو دەنێت، کەرکووکی کانگای نەوت نەك هەر بەلای عەرەبەوە بەلای ئەمەریکا و ئەوروپاشەوە ناشێت بکەوێتە بندەستی کورد، ئەوە بڤەیە! بەبڕوای خۆم صەددام خوا لێی خۆش بێت [٢٢٤] هەڵەی زۆر بوو، زۆرتر دووی خواستەکانی خۆی دەکەوت لەوپێناوەشدا سڵی لە هیچ کارێك نەدەکردەوە، بێبەزەیی نەیارەکانی لەنێو دەبرد، چاکترین نموونە لەنێوبردنی عەدنان خەیروڵڵای وەزیری بەرگری و لەهەمانکاتدا خاڵۆزای خۆیی و خاڵی منداڵەکانی، سەقەتکردنی عودەی کوڕی! بەلام بەرامبەر بە کورد وەك کورد و دوور لە تێکەڵبوونی کێشەکەی بەولاتێکی دوژمنی مێژوویی و خوێنەخۆری وەك ئێرانەوە هەرگیز لە ئاستی دوژمنکاری و نامەردی و خەنجەر وەشاندن نەبوو لە پشتەوە، کەی صەددام بەناوی میوانداری و گفتوگۆوە سەرکردەیەکی کوردی کوشت، کەی صەددام دووای لێبوردن لە (بەشدارانی رووداوەکانی باکوور) پێشمەرگەیەك، کادێرێك، سەرکردەیەکی گرت و سزای بدات کە زیانی زۆریشی بە سوپای عێراق گەیاندبوو وەك دەستەڵاتدارانی فارس و تورك دەیانکرد، بەباوەڕەوە دەڵێم صەددام هەرگیز لە ئاستی ئەواندا نەبوو، لە نێو دوژمنانی کورددا لە هەموویان ئەهوەنتر بوو جگە لەو کاتانەی خەباتی کورد تێکەڵ بە دوژمنکارییەکانی دوژمنانی عێراق دەبوو وەك کیمیابارانی هەڵەبجە دوای داگیرکردنی شارەکە لەلایەن سوپای پاسداران و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەکاتێکدا عێراق و ئێران لە جەنگێکی خوێناوی درێژخایەندا بوون بۆ لەنێوبردنی یەکتر.. صەددام هەرچییەکی کرد کردی بەڵام زۆر مەردانە و بێ سڵکردنەوە لە مردن و پەتی سێدارە لەسەرخۆ و بەهەنگاوی چەسپاو رووبەڕووی مەرگ دەبووەوە و بۆ هەراو هوریای دوژمنەکانی، روویان تێدەکات و دەڵێت (های هیبەلمەرجەلە) ئەوە هەموو ئازایەتییەکەتانە! خۆزگە و هەزار خۆزگە ئێمەی کورد لەگەڵ دوو سەرکردەی بالای عێراقدا بگونجایانیە، یەکەمین سەرۆك کۆماری عێراق ١٩٥٨ـ ١٩٦٣ عەبدولکەریم قاسم و دووای ئەو جێگری سەرۆك کۆماری عێراق١٩٦٨ ـ ١٩٧٩ صەددام حوسەین کە دوواتر بوو سەرکۆمارو یەکەمین دەستەڵاتداری عێراق ١٩٧٩ ـ ٢٠٠٣ بێ مڵۆزم و رکەبەر، لەوباوەڕەشدانیم لە داهاتوویەکی نێزیکدا لەو دوو سەرکردەیە ئەهوەنتر و گونجاوتر بێنە

سەرکار کە هێشتا چارەنووسی کوردی باشوور بەبەغداوە بەستراوە، هەربۆ نموونە تەماشای کردار و ڕەفتاری سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق ۲۰۰۹ (نووری ئەلمالکی) بکە کە پەنای بۆ شۆڕشی کورد و چیاکانی کوردستان بردبوو لەدەست جەور و ستەمی رژێمی بەغدا و پەنابەر و میوانی ئازیزی کورد بوون خوێی و بەهای خۆی، ئەوەتا چەند ساڵە لە دەستەڵاتی باڵا دایە و چاوی بەرایی نایەت هەربۆ یادکردنەوەی ڕۆژانی رەش سەردانێکی کوردستان بکات، ئەوە زۆر لە دووای صەددام حسێنەوەیە کە بەشانازییەوە بە بەرگی کوردییەوە دەهاتە کوردستان و دەیوت کوردستان بەهەشتی یەزدانە لەسەر زەوی و بەڵێنی بە کورد دەدا لەسەردانی داهاتوودا بەکوردی بدوێت.

بارزانی مستەفام خۆشدەوێت بەڵام ناتوانم جیاواز لەیەکتر رێزم بۆ یەکەمین سەرەك کۆماری عێراق ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم ومامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نەبێت بەتایبەتیش کە ئیبراهیم ئەحمەد لە بواری بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و زاراوە نوێیەکانی پەیوەست بەشۆڕشی ئەیلوول و ململانێی و زۆرانبازیی لەگەڵ بیروباوەڕی شۆڤێنزمی عەرەب و کوسمۆپۆلیتیی کۆمۆنیستەکان

٥- صەددام حسێن زۆر بەراشکاوی بە ئیدریس بارزانی دەڵێت، پێدامەگرن، ناچارمان مەکەن سەربە ماڵی دوژمندا بکەین، بگاتە تینمان دەیکەین و لەگەڵ ئێراندا سازش دەکەین و زیانی هەرە گەورەش بەر ئێوە دەکەوێت. راستیشی دەکرد، شۆڕشی کورد دووای رێککەوتنەکەی جەزائیر پشتی شکا هەرچەند حیزبی بەعس و صەددامیش کەوتنە زەلکاوێکەوە سەریان لێدەرنەدەکرد، تاساندنی شۆڕشی کورد زۆر کەوت لەسەر خۆیان و گەلانی عەرەب و خاك و ئاویان، صەددام ئەو خاڵانەی فەرامۆشکردبوو، گرنگ تاساندنی شۆڕشی کورد بوو، بە هەڤاڵانی بڵێت ئەگەر لە مۆرکردنی پەیمانی مارتی ۱۹۷۰ هەڵەیەك روویدابێت، ئەوە راستمان کردەوە و شۆڕشی کوردمان لە کۆڵ بووەوە. بەڵام کار لەوێدا نەدەوەستا، هەموو لایەنەکانی عەرەب و خودی صەددامیش دەیانزانی زۆریان بەشای ئێران داوە لە پێناو داخستنی سنوورەکانی ئێران بەڕووی کوردا، هێرشی زۆریان بۆ صەددام هێنا بەتایبەتیش ئەنوەر ساداتی سەرۆك کۆماری میسر کە دەڵێت: (ماذا فعلت يا بني، قدمت لأيران هباء من ارض و مياه عربية أكثر بكثير مما كانت نقطة خلاف بينك و بين الكورد) کورم چیت کرد، لە خاك و ئاوی عەرەب زۆر لەوە پترت بە ئێراندا کە لەگەڵ کورددا لەسەری رێکنەدەکەوتن. سەددام ناچار بوو ژووان بێتەوە و یەکلایەنە رێککەوتنی ۱۹۳۰ی نێوان عێراق و ئێران هەڵوەشێنێتەوە بەبەرچاوی میدیاکانەوە رێککەوتننامەکە شرووبڕ بکات و خۆی بهاوێژێتە جەنگێکی خوێناوی درێژخایەنی هەشت ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانیدا و دوواتر بۆ راستکردنەوەی لاسەنگییە سەربازی و رامیاریەکە پەلاماری کوێت بدات و بەشێکی بەرچاوی دەوڵەتان لە خۆی راستبکاتەوە کە بەگەلە کۆمەیەکی نێودەوڵەتی ۲۳ لایەنە پەلاماریاندا و بە شەرمەزاری لە کوێت دەریانپەڕاند و هەربەوەشەوە نەوەستان سوپاکانیان بەهاری ۱۹۹۱ هاتنە نێو خاکی عێراق و بەغدای پایتەختیان خستە ژێر مەترسی بەڵام لەدووا کاتی گرتنی بەغدادا گەڕانەوە و دوواتر بەشێنەیی بڕیاری لەسەرکار لابردنی صەددام دەدەن نەك رووخاندنی رژێمی بەعس بەڵام هاندان و پێداگرتنی (هێزەکانی

ئۆپۆزیسیۆنە لاوازو بێ بنکە جەماوەرییەکەی عێراق جگە لە بەرەی کوردستانی کە خاوەنی دەنگ و ڕەنگ و هێزی چەکدار و خەباتێکی مێژوویی بوو ئەوانیدیکە بەسەر یەکیشەوە سەنگ و قورساییەکی بەرچاویان نەبوو بە هەرهەموویان و ئەو دەوڵەتانەی لە پشتیانەوە بوون قوتکەیەکی (ڕەبییە)ی بەعس داگیر بکەن.. بەڵام ئەحمەد چەلەبی کە ئەوکاتە دەنگ و سەنگێکی فراوانی هەبوو، زۆر لە چاودێرە رامیارییەکان بەسەرۆك کۆماری داهاتووی عێراقیان ناودەبرد، بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای هێنایە سەر ئەو باوەڕەی رژێمی بەعس لەڕەگ و ریشەوە هەڵکەندن، ئیتر سەرکردایەتی بەعسی عێراق سەری لەو زەلکاوە دەرنەهێنا سەرمەستانە خۆی تێهاویشتووە، هەر لەوێشدا نقوومبوون و لەماوەیەکی کورتی دراماتیکیدا خایە و مایە و فەرمانڕەوایی سی و پێنج ساڵیان لەدەستدا و صەددام و دوو لە کورەکانی و زۆرێك لە سەرکردەکانی بەعس سەریان تێدا چوو(٢٢٥).

٦- یەکێك لە هەرە هەڵە گەورەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ئەوەبوو عێراق و ئێران بەو میراتە گەورەیەی دوژمنایەتی و خوێنخواری مێژووییەوە هەرگیز لەیەکتر نزیك ناکەونەوە چیجای رێککەوتن بەلام باروودۆخی نێو دەوڵەتانیش وەك یاری فوتبوڵ وەهایە، ئەوەی چاوەڕوان ناکرێت،کتوپڕ و تەنانەت لە هەرە چرکەکانی کۆتاییدا روودەدات و ئەنجامەکە سەر و بن دەکات.

هەڵەیەکی هەرەبەرچاوی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد سەلماندنی ماوەی چوار ساڵەکە بوو بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی یازدەی مارت و دوواخستنی یەکلاییکردنەوەی کێشەی کەرکوك و هێشتنەوەی بە هەڵپەسێردراوی و هەتا تێپەڕبوونی چوار ساڵەکە لە پەراوێزی گفتوگۆکاندا بوو هەتا دووا سەردانی ئیدریس بارزانی بۆ بەغداد و کۆبوونەوە بەنێوبانگەکەی لەگەڵ صەددامدا کێشەی کەرکوك و خانەقین و شەنگار (شەنگاڵ ـ پیرۆز) و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی بەپێداگرتنەوە خستەوە بەردەمی صەددام، ئەویش سەرسەخت و پێداگربوو، هەموو دەرگاکان داخران و ڕێگاکانی رزگارکردنی پەیمانی مارت داخران و تەنها تووڵەڕێگەیەك مابوو، ئیدریس بارزانی ئەو ڕێگەیەش تاقیدەکاتەوە، پێشنیازێك پێشکەش دەکات وەك دوواهەمین هەوڵ بۆ دوورخستنەوەی هەموو گەلانی عێراق لە ئاگری هەڵگیرساندنەوەی جەنگ لەشێوەی من هەنگاوێك و تۆش هەنگاوێك بێینە پێشەوە و لەیەکتر نزیك ببینەوە هەتا لە نیوەی ڕێگای نێوانمان بەیەکتر دەگەین:

١- درێژکردنەوەی ماوەی چوارساڵەکە و شەش حەوت مانگێکی بخرێتەسەر.

٢- سەرژمێرێکی گشتی بۆ دیاریکردنی رەگەزی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان یا پشتبەستن بە سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩٥٧ و هەرکامیان پەسەند دەکەن ئێمە ملکەچی ئەنجامەکانی دەبین.

٣- ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە ناو سنووری ئۆتۆنۆمی کوردستان بەڵام هەتا ساغکردنەوەی هەموو ووردەکارییەکان لە رووی بەڕێوەبردنەوە لەژێر دەستەلاتی حکوومەتی ناوەندا بێت.

بەڵام صەددام وەك نوێنەری میریی گشت دەستەڵاتەکانی سەرکردایەتی نەتەوەیی، سەرکردایەتی هەرێمی عێراق — پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی پێدرابوو.. نەك هەنگاوێك نەهاتە پێشەوە، موویەك نەجووڵا و لە هەڵوێستی خۆیدا چەقیبوو بەلام پێشنیازێکیش دەکات هەڕەشە ئامێز و ئاوێتە بە تکا و

ئامۆژگـاری: پیـاوی چـاکبن، ناچـارمان مەکـەن سـەربەماڵی دوژمنـدا بکـەین، ئەگـەر ناچـارمان بکـەن سڵناکەینەوە و لەگەڵ ئێران رێکدەکەوین، زیانی زۆریش بەئێمە و ئێوەش دەکەوێت بەڵام زیانی ئێوە زۆرتر دەبێت. هەربەوجۆرەش کەوتەوە و ١٩٧٥/٣/٦ شۆڕشـی کـورد کێـوی هەرەسـی بەسـەردا رووخـا و دووای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیش لە ١٩٧٦دا، دووبارە تووشی برا هەرەسێك بوو، بزوتنەوە چـەند لایەنییەکـەی ئەوەندە لاوازو پەریشانکرد مەترسی خراپی لێدەکرا!

بەڵام بەهاری ١٩٩١ راپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکە کوردی هەستانەوە و باری کەوتووی راسـتکردەوە و ئــەنجامی ئەنجامــەکان زیــانی کوشــندە بــەر صــەددام و رژێمەکــەی کــەوت لــە بــەهاری ٢٠٠٣ دا و پێشـبینییەکەی صـەددام کـە پـازدە صـاڵێك راسـت دەرچـوو، بەعسـیەکان زۆر شـانازییان پێـوەدەکرد و بەگەرمی باسیان لە بەهرەکانی صەددام و هێزە نهێنییەکانی دەکرد و خۆیـان پێوەبـادەدا بەسـەر کـورددا، لنگـەو قـوچ کەوتـەوە و هـەموو یاسـا و رێسـاکانی لەبەرژەوەنـدی کـورد و لەنێوچـوونی رژێمـی بـەعس هەڵگەڕانەوە و خودی صەددام حسێن و بنەماڵەکەی لە هەموو دۆڕاوەکان پتر زیانی جگەربڕیان پێکـەوت. بەشـبەحاڵی خـۆم بـەو چارەنووسـە تراژیدییـەی صـەددام شـادمان نـەبووم بەدەسـتی ئەوانـەی لـە دوژمنایەتیکردنی گەلی کوردا هەزار بەردیان بە پشتی صەددامدا داوە و هەرئەوانیش بـوون ترسـنۆکانە و بێهەڵوێست ماوەی سی ساڵ وەك ئەفسەر و سەرباز لە سوپای عێراق و کارمەند و لێپرسراو لە دەزگا زۆرو زەبەندەکانی ئاسایش و هەواڵگری ناوخۆ و دەرەوە (استخبارات و المخابرات) بێویژدانانە دەستیان لە گـرتن و کوشتن و تۆقاندن و راونان و دەستدرێژیکردنە سەر هاوسەر و خوشك و دایکی پێشمەرگە، هەشت صـاڵی رەبەقیش شـەڕی ئێرانیـان بـۆ کـردوو خـەویان بـە دیـداری سـەرۆکەوە دەبینـی نیشـانەی ئازایـەتی بکـات بەبەرۆکیاندا و ماشێنێکی فۆکس واگۆنی بەرازیلی وەربگرن، ئەوە لـە کاتێکـدا دەبـوو ئەوانـە وەك شـیعە هاوبەشی شەڕی عێراق ئێرانیان نەکردایە کە هەر لە دووای ئیمام و کوڕەکانییـەوە، شـیعەکان شـایەتمانیان بەرەو ئێران دەهێنا و سەرومڕ خۆیـان بـە پێشـەوا ئاینییـەکانی ئێرانـەوە بەسـتبوو کـە زۆربـەیان لـە ژێـر گوشاری شای ئێراندا هاتبوونە ئەمدیو، یا چۆن بەڕەوایان دەزانی لوولەی تفەنگ بکەنە رۆڵەکانی کـورد و کە رژێمە یەك لە دووای یەکترەکانی عێراق هەر لە دروستبوونییەوە دوژمنی کورد و شـیعە بـوون و جگـە لەوەی وەك هاوڵاتی گومـانلێکراوو سـەربە بێگانـە تەماشـا دەکـران بـەردەوامیش ملیـان لەسـەر چـەقۆ و خوێنیـان حـەڵاڵ بـووە. هـەتا صـەددام حوسـەین و رژێمەکـەی مـابوون، شـۆڤێنییە عـەرەبـەکانی دەرەوەی دەستەڵات و گوایە ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر کورد و ئاواتەکانی زۆر نەرمبوون هەروەك مـەڕی پەیامبـەر بـن، هەرئەوەندەش دەستی صەددامیان لەسەرنەما، دارێك لەسەر دوژمن و دارێك لەسەر ئـەوان، کـورد دەڵێـت دارێك لەسەر صەگ و دارێك لەسەر ئەوان، راستبوونەوە و لە کورد بوون بە گورگ و بەرامبەر مافی رەوا و ئاواتەکانی کورد جێگەی صەددامیان گرتەوە و خراپتریش، ئاخر بەعس و صەددام بەهێزی بازووی خۆیان و کاریگەری شۆڕشی کورد هاتبوونە سەر کار و هەندێك جار ئەوەشیان دەخوێندەوە، ئەحمەد حەسەن بـەکر و صەددام و هاوڕێکانیان مارتی ١٩٧٠ هەنگاوێکی هێندە بوێریان نا، بەلای زۆربەی هـەرەزۆری عـەرەبـەوە کفری دووازدە ئیمام بوو. شیعەی عێراق کە دووای کەوتنی صەددام فەرمانڕەوایی عێراقیان کەوتەدەسـت،

کەموو زۆر رۆڵێکیـان لـەو گۆڕانکارییـە مێژووییـە دانـەبوو، ئەمـەریکا و ئینگلیـز و پێشـمەرگەی کـورد کردیان، شیعەکانی عێراق کەوەك دەستە و تاقم و (ڕێکخراوی رامیاریی) ژمـارەی هـیچ دەسـتەیەکیان لـە ژمارەی تیپێکی فوتبۆڵێن پتر نەبوو، لە ژێر سایە و چاودێریی و بەخێوکردن و پاراستنی کوردیش دا بـوون — کوردستان باوەشی بۆ خۆیان و خێـزان و کـەس و کاریشـیان کردبـۆوە بـەڵام هەرئەوەنـدەی دەسـتیان لـە دەستەڵات گیر بوو، هەر لە (زاواکەمانەوە ـ غازی عجێل یاوەر) بۆ ئیبراهیم جەعفەری و عەللاوی و نوری مالیکی ئەوەندە بێوەفا و پێنەزان بوون کورد بڵێت هەزار رەحمەت لە کفن دز کـە صـەددام بـوو. زۆربـەی تاوانباران تێدەکەون و دەکەونە بەر سزای عەدالەت، دەڵێم زۆربەیان، هەموویان نـا، ماوەیـەك بـوو بـەخت پشتی لە صەددام کردبوو بەڵام لێی هەڵنەپێچابوو، ئەمجارەیان زۆر گرژ و مۆن دێتە پێشەوە و دەڵێت دنیـا تا سەر بۆ کەس نییە، گەمەکەی ئێمەش لێرەدا کۆتاییەتی، یەکێکی دیکـە دێتـە شـوێنەکەت، بـەدووعا! صەددام لە چاوتروکاندنێکدا خۆی تـاك و تـەنها و بـێ سـوپا و لەشـکر، دوور لـە دەزگـا جۆراوجۆرەکـانی وتەنانەت دوور لە پاسەوان و گاردە تایبەتییەکانیشی لە یەکێك لە کۆشکەکان دێتە دەرەوە و وەك وورچـی بریندار بەدەم رێگاوە دەڵێت (ناپاکییان لەگەڵ کردم.. چی قەوماوە جگە لە ناپاکی)[٢٢٦] لە هەموو دڵمەوە حەزم نەدەکرد کۆتـایی صـەددام بـەوجۆرە و لـە هـۆڵێکی داخـراودا و بەبەرچـاوی کۆمـەڵێك لێپرسـراوانی بەغداوە کە هیچکامیان مافی ئامادەبوونیان نەبوو دەیکەنە هەراو دەنگە دەنگ و تیروتـوانجی ترسـنۆکانە هاویشتن و قسەی بازاڕی و پرسیاری هەرزەکارانە و وەك قەلەموون خۆیان بەسەر زیندانییەکی دەست و پێ بەستراودا گیڤ دەکردەوە و دووای چەند خولەکێك پـەتی سـێدارەی لـە گـەردن تونـد دەکرێـت، پێیـدەڵێن: کافری خوانەناس، مەلعون، ئیمام صەدرت بۆ شەهید کرد؟ لەوکاتەشدا صەددام هـەر پتـەو و خۆراگربـوو، بێ ترس و سڵەمینەوە، مەردانە بەرەنگاری دەکردن، نەچاوی شۆڕکرد و نە سەری نەویکرد بـەڵکو لـە دووا ساتەکانی ژیانیشیدا هەر ئەو داشی سووار بـوو! بەسـەربڵندی و باوەڕبـەخۆ بـوون و وورەیـەکی بـەرزو بـێ پەشیمانی لەهەرکارێك کەکردوویەتی بەوپەڕی گاڵتەجارییەوە وەڵامیان دەداتەوە (صدر، لو رجل ـ سەر یـا قاچ ؟)ئەوە تیرێکی کاریگەر و وەڵامێکی تەزێنەر بوو، هەرچەند کە دەیکەین بە کوردی ئەو هێـزو پێـزەی نییە. ووشەی (صەدر ـ صدر) لە عەرەبیدا واتای زۆرە وەك لای سەرووی دیوەخان (صدر المجلس)، سـەرۆك، مەزن، سـەرۆك وەزیـران(صـدر الأعظـم). رێـزم بـۆ ئیمـام موحەممـەد بـاقر صـەدر هەیـە و بـە پێزانینـەوە هەڵوێستەکانی بەرز دەنرخێنم بەڵام هەرگیز خوێنی بەناهەق رژێنراوی ئەو بەدەستی صەدامییەکان ناگاتـە خوێنی (١٢٣) شەهید و (٤٠٠) بریندار ی رۆژی١٩٧٤/٤/٤ی بۆمبابارانی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ و (٥٠٠٠) شەهیدی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و بێسەروشوێن کردنی ١٨٢،٠٠٠ هەزار بارزانی وەك نموونەی مشتێك لە خەروارێك، بۆیە دەبوو ئـەو بـرا عەرەبـە شـیعانە ئـەو مافـەیان بـەکورد یلبدایـە صـەددام لـە قەڵادزێ، هەڵەبجە، دەڤەری بارزان، هەربازاڕو گەڕەکێکی سـلێمانی وەك بـەردەم خوێندنگـەی دواناوەنـدیی رۆشنبیر، کەلاوەکەی گەڕەکی مەڵکەندی، گۆڕەپانی ئەسحابە سپی، ئەمنە سـورەکە، بارەگاکـەی مـولازم موحسـین لەسـلێمانی و هتـد، کـەس و کـاری شـەهیدان و جـەماوەریش بەچـەپڵە و قرپـوە لێـدان هـەناوی هەڵقرچاویان فێنك بکردایەتەوە بەڵام لەوەشدا برای عەرەب هەر ملۆزم و بەشخۆری برا

بچکۆله بوون.. یەزدان مافی بزنی بێشاخ بەسەر شاخدارەوە ناهێڵێت. بڵێن ئامین.

# بەشی هەشتەم

# فایلی سێیەم

## دوا قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول

مارتی ١٩٧٤ دووا داوی قرچۆکی نێوان بەعس و شۆڕش پساو شەڕ هەڵگیرسایەوە و دەق دووای ساڵێك چەند رۆژێك کەمتر پلانە نێودەوڵەتییەکەی ئێران، عێراق، جەزائیر بە ئاگاداریی ئەمەریکاو سۆڤێت بەسەر کوردو شۆڕشدا سەپێندرا و ئاوات و ئامانجەکانیشی لەبەرگێکی رەشدا پێچایەوە و چارەنووسی کوردی دابەدەم زریانەوە. پلانەکە پێشینەیەکی ئەوتۆی نەبوو، کتوپڕ هاتە گۆڕی، بروسکە ئاسا، نەك پێشمەرگە و کادیران و جەماوەر، ئەندامانی سەرکردایەتیشی حەپەساند و توانای بڕیاردانی هەڵوێستێکی گونجاویشیان نەبوو. بیستوومە عەلی عەبدوڵڵای ئەندامی م.س ئەوەندە شپرزە و پەشۆکا بوو ناوەکانی ئیدریس و مەسعوودی لێتێکدەچوو دەیوت کاك ئەسعید، کاك مەدرووس! بارزانی لە تاران بوو، سەرکردایەتی بەعس ١١ ی مارت یاسای ئۆتۆنۆمییەکی بێناوەرۆك و هەردوو کابینەی یاسادانان و

جێبەجێکردنی راگەیاند کە پێشتر ئەندامەکانی دیاریکرابوون، کەسانی پاکیشی تێدا بوو وەك پەروەردە کادری ناسراوی کورد موحەممەد حەویز، پارێزەرو چیرۆکنووس حەمە صدیق مەحموود، دکتۆر سەعدی بەرزنجەیی، پەروەردەکاری وەرزش قادر خەلیل، فێرکار شیروان عەلی ئەمین و سەرو ماشێنێکی سۆڤێتی جۆری (ڤۆلگا) ش خەلاتکران. بۆ پەرش و بلاوکردنەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی و چاووڕاوی ژیانی دیموکراتی و فرە لایەنیی رامیاریش دووسێ حیزبۆلکەی کارتۆنیشیان پێکەوە نابوو بەناوی قەبەی وەك پارتی شۆڕشگێڕانی کورد، پارتی رزگاری، گرووپێك لە رووناکبیرانی کورد، (لفیف من المثقفين الكرد) شێخ ستار تایەر شەریف و حەمید عوسمان ئەندامە ناسراوەکانیان بوون بەلام زۆربەیان کەسانی هەلپەرست و بوودەڵە و هیچ لە باردا نەبوو بوون. لێرەدا شتێکی خۆشم بیردێتەوە، غەفووری مەلا عەلی مەلکەندی پەروەردکارێکی ناسراوو لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی شاری سلێمانی بوو، لە جێگەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی. رۆژێك دوو چەکدار دێن ئاگاداری دەکەن کە سەرۆکی حیزبی شۆڕشگێڕان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەکات، ئەویش فەرمانبەرەکان ئاگادار دەکات و چاوەڕوانی میوانەکە دەکەن کە دەبێت لێپرساوێکی گەورە بێت. سەرۆکی شۆڕشگێڕان بەچەند چەکدارێکەوە پەیدا دەبێت کە دەبینن (مامۆستا)یەکی سەرنەکەوتووی خۆیانە. غەفوور ئەفەندی هەر کە دەیبینێ دەڵێت: (ئەرێ تۆ کەریم نیت؟) بەڵێ،سەرۆکی حیزبی شۆڕشگێڕان! مامۆستا غەفور رەپ و راست دەیدات بەڕوویدا: (دەك بەر خوردار نەبیت، وەڵلا لەبەر خۆفی خوا نەبێت... کوڕی باوکم ئیشت بێرە چییە؟!) شەڕهەڵگیرسایەوە، هەردوولاش ئامادەکارییان کردبوو، سوپای عێراق چەکی نوێ و کاریگەری کڕیبوو بەتایبەتی تۆپهاوێژی نەمساوی و جۆرێك کۆپتەری جەنگی کە دەیتوانی بەئاسمانەوە مۆلەق بوەستێت و وەك دەستە و یەخە بجەنگێت.. شۆڕشیش دەتوانین بلێین هەر بە چەکە کۆنەکانەوە بەلام چاوەڕوانی چەکی نوێ و کۆمەکی فراوانی دەکرد.. پلانی سەرەکیی میریی ئەوەبوو بەشی هەرەزۆری هێزەکانی بخاتە شەڕەکەوە و هەموو تواناکانی بخاتە کار هەتا بەهاری ١٩٧٥ بۆ لاوازکردنی شۆڕش و بەزاندنی بەسەپاندنی مەرجەکان بەسەریدا ئەگەر سەرکەوتنی سەربازی دەستگیر نەبوو، خۆ ئەگەر هیچ سەرکەوتنێکیش بەدینەهات دژوارترین رێگە بگرن.

پلانی شۆڕشیش بریتی بوو لەڕێوشوێنێکی رێکخراو لە چەند قۆلێکی دیاریکراوەوە پاشەکشە بکەن بۆ نزیکبوونەوەی هێزێکی دوژمن لە سنوورەکانی ئێران بۆ پالنانی (لایەنە دۆستەکان) زوتر (یارمەتیە فراوانەکە) بنێرن کە بەلێنیان داوە و ترسێك بخەنە دلّی شای ئێرانەوە راستەوخۆ بێتە ململانێکەوە و ئێران و هاوپەیمانەکانی تێوە بگلێن. ئەو پلانە لە رووی تیۆرییەوە لەسەر کاغەز پەسەندە بەلام لە پراکتیکدا و بەکردەوە و لەسەر گۆڕەپانی جەنگەکە کۆسپی گەورەی لەبەردەمدا بوو بەبەراوورد بە پلانەکەی دوژمن کە یەکێکیان فریای دەکەوت و بارە خوارەکەیی راستدەکردەوە. رووبەڕووبوونەوەکە رۆژ بەرۆژ خوێناویتر دەبوو، بۆ داگیرکردن یا رزگارکردنی لوتکە چیایەکی وەك سەرتیژ خوێنی سەربازو پێشمەرگە هەرزان بوو، هێزە تایبەتییەکانی دوژمن یەکەمین جار بوو بێنە شەڕەوە، تازە دروستکرابوون، مەردانە دەجەنگان و پێشمەرگە ئاسا خۆیان بەختدەکرد، جەنگەکە بۆ هەردوولا جەنگی ژیان و مردن بوو، بۆ ئەوەی بمێنیتەوە

دەبێت بەرامبەرەکەت تەخت بکەیت، کۆپتەرە نوێیەکان تاریك و روونی بەیانی لە هەر کاروانێکدا سێ سەربازی هێزە تایبەتییەکانیان (قوات خاصە) دادەبەزاند کە پێشتر ئاگر بارانێکی خەست دەکرا و (پاك دەکرایەوە لە دوژمن) و پێشمەرگەش لەگەڵ تاریکی ئێوارەدا پێیداهەڵدەگەران و بەگوژمێك هێرشی نارنجۆکی دەستی و گوژمێك شەڕی دەستەو یەخە و شەڕە تەقە کە مەودای بەکارهێنانی تفەنگی تیدا نەدەما رزگاریان دەکرد.. بەڕاستی جەنگەکە شێوەی ئەفسانە و چیرۆکی وەرگرتبوو، ئەوەی نەیدیبێت هەرگیز باوەڕناکات. لایەنێکی دیکەی جەنگەکە بۆمبابارانی (بۆردومان) بەردەوام و چڕوپڕی هەموو جۆرەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی، بۆمبای قورس و ناپاڵم هەڵگر، شەڕکار و راکێت وەشێنەکان، کۆپتەرە نوێیەکان کەبەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە دەوەستا و ئاگری دەباراند، پارچە ئاسن جێگەی بەبەرد و کوچکی چیا و دۆڵەکان لێژکردبوو، بۆ بەردێك بگەڕایتایە پارچەی بۆمبا زۆرتر بەردەست دەکەوت!

هێزەکانی شۆڕشیش لە شێوەی مەفرەزەی هەڵبژاردەدا رۆژانە لە شارەکاندا چالاکییان دەنواند و شەوانەش پەلاماری هێزو دامودەزگاکانی میریاندەدا، مەفرەزەکانی هێزی خەبات — فەتاح موحەممەد ئەمین

ئاغا، هێزی رزگاری، لقی چوار، لقی سێ، هەردوو رێکخراوی پاراستنی شۆڕش سەر بەهەرێمەکانی سلێمانی کە هەتا مارتی ١٩٧٥ دووابەدووای یەکتر مارف ژاژلەیی، حەمە رەحیم کە ئەوکات بە هەڤاڵ جووجەڵە و دوواتر بە خاڵە حاجی ناسرا، کەریم غەفوور چوارتایی ( پێشتر مامۆستای قوتابخانەکەی بیارە بوو ) کە ئێستا لە شاری ڤییەننا — نەمسا دەژی، بەڕێوەبەری بوون و سەر بە هەرێمی کەرکووك ـ گەرمیان کە جێگە دەستی عیززەدین قەرە موحەممەدی پێوە دیاربوو، شاری سلێمانی هەر بەناو لەژێر دەستەڵاتی میریدا بوو، مەفرەزەی (هەتاو) سەربە پاراستنی لقی چوار — سلێمانی کۆمەڵێك پێشمەرگەی زۆر بوێر بوون و زۆریانم بە برادەری و لە نزیکەوە دەناسی وەك یاسین حەمە حەسەن ناسراو بە یاسینە رەش، مستەفا چاو رەش، ئەکرەمی حاجی رەشیدی بەقاڵ، هونەرمەند ئیبراهیم سەعید (بلەی سەعەکەر) . یاسین و مستەفا سەربە جەلالییەکان بوون و دووای ئاشتبوونەوە خرابوونەوە ریزەکانی شۆرشی ئەیلوولەوە. یاسین و ئەکرەم هاوڕێی دێرین و کوڕی گەڕەکێك بووین، یاسین لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا و پێشتریش پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردبوو، سەرپەرشتی مەفرەزەیەکی دەستوەشاندنی دەکرد لە نێو شاری سلێمانیدا و چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا وەك لێدان و بریندارکردنی پارێزگای سلێمانی، کوشتنی بەڕێوەبەری خوێندنگەی بازرگانی سلێمانی وهەروەها عومەری وێنەگر (عومەر گورچیلە)...(مەلابەختیاریش لەبارەی چالاکییەکەی لێدانی پارێزگاری سلێمانی لەسەرشەقامی مەولەوی، ئەوەندەی من بزانم دووجار بەدوورو درێژی بڕیارو خۆسازدان و ئامادەکارییەکان وپلانداناني چالاکییەکەی بەسەرپەرشتی راستەوخۆی خودی خۆی لەدوو بۆنەداو بەشێوەیەکی تارادەیەکیش جیاواز لەیەکتر بلاوکردۆتەوە، لەژمارە ١٨٧١ رۆژی دووشەممە ٣١ /٥ /١٩٩٩ لەژێر سەردێڕی یەکەمین تەقەی شۆڕش یان تەقەنەکردنی ناو زێراب! وەلامێك بەگێڕانەوەی حەمەی مام عەلی لەسەر لێدانی پارێزگاری سلێمانی ١٩٧٦/١٢/٢١ بەناوی خواستراوی( ئاگادارێك ) نوسیوێتی (( شەهید یاسین حەمە حەسەن، ناسراو

بەیاسینەرەش،ئەم شەهیدە ئامیر مەفرەزەی ناو شاری یەکێتی بوو( ئامیر مەفرەزەی یەکێتی بوو لەناو شاری سلێمانیدا. ن . ك .) هیچ پەیوەندییەکیشی بە چالاکی لێدانی پارێزگارەوە نەبوو، پەیوەندی بە دوو چالاکی دیکەوە هەبوو.ڕاستی ڕووداوەکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە: کاتێك تەرمی شەهیدان شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر هێنرانەوە کوردستان، لەناوشاردا بڕیاردرا چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدرێ . پاش تاوتوێکردن، پارێزگار وەکو گەورەترین دەسەڵات دیاریکرا. شاخ ئاگادارکرایەوە، شەهید عەلی عەسکەری وکاك سالار ئەم پێشمەرگانەیان بۆ ناردین:

١ ـ شەهید ئەنوەری تۆفیق هەورامی

٢ ـ کاك فاخر

٣ ـ غەریبی ئەمینی بوك

٤ ـ عومەری عەبدولرەحمانی هێلکە

٥ ـ خەلیفەی عەبدوڵڵا مارف

٦ ـ مستۆی وەستا حەسەن . ئەمانە کە گەیشتنە شار، ڕێوشوێنی چالاکییەکە لێکدرایەوە، دووای چەندین پڕۆژە لەدووا ئەنجامدالێدانی پارێزگار لەشوێن و کاتی دیاریکراوی خۆیدا، ڕۆژی ٢١ / ١٢ / ١٩٧٦ سەعات ٨،٥ ی بەیانی لەسەرجادەی مەولەوی، سەرووی فلکەی باخی گشتی بڕیاری لێدرا. لەکاتی تەرتیباتی چالاکییەکەدا، مەفرەزەکە لەماڵی شەهید ئەحمەدی ئەندازیار کە بەهۆی مەفرەزەکەوە ئاشکراکراو گیرا، لەناو خۆیاندا تێکچوون، شەهیدئەنوەری تۆفیق هەورامی کەناوە نهێنییەکەی (سۆران ) بوو لەگەڵ کاك فاخر دەمیان لەگەڵ غەریب وعەمەر تێکبەربوبوو، بەندەش بەپەلە گەیشتمە لایان وهێمنمان کردنەوە،بۆشەو غەریب و عومەر بەبیانووی ئەوەی نامەبەرن بۆسەرکردایەتی، ڕەوانەی دەرەوە لەدۆڵەروتەوەکران، بۆئەوەی باوەڕیش بکەن ( خەلیفە و مستۆ) شمان لەگەڵیاندا ناردە دەرەوە، ئەگەر فریاشیان نەکەوتینایە ڕەنگبوو کارەساتێك ڕوویدا، چونکە هەموویان میلیان هێنابووەوە، نارنجۆکیان بەدەستەوە بوو، هەرئەوەمابوو ماڵەکەش بەخۆیانەوە لەگەڕەکی ئەندازیارانی کارگەی شەکرەکە داغان بکەن .کە ئەوان ڕۆیشتن مانەوە شەهید ( ئەنوەر ) و( فاخر )، ڕێکخستن سەرلەنوێ کارەکانی ڕێکخستەوە ومالّی تری بۆ تەرتیب کردن. شەهید سۆران پەیوەندی بە هەڤاڵ ( ئاسۆ ـ عەبدوڵای خورشە کەئێستالەسویدە )کردبووکەلادایەکی هەبوو ئامادەی بکابۆ چالاکییەکە، داوالە شەهید ( یاسینەرەش ) یش کرا، یەك کەس دابینبکا بۆ کارێکی تایبەتی عەمەلیاتەکە، ئەو کەسە حەمەی مام عەلی بوو .بڕیاری عەمەلیەکە ئاوادرا: پێشمەرگەکان سۆران و فاخر چەکەکانیان بخەنە ناو زەمیلەیەك ولەگەڕەکی چوارباخەوە بچنە ناو مزگەوتی مەولەوی و بە پلایسێك درگای سەرەوە بشکێنن و سەعات ٨،٢٠ دەقیقە لەسەربانی مزگەوتەکە، کەزاڵە بەسەرجادەی مەولەویداسازو ئامادەبن . کاکە حەمەی مام عەلیش بەدەمانچەیەکەوە کە ڕێکخستن پێیدابوو( دەمانچەکەش هی شەهید جەعفەر عەبدولواحید بوو، شەهید عەلی ئامەخان تەسلیمی کردین ) لەناو ئەو کۆلانەی بۆ کشانەوەی مەفرەزەکە دانرابوو، تەئمینی کشانەوەکە بکا، کە لاداکەی (عەبدوڵڵا)ش هەر لەوێ دەبێ وژمارەکەی بەقوڕدەگرێت هەتا

نەخوێندرێتەوە، دوو هەڤاڵی ڕێکخستنیش لەسەرجادەکە چاودێری هاتنی پارێزگاردەکەن، پێش ئەوەی هەڤاڵێك دانراوە لای ماڵی پارێزگار، کە کەوتە ڕێ تەلەفون بکا بۆدوکانێکی دەلاك ڕێك لەشوێنی چالاکییەکە، زەنگی تەلەفون لێبدری بێئەوەی قسەبکا دابخرێ، ئیتر تێدەگەین کە پارێزگارکەوتۆتە ڕێ، بەمەش پێشمەرگەوئەوانەی بۆچالاکییەکەدانراون ئامادەباشی ئەنجامدانی چالاکییەکە دەبن . سەعات ٨،٥ تێپەری زەنگی تەلەفون لێدرا، دوای ئەوە بە ٨ دەقیقە کاروانی پارێزگار لەپێشەوەدا دووماتۆر لەفولکەی باخی گشتی دەرکەوتن، بەپەلە پرووزە، بەرپرسیاری چالاکییەکە ( مەلابەختیار مەبەستی لەخودی خۆیەتی . ن . ك .) کەلەسەر جادەکەبەرامبەر پێشمەرگەکانی سەرمزگەوتەکە راوەستابوو، ئاماژەی دوائامادەباشی دەستڕێژی بۆکردن . لەئان و کاتدا کاروانی پارێزگارگەیشت، شەهید سۆران وفاتح (مەبەستی لە فاخیرە . ن . ك .) لوولەی کلاشینکۆفیان گرتە سەر سەری مارسیدسە رەشەکەی پارێزگار، شەهید سۆران بە مەخزەنێکی ٧٥ فیشەکی و فاتح (فاخیر)بە مەخزەنێکی ٤٠ فیشەکی، تەپڵی سەری سەیارەکەیان دەستڕێژی( تۆڵە ) ئاژن ئاژن کرد. خەڵك شڵەژان،ماتۆرچییەکان هەڵهاتن،پۆلیسەکانی نەجدە کونە مشکیان لێبوو بەقەیسەری، تەنانەت یەك پۆلیسی پارێزەری پارێزگار دەستی پێنەکرایەوە،پێشمەرگەکان دابەزین دابەزین، کشانەوە بۆماڵی( د.سەردار) لەجادەی برایم پاشا... هەموسلێمانی ئەو ڕۆژە پیرۆزباییان لەیەك دەکرد، سەربەرزی ئاوەها کەمجار شارەکەی داگرتووە، چونکە چالاکییەکە لەوهەلومەرجەداچاوەڕواننەکراوبوو، لەتۆڵی شەهیدانیش بوو . ئەم کاکە( حەمەی مام عەلی )یە کەدانرابوو لەکۆلانێکی پشتی مزگەوتەکە بەدەمانچەیەکەوە، ئەگەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوهاتە پێشەوە دەستبکاتەوە، کەچی کەتەقە دادەمەزرێ کاکە حەمە دەمانچەکە دەخاتە ناو زێرابی کۆلانەکەوهەڵدێ، بەبێ ئەوەی نزیکی ئەو شوێنە هیچ مەترسییەك خولقابێ . پاشان کە رژێم شوێنەکە کۆنترۆڵ دەکاو دەگەڕێ دەمانچەکە پەیدا دەکا .)) ئەوەی جێگەی تێڕامانە مەلابەختیار لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا وتوویوتی داوامان لەشاخ کرد چەند پێشمەرگەیەکی ئازامان بۆبنێرن، ئەوە یەك، دووەمیش ناوی وەك خەلیفەی عەبدوڵڵامارف وحەمەی مام عەلی ومستۆی وەستا حەسەنی نەهێناوە وغەریبی ئەمینی خولەی بووك و عومەری حاجی ئەوڕەحمانی هێڵکەش لە چالاکییەکە دوورنەخرابوونەوە .کاکە یاسین صاڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هاوڕێکانیدا،سەلاحی مەجیدی توتنچی( حەمامچی )، جوتە برا سمایل قاسم و موحەممەد قاسم، لە زیندانەکانی مووصڵ وهاوڕێیەکیشیان بەنێوی فەرهادی مەلارەزا ( دەربازبوو)، ئەکرەمیش دووای هەرەسی شۆڕش دەبێتە فەرمانبەر لە بەرگری شارستانی، شەهید کران صاڵی ١٩٨١ بەیانییەك دوو فڕۆکەی ئێران — کۆماری ئیسلامی، گەڕەکی خانووە قوڕەکانی سلێمانی بووردومان کرد، هێشتا فڕۆکەکان بووردوومانیان دەکرد ئۆتۆمبیلێکی بەرگری بەپەلە و بەوپەڕی گیانی لە خۆ بووردنەوە بۆ فریاکەوتنی قوربانییەکان دەگاتە جێ.. ئەکرەمیش لەوێدا شەهید بوو. مەفرەزەی هەتاو لە چالاکییەکانی ناو شاردا بۆسەیەك بۆ دوژمن دەنێنەوە لە چوار ڕێیانەکەی باخچەی گشتی سلێمانی، پیکابێکی جۆری gmc رەنگ جگەری تێدەکەوێت بە دە چەکداری ڕێکخراوی بەعسەوە، لەگەڵ یەکەم قرمەدا، یەکێکیان هاوار لە شۆفێرەکە دەکات (دوس عل البنـزين أجه العصاة) بەنزینی بدەرێ یاخییەکان هاتن، کابرا سەریی

لیدەشێوێت خۆیدەدات بە دیواری باخچەکەدا و پێشمەرگە دەگاتــە سـەریان (داماڵـە غاسـییان دەکـەن) و پێکابەکە دەهێنن و بەگۆرانی وتن بە تووی مەلیکدا دەگەڕێنەوە، ناسری شێخ کـەریمی بـا بـەکراوا (ناسـر حەفید – نالەی حەفید) ی شـاعیر گێڕایـەوە[٢٢٧] (لـە ماڵـەوە بـووم دەنگـە دەنگێـك لـە دەرەوە دەهـات، لەدیواری حەوشەوە سەرم بەرزکردەوە، کۆمەڵێك پێشمەرگە بوون گەمەوگاڵتەیان دەکرد، منـیش بۆخۆشـی وتم کورە ئەو هەرا هەرایەتان لە چییە ناهێڵن بخەوین؟ یەکێکیان هاتە پێشەوە وتـی: خوانـاردی! کاکـە تـۆ بڵێ دەستتان خۆش، منیش دەڵێم بە قوربانی ئەو گونەت دەبم، قۆرییەکی گەورە چای خەست و شـیرین بـۆ برای خۆت بـرایم سـەعید (بلـەی سـەعە کـەڕ) و هەڤاڵـەکانی، دەی قوربـانی کـوڕ بم، وتم لاسـایی پاپـای نەکەیتەوە چێژی ناکەیت! وتی پیاوی چاك بکە ئێستا کاتی ئەوە نییـە زۆر مانـدووین. وتم ئەگـەر دەسـتی چاکتان وەشاندووە، قەیناکە. وتی بەدڵی تۆ، باوەڕ بکە هەر پیاڵە چـایەکی دەسـتی تـۆ سـەری دوژمنێـك دەکەوێت لە سەرمان.. نالەی حەفید بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەیدا و وتی دایکم بەئاگا هاتبوو وتی ئـەوە چییە؟ وتم خزمەکانتن بەم نیوە شەوە داوای چا دەکەن. دایکم وتی ناصر ئـەوە تـۆ نیـت، ئـادەی خـواردنی ئێوارە زۆر ماوە، خێرا بۆیان گەرم دەکەمەوە، دەی کوڕم تۆش دەستەوارەیەك نان تەرکە و چایەکە ئامـادە کە، دەی ڕۆڵە دەست و بردکە، هەر خزمی من نین، زۆرتر خزمی تۆن. دووای نان و چا برایم وتی: هەرچەند درەنگە و وا خۆر دەکەوێت و دەبێت پێشتر بگەینـەوە ئـەو دیـو ئـەزمر بـەڵام دڵـم نایـەت دڵـت بشـکێنم، لاسایی پاپای وهاوسەرەکەیت بۆ دەکەمەوە.

من لە شارباژێر بووم لە گوندی سیرە مێرگ، بەیانی کاتژمێری هەشت و نیو، فڕۆکە میکەکانی دوژمـن پیکابە جگەرییەکەیان لە بازەگیر دۆزییەوە و سوتاندیان. لە هەمووی خۆشتر برایم سەعید دەیـوت دوژمـن پیکابی زۆرە بەڵام ئـەو (مامۆسـتایە) قۆرییـەك چـای خەسـت و شـیرین و ئێمـەش پێکـابێکی (قەڵـەوتر) فەرزدارین! من هەر لە منداڵییەوە لە پشیلە ترساوم، ئێستاش لە پشیلە و سوواربوونی فڕۆکە دەترسم کـە هیچیان ترسناك نین بەڵام لە دوو شتی ترسناك نەترساوم، مار و فڕۆکەی جەنگیی. گەلێك جار رووبەڕوویان بوومەتەوە و هـێمن و لەسـەر خـۆ زانیومـە چیدەکەم، لەگـەڵ مـاردا بەسـەرهاتم زۆرە، چـەند جـارێکیش راستەوخۆ فڕۆکەی جەنگیی رووبەڕووم بۆتەوە، دەمزانی فڕۆکەی مێك و سوخۆی لەمەودای تفەنگدا نییـە. مەگەر زۆر نزم بفڕێت بەڵام بەدڵ حەزمدەکرد ئەگەر شوێنەکەم پەنا بێت قرمەیان لێبکەم، رێکەوتە (گرتی حەج، نەیگرت یاری)! لەگووندی کەنگاوای حاجی شـێخ کـەریم بـووین لـە پشـتی ئەزمـەڕ، راوەماسـیمان دەکرد، هاوڕێی و برام مامۆستا کەریم حسێن (شەهید گەرمیانی)کوڕێکی بەجەرگ بوو بەڵام لـە ئـەمینی عارف باوکی جەمال شارباژێڕی شاعیر و جەلالی بێتەل ( بێتەل لە هێزی خەبات ) زۆرتر لە فڕۆکە دەترسا. دوو فڕۆکەی میك پەیدا بوون، فڕۆکەوانی عێراق لە چالاکی ئاساییدا یەکسەر دەست ناوەشـێنێت، سـەرێك دێـت و دەڕۆن و ئـەمجا دەگەڕێنـەوە، ئـەو دوو فڕۆکـەش بەسـەرماندا تێپـەڕین و لـە ئاسمـانی عەربـەت و سەیدسـادقەوە گەڕانـەوە، تایـەری شـێخ ئـەورەحمانی گـەنکاوا، تفـەنگێکی سـیمینۆڤی پێبـوو، وتـی: بابگەڕێنەوە رۆحی یەکێکیان دەردەهێنم! قسەی تەواو نەکردبوو بەنزمە فڕ گەیشتنە سەرمان، هەر فریـای خۆ حەشاردان کەوتین و زرمەی هات، چەند چاو تروکانێك بوو، سەرمان بـەرزکردەوە لـە پەڵـە چنارەکەوە

دووکەلێکی چڕوپڕەش بەرزدەبۆوە، ئۆتۆمبیلە لاداکەی هەڤاڵ جووجەڵە بوو، هەتا چووینە سەری دامرکابووەوە، راستەوخۆ بەرکەوتبوو، شێخ تایەر دەیوت ئەو رووسە سەگبابانە دەیانزانی ئەم لادایە دێتە نێو شۆڕشەوە، لە شوێنی نهێنیدا بەنزینیان شاردۆتەوە، ئەگینا چۆن وا زوو بووبە خەڵوز! رۆژێك لەگەڵ چوار پێشمەرگەدا بە چیای (تاریەر) وە بووین دەپەڕینەوە بۆ گوندی کانی سێو، کۆپتەرێك و دوو مێك پەیدا بوون، وتم کوڕینە، ئێستە دەگەڕێنەوە سەرمان، بەمەزەندەی چاو لەمەودای میلێك و نیو پێشترەوە بەدووای یەکدا نەك پێکەوە سەروو مەخزەنیان پێوە دەنێن، هەرواشمانکرد بەلام هیچ، بەئاواتی بەردانەوەی فڕۆکەیەك نەگەیشتم کە خەوم پێوە دەبینی، لێرەدا کە ئەو یادەوەرییانە دەگێڕمەوە مەبەستم دوو خاڵە:

١- بۆ مێژوو دەڵێم فڕۆکەوانی دوژمن هەبوون دەستیان دەپاراست دەیانتوانی زیانی گیانی قورس بە کورد بگەیەنن لەو شوێنانەی چەتری دژی فڕۆکەی بەسەرەوە نەبوو بەلام دەگەڕان گردێکی فشەڵ و خاکێکی نەرمییان دەدۆزییەوە کە راکێتەکان نەدەتەقینەوە، لە شوێنی خۆی دەچێتە خاکەوە و زیان ناگەیەنێت، دوواتر دەچووینە شوێنەکە و باروتی راکیتەکانمان بەتاڵ دەکردەوە بۆ راوەماسی.

٢- دەتوانم بڵێم زۆربەی فڕۆکەکانی دوژمن ئەگەرچی نەدەکەوتن، دەپێکران و بەبرینداری دەگەڕانەوە و خۆیاندەگەیاندەوە فڕۆکەخانەکانی کەرکووك و مووصڵ.

لە سەردانێکدا بۆ بەغدا بەهۆی خاڵۆم (مامۆستا فەرەج ئەحمەد بابان) ناسیاویم لەگەڵ ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی عێراقدا پەیدا کرد،لە بەشی ئەندازە کاریدەکرد، ناوی لوئەی چەلەبی بوو لە کوردەکانی شەبەك، دەیوت ئەو فڕۆکانەی دەچوونە سەر کوردستان ئەگەر نەکەوتنایە، زۆربەیان بەردەکەوتن و بەبرینداری خۆیان دەگەیاندەوە بنکەکانی کەرکووك و مووصڵ. سەرکردایەتی نیگەران بوو لە زیانە قورسەکان بەهۆی دژە فڕۆکەکانەوە کە تفەنگی ئاسایی و کاریگەرترینیان دۆشکە بوو. ئەفسەری شۆڕش نزاری عەقید ئەمین زۆرجار دەیوت دۆشکا کوڕی خۆی بەکاری بهێنێت زۆر کاریگەرە دژی هێرشی ئاسمانی دوژمن.

نێوان مارتی ١٩٧٤ — مارتی ١٩٧٥ دوژمن زۆری بۆهات، هێرشی ترسنۆکانەی دەکرد، وەك بۆردوومانی زانکۆی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ ١٩٧٤/٤/٢٤، قوربانییەکانی ١٢٣ شەهید و ٤٠٠ بریندار بوو، بوردوومانی هەڵەبجە، چوارتا، شارە قەرەباڵغەکەی پێنجوینیشی لە چاوەڕوانی و ترسدا هێشتبۆوە. بۆردوومانی چوارتا بەرەبەیانییەکی زووبوو، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا لە پێنجوینەوە گەیشتبووینە چوارتا، شارێکی وێران و چۆڵ بۆنی مەرگی لێدەهات، لە پاڵ دیوارێکدا پاڵمانداوبووەوە پشوویەك بدەین، لە ناکاو دەنگی فڕۆکەمان بەرگوێ کەوت، راستەوڕاست گرمە و ناڵە بەرزبووەوە و لەچاو ونبوون، لە خەستەخانەکەی چوارتایان دا کە وایدەزانی برینداردەکانی رێگەی چەمچەماڵ — سلێمانی لەوێن کە کۆپتەرە نوێیەکان نیشتبوونە سەریان و مەودای بەرگری نەدابوون، ئەوە کۆپتەرە نوێیەکان بوون کە هێشتا پێشمەرگە شارەزایان نەبوون دەتوانن بەئاسمانەوە مۆلەق راوەستن. زیانی پێشمەرگە زۆر بوو، بیست پێشمەرگەیەك بەرکەوتبوون بەلام خۆشبەختانە لە خەستەخانەکە دەرچووبوون بەرەو ئێران کە میریی بەپێی زانیارییەکانی پێیدەگەیشت لە خەستەخانەکەن. ئەوە ئەنجامی سەرکەشی و کەللەپوتی

سەرکردەکانی عێراق بوو کە بەعسییەکان و صەددام هێشتا لـە چاو رەگەزپەرستێکی وەك عەبدولسـەلام عارفدا ئەهوەنتر بوون کە نەك کەرکووك و خانەقین و شەنگار بـەڵکو لـە سـەردانێکدا بـۆ شـاری قـەڵادزێ پێدەدات بە زەوویدا و دەڵێت ئێرەش خاکی عەرەبە.

رۆژانی ١٠-١٢/٥/١٩٧٤ لـە پێنجوێنـەوە چـووم بـۆ چـۆمان بـۆ هەنـدێك کـاری تایبـەت، کۆمـەڵێك هۆنراوەشم بە رادیۆی دەنگـی شـۆڕش دابـوو، ئێـواران دەخوێندرانـەوە، بەرلـەوەش یەکـەمین هـۆنراوەم لـە گۆڤاری دەنگی مامۆستا کە لە شاخ دەردەچوو بڵاوکرایەوە و دەنگێکی چاکی دایـەوە چـونکە هەڵوێسـتی کـورد و شۆڕشـی ئـەیلوولی مـەزنی بەرجەسـتە دەکـرد بەرامبـەر عـەرەب بەگشـتی و فەلەسـتینییەکان بەتایبەتی و هۆنینەوەی بڕیارە مێژووییەکەی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لـە پەلامارنـەدانی سـوپای عێـراق بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی گەلانی عەرەب پێیدا تێدەپـەڕن لەململانێیانـدا دژی ئیسـرائیل. ئـاخۆ سەرکردە عەرەبەکانی ئەمڕۆ بەتایبەتی ئەوانەی عێراق ئەو هەڵوێستە جوامێرەی کوردیـان لەبەرچـاوە کـە هێشتا بەئیسرائیلی دووەم تەماشای کورد دەکەن.

گرمەگرمی فڕۆکـەکانی دوژمـن و سـوڕانەوەیان بـەئاسمانی ناوچـەکەدا بـەلای دانیشـتووانەوە ئاسـایی و رووداوی رۆژانە بوون، دژە فڕۆکەکانی شۆڕش (دۆشکا) مەودایان تـەنها شـازدە کیلۆمـەتر بـوو، ئاسمانیـان لێدەکردن بەئاگر، فڕۆکەکانیش شازدە کیلۆمەتر بەرزتر دەفڕین. هێشتا پێش نیوەڕۆ بوو فڕۆکەیەکی باجەر — تۆپۆلیڤ یاری مشك و پشیلەی لەگەڵ دۆشکەکاندا دەکرد، تۆ بڵێ دۆشکەکان خەریك دەکات بۆ ئەوەی فڕۆکەیەکی مێکی ٢٣ لە سەروو هەورەکانەوە لەچاوتروکانێکدا بەگۆشەیەکی ٩٠ پلە بەشاقووڵی دابەزێتە سەر فرۆشگای شۆڕش و مۆرنیشان بیپێکێت و هەرئەوەبوو سنگی لەسـەربانی خانووەکـان نەخشـاند و بـە گۆشەیەکی ٤٥ پلە هەستایەوە و لە نێو حەپەساوی دژە فرۆرکـەکانی شۆڕشـدا لەچـاو وونبـوو. ژمارەیـەك پێشمەرگە و دانیشتوان بەرکەوتن تەنها پارچەی گۆشت و جلەکانیان بەدیوارەکانەوە بوو، یەکێکیان دۆستی خۆشەویستم و پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، جەمالی عوسمان دایی ناسراو بە (جەماله قووش) خوشکەزای حەمەی عەزیز ئەندامی کارگێڕی بارەگای بارزانی.

هەرلـەو ماوەیـەدا و رۆژی ١٩٧٤/١٢/١٤ لـە شـاری خانـەوە دەچـووم بـۆ رایـات، ماشـێنەکەمان پەکیکەوت، جیبێك هات، وەستا، جێگەی نەبوو، بەڵام پیاوەتی خۆیی نواند، وەك بێتەوە یـادم جێبێکـی ئەمەریکایی جۆری تەنتە(چادربەسەر) بوو، حەزمکرد سوپاسی شۆفێرەکە بکەم لە بری ئەوەی وەك زۆر لە ماشێنەکان تیژ تێدەپەڕین و چڵپاوی بەفرەکەشیان دەکرد بە جلەکانمدا.. سەیر لەوەدا بوو وتی شـێوەت لـە دۆستێکی نزیکم دەچێت،خزمی فەرەج ئەحمـەد نیـت؟ وتم خاڵۆمـە ... بەڕاسـتی دڵـم پێیکرایـەوە چـونکە هەرلەمنداڵیەوە هاوڕێکانی خاڵە فەرەجم خۆشدەویسـت وەك هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد رەفیـق چـالاك، چیرۆکنوسی ناسراو حسێن عارف،هونەرمەندی شانۆکار تەها خەلیل، چیرۆکنووس حەمە صدیق مەحموودی پارێزەر.... بەرلەوەی بڕوات وتی: ئەمەش بخوێنەرەوە، باوەڕناکـەم دیبێتـت ..... هەرلـەناو ئـەو بـەفرەدا خوێندمەوە، بەیانێك بوو کۆمەڵێك لاوی خوێنگەرمی کاژیك دەریانکردبوو، سەرکردایەتی کاژێـك لەسـەر کـار لادەبـەن! زۆر سـەرم سـوڕما، فـارووقی مـەلا مسـتەفا بـەڕوو ناناسـم بـەڵام دەزانم سـەربە ناوەنـدی

سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراقە کە بەسەرکردایەتی عەزیز حاج لە ١٩٦٨ ەوە لە لیژنەی ناوەندی پارتەکە جیابوونەتەوە، چەمکی ئامانجەکانی کوردیشیان پیادە دەکرد.

خاڵە فەرەجم دووای بیست صاڵێك ژیانی بەغدا و حیللە گەڕایەوە سلێمانی و لەگەڵ نەنکم دەژیا، کە چووم بۆ بەخێرهاتنەوەی، خۆی دەرگاکەی کردەوە، وتی: تەراش دەکەم لای ئەو میوانە عەرەبانە دانیشە، دۆستن، بەسەربەستی لەگەڵیاندا بدوێ. چوار یا پێنج کەس بوون، وەك لە یادم بێت یەکێکیان کە زۆرتر پرسیاریدەکرد ناوی (عامر) بوو، خاڵۆم بەیەکتری نەناساندین، من خۆم بەوان ناساند، پرسیان برادەری فەرەج ئەحمەدیت؟ وتم: خاڵۆمە. وتیان کەواتە دەتوانین بەسەربەستی بدوێین. وتم: لە چ روویەکەوە؟ وتیان کێشەی کورد. وتم: تەوەرێك دیاری بکەن لەسەری بدوێین. وتیان: دەزانین کورد وەك نەتەوە زمان و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، ئابووریی هاوبەش بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو نایەتە دی، ئەوە هیچ، پرسیارمان لەسەر داب و نەریتی هاوبەشی کوردە لە عێراق، ئێران، تورکیا و (سووریاش؟) وتم: بەڵێ کوردستانی سووریا و سۆڤێتیش. سەیرێکی یەکتریان کرد و عامر وتی: فەرموو گوێدەگرین. وتم: بەڕێزان بەلێبووردنەوە دەڵێم ئێمە یەکتر ناناسین، خاڵۆشم هەر ئەوەندەی وتووە لای میوانەکان دانیشە من تەراشێك دەکەم و خۆم دەشۆم. وتیان ئێمەش وەك خاڵۆتین (هەموویان بەتەمەن لە من گەورەتربوون) وتم: بەڕێزان، داب و نەریتی کوردان لە هەموو پارچە دابڕاوەکانی کوردستانی گەورەدا سەنا و هاوشێوەیە، بۆ نموونە شایی و زەماوەند، بووك گواستنەوە، دلداری، تۆڵە، پرسە و شین و شەپۆڕ لەناو کوردی پارچەکانی کوردستاندا جیاوازی نییە بەلام لەگەڵ دراوسێکانماندا، عەرەب، تورك، فارس زۆر جیاوازین. وەك سەلماندنی ئەو راستییەی من درکاندم و لەوان شاردراوە بوو تەماشایەکی یەکتریانکرد و عامر وتی: ئایا بزوتنەوە چەکدارەکەی کورد ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی لەخۆگرتووە؟ وتم: برای گەورەم، بزوتنەوەی کورد یا کوردایەتی یەك توخم و هاوبیر نین. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا پێشڕەوی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرانسەریی دەکات لە ئەمپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راستڕەوان، جەلالییەکان بانگەشەی چەپی کورد دەکەن بەلام ئەمڕۆ لەپاڵ میریدان، کاژیك کە کورتکراوەی کۆمەڵەی ژیانەوە و یەکێتی کوردە، چەپی کوردە بەباری ئامانجە نەتەوەییە فراوان و دوورو نزیکەکان. کۆمۆنیستەکانی کوردستان کە هێشتا بەڕاشکاوی کورد بە نەتەوە نازانن و بیست و دوو ملیۆن کورد بە پێوانە چەوتەکەی ستالین دەپێون. وتیان پێوانەکەی ستالین بۆ چەوتە؟ وتم: هەرچی لەبارەی کورد و وڵاتی کوردانەوە لەبەردەستدابوو، لە خاکی هاوبەش،زمانی هاوبەش، میزووی هاوبەش، داب و نەریت (کولتووری ) هاوبەش، راست و چەپێکی بەسەردا بهێنرێت وبلێت کورد مەرجەکانی نەتەوەی تێدا نییە بەلام جوولەکەکانی ئیسرائیل مەرجی نەتەوەیان تێدایە! ئایا چەوت نییە؟ گەر ئەوە چەوت و چەوتایەتی نەبیت، چی چەوتە ؟ تەماشای ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە، ئایدیا لەپێناو بەرژەوەندییدا وئایدیا لە پێناو راستیدا،مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا، بەردەوام لە کرملین ئەوەی یەکەمیان پیادە دەکرێت. ئێمە وەك نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراوو ژێر چەپۆکی عەرەب و تورك و فارس چاوەڕوانی پیادەکردنی قوربانیدانی بەرەژەوەندی دەکەین لە پێناو راستی و مافەکانی مرۆڤدا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش دوو جەمسەرە سەرەکییەکە، سۆڤێت و ئەمەریکا. وتیان

دووا پرسیاری ئەم دانیشتنە، سەر بەچ لایەنێکیت؟ وتم: من ئەو پرسیارەم لە ئێوە نەکرد.. قسەکەیان بڕیم: ئێمە سەربە سەرکردایەتی ناوەند (القیادة المرکزیة) بەرابەریی هاوڕێ عەزیز حاج کە دژ بە بەرنامە چەوتەکانی کۆمیتەی ناوەندی سەرکردایەتی ( أللجنه المرکزیه ) راستبۆتەوە. وتم: وەك ناو جیاوازییەك لە نێوان ( سەرکردایەتی ناوەند) و ( ناوەندی سەرکردایەتی ) دا نابینم بەڵام پێدەچێت لەناوەڕۆکدا جیاوازی هەبێت. وتیان: زۆریش، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەمانت نەدایەوە. وتم: ئێ، من هەتا سەر مۆخ نەتەوەییەکی کراوەم، دوور لە شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی، گەلانی عەرەب، تورك، فارس بە برا و دۆست دەزانم ئەگەر پشتیوانی فەرمانڕەواکانیان نەکەن بۆ درێژەدان بە داگیرکاری و چەوساندنەوەی کورد کە وەك ئەوان مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەیە، دۆستی ئەوانەین دۆستایەتیمان دەکەن سەربەهەر بلۆکێك بن دەستێك دەدەنە دەستمان، بەو لێقەوماوییەی خۆشمانەوە ناحەزی ئەوانەین ئاوڕێکمان لێنادەنەوە.. لێرەدا خالۆم بە سینییەك چاوە هات و وتی: (ها، وین وصلتو؟) ئێ، گەیشتنە کوێ؟ وتیان (ممتع، ابن اختك فاهم، فاهم حیل) گفتوگۆیەکی خۆش، خوشکەزاکەت زۆر تێگەیشتووە. دوواتر خالۆم وتی(ئەوانە سەرکردەکانی قیادە مەرکەزی بوون.) دیارە ناوەکانیانی نەدرکاند و منیش نەمدەزانی کە یەکێکیان فارووقی مەلا مستەفا بووچەند دانشتنێکیشیان رێکخست بەسەرپەرشتیی فەرەج ئەحمەد بابان و حەمەصدیق مەحموودی پارێزەر بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی کوشتنی چەند کۆمۆنیستێك لە پایزی١٩٦٤داله سلێمانی. لەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا یەکێکیان عەبەلالە بوو، لە ئەنجامدا بێتاوان دەرچوو. هەرلەوماوەیەدا جارێکی دیکەش چوومەوە دەڤەری چۆمان و رایات هاوبیر و برای ئازیزم عومەر شەمەیی یادی بەخێر لە خانوویەکی خۆشی شۆڕشدا بوو، بەزۆری دەچوومە ئەوێ رۆژی ١٩٧٤/١٢/١٤ فڕۆکەیەکی باجەر بەهەمانپلانی لێدانی فرۆشگاکەی شۆڕش بەسەر چۆمان و دەورووبەریدا دەسووڕایەوە، رێگە بۆ فڕۆکەیەکی شەرکار (طیارة مقاتلة) خۆشبکات لە ئیستگەی رادیۆکەی شۆڕش، دەنگی کوردستانی عێراق بدات کە کەوتبووە دامێنی چۆمانەوە و لەگەڵ بەرزبوونەوەی لوورەی ئەلارم (شوت) و ئاریلە بەرزەکەی دەشکاندەوە ئاستی زەوی.. بەڵام لە هەموو هەورێك باران نابارێت، باجەر تۆپۆلیڤەکە لە پڕێکدا وەك ژوورێکی شووشەبەند لە ناوەوە ئاگر بگرێت، داگیرسا دەتوت هەزار گڵۆپی بەهێزی تێدا داگیرسابێت، توومەز راکاتێکی جۆری هۆك دووای دەکەوێت و بیلامانا خۆیدەکات بە قونیدا. فڕۆکەکانی دوژمن زۆر بەر ئاگری دۆشکەکانی شۆڕش دەکەوتن ئەوکاتانەی بۆ لێدانی ئامانجێك دادەبەزین و دۆشکەکان لەکاتی خۆیدا فریایان دەکەوت، بەریاندەدانەوە، ئەگینا لەسەر مەودای ١٦ کم ی دۆشکەکانەوە شەلم کوێرم ناپارێزم شوێنێکی دەپێکا یا ناپاڵمەکان لەچۆڵەوانی دەکەوتنەوە، لەو ناوچانەی دژە فڕۆکە کەمبوو یا هەرنەبوو دەستیان دەوەشاند.

## پەیمانە رەشەکەی جەزائیر

بەهاری ١٩٧٥ سەرانی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە جەزائیری پێتەختی جەزائیر کۆدەبنەوە و هەر لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانیشدا دوو دووژمنی مێژوویی و دڵڕەش بەیەکتر حەمە رەزا شای ئێران و صەددام حوسەین کە هێشتا جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو بەڵام بەهێزترین پیاوی رژێمەکە بوو، کۆدەبنەوە.

زەمینە خۆشکردن و دەلاڵییەکە سەرۆکی جەزائیر هەواری بۆمیدێن کردبووی و هەوڵەکانی هەرسێ لا گەیشتە ئەنجام و رۆژی ١٩٧٥/٣/٦ پەیمانێکی دووقۆڵی ئاشتبوونەوە و چارەسەرکردنی گشت کێشەکانی نێوانیان مۆر دەکەن دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی. هەردوو لایەنی ئێران و عێراقیش دڵنیا بوون کێشە ئاڵۆز و کەڵەکەبووەکانی دەیەها ساڵ هەروا ئاسان خاو نابنەوە بەڵام وەك تاکتیك و بەدیهێنانی ئامانجێکی کاتی بەرژەوەندی خۆیان تێدا دەبینی، عێراق شۆڕشی کوردی لە کۆڵدەبێتەوە و ئێرانیش خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ و لەگەڵ عێراقدا پاراست کە هێندەی نەمابوو بقەومێت و هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی تێوە دەگلا جگە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و سۆڤێتیش و دوورنەبوو جیهان بخاتە بەر مەترسی جەنگێکی جیهانی نوێ تەڕ و ووشك پێکەوە بسوتێنێت. دەستکەوتەکانی شای ئێران ئەنجامی پەیمانەکە بریتیبوون لە:

١ـ ئەرکی کۆمەکی شۆڕشێکی بەسەرشانەوە نەما وەك بەخێوکردنی مار وابوو، شۆڕش هەرچەند بەرنامەیەکی تایبەتی هەبوو بەرامبەر بزوتنەوەی کوردایەتی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵام پریشك و کاریگەری زۆری هەبوو لە دەمەزەرکردنەوە و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و هاندانی کوردی رۆژهەڵات بۆ راپەڕین و شۆڕش.

٢- بێماندووبوون بەشێك خاك و ئاوی عەرەبی کەوتە بندەست.

٣- شای ئێران وەك پۆلیسی پاراستنی هێمنی ناوچەی کەنداو یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوەبوو لایەنێك نەبێت لەکێشەکاندا،لەم بوارەشدا میدالیایەکی ئەمەریکا وئەورووپای کرد بەبەرۆکیدا کە پۆلیسێکی چاکە.

٤- یەك بەهەزار تۆڵەی پەیمانی (مارت ١٩٧٠ی لە شۆڕشی کورد کردەوە کە سەرۆکی شۆڕش پرسە گورکانەیەکیشی بە ئێران نەکرد کە (دۆستی هەرە نزیك) بوو.

دەستکەوتەکانی صەددام حسێنیش لەم خاڵانەدا خۆیان دەنوواند:

١- رژێمی بەعسی لە عێراق لە جەنگی کورد رزگارکرد کە هەموو توانا مرۆیی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەی دادەدۆشی و رۆژانە سامانێکی زۆر و گیانی دەیان و صەدان ئەفسەر و سەربازی بەفیڕۆ دەدا و سەرکەوتنیشی زۆر دووربوو.

٢- بەهۆی سەرنەکەوتنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ کورد و هەڵگیرساندنەوەی شەڕدا بەشی زۆری لێپرسراویەتییەکە وەك بڕیارێکی قورس و رەخنەی ناحەزانی نێو سەرکردایەتی بەکۆڵی ئەوەوە بوو، مەترسی پلان و دوورخستنەوەشی لەدەستەڵات بەگەرمی لە ئارادا بوو.

٣- پارسەنگی خۆی راستکردەوە و دەستیشی بۆ دوورخستنەوە و لەنێوبردنی ناحەزو رکەبەرەکانیشی والابوو. وەك لە نێوبردنی حەردان عەبدولغەففار تکریتی و هەر لە عەبدولخالق سامەرائی و موحەممەد عایش و تا دەگاتە شبل ئەلعەیسەمی بەرووداوا تاکێکی لێدەرنەکرد!

دەستکەوتەکانی کوردیش چەند پەند و ئامۆژگارییەك بوو بۆ کەسێك کەڵکی لێوەربگرێت کە بەداخەوە سەرکردەکانی کورد ئەو کەسە نەبوون تێبگەن:

١- دوژمن هەر دوژمنە.

٢- رامیاریی، سێ بەسێ مۆراڵی تەلاقداوە و بەرژەوەندیی تایبەتی مارەکردووە.
٣- هیچ مامەڵەو پێوەندییەکی نێودەوڵەتی بێ تاپۆو بەڵگەنامە نەکات.
٤- هەرەس پێهێنانی شۆڕش لە بێهێزی لەشکری شۆڕش و پێداویستییەکانی جەنگی پارتیزانی فراوانیش نەبوو کە لە نێوان هەردوو یاسا و ڕێساکانی شەڕی پارتیزانی بەواتا فەرهەنگییە تایبەتیەکەیی و شەڕی بەرەییدا بەمانا فراوانەکەی ئەمبەرو ئەوبەری دەکرد و کەموکورتیشی پێوە دیار نەبوو، لەپلان و تاکتیکی شەڕیشدا باڵا دەستبوو، زیانەکانیشی بە بەراوورد لەگەڵ زیانەکانی دوژمندا کەمبوون. کە پەیمانی جەزائیریش مۆرکرا هێزەکانی شۆڕش صەد هەزار پێشمەرگەی ئامادەی هەبوو. ئەی بۆ تووشی هەرەس بووین؟

دووای مۆرکردنی پەیمانی جەزائیر، شای ئێران ١٩٧٥/٣/٦ دەگاتەوە تاران، بارزانی مستەفاش لە تاران چاوەڕوانی دەکرد بزانێت ناوەڕۆکی ڕێککەوتنە کتوپڕەکە چییە و چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر شۆڕشی کورد. شای ئێران بەئەنقەست ڕۆژی ١١ مارت دیاریدەکات بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی بۆ ئەوەی بیداتەوە بەچاویدا پێنج صاڵ پێشتر و لەهەمان مانگ و ڕۆژدا پەیمانی ئاشتیت لەگەڵ صەددام مۆرکرد و ئێمەت بە هیچ نەزانی.

بارزانی: ئێمە لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی کورد دەجولێینەوە و بەرژەوەندی کوردیش لەوەدا بوو.

شای ئێران: منیش دووای بەرژەوەندی ئێران کەوتووم.

بارزانی: بەڵام ئەم ڕێککەوتنەی ئێوە ڕاستەوخۆ دژی شۆڕش و بەرژەوەندییەکانی کوردە.

شای ئێران: پەیمانەکەی ئێوە و صەددامیش دژی ڕژێمی شاهەنشایی و بەرژەوەندییەکانی ئێران بوو. لێرەدا بارزانی مەترسییە ڕاستەقینەکانی ئەو پەیمانە ڕەشەو ئەو خەنجەرە ژەهراوییەی بۆ دەردەکەوێت نامەردانە لە گازەرەی پشتی کورد دراوە.

سەرکردایەتی شۆڕش پێشنیاز دەکات هێزێکی مامناوەندی بهێڵێتەوە لە پێشمەرگەی هەڵبژاردە و سەڵت. بۆ بەرگری کردن و درێژەپێدانی شۆڕش بەشێوەی شەڕی پارتیزان، بارزانیش پێشنیازەکەی سەلماندن بەڵام کە بڕگەکانی پلانە چەپەڵەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و مەترسییە ڕاستەقینەکانی کەوتنە بەرچاو بارزانیش لە بڕیاری پێشوو دەگەڕێتەوە و وەك بۆچوونی خۆی خوێندنەوەی پێشهاتەکان بەهەمووان رادەگەیەنێت پلانەکە زۆر دوژمنکارانە و چەپەڵە، دوژمنان حەز دەکەن ئێمە بەرگری بکەین و بەهەردوولایان کوردقڕانێکی فراوان بکەن بۆیە ناتوانم لێپرسراوێتییەکی وا گەورەی مێژوویی بخەمە سەرشانم کە بەهیچ بارێکدا بەرژەوەندی کوردی تێدا نییە، هەرکەسیش بەرگری دەکات خۆی بەرپرسیارە. من بەخۆم و خێزانەوە هەتا سەرەتای مایس ١٩٧٥ لە ئێران مایەنەوە، لەوماوەیەدا کەرتەکانی سوپای عێراقیم دەبینی بەتانك و زرێپۆشەوە بەڕێگای پێنجوین و سەردەشتدا دەهاتنە ناو خاکی ئێران بەشارەکانی نەغەدە و شنۆ، بەڕێگای خانەدا شۆڕدەبوونەوە بۆ حاجی هۆمەران و پشت و پێشیان لە کورد دەتەنی. بارزانی داوا لە ئەمەریکا دەکات هاوکاری سەربازیی ئێران لەگەڵ عێراق رابگرێت، وتیان ناتوانین ئەو کارە بکەین! ئیسرائیلیش پەیمانی دابوو گەر سنووری ئێران لە کورد داخرا، کۆمەکی پێویست لە

ئاسمانەوە لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا دابەزێنێت بەڵام هەر بەڵێن بوو، بەکردەوە هیچیان نەکرد یا هیچیان بۆ نەکرا. لێرەدا بارزانی بەناسۆرەوە دەڵێت: (دەترسم هەر هەموو بێویژدانەکان (ی جیهان ن.ك) گەلەکۆمەکەمان لێبکەن و تاك و تەنهاباڵ لە گۆڕەپانەکەدا بمێنینەوە و دەست بخەنە بینی کورد، بیتاسێنن)[٢٢٨]، کارەساتێکی نەتەوەیی گەورەبوو، پرسەی شۆڕشێکی مەزن و سەرکەوتوو بوو بەشێکی کورد لە قوڵایی دڵدا بەرگی رەشی ماتەمیان پۆشیبوو، وەك چۆن باوکێك جگەرگۆشەکەی لەباوەشیدا گیانی دەردەچێت،پێشمەرگەش بەو هەستەوە بەدیار تفەنگەکانیانەوە دەگریان و تروسکاییەکیان بەدینەدەکرد. زۆر ستەمە بیهێنیتە بەرچاو گرووپ و دەستەو تاقم هەبوون ئەو رۆژە رەشەی کوردیان بەجەژن دەزانی و پیرۆزبایی (ئاشبەتاڵی شۆڕشیان) لەیەکتر دەکرد و دەیانوت ئەمە ئەو رۆژەیە ئێمە بۆی دەگەڕاین.

هەرەسی شۆڕش و ئەو رەشبینی و بێ هیواییەی هەتا ماوەیەك بەدووی خۆیدا دەیهێنا، زەمینەیەکی لەباربوو بۆ تاوانبارکردنی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش، زۆر کەسیش کەوتنە ژێر کاریگەریی پروپاگەندەکانەوە. من وتوومە و دووبارە و چەند بارەی دەکەمەوە، بارزانی لە پێناو کوردا نا، گریمان هەر لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا، پاراستنی ناووناوبانگ و چل و دوو ساڵ خەبات و بیست و نۆ ساڵ سەرکردایەتی پ.د.ك و چواردە ساڵ رابەرایەتیی شۆڕش نادات بەدەم رەشەباوە،گەر بیزانیبا بەرگریکردن شتێکی لێ صەوز دەبێت. مامۆستا سەعید ناکام لەلاپەڕە ١٧١ ـ ١٧٢ ی بیرەوەرییەکانیدا نووسیوێتی ( دووای هەرەس لێپرسراوان هەندێك گەڕانەوە و ئەوانیدیکە لەمەهاباد، شنۆ، نەغەدە مانەوە و پێشمەرگەش لە ئۆردوگاکانی سەرسنوور " ورمێ، ئیلام وئەهواز "، ماڵی بارزانیش لەنەغەدەبوو، دکتۆر مەحمود لەوباوەڕەدابوو هەمووشتێکمان لەدەستداوە و بەمزوانە کورد خۆی ناگرێتەوە .ئاگادارکرام بچمە نەغەدە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی ... رەشماڵێکی درێژ هەڵدرابوو، زۆربەی مامۆستاو لێپرسراوانی شۆڕش ئامادەن، بارزانی هات و لەنزیك درگاوە دانیشت، وتی: دەزانم زۆرتان نارەحەتن هەندێکتان نائومێدن بەڵام دڵنیابن هەتا ٣سێ مانگ ولەوانەیە نەگاتە سێ مانگیش باری شۆڕش دەگەڕێتەوە ئەو رۆژەی لەو پەڕی گەشەو بەرزیدابوو، لەوانەیە شتی وابیبنن کەخەوتان پێوەدیوە .!)

رووداوەکانی ١٩٧٦ — ٢٠٠٦ زۆر شتیان بۆ ئەوانە روون کردەوە تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێن، ئەوەندەش شارەزای مێژووی خۆیان و گەلان نین لەکاتی پێویستدا بگەڕێنەوە سەریان و کەڵك لە رابردوو وەربگرن و بیانکەینە پەند و ئامۆژگاری و لەبەر رۆشناییەکانیان رووداوەکان شەن و کەو بکەین و بە هەڵسەنگاندن و بەراوورد بیانکەینە بەرنامەی کار. هەمووی بەسەریەکەوە چل ساڵ نابێت مێژوونووسی گەورەی کورد، دکتۆر کەمال مەزهەر نامەخانە و ئەرشیفەکانی سۆڤێت دەگەڕێت مێژووی گەلەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەکات و کەل و کونەکانی پڕدەکاتەوە و تەمەنی درێژ بێت چەند ساڵێکیشە سەرگەرمی پشکنینی ئەرشیفەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایە. جێگەی تێڕامانە رووناکبیران و مێژوونوسەکانمان ئاوڕێکی ئەوتۆیان لە هەفتەنامەکانی ژیان، ژیانەوە، ژین نەداوەتەوە کە تۆمارێکی بەنرخ و ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری ئەو سەردەمەی کوردە و خەرمانێك زانیاری و بەڵگەنامەیان

تێدان چەندین لایەنی نهێنی و شاراوەی یەکەمین حکومەتی عێراق و دەستەڵاتی بەریتانیا و پێوەندییەکانی کورد بەهەردوو لایەنەوە و تیشك خستنە سەر کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی پەرلەمانی عێراق و پەرلـەمانتارە کوردەکانی تێدایە، هەتا نەوشیروان مستەفا دەستی دەگاتـە هـەموو ژمارەکـان یـا بەشـێکیان و کـارێکی چاکیکردووە و ئەرکێکی پیرۆزی لەکۆڵ مێژوونووس و توێژەرەوە کردووە بەو هەموو لاپەرانەدا بچێتەوە بـۆ بەڵگەیەك یا چەند بەڵگەیەکی پێویست کە هەر هەموویان لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراون و لە ژێر ناونیشانی سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت دا چاپ و بڵاویکردۆتەوە.

## پێداچوونەوەیەکی هەڵوێستەکانی بارزانی و سەرکردایەتی

١- سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی پەلەکردن لـە هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، لەدیاریکردنی کاتو شوێنەکەیدا سەرکەوتوو نەبوون .

٢- نزیکبوونەوەی شای ئێران لە سەرکردایەتی شۆڕش و نـاردنی بڕێـك چـەك و دامـەزرانـدنی پەیوەنـدی هاوکاری ساڵی ١٩٦٦ دەستیپێکرد و تا دەهات فـراوانتر دەبـوو بـەڵام جگـە لـە بەرژەوەنـدی هاوبـەش و پێویستی هەردوولایان بەیەکتر، ئەوەی شۆڕش بۆیدەکرا دژی حکومـەتی عێـراق، بـە ئێـران نـەدەکرا، ئـەو توانایەی ئێرانیش هـەیبوو، شـۆڕش نـەیبوو وەك کردنـەوەی سـنوور، نـاردنی چـەك و ئازووقـە، هاتوچـۆی دەرەوە، تیمـارکردنی برینـدار و نـەخۆش.. هتـد بـەڵام ئـەو هاوئاهەنگییـە بنچـینەیەکی دامـەزراوو بەڵگەنامەیەکی نووسراوی لە نێوانیاندا نەبوو.

٣- شـۆڕش راسـتەوخۆ کـەوتبووە نێـوان دوو رژێمـی رامیـاری و دوو ئـاینزای جیـاوازو دژ بەیـەکتر و هەمانکات دوژمنی کوردیش ئـەوەش هاوکێشـەیەکە لـۆژیکی تیـدا نییـە و وەك گیرسـانەوەی زەوی وایـە بەسەرپشـتی ماسـیەکەوە، کۆمەڵـەی ئـازادی و ژیانـەوە و یـەکێتی کـورد (کاژیـك) سـاڵی ١٩٦٨ بەرچاوڕوونییەکی پێشکەش بارزانی مستەفا کرد لە پرسیارێکدا چڕ دەبوویەوە: چارەنووسی شۆڕشی کـورد بە چیدەگا ئەگەر لە عێراق کۆدەتایەکی سەر بەئێران یا بە پێچەوانەوە سەربکەوێت؟ ئاشـکرایە ئـەو کاتـە دەرووەکـەی سـنوور دادەخرێـت کـە شـۆڕش هەناسـەی لێـوەدەدات وەك دووای پـەیمانی جـەزائیر روویـدا و هەناسەی لە شۆڕشی کورد بڕی.

٤- رابەڕی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و رزگارکـاری گـەلانی عێـراق لـە رژێمـی شـای عێـراق و باڵادەسـتی بەریتانیا، سەرۆکی یەکەمین رژێمی کۆمار لە عێراقدا، گەر بەهەڵەدا نەچووبم بەرەگەزیش کورد بوو هەست و سۆزێکی گەرمی بەرامبەر گەلی کـورد هـەبوو، بـێ راپـەڕین و شـۆڕش، بـێ خوێنڕشـتن و دوژمنایـەتی لەماوەیەکی کورتدا ئەوەندەی دەستکەوتی مەزن بۆ کورد دابینکرد و لەیاسای کاتیی عێراقدا چەسپاندنی، شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی دووای شازدە ساڵ قوربانی و کوێرەوەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و شـازدە ساڵی دیکەی شۆڕشی نوێش هەتا راپەڕینە سەرکەوتووەکەی بەهاری ١٩٩١ کە بەسەریەکەوە دەکاتە سـی و دوو ساڵ ئەگەر بـەدیهێنابێت.. تـۆ وورد بڕوانـە ئـەو دەسـتکەوتانەی سـاڵی ١٩٥٨ بێئـەوەی دەسـتەو دامێنی رژێمە دوژمنەکەی شای ئێران ببین، دوور لەوەی تاوانبار بکرێین بە ئیسرائیلی دووەم، بێئەوەی هەر پەلێکمان بەدەست ئەهریمـەنێکی مـرۆڤ خـۆرەوە بێـت، بـێ راگـوێزانی دانیسـتووانی ئـەو هـەموو شـار و

شارۆچکه و گوندانه بۆ کۆمەڵگە زۆرەملییەکان وێرانکردنی کوردستان، دارمانی ژێرخانی ئابووری و شێواندنی کارەکتەری کورد و دابەزینی مۆراڵی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی و لە دەستدانی بەشێك لە بەها بەرزو پیرۆزەکان و بڵاوبوونەوەی نەریتی خۆفرۆشیی و جاشێتی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نامۆ و قۆزتنەوەی وەك ڕێگەیەکی ئاسان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و کۆکردنەوەی سامان لەسەر حسابی شۆڕشگێڕان و قوربانیدەرانی ڕێگەی کوردایەتی، لایەنە رامیاریی و سەربازییەکانی کوردیش بەجۆرێك برەویان بە دیاردەی جاشایەتی دەدا، ژمارەیەك لە سەرۆك جاشەکان شەرمیان نەدەکرد دەیانگوت جاشایەتی و پاشایەتی! هۆی تایبەتیش هەیە بۆ بوون بەجاش ئەگینا لە پێشمەرگە پێشمەرگەترین، ئەوەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێدەکەوتەوە،هەر بۆ نموونە فەرماندەی مەفرەزەیەکی هەواڵگریی میریی(موخابەرات)، ناسراو بە قالە گاور کە دەتوانین لە سەنگەری کوردایەتیدا جێگەی بکەینەوە دوای ئەنجامدانی پلانێکی مەردانە بۆ لەنێوبردنی مولازم موحسین نیشانەی جەربەزەیی و دەستوەشێنی خۆیی و خوشکەزاکانی بوو،دڵنیاش بوون کە کوشتوویانە بەڵام مولازم موحسین خوا نەیکوشت! بۆ سبەینێ لە هەمان شوێنی پەلاماردانەکەدا لە گەڕەکی مامۆستایانی سلێمانی یا لە پشت شەقامی شەست مەترییەکە قالە گاور شەهید دەکەن و خوشکەزاکانی کە سەر بەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕان بوون چوونە دەرەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای دەکردن و بزوتنەوەش دەیوت سەر بەئێمەن و هاتوونەتە ریزی شۆڕشەوە و پێشمەرگەن، لەم بێنەو بەردەیەدا چەندین پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران کە دیارترینیان شێرکۆی شێخ عەلی و جەمالی عەلی باپیر بوون. هاوسەرەکەی جەمالیش فەرماندەی مەفرەزەیەکی دەستگای هەواڵگریی عێراق بەنێوی حەمەی فەرەج مارەیکرد.(٢٢٩)

دێمەوە سەر کرۆکی باسەکە و هەڵوێستی دۆستانەی سەرۆك عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بەکورد و دەڵێم خوا پیاو خراپ بگرێت نێوانیان لەگەڵ کوردا تێکدا، ئۆباڵەکشی بەزۆری دەکەوێتە ئەستۆی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و هەندێکیشی دەکەوێتە ملی سەرکردایەتی کورد کە بووە هۆی لە دەستدانی ئەوهەلە مێژوویيە و هاتنە سەر کاری بەعسییەکان لە ١٩٦٢/٢/٢٣ دا.

٥- ئەو دەمەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بەعسی عێراق مۆرکرد، شۆڕش لە هێزو دوژمن لە بێهێزیدا بوو بەڵام مەترسییە ناوخۆییەکان ناچاریکرد، بەرژەوەندی لەوەدا بوو، سەرکردایەتی کوردیش بەپێی ئاووهەوای نێو دەوڵەتی دووی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان دەکەوت و لە شاری کوێران دەستی بە چاویەوە دەگرت!

٦- سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول پلانێکی بەغدای زۆر بەئاسانی بەسەردا تێپەڕی، چووە ژێر باری ماوەی چوار ساڵ بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی کوردستان، لەوێدا بەرنامە و پلانی بارزانی لەسەر ئەوە دامەزرابوو (پادار بگرە بێپا ماڵی خۆ) ئەو بەرنامەیەش لە رووی تیۆرییەوە پەسەندە ئەگەر لە پراکتیکیشدا هەروا بکەوێتەوە، بەڵام وا نەکەوتەوە.

٧ـ سەرکردایەتی شۆڕش هەڵەیەکی تاکتیکیشی کرد، هەر هەموو دامو دەزگاکانی بەڕێوەبردن لە سنووری ئۆتۆنۆمیدا سەر بەشۆڕش بوون وەك بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، پەروەردە، کشتوکاڵ، کارگەکان. ئەوانە و

سەرلەباری جەماوەری سەر بە شۆڕشی بانگهێشت کرد رووبکەنە شاخ و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن.

میریی عێراقیش ئەو هەنگاوەی سەرکردایەتی کوردی زۆر بە دڵبوو، شۆڕش بارێکی وەها قورسی ئەو هەموو خێزانەی بکەوێتە سەر کە زۆربەی هەرەزۆریان هەرجێگرن.. بەیەکێك لە دۆستە خۆشەویستەکانم، شەهید مامۆستا حەمە صالح فەرەج ناسراو بە صالح هێتلەر(٢٣٠) وت: بۆنایەیتە دەرەوە و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەیت؟ وتی: ئەوە بارێکی گرانە بەسەر شۆڕشەوە مەلا مستەفا دەبوو زۆر لەوە حەکیمتر بووایە، ئێستاش یەکێك کەمتر چاکتر، دەگێڕنەوە سەرداری دوو وڵاتی دژ بەیەکتر چەند صاڵ جەنگ و کوشتار یەکێکیان سەرناخات، ریش سپی و پیرە بەئەزموونەکان پیشنیازێك دەخەنە بەرچاوی سەرداری خۆیان، بە ناوی ئاشتبوونەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی٥٠٠ فیلی سپی بەدیاری بۆ دوژمن بنێرێت کە ئەوانیش باوەڕیان وایە فیلی سپی پیرۆزە وسەربڕینی تاوانێکی گەورەیە،جا چۆن بەخێویان دەکات با بیکات، مەگەر لەدەمی سەربازەکانی بگرێتەوە هەتا خۆراك نامێنێت و قات و قڕی پەیدا دەبێت.

٨- بارزانی مستەفا لە مانۆڕی رامیاری و سەربازیدا باڵا دەست بوو بەڵام نەدەبوو سەرکەوتنە بەرچاوەکانی لەو بوارەدا کەلەیەك کاتدا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو بلۆکی خۆرهەڵات بەسەرکردایەتی سۆڤێت و بلۆکی خۆرئاوا بەڕابەرایەتیی ئەمەیکادا هەبوو هەمانکات پەیوەندی دۆستانەی بە ئێران و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوو ئوردون و سعودیەشەوە هەبوو پاڵپێوەبنێن ئەو پەیوەندیانە لە عێراق نەشارێتەوە کە دەیتوانی هەر بەنهێنی بیانهێڵێتەوە بەڵام وەك مانۆڕو بۆ مەبەستی تایبەتی پلانەکانی دەیویست عێراق زۆر چاکتر بزانێت ئەو پەیوەندییانەشی هەیە بەڵام بەداخەوە بوونە هۆی گومان و دڵکرمێبوونی رژێمی بەغدا کە سەرکردایەتی شۆڕش بەدڵسۆزی لە چارەسەکردنی کێشەکان و ئاشتی و برایەتی راستەقینە نەهاتۆتە پێشەوە.. با ئەو راستییەش نەکەین بە ژێرەوە هەر کوردێکی دڵسۆز لە جێگەی بارزانی بووایە هەمان ئەو هەڵوێستانەی دەبوو، ئەمەریکا و ئێران و ئیسرائیل بەڕاشکاوی بەڵێنی پێدەدەن (شەڕ هەڵگیرسێنەوە بە عسیەکانی عێراق بەهەرچەکێك لە کورد بدەن هاوشانی ئەو چەکانەتان پێدەدەین) ئەوە یەك، دووەمیش کام بزوتنەوە، شۆڕش، دەوڵەت بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵنادات بیسەلمێنێت ووردو درشتی جەماوەری گەلەکەی لەگەڵدایە و لە هەر بارودۆخێکی شەڕو ئاشتیدا لە پشتییەوەن؟ بەڵام بۆ ئەو بارووەدۆخەی کورد پەناهەندەیی لە ئێران، بڕیاری ( هەرکەس دەنکە جۆیەکی شۆڕشی خواردووە) پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات لە جێگەی خۆیدا نەبوو، هەر بۆ نموونە دەڵێم میریی دەیتوانی رێگر بێت، بەڵام چونکە بە بەرژەوەندی خۆیی دەزانی هیچ رێگرییەکی لەپەیوەندی ئەو هەموو حەشاماتە نەکرد و زۆرێك لە سیخور و بەکرێگیراویشی تێکەڵکردن، لێرەشدا دووپاتیدەکەمەوە رووداوەکانی مێژوو بۆ ئەوانەی دروستیدەکەن هەمیشە بەیەك سەنگ و تەرازوو دەکێشرێت، ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا سەرکردەیەکی ژیر و بلیمەتە و لەفراوانترین دەروازەکانەوە دەچێتە مێژووەوە ئەگەر نا لە چاکترین باردا بەهەڵەی گەورە لەسەری تۆمار دەکرێت. نووسینەوەی نوێی مێژووی کورد دەبێت ئەو سنوورە بۆ سەرکردەیەکی وەك بارزانی بکێشێت نەك بیرو بۆچوونی جیاوازی من وتۆ. هەر بۆ نموونە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە نیوەی هێزو پێزی بارزانی نەبوو لە راپەڕینە مێژوویی و

سەرکەوتووەکەی بەهاری ١٩٩١ دا گەلی باشووری کوردستانی هاندا رووبکەنە شاخ، بەلام ئەمجارەیان جیاواز بوو، دەستکەوتی چاکی بەدووادا هات وەك پاراستنی هێلی ٣٦ و چەکوشی ئامادە و بڕیارێکی نێو دەولەتی پاراستنی کورد لە درندەیی رژێم و سوپای عێراق. بارووذۆخەکە لەبار و کەش و هەوای نێو دەولەتی گونجاو بوو، بەسەرکەوتن تۆمارکرا بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە بە هەموو لایەنەکانییەوە هێشتا ئەوەندەی بارزانی مستەفا جەماوەری نەبوو. نموونەی بەرچاویش لە مێژوودا زۆرن، هیتلەر پەلاماری رووسیای نەدایە، یابان بەندەری (بێرل هاربەر)ی بوردوومان نەکردایە، ئەلیکساندەر پەلاماری ئێرانی نەدایە، سپارتاکۆس بەسەر رۆمادا سەربکەوتایە هەریەکەیان شوێنێکی جیاوازیان لە مێژددا پڕدەکردەوە، ئیتر بمانەوێت ونەمانەوێت ئەوە بڕیاری سەخت و بنەبڕی مێژووە. بۆ باسەکەی ئێمەش ئەوانەی هەروا سەرپێی بڕیاریاندابوو زۆر بەهەلەدا چووبوون یا خۆیان لە راستییەکان گێل دەکرد و تفەنگیان بەتاریکەشەوەوە دەنا و رەگی لاملیان دەئاوصاند دیانوت (بڕیاری بەرگرینەکردن دووای پەیمانی جەزائیر تاوانێکی گەورەیە و تاوانەکەش بەرلەهەموو کەسێك لە ئەستۆی بارزانیدایە!) ئایا دووای دوو سال شۆڕش هەلنەگیرسایەوە بێئەوەی کوردقرانیش رووبدات؟ زۆرم لەگەل ئەو کەسانەدا دەوت، برای برام لەو بەرگرینەکردنەدا کوردێك لە هەمووان پتر زیانی بەرکەوت بارزانی مستەفا بوو، باوو باپیرانی لەو رێگەیەدا گیانیان بەختکرد، چل سال پتر خەبات و قوربانیدان و مالوێرانی و دەربەدەری بە با چوو، شۆڕشێکی مەزن و سەرکەوتووی سیازدە سالەیی لە دەست چوو، سەرکردەی سەرکەوتوترین شۆڕشی کورد پەڕەوازەی ولاتان بوو، تروسکاییەکی لەبەرگریکرندا بدیبایە، گریمان بۆ کورد نا، هەر بەخۆی و بەرژەوەندی تایبەتی بەرگریدەکرد و مایە و قازانجی نەدەکەوتنە گۆمەوە، ئێستەش کە ئەم دێرانە دەنووسم زۆربەی ئەو برادەرانەم دێتەوە یاد، ئەو شەڕە دەنووکانەمان دەکرد، هەندێکیان شەهید بوون، یا بەدەردی خوا مردن، هەندێکیشیان لە ژیاندا ماوون، زۆرجاریش دەموت بمێنین زۆرشت دەبینینن و زۆرشتمان بۆ روونددەبێتەوە و تەمەن چەندی بەبەرەوە هەبێت پتر بەلگەی سەلمێنەر بەچاوی خۆمان دەبینین کە بارزانی بەهەلەدا نەچووبوو (با بڕیاری بەرگرینەکردن بکەینە بڕیاری بارزانی) بەلام زۆر دروست و گونجاوو پڕ بە پێستی کارەساتەکە بوو، ئەگەرێکی لەوە باشتر لەبەردەستدا نەبوو مەگەر لای ئەوانەی پێشەکی بڕیاریاندابوو (بەبالێش بفرێت هەر بزنە!) و هەردوو گوێی خۆیان ئاخنیبوو، لەگەل یاساکانی لۆژیکیشدا نێوانیان تێکچووبوو، لەدەمی ئەوانەوە دەلێم (ئاشبەتال) و پرسیاریان لێدەکەم دووای مەرگی بارزانی چەند ئاشبەتالمان بینی، لەناچاریدا چەند لەشکری بێگانە هێنرانە ناوەوە بۆ دووبارە و سێ بارە نەبوونەوەی ئاشبەتال؟ سەرکردەیەکی فەلەستینی وەك هانی حەسەن کە دووای سەرکەوتنی شۆڕشە جەماوەرییەکەی گەلانی ئێران کە ئایەتوللا خومەینی دەستی بەسەراگرت، وەك نوێنەری دەستەلاتی فەلەستین دەگاتە تاران. مەسعوود بارزانی لەو رووەوە نوسیویەتی (خوا هەلناگرێت هاوکاری ئێمەشی دەکرد، وتی: هەتا ئێستا نەمدەزانی (پەیمانی) جەزایر چەند مەترسیدارە، ئێستا دەزانم بارزانی چ بڕیارێکی ژیرانە و دووربینی هەبوو کە کشایەوە ئێران ئەگینا کوردی دەخستە بەر شالاوی قەلاچۆکردن و سەرقڕانی کورد، کە دۆکیومێنتە نهێنییەکانی (پەیمانی جەزایر) م لە وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا بینی، دلنیا بووم ئەو پلانانەی

بۆتان چنرابوو ئەوپەڕی مەترسی بۆ دوواڕۆژی گەلەکەتان هەبوو)[٢٣١].

٩- کێشەکانی نێوان بارزانی و (م.س) قوولبوون و چارەسەرکردنیان ئاسان نەبوو، بەردەوام بە نهێنی و بەئاشکرا پەرچە کرداریان بەرامبەر یەکتر دەنواند لە پێناو چەسپاندنی دەستەڵات و بەلاداخستنی کێشەکان لەبەرژەوەندی لایەکیان، بارزانی یا (م.س) و رازگرەکەی دە دەستەڵاتی خۆیان بەدەستەڵاتی شەرعی هەرەباڵای پارتی و شۆڕش دەزانی و زۆرینەی سەرڕێژی دەنگەکانی سەرکردایەتی بوون و بە پێی پرۆگرامی ناوخۆی حیزب بڕیارە هەرە گرنگەکان لە سنووری دەستەڵاتەکانی ئەواندایە و سەرۆکی پارتی تەنها کەسێکە لە پلەی هەرەبەرزی پەیژەی سەرکردایەتیدا و لە دەنگەکاندا لەسەر بڕیارەکان خاوەنی دوو دەنگە و دەبێت ملکەچی بڕیاری زۆرینە و کۆنفرانس و کۆنگرە بێت. بەلای بارزانیشەوە دەستەڵاتەکانی سەرۆکی پارتی لەسەر و دەستەلاتەکانی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشەوەیە، پێکهاتەو ژیانی ناوخۆی پارتیش هەر لە دامەزراندنییەوە بەو جۆرە بووە.ئایاکەبارزانی لە سۆڤێت بوو سەرکردایەتی پارتی بڕیاری کۆتایی هەر هەنگاوێکی گرنگی بۆئەو نەدەگەڕانەوە و نوێنەری تایبەتی دەنارده سۆڤێت پرسی پێبکات و دووا بڕیاربدات کە نوێنەرێکیان جەلال تاڵەبانی بوو بەناوە نهێنییەکەیەوە کە(پیرۆت) بوو؟ دیارترین دەنگدانەوەی ململانێکە لە دوو هەڵوێستدا خۆینوواند، هیچکامیان لە جێگەی خۆیدا نەبوو:

١- بارزانی مستەفا زۆر بەزەقی رۆڵی رازگری (م.س) دەخاتە پەراوێزەوە و لەئاست و پلەی خۆیدا نایخوێنێتەوە کە جێگری سەرۆکی پارتییە و ئەوکاتانەی سەرۆك دووربکەوێتەوە، ئۆتۆماتیکی کەسی دووەم کە رازگرە ئەرکەکانی سەرۆك ئەنجام دەدات بەڵام بەداخەوە بارزانی کە دەچێت بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆکی دەسگای هەواڵگری ساواك و نوێنەری تایبەتی شای ئێران، ژەنەراڵ باکروان کە بۆ دیدەنی بارزانی هاتبووە حاجی هۆمەران، شێخ لە تیفی حەفید و کاکە زیادی کۆیە و هەباسی مامەند ئاغا دەکاتە جێگری خۆیی و ئەرکی بڕیارە گرنگەکان بەوان دەسپێرێت کە هەرسێکیان دەرەبەگ و لەخاوەن زەوییەگەورەکانی کوردستان بوون و ئەندامی پارتیش نەبوون، بەڵام نیشتمانپەروەر و دۆستی شۆڕش بوون و نازیشیان هەبوو.

٢- رازگری (م.س) ئیبراهیم ئەحمەد و هەرهەموو ئەندامەکانی (م.س) هەنگاوێك دەنێن لەوەی بارزانی نابە جێتر و زۆر قورستریش، هەڤاڵ و لایەنگرانی خۆیان کۆکردەوە و کۆنفرانسێك لەماوەت دەبەستن، یەکەمین بڕیاریان وەك چەخماخەیەك فتیلی بەرمیلێك باروت ئاگر بدات،تەقییەوە، تەقینەوەیەکی گەورە و ترسناك و هەڵبژاردنی رێگایەکی زۆر ترسناك و دژوار بۆخۆیان و رێرەوو چارەنووسی شۆڕشیش، زەنگێك بوو دڵ لەرزێن، نە دەنگدانەوە وبەردەوامبوونی و نەبێدەنگ بوونیشی لەبەرژەوەندی کوردایەتی نەبوو، هێزو توانای خۆشیان تاقیکردەوە لە کێشی بارزانیدا نەبوون، گەڕانەوە باوەشی شۆڕش و پەشیمان بوونەوە بەڵام ڤایرۆسی دەردەکە و ماکی برینەکان هەرمابوون و جەستەی شۆڕش و بزوتنەوەکەیان دادەڕزاند.

## هێڵە سوورەکان

بارزانی یەکێك بوو لەو سەرکردانەی لە سەرکەوتنیشدا پشتی لە داواکاری بەرامبەر نەدەکرد بۆ دانووساندن و رێککەوتن ئەگەر نیوە ناچڵ و ناوەندگریش بووبێت، هەندێك جار بۆ هەنگاوێك بەرەو پێش سازشی لەسەر هەندێك داواکاری شۆڕش یا میریی عێراقیش دەکرد، پەسەند کردنی ماوەی چوار ساڵەکەی

نێوان ١٩٧٠ — ١٩٧٤ بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ئاشتی نموونەیکە. بەدرێژایی تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول داواکاری هیچ رژێمێکی بەغدای نەداوەتە دوواوە بۆ گفتوگۆ و ئاشتی، لە هیچ رێکەتنێکیشدا دوژمن هەموو داواکارییەکانی (نەك هەموو مافەکانی کورد) شۆڕشی پەسەند نەکردووە، هەموو جارێکیش بارزانی و سەرکردایەتی دەمێك وەك کۆتری ئاشتی و دەمێك وەك پڵنگی چیا، شتێك لە ئێمە و شتێك لە ئێوە دەگەیشتنە ئاگر بەست و ماوەیەك ئاشتی و هێمنی کورت یا درێژ و کەمووزۆر هەندێك لە مافەکانی کوردیش دەسەلمێنران، بەڵام کار دەهاتە سەر هێڵە سوورەکان وەك (گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و خاکی عێراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب) کە بڕگەیەکی سەرەکی یاسای کاتی و دروشمێکی شۆڤێنی چەند رژێمێکی عێراق بوو، کەرکووك و ناوچەدابڕاوەکانی وەك خانەقین و شەنگار.. هتد زۆر سەرسەخت و پێداگرتوو، بەتایبەتیش لەسەر کەرکووك شەڕی ژیان و مردنی دەکرد..

(١٩٧٠/١/٢٨ شاندێکی باڵا و قەبەی میریی هاتنە نێو پردان بە سەرۆکایەتی حەردان عەبدولغەفار و ئەندامێتی عەبدوڵڵا سەلووم سامەرائیی، مورتەزا حەدیسی، سەعدوون غێدان، سەمیر نەجم، عەمید روکی ئیسماعیل تایە (تائە — تایە) نعێمی، بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، عەمید روکن موحەممەد عەلی سەعید، راوێژکاری یاسایی وەلید فەتتاح زەڵت، عەزیز شەریفیشیان لەتەکدابوو. لەمیانەی وتووویژدا عەبدوڵڵاسەلووم دەڵێت کەرکووك کوردستان نییە،کێ دەیسەلمێنێت وانییە؟ بارزانی بە توڕەییەوە دەڵێت من دەڵێم کوردستانە(دەیسەلمێنیشم کوردستانە ن.ك) وریابە، نەڵێیت کوردستان نییە بڵێ داگیرمانکردووە. هەتا کوردێك لە کەرکووکدا بمێنێت، ئەوەش چاکبزانە هەرگیز دەستبەرداری نابین)[٢٣٢].

**بارزانی کە دەڵێت دەیسەلمێنم کەرکووك کوردستانە، نموونەیەکی زۆر جوان و بەڵگەیەکی بەهێز بۆ شاندەکەی میریی دەهێنێتەوە نیشانەی هاتنە دەست و قسە سواری و سەلماندن بەبەڵگە بوو، ئەم چیرۆکەم دەماودەم بیستووە، بارزانی سینییەك هەڵدەگرێت و دەڵێت ئەمە سینی منە، من خاوەنیم و ئێوە مافێکتان تێدانییە، ئێستە هەریەکەتان شتێکی تایبەتی خۆیی لەسەر دابنێت، شاندەکە، یەکێك تەزبیحەکەی، یەکێك چەرخەکەی، یەکێك پاندانەکەیی و بەوجۆرە. ئەمجا بەرزانی دەپرسێت:**

**- ئەو شتانە هی کێن؟**

**- شتی ئێمەن.**

**- ئەی سینییەکە؟**

**- سینییەکە هی تۆیە.**

**کەرکووکیش هەمان شتە، تورکمان، عەرەب، ئەرمەنی و کلد و ئاشوورییان بۆ هێناوە و لەوێ دەژین، هاوڵاتی کوردستانین بەڵام خاکەکە کە کەرکووکە خاکی کوردە و کوردستانە.**

شاندەکە دەمیان دەبێتە تەڵەی تەقی و خێرا بابەتەکە دەگۆڕن.

ڕۆژی ١٩٦٤/٨/١٧ هێزێکی (م.س) بەهاوکاریی لۆجستی ئێران دێنەوە ئەمدیو رووە و ناوچەکانی شلێر، سیوەیل، پێنجوین و بەهێزێکی پێشمەرگەدا هەڵدەپرژێن و لەشەرێکی سەخت و خوێناویدا سەرکەوتنێکی کاتیان بەدەستهێنا. بارزانی کە تازە لەناوچەکە گەڕابووەوە دووبارە دەگەڕێتەوە و هەتا

دەگاتە سەر سنوور پشوو نادات، ئەمجارەیان و لەم گوژمەدا هێزەکەی (م.س) خۆینەگرت و کشانەوە ئەدیو سنوور. بارزانی پێشتر لێپرسراوانی ئێرانی ئاگادارکردبوو دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی شۆڕش چەندین کێشەی بۆ پەیداکردووین، خۆتان لەو کارانە بپارێزن دۆستایەتیتان دەکەین. بەڵام ئەمجارە توند رایچڵەکاندن (تاکە کەسێکی ئەوانە بێتەوە ئەمدیو، دێمە ئەودیو شۆڕشێك لە کوردستانی ئێران هەڵدەگیرسێنم)[٢٣٣].

صاڵی ١٩٧٤ و لەکاتێکی زۆر ناسکدا چەند ئەندامێکی ناسراوی بنەماڵەی بارزانیـان، شـێخ عوسمـانی کوڕی شێخ ئەحمەد، عوبێدوڵڵا و لوقمانی کوڕانی بارزانی کە باوك برای ئیدریس و مەسعود بارزانین جگـە لە دووئەندامی باڵای سەرکردایەتی و دەسگای پاراستنی شۆڕش، هاشم ئاکرەیی و شـەکیب خۆیانگەیانـدە بەغدا و چوونە پاڵ دوژمن، رووداوێکی سادە نەبوو، لەکێشی رووداوە قورسـەکاندا بـوو، زیـانی شـۆڕش و بەرژەوەندیی دوژمنی تێدابوو، بەخەویش هەڵی زێڕینی وەهایان نەدەبینی کەسایەتیی وەها گرنگ بەرپرسی باڵا بە پێی خۆیان بچن و پەیوەندییان پێوەبکەن،دیارە ئەوەش دەمێك بو کاری بۆ دەکرا.

ئەو کەسانە دژی شۆڕش و کوردایەتی نەبوون، کێشەو ناکۆکی تایبەتی خێزانییان لەگەڵ خودی بارزانیدا هەبوو، صالآنی سەرەتای شۆڕش ناووناوبانگی لوقمان بارزانی چکێك لـە خـوار بارزانییـەوە لـە بەشـداری راستەوخۆی شەرەکان بەڕێوەبردن و چاودێری بەرەکانی شەڕ، بەصەدان کـورد لـە خۆشەویسـتی ئـەو کـوڕی خۆیان بەناویەوە ناودەنا و بەمەلا مستەفاش دەوترا بابی لوقمان.. سەرکردایەتی بەعسی عێراق دەیویست بەبارێکی دیکەدا پیشانی بدات و لە رووی رامیـاریی و پڕوپاگەنـدەوە زۆرتـرین کـەڵکی لێوەربگرێـت وەك چەکێکی کاریگەر دژی (سەرکردایەتی خێڵەکیی) بارزانی کە سەرەڕای هێزەکانی دیکەی کورد(مەبەستیان باڵەکەی مەکتەبی سیاسیی ـ جەلالییەکان بوو) لەگەڵ کوڕەکانیشـیدا رێکناکـەوێت وجگـە لـە کۆمـەڵێك لێپرسراوی دەوروپشتی خۆی کە پەیوەندیی گوماناویان بەلایەنی دەرەکییەوە هەیە و پێشـمەرگەی سـادە و ساویلکەش کە ئاگای لەهیچ نییە ئیتر لەگەڵ هەموو هێزو لایەنەکانی کورددا کێشەی هەیە. سەرکردایەتی بەعس عوبەیدوڵڵامستەفا بارزانی دامەزراند بە پلەی وەزیـری دەوڵـەت (وەزیـری بـێ جانتـای وەزارەت) و چەندین پلان و پڕۆژەی رامیاریی و سـەربازیی لەسـەر دارشـت بـەڵام برووسـکە تونـد و تیژەکـەی بـارزانی ریسەکەی کـردەوە خـوری و خەوەکـەیان نەهاتـە دی (دەستخسـتنە کێشـەی نـاوخۆی بنەمالـەی بارزانیـان یاریکردنە بە ئاگر، نەخەڵەتابن دووبارەی بکەنەوە)[٢٣٤]

## نهێنییەکانی سەرکەوتن و مەزنیی بارزانی

دەشێت خوێنەری هێژا بپرسێت، باشە خۆ بارزانی و بارزانیان سووپەرمان نەبوون! پرسیارێکی بەجێیـە و هەوڵدەدەم وەڵامێکی خوێنەر بدەمەوە بەرچاوی روونتربێتەوە و ئەگەر دوودڵییەکی هەبووبێت دڵنیـا بێـت. دەستپێك راستییەك بەبیردەهێنمـەوە، ئـەو دیسـپلینەی بارزانیـان لەگـەڵ شـیردا خواردوویانەتـەوە و پێـی گۆشکرابوون لە نێو هیچ هۆزێکی ئەم سەرزەمینەدا ئەگەر بێ وێنە نەبێت، وێنەی کەمە، ئەوە یەکێکە لە نهێنییەکان. **شاعیری هەرەمەزنی عەرەب، موحەممەد مەهدی جەواهیری وتوویەتی:**

**بـارزان يا لغزا تعاصى حَلّهُ عبر          القرونِ الغبر فهو مُكلسمٌ**[٢٣٥]

**واتا: بارزان ئەی ئەو مەتەڵەی هەر لە سەردەمانی رابردووەوە شیکردنەوە و تێگەیشتنی نهێنییەکانت سەختن چونکە مەتەڵێکی ئەفسوونبەندیت.**

بارزانیان سەرەڕای قوربانیدان و وێرانکردنی ماڵ و حاڵ و خاپوورکردنی گوندەکان و لە دەستدانی هەرچی هەیانبوو لە ئاژەڵ و سامان و دارایی، نەجارێك چەندین جار و ژیانی دەربەدەریی و زیندان و داخستنی هەموو دەرگاکان بەڕوویاندا کۆڵیان نەدا و چۆکیان نەلەرزی و وورەیان نەنەوی لە خەبات و تێکۆشان ساردبنەوە، شیرازەی یەکڕیزییان نەشێوا، یەکدڵی و یەکدەستیان گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، دەگمەن بارزانییەك چەکی دانابێت چجای پشتکردنە گەل و چوونە پاڵ دوژمن. راستە سووپەرمان نین بەلاّم پەروەردە و گۆشەکراوی ئەو بەرنامە توندوتۆڵەن هەر لە سەر پشتی بێشکەوە توند دەپێچران و بەشریخەی تفەنگ و گرمەگرمی فڕۆکە و تەقینەوەی بۆمب و بۆنی باروت و دوکەڵی داروپەردووی گوند و پەنا بردنە بەر چیا و ئەشکەوت و فرمێسکی دایك و ناڵەی بریندار و هێرش و پەلامار و کشانەوە و خۆ بزرکردن و سەرهەڵدانەوە و لە نێوان ترس و هیوا و بەزەیی ودڵرەقییدا بەوژیانە رادەهاتن کە جەواهیری بەمەتەڵێکی تەلیسماوی ناویدەبات. ڕەنگرێژی بەرنامەی پەروەردەکردن و ژیانی بارزانیان شێخ عەبدولرەحمان، شێخ عەبدوڵلا و شێخ عەبدولسلامی یەکەم بوون، لەسەردەمی شێخ موحەممەد و شێخ عەبدولسلامی دووەم و شێخ ئەحمەدیشدا برەویان پێداوە بۆ پتەوکردنی دیوی ناوەوەی کەسایەتی تاکەکان و پێکەوە گرێدانی هەست و نەست و خواستەکانیان بە خودی شێخی بارزانەوە کە بەرزترین پلەی دەستەلاّتی ئاینیی، رامیاریی، سەربازیی و کۆمەلاّیەتییە لە نێو هۆزی بارزانیاندا. بارزانی مستەفا سەرۆکی گەورەترین رێکخراوی رامیاری کورد و سەرکردەی شۆڕشی ئەیلولیش بوو بەلاّم لە نێو بارزانیاندا دەستەلاّتی نەدەگەیشتە ئەژنۆی خودانی بارزان شێخ ئەحمەدی براگەورەی! نهێنی خۆراگری بەرزانی و بارزانیان هەر لە ١٩٣٣ەوە و سەلماندنی بارزانی سەرکردە لە ١٩٦١ەوە کە چیایەکە هەر دوژمنێك قۆچی لێبدات قۆچی دەشکێت. لەسەدەی بیستەمدا کە باوی ئەفسانە نەمابوو، لە سنووری ئەفسانەدا وەك نمونەیەکی زیندوو توانا و لێهاتوویی و کاریگەری خۆی سەلماند بەسەر هۆزە ناحەزە دراوسێکانەوە، زێباری، هەرکی، سوورکی، شێخ رەشیدی لۆلان، حەمە رەشید خانی ژەنەڕاڵی کۆماری کوردستان، هێزە کوردە نەیارەکانی کۆماری کوردستان، هۆزە تورکمانەکانی کوردستانی خۆرهەلاّت، لە شکری ئێران، عێراق و تورکیاش، لەشکری عێراق سەردەمی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم، رژێمی بەعسییەکانی ١٩٦٣/٢/٢٣، رژێمەکەی سەلام عارف، رەحمان عارف، پاسەوانانی نەتەوەیی (الحرس القومی)،باڵەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، جاش بەهەموو مۆدێلە جیاوازەکانییەوە، رژێمی شای ئێران... کەسێك بەڵگەیەکی لەبەردەستدایە دوژمنەکانی کورد بەگەلەکۆمەکە و پلانی ژێر بەژێر نەبێت سەریان گەیشتبێتە ئەژنۆی بارزانی بەلاّم بەگەلەکۆمەکی نامەردانە فێربوون وەك نموونەکانی ساڵانی ١٩٤٥، ١٩٤٧، ١٩٧٥ تەنانەت لەوەشدا هەرخۆیان سووك و ریسوا و ترۆ کرد، شای ئێران، هەواری بۆمیدێن، صەددام حسێن و تەنانەت کیسنگەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش رۆژێکی رەشیان هاتەوە رێ. بارزانی سەرکردەبوو، سەرکردەیەکی سادە، ئاگاداری کێشەکانیان بوو، جیاوازی لە نێوانیاندا نەدەکرد، دڵی دەدانەوە،

پێویستییەکانیانی لەبەرچاو بوو هەتا جێبەجێی دەکردن، هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیی دەکردن، لەهێرش بردن و ڕووبەڕووبوونەوەشدا لە شان یەك دووانێکەوە سەنگەری دەگرت و لەپەنا بەردێکدا پارووەنانێکیان دەخوارد و سەرخەوێکیان دەشکاند، قسەی هیچ فەرماندەیەك پێش قسەی نەدەکەوت، هەنگاوی هیچکامیشیان پێش هەنگاوی نەدەکەوت لە چوونە پێشەوە و هێرش و گیانبازیدا. نموونەیەکی زۆر دەگمەنە، پێشمەرگە هەرگیزا و هەرگیز لەهیچ بارودۆخێکی دژواردا کە تەنها موویەك لە نێوان ژیان و مردندا دەمینێتەوە پشتی سەرکردەکەی چۆڵنەکات وەك بارزانیان و بارزانی. هێشتا نەبەبیستن و نە بەخوێندنەوە نموونەیەکم لەبەردەستدا نییە پێچەوانە بێت. پێدەچێت هەندێك کەس بڵێن ئەوە هونەر نییە، بارزانی پێشمەرگەکانی لەبارودۆخێکدا دەژیان و چارەنووسیان پێکەوە بەسترابوو. باشە، دەیسەلمێنم. ئەی دووای یازدە ساڵ ژیانی هێمن و تێروتەسەلّی بێ گریو گۆڵ لە سۆڤێت کە هیچ پێویستییەکیان بە بارزانی مستەفا نەبوو زۆربەی هەرەزۆریان دووایکەوتن و گەڕانەوە کوردستان و بێ سێودووش ژیانە تاڵەکەیان هەڵبژاردەوە و چەکی شۆڕشیان کردەوە شان و بوونەوە بەردی بناغەی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول کە ژمارەیان پێنج سەد مرۆڤ پتر بوو، هەر بۆ نموونە حەمید کاوانی، حەسۆ میر خان ژاژۆکی، میرحاج ئاکرەیی، عیسا سوار، ئەسعەد خۆشەوی، عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی، حاجی بیرۆخی، مەلا شنێ، هورمز مەلەك، مەلا باقی، مەلا ئەمین، مەحموود شوان، سەلیم چەلەبی، مەلا ئەمین هوستانی، ئەحمەد مستەفا کانیالنجی، عەلی شەعبان، عەزیز دۆڵە مەڕی... زۆریشیان لەوپێناوەدا شەهید بوون وەك ئەسعەد خۆشەوی، حەمید کاوانی، عیسا سوار، حەسوو میرخان.

ساڵی ١٩٦٧ بەرلە هەڵگیرساندنی شەڕی عەرەب و جوولەکەی مانگی حوزەیران دووەمین شاندی میریی دەگاتە گەلاڵە — پێتەختی شۆڕش بۆ هەمان مەبەستی شاندەکەی پێشوتر لە زمان میریی عێراقەوە تکا لە بەرزانی بکەن گەلانی عەرەب، با ڕاستتر بڵێین فەرمانڕەواکانی عەرەب چونکە هیشتا گەلانی ڕۆژهەڵات بڕیاری شەڕ و ئاشتییان لە دەستدا نییە. تکا لە بارزانی بکەن پەلاماری جوولەکە دەدەین، لەوماوەیەدا کە کەرتەکانی سوپای عێراق بەرامبەر ئیسرائیل دەجەنگێن، هێزەکانی پیشمەرگە هێرش نەکەنە سەر سوپای عێراق. جگە لەوە داوای ڕاوێژ و پشتگیریشی لێدەکەن. لەکاتێکدا سەرکردەکانی عەرەب بەتایبەتیش لە میسر، سووریا، ئوردون و عێراق بە هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانیانەوە، بەو هەموو لەشکر و سوپایەوە، دەسگاکانی هەواڵگری ناوخۆو دەرەوە، بنکەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان، هەموو گەلانی عەرەب و مسوڵمانانی جیهان و سەرکردە عەرەبەکانی دیکەش کە م و زۆر دوورا و دوور پشتیوانیان بوون جگە لە ڕووسیای سۆڤێتی زل و زەبەلاح، هەر هەموویان دڵنیا بوون دوا ڕۆژی ئیسرائیل و جوولەکە لەناوچەکەدا کۆتایە و ناویان لەسەر نەخشەی جیهان دەسڕنەوە، سەرکردایەتی سۆڤێتیش قۆڵی خۆی هەڵکردبوو بەهێزترین بنکەی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا نامێنێت و سۆڤێت جێگای ئەمەریکا دەگرێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا.. بەڵام بارزانی لەوەڵامدا پێچەوانەی بووچوونەکانی ئەوان بوو، وتی ئێوە هاتوون داوای هاوکاریی و ڕاوێژمان لێدەکەن، چاکترین ئامۆژگاری و پشتگیری ئێمە ئەوەیە هەر ئێستە شەڕ بووەستێنن (جگەرەکێشێك دووای دەستپێکردنی گفتوگۆکە شەڕ دەستی پێکردبوو) و هێزەکانی

نەتەوە یەکگرتووەکان بگەڕێنەوە خاڵەکانی ئاگر بەست، ئەگەر ئەوەشتان بۆناکرێت وا چاوەڕوان دەکەم تووشی زیانێکی گەورە دەبن و سوپاکانی عەرەب کارەساتێکی سەربازیی قورسی بەسەردا دێت.

کوردی ناحەز و نەیار، بەعسییەکان، کۆمۆنیست، چەپی توندڕەوی کورد، میدیاکانی عەرەب، بەردەوام فوویان پێدا دەکرد و پڕوپاگەندەی ژەهراوویان دژی شۆڕش بڵاودەکردەوە کە یاخیبوونە چەکدارەکەی باکووری عێراق پلانی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی نەوتە بۆ لاوازکردنی عێراق و گێرانەوەی بۆ باوەشی خۆرئاوا و لەهەمان کاتیشدا هەوڵێکی نەزۆکە بۆ دابڕینی خەباتی هاوبەشی چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشانی کورد و عەرەب لە یەکتر و ڕێگە گرتن لە خەباتی چینایەتی بەرە و رزگاری و گەیشتن بە سۆسیالیزم و دەستەڵاتی چینی پرۆلیتار... سەیر لەوەدایە ئەم بەند و باو و قسەی ناو کتێبانە کە وەك (وڵاتی جەلقاو پەلاوی خانەقا) وەهایە، ناویان هەیە و بوونیان نییە، لەسەردەمێکدا بازاڕی گەرمبوو، چینی پرۆلیتار لە کوردستان و عێراقیشدا هێشتا سەریهەڵنەدابوو، سەریش هەڵنادات، بەتایبەتیش دووای کوێربوونەوەی ماڵە باوان و هەرەسی قەڵای چەوساوەکان و گەلانی ژێر دەست و دەرکەوتنی مەردی مەیدان گۆرباتشۆڤی مەزن کە بە تەنها هەنگاوێك، بەڵام چۆن هەنگاوێك، سەد ساڵ پتر دەستەڵاتی تیۆری مارکسیزم و حەفتا ساڵ پتر دەسەڵاتی پیادەکراوی مارکسیزم — لینینزم بەدوو پەنجە دەپێچێتەوە و توڕیدەداتە قوژبنێکەوە یا دەیدات بەدەم باوە.دەڵێم سەردەمی ئەو بەیت و باڵۆرە بێناوەڕۆك و چەواشانە، کرێکارێکی نەشارەزا، فرۆشیارێکی دەستگیر، پیشەکارێکی سادە، شۆفێرێکی تەکسی، شۆفێری بارهەڵگرێك، گوزەران و ئاستی ژیانی لە فەرمانبەرێك و مامۆستایەك کە بەلای ئەو برادەرانە و مامۆستاکانیانەوە ئەوە چینی بورژوای ناوەندن بەرزتربوو، چینی پرۆلیتاری کورد و عەرەب لە عێراق کە خێریاندەکرد، بەرلەهەمووان بۆ ماڵە مامۆستای فێرگەکانیان دەنارد چونکە لە هەموو چینە دەستکورتەکان پەریشانترن! چینی مامۆستا لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ دڵسۆزتر و قوربانیدەتر بوون، ڕێژەی خۆفرۆشیش لە نێویاندا زۆر لە خوار بوو، بۆخۆم مامۆستای فێرگە بووم، ناڵێم مامۆستا فریشتەیە بەڵام پیشەکەی مەیدانی قاچ و قووچ و دزی تێدا نەبوو مەگەر دەباشیری بفرۆشتایەتەوە، ئەویش لەژێر چاکەتەوە هەموو بازاڕ بگەڕایە کیلۆیەك دەباشیر نیوکیلۆ پیازی ووشکی نەدەکرد. دەڵێ بارزانی بۆ ئەو (بلوێر ژەنە جادووگەرانە) و دەهۆڵی دڕاویان لە پاریزدا بوو بەپشتدا بیانخاتە چاڵەوە، بڕیاریدا کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی پەترۆڵ و ئاغاکانیان ووریا بکاتەوە، چ شوێنێك زۆر کاریگەرە و بەرژەوەندی سەرەکی تیدایە، چ جومگەیەك ناسك و بەئازارترە، گورزی شۆڕش لەوشوێنە بوەشێنێت، چاڵە نەوتەکانی بابەگوڕگوڕ و دەسگاکانی پاڵاوتن و بەڕێکردنی نەوت لە کوردستانی بێبەش لەو سامانە گرنگە بۆ دەرەوەی وڵات و بانگەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا.. ئۆپەراسیۆنێکی گەورە و سەرکەوتووی هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و کادیرانی پارتی بارەی لە میریی عێراق و کۆمپانیا چاوچنۆکەکانی هەستاند چیتر سامانی کورد نەدزن و کوردی پێ بکوژن.

دەمێنێتەوە سەر خاڵێك، ئەو نهێنییە لە چیدایە، هەرهەموو هێزەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی لە کوردستانی باشوور وخۆرهەڵات و باکوریش: پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق( مەسعود بارزانی) .

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ کۆڕەك(نەوشیروان مستەفا).
بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان (سەیدا صالح یووسفی و نووری شاوەیس).
بزوتنەوەی شۆڕشگێڕان( ڕەسووڵ مامەند،محەمەدی حاجی مەحموود).
پارتی کۆمۆنیستی عێراق (عەزیز محەمەد، کەریم محەمەد).
پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆك (مولازم کەریم سەلام،مولازم شوان،ئازاد مستەفا).
هێڵی پان/گشتیی(جەلال تالەبانی)،بزوتنەوەی شۆڕشگێڕان (نوێ) مامۆستا عەبدوڵڵا وجەمال حەکیم .
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (قادر عەزیز و عیماد ئەحمەد).
ئاڵای شۆڕش ـ حیکمەت حەمە کەریم (مەلابەختیار) و نەجمەدین عەزیز(سالارعەزیز).
پارتی گەل ـ محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی عەبدولرەحمان).
بزوتنەوەی ئیسلامیی ـ مەلا عوسمان، مەلا عەلی، مەلا کرێکار(نەجمەدین فەرەج ئەحمەد).
یەکگرتووی ئیسلامی(سەلاحەدین بەهادین).
پ .د .ك . ئێران(د. ئەوڕەحمانی قاسملو،سەعیدی شەرەفکەندی، عەبدوڵڵای حەسەن زادە).
شۆڕشگێڕانی کوردستان ـ جەلیل گادانی) .
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران (عەبدۆڵڵای موهتەدی).
پارتی کرێکارانی کوردستان( عەبدوڵڵا ئۆجەلان) کزو لاواز ولە پاشەکشەدان و جێگە بۆ پارتی چۆڵدەکەن؟ خوێنەر سەرپشکە بۆ وەڵامدانەوە.(٢٣٦)

## پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم

١- بڕوانە پێشەکی شەرەفنامە، هەژار موکریانی.
٢- کلۆدیوس جیمس ریج، گەشتی ریج بۆ کوردستان محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی، تەوێز، ١٩٩٢ لا. ١٧٦.
٣- هەژار موکریانی پێشەکی شەرەفنامە.
٤- مەسعود بارزانی، البارزاني و الحركه التحرريه الكورديه، جـ٣ أربيل ٢٠٠٢.
٥- مامخان شیروانی، بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان. جـ٢. ١٩٩٥ ل/١٣.
٦- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٧- بەدەستکارییەوە لەلاپەڕە ١٢-١٣ ی هەمان سەرچاوە.
٨- هەمان سەرچاوە ل/١٨.
٩- هەمان سەرچاوە ل/١٣.
١٠- سەيید تەها نەوەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهرییە، هاوکاریی شۆڕشەکەی عەرەبی عێراق دەکات بە سەرکردایەتی عەبدولموحسین سەعدون ئەوەش بە پێی ئەو بەرنامەیەی لەسەری ڕێککەوتبوون عەرەب و کورد و دیان لە عێراق و تورکیا و ئێران شۆڕشێکی فراوان دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسێنن.
١١- یا ڕۆژی ١٩١٥/١/١٤.
١٢- أبو شوقي (أعداد) لمحات من تأريخ الأنتفاضات و الثورات الكردية ص ١٤٦.
١٣- ڕەفیق حلمی، یادداشت، ب١ بغداد ١٩٥٦ ل/١٤٤.
١٤- هەمان سەرچاوە ل/٢٨١.

١٥- هەمان سەرچاوە ل/٢٣٥.
١٦- جلال الطالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية. بغداد، ١٩٦٨.
١٧- رەفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو ل/٢٨١ – ٢٨٢.
١٨- بڕوانە پێشەکی شەرەفنامە، چاپی کوردی.
١٩- هەمان سەرچاوە.
٢٠- عزيز برخو عزيز، الآشوريون. ستوكهولم ١٩٨٥ ص ١٥٠.
٢١- يوسف ملك، الخيانة البريطانية للآشوريون. سنة و مكان الطبع بلا. ص ٢٤١.
٢٢ـ هەژاری موکریانی، پێشەکی شەرەفنامە، چاپی کوردی، هەروەها بڕوانە شەوکەت شێخ یەزدین، بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس ل/٤٦٢ – ٤٩٢.
٢٣- مامخان شیروانی، سەرچاوەی پێشوو ل/١٨.
٢٤- دەڵێن لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا.
٢٥- مامخانی شیروانی، سەرچاوەی پێشوو ل/٨٣.
٢٦- كمال مظهر. الدكتور، كردستان من سنوات الحرب العالمية الأولى . ط٢ بغداد ١٩٨٤ ص ٤٩.
٢٧- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٢٨- هەمان سەرچاوە ل /٥٢.
٢٩- پێشەکی شەرەفنامە، سەرچاوەی پێشوو.
٣٠- ابو شوقي. لمحات. ص١٤٨.
٣١- گۆڤاری کادر – بڵاوکراوەی ناوخۆیی پدك ژ/٩/١٩٧١.
٣٢- شەمزینی ل ٤٨ پەراوێزی ژمارە/١٢.
٣٣- تفرشيان، زربخت، قيام افسران أيران گۆڕینی ش . ش یەزدین لەفارسییەوە.
٣٤- شەمزینی هەمان سەرچاوە ٤٩٨ – ٥٠.
٣٥- هەمان سەرچاوە ل/٥٠.
٣٦- موحەممەد قودسی و ماجید مستەفاش لە ئەندامانی لیژنەی ئازادی بوون – ماجید مستەفا ١٨٩٦ – ١٩٤٧ چەند جارێك پۆستی موتەصەریف و وەزیری وەرگرتووە.
٣٧- پلەی سەربازی ئەو ئەفسەرە کوردانەی سوپای عێراق وەك بەکر عەبدولکەریم حەوێزی – نووسیوێتی، مستەفا خۆشناو رەئیس (نەقیب)، عیزەت عەبدلعەزیز رەئیس ئەوەل روکن، میرحاج ئەحمەد رەئیس. روانە بیرەوەییەکانی بەکر عەبدولکەریم حەوێزی – رئیس ل/ ٣٨، ٣٩.
٣٨- نیشانەکانی پرسیار من دامناون.
٣٩- شەوکەت شێخ یەزدین، سەرچاوەی پێشوو ل/٥١.
٤٠- هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ١٣ل /١٥.
٤١- ماجید مستەفا یەکێکە لەسەرکردەکانی حیزبی هیوا بەڵام دەست لەگەڵ میری عێراق تێکەڵاو دەکات و لە پێناو پۆستی وەزیرێدا ناپاکیکرد. بڕوانە کوردستان و شۆڕشەکەی دکتۆر جەمال نەبەز ل/٢٢١-٢٢٢.
٤٢- ئەو لیژنەیە لە نێو شۆڕشدا ناسرابوو بە لیژنەی ئازادی.
٤٣- أبو شوقی، سەرچاوەی پێشوو ل/١٥١ – ١٥٢.
٤٤- شەمزینی هەمان سەرچاوە ل/٤٥.
٤٥- شەوکەت شێخ یەزدین سەرچاوەی پێشوو ل/١١.
٤٦- نەجەف قولی. لەمەهابادی خوێناوییەوە وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین ل/١٢.

٤٧- بەکر عەبدولکەریم حەویزی لە یادداشتەکانیدا دەڵێت نووری ئەحمەد تەها مولازمی یەکەم بوو.
٤٨- شەمزینی عەزیز، دکتۆر ل/١٢.
٤٩- هەژاری موکریانی، سەرچاوەی پێشوو.
٥٠- هەمان سەرچاوە.
٥١- مسعود البارزانی، سەرچاوەی پێشوو ل/٤١٩.
٥٢- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٥٣- شەوکەت شێخ یەزدین، سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ل/٥٠٥.
٥٤- نەجەف قولی، لەمەهابادی خوێناوییەوە، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین — هەولێر (٢٠٠ ل /٢٠١).
٥٥- هەمان سەرچاوە ل/١٩١.
٥٦- هەمان سەرچاوە ل/١٩٣.
٥٧- هەمان سەرچاوە ل/١٩٤ — ١٩٥.
٥٨- دەنگی مامۆستا (لەشاخ) ژمارە ؟ کۆتایی ١٩٧٤، هۆنراوەی ئەی فەلەستینە پیرەکە. نوری کەریم.
٥٩- نەجەف قولی ل/١٢.
٦٠- هەمان سەرچاوە ل/١٩٥ — ١٩٦ .
٦١- سەددام حسەین ١٩٨٠ یەکلایەنە ئەو پەیمانەی هەڵوەشاندەوە.
٦٢- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل/٢١٠.
٦٣- شەوکەت شێخ یەزدین، بارزانی لە مەهابادەوە.. لە فارسییەوە گۆڕیویتی، هەولێر ٢٠٠١ ل/ ٢٢٣ — ٢٢٤.
٦٤- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٨.
٦٥- هەندێك سەرچاوە ١٩٤٥/١٢/١٧ و شەوکەت شێخ یەزدینیش دەڵێت ١٩٤٤/١٢/١٤!.
٦٦- بەکر عەبدولکەریم حەویزی، گەشتێك بەکۆماری مەهابادا ١٩٤٤ — ١٩٤٧ — کۆیە ١٩٩٣ ل/٣١.
٦٧- عوسمان دانش کورد پەروەرێکی خەڵکی سلێمانییە و برای کاکە رەشیدی موختاری قسە خۆش و باوکی هونەرمەندی شانۆکار و سینەمای کوردی کامەران. ووشەی دانش واتا کەسێکی دانا.
٦٨- بەکر حەویزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٨.
٦٩- شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٧.
٧٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٩٨ لە رۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حدکا ژمارە/١٤. رۆژی ١٣٢٤/١١/٢٤ هەتاوی وەریگرتووە.
٧١- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل /١٩٨.
٧٢- شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤٣-٤٤.
٧٣- جوتکەوانەکان من دامناون.
٧٤- شەوکەت شێخ یەزدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٩.
٧٥- شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٩.
٧٦- کۆنگرەی دووەمی پارتی ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکوك بەستراو بڕیاریدا ناوی حزبەکە ببێت بە پارتی دیموکراتی کوردستان — عێراق.
٧٧- شەمزینی ل/٥٨٦.
٧٨- بەکر حەویزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٨-٣٩.
٧٩- بەکر عەبدولکەریم حەویزی لە ژیاندایە، لەبارەی ئەوانیدیکەوە زانیاریم لە بەردەستدا نییە، میر حاج —

بەشداری شۆڕشی ئەیلولیشی کرد هەروەها نووری ئەحمەدی تەها و شێخ لەتیفی حەفید، هەمزە عەبدوڵڵاش هەتا صاڵی ١٩٥٩ سکرتێری پارتی بوو.
٨٠- پەندێکی کوردییە بۆ نەبوونی و دەستکورتی بەکاردێت.
٨١- بەکر حەوێزی/ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٨-١٩.
٨٢- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٩.
٨٣- تەفرەشیان، بارزانی خۆی بە دەست کەسەوە نادات، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین — هەولێر ٢٠٠١.
٨٤- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٢٠.
٨٥- بەکر حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥١-٥٢.
٨٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤١-٤٣.
٨٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤٣.
٨٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥٦.
٩٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤٣-٤٨.
٩١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥٤.
٩٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥٧-٥٩.
٩٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥٩.
٩٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٧٦-٧٨.
٩٥- مورتەزا زەربەخت، لە کوردستانی عیراقەوە بۆ ئەوبەری چۆمی ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین.
٩٦- بەپێی زنجیرە و رووداوەکان دەبێت هەرەسی کۆماری ئازربایجان — تەوریز چەند رۆژێک بەر لە ١٩٤٦/١٢/١١ بووبێت.
٩٧- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٠.
٩٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٩٦.
٩٩- بەکر حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٠.
١٠٠- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٢.
١٠١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /هەمان لاپەڕە.
١٠٢- بەکر حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩١-٩٢.
١٠٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٢.
١٠٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /هەمان لاپەڕە.
١٠٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /هەمان لاپەڕە.
١٠٦- عەبدولرەحمان قاسملۆ. دکتۆر، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا. جـ٢ ١٩٨٨ ل/١٢٨-١٣٨.
١٠٧- بەکر حەوێزی سەرچاوەی پێشوو ل/٩٣.
١٠٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٣-٩٤.
١٠٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٧.
١١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٩٩.
١١١- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٧١.
١١٢- کۆی ژمارەی ئەو چەکانە دەکاتە ٤٤٠٠ چەك.
١١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٧١.
١١٤- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٩١.

١١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٢-٢٠٣.
١١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٨٨.
١١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٩٠.
١١٨- چوار ئەفسەرە شەهیدەکان وەسیەتنامەی مێژوویيان نووسیوە.
١١٩- محمد حسنين هيكل، مدافع آية الله، ط٣ بيروت ١٩٨٣ ص/٦٦.
١٢٠- لێرەدا ووشەی چەپەر گونجاوترە لەووشەی قەفەز.
١٢١- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٦.
١٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢١٠.
١٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٨.
١٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕەش.
١٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢١١.
١٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕەش پەراوێزی ٣٢.
١٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢١١.
١٢٨- كريم حسامي، نقله من شهداء كردستان ايران — ترجمه نزار محمود،ص/٢٥-٢٦.
١٢٩- مەبەستی لە مینا خانم هاوسەری پێشەوایە.
١٣٠- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢١٢.
١٣١- لە رۆژهەڵاتی گڕگرتوودا، نووسینی ئەفسەری ئەڵەمانی (ناوەکە پچڕاوە)، گۆڕینی بۆ کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب و دکتۆر مارف خەزنەدار. ل/١٠٣.
١٣٢- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٨٥- ٢٨٦.
١٣٣- بەکر حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٣.
١٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١١٤-١١٥.
١٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٢٠.
١٣٦- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٠٩.
١٣٧- شەوکەت شێخ یەزدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو .
١٣٨- بەکر حەوێزی ئەو ئەفسەرەی بەکوڕی بەختیاری داناوە.
١٣٩- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٨٧.
١٤٠- فوئاد حەمە خورشید، رەنگین ژمارە/٩٦.
١٤١- بارزانی مستەفا بە (٥١٨) پێشمەرگەوە لە رووباری ئاراس پەڕینەوە.
١٤٢- نەجەف قولی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢١.
١٤٣- بەکر حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤١١.
١٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٢٢.
١٤٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠.
١٤٦- لە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکاندا، هەر ئەو دەقەیە.
١٤٧- ساڵەکە بەپێی ساڵنامەی ئێرانی (هـق) یـە، بـەڵام رۆژ و مانگەکـە جێگـەی گومـانن چـونکە ئەوکاتـە بارزانی هێشتا لە پیوەندی و دانووستاندا بوو.
١٤٨- تەفرشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٢٦.
١٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٢٩.

١٥٠- جوتكەوانەكە من دامناون.

١٥١- شەوكەت شێخ يەزدين، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤٦٧.

١٥٢- بارزانی مستەفا، زمانی ئینگلیزی نەدەزانی، هەتا هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولیش ئەوانەی لە شۆڕشدا بوون و زمانێكی ئەوروپیان دەزانی زۆر كەمبوون.

١٥٣- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٨٣.

١٥٤- ئەو داستانە، بەشەڕی تەلووس ناویدەركرد و شای ئێرانیش بەئابڕووچوونی سوپای ئێران ناویدەبرد.

١٥٥- تەفرەشیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣١٣.

١٥٦- مورتەزا زەربەخت، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل./٤٨٦

١٥٧- ع: عەقید.

١٥٨- ر: رائید.

١٥٩- زانیارییەكانی كە لەم خشتەیەدا رێكخراوە بریتییە لە پوختەی ناوەڕۆكی لاپەڕەكانی ١٥٥ — ١٥٦ی سەرچاوەی پێشوو.

١٦٠- میلێك ١٣٣٠ مەترە.

١٦١- ئەو شەهیدانە جگە لە شەهید مامۆستا یاسین هەموویان ئەندامی ل.ن.س. بوون .

١٦٢- لە بۆنەیەكی وەهادا پۆستەرە هۆنراوەیەكم نووسیوە.

١٦٣- مسعود البارزانی، البارزانی و الحركة التحررية الكردية ط٣. اربيل ٢٠٠٢ ل/١٧٣.

١٦٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٧٤.

١٦٥- براژن، راسترە لە ژنبرا كە كورد بەپێچەوانەوە بەكاریدەهێنێت.

١٦٦- مسعود البارزانی/ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٣-١٩٤.

١٦٧- جوامێرێكی كورد، مامۆستا صدیق شاوەیس كەسایەتییەكی سەربەخۆ و خاوەن مێژوویەكی پاك و بێگەرد لە سلێمانی صاڵی ١٩٧٠ بەنوێنەری بەغدا دەڵێت ئەگەر سڵ لە سزا و لێپرسینەوەی كوێرانە نەكەمەوە پێتان دەڵێم نوێنەری راستەقینەی كورد كێیە كە ئێوە بەدووایدا دەگەڕێن دانوستانی لەتەكدا بكەن.. تەنها و تەنها مەلا مستەفای بارزانە.

١٦٨- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣١٨.

١٦٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣١٨-٣٢٩.

١٧٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٢٦-٣٢٧.

١٧١- ئەحمەد حەللاق خەڵكی سلێمانی و كوڕی حاجی مەحموودی دەلاكە (سەرتاش) ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەندامی یەدەگی سەركردایەتی پارتی كۆمۆنیست — عێراق بوو.

١٧٢- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٦١-٢٦٥.

١٧٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٦٨-٢٦٩.

١٧٤- یەكەمین سەردانی ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا سەردەمی سەرۆك عەبدولرەحمان عارف بوو لە ١٩٦٧/١١/٢٣دا.

١٧٥- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٥٧-٢٥٨.

١٧٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٣-٢٠٥.

١٧٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٤.

١٧٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٧٧-١٧٨.

١٧٩- ئەوە رۆژی ١٩٦٤/٧/٢٦ بوو، بارزانی لە هێرشەكەی بۆ سەر هێزەكەی (م.س) دەگەڕێتەوە.

١٨٠- شەهید یاسین ١٩٨٧ زیلێكی سەربازیی سوتاند و لەوكاتەوە ئەوناوچەیە بە زیلە سوتاوەكە ناسراوە.
١٨١- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٠.
١٨٢- تكایە چاوێك بە وتارەكەی مەحموود كەریم دا بگێڕەرەوە.
١٨٣- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩٠.
١٨٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٩١.
١٨٥- جەلال تاڵەبانی زۆر شانازی بەوەوە دەكرد پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی جوولەكە نەبووە و سەردانی ئیسرائیلیشی نەكردووە بەڵام عێراقیش نییە (خۆی بە عێراقی نازانێت) لەبەرامبەردا مەسعود بارزانیش نكۆڵی لە پەیوەندی بەهەر دەوڵەتێكەوە نەدەكرد با ئیسرائیلیش بێت بەڵام جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە تەنها یەك پاسپۆرتی هەیە ئەویش پاسپۆرتە عێراقییەكەیەتی.
١٨٦- برزان ابراهیم، محاولات اغتیال الرئیس.
١٨٧- رێنووسی ناونیشانی كتێبەكە، كە بەمجۆرە نووسراوە: أغد و دیمقراطي و.......هەڵەیەو بەمجۆرە دەنوسرێت: أَغَدٌ دیمقراطيٌّ و........جگە لە وە بۆ دەبێت سەركردەیەكی كوردیش ناوی نەتەوەكەی(كورد) و وڵاتەكەی(كوردستان) بەهەمان هەڵەی داگیركارە تورك و فارس و عەرەبەكان بنووسێتەوە. كرد، كردستان!.
١٨٨- كتێبەكە ناوی نوسەرەكەی لەسەر نەنوسراوە بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم جەلال تاڵەبانی نووسیوێتی.
١٨٩- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٥٧-١٥٨.
١٩٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٧٤-١٧٥.
١٩١- هەمان سەرچاوەی پێشوو پوختەی لاپەڕەكانی /١٥٧- ١٧٩.
١٩٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو دەقە عەرەبییەكە (اللهم افرجها علینا و علی هؤلاء العصاة المساكین) ل/١٧٧.
١٩٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٦١-٢٦٣.
١٩٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٦٥.
١٩٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٨٧.
١٩٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٥٩.
١٩٧- حەمەی دەروێش نادر لە سلێمانی و لەبەردەم دووكانەكەیدا لە نێوچەی بەرخانەقا (خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی) تیرۆركرا.
١٩٨- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٢٠٩-٢١١.
١٩٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٥.
٢٠٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٥.
٢٠١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٥.
٢٠٢- ووشەی كاركەنار بەگونجا و دەزانم بۆ ووشەی عەرەبی تەجمید.
٢٠٣- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٥.
٢٠٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٦.
٢٠٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١٣٦.
٢٠٦- بۆ نێوان جوتكەوانەكان بڕوانە ل/١٤٤ -١٤٦ ی سەرچاوەی پێشوو.
٢٠٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /١١٦-١١٧.
٢٠٨- ئەوەندەی من بزانم دروشمی پڵنگ نەبوو، نیو مەترێك قوماشێكی سوور بوو بەدەرزی سنجاق چەسپ دەكرا لە پشتی جەلالییەكان، پێشمەرگە و جەماوەری مەلایی بۆ گاڵتە جاڕی (كۆڵوانە سوور) یان پێدەوتن كە

یەکێکە لە گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەك.

٢٠٩- اسماعیل تایە النعیمی (العمید)، تجربتی في القیادة ط٢ بغداد ١٩٨٥ پوختەی لاپەڕەکانی ١٠٨ — ١١٠ و ١٨٢ -١٨٣، نووسەر تێبینییەکی جوانیشی دەربڕیوە کە دەڵێت: (ناوەکانیان جەنگی، دەبابە، عەسکەری بۆنی خوێنی لێدەهات، ناوی منیش (تایە) ونبوو، سەرگەردان، رێبزرە .

٢١٠- **مذکرات** أللواء **فؤاد** عارف

٢١١- نەوشیروان مستەفا دەڵێت: (ئەوەی لە دوژمنمان قبوڵکرد لە مەلا مستەفامان قبوڵبکردایە).

٢١٢- عەلی نادری، دەستەگوڵێك لەبیرەوەری و قسە خۆشەکانی مامۆستا هەژار، چاپەمەنی زەهرا ١٣٨٧ هەتاوی ل/١٢٨.

٢١٣- نووسەری بوێر عەبدولخالق مەعرووف دەستی رەشیی تاریکی و دوواکەوتن شەهیدیکرد.

٢١٤- بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین هەولێر ٢٠٠١ ل/٤٧٦.

٢١٥- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٤٧٨-٤٨٠.

٢١٦- سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دووای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، شەوێك لە تەلەفزیۆنی بەغداوە یادی ئەو رۆژە سەختانە و دۆشدامانی سوپای عێراقی بەدەست پێشمەرگەوە هێنایە بەرچاوو بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: پەنجا هەزار شەهیدمان دابوو، تەنها پێنج گوللە تۆپی قورسمان بەدەستەوە مابوو، بەر لە رێککەوتنی جەزائیر.

٢١٧- ابو الحسن تفرشیان، قیام افراد خراسان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی رزگار شەمەیی چ١ هوڵەندە ١٩٩٦.

٢١٨- شەوکەت شێخ یەزدین، لەمەهابادەوە بۆ ئاراس لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، هەولێر ٢٠٠١ ل/٥٠٢.

٢١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٥١١.

٢٢٠- نالێت متمانە نەماوە، نییە و نەماوە دوو وشەی بچووکن و لەوشوێنەدا واتا و ناوەڕۆکی قوڵیان هەیە و ئەوە دەردەخات لەسەرەتاشدا ئەو متمانەیە نەبووبێت.

٢٢١- مەبەستی خودی خۆیی و بارزانی مستەفایە.

٢٢٢- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٨٣٤-٨٣٥.

٢٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٨٤٥.

٢٣٤- صەددام حسێن کە ناوی بارزانی دەهێنا دەیوت خوا لێیخۆش بێت.

٢٢٥- عودەی و قوصەی کوژران، عەلی کورە بچکۆلەی صەددام لە ژنێکی دیکەیە( سمیرە شابەندەر ) ماوە و لە وڵاتی ئوردون دەژی.

٢٢٦- لە دەمی ئەو کەسانەوە بەگوێی خۆیان لە صەددامیان بیستووە و بەچاوی خۆیان لەو هەڵوێستەدا بینیویانە و بۆ میدیاکانیان گێڕاوەتەوە.

٢٢٧- ناصر حەفید خوشکەزای شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی سەردەمی رژێم بەڵام نێوانیان لەگەڵ خاڵیدا خۆش نەبوو.

٢٢٨- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٤٧.

٢٢٩- تکایە خوێنەری هێژا بەهەڵەدا نەچێت، حەمەی فەرەجی هەڵەبجەیی جیاوازە و کەسێکی ناسراوو بەرێز و خاوەن قوربانیشە، باوکی شەهید عەبدولڕەحمان و خەزووری شەهید مولازم کەریم سەلامە.

٢٣٠- بەهاری ١٩٧٤ لەگەڵ مامۆستا عیزەت رەشید لە سلێمانی دەستگیرکران و لەسێدارە دران، هەردووکیان هاوبیری کاژیك بوون.

٢٣١- مسعود البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل /٣٤٨.

٢٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ./٢٩٤

٢٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل .

٢٣٦ ـ ئەوانە ناوە راستەقینەکانی مەلا بەختیار، سالار عەزیز، محەممەد مەحموود عەبدولرەحمان و مەلاکریکارە.خوێنەری هێژاش رەچاوی ئەوە دەکات بارودۆخ و قەوارەی لایەنەکان و تەرازووی هێزەکانی سەرگۆڕەپانەکە هەڵکشانی وداکشانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتیش پارتی کرێکارانی کوردستان(پێ،کا،کا) و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڵام بە دوو ئاقاری جیاوازدا.

# بەرگی سێیەم

# بەشی نۆیەم

## هەڵوێستەیەك لەسەر زمان و

## زارزمانەکانی کورد و چەند تێبینییەك
## ژمارەیەك لەوانەی لەسەر
## کورد نوسیوویانە

### هەندێك وشەی کوردی جێگەی سەرنج و تێڕامانن

هەر بۆ نموونە ئەم وشانە: براژن، ژنبرا، پشتماڵ، دەسماڵ،قەرزدار

کورد بەهاوسەری برا دەڵێت براژن،بەڵام ژنبرا دروستە.پیاویش بەبرای هاوسەرەکەی دەڵێت ژنبرا کە دەبووایە بڵێت برای ژن ـ براژن! ووشەی دەستماڵ — دەسماڵ واتای دەستسڕ — دەستەسڕ دەبەخشێت کەچی بۆ پارچە قوماشێکی سێگۆشە بەکاردێت کە بەشێکی پۆشاکی نەتەوەیی ئافرەتی کوردە و پشت و بەشێك لە سنگ دادەپۆشێت، بەهەڵە لە جێگەی پشتماڵ — پشتەماڵ بەکاردەهێنرێت.

پشتەماڵیش مەترێك قوماشی لاکێشەیە لە گەرماوی گشتیدا کەمەر بەرەوخواری پێدادەپۆشرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە پشتی مرۆڤەوە نییە.وشەیەکی دیکەشمان هەیە(قەرزدار)، لەلایەنی زمانەوانییەوە پاشگری(دار) مانای خاوەنداریێتی دەدات بەوشەکەی پێش خۆی،وەك هەقدار،بریندار،باڵدار،دەردەدار....بەلام دەبینین کورد وشەی قەرزدار بودەکار دەهێنێت بۆ کەسێك کە قەرزی کەسێکی بەسەرەوەیەو پێویستە قەرزەکەی بداتەوە، نەك خۆی خاوەن قەرزەکەیە!

### زمانی کوردیی و زمانەکانی هیندۆ ئەوروپایی

زمانەکانی هیندۆ ئەوروپایی زاراوەیەکە هەموو زمانەکانی لاتینی، یۆنانی (گریك)،سانسکریتی و (حیسسی ـ حۆسی ـ الحثیة) دەگرێتە خۆ، زمانی (حیسسی ـ حۆسی)ش کۆنترین زمانی گروپەکەیە و زۆربەی زمانەکانی ئەمڕۆی ئەوروپاش هەر سەر بەو گرووپە زمانەن،(حیسی ـ حۆسی)ش نەتەوەیەکی

هیندو ئەوروپاییە، نێوان ساڵەکانی ۱۸۰۰ — ۱۲۰۰ پز. دەستی بەسەر نێوەڕاستی ئەنەدۆڵدا گرتووە و هەزار ساڵ بەر لە زایینییش دەوڵەتە بچووکەکانی دەڤەری چیای تۆرۆس — زاگرۆس و باکووری سووریای لەبندەستدا بوو. شایانی وتنە زمانی ئاشووری کۆنیش ۲۰۰۰ — ٦۰۰پز، هەروەها زمانی سامیی خۆرهەڵات یا درووستتر بڵێین باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی میسۆپۆتامیا و زمانی سامیی خۆرئاوا لە وڵاتی شام سەربەو گرووپەسەرەکییەن کە ئەمەی دواییان دابەشدەبێت بەسەر:

١ـ زمانەکانی ئەموریی، فینیقی، عیبرانی و هتد.

٢ـ زمانی ئارامیی کۆنی سەردەمی سەدەی ١٠ ـ ٨ پز، کە بریتییە لە ئارامیی خۆرهەڵات و بابلی و سریانیی و ئاسووریی.

٣ـ ئارامیی نەبەتیی (الآرامیة النبطیة) و تەدموریی و فەلەستینیی و سوریایی و هتد.. دەگرێتەوە.

٤ـ زمانەکانی دۆرگەی عەرەب و وڵاتی حیجاز و حەبەشە و یەمەن[1].

زمانی کوردیش لقێکی بەرچاوی زمانەکانی هیند و ئەوروپاییە و نزیکەی چل و پێنج ملیۆن مرۆڤ وەك زمانی دایك پێیدەدوێن و رەگ و ریشەی دەچێتەوە سەر زمانی پەهلەوی کۆن کە لقە ئاریەکەی زمانەکانی هیندو ئەوروپاییەکانە و زمانی ئاخافتنی کورد و نەتەوە ئێرانییەکانی ئامۆزایەتی وەك فارسیی، پاکستانیی، ئەفغانیی، بلووژ، هیند.

رەگ و ریشەی هاوبەشی زمانی نەتەوە ئارییەکان و دراوسێتیی ونێزیکی هەندێکیان و مێژووی پێکەوەژیانی هەزاران ساڵ و دەستاویان بەسەر یەکترییەوە، رەنگدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆی بەسەر هەندێکیانەوە داناوە، زمانی گەلانی فارس و بلووژ و ئەفغان و پاکستان و بگرە بەشێکی هیندەکانیش بەشێوەیەکی گشتیی لەیەك زمان بچن، بەڵام لەگەڵ نەتەوەی کورددا کاریگەریی و رەنگدانەوەکە لە سنووری دەستیاو بەسەر یەکترەوە تێنەپەڕیوە، بۆ نموونە لە نێوان فارس و کورددا نێزیکیی و ووشەگەلێکی هاوبەش و ناوکۆیی دەبینێرێت،مولکی هەردوو نەتەوەکەن، وەك: برا، ئازیز، مەرگ، جەنگ، زەمین، مەرز، باران، دوژمن، گوڵ، جەنگەڵ، فرمان، بیمار، مەشق، کۆشش، تیر، تیرئەنداز، ئەندازە، سوپا، عیشق، عاشق، پەسەند، ئەفسەر، سەرباز، مەرد، پاڵەوان، تاق، روو، پەیوەست، دەریا، گرفتار، ئابڕوو، دڵدار، زام، زامدار، قەشەنگ، میهرەبان، گەردوون، دۆست، رەفتار، مەست، پێشگری بەد، وەك بەدمەست، بەدرەفتار، بەدگۆ، بەدکار... هتد. هەندێك ووشەش هەن لە نێوان فارسی و کوردیدا سووکە گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە وەك شەم/شەو، زن/ژن،ئاب/ئاو، خوون/خوێن، لەب/لێو، گوهر/گەوهەر،ماه/مانگ..... لە زمانی عەرەبی، رووسی، فەرەنسی، لاتینی و یۆنانیشەوە گەلێك ووشە کەوتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەڵام بەرگێکی خۆماڵییان بەبەردا کراوە[2] وەك نرجیلە — نێرگەلە، قوطیة — قوتوو، قرض — قەرز، قەرد، أرض- ئەرز، عەرد، کنیسە- کڵێسا، مۆتۆر- ماتۆر، ئۆتۆمۆبیل — ئوتومبیل، ترومبێل. کتاب — کتێب، هۆتێل — ئوتێل، ذهن- زەین، معنی — مانا، کۆمەڵێك ووشەش لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت هەندێکیان بۆ مانایەکی نێزیك و هەندێکیان بۆ مانایەکی دوور لەواتای ووشەکە، لەو زمانەدا کەلێوەی وەرگیراوە وەك ووشەی (فقیر) لەزمانی عەرەبیدا بەوکەسانە

دەوترێت کە سەرچاوەیەکی بژێوییان هەیە بۆ دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان و جیاوازە لە ووشەی (مسکین) کە بەو کەسانە دەوترێت پێویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانیان هەیە هەرچەند سەرچاوەی بژێوییان نییە. کورد ووشەی فەقیر بەچەند مانایەك بەکاردەهێنێت وەك نەدار، دەستکورت، هەژار، بەستەزمان، بێوەی ... وەك ڕێبوار کوڕێکی فەقیرە، لەو صەگە مەترسە، فەقیرە(زیان بەخش نییە). ووشەی (مسکین)یش لە کوردیدا بۆتە مسکێن و بۆ جوتیار و پاڵە بەکاردێت.

ووشەی (بۆڤێ)ی فەرەنسایی و(بۆفێت)ی ئەڵەمانی لای،کورد بەواتای پێشانگای نێومال (مەعرەز) بەکاردێت. ووشەی عەرەبی (خراب – خرائب) واتای شوێنەواری رووخاوو وێران، بەلام لە کوردیدا بووە بە خراپ و بۆ هەر شتێکی ناپەسەند و زیانبەخش بەکاردێت. مەحوی شاعیر بەواتای خراپە و خراپەکاریی و خراپەکار بەکاریهێناوە.

**شوکر هۆشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە  کە بەدمەستیی بکا ئەهلی، خرا پەی بۆچی لێدەگرم**

ووشەی پیت لەزمانی میسرییەکانی سەردەمی فیرعەونەکاندا واتای پیرۆز و فەڕی خاك و زەوی دەبەخشیی، کوردیش بەهەمان واتاو هەروەها بەواتای(حرف)ی عەرەبیش بەکاریدەهێنێت . ووشەی تیپ – تایپ لە زمانی ئینگلیزیدا مانای (حرف – پیت)، بەلام کورد وەك گرووپ، دەستە، پۆل بەکاریدەهێنێت. تیپێك پێشمەرگە، تیپی مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان.

وشەی (مرد ـ مەرد) لە زمانی فارسیدا واتای پیاو دەبەخشێت، لە کوردیدا مەرد بۆ کەسێکی ئازا، قارەمان، جوامێر و رەوشت بەرز بەکاردێت. هەروەك ووشەی (بطالة ـ بەتالة)ی عەرەبی کە مانای بێکاریی، دەستبەتالی دەگەیەنێت، لە زمانی فارسیدارێنووسەکەی جیاوازە و بەم شێوەیە دەنووسرێت (بطالت) بەواتای (شجاعة) لە زمانی عەرەبیداکە واتای بوێری وئازایەتی و سوارچاکی دەدات. ئەو ووشەی (مرد ـ مەرد)ەی زمانی فارسی و ووشەی مێرد لە زمانی کوردیدا هێمای نێرینەی پێوەیە وەك مێردمنداڵ کە پێچەوانەی کیژ، کیژۆڵەیە و ئەمیان هێمای مێینەی پێوەیە، هەروەك مێرد کە لایەنی نێرینەی هاوسەرییە و لایەنی مێینەکەشی ژنە، نەك ئافرەت. ئافرەت رەگەزی مێینەی مرۆڤ هەمووی دەگرێتەوە بەکچ وکچۆڵە و قەیرەکچ و پیرەکچ و ژن و بێوەژن پیرەژنەوە بەلام ژن تەنها ئافرەتی بەشوو(مێردار)ە لە ئێستادا یا لە پێشتردا. ململانێی حیزبایەتی دەستی گەیشتە ئەوەش، لە پاڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا، یەکێتی ژنانی کوردستانیش دامەزرا،کە بە پێی ناوەکەی تەنها بۆ ئافرەتی مێردارە و بەشی کچانی پێوە نییە!

ووشەی (کەتیبە) لە زمانی یۆنانیدا بەواتای نووسینی هونەریی لەسەر تاوێرەبەرد، مەڕمەڕ، کاشیی بەکاردێت بەلام کورد بەواتای شیشبەند بۆ توند و تۆڵکردنی دەرگا و پەنجەرەی خانوو بەکاریدەهێنێت، دەڵێت کەتیبەی پەنجەرە، کەتیبەی دەرگا، بەلام عەرەب هەمان ووشە وەك زاراوەیەکی سەربازیی بۆ هێزێك یا کەرتێکی لەشکر بەکاردەهێنێت وەك (کتیبە مشاە) هێزی پیادە، (کتیبە مدفع – مدفعیە – هاون) هێزی تۆپخانە – تۆپهاوێژ.

ووشەی (شر ـ شەڕ) لە زمانی عەرەبیدا واتای خراپ و خراپەکاریی دەگەیەنێت، بەلام لە زمانی

کوردیدا بە بەگژداچوون و پێکهەڵبـژانی دوو کـەس، دوو دەسـتە، کۆمـەڵ، هـۆز، حیـزب، نەتـەوە، چـەند نەتەوەیەك بەکاردێت وەك شەڕی دووبراکە،شەڕەگەڕەك، شەڕی جاف و تاڵەبانی، شەڕی ناوخۆ، شەڕی تورك و یۆنان، یەکەمین شـەڕی گێتـی. کـورد هـەمان ووشـە بـۆ ڕووداوێکـی نـەخوازراویش بـەکاردەهێنێت کـە نایەوێت رووبدات وەك شەڕەو یەخەی گرتووین،کاکە، شەڕمان لێلادە)، ئەم کابرایـە شەڕدەفرۆشـێت،خوایە لە شەڕی شەیتان و بەلای ناگەهان بمانپارێزە). ووشەی (خَیر- خـَیر) لـە زمـانی عەرەبیـدا بـەواتای چـاك، دڵسۆز، پیزان، گوێڕایەڵ، کەڵك.. هتد بەکاردێت وەك (خیر الأبناء)،باشترین منـاڵـەکان، رۆڵـەی دڵسـۆز و گوێڕایەڵی دایك و باوك،(خیر المؤمنین) چاکترین خواناسان، (لا خیر في قوم یأکل أکثر مما ینتج) گەلێك زۆر بخوات و کەمتر بەرهەم بهێنێت گەلێکی تەمەڵ و بێکەڵکە و چاوەڕوانی پێشکەوتنی لێناکرێت.

بەڵام هەر ووشەی (خێر) لای کورد واتای بەزەیی، یارمەتی، پاداشت، کـەڵك، قـازانج، دەبەخشـێت کـە بەرامبەر (رحمة، مساعدة، صدقة، جزاء)ی عـەرەبییە وەك خێرێك بـەو پیرەژنـە بکـەن، خێـر بـۆ مـردووان دەکەین، خێرت دەگاتێ قومێ ئاوم بدەرێ، خێر بۆ خوێش نەك بـۆ دەروێـش، ئـەم کـارە خێـری تێدانییـە، کوڕەکە خەریکی کاری خێرە، (ژن هێنان و هاوسەرگیری)…. ئـەم باسـە زۆر درێـژە و هەویرەکـە ئـاو زۆر دەکێشـێت و لێـرەدا جێگـەی نابێتـەوە، صـاڵی ١٩٨٠ برێکـی چـاك لـەو ووشـانەم لـە نامیلکەیەکـدا دەستنووسکرد کە لە زمانەکانی بێگانەوە هاتوون یـان هێناومانەتـە نێـو زمـانی کـوردی و وەك خـۆی یـا کەمێك دەستکاریی یا تەواو رەنگ و روخساری کوردەوارییان وەرگرتووە وەك وشەی شیعر، حساب، باس، حیقایـەت، مـەلا، مەکینـە، بینـا، حەوشـە، هـۆدە، قەڵـەم، مەرەکـەب، دەفتـەر… ئـەویش وەك چـەند بەرهەمێکی دیکەم سەریان تێدا چوو… دەرفەت هەبێت دەگەڕێمەوە سەریان و سەرلەنوێ کۆیاندەکەمەوە. لەم بوارەدا پێویستە ئەو راستیەش لەیاد نەکەین زانا و هۆنەر و نووسەرانی کورد سەردەمانێکی دوورودرێژ بەرهەمەکانیان بەزمانەکانی بێگانە، عـەرەبیی، فارسیی و تـورکیی نوسـیوە و خزمـەتی زانسـت و وێـژەی ئیسلام و ئەوگەلانەیان کردووە و هەوڵ وکۆشش و مانـدووبوون و شـەونخونی خۆیـان بـێ منـەت و شـاباش خستۆتە سەر خەرمانی زانست و وێژە و شارستانێتی ئەو گەلانە. ئەو زانا و نووسەر و هۆنەرانەی کورد کە لە رۆژگاری خۆیاندا چرای رووناکبیریی کوردەواری بوون،بەرهەمەکانیان بەزمانی بێگانە دەنووسی بەڵام لە ژیانی رۆژانەیاندا لەکوردستان هەر بە زمانی کوردییەکە دەدوان و هەر لـەدەمی ئەوانیشـەوە ئـەو هـەموو ووشەی بێگانەیە تێکەڵ بەزمانی رەسەنی کورد بوون . ئەوە سـەرەڕای داگیرکـارانی کوردسـتانیش بـەهۆی کاروباری بەڕێوەبردنی کوردستان و فرمان و نووسراوو تۆمارەکانەوە سەپاندن و شیرینکردنی زمانی خۆیان و سووك و بێ نرخکردنی زمـانی کـوردی. هـەر بۆنموونـە بـۆ ئـەوەی کـورد زمانـە شـیرینەکەیی لەبەرچـاو بکەوێت وتوویانە:

**عربی أول و یٚخر است**      **فارسی شکر است**

**تورکی هنر است**      **کوردی گوز خر است** (٣)

زمانی عـەرەبی زمانی بەرو دوایە، فارسی شەکرە، تورکی هونـەرە، کـوردی گـووە! ئـاخۆ کەڵـەزاناکانی کـورد (أبــن الأثــیر الجــزري؟ - ٦٣٠ هـــ.ق، أبــن خلکــان الأربیلــي، أبــو الوفــاء الأیــوبي ١٢٧٣ —

١٣٣١م،(اسحق أبراهيم الموصلي (هونەرمەندی گۆرانیبێژ ن.ك)،ابن الحاجب نووسەری کتێبی (الكافية و الشافية) لەسەر رێزمانی عەرەبی)[٤] هەروەها سێ زانای بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد لە ریزی هەرە پێشەوەی زاناکانی ئیسلامن و نازناوەکانیان هاواردەکات کەکوردن، شارەزووریی، ئامێدیی، دینەوەریی کە لەبارەیانەوە (ئیمام غەزالی ١٠٥٨ – ١١١١ز. دەڵێت: رووناکبیریی ئیسلام لە سەر شانی چوار زانایە، سیانیان کوردن، شارەزووری، ئامێدی، دینەوەری)[٥] یا زانای گەورەی کورد بێتووشی کە تەنها یەك دێڕ هۆنراوەی بە کوردی نەنووسیوە، میر شەرەفخانی بتلیسی شاکاری شەرەفنامەی بەفارسی نووسیوە، هەژاری موکریانی دەڵێت توانا و قەڵەمی بەبرشتی بتلیسی بەسەر زمانی فارسیدا هیچ نوسەرێکی فارسی پێینەدەگەیشت، ئەو سەردەمانە بەگشتی وەهابوون زمانی تورکان و زمانی خەلیفەکانی عەرەب و سوڵتان و خەلیفەکانی تورك و شاکانی ئێران پیرۆز بوون، هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریش زۆر کزبوو، نەتەوەی عەرەب (٣٠٠) سێصەد ملیۆن موسوڵمانی لە دوواوە بوو کە عوسمانییەکان هەر بەکڵاو گرتیانن و دەستیان بەسەردا کێشان و دەستەڵاتی خەلافەتیشیان لە چنگ دەرهێنان و زەوتیانکرد بۆ خۆیان.ساڵی١٩٢٤یش کۆماری تورکیا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال دامەزرا، نەك دەستەڵاتی یاسایی قورئان و شەرع و بەرنامەی ئیسلام لەکاردەخات و رژێمی عەلمانییەت دەکاتە یاسا و بەرنامەی وڵات بەڵکو پیتەکانی قورئان و زمانی عەرەبیشی کۆکردەوە و بەسوواری ووشترێکی خۆشڕەو بۆیان دەنێرێتەوە دەشتەکانی حیجاز و بەپەڵە پرووزە زمانێکی سەیر و سەمەرە و سەقەت لەووشە و دەربڕینی عەرەبی و کوردی و فارسی هەڵدەپڕوکێنێ و بە ئەلف و بێی لاتینی بەسەر تورکیای موسوڵمان و گەلانی ژێر دەستیدا دەسەپێنێت،کەچی گەلانی عەرەب مێش میوانیان نەبوو هەتا کۆتایی یەکەمین جەنگی گێتیش بەکوڵ و دڵ گیانبازییان بۆ تورك دەکرد و بەتوندیش دژی هەر هەوڵ و کۆششێك یا راپەڕین و شۆڕشێك دەوەستانەوە، لێرە ولەوێ داوای سەربەخۆیی و رزگاربوونی عەرەبی دەکرد لە جەور و ستەمی حەوت سەد ساڵێك فەرمانڕەوایی تورك هەتا خوا رزگارکارێکی بۆ ناردن بە هەڵڕشتنی لیرەی سوورو پاوەنی ئیستەرلینی بەریتانیا و کۆڵنەدانی ئەفسەری بەنێو بانگی دەسگای سیخوری ئینگلیز (لۆرانس)[٦]

یەکێکی وەك شەریف حوسەینی مەککە بدۆزێتەوە کە ئامانجی هاوبەشیان لە شۆڕشێکدا یەکیدەگرتەوە هێزەکانی تورك لە وڵاتی شام، دەرپەڕێنن. بەریتانیا بۆ ئامانجی سەربازیی و رامیاریی و هێڵی ئاسنین و رێگاکانی گەیاندنی چەك و ئازووقە، شەریف حوسەینیش لە پێناو ئەوەدا ببێتە سەرداری مەککە و مەدینە و زێوانی (سدنە) کەعبەی شەریف و قودسی پیرۆز کە هەرە پیرۆزترین خاکن لای موسوڵمانان،کلیلی ئەو شوێنانە بکەوێتەوە دەست نەوەکانی پەیامبەر.. بەریتانیاش هەنگوینی لە داردا دۆزییەوە بەشێکی موسوڵمانان لە تورك رادەپەڕن و بەرەیەکی نوێ لە جەنگدا دەکەنەوە کە گرنگییەکەی لەوەدایە جەنگەکە مۆرکی جەنگی نێوان ئیسلام و عیسایی پێوەنامێنێت.موسوڵمان لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیادا دژی تورکیای موسوڵمان شەڕ دەکەن، هەرچەندە ژمارەشیان هەر نیوملیۆن دەبوو، ئەوی دیکەی بەشی هەرە زۆریان دژی شۆڕشەکە بوون، دەشتەکییە عەرەبەکانی عێراقیش تاڵانکاریی و دەستکەوت و بەرزکردنەوەی نێوو نێوبانگی هۆز هانیدان بۆ شەڕی (کر و فر ـ کەڕوفەڕ) کە عەرەب هەر لە

کۆنەوە وەك شێوەیەك جەنگی پارتیزانی پیادەیان دەکرد(پەلامارده و بکشێرەوە) بەلام ئەمجارە بە پێی تەرازووی هێز لە نێوان ئینگلیزو تورکدا دەجولانەوە،دەمێك دۆست و دەمێك دوژمن. دەگەرێمەوە سەر هۆنەر(شاعیر) و نووسەر و زانایانی ئاینیی کە پشتیان لە زمانی کوردی کردبوو، ئەوە ئەوان خوا لێیان خۆشبێت بەهەرحاڵ و ئەوەی چوو چوو! ئەی ئەمرۆ لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا کۆلکە خوێندەوار وکۆلکە رووناکبیرەکان،خوێنەوار و رووناکبیر و خاوەن باوەڕنامە بەرزەکان وخەریکە نووسەر و رۆژنامەنووس و رۆژنامەوان و هونەرمەندەکان کە خوا نەیبڕێت وەك قارچکە بەهارە لە خۆوە هەڵدەتۆقین و وەك کورە کەچەڵەی چیرۆکەکانی گوێ ئاگردان باز بەسەریەوە دەنیشێتەوە و دەبێتە پاشا... گەر وانەبێت ئەو هەموو رۆژنامە و هەفتەنامە نیوە مانگانەو مانگانەو گۆڤار و کتێبانە کە زۆربەیان خوێنەریان نییە و لەرشانەوەی میدیاکان وچاپخانەکان دەچن، ئەی ئەو گۆرانیبێژانەی بەگۆرانیییەك یان دووان دەبنە هونەرمەند و میدیاکان بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن بەنازناوی هونەرمەندی کورد ناویاندەبەن و دەچنە ئاستی هونەرمەندە رەسەنەکانی کورد کە هەرهەموویان جگە لەمامۆستا کەریم کابان هەتا لە ژیاندا بوون نازناوی هونەرمەندیان پێنەبڕا کە ژمارەیان زۆر و جێگەیان دیار و هونەریان بەزیندوویی دەمێنێتەوە وەك عەلی مەردان،حەمەصالح دیلان، حەسەن زیرەك، تایەر تۆفیق، کاوێس ئاغا، عارف جەزراوی،شەماڵ صائیب، فوئاد ئەحمەد، ئەحمەد شەماڵ، خاڵە سێوە، حەمەی ماملێ، عەباسی کەمەندی، عوسمانی خەیات، حەمە جەزا، حەسەن گەرمیانی، بەهجەت یەحیا، ئەسعەد قەرەداغی، عەدنان کەریم، ئەژدەر وەهبی، خالید رەشید، میکاییل، سوارە مەحمود، تارا رەسوڵ.... و لە هەردوو دەستەکەدا هونەرمەندی دیکەش هەن.

کرۆکی باسەکە هەلوێستەیەکی سەرپێییە لەسەر زمان نەك هونەر بەڵام ئەو کۆلکە خوێندەوار و رووناکبیرو فەریکە نووسەر و هونەرمەندە بێهونەرانە کۆمەڵێك ووشەی نامۆیان خستۆتە سەرزاران بزانن یا نەزانن زمانەکەیان ناشیرین و لەکەدار کردووە، ئەو ووشە و دەربڕینانە ئەگەر لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە،دەڵێین قەیناکە، ناچارییە، ناچاریش مرۆڤ سەر بەماڵی دوژمندا دەکات،بەڵام ووشەی رەسەن و خۆماڵیمان، هەیە و باو باپیرانمان لە دێرەوە بەکاریان هێناوە لێرەدا تەنها چەند نمونەیەکی زۆر زەق دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:

١ـ سەوت ـ صەوت (صوت): ئەم ووشە عەرەبییە هەتا دووای راپەرینیش بە شەش حەوت صاڵ لە ئاخاوتنی کوردیدا نەبوو، باوو باپیرانی کوردیش بەزمانیاندا نەهاتووە بەڵکو وتویانە دەنگ. ئەوە پەندی پێشینان (دەنگی دەهۆڵ لە دوورخۆشە)، لە گفتووگۆشدا وتوویەتی سەی (سەیید) عەلی ئەسغەری کوردستانی دەنگی بەلاوەیە، ئەرێ ئەو دەنگە دەنگە چییە، لە فۆلکلۆریشدا دەڵێت دەنگی لایەلایەکەت بە (یاسین)م بێ.

٢ ـ عەزف،عازیف، تەصویر: لەبەرامبەر ئەو سێ وشە عارەبییەدا(عزف) و(عازف) سێ ووشەی رەسەنی کوردیمان هەیە، ژەنین و ژەنیار،وێنەگرتن. پەنجا و شەش صاڵ لەمەوبەر بگرە پتریش لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی سێیەم یا چوارەمی سەرەتاییدا چیرۆکی (بلوێر ژەنی جادووگەر)مان دەخوێندەوە، کورد

شمشـالْ ژەن و بلـوێر ژەن و دەهـۆلْ ژەن و زورنـا ژەن و کەمانچـە ژەن و دەف ژەن(لێـدەر)ی بـەکارهێناوە، چیرۆکێکی گۆگۆلیش هەر بەناوی کەمانچە ژەنەوە پرۆفیسیۆر جەمال نەبەز حەفتا ساڵێك بەر لـە ئێسـتە کردوویەتی بە کوردی.

٣ ـ تەصویر، زەواج،تەقلید،نەجاح،مەناعە،سەییارە،موسابەقە...هتد،ئەم وشـە عارەبییانـە رۆژانـە لـە دەمی هەندێك کوردەوە دەردەچێت،باوەڕناکەم نـەزانێت لەجێگـەی ئـەو وشـانەدا وشـەی جـوان و رەسـەنی کوردیمان هەیە: وێنەگرتن،لاسایی،سەرکەوتن،بەرگریی ـ خۆڕاگرتن دژی نەخۆشـیی،ئوتومبێل ـ ترومبێـل، پێشبڕکێ ـ کێ بەرکێ،، لە هەمووشـیان نـاقۆلاتر (زەواج) و (تەصـویر)ە. گـەلۆ ئەوەتـەی کـورد (زمـانی پژاوە) هەر وتوویەتی ژن هێنان و شووکردن(زەماوەند ـ شایی)،فلان شـووی کـرد و فیسـار ژنـی هێنـا(ژنی خواست) ئیتر نازانین کام ئەهریمەن ئەم وشە ناقۆلاو ئێسك قۆرسەی(زەواج) وزەواج دەکـەم و زەواج ناکـەم و حەفلەی زەواجەی رشاندۆتە دەمیانەوە.

٤ ـ مەناعـەت و نەجاحـەت: ئەمـەیان (دووسـەرە پـەکلۆك) نیشـانەی نـەزانیی ئـەو کوردانەیـە بەکاریـدەهێنن، چـونکە وەك زمانەکـەی خـۆی نازانێـت، زمـانی عارەبییەکـەش نازانیـت و ئـەویش دەشێوێنێت! تۆ تەماشا، مەناعەت وشەیەکی عارەبییە(مەناعە) واتا بەرگریی سروشتیی یاپزیشـکیی لـە لەشـی زیندەوەرانـدا دژی نەخۆشـییەکان و پەتاکان،بـەلام کاکـەبرای خۆمـان کردوویـەتی بـە مەناعـەت و لەجێگەی (مانع ـ مانیع) ی عارەبیی بەکاریدەهێنێت و خۆش خۆش دەلێت (مـن مەناعـەتم نییـە، ئێمـە مەناعەتمان نییە) مەبەستی ئەوەیە، ئەو لاریی نییە لەوکارە،ئەوان لارییان نییە لەوکارە(نارازیی نین).

نەجاحەت لە مەناعەت ناقۆلاترە چونکە وشەی نەجاحـەت لـە زمـانی عارەبیشـدا نییە،وشـەی (نجاح ـ نەجاح) هەیە، لە ڕێزماندا چاوگە بەمانای سـەرکەوتن بـەلام کاکەبراشـێواندوویەتی وبـە واتـای سـەرگرتن بەکاری دەبات و دەلێت ( ئیشەکە نەجاحەتی هێنـا، نەجاحـەتی نـەهێنا) بـەواتای کارەکـە سـەریگرت یـا سەرینەگرت، ئیتر نـازانم بـە چ هـەقێك ئـەمڕۆ بـەزۆری زۆردارەکـی و لـە نەزانینـەوە ئـەو ووشـە و ووشـە لێکدراوە جوانانە لـە بـیر کـورد دەبەنـەوە و دەمیـان پاندەکەنـەوە و دەفـەرموون صـەوت، عـەزف،عازیف کەمان، عازیف نەی، عازیف گیتار، عازف ئیقاع، زەڕب! ئەمە سەرەتا حاڵەت بوو،ئێستە بووە بە دیاردە ودیاردەیەکی ناشیرین و قێزەون وگرییەکی گەورەیە لە سەر دڵی هەموو ئەوانـەی خـەمخۆری کـوردو زمـانی کوردین، خۆزگە و هەزار خۆزگە پەرلەمانی کوردسـتان لـە بـڕی یاسـای قەدەغـەکردنی جگەرەکێشـان لـە شوێنە گشتییەکاندا کە هێشتا کاتی نەهاتووە، ئێستەش ئاوی پیس و خواردنی ئێکسـپایەر دەخوێنـەوە و دەخوێن، هەندێك لاوی کورد سەریانکردۆتە ئەلکوول و کە دەست نەکەوێت سیکوتین هەڵدەمـژن.. خۆزگـە بڕیاری قەدەغەکردنی شێواندنی زمان و هونەر و موسیقای کـوردیی دەربکردایە.مەسـعود بـارزانی دووای بلاوکردنەوەی پەیمانە مێژووییەکەی ١١ی مارت ١٩٧٠ شارەکانی کوردستان بەسـەر دەکاتـەوە و دەچـێتە کەرکووك،سەرگوشتەیەکی سادە و خۆش دەگێڕێتەوە لە زمان لاوێکـی هـەرزەکاری کـوردی کەرکووکـەوە، ڕووداوەکە زۆر سادە و ساکارە بەلام واتا و ناوەڕۆکەکەی زۆر فراوان و بەبایـەخە بۆ کەسێك خەمخۆری گەل و ولاتەکەی بێت، دەقەکە بەعەرەبی نووسراوە(دەچووین بۆ بارەگای پـارتی بـەعس، هـەرزەکارێکی پایسـکل

سوار هاتە بەر ئۆتۆمبیلەکەمان و هاتە تەنیشتمەوە و بەهێما تێیگەیاندین شووشەی دەرگاکە داگرینە خوارەوە، دەیەوێت شتێك بڵێت، شووشەکەم نەویکرد، دکتۆر مەحموود لە تەکمەوە بوو، هەرزەکارەکە وتی: (دیارە بە کوردی ن. ك) قوربانی باوکت و قوربانی زارت بم (مەبەستی لەوە بوومەسعودبارزانی هەر ئەو رۆژە لە کەرکوك لە وەڵامی پرسیارێکدا کەئایا کەرکوك کوردستانە؟ دەڵێت بەڵێ کوردستانە و کێ دەڵێت وانییە با بڕوات تەماشای مێژووی دێرین بکات. ن.ك) بەڵام تکاتان لێدەکەم ئەوەندە ووشەی عەرەبی بەکارمەهێنن. بەمنی وت مەڵێ (فی الحقیقە) بەدکتۆر مەحموودیشی وت: تۆش ووشەی (طبیعی) بەکارمەهێنە. دەقە عەرەبییەکە (اعترض سیارتی راکب دراجة و کان الدکتور محمود بجانبي، تقدم حتی حاذانا و اشار علي بانزال زجاج السیارة فلدیه ما یقول، ففعلت، أنا فداء لوالدك وفداء لفمك، لکني ارجوکما لا تستخدما کلمات عربیة في حدیثکما بهذا القدر، ثم أشار الي و قال لا تلفظ کلمة في الحقیقة و اشار الی دکتور محمود و قال و انت لا تستخدم کلمة طبیعي) [٧] مەسعودبارزانی سەرنجی هەرزەکارێکی کورد دەکاتە پەند و زۆر خۆی لە ووشەی بێگانە دەپاراست و بە کوردییەکی پاك و رەوان دەدوێت، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی رۆژانەی بەدەستەلاتی ناوەندەوە لە عێراق چەند ووشەیەکی عەرەبی دەخاتە سەر زاری، بەڵام دکتۆر مەحموود ئێستەش هەر دەڵێت تەبیعی تەنها پیتی (ط) کردووە بە (ت)، لێرەدا بە تکای لێبوردنەوە لە خوێنەری هێژا کە هیوادارم هاودەنگم بن هەناسەیەك لە بنەما و یاساکانی مێژوو نووسین لابدەم و وەکو کیژە هونەرمەندی نابینای کورد تارا رەسوڵ کە دەڵێت: (لە دەستووری عیشق لامدا کە بێ بینین خۆشمویستی) منیش بەهەست وسۆزو ئەندێشەیەکی روتەوە بەو هەرزەکارەی کوردی کەرکوك دەڵێم منیش قوربانی زاری تۆبم کە ئاوها زوو هەستت بە ئەرکە نەتەوەییەکانی سەرشانت کردووە و زانیوتە شەرمە بۆ کورد زمانی کوردی بە ووشەی بێگانە بشێوێنێت کە عەرەبی بەسەرەتا و کۆتایی و فارسی بە شەکر و تورکی بە زمانی هونەر دەژمێرن و ئەو زمانە پاکەی کوردیش ئەگەر کورد خۆی نەیشێوێنێت هەزاران جار لە هەردوو زمانی فارسی  تورکی پاکوپوخت و رەسەنترە وئەگەر ئەوان بە (بنە گۆزروان) و تەنانەت بە (تۆڵەکە)ش ئەژماریان بکردایە، شەرمم نەدەکرد ووشە و دەربڕینەکانیان لە گفتوگۆدا بەکاربهێنم وتێکەڵ بە زمانی کوردی بکەم بەڵام کە بەکورد رەوا نابینن زمانەکەی وەك ریخ و تەپاڵەش بناسن بەڵکو بە پیسترین شت کە مرۆڤ قێزی لێدەکاتەوە، گوو! شەرمە بۆ کورد ئەوپەڕی هەوڵ نەدات بە کوردییەکی پاك و رەسەن نەدوێت کە هەندێك ووشە و دەربڕینی لێدەرچێت کە بەرگ و پۆشاکی کوردییان بەبەرداکراوە ومشکی و جامانە و شەدەی کوردیان بەستووە و بوونەتە موڵکی کورد و بەشێك لە زاراوەکانی فەرهەنگەکەی، هەر ووشەی خۆماڵی و رەسەن بەکاردەهێنم تا ئەو رادەیەی دۆست و ناسیاوم هەن کەکوردیشن دەڵێن چاك لێت تێناگەین. ئەو ووشانەی بونەتە موڵکی زمانی کوردیی هەربۆ نموونە:

موڵك/ملك، کتێب(پەرتوك)، دەفتەر(پەڕاو)، قەڵەم(پێنوس)،مورەککەب ـ مەرەکەب، دین(ئاین)، مەزهەب(مەزەب ـ ئاینزا)، شەرع، حوکم(فەرمانڕەوایی،بڕیار،سزا)، شووراديوار، هەق(ماف)، زەوق(چێژ،چێژی هونەری)، قورئان، سورەت، ئایەت، فەرش(راخەر)، سەللاجە(بەفرگرە)، موجەمیدە(سەهۆڵکار ـ سەهۆڵگر).....

بەکارهێنانی ئەو ووشەگەلانە ئاساییین بەڵام کوردێك لە رووی هەست نەکردن و کەمتەرخەمییەوە وشەی کێشە- گرفت بکات بە موشکیلە، ئۆتۆمبیل — ئۆتۆمبێل ـ ترومبێل بکات بە سەیارە،کۆلارە ـ فڕۆکە، باڵەفڕ لکات بە تەیارە، شەمەندەفەر بکات بە قیتار، پاپۆڕ بە باخیرە، بەلەم بە سفینە، دەرەوەی وڵات بە خاریج و دەرەوەی گۆڕەپان بە خاریجی ساحە، هونەر بکات بە فەن و هونەرمەند بە فەننان، پشتگیری بە تەئید، پەسەندکردن بە موافەقە، سەرکەوتوو بە ناجیح، شێوەکار ـ وێنەکێش بە رەسسام لەوانەش ناخۆشتر تەصویر، صەوت، حەفلە حەفلەی زەفاف، زەواج ـ زەواجی کرد، هەدییە، جامیعە، مەعهەد، عیلاقە، ئیعتیادی، عادی، تەقلید کە لەبەرامبەردا وشەی پوخت و پاراو لە زمانی کوردیدا هەن و هەندێکیان لە دێرزەمانەوەو هەندێکیان لە مێژە بەکار دەهێنرێن و هەربەو زنجیرەیە بەرامبەرەکانیان لە زمانی کوردیدا هەن: وێنەگرتن، دەنگ، ئاهەنگ، زەماوەند — شایی، شووکردن — ژنهێنان — هاوسەرگیریی، دیاریی، زانکۆ، پەیمانگا، پەیوەندیی — ئەویندارییی، دەست تێکەڵکردن، ئاسایی ـ سادە — ساکار، لاسایی. بۆئەوەی هەندێك خوێنەر وانەزانێت بۆچوونەکانم بنەمایان نییە دەڵێم هەر لەسەردەمی ئینگلیزو مەلیك مەحموودەوە کە ئۆتۆمبێڵ بۆیەکەمین جار ساڵی١٩٢٢هاتۆتە کوردستانەوە ووشە ئینگلیزی — لاتینییەکە بەکارهاتووە وتراوە ئۆتۆمبیلەکەی شێخ مەحموود و بەشۆفێرەکەش وتراوە غەفوور هینەدی ئۆتۆمبیلچی — ترومبێلچی.یەکێك لەبنەماڵە رەسەنەکانی شاری سلێمانی هەر لەسەرەتاوە لە گەڕەکی شێخان نیشتەجێ بوون هەتا نەڵێیت کوڕانی عەبەی ترومبیلچی کەس نایانناسێت! ئەی بۆ ووشەی تەلەبە بەکاربهێنن کە هۆنەر(شاعیر)ی مەزنی کورد مەحوی ١٩٣٦ / ١٩٣٧-١٩٠٦ز. ووشەی شاگرد بەواتای قوتابی — خوێندکار بەکاردەهێنێت:

**لە شاگردانی کۆڕی عیشقم و جێ بەسوتن بێ لەوێ دەگرم**

**کە من مشتێ چڵ و چیۆبم بە چی بم کەڵکی کێ دەگرم**

هەندێك ووشەی لێکدراوو ئاوێتەش لە زمانی کوردیدا هەن،بەهەڵەبەکاردەهێنرێن وەك یاریکەر، زەڕەنگەر!! زۆر جار بیستوومە یەکێك دەڵێت یاریکەر بووم، دەڵێم خوانەکات یاری کەربوویت، تۆ یاریزان بوویت. لەم ماوەیەدا کوڕێکم بینی زۆر بەگەرمی هاتە پێشەوە و وتی: نامناسیتەوە؟ وتم شێوەت دەکەم، لە کوێ یەکترمان بینیوە؟ وتی زۆر دەمێکە، چواردە پانزە ساڵ لەمەوبەر، من جەباری زەڕەنگەرم.بەر لەوەی بیناسمەوە وتم تۆ زەڕەنگەریت. وتی بە خوا، بۆ باوەڕناکەیت،خۆ درۆناکەم؟ وتم دوور لە تۆ،کاکە جەبار هاتەوە یادم بەڵام تۆ زەڕەنگەر نیت، بەڵکو زێڕینکار،زێڕینگەر یا زێڕکاریت! پێکەنی، وتی. زەڕ، زەڕەی گوێدرێژە.وشەی دیکەش زۆرن وەك: کارەکەر/کارکار،ئاسنگەر/ئاسنکار،دارکەر/دارکار،بەڵام وشەی خزمەتکار بەرئەو هەڵەیە نەکەوتووە ونەبووە بەخزمەتکەر.

لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری١٩٩١ی باشووری کوردستان،دیاردەیەکی سەیر دەبینرێت،کوردی سلێمانی بەهۆی تێکۆشان و راپەڕین و قوربانیدانەوە هەندێك مافی کولتورییان هەبوو وەك خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی و ناونانی گەڕەك و شەقام و خوێندنگاکانی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی و

تابلۆی دووکان و فرۆشگا و کارگەکان بە نێوی مێژوویی و جوگرافیـایی کـوردەوە بـەڵام کـوردی کـەرکووك هەرچەند لەو مافانەش بیبەش بوون کەچی دەبینین زمانی ئاخاوتنیـان زۆر پـوختترە لـە دهـۆك و هـەولێر وتەنانەت سلێمانیش! زمان بەو پێیەی کۆڵەکەیەکی گرنگی بوونی نەتەوەیە لە پاڵ خاك، مێـژوو.کولتوور، بەرژەوەندی (ئابووری) هاوبەشدا، لە هیچ کاتێکدا زمـانی سـەربەخۆ لـە سـەربەخۆیی وڵات کـەمتر نییـە. هەموو تاکەکانی نەتەوەیەك ناتوانن لە پێناو رزگاریدا چەك هەڵبگرن بەڵام پـیر و پەککەوتـە و نـەخۆش و کەمئەندامەکانیش دەتوانن رۆڵی خۆیان لـە پاراسـتن و بوژاندنـەوەی زمانـدا ببیـنن، دامەزرانـدنی زمـانی یەکگرتووش (زمانی ستاندارد) ئەرکی پسپۆڕانی زمان و زانکـۆ و پـەیمانگا و دەسـتگا پەیوەندیدارەکانـە. پاراستن و بوژاندنەوەی زمانیش کارێکی گران نییە، ووشە رەسەنەکان لە بیرمەکە، هەتا ووشەیەکی کوردی هەبێت پەنا بۆ ووشەی بێگانە مەبە و زمانی کوردیت بەلاوە شیرین بێت،شانازی پێوەبکە،رێگە بە دوژمن مەدە وەك دەڵێن کورد خاك و نیشنیمانی نییە، بڵێن زمانی تایبەتیشیان نییە.ناتوانین گلەیی لـە کوردێـك بکەین لە جەژنی نەورۆزدا پۆشاکی نەتەوەیی نەپۆشیوە، بەڵام ووشە کوردییە جوانـەکان پشـتگوێ بخـات و هەربـەئارەزوو ووشـەی بێگانـە بخاتـە جێگـەیان ئـەوە نـەك گلـەیی جێگـەی رەخنـە و سەرزەنشـت و وریاکردنەوەشـە،بەرێوەبەرایەتیی شـارەوانیی سـلێمانی لـە صـاڵانی حەفتاکانـەوە نیشـانەکانی هۆشـیاریی نەتەوەیی، دڵسۆزی و شـانازیکردن بـە زمـانی کـوردی لای کۆمـەڵێك کارمەنـدی لاوو کـورد پـەروەر وەك هێمایەکی بەرگریکردن خۆیدەنواند. لە رۆژگارە تاریکەکانی شاری سلێمانیدا کە بەرپرسە باڵاکـان هـەموو عەرەب بوون، لاوە دڵسـۆزەکانی شـارەوانیی، سـەردرگای سـەرەکیی وسـەردرگای ژوورەکانیشـی بـەتابلۆی کوردی نوسیبوو، وەك بەرێوەبەرایەتیی شارەوانیی سلێمانی، سەرۆکی شـارەوانی، ئـەنزادیاران، نەخشـە... کەچی دوکاندارێك هیچ لێپرسینەوەشی لەسەرنەبوو لەبری ئەوەی بنووسێت مریشکی فرێزەرمـان هەیە،بـە عەرەبی دەینووسی (لدینا دجاج مجمد).نیوەڕاستی صـاڵانی پـەنجاکانی سـەدەی رابـردوو، سـەرۆکی میصـر عەبدولناصر بڕیاریدا ئێستگەیەکی رادیۆ لە قاهیر دابمەزرێنێت،بەرنامەکانی بەزمانی کوردی بڵاوبکاتـەوە بۆ هاندانی گەلی کورد دژی هەردوو رژێمی شا فەیصەڵی عێراق و حەمەرەزا شای ئێران، فوئاد مەعصـوم یەکێك بوو لە کادێرەکانی ئەو رادیۆیە.

پەخشـێکی رادیـۆ لـە قبیلـەی رزگـاریخوازانی عەرەبـەوە لـەو رۆژگـارە کپـەی کـورددا دووای کـەوتنی حکومەتەکەی مەلیك مەحموود، شکستی شۆڕشەکانی بارزان و هەرەسی کۆماری کوردسـتان هەڵوێسـتێك بوو لە میصرەوە تامی پەیامێکی پشتگیریدەدا، سەرۆك کۆماری تورکیا عەدنان مەندەریس کە بە کۆدەتا سـەربازییەکەی سـاڵی١٩٦٠ دەسـتی بەسـەر دەسـتەلاتدا گـرت و لەوکاتـەوە تورکیـا لـە ژێـر فـەرمانی ژەنەڕاڵەکانی سوپادایە، لەو هەنگاوەی میصر نیگەران دەبێت و داوای داخستنی رادیۆکە دەکەن، سـەرۆك عەبدولناصر زۆر بە سادەیی لە عەدنان دەپرسێت ئایا لە تورکیادا کورد هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت نەخێر لە وڵاتی ئێمەدا تەنها تورك هەیە! ناصر بەسەرسوڕمانو لاقرتییەوە دەڵێت: ئەی کە کورد لـە تورکیـادا نییـە بۆچی نیگەرانن؟

١٩٣٩/١/٢٩ بەشی کوردی ئێستگەی رادیـۆی بەغـدا دامـەزرا، سـەرەتا مـاوەی بەرنامـەکانی رۆژانـە

کاتژمێر و نیوێك بوو لەکاژێر ٥ ـ٦، ٣٠ ی ئێوارە، کامیل کاکەمین بەڕێوەیدەبرد ،عەبدولقادر قەززاز بێژەر بوو، دوواتر لە پەنجاکاندا چەند کادێرێکی لێهاتوو: شێخ حسێن قەرەداخی، رەفیق چالاك، دلشاد مەسرەف برەویان پێدا و گەیشتە ئاستێکی هونەریی شیاوو کۆمەڵانی کوردی لە خۆی کۆکردبۆوە، رادیۆی کوردی بەغدا بایەخێکی چاکی بە بەکارهێنان و چەسپاندنی ووشەی رەسەن دەدا وبەزمانێکی سادە و رەسەن و بێ گرێ وگۆڵ دەددوا، لە بواری هونەریی ومۆسیقاشدا هونەرمەندە گەورەکان لەوڕادیۆیەوە دەنگیان بیسترا وەك:

عەلی مەردان وگۆرانی (کۆڵان بەکۆڵان جادە بەجادە نەشیلەی چاو جوان پەچەکەت لادە)

رەفیق چالاك و گۆرانی(خاڵە هۆ خاڵەکە)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی:

( لەدوورەوە هاتووم بناسە دەنگم تۆزی غەریبی نیشتووە لەرەنگم )

تایەر تۆفیق وگۆرانی(کراس زەردێ):

(کراس زەردێ،کراس زەردێ،کراس زەردیم لیتۆراوە

کراس زەردیم بۆبکەنە بووك بیبەن بۆباخی شەقڵاوە)

کاوێس ئاغا وگۆرانی(کابۆکێ)

کەریم کابان و گۆرانی(بەری بەیانە زرەی فنجانە بای نەسیم و ئەگریجەت تاڵ تاڵ شەڕیانە)

حەسەن زیرەك وگۆرانی (دەنگدی لە شیلانەکەی با کوێربێت جیرانەکەی)

ئەحمەد مەحموود ئەولێ و گۆرانی گوڵی خوێناوی

(شاییە چوپییە، دەهۆڵە زوڕنایە زەردو سور تێکئالاون هەرایە

لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە)

رەسووڵ گەردی و حەیرانەکان ...ئەمن دەرێم ئەو بابان وێرانە مەمك فنجانە خەت و خاڕ لە ملانە...

شەماڵ سائیب وگۆرانی ( ئەرێ لەیلی)

عومەر رەزا و گۆرانی(هاتم هاتم بەسەربەستی هاتم نەمزانی وا گرژوپەستی بیدەربەستی هاتم )

فوئاد ئەحمەد وگۆرانی( هەستە بابڕۆین ئەی بووکی تازە دڵم سەرچاوەی سۆزو ئاوازە)

ئەوەی بەلای کورد خۆیەوە جێگەی شانازیی و سەربڵندییە و لای دۆست و دوژمنیش جێگەی سەرسوڕمان و پرسیار و تێرامانە، دوژمنان نەك هەر نەیانتوانی قەلاچۆیەکی بنەڕەتیی نەتەوەکە بکەن و بیتوێننەوە بەڵکو نەیانتوانی زمان، مێژوو، کولتوور، شانازی بە کوورد بوونیشی لە بیر ببەنەوە و رێگە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان و وێژە و هونەرەکەشی بگرن، ئەوە نیشانەی زیندوویی و خۆڕاگرتنە سەرەڕای چوار پێنج کەرت و پەرتکردن و ژێر چەپۆکیش بەهەتیویی بێکەسیش زمانی نەتەوەیی خۆیی رسکاند و تاڕادەیەکی بەرچاویش خۆی لە ووشە و دەربڕینی دراوسێ داگیر کارەکانیشی پاراست. زمانی کوردی بەبەراوورد لەگەڵ زمانی فارسی و تورکیدا کە لە ژێر سایە و سێبەری دوو قەوارەی بەهێزو زەبەللاحی سەردەمەکانی خۆیاندا بوون و کورد بێ قەوارەی رامیاریی ژێر چەپۆك و هەناسە سوار بوو بەدەست جەور و ستەمیانەوە، دەبینین زمانی کوردی لە هەردوو زمانی فارسی و تورکی رەسەنتر و پاکتر و

خۆماڵی و بێ گرێوگۆڵترە، هەر بۆ نموونە ووشەکانی بابا/ بابە، دادا/ دایە، ماما/ مامە، یایا/ یایە، کاکا/کاکە، کە لەسەر بناغەی دووبارەکردنەوەی بڕگە داڕێژراون، ووشەی ڕەسەن و خۆماڵیی زمانی سۆمەریی/کوردین و گوێزراونەتەوە زمانەکانی دیکە.

کورد لە رووی زمان و هونەرەوە پێشینەیەکی لە تورك زۆر دێرینتری هەیە، ئەوەی ئەمڕۆش تورك شانازی پێوەدەکات بەرهەمی رەنج و داهێنانی گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەوروپای خۆرهەلاتی ژێردەستییانە نەك زادەی بیر و داهێنانی زانستیی و هونەریی خۆیان. زمانی تورکی جگە لە کردار ـ کار و ئاوەڵناو و ئامرازەکان بریتییە لە تێکەڵەیەکی سەیر و سەمەرەی ووشە و دەستەواژەی عەرەبی، فارسی، کوردی، مەغۆلی، تاتاری، چینی و هتد.. مستەفا کەمال سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا ۱۹۲۳ لیژنەیەکی گەڕۆکی دامەزراند بەهەرێمەکانی کوردستانی باکووردا دەگەڕان و بەتایبەتیش لە گوندەکان ووشە و دەربڕینی کوردییان لە زمانی رەسەن و پاکژی گوندنشینەکانەوە دەچنییەوە و زمانی تورکیان بەزمانی کوردی موتوربەکرد و جگە لەوەی بەخەرواریش ووشە و دەربڕینیان لە دوورو نزیکەوە دەقۆستەوە و ناویان لێنا زمانی تورکی، سەیرەکە لەوەدایە ئەمڕۆ تورك بەهەموو ئەقڵییەوە وا دەزانێت کورد زمانی خۆی لەوانەوە وەرگرتووە، کورددەڵێت (هەتا خاوەن ماڵ دز دەگرێت، دز خاوەن ماڵی گرت!) زمانی فارسیش بەشی هەرە زۆری پێکهاتەکەی جگە لە کردارـ کار و ئامرازەکانی پەیوەست هەر عەرەبی و کوردی و هندی و ئەفغانی و بگرە ئینگلیزی و ئەڵەمانیشە! جێگەی تێڕامانیشە چەند ووشەیەکی سادە و سەرەتایی هەن منداڵ هەر کە زمانی دەپژێت فێریان دەبێت وەك: دا، دادە، دایە،با،بابا، بابە، کا، کاکا، کاکە لە زمانی فارسی و تورکیدا نین. کۆمەڵە ووشەیەکی فارسی وەك (مادەر) mother ی ئینگلیزی و muter ی ئەڵەمانییە، (برادەر)brather ی ئینگلیزی و bruder ی ئەڵەمانییە، (توختەر)tocherی ئەڵەمانییە. بەش بەحاڵی خۆم باوەڕناکەم ئینگلیز و ئەڵەمان لە فارسیان وەرگرتبێت. **لەگەڵ ئەوانەشدا دەپرسین ئاخۆ فارس یا تورك، پێستی روویان (هێند قایمە) شەرمیان نەکردووە ئەم شەکرە بشکێنن:**

**عربی أول و ئاخر أست** **فارسی شکر أست**

**تورکی هنر أست** **کردی نبود است (خر است)**[٨]

**شێخ رەزای تاڵەبانی فریاکەوە و خۆت ئاسایی بڵێ**[٩]**:**

**پێستی رووی هێند قایمە شێری میسری نایبڕێ** **گەر بەکەوشی کەی دەمێنێ تاقیامەت نادڕێ**[١٠]

ڕاستە کورد لەو دوو نەتەوەیە دوواکەوتوترە، بەلاّم لە رووی رەسەنایەتیی مێژوویی ویدێرینی لە ناوچەکەداوسفت وسۆڵیی زمانەوە تورك سەری ناگاتە ئەژنۆی کورد. لەگەڵ فارسەکانیشدا دوو گەڵن دەچنەوە سەرنەتەوەیەکی کۆن ودێرین و جێگیر و دامەزراو لە ناوچەکەداو زمانەکانیان دەچنەوە سەر رەگو ریشەی زمانی پەهلەوی کۆن،بەلاّم زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە،نەك وەکو شۆڤێنییەکان دەڵێن گوایە لقێکی زمانی فارسییە. زانا و لێکۆڵەرەوە ئەوروپاییەکان دەمێکە دانیان بەوەدا ناوە کە زمانی کوردیی نەك هەر دیالێکتێکی زمانی فارسی نییە بەڵکو زۆر لە پێش ئەویشدا رسکاوە.

لێرەدا هەر وەك نمونە بۆچوونی زانایەکی ئەوروپایی دەخەمە بەرچاو لەبارەی بەشێك لە وێژەی کوردەوە. زانای ئەڵەمانی، ئۆسکارمان ساڵی ١٩٠١ز. لەسەر بڕیاری دەوڵەتەکەی دێتە ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان، لە سابلاخ دەمێنێتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەیتە کوردییەکان و دوواتر لە کتێبێکدا چاپیاندەکات لە ژێر ناوی توحفەی موزەفەرییەدا.

**ئۆسکارمان لەو کتێبەدا ڕوودەکاتە کورد و دەڵێت: ( ئێوەی کورد قەدری ئەو بەیتە بەنرخانە نازانن، سوێندبێ،نە شکسپیر، هۆگۆ، لامارتین و پۆشکین هیچکامیان بەو ناسکیی و جووانییە شیعریان نەهۆنیوەتەوە )**[11] کۆنترین شاعیری کورد بەشێوەی گۆرانیی شیعری هۆنیوەتەوە مەلا پەرێشانە ١٣٩٨ / ١٣٩٩ - ؟ ز. (ساڵی ٨٠١ ك لە ژیاندا بووە)، شانازیی بە خۆیی و بە کوردەوە کردووە و خۆی بە مەلا پەرێشانی کورد ناساندووە[12] . زاناکانی ئەمڕۆش هاودەنگن لەگەڵ شەرەفخانی بتلیسیدا کە زمانی کوردیی بەسەر چوار لقی سەرەکیدا دابەشکردووە:

کرمانجی، سۆرانی، کەلهوری، گۆرانی . شێوە زمانی گۆرانی زمانی فەرمی میرنشینی ئەردەلان و زمانی شیعری مەولەویش بوو. بەلای تۆفیق وەهبی بەگیشەوە بریتییە لە (گۆرانی، هەورامی، زەنگنە، کاکەیی، باجەلانی)[13] زار زمانی (دیالێکت) کرمانجی فراوانترین دیالێکتەکانی زمانی کوردییە و بریتییە لە:

١ـ کرمانجیی ڕۆژهەڵات هەردوو دیالێکتی سلێمانی و موکریانە کە هەریەك دیالێکتن.

٢ـ کرمانجیی باکووری ڕۆژئاوا: شێوە ئاخاوتنی کوردەکانی ئەریڤان، باروکلی دەوروپشتی ئارارات، کوردەکانی بایەزید، ورمێ، هەکاری، شەمدینان، بادینان، نورعابدین، ماردین، ئامەد (دیاربەکر) و باکووری سوریایە.

دەتوانین دابەشکردنێکی وردتریش بکەین:

١- دیالێکتی کوردیی باکوور (کورمانجی) دانیشتوانی کوردستانی باکوور، نێوەڕاست و باشووریش هەتا خوار دهۆك، ئامێدی، زاخۆ و ڕۆژئاوای زێی گەورە پێی دەدوێن.

٢) دیالێکتی کوردی نێوەڕاست (سۆرانی): دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، سابلاخ، سنە، سەقز، بانە، بۆکان و مەریوان پێی دەئاخافن.

٣) دیالێکتی کوردی خواروو کە دەبێت بە سێ لقەوە:

أـ گۆرانی (هەورامی).

ب ـ زازا، دیالێکتی کوردەکانی دەرسیم و چەند ناوچەیەکی باکوور.

ج ـ دیالێکتی لۆری بچووك کە مامە سەنی، کەلهوڕی و فەیلی دەگرێتەوە.

گەریدە ئەوروپاییەکان لە گەڕان و لێکۆڵینەوەکانیاندا گەلێك جار لە دیاریکردنی زمانی ئاخاوتنی گوندێك، شارێك، ناوچەیەکی کوردستاندا بەهەڵەدا چوون چونکە زمانی کوردستانییان نەزانیوە، بەتایبەتی لە باکوور دەستەلاتی تورك دوو پۆلیسی خستۆتە پاڵیان و تێیانگەیاندوون کە ئەوانە تورك زمانن. مێجەر نۆئێل دەڵێت لە زۆر ناوچەدا ووشە کوردییەکان بەفرمانی دەوڵەتی تورك، کلك و گوێیان کراوە و کراون بە

تورکی ئاتەمی، هۆرتان، کاران کراون بە ئاتەمیللی، هۆتلۆ، کارلۆ.

زۆر ووشەی کوردیش دەقاودەق کراون بە تورکی (وەرگێڕدراونەتە سەرتورکی ن.ك) و وەك ووشەیەکی رەسەنی تورکی بەکاریاندەهێنن، بۆ نموونە ئاوە سپی کراوە بە ئاق سوو.(١٤) مێجەر نۆئێل ئەوەش دەڵێت کە ووشەی عەرەبی (زانیە)}وشەی (ألزانی والزانیە)وەك لە قورئاندا هاتووە،مەبەست لە پیاو وئافرەتی داوین پیسە ن.ك.{لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەرامبەرێکی نییە، لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ووشە فارسییەکە و لە رۆژئاوا ووشە تورکییەکە و لە باکوور ووشە رووسییەکە و لە باشووریش ووشە عەرەبییەکە بەکاردەهێنن، هەمووشیان بەگشتیی ووشەی تەشەر بۆ ئەو واتایە بەکاردەهێنن.(١٥)}وشەی تەشەر/تانەوتەشەر لەکوردیدا بۆ سووکایەتیی پێکردن وناوزراندنی ناحەز، دوژمن بەکاردێت.ن.ك{

## لە بەراوردکردنی کولتوری فارس و تورك و کورددا
## ئاخۆ دەستاویان بەسەرکوردەوە هەیە؟

تورك لە رووی مێژوو، زمان، هونەرو وێژەو پێشکەوتنی شارستانێتییەوە لەگەڵ فارس و گەلانی ئێراندا بەراوورد ناکرێن، لە لایەنی رامیاریی و سەربازیشەوە دەستکورت نەبوون، کاتێك ئێران و رۆمی بیزنتە بەر لە هاتنی لە شکری ئیسلام ناوچەکەیان لە نێو خۆیاندا دابەشکردبوو، تورکەکان سەرگەرمی چەتەیی و کاروان روتکردنەوە بوون لە دەریاکان و ووشکانیدا و بەدەم شەڕو کوشتار و پیاو خراپییەوە لە کەنارەکانی دەریای مەڕمەڕەوە دەگیرسێنەوە و لە ئەنجامدا لە خاکێکدا کە داگیریانکرد چەند میرنشینێك و دوواتر دەوڵەتی عوسمانی دادەمەزرێنن و لەوێوە بەتەواوی ناوچەکەدا و خۆرهەڵاتی ئەوروپا و سەرووی ئەفەریقا و قەفقاسیادا بڵاودەبنەوە،بەڵام لەڕووی زمان و کولتوور و شارستانییەتەوە زۆر لە دوواوە بوون. خۆ ئەوە بەڵگە نەویستە و نموونە یەکی زۆر زەقە زمانی فارسی لەسەر هەتا خواری وڵاتی عوسمانیدا سەرباری هندستان و ئەفغانستانیش زمانی فەرمی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن و تۆمارەکانی بارەگای سوڵتان و شاکانی ئەفغان و هندستانیش هەر بە فارسی دەنووسران بەڵام زمانی ئاخاوتن لە ئێراندا زمانی میدی کۆن (پەهلەوی) بوو. بەوپێیەی زمانی فارسیی و کوردیی دوو لقی زمانە مادەکانن و هەردووو نەتەوەی فارس و کوردیش بەرەبابی (ماد ـ میدیا)ن و بەرەگەزیش ئارین، بێگومان نزیکیی و خزمایەتییان لە نێواندایە وەك دوو نەتەوە و دوو زمانی جیاواز.

حەمە رەزای شای ئێران لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بڕیاری دامەزراندنی بنکەیەکی زمانەوانی دەرکرد بۆ بژارکردنی زمانی فارسی لە ووشەی نامۆ و بێگانە، کۆمیتەکە دەستبەکاربوون، یەکێك لەو ووشانەی گەرەکیان بوو بیکەنە فارسی ووشەی (غواصە)ی عەرەبی بوو، سەریانهێنا و سەریانبرد، بەرەکەتدا، دەستەواژەی تەهتەل بەهری (تحت البحری) یان بۆ دۆزییەوە، هەربەو پێیەش ووشەی (مرحلة) بوو بە (فاصیلة زمنی)، (انفصال) بوو بە (تجزیة طلب ـ تەجزییة تقلقب).کورد دەڵێت دەستکاری مەکە با خراپ نەبێت. بریا ئەوانیش هەر دەستیان لێنەدابا، چونکە وەك بۆیان نەکرا بەفارسیی،هەریەك لەو وشە عەرەبییانەشیان کرد بە دووان. هەر ئەو ساڵانەش کە بە شەقامەکانی ئێراندا دەگەڕاین، زوو زوو تابلۆیەکی ووریاکردنەوە دەبینرا گوایە فارسییە، وەك (سرعت دلیل مهارت نیست) تیژ لێخوڕین نیشانی

کارامەیی نییە،(دخانیات أصلا ممنوع أست) جگەرەکێشان لەبنەڕەتدا قەدەغەیە.تورکە عوسمانییە رەگەز پەرستەکانیش دروشمی سەرەکیان چوار وشەی عەرەبی بوو،بە ڕێنووسیی عوسمانیی(حریت، مساوات، عدالت، أخوت) ئازادیی،یەکسانیی،دادپەروەریی،برایەتیی، کورد لە زمان و هونەرو وێژەدا دووانەکەوت، قۆناغەکانی مێژووی گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان و وێژەی ئەگەرچی بە سستیش بێت تێیپەڕاند،هەر بۆ نموونە کەڵە شاعیری وەك ئەحمەدی خانی ١٦٤١ ــ ١٦٦٩و شاکارە مەزنەکەی مەم و زین، مەولەوی بلیمەت، مەحوی دانا،نالی ناسك و پڕئەندێشە،پیرەمێردی فەیلەسووف،بێکەسی چاونەترس و پەنجە لە چاوی (ئەدمۆنس)،عەبدوڵلاگۆرانی زمانی کامێرا،ئەحمەد هەردیی تەزووی هەست و نەستی ئەوین ودڵداریی،کامەران موکریی هۆنراوەی کوردایەتیی و شۆڕش، دیلان سۆزداری شێخ مەحموود وهاورازی بەردەقارەمان و داریکەلیی و بەرانان،کامیل ژیر هۆنەر(شاعیر)ی بیری کوردایەتیی،شێرکۆ بێکەسی تێپەڕی تێدا هەڵکەوتن کە ئاستی هونەرییان سەرڕێژ دەکات و سنوور دەبڕێت و خۆبە گەلانی دراوسێ دەناسێنێت. کورد بۆ شانازی بە وێژە و ویژەوانییەوە نەکات چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی ٩٣٥ — ١٠١٠ ز. لە دەقی هۆنراوەکانی جیفری جۆنسەری بەریتانیایی کۆنترە کە بەیەکەمین دەقی هۆنراوەی ئینگلیزی دەژمێردرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٠٠.[١٦]

**لێرەدا بەهەلی دەزانم هەڵوێستەیەك لەسەر پیتێکی هەتیو و بێکەس بکەم لە زمانی کوردیدا کە خۆمان ناکەینە خاوەنی و وەك پیتێکی نامۆ تەماشای دەکەین، لە نووسیندا دەیکەین بە (س) هەرچەند دەنگێکی سەربەخۆشە**، بۆ **روونکردنەوەی بۆچوونەکەم چەند ووشەیەکی کوردی رەسەن بە نموونە دەهێنمەوە وەك( صەهۆڵ، صەوڵ، صۆڵە، ( صۆڵەی قەرەداغ، سەرماوصۆڵە )، صواڵەت، قەلص، صلکردن، صەگ، صەوز، صەوزە، صلق، صاڵ، صەد، صلاو، صۆفی، مووصڵ، بەصرا، صەلاحەددین، فەیصەڵ، صابوون، میصر، فاصۆلیا، صلێمان، صوڵتان، صەهیۆنی**). سەرنج لە هەردوو ووشەی (صاڵ) و (صەد) بدە، وەك دەزانین هەموو صەد صاڵێك (سەدە)یەکە بەلام کورد نالێت صەدە، بەڵکو دەڵێت سەدە .! کەچی لە نووسینی ئەو ووشانەی دیکەدا (ص)ەکە دەکرێت بە (س)! ئەو ووشە عەرەبییانەی کە کەوتونەتە زمانی کوردییەوە و پیتی (ص)ی تێدایە، ئێمەش بە (ص) دەریدەبڕین وەك صۆفی، صاف، صەلاحەددین، موصڵ، بەصرا، فەیصەڵ، صەلەوات (صلاوات)، صابوون، بانص، میصر، فاصۆلیا، مەصاصە(مژمژە).

ووشەی عەرەبیش هەیە،کە بەکوردی دەریدەبڕین، پیتی(ص)دەبێت بە(س) وەك: صەموون/ سەموون

صندوق/ سنووق

صەبر/ سەبر

قەمصەڵە/ قەمسەڵە

مەصاصا/ مەساسە

صودە/ سۆدە

شەخص/ شەخس

صەموون/ سەموون

قاصە/ قاسە

قەصر/ قەسر

قەیصەر/ قەیسەر

،قەیصەری/ قەیسەری

،فورصە/ فرسەت

صەفتە/ سەفتە

فەصڵ/ فەسڵ (فەسڵەکانی ساڵ)

بەڵام فەصڵ (فەصڵکردن) / فەصڵ!

صفر/ سفر

فاصۆلیا/ فاسۆلیا

صەڵا/ سەڵا(بانگ وسەڵا)

صەفا/ سەفا(سەفاومەروە)

صوڵح/ سوڵح

پەصتاڵ/ پۆستاڵ

قاصە/ قاسە

شێخی صەنعان/ شێخی سەنعان

ناصر/ ناسر

قەصاب/ قەساب

بەڵام ئەم یاسایەش نـاوازەی تێدەکـەوێت،وەك شـاری صـەنعای پێتـەختی وڵاتـی یەمـەن لـە کوردیشـدا بەدەنگی (ص)دەریدەبڕین بەڵام ووشەی (صـۆبە)نابێت بە(سـۆبا)بەڵکو کـورد دەڵێت(زۆپا)،(ص)ەکـەنابێت بە(س) دەبێت بە(ز)،(ب)ەکەش دەبێتە(پ)! قەفەص نابێـت بـە قەفـەس،کورد دەڵێـت قەفەز.صـەهیۆنیزم لەکوردیدا بووە بە زایۆنیزم .

وشەی عـەرەبیش هەیە کورد بەکاریدەهێنێت بەڵام (س)ەکەی دەکاتە (ص) وەك:

سوڵتان/ صوڵتان

سولتە/صوڵتە

سەڵت/ صەڵت

سەڵتە/صەڵتە(کەواوصەڵتە)

سەیتەرە (سیطرة)/صەیتەرە

سەتل/ صەتڵ

سلق/ صڵق

وشەی بێگانەش هەیە کەبەکوردی دەریدەبڕین دەنگی هەندێك پیـت دەگـۆڕدرێن بـەڵام پیتـی (ص) ەکـە

گۆڕانكاریی بەسەردا نایەت وەك: صابون/ صابوون

موصل/ موصڵ

بەصره/ بەصڕا

صوفی/صۆفی

صاف/ صاف

صلاحه دین/ صەلاّحەدین

بەنص/ بانص

## كۆمەڵێك لەوانەی لەسەر كورد نووسیو یانە

سەرلەشكرومێژوونووسی یۆنانی،زەینەفوون٤٣٠ ـ٣٥٥پز.،لە كتێبی ئانابازیس (هەڵكشان بەرەو ژوور) نوسیوێتی كاردۆخ زمانێكی سەربەخۆیان هەیە وئەوەندەش بلاّوبۆتەوە بێگانەش پێیدەدوێن.كاردۆخەكان لەشەڕدا لەناكاو دێن، خۆیاندەكەن بەنێو دوژمنداو دڕ بە ریزەكانیان دەدەن، هێزێكیشیان رێگای دەربازبوون لە دوژمن دەگرن و ئەوانەی سەر چیاش گاشەبەردیان بەسەردا گلۆر دەكەنەوە، بەلام لە بواری رامیاریدا كاردۆخ وەك ئەرمەن سەركردەی رامیاری و خاوەن بڕیاریان نەبوو.[١٧] لە بارەی پەیوەندییەكانی نێوان كاردۆخ و فارس، زەینەفوون دەڵێت: گەلی كاردۆخ ژێر فەرمانیی فارس ناكەن و هەرگیز ملیان بۆ شۆڕ نەدەكردن،بۆیە فارسەكان لەشكرێكی قەبەیان كردە سەریان و ١٢٠ هەزار سەرباز پەلاماریدان بەلاّم تەنها سەربازێكیان بەزیندوویی نەگەڕایەوەو تاقیان لێدەرنەچوو.

گەریدەی ئیتالیایی ناسراو، ماركۆپۆلۆ ١٢٥٤ ـ ١٣٢٤ز. لەگەشت نامەكەیدا،ساڵی١٩٢٨ز.نوسیوێتی لەم ناوچە شاخاوییانەدا (مەبەستی چیاكانی زاگرۆسە) نەتەوەیەكی دیكەش دەژین بەكورد ناودەبرێن، توخم و رەگەزێكی خراپ و شەڕانین، شەیدای تالاّنكردنی كاروانەكانی بازرگانین، بەشێكیان دیان و بەشێكیان زەردەشتین.[١٨]

یەكێك لە شاكانی بابل لەسەر تاشە بەردێك نووسیوێتی (قەومی گۆتی لە ئاسمانی ئەم سەرزەمینەدا وەك ئەستێرە دەدرەوشایەوە و نەك هەربەزۆری (مەبەستی ژمارەی جەنگاوەرە ن.ك) بەڵكو بەعەزم و توندوتیژی و وێرانكاریش مەشووربوون.بەرامبەر من درێژەیان بەیاخیبوون و دوژمنكاریدەدا، لە نێو ئەم ولاّتە گەورەیەدا لە سنووری ئاراراتەوە هەتا كەمۆخی (طور عابدین) كێوی خوا پەرستان، خوێنی گۆتی وەك ئاو رۆیوە)[١٩] .

مێژوونووسانی بەنی ئیسرائیل،دەوڵەتی ماد بەهێمای رق و تووڕەبوونی خواوەند (یاهوو) دەژمێرن. پیاوانی ئاینیی جوولەكەش زۆر شادبوون كە میدییەكان گاڵەیان بە دەوڵەت و ولاّتەكەی بابل دەكرد.[٢٠]

زەینەفوونی یۆنانی بۆ یارمەتیدانی كۆرش دژی براكەی بە لەشكرێكەوە دەگاتە ئێران. لەگەڕانەوەدا بەرێگەی كوردستاندا نووسیوێتی كاردۆخەكان بەدەم سروودی جۆشێنەرومۆزیكەوە پەلاماریاندەداین. بەلاّم لە بارەی ئاوەدانیی كوردستانەوە دەڵێت باوەڕناكەم ئەو هەرێمە رۆژێك لە رۆژان ئاوەدان بووبێت.

مانگۆخان ئیمپراتۆری مەغۆل نامەیەك بۆ هۆلاكۆی برای دەنێرێت،ئامۆژگاریی دەكات(لە هێزو

ئازایەتیی و دەستوەشاندنی هۆزی لوڕ و کوردەکانی برایان خۆتان بپارێزن.)[٢١]

مێـژوو نووسـی عێراقیـی تـەها بـاقیر دەڵێت(کاشـیەکان ئـارین، لـە نێوچـەکانی بـاکووری عێراقـەوە روویانکردۆتە باشوورو لە ٢٠٠٠ پز، دەوڵەتێکیان دامەزراند چوار صەد صاڵ فەرمانڕەوا بوو).

خۆرهەلاتناسـی ئیتـالی دیلـلا ڤـاللا صـاڵی١٦٦٧ز.تایبەتمەنـدی زمـانی کـوردی سـەلماندووە و دەڵێـت کوردەکان بەزمانی تایبەتی خۆیان دەدوێن و لە زمانەکانی عەرەب و عەجەم (گەلانی لـە عـەرەب بـەدەر، ئەو مەبەستی تورك و فارسە ن.ك) جیـاوازە. کـە دەچێتە شـاری ئامـەد دەڵێـت لـەم شـارەی دیاربـەکردا چەندین شاعیری زمانپاراو هەن، هەریەکەیان فزوولی و جەلالەدینی رۆمییە کە.. لە بتلیس حەوت شاعیرم ناسی دیوانیان هەیە، لەوانە کاتب چەلەبی، مەلا رەمەزان، جەننەتی، گەنجی، وانـی، مـیر سـوپەر و شـای شاعیران شانی ئەفەندی[٢٢] .

ئـــــەدوارد زاخــــاوEduard Sachau مژدەهێنـــــەرێکی ئەڵـــــەمان وکوردناســــــە، صـاڵی١٨٨١ــ١٨٨٥لەموصـڵ بووە،بەکورسـتانداگەڕاوەو گەشـت نامەیـەکی بـەنێوی (لـە حەڵەبـەوە بـۆ مووصڵ) نووسیوە، جگە لە دوو کتێـب لەسـەر کوردوچـەندین دەستنووسـی کـوردیی سـەدەی ١٨، ١٩ ی کۆکردەوە و لەفەوتان رزگاریکردن وەك مەم و زین و چەند تێکستێکی شیعر و دوو حیکایەت[٢٣] .

پێشەوای هند، جـەواهیر لال نـەهرۆ (مسـتەفا کـەمال ئـەتاتورك بێبـەزەیی کوردەکـانی دەدایـە دەست دادگایەکی تایبەت و ئەویش هـەزارانی تاوانبـارکرد و سـەردارانی کـورد شـێخ سـەعید و دکتـۆر فوئـاد و زوریدیکەیان(موحەممەد تۆفیق و شێخ عەبدولقادر و ژەنەراڵ ئیسماعیل.ن.ك) لەسێدارەدران،لە مەرگیشـدا خەندە لەسەر لێویان نەبڕا، کە نیشانەی بڕوا و دڵنیاییە بە سەربەخۆیی کوردسـتان)[٢٤] نـەهرۆ کتێبەکـەی لە١٩٤٩دا نووسیوە بەڵام بە وردی ئاگاداری قەلاچـۆکردنی کـورد نـەبووە، بـۆ نمونـە تـەنها لـەماوەی دوو مانگدا ٢٣١ کورد لە سێدارە دران:

| | |
|---|---|
| ١٩٢٥/٥/٢٧ | ٩١ کورد |
| ١٩٢٥/٦/٢٧ | ٤٧ کورد |
| ١٩٢٥/٦/٢٨ | ٩٣ کورد لە سێدارەدران. |

ئارمسترۆنگ(چـۆن سـوڵتانە تورکـەکان، یۆنـان و ئەرمـەن و بولگارەکانیـان داماڵـەخاس کـرد، تورکـە کەمالییەکانیش بەهەمان دڕندەیی و چەپەڵی کوردەکانیان لە نێو برد)[٢٥] .

سەرکردەی شۆڕشی ئارارات ئیحسان نووری پاشا دووای هەرەسی شۆڕشەکەی١٩٢٧ـ١٩٣١دەڵێت (تورك چوار صەد گوندی هەرێمی تاندریك خاپور دەکەن، لە پارێزگای وان ٨٣ گوند وێران و ٥٩٠ کەس کـوژران، جگە لە رەشەکوژیی ٢٢٠ گوند و نزیکەی صەد رووناکبیریش دەستو پێ بەستراو فڕێدرانە گۆمی وان.) ئەم تاوانانە سەرکردەی شۆڕشەکە ئیحسان نووری دەیگێڕێتەوە).

بلافۆك(دەنگوباسی خۆرهەلاتی ناوەڕاست) ژمارە١٢ی صاڵی ١٩٣١کە لـە وڵاتـی سـۆڤیەت دەردەچـوو نووسیوێتی (کەمالییەکان هەموو جۆرە چـەکێکی نوێیـان لـە کوردسـتان بـەکارهێنا و هـەموو رێگاکـانی خوێنڕێژی و پیاوکوشتنیان(مرۆڤ کوشتن .ن.ك) گرتۆتە بەر، بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد خەفـە بکـەن.

تۆپ و فڕۆکە گوندەکانیان تەواو خاپووركرد، گاوگۆتاڵ و سامانیان تاڵانکران و دانیشتوان قڕکران بێ جیاوازی نێوان چەکدار و بێچەك، زارۆك و ئافرەت وپەککەوتە)[٢٦].

مەحموود ئیسات بوژکورت وەزیری داد،مانگی ئابی١٩٣٠وتی:(ئازادی لە تورکیا لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە پترە، ئەم نیشتمانە خاکی تورکە، ئەوەی لەم وڵاتەدا لە رەگەزی پاکی تورك نەبێت تەنها یەك مافی دەکەوێت، مافی خزمەتکاری و کۆیلەیەتی)[٢٧].

مێژوونووسی کورد صالّح قەفتان (میدییە کوردەکان هەر بەرەسمیات مسکێنی فارسەکان بوون، بۆ تاڵانکردن لەگەڵ لەشکری شای فارسەکان دەچوون بۆ شەڕو تاڵانییان دەهێنا.. بەجۆرە لە دەوری مەکدۆنی و ساسانیدا هەتا حکومەت بەهێز بووبێت سەرپێچییان نەکردووە بەڵام لەکاتی لاوازی (حکومەت) و ئاژاوەی ناوخۆدا ئاڵای یاخێگەرییان هەڵکردووە و لەژێر فەرمانی سەرۆکی خۆیاندا نەیانهێشتووە کەس حوکمیان بەسەردا بکات)[٢٨] بۆچوونەکەی قەفتان راستە، زلهێزەکانی ئەو سەردەمانە کەلەشکرەکانیان دەشکان و پاشەکشەیاندەکرد پەنایان بۆ چیا سەختەکانی کوردستان دەبرد و لەوێوە سەرلەنوێ هێزەکانیان کۆدەکردەوە و خۆیان بۆ گوژمێکی دیکەی جەنگ ئامادەدەکرد، کوردستان بە درێژایی مێژووی کورد گۆڕەپانی جەنگ و ململانێی هێزەکانی ناوچەکە بوو، وڵاتەکە داری بەسەر بەردەوە نەمابوو، کوردیش ناچاربووە، یا بەرژەوەندیی مانەوەی لەوەدابووە هاوکاریی لایەنێك بکات.کەیخوسرەوی دووەم (کۆرش) لەسەر دەستەڵات گرتنە دەست لەگەڵ ئەردەشێری برایدا لە رووی یەکتردا وەستانەوە و لەشکر بەرامبەر یەکتر رادەگرن. کۆرش داوای یارمەتی لە یۆنان دەکات. صالّی ٤٠١ پز، سیازدە هەزار سەربازی یۆنان بەسەرکردایەتی زەینەفوون روویانکردە ئێران بەڵام کۆرش دەشکێت و لەشکرەکەی زەینەفوون لەگەڕانەوەدابۆ وڵاتی خۆیان نەیاندەتوانی لەڕووباری دیجلە بپەڕنەوە،ناچار بەکوردستاندا گەڕانەوە، کۆرش دوژمنی کورد بوو، بۆیە هۆزگەلی کاردۆخ لەدەربەند و دۆڵ و نشێوەکاندا چەند بۆسەیەکیان بۆ دانان و زیانی زۆریان پێگەیاندن، ئەوانیش بەهەرئاوەدانییەکدا تێدەپەڕین دەیانسوتاند، کوردەکانی باکووری میسۆپۆتامیا(باشووری کوردستان) لەوڕوانگەیەوە رێگەیان بەزەینەفوون گرت یا بەفەرمانی ئەردەشێر کە بووە بەشای ئێران و بۆئەوەی لەشکری یۆنان جارێکی دیکە دەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران نەدات؟

مێجەرنۆئیلّ(لەجەنگی سوڵتان سەلیم و شا ئیسماعیلی صەفەویدا(جەنگی ئاینزای سوننە و شیعە ن.ك) سوڵتان چل رۆژ دادەنێت بۆئەوانەی چوونەتە سەرباوەڕە نوێیەکە(ڕێبازی شیعەگەریی بگەڕێنەوە سەر رێگای راست ن.ك) یا لە وڵاتدا نەمێنن.کوردەکان چوونە شاخ دژی سوڵتان دەجەنگان و بەقزڵباش ناو دەبران...ئەوروپاییەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە (دەڤەری یەزیدان ن.ك) و لەو باوەڕەدان جیاوازییەکی رەگەزیی بنچینەیی لە نێوان کورد و قزڵباشدا هەیە (بۆیە ن.ك) هێشتا قسەکانم تەواونەکردبوو(کە قزڵباش کوردن.ن.ك) هەموویان تووڕەیی و پەستی کەوتە روویان: ئەگەر شەڕ یەخەی کورد بگرێت قزڵباش بێت یا تورك هەردوژمنە، بەتایبەت ئەگەر دوژمنەکە سوننە بێت. سلێمان ئاغای گوندی یەزیدان وتی تۆ پێمنالێیت ئێمە چیمانداوە لە تورك و جەنگ و رووداوەکان)[٢٩].

مسز بیل هاوسەری ئەفسەری رامیاریی بەریتانیا لە حەلەب،کۆلۆنێل بیل دەڵێت: کوردەکان هەستێکی

ریشەداری (قوولّی .ن.ك) دوژمنایەتییان لەگەلّ تورکدا هەیە.. کابانەکان ئامادەن لەگەلّ مێردەکانیان بێ عەبا و پەچە، چاویان بەکۆمەلێك ئەمەریکی(ئەمەریکایی) بکەوێ(مەبەستی لە پێکەوە دانیشتنە بەسەربەستیی ن.ك) بەلاّم هەرگیز ئامادەنین ئەوە لەگەلّ تورکدا بکەن)(٣٠)

گۆرئازێ: هیچ نەتەوەیەك لەسەدەی بیستەمدا هێندەی کورد نەبووە بەداردەستی هێزەکانی ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەش.(٣١)

کارەساتەکانی وێرانکردنی باشووری کوردستان و کۆمەلّکوژی (لەکۆی ٤٥٠٠ شارودێ وگوند ٤٠٠٠ وێرانکران و ٤٥،٠٠٠کم. لەکۆی ٧٥،٠٠٠ کم. ژیانی مرۆڤی تێدا نەهێلّراو لە دانیشتوانیش ١٨٢ هەزارمرۆڤ نێوان صالاّنی ١٩٨٧ـ١٩٩٠ کۆمەلّکوژکران)(٣٢) .

کلودیۆس جەیمس ریچ دەلّێت: بەداخێکی زۆرەوە کوردستانم جێهێشت، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، نەتەوەی کورد بەچاکترین نەتەوەکانی خۆرهەلاّت هاتە پێش چاوم. گەلێکی دۆستم پەیداکرد بەدلّوگیان و سۆزێکی بێسنوور میوانداریيان کردم، یادگاریی ئەو هەلّسوکەوتە کوردانەیەم هەرگیز لەیاد ناچێت.

شۆرەسواری مێژوونووسانی کورد و سەرقافلّەی هۆشیارو بەئەمەکیان، میر شەرەفەدین خانی بتلیسی ١٥٣٤ ــــ ١٦٠٨ز. لە کتێبی مێژووە بەنرخەکەیدا، شەرەفنامە،کە ١٠٠٥کۆچیی/هەیڤی بەرامبەر١٥٩٧زاین تەواویکردووە و هەتا ئەمڕۆ چەند جارێك چاپکراوەتەوە و بەچەند زمانێکی بێگانەش بلاّوکراوەتەوە، مێژووی میرنشینەکانی کوردی بەشارەزایی و سەلیقەیەکی وورد بۆ تۆمارکردین و سنووری کوردستانیشی دیاریکردووە، خۆ ئەگەر ئەو پیاوە مەزنە ئەو ئەرکە گەورە و پیرۆزەی ئەنجام نەدابا، چەند صەد صالێکی مێژووی کورد بزر و شاراوە دەمایەوە و هەر بەتەواویش لە بیر دەچوونەوە.

مەحموود کاشغری لە کتێبەکەیدا (دیوانی زمانی تورك) کە صالّی ١٧٠٣ز. نووسیویەتی و صالّی ١٩٤٠ لە قاهیرە چاپکراوە، نەخشەیەکی سیاسی ئەوڕۆژگارەی جیهانی کێشاوە، گۆڕی پیرۆزی پڕ لە رووناکی بێت، راست و رەوان ولاّتی کوردی تێدا دەستنیشان کردووە(٣٣).

مێژوونوس و رۆژهەلاّتناسی سۆڤێتی مینۆرسکی لە بیستهەمین کۆنگرەی رۆژهەلاّتناسەکاندا کە صالّی ١٩٣٨ز. لە شاری برۆکسل پایتەختی ولاّتی بەلجیکا سازدرا، بەڕاشکاویی رایگەیاند کورد لە دێرزەمانەوە لە ئازەربایجان سەریانهەلّداوە، دیارە مەبەستی لە هەردوو هەرێمی ئازەربایجانی خۆرهەلاّت و خۆرئاوایە کە پێگە و مەلّبەندی دامەزراندنی یەکەمین دەستەلاتی بەهێزی کوردە لە چوارچێوەی دەولّەتی مادـ میدیادا ٦٧٠ـ ٥٢٠پز. ئازەربایجانی خۆرئاوا وەك هەرێمێکی کوردستانی گەورە پارێزگاری ناسنامەی نەتەوەیی خۆییکرد، هەرچی بەشی رۆژهەلاّتەکەیە دەکەوێتە دەست هۆزە تورکە مەغۆلەکان و ئەمڕۆ بەشێکی لە سنووری دەستەلاّتی ئێران و بەشێکیشی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی جارانە.

نووسەری پێشکەوتنخوازی عەرەب،دکتۆرفەهمی شەنناوی لەوتارێکدا بەناونیشانی کورد هەتیویی موسولّمانانن نوسیوێتی: ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە پێدەچێت بەسەر هیچ گەلێکی موسولّماندا نەهاتووە. ئەتاتورك لە خۆرهەلاّتەوە بۆ خۆرئاوای تورکیا رایگواستن کە بیانکاتە تورك... هەتیوێکی داماو لەسەر بیرە نەوتەکان دەخەوێت بەلاّم لەناوناچن و مافیان ناخورێت و دەبنە شمشێری بڕەر و پێشەنگی

بزوتنەوەی جیهانی ئیسلام... بەزۆری و توانا و دەستەڵات نییە، بەخۆڕاگرتن و بەرگریکردن و مانەوەیە، ئەوەی زەمانە ملی پێنەوینەکات هەرسەردەکەوێت. کورد هەتیوی بێ داك و بابی موسوڵمانن، دابینکردنی مافەکانیان لە ئەستۆی ئەم نەتەوەیەدایە (ئاخۆ مەبەستی نەتەوەی عەرەب یا گەلانی موسوڵمانە؟ ن.ك)، کاتی ئەوەش هاتووە ئەم قەردەیان بدەینەوە! کوردینە ئێوە سەرە رمی لەشکری موسوڵمانانن، ئەوڕمە بەیەکگرتنەوەی ئێوە کاریگەردەبێت،ئەگینا دەچەقێتە جەستەی موسوڵمانان خۆیان. ئێوە پاکترین کۆمەڵەی موسوڵمانانن و مەردوو سوارچاکن و نموونەی راستەقینەی بەتەنگەوە هاتن و پەرۆشی خزمەتکردنی ئیسلامن، پێشبینیش دەکەم هەرئێوە دەبنە هەوێنی یەکگرتنەوەی موسوڵمانان کە ئەویش بێ یەکگرتنەوەی کورد نایەتەدی.[٣٤] جا وەرە سەرنج لە بیروبۆچونی مرۆڤی بەویژدان وبێلایەن وخاوەن قەڵەمی پاك و ئازاد بدە و لەتەك کەسانێکی دڵڕەش وپڕ لەقینی وەك مێژوونووسی عەرەب، مەسعودیدا بەراوردێك بکە کە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا(مروج الذهب) زۆر بێشەرمانە و روهەڵماڵڕاو دەنووسێت:کورد بەرهەمی داوێنپیسیی جنۆکە وشەیتانەکانە لەگەڵ کەنیزەکەکانی سولەیمان پێغەمبەردا!![٣٥] شاعیرێکی عەرەبی وەك (ابن الأثیر)یش کە دەبینێت کورد شاری موصڵ دەگرن و لە ستەم و زۆرداریی رزگاریدەکەن دەڵێت:

**ما رأى الناس لهذا الدهر من كانوا شبيها ذلت الموصل حتى أمر الأكراد فيها** [٣٦]

**واتا، خەڵکی لەم سەردەمەدا رۆژگارێکی وەهایان نەبینیوە، شاری موسڵ ئەوەندە سەرشۆڕو زەبوون بێت تەنانەت کوردیش فەرمانڕەوایی تێدا بکات!**

عیزەدین قۆجەوەی تۆرانیش شەکری خۆی دەشکێنێت و دەڵێت: لە هیچ شوێنێك ناوی کوردستانمان نەدیوە و نەبیستووە مەگەر لە کورد و ئینگلیز. ئەربیل وکەرکوك ودەوروبەری موصلیش هەرهەموویان تورکن وکەرکوك شاری تورکمانە و ژمارەیان ٢،٥ ملیۆنە! بەڵام خواوڕاستان ولەبەختی رەشی قۆجەوەی، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ ی نوێنەرانی گەلانی عێراق بۆ یەکەمین پەرلەمانی دووای رزگارکردنی عێراق تۆپەڵێك قوڕ بەدەمیدا دەدات کەبینیمان ئەنجامەکەی ئەوەبوو تورکمان لە کۆی ١٨٦کورسی پەرلەمان نەیانتوانی (نیو کورسی)ش بەدەستبهێنن و لەسەر لایەکی قوون لەسەری دابنیشن، کە بەخاترانەشەوە دەکاتە ئەوەی رێژەی تورکمان لەسەرانسەری عێراقدا لەسەدا یەك ١٪ یش کەمترە. **دڵ دەخوازێت لێرەدا روو لە شێخ رەزای تاڵەبانی بنێم و مۆڵەتی لێوەربگرم، داشۆرینە خەستوخۆڵ و پڕ بە پێستەکەی (مەعرووفی بێ درایەت) بەبەری قۆجەوەیدا ببرم و پێی بڵێم:**

**قۆجەوەی بێ دیرایە چیتداوە لە سیاسەت**
**چیت پێبڵێم هەی دەڵەك پیرۆز بێت لەسەدا یەك!**

گەلانی عێراق بە زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژەکانییەوە دژی رژێمی شاهانەی عێراق١٩٢١ـ١٩٥٨ بوون. کە شۆڕشی ١٤/ی گەلاوێژی ١٩٥٨ سەرکەوت و رژێمەکەی لە رەگ و ریشەوە هەڵکێشا، تەنها تورکمانەکان وبەعسییەکان لەگەڵ شۆڕشدا نەبوون و پشتگیری پەیمانی بەغدای نێوان بەریتانیا، عێراق، ئێران، تورکیا ئەفغانستانیان دەکرد کە دژی خواست و ئاواتی عەرەب و کورد بوو بەڵام لای تورکمانەکان

ئەوە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەبوو تورکیای ئاغایان ئەندامێکی پەیمانەکەیە و ئەوانیش دەبێت وەك ئەڵقەلەگوێی ئاغا دژی ئامانجەکانی گەلانی عێراق بن کە بەشێکی هاتبووەدی و مافە رۆشنبیرییەکانی ئەوانیشی دابیندەکرد. کورد دەڵێت کەری دێز تۆپینی خۆی و زیانی خاوەنەکەی دەوێت.

هۆی دووەمیش ئەوەبو سەرۆك کۆماری عێراق، خوالێخۆشبوو ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم برگەی شەشەمی پرۆگرامی رامیاریی پارتی نیشتمانی دیموکرات بەسەرۆکایەتی چادرچی وەردەگرێت ولە برگەی سێیەمی یاسای کاتیی عێراقدا مافەکانی کورد دەسەلمێنێت کەعێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی پێکهاتووە،کورد وعەرەب، لە ئاڵا و دروشمی نوێی عێراقیشدا سونبول و هێمای کورد بە ئەستێرەیەك لە ئاڵاکەدا و خەنجەرێك لە دروشمەکەدا بەرجەستە کرا.جا وەرە تورکمان نەتەقێت! ئەو تۆرانییانەکێچ کەوتە کەولیان، ژێربەژێر کەوتنە پیلان گێران و ئاژاوەنانەوە،بەتایبەتیش کە بارزانی مستەفا سەردانی کەرکووك دەکات، هەرئەوانیش بوون هەرا خوێناوییەکەی کەرکووکییان هەڵگیرساند و ئەو هەموو خوێنەیان بەناڕەوا رژاند. ئەوەندەش کەللە پوت بوون صەوزە فرۆشە تورانییەکان لە دژی بارزانی و کۆمۆنیستەکان کە وایاندەزانی بارزانیش کۆمۆنیستە، هاواریاندەکرد فرۆشتنی تەماتە و شوتیمان حەرامکرد، چونکە سوورن! ژەنەراڵ قاسم هەڵوێستێکی دیاریکراوی نەبوو،کۆمۆنیستەکانی وریانەکردەوە،تۆرانییەکانیشی تەمێ نەکرد، بۆیە بەهەلیدەزانن چەندین گروپی چەکدارییان دروستکرد بۆ تیرۆرکردنی پێشکەوتنخوازانی کورد و عەرەب لە شارەکەدا و چەند کەسێکیشیان بەتێزاب سوتاند.(٣٧) کە ئەوەشیان بۆ دەچێتە سەر ئەمجا بەهاوکاری بە عسیەکان و کۆمپانیای ئیراك پەترۆلیۆم وکۆمپانیای ئای. بی. سی و سەرکردایەتی سەرهەنگ(عەقید)عومەر عەلی کۆنە مەتەصەریفی سلێمانی و نازم تەبەقچەلی فەرماندەی لەشکری نۆی سوپای عێراق و سەرهەنگ (عەقید) عەبدولئەمیر شەواف سەرلەشکری موسڵ یاخیبوونێکی سەربازییان بەرپاکرد کە بەیاخیبوونەکەی مووصڵ ناسراوە، بەڵام سەرنەکەوتن(٣٨) .

ساڵی ١٩٦٣ کە بە عسییەکان لە ٢٨ ی شوباتدا بەکۆدەتایەکی خوێناوی رژێمی قاسم دەرووخێنن و دێنە سەرکار، تورکمانەکان بەهەڵەداوان دەچنە ریزەکانی هێزی داپلۆسێنەر و بەدناوی پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومی) یەوە بۆ دژایەتیکردن و دەستوەشاندن لە کورد و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە پەنای بەعسییەکاندا، بەڵام بەعسییەکان هەر بە سیخوڕی تورکیایان تەماشا دەکردن و لە سزای ئەو ناپاکیەدا دەستیان لێنەدەپاراستن و بەدرێژایی سالانی فەرمانڕەوایی بەعسییەکان لە عێراق١٩٦٣-٢٠٠٣وبەتایبەتیش١٩٦٨-٢٠٠٣ دانیان بە بوونی تورکدا نەدەهێنا لە عێراق و لەسەر ژمێرکردنی دانیشتواندا دەبووایە خۆیان بە کورد یا عەرەب ناونووس بکەن.

پێشەوای عەرەب،سەرهەنگ موعەممەرئەلقەزافی سەرۆکی لیبیا بەردەوام دۆست و پشتیوانی کورد و مافە رەواکانی بووە، بێپەروا وبەڕاشکاوی گەلانی عەرەب و تورك و فارسی ووریا کردۆتەوە لەو راستییە مێژووییانەی ئەوان خۆیانی لێ گێلدەکەن و لە بیر خۆیانی دەبەنەوە و ئەوروپا و گەلانی دیکەش لە پێناو بەرژەوەندییە رامیاریی ـ ئابوریەکانیاندا دەیکەن بەژێر لێوەوە بەڵام پێشەوا قەزافیی راستییە مێژووییەکان ناکاتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەت.قەزافی هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە داوای

مافەکانی گەلی کورد و دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی کورددەکات (لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنساییدا لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/١/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: من عەرەبم و یەکێتی خاك و نەتەوەی عەرەب هیواو ئامانجمە بەڵام ئەمە وەهام لێناکات چاو لەڕاستیی بنوقێنم و بیکەم بەژێر لێوە و رەگەز پەرستانە و داگیرکارانە بجوڵێمەوە.. کورد کوردە، عەرەب نییە، ناتوانین بەزۆرە ملی بیکەینە عەرەب .. ئەگەر خۆیان بەویست و ئارەزوو ئەوە دەخوازن، لاریمان نییە، ئەگەر خۆشیان بەخاك و نەتەوەی خۆیانەوە دەبەستنەوە ئەوە سەربەستن زۆرمان لەسەریان نییە، بیانکوژین، بۆ بیانکوژین.. بەشەڕوکوشتار لەناو ناچن، کێشەی کورد بەشەڕوتوندو تیژی چارەسەر ناکرێت چونکە خەباتیان بەردەوامە هەتا بەسەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی خاکەکەیان دەگەن، چارەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردە لەسەر خاکی کوردستان ومن ی خەباتیان دەکەم لەو پێناوەدا، ئەمەش نە لە رقی دەوڵەتە عەرەبەکان و نە لە دژی ئێران و تورکیایە بەڵکو بەو هۆیەوەیە کورد نەتەوەیە و خاك و نیشتمانی هەیە و ئازادن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانداو نەتەوەیەکن دۆست و برامانن و پێویستە ڕێزیان بگرین.. من دژی کوشت و بڕیانم، پشتگیریی خەباتیان دەکەم دەولّتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن و جێگەی شیاوی خۆیان لە ڕۆژهەلاتی نێزیکدا بگرن وەك عەرەب، فارس، تورك)[٣٩].

پێشەوا قەزافیی وتار و لێدوانی زۆرە لەمەڕ کێشەی کورد، وەك (نەتەوەی سەربەرزی کورد برای عەرەبن، ئەوانیش وەك عەرەب پارچە پارچەن، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە پارێزگارییان بکات و هاوکارییان بکات بۆ رزگاربوون، من دژی هەر کارێکی دوژمنانەم عەرەب، تورك، فارس یا هەر دەوڵەتێك دژی کورد دەیکات، کێشەی کورد کێشەیەکی پیرۆزە وەك کێشەی فەلەستین، نەتەوەیەك ئالای سەربەخۆیی هەڵکردبێت، تیرۆریست نییە، خەباتێکی ڕەوا دەکات بۆ ئازادی و هەر ئازادیش دەبێت، ئەوە خەباتێکی پیرۆزە هەر بەرەنگارییەکیش بکرێت سەرناگرێت و ژێردەکەوێت.

پێشەوا قەزافیی ساڵی ١٩٦٦ بە نەجمەددین ئەربەکانی سەرۆکی تورکیا دەڵێت: سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد سیاسەتێکی چەوتە، نەتەوەی کورد مافی ڕەوای خۆیەتی جێگەی شیاوی خۆی لە ژێر ئاسمانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بگرێت شانبەشانی عەرەب و تورك و فارس)[٤٠]، قەزافیی ئەو پەرۆش و خەمخۆرییەی بۆ کورد و کێشە ڕەواکەی خەستتر دەکاتەوە کاتێك سکرتێری گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان،جەواد مەلا بەسەرۆکایەتی شاندێك سەردانی لیبیا دەکەن و رۆژی ١٩٩٧/١/٢٥ چاویان بە پێشەوا دەکەوێت، شاندەکە ئالای کوردستان بەدیاری پێشکەش بە قەزافیی دەکەن، ئەو ئالایەی ئەو دەیەوێت لە سونبولی نەتەوەوە ببێتە ئالای دەوڵەتی کوردستان، پێشەوا لایەکی و جەواد مەلاش چمکێکی دەگرن و بڵاویدەکەنەوە.. پێشەوا کە دەیپێچێتەوە ماچیدەکات و دەیخاتە بان سەری. شاندەکە لەبەردەم ئەم کەڵە پیاوە مەزنەی عەرەب و خۆرهەڵات و هەڵوێستی دڵسۆزیی و بوێریی و جوامێرییەیدا تەزوویەکی گەرم سەرتاپێی لە شیان دادەگرێت و هەست بە ڕێزو نوازشێکی ڕاستەقینە دەکەن.هەزار ئەفسووس ئەوپیاوە مەزنە، پێشەوای عارەب موعەممەر قەززافیی رۆژی ٢٠ /١٠ /٢٠١٠ بەپلانی هەڵخەڵەتێنەریی بەهاری عەرەب و تۆڵە سەندنەوی خوێنی سەرنشینانی بێتاوانی فرۆکەکەی لەئاسمانی لۆکەربی

تەقێنرایەوە... دەستی رەشی کوێرانەی نەزانیی وکورتبینی شەهید کرا.

## هەندێك نیشانە و هەڵوێستی سادە
## پێوەری هۆشیاریی نەتەوەیین

باوەڕناکەم هیچ نەتەوەیەك ئەوەندەی کورد بەدەربەدەریی و دوورە وڵاتی و بێکەسی سەرینابێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری سونبلەکانی کورد بێدەنگ مردن و بێدەنگ مانەوە! رۆژانی هەینی دەچینە گۆڕستان، بەتایبەتیش سەرگۆڕی شەهیدان،دوواتر بێباك و بەپەلە هەنگاودەنێین بەسەر گۆڕی پیرۆزی چەندین نەمری وەك مستەفا پاشای یامۆلکی دوژمنی سەرسەختی مستەفاکەمال وکەمالیزم وسەرۆکی ئەو دادگایەی عوسمانی کەبڕیاری لەسێدارەدانی مستەفا کەمالی دەرکرد.گۆڕەکەی مەحمود جەودەت کەسەردەمی نوری سەعید لە سێدارە درا،گۆڕەکانی شەهیدانی راپەڕینی ٦ ئەیلوولی١٩٣٠ ی بەردەرگای سەرای سلێمانی، هەلۆبەگ و هەڤاڵانی.گۆڕی شێرە ژنێکی وەك ئەختەر، ناسراو بە ئەختەری رەشۆل (هاوسەری هونەرمەندی دەنگخۆش رەشۆل عەبدوللا) کەشەوی هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان بۆ سلێمانی،ئەختەر وحاجی فەقێی خانەقا شەهید کران ...دەبێت هەولبدەین سەرەتا بگەینە سەر گۆڕی ئەوان، ئینجا گۆڕی شەهیدەکانمان کەلەسەر رێبازی ئەوان شەهید بوون! زۆربەی کورد سروودی ئەی رەقیب دەڵێتەوە بەڵام زۆربەیان نازانن سردوودەکە هۆنراوەی یونس رەئووف ناسراو بە دڵدارە، سەدەها هەزار قوتابی کوڕو کچ لە فێرگەکانی هەر بۆنموونە هیوا، رەفیق حلمی، خانزاد، قەدەم خێر، ئەمین زەکی، مەولانا خالید خوێندوویانە، چەندیان دەزانن ئەو مەزنانە کێن،چۆن ژیان و چۆن سەریان نایەوە؟ دەچینە زیارەتی گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخ و نازانین مەزنێکی وەك ئەورەحمان پاشای بابانیش لەوێ نێژراوە.لە دیمەشق دەچینە سەر گۆڕی سەلاحەددینی ئەیوبیی و هەربەبیریشماندا نایەت میر بەدرخانیش لە نزیك ئەوەوە نێژراوە! کوردەکانی بەغدا و شارەکانی کوردستان زیارەتی گۆڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەکەن بەڵام نازانن ئەو زاتە باپیرە گەورەی شۆڕشگێڕانی کورد شێخ عوبێدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولقادری کوڕیەتی.هاوینان لە هاوینەهەواری زێراندۆڵ وکەناری گۆمی دۆکان سەیران دەکەین، شوینەواری قەڵاکەی پاشاکۆرەی میری سۆران لەبەردەممانداییە، بێنازکەوتووە،ئاوڕیشی لێنادەینەوە،کەسێك نابینیت وێنەیەکی یادگاریی لە پالّدا بگرێت!

لە هەموو هاتوچونێکماندا بۆ کەرکووك، هەولێر، بەغدا، مووصڵ، بەبەردەم بەردەقارەماندا تێدەپەڕین بێئەوەی رێزێك پیشانبدەین، یادێکی ئەو رووبەڕووبوونەوە نا بەرامبەرەی نێوان کورد و بەریتانیا بکەینەوە یا ئاهێك بۆ شەهیدەکانی هەڵبکێشین ئەگەرچی پێویستە سەری رێزو نەوازش دانەوێنین.

کاراکتەری مرۆڤ لە دەست خۆیدا نییە، پەیوەستە بە خێزان، کۆمەڵگا، پەروەردە، ئاشتیی ئارامیی و جەنگ وپشێوی... نەتەوەیەك ٣٠٠٠ ساڵێك ژێردەستە و زەبوون،وڵاتیشی پێخۆستی داگیرکاران وگۆڕەپانی جەنگەکان بووە،برسێتی، نەخۆشی،نەخوێندەواری و دوواکەوتن لە کاروانی پێشکەوتن سیمای هەرە ئاشکرای بێت، کاراکتەری تاکەکانی وەها کۆمەڵگایەك چۆن دەخەمڵێت کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکان باڵی رەشی بەسەر هەموو لایەکانی ژیاندا کێشاوە هەر لە هەڵسوکەوتی منداڵێکەوە هەتا

هەڵوێستی سەرکردەکان لە نێو خۆیاندا و بە بێگانـەوەش. ئاشـکرایە کارەکتـەری کـورد شـێوێنراوە، ئـەوە گومانی تێدا نییە، کورد لـە چـاو دراوسێکانیداوهەمووبێگانەیەکیشـدا خـۆی بەکـەم دەزانێت،لەکاتێکـدا دەبێت خۆی لـە ئاسـت وقـەبارەی خۆیـدا ببینێت،نـەزۆرتر و نەکەمتر.گـەلی کـورد سـەد و پـەنجا صـاڵێك دەستەڵاتی ماد ـ میدیا نەبێت هەموو مێژووی دێرینی، بەرەنگاریکردنی ژێر دەسـتیی وچەوسـاندنەوەیە و هــەموو ســەردەمانی پێشــتر و پاشــتری لــە پێنــاو مــان و بونـدا بەسـەربردووە. هەرمێژوونووسـێك، لێکۆڵەرەوەیەك بەویژدانـەوە ٢٥٠٠ ـ ٣٠٠٠ صـاڵ ژێـر چـەپۆکیی و داپڵۆسین و سـەرکوتکردنی کـورد و دابەشکردنی خاك و ولاتەکەی بەسەر پێنج ولاتی دوژمندا وەك ئەوەی بەرخێك بدەیتە بـەر کەڵبـەی تیـژی پێنج گورگ... دەبێت هەرمرۆڤێکی بەویژدان کورد بەگەلێکی شارستانی و پێشکەوتوو بژمێرێت.. ناچـمە جیهـانی ئەفسـانەوە بـەڵام ئەمـە ئەفسـانەی ریالیسـتە، بـەرخێك (کـورد) لـە جەنگەڵێکدا (کوردسـتان) دەکەوێتە بەر شالاوی گەلە گورگێك (داگیرکاران) هـەرجارەی لـە لایەکـەوە، گـورگی دێـزو گـورگی بـۆر و گورگی رەش و گورگی بەڵەك وگـورگی سـپی (تـورك و عـەرەب و فـارس،ئینگلیز)، هـەر جـارە و بەچـەند زامێکی سادەوە، یاقوڵ وکاریگەرەوە رزگاردەبێت یـا لـەمردن دەگەڕێتـەوەو بـە تەنیاوبێکـەس زامـەکانی سارێژ دەکات، کارو بەرخی لێدەکەوێتەوە و بـەگوڕوتینێکی نوێـوە لـە چیـا سەرکەشـەکاندا خۆدەپـارێزن و چیاو دۆڵ ونشێو ونزارەکان بۆ گورگە برسـییەکان چۆڵناکەن.شوان(سـەرکردە)و بەرغـەل (لەشـکر) و سـەگە پاسەوان (چەك) پێکەوە دەنێن و کۆڵ بە گورگ دەدەن. دووای دوو سێ هەزار صـاڵ دەکەونـە رزگـارکردنی بەشی خۆیان و دەربازبوون لە حوکمی یاسای دارستان وجەنگەڵ و چەند و چۆن و ململانێی سـنووری نێـوان گورگ و مەڕ. هەندێك جار خەباتی گەلی کوردم لە پێنـاو بـوون و مانـەوەدا وەهادێتـە بەرچـاو، هەنـدێك جاریش وەك پڵنگێکی زامـدار کەوتبێتـە نێـوان ئـاگری چـەند راوچییەکی دڵـڕەق و بێبـەزەیی ومەتـەرێز وحەشارگەی نهێنی... نەوەی راوچیان دێن و دەچن ولەنێو دەچن و نەوەی پڵنگیش بەرگریدەکەن و بە پێـی باروودۆخەکە هێرش و پاشەکشە دەکەن بەڵام هەرگیز زێدی خۆیان چۆڵناکەن و کەم و زۆر کۆڵ بەراوچییان دەدەن، هەندێك جاریش گەلی کوردم وەها دێتە بەرچاو لە بازاڕێکی گەورەی بازرگـانیی کـڕین و فرۆشـتن و هەڵپەی بەرژەوەندیدا بـەدووکانی گەورەگـەورەوبازرگانی سمێـڵ بـابڕ و ورگ زلـدا بـە کـاڵا و شمـەکی زۆر و دەستمایەی قەبە و پەیوەندی فراوان و کاسـەی پـڕ لـە دراوی زێـڕ و پاسـەوانی پڕچـەکەوە،بابایەکی شـێواو وشـپرزەو لـەڕو لاوازی چـاوزیت لـە سووچـێکی بازاڕەکـەدا لەسـەر پارچـە لبادێـك دانیشـتووە بـەدیار چەنددانەیەك قەند ودار جگەرە وسەبیل و کەوڵی سمۆرە و تەزبیح و بەرەتوتن و پەڕەسیغار و بەردئەسـتی و چەخماخ و خەنجەری دەبانەوە و هەمـوو ئەو بازرگانە زەبەلاحانـە چـاوی تـەماعیان لـەو چواربسـتە زەویـەی جێگەکـەی بڕیـوە بەهـەر شـێوەیەك بێـت لـە دەسـتی دەربهێـنن، بـەزۆر، بـە پـیلان و تەڵەکەبازیی،بـەڵام هەرگیزاوهەرگیز دەست لە و چوار بستە بەرنادات و شەڕی ژیان و مردنی لە پێناودا دەکات،بەوهۆیەشـەوە کاروباری بازاڕ و بازرگانی و دەستکەوتی بازرگانە گەورەکان تێکدەچێت و بەرژەوەندییـەکانیان دەکەوێتـە مەترسییەوە.... ئەوە هەرگەلی کوردە زۆربەی هەرە زۆری سەدەکانی مێژووی سێ هەزار صالێکی مێژووی هەربەبەرگریکردن و خۆبەدەستەوە نەدانەوە بەسەربردووە و وەك پێویست نەپەرژاوەتە سەرخوێندن و زانست

و هونەرو مێژوو کولتوور و ئاوەدانی و بەو پێوانەیەش مایەی شانازی خۆیی و سەرسوڕمانی بێگانەیـە کـە توانیویێتی پارێزگاریی زمانی رەسەنی خۆیی کردووە و بەردەوام گەشەی بە پوخـت و پـاراوی و خەملاندنی داوە،هەرچەند لە چاو زمانی عەرەبی و خەرمانی کەڵەکەبووی نووسین و هۆنراوە و چیرۆك و پەند و قسـەی نەستەق و بەرهەمی زانسـتیی و گـەڕان و پشـکنیندا بـەراووردناکرێت و هـەژاریی و دەسـت کـورتی پێـوە دیارە،لەگەڵ کەلەپووری فـارس و تورکیشـدا هەربـەراوورد ناکرێـت کـە هـەموو زانـا ونووسـەر و هۆنـەر و هونەرمەندانی ئیسلام بە کوردیشەوە بەرهەمەکانیان بەو سێ زمانە و لە خزمەتی ئەو سێ نەتەوەیەدا بووە کە بەشێکی بەرچاویان بەرهەمی خامـەی بەبرشـت و داهێنـان و شـاکاری نووسـەرانی کـوردن بـە یـەکێك لەوزمانانانە،بەڵام هێشتا لە وێژە و هونەرو مۆسیقادا ئەوەندەی هەیە بێ بەرهەمیی ووشکە ساڵەکانی پێوە دیارنـەبێت ولـە و بووارانـەدا خـۆی بەکـەم تەماشـا بکـات. لەشـوێنی خۆیـدا ئـەو لایەنـەم تێروتەسـەڵ روونکردۆتەوە، لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك دەخەمە بەرچاو:

زانای مەزنی ئیسلام ئیمام غەزالی ١٠٥٨ـ١١١١ز.دەڵێت ڕووناکبیریی ئیسلام کەوتۆتە سەرشانی چوار زانا، سێ لەوانە کوردن: شـارەزووریی، ئامێـدیی، دەنبـووریی . شـارەزووریی نووسـەری(عوارف المعـارف) و(نزهــەألارواح)ە،دەنبــووریی نووســەری(ألاخبـال طـو ل)ە،ئیبنــول ئەســیر(ألکامل فی التــأریخ) ی نووسیوە،ئیبن خەلەکان(وفیات الأعیان)ی نووسیوە،ئیسماعیل پاشای بابانی(ذیل کشف ظنون)نووسیوە، هۆنەر(شاعیری)ی مەزن نیزامی گەنجەلی ـ گەنجەوی کە هەموو گەلانی ئێران شانازی پێوە دەکەن کـوردە و بەرهەمەکانی بەفارسی نوسیووە.

(ئەبولوەفا ـ **أبوالوفاء**)ی مێژوونووس کتێبی (کورتەیەك لە مێژووی مرۆڤ)ی لە چوار بەرگدا نووسیوە، ساڵی ١٢٨٩کۆچ لە ئەستەموول کـراوە بـە تـورکی،١٧٢٢زانکـۆی ئۆکسـفۆر گۆڕیویەتییـە سـەر زمـانی ئینگلیزی،١٨٣١ لە لایبزیك — ئەڵەمانیا کراوە بە ئەڵەمانی و١٨٣٧ لە پاریس گۆڕیویانەتە سەر زمـانی فەرەنسی، هەر چوار گۆڕینەکەش چاپ و بڵاوکراونەتەوە. کتێبی دووەمیش (صـالنامەی وڵاتـان — تقـویم البلدان) هێنراوەتە سەر زمانـە ئەوروپاییـەکان.[٤١] ئـەو بایـەخ پێدانـە نیشـانەی مـەزنیی ئـەو زانـاکوردە ودەسـت وخامـەی رەنگینێتـی. ئـیبن موسـتەوفیی هـەولێری (أبـن المسـتوفی الأربیلـی) ٥٦٤ — ٦٣٧ ك. مێژووی هەولێر (تأریخ أربیل)ی لە ٤٠ چل بەرگدا نووسیوە. ئەو مەزنانە وگەلێك داهێنەری دیکەی کورد بەرهەم و شاکارەکانیان بەزمانی بێگانە نووسیوە. لە شوێنەواری دێرین و نیشـانەی شارستانیشـدا گـەلانی ئێرانی لێدەرچێت، کـورد کەچـی لـە تـورك و عـەرەب کـەمتر نییـە، ئەمـە هەڵچـوون و هەسـت و سـۆزی ناسـیۆنالیزم نییـە، راسـتییە و لەبـەر چـاوە، گـەلانی عـەرەب هـەر شـانازی بـە قورئـان و حـەوت پارچـە هۆنراوەکەی سەردیواری کابەو عەنتەروعەبلەوئەبو زەیدی هیلالی و پاڵەوانەکانی وەك قـەعقاع دەکـەن کـە جـەنگاوەری کـورد (گرگـر) بەنووکـە رمێـك سـاردیکردەوە. عـەرەبی عێـراق جگـە لـە زەققـورە و منـارە پێچاوپێچەکەی سامەرای سەردەمی عەبباسییەکان و پاشماوەکانی شاری بابلی کلدانەکان،میسـر جگـە لـە قووچەکانی گۆڕی فیرعەونەکان کە عـەرەب نـەبوون و سـوریا و لوبنـان و ئـوردون و سـعوود لـە پایـەکانی بەعلەبەگ و ئەربد و قەڵاکانی حومص، حەما، حەڵەب کە پاشماوەی رۆمە بێزەنتەکانە کە دەستیان بەسەر

ناوچـەکەدا گرتبـوو، مزگـەوت و شـوێنە پیرۆزەکـانی شـاری مەککـە و یەسـریب ـ مەدینـە کـە ئـەوانیش بەرهەمی دەستی پەیامبەر ئیبراهیم خەلیلی کوردو بیناسازە موسوڵمانەکانەو بەشی هەموو موسڵمانێکی پێوەیە و قورئانی پیرۆزیش دیاری یەزدانە بۆ مرۆڤ و فەرمان و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ ومرۆڤ ویەزدان و مرۆڤ. کەواتە تورك و عەرەب چۆن بەسەر کورددا دەشـکێنەوە، ئەوە شوێنەوارە کۆنەکانیشمان،شوێنەوارناس مامۆستا عەبدولرەقیب یووسـف تەمـەن درێـژ بێـت پـەردەی ڕەش و تـاریکیی وونبـوون و بیرچـوونەوەی لەسـەر زۆرێکیـان لاداوە. هـەر لێکۆڵـەرێك، مێژوونوسـێك، شوێنەوارناسێکی بەویژدان لەرابردووی گەلانی ناوچەکەووردببێتەوە و ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە:

کورد ٢ ـ٣ هەزار ساڵ ژێردەستە بووە .

تورك حەوت سەد ساڵێك فەرمانڕەوای بەشێکی فراوانی ئاسیا، ئەفەریقا و ئەوروپای خۆرهەڵات بوون.

عەرەب بە پشتیوانیی گەلانی موسوڵمان ٦١٣ شـەش سـەد و سـیانزە سـاڵ هـەر لـە دیمەشـقەوە هـەتا شووراکانی وڵاتی چین داگیردەکەن.

فارس و گەلانی ئێران ٢٥٠٠ دووهـەزار و پێـنج سـەد سـاڵێك فـەرمانڕەواو لـە سـنوورێکی تەسـکتردا لەعەرەب و تورك و لە دەوروپشتی خۆیاندا بالادەست بوون، ئاخۆ ویژدان و لۆجیك بڕیـار نـادات کـورد لـە هەموو داگیرکارەکانی زیندوتر و شارستانترە؟ ئیتر کورد بۆ شاناز و سەربەرز نەبێت بە خۆی بەڵام دوور لـە خۆبایی بوون و نەخوێندنەوەی دراوسێکان.

**کورد دەژیا بۆ ئەوەی نەمرێت**

**یا دەمرد لە پێناوی ژیاندا،**

**یا لە نێوان ژیان و مەرگدا گەشبین دەژیا؟**

**هەتا ئەمڕۆش بۆی نەلواوە ژیانێك بژی شیاو بە مرۆڤـــ!**

**بەختی رامیاریی**

دەتوانین بڵێین چانسی رامیاریش وەك فاكتەرە گرنگەكانی جیۆپۆلەتیك،خەباتی رامیاری،خەباتی چەكداریی وشۆڕش، رۆڵی خۆی هەبووە لە گێژەنگی ستراتیژی زلهێزەكان و بارودۆخ وبڕیارەكانی خاوەن بڕیارەكاندا. ئەو هەل وهەڵكەوتە دەگمەنانەی لە ناكاوێكدا دێتەپێشەوەو زەمینەیەكی لەبارخۆشدەكات بۆ جۆرێك گۆڕانكاریی بنەڕەتیی یالاوەكیی لە نێوچەیەكدا،ولآتێكداو كەسێك،لایەنێك یاولآتێك وەك بیدۆزێتەوە بێ ماندووبوون ئامانجەكانی دێنەدیی و بەئاواتە دێرینەكانی شاددەبێت،وەك ئەوەی ساڵی١٩٧٠بینیمان بۆ بەنگلادیش هەڵكەوت و پێش ئەویش بۆ پاكستان هەڵكەوت بەبەختی رامیاریی ناودەبەم، ئەو بەختە رامیارییەی بەدرێژایی مێژوو بەردەوام پشت لە كورد و روولە دوژمنەكانی بووەو تەنهاجارێك بەدەم كوردە پێنەكەنی، دەوڵەتی ماد، میرنشینەكان، حكومەتی مەلیك مەحموود، كۆماری كوردستان، شۆڕشی ئەیلوول ئەو بەختە نەحەلەتییە قیرسچمەیە رووی تێنەكردن، كەچی رووداوێكی ئاسایی كەچاوەڕوانی ئەنجامێكی ئەوتۆی لێناكرێت بەلآم سەرتاپای مێژووی داهاتووی جیهان و نەخشەی رامیاریی ولآتان دەگۆڕێت. لینینی مەزن ئاوارە و دەربەدەرێكی تەنها باڵ بوولە سویسرا دەژیا، ئەڵەمانیا بەشەمەندەفەرێك گەیاندییە سنووری رووسیابۆهەڵگیرساندنی شۆڕش دژی قەیسەر نێكۆلآی دووەم و لەنێوبردنی بنەماڵەكەی وگۆڕینی رژێمەكەی. مانگی فێبروەری١٩١٧شۆڕش هەڵگیرساو١٥ی مێرس١٩١٧حكومەتێكی كاتیی دامەزرا، كە(كرینسكی) رابەرایەتیی دەكرد، كەچی لینین لەماوەیەكی كورتدا دەست بەسەر هەموو شتێكدا دەگرێت و ئۆكتۆبەری ١٩١٧ولآتێكی نوێ و رژێمێكی رامیاریی،

کۆمەلایەتی،ئابووریی وکولتووریی نـوێی لـە هـەموو سـەرزەمینە پانوبەرینەکـەی رووسـیادا دامـەزرانـد و یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤێت بوو بە یەکەمین ولاتی سوسیالیزم و گەورەترین ولاتی جیهـان. ولاتـی کۆبـای کاسـترۆ ١٩٢٦ - ؟ وەك بەلـەمێکی بچـووك بەسـەر ئـاوەوە لـە دۆرگەیەکدایـە هـەر بەردهاوێـژێك لـەو ئەمەریکا زەبەلاحەوە دوورە کە هەژموونی راستەوخۆو ناراستەوخۆی بەسەر بەشێکی فراوانـی دەوڵـەتان و گەلانەوە هەیە و هەرچۆنێکی بوێت دەست دەخاتە نێوکاروبارییانـەوەو گۆڕانکـاریی وئـاڵوگۆڕی تێـدادەکات هەروەك لە(بەهاری عەرەب)دا بینیمان. ئەگەر دورگەی کووبا گرنگییەکی ستراتیژیی بۆ سـۆڤێت نەبووایـە دەمێك بوو ئەمەریکا بەپاروویەك قوتیدابوو وەك ولاتی تشیللی و ئەللیندی پێشەوای. کاسـترۆ ١٩٤٧ لـە زانکۆی هاڤانا خوێندکاربوو،لـە کۆمەڵەیـەکی چەپڕەویشـدا کاریـدەکرد، بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانی خوێنـدن نامەیـەك بـۆ سـەرۆکی ئەمـەریکا دەخاتـە سـنووقی پۆسـتی کۆنسـوڵگەریی ئەمـەریکاوە لـە هاڤانا،داوای یارمـەتی دارایـی دەکـات! سـەرۆکی ئەمـەریکا داواکارییەکـەیی جێبەجێکرد،کاسـترۆ هـەتا دەستیدایە چەکی شۆڕش، مانگانە بڕێك دۆلاری بۆ دەهـات. تورکـە مەغۆلـەکان سـەدەی سـیازدەی زایـن هێشتا بـە میـوان دەژمێـردران لەناوچەکەدا،کەچـی لەماوەیـەکی کورتـدا دەوڵـەت دروسـتدەکەن و دەبنـە موسوڵمان و خۆیاندەکردە میراتگری ئیسلام و بوون بە سوڵتان و خەلیفـەی موسـوڵمانان و عـەرەبیان وەك صلقی روت لێکرد و (٥٦٠) صالّ فەرمانڕەوایی بەشێکی بەرچاوی جیهانیان دەکرد.

مستەفاکەمال بەرەگەز یونانییە و لە سالۆنیك لەدایك بووە،بەئاین جوولەکەیە،بە خانەوادەش نەك کەس نازانێت باوکی کێیە بەلکو خودی خۆیشی نەیدەزانی کێ باوکێتی،هیچ بایەخێکیشی بـەو لایەنـە نـەدەدا، عەلی رەزاشی بەباوکی خۆی نەدەزانی بەڵکو کەمال لە جێگەیدا دادەنێت!! مسـتەفا کـەمال ئەفسـەرێکی گومناو بوو بەلام دوژمنانی سوڵتان بۆ کەسێکی لـەو جـۆرە دەگەڕان،لـەڕووی سـوڵتاندا بوەسـتێت، یـاخی ببێت و دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە،نووسین بەعەرەبی بکات بە لاتینی ... لەناکاوێکدا کرا بە فەرمانداری لەشکری ٩ی لەشـکرەکانی عوسـمانی لـە بەرەی(شـناق قەلعـە). .رووبەڕووبوونەوەیـدا لـە گـەڵ هێزەکـانی بەریتانیادا لە (گالیبۆلی) چەند مانگێك بەرامەر یەکتر وەستان وبەریتانییـەکان لـە کاتێکـدا دەیـانتوانی تەفروتونای بکەن کەچی دووجار بەئەنقەست لەبەرامبەریدا نەجەنگان و کشانە دواوە و جارێکیش بە فشـە شـەڕێك کـە تـەنها دووسـێ رۆژی خایانـد٬ ئینگلیزەکـان لەناکاوێکـدا زۆر بـە نهێنـی وبەپەلـە کشـانەوەو کـەنارەکانی (گالیبۆلی)شـیان چـۆڵکرد کـە پێشـتر کۆنترۆڵیـان کردبـوو! بـەوجۆرە سـیناریۆیانە چـەند سـەرکەوتنێکی سـاختەو پاڵـەوانێکی کارتۆنییـان دروسـتکردو ئـەنجامی سـیناریۆکان سـوڵتان کـزو لاواز دەبوو،مستەفا کەمالیش کرا بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی جێگـە بـاوەڕو متمانـەی تـورك وگـەلانی بندەسـتی سوڵتانی عوسمانی..ئەمە کە ئازایەتی مستەفا کەمالی تێدانـەبوو، بەختـە رامیارییەکـە هـەردو دەوڵـەتی بەریتانیاو فەرەنساو دواتر روسیاشی بۆ رەخساند دەست بدەنە باڵی و بیکەنە باوکی تورك وجەللادی کورد.

سـەرانی عـەرەب لـە دەشـتەکانی حیجـاز بـۆ وەرگرتنـەوەی کلیلـەکانی مەککـە و مەدینـە لـە دەسـت تورك،پاڵدەدەن بەبـەریتانیای(گاور)وە دژی سـوڵتانی عوسـمانی و خەلیفـەی موسـوڵمانان رادەپـەڕن کەچـی بەخێرگەڕاو بوون بەخاوەنی چوار دەوڵەت لە سووریا وئوردون و عێراق و حیجاز. ئەمـەریکا و ئـەوروپا بـۆ تەمێکردنی حەمەرەزا شای ئێران و چاوترساندن و بەخۆدا چوونەوە لەو لوتبەرزیی و لە خۆبایی بوونـە کـە سنووری ئاسایی بەزاندبوو، تارادەیەك بە جۆرێك لەگەڵ سەرانی ئـەو زلهێزانـەدا دەدووا وەك مامۆسـتایەك

ئامۆژگـاریی خوێنـدکاران بکـات، نەخشـەی دوواڕۆژی ناوچـەکەی بـۆ شـیدەکردنەوە و لەکۆڕوکۆبوونـەوەی تایبەتیی لەگەڵ دۆست و دڵسۆزو باوەڕپێکراوەکانیداکە یەکێکیان شاحسێنی وڵاتـی ئـەردەن بـوو، دەیـوت من چەند کارم بەوانە، ئەوان پترپێویستییان بەمن هەیە... بەبیری کەسێکدا نـەدەهات ئایەتوڵڵاخومـەینی لە فەرەنساوە بەیاوەریی سەد و بیسـت کـەس لـە هاوبیرەکـانی و کۆمـەڵێك میـدیاکاران بێئـەوەی ڤیـزەی ئێرانیان وەرگرتبێت بەفڕۆکەیەکی جامبۆی تایبەتی بەرەو تاران بفڕن و شۆڕشی گەلانی ئێران و نغرۆکردنی رژێمی شاهەنشایی ودەرپەڕاندنی بنەماڵەی پەهلەوی بەدواوە بێت! ئەوانـە بەگشـتیی ئەمـەیان بەتایبـەتیی بەختی رامیارییە بۆ ئیمام خومەینی تەمەن هەشتا ساڵ پێدەکەنێ و ریشە سپییەکەیی بۆ شانەدەکات!

تورکیا لە گیانەڵاو ولنگەفرتێی سەرەمەگردا بوو کە ئینگلیز لە یەکەمین جەنگی گەورەدا شاری کوت ـ عێراق داگیر دەکات.ململانێی خوێناوییەکەی کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە بوو بە پێوانەی سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی بۆ تورکیا و بەریتانیا لەوجەنگەدا.سەرکردەکانی تورکیا دوای چەندین هێرش وقوربانیدان بێ هیواو دەستەپاچە بەسەرشۆڕیی دەکشانە دواوە کەچی فێڵد مارشاڵ دوغۆڵتز،ژەنەڕاڵێکی لەشکرەکانی ئەڵەمانیابوو،ناردبوویان سەرپەرشتیی لە شکرەکانی تورکیابکات، چەندین شکستی سەرکردەکانی سوپای تورکیا بینیبوو،پلانی ئابڵوقەدانی شارەکە وسەربازگە سەرەکییەکەی بەریتانیا پیادەدکات وئەو لەشکرە گەورەیەی بەریتانیا ناچار دەکات ١٩١٥/٩/٢٣ئاڵای سپی بەرزبکەنەوە و لە بەرزترین پلەی سەربازیی سەرکردە کانەوە هەتا نزمترین پلەی سەربازەکان کە ژمارەیان بەسەر یەکەوە ١٢٠,٠٠٠سەد و بیست هەزار بوو،خۆیان بەدەستەوە بدەن و سەرشۆڕ وئابڕوتکاو شەرەفی سەربازیی تاجی بەریتانیای مەزن بکەوێتە قوڕولیتەو ژێر پۆستاڵی تورك وبەجۆرێکیش لەبەرژەوەندیی تورکە عوسمانییەکان بکەوێتەوە هەموو گەلانی بندەستی تورك باوەڕبکەن کەتورکیا هەرگیز نابەزێت گومانی تێدانییە کە دووەمین سەرکەوتووی جەنگەکەیە لە پاڵ ئەڵەمانیادا. ئەو رووداوە کاریگەریی بەرچاوی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردیشەوە هەبوو لە باشووری کوردستان و بزوتنەوەکەی شێخ مەحموود و سمکۆی شوکاك لە خۆرهەڵات و چەواشەبوونی کورد لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا. ئەوە بەختی رامیاریی نییە مارشاڵێکی ئەڵەمان دەبێتە فریشتەی فریاگوزار بۆ لەشکرە شکستەکەی عوسمانییەکان

فەلەستین بیست و دوو دەوڵەتی لە پشتەوەیە و هەریەکەیان چمکێکی کێشەکەیان بۆ بەرژەوەندی خـۆی بەلایەکدا رادەکێشێت، نەیانهێشت کۆتایی یەکەمین جـەنگی گێتـی لەگـەڵ جوولەکـەدا رێکبکـەون و دوو دەوڵـەتی دراوسـێ بـۆ عـەرەب و ئیسـرائیل دابمـەزرێت. سـەرانی عـەرەب گـەلی فەلەسـتینیان چەواشـە کرد،پێداگرن بستێك خاك بە جوولەکە نەدەن، نیشتمانی جوولەکە لە ژێر دەریادایە، دەیانکەین بە خۆراکی ماسییەکان! کەچی ئەو هەڵوێسـتە دیاگۆگییـەی عـەرەب، بـۆ گـەلی جوولەکـە بـەخێر گـەڕا. لـەوڕۆژەوە سەرکردەکانی جوولەکە، هێرتزل، وایزمان، بنگۆریۆن،گوڵدامائیر،شـامێر، ئیسـحاق رابـین و هتـد. دەڵـێن سوپاس بۆ عەرەب ئەوکاتە ئامادەی رێککەوتن نەبوون،فەلەستین بە نیوەیی دابەش بکەین و وەك دووگەلی دۆست و دراوسێ بەئاشتی و تەبایی بژین، ئەگینا ئەمڕۆ ٪٧٥ ی خاکی فەلەستین نـەدەبوو بـە نیشـتمانی ئێمە. ئەوە ناو دەنێیت چی، کەللە پوتیی عەرەب و زرنگی جوولەکە؟ یا بەختەکە؟ دەوڵەتانی عەرەب کـە دەسـتی فەلەسـتینییەکانیان کـرد بـە زاخـدا و ئێسـتە پاڵیـان لێداوەتـەوە و رۆڵـەکانی فەلەسـتین رۆژانـە قوربانیدەدەن و ئەوانیش خوا هەڵناگرێت لە کۆنگرەی (کورتەباڵا)ی خـواردن و خواردنـەوە و ئاشـتبونەوەی

ناکۆکەکان و وتاری بێناوەرۆك و هەراوهوریاو  قیژ و هوڕی میدیا دەنـگ زلەکانـدا کەمتەرخـەم نـەبوون و لەشیان ساغ بێت هەرئەوەندەش فریادەکەون! ئەوی سەرانی عەرەب ١٩٤٧ / ١٩٤٨ بەفەلەستینیان کـرد، ئەمەریکا و ئەوروپا و ئێرانیش بە کوردی باشووریان کـرد، لـە هـەرەتی هێـزو توانـای شۆڕشـی ئەیلوولـدا رێگـەیان نـەدا لەگـەڵ بەغـدا پێکبێـت و کێشـەکان بەئاشـتی چارەسـەربکەن، نەیاندەهێشـت شۆڕشـیش بەسـەرحکومەتدا سـەربکەوێت . یـەکێتی شـوورەوی ١٩٥٦ کتـوپڕ چیکۆسـلۆڤاکیای داگیرکـرد، دوواتـر ١٩٧٩/١٢/٢٥ئەفغانستانیشـی داگیرکرد(حـەفیزوڵڵا) کـوژرا و (بـابراك کارمـال) کرابـە سـەرۆك کۆمـار ورژێمێکی کۆمۆنیستی تێدا دامەزراند. کەس دەنگی نەکرد، ئیسرائیل بیابانەکانی سینا دەگرێت، دوواتـر بەرزاییەکانی جۆلان ـ گولاَن و ئەمجا باشووری لوبنانیشی داگیرکرد و هیچ روینەدا،یاسرعەرەفات وەك شێوە داگیرکردنێـك دەسـتی بەسـەر وڵاتـی ئـوردن دا گرتبـوو، دوواتـر بەسـەر لووبنانیشدا،سـەرۆك کۆمـاری سوریاحافزئەسەد، هەرهەموو خاکی لوبنانی داگیرکرد، تورکیا ١٩٧٤ نیوەی وڵاتی قوبروص داگیر دەکات و (حوکمەتۆلکە)یەکی بۆ ئەو ژمارەکەمە تورکە قوبروسیانە قوتکردەوە، هەتا ئەمڕۆش هیچ وڵاتێـك ئـەو حوکمەتۆڵکەیەی بەوڵاتێکی سەربەخۆ نەناساندووە.[٤٢] ئیتر لەم بارودۆخە نێودەوڵەتییەی سلێمانیان (کـێ بەکێی یە) وهەلێریان(گێ مەدەییێ) ی پێدەڵێن سەدام حسێنیش دەڵێت خـۆ کـەس بەکـەس نییـە، ئـەویش پەلاماری کوێت دەدات بەڵام لە هەموو هەورێك باران نابارێت و هەموو جارێـك گـۆزە لـە کـانی بەسـاغی ناگەڕێتەوە، بەختە رامیارییەکە رووی لێگرژکردوو پشتی تێکرد، کاسەکە بەتەنها لەسەری ئەودا شکا.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەپلانی نامەردانەی ئەمەریکا، ئەوروپاوهاوکاریی سووریاو رووسیاو یۆنانیش(تورکیـا تەنهاکەلەپچەیەك وزیندانێکی ئامادەکردبوو) لەماوەی هەفتەیەکدا دەستگیرکرا،رادەستی تورکیایان کرد و چەند کۆماندۆیەکی تورك لە میدیاکاندا دەردەکـەوتن خۆیـان فشـدەکردەوە و پـۆزی سـەرکەوتنیان لێـدەدا هەروەك ئەوان دەستگیریان کردبێت.ئۆجەلان ئەگەر لە دەشتی بیقـاع ـ سـوریا جێگـەی لێـژبوبو،خۆ چـیای قەندیل ئامیزی کراوە بوو، کەچی رووی لە قەندیل نەکرد،بەختە رامیارییەکەش رووی لەو نەکرد!

سەدام حسێن وکوڕەکانی زۆر بەئاسانی دۆزرانەوە و لە نێوبران ئەی بنلادن و ئەیمەن زەواهیری بۆ ناگیرێن نێوەی دونیا بەدووویاندا عەودالە، بەلێکدانەوەی زانستیی و سەربازیی، بەیاسـاکانی لۆژیـك وەڵامێکـی بـۆ نادۆزێتەوە مەگەر بەختـە نەحلەتییەکە،بـەختی رامیاریی،کـەنازانین هـەر بەروویانـدا دەتریقێتـەوە،یادواتر روویان لێ گرژدەکات و وەك مافیاکان دەڵێن (فیلمیان دەسوتێت).

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ١٩١٦/١٢/١٨ لەنامەیەکی بەپەلەدا بۆ سەرۆك کۆماری ئەمـەریکا وێڵسـن ١٩١٣ — ١٩٢١ نووسیوێتی (یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی هاوپەیمانان لەو جەنگـەی دژی عوسمـانی کردمان، دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی گەلانی ژێر دەستەخوێناوییەکانی تورکە)[٤٣].

جۆرج کلێمەنصۆ، سەرۆکی فەرەنسا یەکێك بوو لە چوار پێشەواکەی سەردەمی یەکەمین جەنگی جیهـان دەڵێت: (تورکەکان چەند سـەدەیەکە بـەهۆی زۆرداری و گەنـدەڵی بەڕێوەبردنـەوە توانایـان نییـە و شـایانی ئەوەش نین گەلانی دیکە بەڕێوە بەرن، ئەرکی سەرشانمانە ئەو گەلانە رزگار بکەین).[٤٤]

ودرۆ ویلسن سەرۆکی ئەمەریکا لەبەندی دووازدەی مافەکانی گەلانـدا دەڵێـت: (پێویسـتە تـورك تـەنها فەرمانڕەوایی تورکیا (نێوچە تورك نشینەکان) بکەن، نەتەوەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی رووخا و هەل و مەرجی دەستەبەرکردنی سەربەخۆییان بۆ دابین بکرێت)[٤٥].

سەردەمی یاخیبوونەکەی مستەفاکەمال لە سولتان، شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی، ئیبراهیم حەیدەری کوردی خەڵکی هەولێر فەرمانی لەسێدارەدانی مستەفاکەمالی دەرکرد بەڵام ئەو بڕیارانە هەموو بلقی سەرئاو بوون، جادوو لە جادووگەر هەڵگەڕایەوە و مستەفا کەمال بڕیاری لە سێدارەدانی سێ هەزار کوردی دەرکرد و بڕیارەکەش جێبەجیکرا.

بەڕێز وەزیری دەرەوەی بەریتانیا. ئایا کورد گەلێکی (ژێر دەستە خوێناوییەکانی تورك) نەبوو؟ بەڕێز سەرۆکی فەرەنسا جۆرج کلێمنصۆ ئایا کورد لەو گەلانە نییە کە دەفەرموویت (ئەرکی سەرشانمانە رزگاریان بکەین؟) بەڕێز ودرۆ ویلسن سەرۆکی ئەمەریکا ئایا کورد لە نەتەوەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی رووخاو نەبوو کە پێویستە (هەلومەرجی دەستەبەرکردنی سەربەخۆییان بۆ دابین بکرێت)؟ئەم دروشمە ئاشکراو پرۆژە پلانە مرۆڤە دۆستانەی سەرکردە بالاکانی هاوپەیمانە سەرکەتووەکان بەسەردەوڵەتی عوسمانی دۆڕاوو هەڵوەشاوەو تورکدا بە تەنهانووکە قەڵەمێك پەیمانی سیڤەری پڕلەهیواوئلوات و روو لە هەردوونەتەوەی کورد وئەرمەن و پشت لە تورکیای کەمالی، هەرخۆیان بەنووکە قەڵەمێك کردیان بە پەیمانی لۆزان روو لە تورك و پشت شکێنی کورد و ئەرمەن،کە هێشتا کورد تالاوی ئەو بێرەوشتییە رامیارییەی زلهێزەکان دەچێژێت ئەگەربەختە رامیارییە رەشەکەی کورد نییە،ئەی چییە،مستەفا کەمالێکی دۆڕاو لە جەنگدا قوت دەبێتەوە و مەرجەکانی بەسەر زلهێزە سەرکەوتووەکاندا دەسەپێنێت مافەکانی گەلێك هەتا بەهاری ١٩٩١ دەخاتە خانەی پشتگوێخستن و بیرچوونەوەوە؟ بێگومان ئەوە بەختە نەحلەتییە رەشەکەی کوردە، بەختی رامیاریی.

## پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم

١- سامی سعید الأحمد السومریون و تراثهم الحضاري جـ١ بغداد ١٩٧٣، ص.٧١ـ ٧٢

٢- سەلام ناوخۆش دەڵێت لە نێوان زمانی هەنگارییی و زارزمانی نێوچەی شەنگال لە باکووری کوردستانی باشوور صەدەها ووشەی هاوبەش هەن بەهەمان واتا و بگرە هەمان فۆنەتیکیشەوە!

٣- جمال نبز، الدکتور. المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون . لندن ١٩٧٧،ص.١٧٥

٤- هەمان سەرچاوە ل/٢٢.

٥- هەمان سەرچاوە ل/٢٢- ٢٣.

٦- لۆرانس صاڵی ١٩١٧ لە شاری دەرعا ـ ئوردون دەکەوێتە دەست هێزێکی عوسمانی، وەك خودی خۆی رووداوەکە دەگێڕێتەوە، فەرماندەی جەندرمەی شارەکە ئەفسەرێکی تورك بووە و ویستوویەتی (سواری بێت) بەڵام خۆی بەدەستەوە نەداوە، ئاخۆ لەبارودۆخێکی وەهادا دەبێت باوەڕ بەو (خۆ بەدەستەوەنەدانە) بکەین؟

٧- مسعود البارزاني البارزاني و الحرکة التحرریة الکردیة، جـ٣ أربیل ٢٠٠٢ ص/٢٥١.

٨- لە زمانی کورددا ووشەی (یا) پێشگری ناوی ئافرەتە بۆ رێزلێنان وەك ووشەکانی (خانم) لە فارسیدا، (سیدە) لە عەرەبیدا، مەدام — خاتوون لە تورکیدا، (مەدام) لە فەرەنسیدا، (مسز) لە ئینگلیزیدا و (فراو)

له ئەڵەمانیدا.

٩- جمال نبز، سەرچاوەی پێشوو ل/١٠٨ پەراوێزی ژمارە /٥٨.

١٠- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی شێخ موحەممەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا جـ١، هەولێر ٢٠٠٣.

١١- حسین مەدەنی دکتۆر، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ستۆکهۆڵم (٢٠٠ ل/٣٩٩).

١٢- مارف خەزنەدار. دکتۆر، لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بەغدا ١٩٨٤ ل/٩٣،١٢٥.

١٣- هەمان سەرچاوە ل/٩٣.

١٤- مێجەرنۆئیل، یاداشتەکانی نۆئێل لە کوردستان، وەرگێڕانی بۆ کوردی حسین ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان نێرگسەجاری، بەغدا ١٩٨٤ ل٢٩-٣٠.

١٥- هەان سەرچاوە ل/٤١ بەڵام کوردی باشوور لەوبوارەدا بۆ پیاو (داوێن پیس)و بۆ ئافرەت (بێئابڕو) بەکاردهێنن.

١٦- سەلام ناوخۆش، ستاندەر بوونی زمانی کوردی، جـ ١ هەولێر ٢٠١٠ ل/٩٩.

١٧- فەرهاد بیرپاڵ، دکتۆر کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەکانەوە، هەولێر ٢٠٠٦ ل/٧٩.

١٨- هەمان سەرچاوە ل/١٠.

١٩- ئیحسان نوری پاشا، ژەنەڕاڵ مێژووی رەچەڵەکی کورد، ل/١٨.

٢٠_ هەمان سەرچاوە ل/٧٨.

٢١- حەسەن مەحمود حەمە کەریم، خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی کوورد، ب٣ جـ٣ ١٩٨٨ ل/٢٤.

٢٢- فەرهاد بیرپاڵ دکتۆر، سەرچاوەی پێشوول/١٢٦- ١٢٧.

٢٣- همان سەرچاوە ل/٩٨-٩٩.

٢٤- جواهر لال نەهرۆ، لمحات من تأريخ العالم، ١٩٤٤ بيروت ١٩٥٧.

٢٥- جەمال نەبەز دکتۆر، کوردستان و شۆڕشەکەی وەرگێڕانی لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی کوردۆ، هەولێر ٢٠٠٧ ل/٧٤.

٢٦- هەمان سەرچاوە ل/٧٥.

٢٧- هەمان سەرچاوە ل/٧٦.

٢٨- صاڵح قەفتان مێژووی نەتەوەی کورد بەغدا ١٩٦٨ ل/١١٦.

٢٩- مێجەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/٢٩-٣٠.

٣٠ هەمان سەرچاوە ل/٩٤.

٣١- کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا ل٥٨.

٣٢- بيترۆ گالبريت، نهاية العراق ترجمة أياد احمد، بيروت، ٢٠٠٧ ص/٣٧.

٣٣- جمال نبز، الدكتور، سەرچاوەی پێشوو ل/٤٨.

٣٤- هەمان سەرچاوە ل/٦٣-٦٦.

٣٥- ابن الأثير الجزري، الكامل في التأريخ بيروت ١٩٨٩.

٣٦- المسعودي، مروج الذهب طـ٤ القاهرة ١٩٦٤.

٣٧- یەکێك لەوانە بەر ئەو تێزاب پێداڕشتنە کەوت و دەم و چاو مـل و سـنگ و بـەرۆکی سـوتاندبوو، ناسیاوێکی ئێمە بوو موحەممەد فەرەج بەماڵ و منالّەوە هاتنە سلێمانی و لەگـەڕەکی ئیسـکان — ئەزمـەر چایخانەیەکی کردەوە.

٣٨- جەمال نەبەز سەرچاوەی پێشوول/١١١-١١٢ پەراوێزی ٦٥،٦٦.

٣٩- جەمال نەبەز، دکتۆر، سەرچاوەی پێشوو بڕوانە ل/٦٠-٦١.

٤٠- ئەو لێدوانانە لە چەندین بۆنەی جیاوازدان — بڕوانە جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو ل/٦٠- ٦٢.

٤١- ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی ئامادەکردنی سدیق صالح ب١ سلێمانی ٢٠٠٥.

٤٢- دورگەی قوبروص صالّی ١٩٦٠ بووە بە ولاّتێکی سەربەخۆ.

٤٣- کمال مظهر احمد، الدکتور، اضواء علی قضایا دولیة في الشرق الأوسط بغداد ١٩٧٨ ص/١٢٧.

٤٤- بلە چ شێرکۆ، دکتۆر، کێشەی کورد، دێرین و ئێستا، تەورێز، ١٩٩٠ ل/٦٥.

٤٥- کمال مظهر احمد، الدکتور، سەرچاوەی پێشوو ل/٥٥.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


**١ ـ شەرەفەددین خانی بتلیسی، شەرەفنامە( بەفارسی )، وە/ هەژاری موکریانی ١٩٧٢ نەجە ف .**

**٢ ـ شەرەفەددین خانی بتلیسی، شەرەفنامە ( بەفارسی )، وە/ سەلاحەددین ئاشتی، ب٢، سلیمانی ٢٠٠ .**

**٣- ئەمین زەکی، خولاسەیەکی مێژووی کوردوکوردستان، ب١،٢ بەغداد ١٩٣١.**

**٤- ئەمین زەکی، تاریخی سلیمانی و ولاّتی، بەغداد ١٩٣٩**

**٥- ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی، ئا/ صدیق صالح، ب١ سلیمانی ٢٠٠٥**

**٦- رەفیق حیلمی، یادداشت ب١، بەغداد ١٩٥٦**

**٧- رەفیق حیلمی، یادداشت ب٢، بەغداد ١٩٦٧**

**٨ - ئیحسان نوری پاشا، شورشی کورد لە تورکیا( بەفارسی )، وە/ م . ج . رۆزبەیانی، ١٩٣١ بەغداد**

**٩- ئیحسان نوری پاشا، مێژووی رەگ و رەچەلەکی کورد( بەفارسی )، وە / هەورامان قانع ٢٠٠٩**

**١٠- حسین حوزنی موکریانی، میزووی میرانی سۆران، چ٢ ١٩٦٢**

**١١- حسین حوزنی موکریانی، تاریخی حوکمدارانی بابان، ١٩٣١ رواندز**

**١٢- گیو موکریانی، دیوانی سالم ( ئەورەحمان بەگی صاحیبقران )، هەولیر ١٩٧٢**

**١٣- علاألدین سجادی، شورشەکانی کورد، بەغداد ١٩٥٩**

**١٤ - ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب ١،٢ بەغداد ١٩٦٨**

**١٥ - م.ج .روزبەیانی، میزووی حەسنوەیهی عەییاری، بەغداد ١٩٦٦**

١٦ – صالح قەفتان، میزووی کورد، بەغداد ١٩٦٠

١٧- محمد مەردۆخ – شیخ، میزووی کوردو کوردستان ( بەفارسی )، وە/ محمد فیدا، ب ١،٢ بەغدا، ١٩٥٨

١٨ ـ بەکر حەویزی، گەشتیك بە کوماری مەهابادا، ١٩٩٣ کۆیە

١٩ ـ کریم بەگ فتاح بەگ جاف، تاریخی جاف، لیکۆڵینەوەی دکتۆر حسن جاف ١٩٩٥

٢٠ ـ هەمزە عەبدوللا، شۆرشی بارزان، سلیمانی ١٩٥٩

٢١ ـ عبدألله غفور، جوگرافیای کوردستان،٢٠٠٠

٢٢ـ نوری تالەبانی ـ دکتۆر، ناوچەی کەرکووك و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی، ١٩٨٨ کتیبی ئەرزان

٢٣ ـ ئیسماعیل بیشکچی ـ دکتۆر، کوردو مەسەلەی کورد، سلیمانی ١٩٩١

٢٤ ـ ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی ( بە تورکی )، وە/ سەعید ناکام، بەغدا ١٩٧٩

٢٥ ـ نۆئیل ـ مێجەر، یادداشتەکانی میجەر نۆئیل لە کوردستان ( بە ئینگلیزی )، وە/حسین أحمد جاف وحسن عوسمان نیرگسە جاری، بەغدا ١٩٨٤

٢٦ ـ کلۆدیۆس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان ( بە ئینگلیزی )، وە/ لە عەرەبییەوە محمد حمە باقی، تەوریز ١٩٩٢

26 – ئۆسکارمان، قەڵای دمدم ( بەفارسی )، وە/ عەزیزی ئیبراهیمی، ١٩٦٩ مەهاباد

٢٧ ـ مینۆرسکی، کوردەکان ( بە رووسی )، وە/ بۆعەرەبی د.مارف خەزنەدار، حەمە سەعید حەمەکەریم کردوویە بە کوردی، ١٩٦٨ بەغداد

٢٨ ـ کوردەکان، تیبینی و ووردبوونەوە ( بە رووسی )، وە/ کتۆر مارف خەزنەدار

٢٩ ـ جەلیلی جەلیل ـ دکتۆر، را پەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ ( بە رووسی )، وە/ دکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا ١٩٨٧

٣٠ ـ جەمال نەبەز ـ پرۆفیسۆر، کوردستان و شۆرشەکەی ( بەئەڵەمانی )، وە/ کوردوعەلی، هەولیر ٢٠٠٧

٣١ ـ جەمال نەبەز ـ پرۆفیسۆر، بیری نەتەوەیی کورد، ستۆکهۆلم ١٩٨٤

٣٢ ـ جەمال نەبەز ـ پرۆفیسۆر، سەرنجدانیك لە میتۆلۆزیای کورد، ئەکادیمیای زانست وهونەری کورد ١٩٦٨

٣٣ ـ محمد تۆفیق وردی، چوونی بارزانیانی قارەمان بۆ سۆفیت، چ٢ هەولیر ٢٠٠١

٣٤ ـ محمد تۆفیق وردی، بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە، ب٢، بەغدا ١٩٦١

٣٥ ـ کامیل زیر، کوردایەتی بیرو بزاڤە، سلیمانی ٢٠٠٦

٣٦ ـ ئیسماعیل حەقی شاوەیس، زیان و بەرهەمەکانی، ئامادەکردنی ئومید ئاشنا، هەولیر ٢٠٠٣

٣٧ ـ مەولەوی، دیوانی مەولەوی تاوگۆزی، وە/ لە گۆرانییەوە سەیید تەهای هاشمی

٣٨ ـ شیخ رەزای تالەبانی، دیوانی شیخ رەزا ی تالەبانی، کۆکردنەوەوساغکردنەوەی شیخ محمدی خاڵ و ئومید کاکە رەش، هەولیر ٢٠٠٣

٣٩ ـ مەلا عەبدلکەریم مودەریس . یادی مەردان، بەغدا ١٩٧٩

٤٠ ـ عبدالقادر روستم بابانی، ( سیره ألاکراد ) رەوشی کوردان ( بە فارسی )، وە/ کەریمی حیسامی چ١،١٩٩١

٤١ ـ مەستوورەی کوردستانی، میزوووی ئەردەڵان ( بە فارسی ) وە/ دکتۆر حسن جاف وشوکر مستەفا، ١٩٨٦ بەغدا
٤٢ ـ خەسرەوخان، میزووی میرنشینی ئە ردەلان، ساڵی ١٥٧٧ نووسراوە!
٤٣ ـ عبدألرقیب یوسف، بانگەوازیك بۆ رووناكبیرانی كورد، سلیمانی ١٩٨٥
٤٤ ـ زەینەفوون، گەرانەوەی دە هەزار سەربازی یۆنانی، وە/ دکتۆر حسن جاف، بەغدا ١٩٦١
٤٥ ـ كۆمەڵێك نووسەر، سەدەكانی ناوەراست ( بە فارسی )، وە/ هەورامان قانع، ٢٠٠٩
46 ـ كەمال مەزهەر ـ دكتۆر، تیگەیشینی راستی، بەغدا ١٩٧٧
٤٧ ـ كەمال مەزهەر ـ دكتۆر، چەند لا پەرەیەك لە میزووی گەلی كورد، ئا/عەبدوللا زەنگەنە، ب٢ هەولیر٢٠٠١
٤٨ ـ كەمال مەزهەر ـ دكتۆر، كوردستان لە ساڵەكانی شەری یەكەمدا، بەغدا ١٩٧٥
٤٩ ـ مارف خەزنەدار ـ دكتۆر، لەبارەی میزووی ئەدەبی كوردەوە، بەغدا ١٩٨٤
٥٠ ـ مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، شۆرشی ئەیلوول ب٣، ب١ هەولیر ٢٠٠٤
٥١ ـ مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، شۆرشی ئەیلوول ب٣، ب٢ هەولیر ٢٠٠٤
٥٢ ـ عەبدلرەحمان قاسملو، كوردستان و كورد( بەزمانی چیكی )، وە/عەبدوللای حەسەن زادە، چ٢ هەولیر ٢٠٠٦
٥٣ ـ عەبدلرەحمان قاسملو، پە نجاساڵ خەبات لە پیناو ئازادیدا، ب٢، ١٩٨٨
٥٤ ـ عارەبی شامۆ ( شامیلۆف ) قەلای دمدم، شوكر مستەفا كردوویەتی بە كورما نجیی خواروو، چ٢ بەغدا ١٩٨٤
٥٥ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لەنیوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا، ١٩٩٨
٥٦ ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ٢٠٠٠
٥٧ ـ جەلیل گادانی، پە نجا ساڵ خەبات، ساڵ و شوینی چا پكردن نەنووسراون
٥٨ ـ فەرهاد پیربالْ، كورد لە دیدی رۆژهەلاتناسانەوە، ٢٠٠٦ هەولیر
٥٩ ـ فەرهاد پیربالْ، وینەی كورد لە ئارشیفی كوردناسەكاندا، ١٩٩٩ هەولیر
٦٠ـ ئومید ئاشنا، زیان و بەرهەمەكانی ئیسماعیل حەققی شاوەیس، هەولیر ٢٠٠٣
٦١ـ مەعروف قەرەداغی، بارزان و نهینییەكانی، بەغدا ١٩٥٩
٦٢ ـ حەسەن جاف/شوكر مستەفا، میژوی ئەردەلان ( بەفارسی )، وەرگیران بۆ كوردی .
٦٣ ـ شیخ لەتیف شیخ مەحموودحەفید، یادداشتەكانی شیخ لەتیف حەفید، ساغكردنەوەی كەمال نوری، چ١ ١٩٩١
٦٤ ـ كوردو عەلی، كوردو مەسەلەی كورد لە پەرلەمانی نەمسادا( بەئەڵمانی )، وەرگیرانی بۆكوردی، سالزبورگ ١٩٩٠
٦٥ ـ تفرشیان، قیام أفراد خوراسان ( بەفارسی )، وە/ رزگارشەمەیی چ١ هۆڵندا ١٩٩٦
٦٦ ـ تفرشیان، بارزانی خۆی بەدەست كەسەوە نادات ( بەفارسی )، وە/ شەوكەت شیخ یەزدین، ٢٠٠١ هەولیر
٦٧ ـ مورتەزا زەربەخت، لەكوردستانی عیراقەوە بۆ ئەوپەری ئاراس (بەفارسی)، وە/ شەوكەت شیخ یەزدین ٢٠٠٢ هەولیر

٦٨ ـ نەجەف قولی، لەمەهابادی خویناوییەوە، ( بە فارسی )، وە/ شەوکەت شێخ یەزدین ٢٠٠١ هەولێر
٦٩ ـ عەلی نادری، دەستە گولیك لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەزار، چاپەمەنی زەهرا ١٣٨٧ هەتاوی ( هق )
٧٠ـ عەبدلرەحیمی مەحموودی، لوغەتنامەی ئەحمەدی، ئینتشارات کردستان ١٣٧٩ هەتاوی ( هق )
٧١ ـ عیزەدین مستەفا رەسووڵ ـ دکتۆر، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ١٩٦٨ بەغدا
٧٢ ـ عیزەدین مستەفا رەسووڵ ـ دکتۆر، عەلی بەردەشانی، ژیان و بەرهەمەکانی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی بەغدا، ژمارە/١٦ / ١٩٧٣
٧٣ ـ حسێن خلیقی، کومەڵناسی کوردەواری، بەغدا ١٩٩٢
٧٤ حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، ٢٠٠١ ستۆکهۆڵم
٧٥ ـ بلەچ شێرکۆ ( سورەییا بەدرخان )، کێشەی کورد، ١٩٩٠ تەوریز
٧٦ ـ لازاریف، دکتۆر، میزووی کوردستان ( بە رووسی ) ب١،٢، وە/ دکتۆر عەبدی حاجی، ٢٠٠٨ هەولێر
٧٧ ـ کۆڵمان میهۆ،کوردستان و کورد لەبەڵگەنامە نهینییەکانی ئەمەریکادا، ( کوردستانی عێراق ) ( بە ئینگلیزی ) وە/ وریا رەحمانی، ٢٠٠٩ هەولێر
٧٨ ـ کوڵمان میهۆ،کوردستان لەبەڵگەنامەنهینییەکانی ئەمەریکادا( کوردستانی ئێران و تورکیا ) ( بە ئینگلیزی ) وە/ وریا رەحمانی، ٢٠٠٩ هەولێر .
٧٩ ـ تۆمابوا، ژیانی کوردەواری ( بە فەرەنساوی )، وە/ ئاواز زەنگنە بۆعەرەبی، حەمەسەعید حەمە کەریم بۆ کوردی، چ١ ١٩٨٠ چاپخانەی زانکۆ
٨٠ ـ گۆتفرید یۆهانز میولەر، لە رۆژهەڵاتی گرگرتوودا( بە ئەڵەمانی )، وە/ بەدران ئەحمەد حەبیب/ دکتۆر مارف خەزنەدار، چ١، ١٩٩٢ هەولێر
٨١ ـ عەلی ئەلوەردی ـ دکتۆر، لۆژیکی ئیبن خەلەکان ( بە عەرەبی )، وە/ عەبدوللا جەبار، چ٢، ٢٠١١
٨٢ ـ فاتیح رەسووڵ، چەند لاپەرەیەك لە میزووی خەباتی گەلی کورد، ب٢، ١٩٩٢
٨٣ ـ جەلال دەبباغ، حاجی قادری کۆیی، ٢٠٠٩
٨٤ـ مامخان شێروانی، بارزان و رەچەڵەکی بارزانیان، ب٢، ١٩٩٥
٨٥ ـ شیخ رەشید شیخ عەبدلرەحمان، میژووی زاگرۆس، هەولێر ٢٠٠١
٨٦ ـ رەفیق صالح، چی لەبارەی ئەمین زەکی بەگ نووسراوە ( ئامادەکردن )، سلیمانی ٢٠١٠ چاپخانەی شڤان
٨٧ ـ شیخ عەبدلعەزیز، ژیانی پیغەمبەری مەزن، سلیمانی ١٩٧٩
٨٨ ـ ئومید کاکە رەش، دیوانی شیخ سەلام، ١٩٩٠ سلێمانی
٨٩ ـ سەلام ناوخۆش، ستاندەردبوونی زمانی کوردی، ب١، هەولێر ٢٠١٠
٩٠ ـ درەخشان شیخ جەلال حەفید، ژیان و تیکۆشانی حەپسە خانی نەقیب، ب٢، سلێمانی ٢٠٠٨
٩١ ـ حەمە کەریم حەسەن مەحموود، گابانی کوردی، چ٢، ١٩٨٨ سلێمانی
٩٢ ـ حەمە کەریم حەسەن مەحموود، لە مەدینەوە بۆ مەدائین، ١٩٩٧ سلێمانی
٩٣ ـ حەسەن مەحموود، خویندنەوەیەکی نویٚ میزووی کورد/٣، چ٣، ١٩٨٨

٩٤ ـ كوردستان لەبەردەم فتووحاتی ئیسلامدا، ١٩٨٨ سلێمانی
٩٥ ـ مەحموود حەسەن عەزیز، کورتەیەکی میزووی جاف، ١٩٨٥ سلیمانی
٩٦ ـ کۆمەڵێك نووسەر، سەدەکانی ناوەراست ( بەفارسی )، وە/ هەورامان قانع، ٢٠٠٩
٩٧ ـ مەحمود مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا، سلێمانی ٢٠٠٦
٩٨ ـ سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی
٩٩ ـ مینۆرسکی، بنچینەکانی کوردو چەندوتارێکی کوردناسی، وە/ دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، سلێمانی ٢٠٠٧
١٠٠ ـ موحەممەد رەسووڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن١٩٩٠
١٠١ ـ هەژاری موکریانی، چێشتی مجێور، چ٣، ٢٠٠٩
١٠٢ ـ بیرەوەرییەکانی تەیمووری لەنگ، حەمەی حەمە سەعید لەفارسییەوە کردوویەتی بە کوردی
١٠٣ ـ بەرگریکردن لەمێژووی نەتەوەیەك، سلێمانی٢٠١٠
١٠٤ ـ پێشەکییەك بۆ فەرهەنگی شاخاتوون( ئینگلیزی ـ کوردی ) شوێن و ساڵی چاپکردن نەنووسراون
١٠٥ ـ فەلەکەدین کاکەیی، کورتەیەکی فەرهەنگی میترایی، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە/١٣٤١رۆژی ٢٢/ ٥ / ٢٠١٢ لاپەرە / ١٤
١٠٦ ـ کارزان یاسین، شەریف پاشاو مەسەلەی سەربەخۆیی کورد، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە /١٣٤١ رۆژی ٢٢ /٥ /٢٠١٢ .
١٠٧ ـ حەمەبۆر، گۆڤاری رەنگین ژمارە /٧٥ ك٢ ١٩٩٥
١٠٨ ـ فوئاد حەمە خورشید، گۆڤاری رەنگین ژمارە /٩٦
١٠٩ ـ ئازاد هەمەوەندی، گۆڤاری رەنگین ژمارە /١٠٩ مانگی ٨ /١٩٩٨
١١٠ـ ئازاد هەمەوەندی، گۆڤاری رەنگین ژمارە /١٣٣ مانگی ١١ /١٩٩٩ ٩١ ـ رۆژی نوێ، ژمارە/٥ ساڵی١٩٦٠ سلێمانی
١١١ـ رۆژی کوردستان، ژمارە/٨ رۆژی ١١/١٥/ ١٩٢٢
١١٢ـ دەنگی مامۆستا، یەکێتی مامۆستایانی کورد لەشاخ، ژمارە ؟/١٩٧٤
١١٣ـ گۆڤاری کادر، بڵاوکراوەی ناوخۆیی پدك . زمارە/٩ ساڵی١٩٧١
١١٤ـ گۆڤاری رەنگین، ژمارە/١٠٩ مانگی ١٩٨٨/٢
١١٥ـ گۆڤاری رەنگین، ژمارە /١٣٠ مانگی ١١ /١٩٩٩
١١٦ـ رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پدك . ١٩٦٠
١١٧ـ بانگی حەق، ژمارە/٣ رۆژی ١٢/٤ /١٩٢٣
١١٨ـ گۆڤاری سلیمانی، ژمارە /١١٥ ئایاری ٢٠١٠. /گوڵانی ٢٧١٠ کوردی
١١٩ـ رۆژنامەی ژیان، ژمارە /٢٨٥ رۆژی ١٩٣٠/٨/٢٨
١٢٠ـ ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، تەها وەهاب، چ٢، ٢٠٠٤
١٢١ ـ عەلائەددین سەجادی، رشتەی مرواری بەرگی ١ ـ ٨، زستانی ٢٠١٠
١٢٢ ـ لەتیف هەڵمەت .سۆفی وسۆفیگەرێتی، چ٢، ٢٠٠٩

١٢٣ ـ هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی . ئامادەكردنی شەعبان عەلی شەعبان، چ٢، ٢٠١٢
١٢٤ ـ گۆڤاری لڤین،ژمارە ٤٥ تشرینی یەكەم ٢٠٠٦
١٢٥ ـ دكتۆرجەمال نەبەز،كاژێك١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەكانی،سلێمانی ـ كوردستان ٢٠١٥
١٢٦ ـ گۆڤاری باسكار،ژمارە٤سالْی٢٠٠٠

## سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی

١ـ ألقرآن آلكريم
٢ ـ ألكتاب آلمقدس ـ سفر آلتكوين، ألعهد آلقديم وآلعهد آلجديد، دار آلكتب آلمقدسة، ط٤ لبنان ١٩٩٣
٣ ـ ألأمير شرف آلدين خان آلبتليسي، شرفنامة (بآلفارسية)، ترجمة محمد جميل روزبياني، بغداد ١٩٥٣
٤ ـ محمد أمين زكي، خلاصة تأريخ آلكورد وكوردستان (بآلكوردية)، ترجمة محمد علي عوني، ألقاهرة ١٩٣٦
٥ ـ محمد أمين زكي، مشاهير آلكورد و كوردستان، ج٢، ألقاهرة ١٩٤٧
٦ ـ محمد أمين زكي، تأريخ آلدول وآلأماراتر آلكوردية،ترجمة محمد علي عوني، ألقاهرة ١٩٤٧
٧ ـ محمد أمين زكي، تأريخ آلسليمانية و أنحائها (بآلكوردية )، ترجمة محمد جميل روزبياني، بغداد ١٩٥١
٨ ـ توفيق وهبي، أليزيدية بقايا آلميترانية (بآلأنكليزية )، ترجمة شوكت آلملا أسماعيل، سليمانية ٢٠٠٤
٩ ـ جيمس ريج، رحلة ريج، ترجمة بهاءآلدين نوري، بغداد ١٩٣٦ / بغداد ١٩٥٦
١٠ ـ عبدآلكريم آلمدرس، علماؤنا في خدمة آلعلم،بغداد ١٩٨٣
١١ ـ ألشيخ محمد آلخال، ألشيخ معروف آلنودهي آلبرزنجي، بغداد ١٩٥٨
١٢ ـ ألطبري، تأريخ آلأمم و آلملوك، ط٥، بيروت ١٩٨٩
١٣ ـ أبن آلأثير آلجزري، ألكامل في آلتاريخ، بيروت ١٩٦٧
١٤ ـ ألمسعودي، مروج آلذهب، ط٤، ألقاهرة ١٩٦٤
١٥ـ جواهر لال نهرو، لمحات من تأريخ آلعالم، بيروت ١٩٥٧
١٦ـ حسين حوزني موكرياني، موجز تأريخ أمراء سوران، ترجمة محمد آلملا عبدآلكريم، بغداد ١٩٦٧
١٧ ـ جليلي جليل ـ ألدكتور، بطولة آلكورد في ملحمة قلعة دمدم (بآلروسية )، ترجمة الدكتور عزآلدين مصطفى رسول، بيروت ١٩٨٨.
١٨ـ بله ج شيركو ( ثريا بدرخان )، ألقضية آلكوردية، ألقاهرة ١٩٣٠
١٩ـ جمال نبز ـ ألدكتور، ألأمير آلكوردي محمد آلرواندزي (بآلألمانية ) ترجمة فخري سلاحشور، برلين ١٩٩٤
٢٠ـ جمال نبز ـ ألدكتور، ألمستضعفون آلكورد وأخوانهم آلمسلمون، لندن ١٩٩٧
٢١ ـ مصطفى جواد، جاوان ألقبيلة آلكوردية آلمنسية، بغداد ١٩٧٣

٢٢ ـ هادي رشيد آلجاويشلي، القومية آلكوردية وتراثها آلتاريخي، بغداد ١٩٦٧
٢٣ـ كمال مظهر أحمد ـ ألدكتور، كوردستان في سنوات آلحرب آلعالمية آلأولى، ط٢، بغداد ١٩٨٤
٢٤ ـ كمال مظهر أحمد ـ ألدكتور، دور آلشعب آلكوردي في ثورة آلعشرين، بغداد ١٩٧٨
٢٥ ـ كمال مظهر أحمد ـ ألدكتور، أضواء على قضايا دولية في آلشرق آلأوسط، بغداد ١٩٧٨
٢٦ـ باسيل نيكتين، كوردستان أو بلاد آلأكراد ( بآلروسية )، ترجمة ألدكتور كمال مظهر أحمد، بغداد ١٩٧٧
٢٧ ـ بيترو كالبريت، نهاية آلعراق ( بآلأنكليزية )، ترجمة أياد أحمد، بيروت ٢٠٠٧
٢٨ ـ مينورسكي، ألأكراد ملاحظات و أنطباعات ( بآلروسية )، ترجمة ألدكتور معروف خزندار، بغداد ١٩٦٨
٢٩ـ لازاريف، ألمسألة آلكوردية ( بآلروسية )، ترجمة ألدكتور كاوس قفطان، بغداد ١٩٨٩
٣٠ـ أستار جيان، تأريخ آلأمة آلأرمنية، ألموصل ١٩٥١
٣١ـ ن.أ. خالفين، صراع على كوردستان ( بآلروسية )، ترجمة عثمان أبوبكر، بغداد ١٩٦٩
٣٢ـ سي . جي .أدمونس، كورد تورك عرب، ( بآلأنكليزية )، ترجمة جرجيس فتح آلله، بغداد ١٩٧٢
*٣٣ ـ ديفيد آدامس، ألحرب آلكوردية وأنشقاق ١٩٦٤ ( بآلأنكليزية )، ترجمة جرجيس فتح آلله، دارآلشمس للطباعة*
*٣٤ـ راموزور، آرنيست، تركيا آلفتاة وثورة ١٩٠٨، بيروت ١٩٦٠*
*٣٥ـ لكهارت، أنقراض آلسلسلة آلصفوية* ( بآلأنكليزية )، ترجمة مصطفى علي عماد، طهران ١٣٦٤ هـ .
٣٦ـ سون ـ ميجر، رحلة متنكر ألى بلاد مابين آلنهرين وكوردستان ( بآلأنكليزية )، ترجمة فؤاد جميل، ج١ط١ بغداد٩٧٠
٣٧ ـ بيل ـ مسز، فصول من تأريخ آلعراق آلحديث ( بآلأنكليزية )، ترجمة جعفر آلخياط، بيروت ١٩٧١
٣٨ ـ جارلس تونترند، محاربتي في آلعراق ( بآلأنكليزية )، ترجمة عبدآلمسيح وزير، بغداد ١٩٢٣
٣٩ ـ آرثر كريستنيت، أيران في عهد آلساسانية ( بآلأنكليزية )، ترجمة يحي آلخشاب، ألقاهرة ١٩٥٧
٤٠ ـ سندرسن باشا، مذكرات طبيب آلعائلة آلمالكة في آلعراق ( بآلأنكليزية )، ترجمة سليم طه آلتكريتي، ط٢ بغداد١٩٨٢
٤١ ـ ريتشارد كوك، مدينة آلسلام ( بآلأنكليزية )، ترجمة فؤاد جميل مصطفى، بغداد ١٩٦٢
٤٢ـ عبدلرحمن قاسملو ـ ألدكتور، كوردستان وآلكورد( بآلجيكوسلوفاكية )، ترجمة ثابت منصور، بيروت ١٩٦٨
٤٣ـ مسعود آلبارزاني، ألبارزاني وآلحركة آلتحررية آلكوردية، ج٣، أربيل ٢٠٠٣
٤٤ـ مسعود آلبارزاني، من مآثر آلبارزاني آلتأريخية، منشورات حدك.ألمكتب آلسياسي، قسم آلأعلام .
٤٥ـ محسن دزه يي، أحداث عاصرتها، ج٢، أربيل ٢٠٠٢
٤٦ـ جرجيس فتح آلله، ألعراق في عهد قاسم، ١٩٨٩ دارآلشمس للطباعة
٤٧ـ جرجيس فتح آلله، رجال ووقائع في آلميزان، ط١،أربيل ٢٠٠١
٤٨ـ يوسف ملك عزيز، ألخيانة آلبريطانية للآشوريون، بدون مكان وسنة آلطبع!
٤٩ ـ عبد آلرقيب يوسف، الدولة آلدوستكية في كوردستان آلوسطى، بغداد ١٩٧٠

٥٠ ـ علي سيدو كوراني، من عمان ألى عمادية، عمان ١٩٧٢
٥١ ـ خسرو كوران . كوردستان عبر أزمنة ألتأريخ، ج١، ١٩٩٢ ستوكهولم
٥٢ ـ أبو شوقي، لمحات من تأريخ آلأنتفاضات وآلثورات آلكوردية، ط١بيروت ١٩٧٨
٥٣ ـأسماعيل تايةألنعيمي، تجربتي في آلقيادة، ط٢، بغداد ١٩٨٥
٥٤ ـ عزيز برخو عزيز، ألآشوريون، ستوكهولم ١٩٨٥
٥٥ ـ مندر آلموصلي، عرب و كورد، بيروت ١٩٦٨
٥٦ ـ عبدآلمنعم غلامي، ألضحايا آلثلاث، ألموصل ١٩٥٥
٥٧ ـ محمد آلبصير، تأريخ آلقضية آلعراقية،ترجمة جرجيس فتح آلله، بغداد ١٩٢٣
٥٨ ـ مصطفى آلحوراني، أسرار آلأنقلاب آلعثماني، تونس ١٩٧٨
٥٩ ـ محمد قطب، مذاهب فكرية، دار آلكتاب آلأسلامي، سنة آلطبع ؟
٦٠ ـ ماجد عبد آلرضا، ألمسألة آلكوردية في آلعراق، ١٩٧٠ بغداد
٦١ ـ محمود آلدرة، ألقضية آلكوردية، ط٢، بيروت ١٩٦٦
٦٢ ـ حسن خلف آلشيخ خزعل، تأريخ آلكويت في عصر آلشيخ أحمد آلجابر ١٩٢١ـ ١٩٥٠،بيروت ١٩٧٠
٦٣ ـ فريد اسسرد، أتجاهات آلسياسة آلكوردية بعد آلحرب آلعالمية آلثانية، ٢٠٠٨ السليمانية
٦٤ ـ فريد أسسرد، ألهلال آلمعقوف، قراءة لكتاب دراسة عن محافظة آلجزيرة وآلحسكة، ١٩٩٩
٦٥ ـ مزهر آل فرعون ـ ألفريق . ألحقائق آلناصعة، ج١ بغداد ١٩٥٢
٦٦ ـ محمود شكري نديم، حرب آلعراق ١٩١٤ــ ١٩١٩، ط٢ ١٩٧٤
٦٧ ـ سليمان موسى، ألحركة آلقومية آلعربية في دمشق، ألقاهرة ١٩٧١
٦٨ ـ مذكرات جمال باشا( بآلتركية )، ترجمة علي أحمد شاكر، بغداد ١٩٦٣
٦٩ ـ سليمان آلبستاني، عبرة و دكريات، ألقاهرة ١٩٠٨
٧٠ ـ يوسف آلبستاني، تأريخ حرب آلبلقان، م٢ ج٣ ألقاهرة ١٩٣٨
٧١ ـ محمد حسنين هيكل، مدافع آيات آلله، ط٣ ألقاهرة ١٩٨٣
٧٢ ـ سامي سعيد آلأحمد، ألسومريون وتراثهم آلحضاري، ج١ بغداد ١٩٧٣
٧٣ ـ عباس آلعزاوي ـ ألمحامي، تأريخ آلعراق بين احتلالين ١٩٣٥ ـ ١٩٥٦، ج١ بغداد ١٩٥٨، ج٢بغداد١٩٥٩.
٧٤ ـ عباس آلعزاوي ـ ألمحامي، عشائر آلعراق آلكوردية، بغداد ١٩٤٧
٧٥ ـ عباس آلعزاوي ـ ألمحامي، تمرد آلعشائر، ج٤، بغدا ١٩٧٦
٧٦ ـ محسن آلأمين، تأريخ آلشيعة، ج٣،٢، دمشق ١٩٤٩
٧٧ ـ محسن آلأمين، اعيان آلشيعة، ١٩٥٨ بيروت
٧٨ ـ محسن آلأمين، كشف آلأرتياب ط٣، بدون تأريخ ومكان آلطبع!
٧٨ ـ أبن عبد ربه آلأندلسي، ألعقد ألفريد، ألقاهرة ١٦٣٨ هق .
٧٩ ـ محمد فريد، تأريخ آلدولة آلعثمانية، ألقاهرة ١٩١٢

٨٠ ـ فتحي رضوان، مصطفى أتاتورك، بيروت ١٩٨٣

٨١ ـ محمد مصطفى صفوت، ألسلطان آلفاتح، ألقاهرة ١٩٤٨

٨٢ ـ علي شاكر علي، تأريخ آلعراق في آلعهد آلعثماني، بغداد ١٩٨٤

٨٣ ـ أمين آلريحاني، تأريخ وعبر، بيروت ١٩٥٤

٨٤ ـ أمين آلريحاني، ملوك آلعرب، بيروت ١٩٥١

٨٥ ـ أمين آلريحاني، تأريخ نجد، بيروت ١٩٥٤

٨٦ ـ أمين آلريحاني، فيصل آلأول، بيروت ١٩٥٨

٨٧ ـ عبدآلله بن حسين، مدكراتي، ألقدس ١٩٤٥

٨٨ ـ ياقوت آلحموي ( ياقوت بن عبدآلله آلحموي )، معجم آلبلدان، ألقاهرة ١٣٢٣ هـ .

٨٩ ـ أبن حجر آلعسقلاني، ألأصابة في تميز آلصحابة، ألقاهرة ١٣٢٥ هـ . ،

٩٠ ـ عبدآلعزيز آلقصاب، من دكرياتي، بيروت ١٩٦٢

٩١ ـ عبد آلعزيز ياملكي، مدكرات، بغداد ١٩٦٢

٩٢ ـ عبد آلعزيز ياملكي، كشف آلقناع عن بعض آلوقائع آلعراقية، ج١ بغداد ١٩٥٧

٩٣ ـ خيرية قاسم، ألحكومة آلعربية في دمشق، ألقاهرة ١٩٧١

٩٤ ـ محمد طاهر آلعمري، مقدرات آلعراق آلسياسية،بغداد ١٩٢٥

٩٥ ـ صديق آلدملوجي، أمارة بهدينان، ألموصل ١٩٥٢

٩٦ ـ دبيح آلله آلمحلاتي، تأريخ سامراء، ج٢، ألنجف١٣٦٨ هـ .

٩٧ ـ ضياء شكارة، ألعراق وألدراسات آللغوية، مجلة آلأقلام آلعربية ١٩٦٩

٩٨ ـ رسول هادي آلكركوكلي، دوحة آلوزراء ( بآلتركية )، ترجمة موسى نورسي، بيروت ١٤١٣هـ .

٩٩ ـ عثمان آلبصري، مطالع آلسعود، ألموصل ١٩٩١

١٠٠ ـ ياسين آلعمري، غرائب آلأثر، الموصل ١٩٤٠

١٠١ ـ يول بريمر ـ ألسفير بآلأشتراك مع مالكولم ماك( بآلأنكليزية )، عام قضيته في آلعراق، ترجمة عمر آلأيوبي، بيروت، بدون سنة آلطبع

١٠٢ ـ بيترو فاليوت، نهاية آلعراق ( بآلأنكليزية )،ترجمة أياد أحمد، بيروت ٢٠٠٧

١٠٣ ـ ستيفن همسلي لونكريك، أربعة قرون من تأريخ آلعراق آلحديث ( بآلأنكليزية ) ترجمة جعفر آلخياط، بغداد ١٩٦٨

١٠٤ ـ رحلة فرايزر ألى بغداد ١٨٣٤( بآلأنكليزية )، ترجمة ( غير مدون )، بغداد ١٩٦٤

١٠٥ ـ دراسات في تأريخ آلكورد( بآلأنكليزية )، ترجمة ترزة جاف، بيروت ١٩٩٩

١٠٦ـ زنار سلوبي، في سبيل كوردستان، بيروت ١٩٧٨

١٠٧ـ أمين سامي آلعزاوي، قصة آلأكراد في شمال آلعراق، ألقاهرة ١٩٦٧

١٠٨ـ شاكر خصباك، ألكورد و آلمسألة آلكوردية، ط٢، بيروت ١٩٨٩

١٠٩ـ نوري آلطالباني ـ ألدكتور، منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعهاآلقومي، لندن ١٩٩٥
١١٠ـ ش . ج . أشيريان ـ باحث كوردي،آلحركة آلوطنية آلديمقراطية في كوردستان آلعراق ١٩٦١ـ ١٩٦٨ ،ترجمة ولاتو
١١١ـ عبدآلله آلفياض، ألثورة آلعربية آلكبرى، بغداد ١٩٧٤( عودة آلشيخ محمود آلحفيد ورفاقه آلمعتقلين في جزيرة هنجام آلهندية )
١١٢ـ عبدآلحميد آلعلوجي/ عزيز آلسيد جاسم، كتاب آلشيخ ضاري،١٩٦٨ يغداد
١١٣ـ محمد خضري بك، تأريخ آلأمم، ج٢،١، مصر ١٩٦٩
١١٤ـ مجلة آلآداب آلعراقية / مجلد ١١ سنة ١٩٦٨
١١٥ـ مجلة آلأسرار، عدد يوم ١٩٣٨/٥/٣
١١٦ـ مجلة آلمجلة، ألعدد / ٢٤،٦٦٧ ت٢ /١٩٧٢
١١٧ـ سليمان ألموسى، ألحكومة آلعربية،بيروت ١٩٧٠
١١٨ ـ القشقندي، صبح آلأعشى ج٤،
١١٩ـ أرخان محمد علي، ألسلطان عبدآلحميد، بغداد .
١٢٠ ـ سليمان مظهر، قصة آلديانات، ط٢، ألقاهرة ١٩٨٨
١٢١ـ لورانس، أعمدة آلحكمة آلسبعة، بيروت ١٩٦٣
١٢٢ـ ألأعمال آلكاملة للكواكبي
١٢٣ـ عبدآلملك آلعصامي، سمط آلنجوم آلعوالي.
١٢٤ـ أحمد آلسباعي، تأريخ مكة .
125ـ أوريل دان، ألعراق في عهد قاسم، ترجمة جرجيس فتح آلله.
١٢٦ـ نيكولاي بوستغيث،حضارة آلعراق وآثاره( تأريخ مصور ) ترجمة سميرعبدآلرحيم آلجلبي،دارآلمأمون، بغداد ١٩٩١
١٢٧ـ ألملا أحمد آلزفتكي،ألعقدآلجوهريفي شرح ديوان ألشيخ آلجزري،ج٢ قامشلي ١٩٥٩
١٢٨ـ هنري موركنتو، مدكرات سفيرأمريكافي أستانة،ترجمة فؤاد صروف، القاهرة ١٩٢٣
١٢٩ـ كريم حسامي، نخبة من شهداء كوردستان أيران، ترجمة نزار محمود .
١٣٠ـ ألشيخ صفي آلرحمن آلمباركفوري،في سيرة آلنبي آلمختار، ١٤٣٠ هـ.
١٣١ ـ سياستان أزاء آلعالم آلعربى، بونداريفسكى، ترجمة خيرى آلضامن،دارآلتقدم١٩٧٥ ألأتحاد آلسوفيتى.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵەمانی

1.MAM UND ZIN،AHMADI CHANIE، ÜBERSETSUNG،VORWORT،
KOMMENTAR UND EINVORTRAG VON JEMAL NEBEZ،
AUFLAGE BEI NUKSE 1969

2.DER LÖWE DES DAROGHAS UND ANDERE KURDISCHE FABELN،ÜBERSETZET VON ALI MAZOUDJI UND JOSEEF MAGREL،HERAUS GEGEBEN VON KURDEN IN ÖSTRREIHAUS،ST.PÖLTEN –WIEN 1992

3.DIE KURDEN IHRE GESCHISCHTE UND KULTUR،JAMAL NEBEZ، PUBLIKATION DER KURDISCHE GEMEINDE ZU BERLIN IM HERBST1997

4.DIE FRÜHZEIT DES MENSCHEN، DIE NIANDERTALER VON GEORGE CONSTABLE UND DER RIAKTIODER TIME- LIFE BÜCHER 1973

5.BILDATLAS DER FRÜHEN KULTUREN،JACQUETTA HAUKES،C.BERTLSMANN VERLAG GMBH. MÜNCHEN

6.ARTUR MÜLLER DIE SIEBENWELT WUNDER،ROLF AMMON،5000 JAHRE KULTUR UND GESCHICHTE DER ANTIKE،1972 SCHERZ VERLAGE BERN UND MÜNCHEN

7.EIN NEUEN TRAUM VON KURDEN، ROLF W.SCHLOSS

8.STOPPT DEN VOLKER MORD IN KURDISTAN،SOKSSE 199٣

**نوری کەریم**
**ئەڵەمانیا ـ ئاخن**
**٢٠١٣**

# ئەلبومی وێنەکان




















*Shaikh Mahmud and Sardar Rashid, governor of Sina and a member of a noble clan from Bukan in Persian Kurdistan*

Unknown/Courtesy Karim Zan















قەدری جەمیل پاشـــا لەو وێنەیە دا لە گەڵ ژەنەراڵ مایۆر مەلا مســـتەفای بارزانی و هێندێک لە سەرکردە و فەرماندەکانی هێزی بارزانییان دەبیبنین



لەم وێنەیەدا: پێشەوا و بارزانی نەمر و پیاو ماقولانی مەهاباد ـ کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان



**وەزیری هێزی دیمۆکراتی کوردستان محەمەدحوسێنی سەیفی قازی،**
**ژەنەراڵ مایۆر مستەفا بارزانی و هێندێک لە ئەفسەرانی فەرماندەی بەرەکانی شەڕ**



پێشەوا قازی محەمەد و جەنەراڵ بارزانی
مەهاباد ١٩٤٦



بارزانی لە دەستی چەپەوە سێیەمین کەس دانیشتووە



قازی محەمەد لە کاتی سەرۆک کۆمارەتیدا



بەپێوە ڕ-چ: خەیروڵڵا عەبدولکەریم، قەدری جەمیل پاشا، سەرۆک بارزانی، عیززەت عەبدولعەزیز، نووری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد



بارزانی و جەمال عەبدولناسر
قاهیره ١٩٥٨



بارزانی و عبدولکەریم قاسم
بەغدا ٧/ ١٠/ ١٩٥٨





حەبیب موحەممەد کەریم ، عەلی عەبدوڵڵا ، بارزانی ، مام جەلال ،
صالح یوسفی لە حاجی عومەران ، دەمێک بەر لە بڵاوکردنەوەی
ڕێککەوتنەکەی ٢٩/٩/١٩٦٦



شێخ لەتیف حەفید ، بارزانی ، سەلیم فەخری ، مەلا عەبدولباقی
ناوچەی قەڵادزێ ١٩٦٤

چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، ١٩/٦/١٩٤٧ لە بەغدا لە سێدارە دران.



خەیروڵڵا عەبدولکەریم



عیززەت عەبدولعەزیز

مستەفا خۆشناو



محەمەد مەحموود قودسی





کەمال جونبلات سەرۆک وەزیرانی لوبنان هاتۆتە
کوردستان بۆ دیدەنی بارزانی و ئاهەنگ کردنی پێشەوای
کوردەکانی لوبنان





یەکەمین سەرۆک کۆماری عێراق و بارزانی مستەفا و پێشەواکانی
حزبی دیموکرات لە بەغدا ١٩٥٩



سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم و
مەسعود بارزانی لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا



صەددام حسێن ، فرەنسۆ حەریری ، بارزانی سەنعا ،
مەسعوود بارزانی لە ناوپردان ١٢/١/١٩٧٠



[سە]ددام حسێن ، بارزانی سەنعا ، شۆکار عارف .


دوراوە هەشارگەی شۆڕشیان و شۆڕشی ئاشەوین لە حاجی عومەران
حوزەیران ١٩٧٠



مەحموود بارزانی لە پێشوتێن مانگی ٥ / ١٩٧٠



پۆلێک پێشمەرگەی هێزی خەبات . گوندی
بیارە - هەورامان ١٩٧٠




ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول هەتا بەهاری ١٩٧٥



سەلیم ئەسعەد، عەبدوڵڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق، میرزا دۆڵەمەری (٥/١٩٦٥ لە ڕەواندز شەهید بوو)



بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولرەحمان عارف

کوردستان - بارزیە ١٩٦٦



بارزانی ، تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیرانی عێراق ، عەولی

حەیدەر ، سلێمان ، جەلال تاڵەبانی . پیوارتەرنە

مارت ١٩٦٢



**دانیشتوو:** شێخ ئەحمەدی بارزانی
**لە راستەوە:** لوقمان بارزانی، مستەفا بارزانی، شێخ محەمەد خالید بارزانی، شێخ عوبێدوڵڵا بارزانی



بارزانی مستەفا ، سەروەرنای شۆڕشی ئەیلول




چەپ ـ ڕ. دکتۆر مەحموود. ئیدریس بارزانی، عیززەت دووری، سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر، حەمەد شەهاب، مەسعوود بارزانی، حەردان تکریتی، صەدام حسێن. بەغدا گۆڕەپانی "تەحریر" ڕۆژی

١٩٧٠/٢/١٢



ڕ ـ چ. دکتۆر مەحموود. سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر، ئیدریس بارزانی. بەغدا ـ کۆشکی کۆماری



یەکێک لە تۆپهاوێژە فڕۆکەشکێنەکانی شۆڕشی ئەیلول



فڕۆکەیەکی تێکشکاوی هێزی ئاسمانی سوپای عێراق



مەحموود بارزانی ، بارزانی ، گیلیسی بارزانی ، جابر بارزانی





بارزانییەکان لە کاتی پاشەکشەوە بە نێو سنوورەکانی
عێراق و ئێران و تورکیادا دەگەنە سەر بارەگای
بارزانی ... بەرەو یەکێتی سۆڤیەت .



بارزانیی تەمەن ساڵی ١٩٤٣


زیندانیان لە ٣ سەرچاوە وەرگیراون

1- مەحموود بارزانی ، بارزانی و براکانی ... کردوە
2- ... ، ... لە ... کردوە . ...
3- ... بارزانی لە مهاباد ... ( لە ... )
4- ... ، ٢٦ رۆژ لەگەڵ بارزانیدا .
5- ... ٢٠٠٨ سلێمانی



ئەو کورسییەی بارزانی لە سەری دانیشتبوو

٢٩ / ٩ / ١٩٧١



ئەو کورسییەی فەرزاخی لە سەری دانیشتبوو، سۆبەکەی یا خەولی تەقیبووەوە.

٢٩ / ٩ / ١٩٧١





بارزانی لە چیای حەشدرین ڕێنمایی مەسعوود بارزانی دەکات .



سێ لە کوڕانی بارزانی مستەفا : مەسعوود بارزانی ، ئیدریس بارزانی ، صابیر بارزانی



مەسعوود بارزانی و پێشمەرگەکانی





لە راستەوە : ( فایەق ) سلێمانی موعینی . ئەحمەد تۆفیق . عەقید کافی . سەرۆکی نەتەوەیی کورد
بارزانی مستەفا. ئەحمەدی قادری / ١٩٦٢



ئەحمەد هەردی



کامیل ژیر



شەهید نوری حەمە عەلی



عەبدوڵڵا ئاگرین




مژدە تاهیر



فایەق عارف



فەرهاد عەبدولحەمید



فەتاح عەبدولرەزاق



محەمەد مەجید ئەسڵان



عومەر حەمە شەمەیی



نوری کەریم

هاوبیرانی ئامادەبووی کۆنفرانسی ( کاژیك ) لە مانگی دووی ١٩٧٥ لە شاری ئەغەدە



في انتظار وصول عبدالرحمن عارف الى جنديان لملاقاة البارزاني الخالد ١- احمد كمال قادر ٢- فؤاد عارف ٣- بابا علي ٤- فاضل عباس حلمي فريق ركن قائد قوة الميدان ٥- نافذ جلال ٦- حسن محمد علي




جلال الطالباني والزعيم الراحل جمال عبدالناصر وفؤاد عارف في دار عبدالناصر بالقاهره. زينت غرفة الاستقبال المتواضعة للرئيس المصري بصور زعماء حركة عدم الانحياز نهرو وسوكارنو وانديرا غاندي و تيتو





ماموستا ئەحمەد هەردی


دکتۆر جەمال نەبەز


ماموستا کامیل ژیر


ماموستا فەرەیدون عەلی ئەمین


ماموستا عەبدوللا جەوهەر


دکتۆر ئیحسان فوئاد



ماموستا فایەق عارف

**دەستەی دامەزرێنەری ( کاژیك )**

١٩٥٩/٤/١٤




١٩٧٠ ملا مصطفى البارزاني و صدام حسين قبل التوقيع على اتفاقية ١١ آذار، ويضهر في الصورة كل من «فؤاد عارف، مسعود بارزاني، علي عبدالله، حردان التكريتي، نوري شاويس، وخلفهم الثاني من اليمين اسماعيل فؤاد عارف، الرابع ادريس بارزاني، دارا توفيق، سعدون غيدان، عبدالخالق السامرائى



بارزانی لە سەردەمی کۆماری مەهابادا



نیلسۆن ماندێلا لاوێکی خەباتگێڕ



ماندێلا زیندانییەکی بەتەمەن و بەئەزموون و تەبەت، دوواتریش
بەکەسێکی جیاوازی ئەفەریقای باشووری ئازاد و پێشەوایەکی دەگمەن و نازدارە
لە خۆنەویستی و پشتکردنە کورسی دەسەڵات



گۆڕی مەم و زین لە باکووری کوردستان

وێنەکە وەرگیراوە لە کتێبی «المستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون، جمال نبز»



کۆبونەوەیەکی کوردەکانی ئەرمینیا – ساڵی ١٩٢٧



فؤاد عارف مع الزعيم الخالد ملامصطفى بعد توقيع إتفاقية آذار في ناوپردان



فؤاد عارف مع عبدالكريم قاسم في احتفالات تموز ١٩٦٠



فؤاد عارف مع عبدالكريم قاسم ومحمد يحيى ونزيه الدليمي في احدى احتفالات تموز ١٩٦٠




فؤاد عارف وصدام حسين في حديقة القصر الرضوانية ويظهر بينهما عبد حمود حيث يوصله صدام حسين إلى سيارة خاصة لنقله




کاریکاتێرێکی بەریتانیایی ڕژێمەکانی تورکیا، عێراق، ئێران و
سووریا و ئەورووپاش جگە لە ئەوە ڕێگا شەڕەنگێز دەکات، ئەوان
چۆن گەلی کورد شێوەمردوو دەکەن زۆڵمێکیش دەکەن ببوورە ناتوانم
یارمەتیت بدەم ...

سەرچاوە: دکتۆر ئەرشاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە.



شەهیدی نەمر یاسین حەمە صاڵح، ناسراو بە یاسینە ڕەش

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

**هەموو ئەوانەی کەم و زۆر بۆ پێگەیاندنی ئەم بەرهەمە هاوکارمبوون .**

**ـ بەڕێزان شێخ تایەری نەقیب ,شێخ سالاری حەفید و شێخ نەوڕەسی سەید برایمی حەفید بۆ تەواوکردنی هێڵکارییەکەی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی هاوکارییان کردم .**

ـ کاك مەریوان ( میری سوور ) لە سویدەوە چەند پۆستێك سەرچاوەی بەکەڵکی بۆ ناردم .

ـ کاك فەرەیدوون خەسرەو رانیەیی ـ ئەڵەمانیا، چەندین سەرچاوەی بەکەڵکی خستە بەردەستم .

ـ کاك پێشەوای مام بەکر ـ ئەڵەمانیا، چەند کتێبێکی لە کوردستانەوە بۆ هێنام .

ـ کاك هوشیار غەریب ـ ئەڵەمانیا، لەداگرتنی بەرنامەکان و فۆنتی کوردی، عەرەبی و رێکخستنەوەیاندا یارمەتیداوم.

ـ کۆڕەو نوری کەریم ـ ئەڵەمانیا،لە داگرتنی بەرنامەکان وکێشەکانی وۆرد.

ـ خوشکەزاکانم کاردێر، چێنەر، خۆزگە لەسلێمانی .

نەوزاد لە کەرکووك .

هێژا لەسوید

ـ مامۆستا هەرێم عەبدولاّـ زانکۆی سلێمانی

ـ مامۆستا کاوان تەها کوردە ـ ئەڵەمانیا

هەریەکەیان بە جۆرێك لە لایەنەکانی تەکنیکی کۆمپیوتەر و کێشەکانیدا زۆر هاوکارم بوون.

* * * * * * * * * * *

# لاپەڕەی کۆتـایـــــی

ئەم کتێبە بە هەر سێ بەرگەکەی بریتییە لە :

| | لاپەڕە | وشە | کابی |
|---|---|---|---|
| بەرگی یەکەم | ٤٣٥ | ١٥٥,٩٩٥ | ١٥٥ |
| بەرگی دوەم | ٣٧٤ | ١٣٧,٢٩٥ | ٢٢٢١ |
| بەرگی سێیەم | ٣١٨ | ٩٩,٧٤٧ | ٨٣,٣٧٧ |

یەکەمین ووشەی ئەم بەرهەمەم لە ٢٠٠٣/٥/٢٠ی زایندابەدەستنوس نووسیوە لە ١٢٠٠0 لاپەڕەی A4 دا .

دوا ووشەش لە ٢٠١٠/١٠/٣٠ زایندا, نوسیومە بەرامبەر :

٢٧٠٩ / ٢٧١٠ کوردی

١٤٣١ / ١٤٣٢ کۆچ

٣٨٩١ / ٣٨٩٢ زەردەشتیی

٦٩٨٥ / ٦٩٨٦ میترایی بەڵام لەو کاتەوە هەتا ئێستا چەندین وشە, دەستە واژە, رستە, پەرەگراف و لاپەڕەشی خراوەتە سەر یا لابراوە....

لە ٢٠١٣/١١/٢٧ ناردومە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی سلێمانی و لەوکاتەوە بەهۆی قەیرانەکانەوە لە نۆرەی چاپدا مایەوە...چارناچار سەرەتای پایزی ٢٠١٦بە هاوکاریی ئاری برام / لە سوید , لەسەر ئەرکی خۆمان چاپی دەکەین.



نووسەر لەچەند دێڕێکدا

نوری کەریم ئەحمەد ١٩٤٧/١/١سلێمانی گەڕەکی شێخان ـ کارێزی ئەحمەد زەنگەنە .

دەرچووی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان ـ سلێمانی ١٩٦٨

١٩٦٨ـ١٩٩١لەفێرگەکانی گوندەکانی خەمزە، کەناروێ، سیرەمێرگ، سیتەك، سێوسێنان، یاڵانقۆز، کەندەسوورە، خەبات ودواتر لە ئەمین زەکی، مەولانا خالید مامۆستای پەروەردەی تایبەت بووە.

لەسەرەتای راپەڕینە جەماوەرییە مێژووییەکەی١٩٩١باشوورکوردستانەوە( خۆتەرخان ــ متفرغ )بوو بۆ کاری سیاسیی وەك نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد لەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی هەتا ١٩٩٤ و لەوکاتەوە لەوڵاتی ئەڵەمانیا دەژیی.

یەکەمجار بە هۆنراوە دەست بەنووسین دەکات، یەکەمین هۆنراوەی ١٩٧٤ لە شاخ و لە گۆڤاری دەنگی مامۆستادا بڵاوکردەوە.

یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی بەشێوەی کتێب،وەرگێڕانی( رەوشی کوردان )ە لەکوردییەوە بۆ عارەبی بەناونیشانی (کوردستان بساتین بلا أسوار) .وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان،خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠١٣ .

چاپی دووەمی( کوردستان بساتین بلا أسوار) بەناونیشانێکی نوێ(کوردستان بساتین بلا أسوار،٣أمارات کوردیە،بابان،أردلان،سۆران)

چاپنەکراوەکانم: فەرهەنگی ئەڵەمانی ـ کوردی ـ عەرەبی ئامادەیە بۆ چاپ

وەرگێرانی چیرۆکی مەڕەکان(دوو پەیامبەر دەدوێن) لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی لە٢٠١٤وە لەنۆبەی چاپدایە لە خانەی سمۆرە/سلێمانی .

وەرگێڕانی ٩ کورتە چیرۆك لەئەڵەمانییەوە بۆ کوردی،ئامادەن بۆ چاپ.

وەرگێڕانی سێ شانۆگەریی ( کبارێ ) لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی، ئامادەن بۆ چاپ.

یەکێك لەئاواتەکانم ئەوەیە بگەڕێمەوە سلێمانییەکەی کوردستان و پاشماوەی ژیانم بە خوێندنەوە و نووسین بەرێبکەم .